کۆرۆنا: تێکشکانی سیستەم-2- کاوە جەلال لە ئەمانییەوە

بەشی دووەم
دیمانەیەک لەتەک ئەنست قەلف
کاوە جەلال لە ئەمانییەوە

- لە بنەڕەتدا نرخی نەوت لەژێر 30 دۆلاوە دەتوانێت دەرفاتەکە بتەقێنێت. ئاخر نەوت گەورەترین شمەکی بیزنیسە لە جیهاندا، لەم بوارەی نەوتیشدا سەرجەمی بیزنیسکان بەڵێی دەریفاتەوە مسۆگەر / تەئمین دەکرێن. دەریفاتکان گرەوکردنن، گرەوکردنیش تەئمینی بیزنیس دەکات. ئەوجا تەئمینکردنەوە تەنیا کاتێک کارایی خۆی وەردەگرێت، گەر نرخەکانی نەوت لە ئاستێکی دیاریکراودا ڕابگیرێن. یەکێک لەو فەنەمەنانە کە لە ساڵانی ڕابوردوودا بینیومانە، ئەوەیە کە بڕدەوام بەڵێی بانکە ناوەندییەکانەوە هەوەڵدراوە ڕە لە هاڵەی بازاڕانی پشکەکان بگێرێت یان لەوە کە بازاڕەکانی قەرزدان لە کۆنترۆل دەربچن. ئەو بڕە زەبەلاحەی دەریفات کە لە پاشخانەدا هەبووە، گرنگترینن هەبوو بە هەشتنەوەی سیستەمەکە لە ناجێختیدا. هیچ کەس نازانێت چەند دەریفات لە جیهاندا هەیە. بە نموونە ڕاپۆرتەکانی "بانکی پارەدانی هاوسەنگکەری نێودەوڵەتی" (Bank for International Settlements) لە بازل تەنیا ژمارەی تەخمینی لەخۆدەگرن. بەگوێرەی تەخمینی ئەم بانکە بۆ دەریفاتەکان 700 ملیۆنە، ئەم ژمارەیەش لە خۆیدا تەواو سووکەنارە …

- **کەس نازانێت بە چەندی ئەم مامەڵە دەکرێت، یان تا چەند بە مامەڵە دەکرێت (Over the Counter / OTC) …**
- دروست ئەوەیە. بیزنسی ئەوتۆ هەیە کە پێویست نییە لە دەفتەری بانکەکاندا تۆماربکرێت. واتا کایەیەکی زەر گەورەی ڕەش هەیە کە نابینرێت، لە شارەزایان ئەم کایە ڕەشە بە 1,2 بلیارد تەخمین دەکەن. گریمان ئەم ژمارەیە تەواو ڕاست نییە، گریمان بە پێچەوانەوە ژمارەکانی بانکی پارەدانی هاوسەنگکەری نێودەوڵەتی لە بازل ڕاستن، سەرەڕای ئەوە هەنووکە سیستەمی دارایی جیهان بە تەقینی ئەم بڕەی دەریفاتەکان لە چەند ڕۆژی ڕابوردوودا لەپڵۆپە کەوتووە.

ئەم دەتوانین ئەم هەوشە بە کەروێشکێک بڕاورد بکەین کە بە تاپۆ پێکراوە. لە بنەڕەتدا هەموو کەروێشکێکی پێکراو پاشان 30 تا 40 مەتر لە ڕاکردن بڕدەوام دەبێت، ئەوجا دەکەوێت، واتا کەروێشکەکە لەکاتی پێکرانیەوە مردووە، لە ئەو لە کۆتاییدا لەپلوپۆ دەکەوێت.

- **من ڕۆژی پارەی یەکجار زۆر دەبیستم، بە نموونە بانکی ناوەندیی ئەورووپی (EZB) هەنووکە دەیەوێت سەرلەنوێ 750 میلیارد یۆرۆ بۆزنەتە نێو سیستەمی دارایییەوە، ئەوەش لەو واتایەدا دێکات کە هەموو سەرمایە شیاوەکان دەکڕێت، وا دیارە کە هەروەها هەای هیل بەندس (high heel bonds) دەکڕێتەوە، یان پەدچێت پشکگەلی زۆر بکڕێتەوە. لە ئەم بە دیدی من ئاوڕژنەکی بچووکە بەسەر دەزگەخکی زەبەلاحدا.**
- گەر لە ڕوانگەیەکی باشترەوە لێی بڕوانین، ئەوا ئەو ڕۆژیە زۆر کەم، هەروەها ئەو هەنگاوە زۆر درەنگ دەنرێت. لە دەبێت ئەو هەنگاوە بنرێت، چونکە ئەوە مەرجەکی وەبەرهێنەرە گەورەکانە. ئاخر پارەکە ناوات بە هاوڵاتیان، بەڵکو دەوات بە وەبەرهێنەرە گەورەکان. حکومەتی دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خەریکی ئەویە بۆی قەبەی پارە بە بۆینگ (Boing) بدات، کەواتە دەیەوێت بە فیرمایەکی بدات کە لە چەند دە ساڵی ڕابوردوودا قازانجی ملیاردی و چەندین ملیاردیی کردووە. کەواتە ماویەکی کورت پێش ئەوەی ماڵەکە بچەتەیەک، ئەو جارە فیرمایانە پارەی پشتگیری وەردەگرن. ئەوە کە ئەم ئێستا هەمانە، ماڵەکی گەگرتووە و دوایمین بەهاکانی نێوی بە مەبەستی فەرهودکردن دەردەهێنرێن و بەسەر وەبەرهێنەرە گەورەکاندا دابەش دەکرێن.
- **لە تێنانێت بەبێ ئەو بڕەی دەریقاتەش، کە لە مەوداکەیدا زۆر گەورەترە وەک لەوەی پێشاندەرێت، هەنووکە فیرما بچووکترە ناونجییەکان کە بەرگەناگرن گەر هاتوو چوار یان هەشت هەفتە فرۆشیان نەبێت، لەم دەخێی کوژاندنەوەی بواری ئابووریدا بەرەو ڕاگەیاندنی مایپووچی دەبرێن. بەمەش ئەم قەرزی لەدەستچوومان هەیە، بەمەش ئەم کێشەمان لە سەکتەری بانکدا هەیە کە خەی جگە لەوە لە کێشەدا دەبینێتەوە …**
- … ئەم هەاڵەکردنەکە / کاشکە (Crash) کە بە ئەنقەست دەهێنرێتە دی …
- **… دروستە، لە پرنسیپدا ئەم بڕوارە دارایییە نەک تەنیا گوللەباران دەکرێت، بەڵکو هاوکات ژەهرخوارد دەکرێت و بەر خەنجەر دەدرێت…**

- دروستە، ئەوجا لە کۆتاییدا فەرهود دەکرێت. لەم پڕۆسەیەدا هەروەها چەند فەنەمەنکی سەرنجڕاکێش هەن. سەشمەی رابوردوو فیرمای فەکسفاگن ڕایگەیاند کە لە چەند هەفتەی داهاتوودا ژمارەیەکی فرەی دروستکراوی لەکار دەوەستێنێت، گەیا بەهەی قایرەسی کۆرۆناوە، لە ئەو ڕاگەیاندنە تەواو شێتانەیە، چونکە وا باوە کە فەکسفاگن نیازی بەو چەشنە لە ئەوارەی ڕۆژی هەینیدا ئاشکرا دەکات، واتا لە کاتێکدا کە بەرسەکان داخراون. ئەوجا ئەوان بە تەواوی دەزانن، گەر ئەو ڕاگەیاندنە بخرێنە ڕۆژی سەشەمەوە، ئەوا کەرسی پشکۆکان زۆر بەهێز دادەبەزێت. لە ئێستا مەسەلەیەکی دیکە دێتە نێو گەمەکەوە: مرۆ تەنانەت بە کەرسی دابەزیویش دەتوانێت پارەی زۆر پەیدابکات، ئەوەش بەو ڕێیەوە کە مرۆ دەستدەکات بە فرۆشتنی بەش (Short-Selling). کەواتە شارەزایان (ئینسایدەرەکان) کە پێشتر دەیانزانی فەکسفاگن بەیانیی ڕۆژی سەشەمە ئەو مەبەستەی ڕادەگەیەنێت، دەرفەتیان هەبوو دەستبکەن بە فرۆشتنی بەش، واتا گرەو لەسەر کەرسی دابەزیو بکەن. ئەو جارە کەسانە هەفتەی ڕابوردوو بە بەی یەکجار زۆر پارەیان دەستکەوت.
- **لە مەبەستی ئەوەها کاری پەدەکرێت تا ئەو کاتەی ئەمیتێنتەکان (دەرکەرانی کاغەزی بەهادار) توانستیان بە ئەوە مابێت، ئەوجا کاری بەو چەشنە سەرلەنوێ بارەکە دەداتەوە بەسەر بانکە پارەدەرەکاندا.**
- بەڵێ، بەڵێ. وەک گوتم، ئەمە هەنووکە لە قۆناغی کۆتایی ئەم سیستەمەی پارەداین. ئەمە هەروەها ئەزموونی ئەوە دەکەین کە چۆن وەبەرهێنەرە گەورەکان بەجۆرێکی خراپی فەرهودکردن، ئەو کارەش بگومان بە بچووکەکان پەمەترسیە. جگە لەوە مەسەلەیەکی دیکە هەیە کە دەمەوێت لەی بدوێم. بە نموونە ئەمەرسن (Emerson) لە دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەفتەی ڕابوردوو 100 هەزار کەسی نوێی لای خۆی دەمەزراند. کەواتە ئەمەرسن یەکێکە لە گەورەترین قازانجکەرەکان. ئەم فیرمایە یەکێکە لە گەورەترین فیرماکانی جیهان، جگە لەوە دەمەوێت ئاماژە بە ئەوە بدەم کە ئەو سایانکە، لایەنی کەم دوو ساڵە، لە ئاستی جیهانیدا بە هیچ شێوەیەک زەریبەی نەداوە، بە پێچەوانەوە تەنانەت زەریبەی بە خۆی چنیوەتەوە، واتا بەهای خاترانەی دەوڵەتییانەی زەریبەوە پارەی دەستکەوتووە. هەنووکە لەم تەنگژەیدا فیرمایەکی وەک ئەمەرسن بە ڕۆژی یەکجار زۆر قازانج دەکات، بە

پێچەوانەشەوە فیرما بچووکەکان بە تیز مایپووچ دەبن. لە ئێستا دەبێت لە خەمان بپرسین، کە ئایا بەدووی ئەمدا چیدی زیاتر هاوەڕدات؟ ئاخر ئەم دۆخە کە ئەمە ئێستا تێی کەوتووین، ناشێت ئەوها بەردەوام بێت.

- **ئەوە پرسیارەکەی دیکەمە. ئەمە ئێستا لە کایەی پێشبینیکردنی چاوەڕوانییەکاندایە. ئایا بە ڕای تۆ ئایندە چی دەهێنێت؟**
- پێشبینیکردنی ئەمە زۆر زەحمەتە. لە سەرەتای ئەوە دەتوانین پێشبینیی هەندێک شت بکەین. تازە هیچ شتێک فریای ئەم سیستەمە ناکەوێت. کەواتە دەبێت هەنووکە هەرچەندێک بێت کردار بنوێنرێت، بە ئەوەش چەند شیمانەیەک هەن، بە نموونە شیمانەی ڕیفەرمێکی دارایی؛ یان کاتێک ئێستا سنووردارکان داخراون، دەشێت سەرلەنوێ مارکی ئەڵمانی وەک دراو بهێنرێتەوە نێوان؛ شیمانەیەکی دیکە ئەوەیە کە ئەڵمانیا سەرجەم قەرزەکانی لای یەکێتیی ئەورووپا نەناسێنێت، چونکە ئەڵمانیا زامنی زۆر دەوڵەتی لەنێو یەکێتییەکەدا کردووە، ئەوەش بووە بە بار بەسەر بودجەی ئەڵمانیا خۆیەوە، کەواتە ئەڵمانیا دەتوانێت لە کاتییدا ببڕێت: "ئەمە هیچ قەرزێک کە یەکێتیی ئەورووپا لای ئەمە هەیەتی، ناگەڕێنینەوە". لە ئەوە هەشتا هەر بەس نییە. من وای بە دڵچەم کە لەوبەدوا پلانێکی فۆندی نێودەوڵەتیی دارایی (International Monetary Fund / IMF) بکاربەرێت، پلانەکەش ئەوەیە کە فۆندی ناوبراو ساڵی 2013 پێشنیاری کرد، واتا: بە قەڕەبووکی سەدی ی دیاریکراو دەست بەسەر سەرمایەی هاوڵاتیاندا بگیرێت، کەواتە بە قەڕەی 25% یان 50% دەست بەسەر سەرجەم حسابە بانکییەکانی هاوڵاتیاندا بگیرێت...
- **ئە خەی وا باوە کە ڕیفەرمی دارایی هەمیشە لەتک دەستگرتن بەسەر سەرمایەدا ئەنجامدەرێت...**
- ... وەک باوە، لە ڕیفەرمی داراییدا سەرمایەکان بگوازرێ کەرسی نوێی ئەو دراوە نوێیە دەستیان بەسەردا دەگیرێت، لە کارەکی بەم چەشنە لەم هەوشەی ئێستادا بەس نییە، بەڵکە من باوەڕدەکەم کە سەرباری ئەو کارە هاوکات دەستبەسەرگرتنەکی دیکەش هەوبدات...
- **کەواتە مەبەستی تۆ بریتییە لە یاسای 2.0 (لەئێستەگرتنی بار لە لایەن هاوڵاتیانی پارەدارەوە).**
- بەڵێ مەبەستم لەوەیە.
- **ئەی ئێستا بە دیدی تۆ چۆ چینەکی سەرمایە لە مەترسیدایە؟**
- من هەنووکە وای بە دڵچەم کە سەرجەمی چینەکانی سەرمایە

لەمەترسیدان. ئاخر ئەمە لە ڕابوردوودا بینیمان کە لە یونان و قوبروس چی کرا. کاتێک لە قوبروس دەستبەسەرگرتنی گەورەی سەرمایە دەستی پێکرد، فەندی دارایی نێودەوڵەتی (IMF) سەرەتا پێشنیاری کرد کە بە ڕێژەی 25% دەست بەسەر سەرمایەی سەرجەم دانیشتوانەدا بگیرێت، لە سیاسییەکان هاتنە گۆ و گەتیان کە ئەو کارە دەبێت بەهەی ڕاپرسین، بۆیە پاشان بڕێک پارە دیاریکرا کە دەبوو لەو دەستبەسەرگرتنە بدەر بێت، وا بزانم 20 هەزار یان 50 هەزار بوو، واتا بۆی پارەی هەبوو تا ئەو ڕێژەیە زەریبەی نەچووە سەر یان لە خێک نەسەنرا، بڕێکو لە 50 هەزار یان 100 هەزار دۆلار ژوور پارە لە خاوەنکانیان سەنرا. لە من باوەڕ ناکەم ئەمجارە لەسەندنەکە بەم چێشنە بێت. جگە لەوە من باوەڕ دەکەم، سەرجەمی ئەو هیستریایە کە بەهەی قایرەسی کۆرناوە دەوروژێنرێت، لە خزمەتی ئەم دەستگرتنەدایە بەسەر سەرمایەدا، چونکە دەبێت هەرچەنێک بێت لە ئێستاوە کۆنترۆلی خێک بکرێت. ئێستا باشترین شت ئەوەیە کە خێک لە ماڵکانی خەیاندان، باشترین شت ئەوەیە کە تا ڕادەیەک ئینتەرنێت بکوژێنرێتەوە و پۆلیس کۆنترۆلی شەقامکان بکات، من هەروەها ئەوەش بەدوور نازانم کە ماوەیەکی دیکە ئەزموونی قەدەغەکردنی هاتوچۆ بکەین. ئیدی بەدووی ئەوانەدا ئاشکرا دەکرێت کە چی ئەنجامدراوە. پاشان بە خێک دەگەترێت کە ئەوان ئێستا هەژارتر بوون و دراوەکی نوێ دەهێنرێتە نوانەوە. ئەوان بەم شێوازە خەیان ئامادە دەکەن بۆ سەرکوتکردنی پرۆتستەی جیاواز، ئاخر خێکان هەر وا ئاسان کارەکی بۆ شێوەیە قبوڵ ناکەن، خێکان لەدژی هەنگاوی بۆ چێشنە ئادەپێن …

- **یەفەرمی دارایی پێویستە، ئەوە بگومان گەر ئەوەها کۆنترۆلنەکراو ئەنجامنەدرێت. بگومان منیش نامەوێت بچمە سەر شەقام. ئاخر گەر ئەو جۆرە یەفەرمە بکرێت، ئەوسا جەنگی ئەهلی هەڵدەگیرسێت. یەفەرمی بۆ چێشنە دەبێت ئامادەکراوبێت. گەر ئەمە سەرجەمی وێنەکە لە چیرۆکی کۆرنا جیابکەینەوە، دەبینین، کە قەدەغەی هاتوچۆ هەیە، لایەنی کەم زەر فرێشگە داخراون، خێکان لە وڵاتانی دیکەوە دەهێنرێنەوە بە شۆنی گوزەرانی خەیان، چونکە دەبێت گێشتیارەکان بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خەیان، جگە لەوە مرۆ بۆی نییە بە دەرەوەی وڵات گێشت بکات یان لە دەرەوە بۆ نێو وڵات بێت؛ بە هەر حاڵ، من وای دەبینم کە لەنێو دەخکی بەسروبەردام. لە گەر ئەمە ئەو هەموو مەسەلە باسکراوە کۆبکەینەوە، ئەوسا**

ڕۆشکە بەڕاستی دڵشێت ئەوها بکەوێتەوە کە تۆ پێشبینیی دەکەیت. لە پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا کەی ئەوە ڕوودەدات؟

- ئەوە بگومان پرسیارێکی گرنگە. ئەوەی ئێمە لە ڕاستیدا ئەزموونی دەکەین، هیچی دیکە نییە جگە لە کۆتایی-هێکی دارایی-فاشیستی، کە وا دیارە نەوتەویانە تەلحینکراوە.
- **ئێمە زۆر سەرنجڕاکێش و هەموو وەاتان بۆشداریی تێدا دەکەن. من دوێنێ بیستم، کە بە نموونە بانکی نەتەوەیی سویسرا کار لە کریپتۆکی (دراوی دیگیتال) نوێی فرانکی سویسریدا دەکات. بگومان ڕاگەیاندنی گەورەی وانکراو زۆحمەتە، بە تایبەتیش گەر مەسەلەکە پەیوەند بێت بە ئایندەوە، لە گریمان پارەیەکی نوێ هات، ئەوا ئایا بە بەوای تە ئەو پارەیە چ دیزاینێکی دەبێت؟**
- من هەنووکە ناتوانم هیچ لەبارەی ئەوە ببڵێم. دڵشێت دراوێک بێت کە پشت بە ئاستون ببەستێت، چونکە ڕەنگە ئاستێن ڕەنگی گەورە بگرێت، یان هەنانەوانەوانی ستاندارتێکی نوێی ئاستون بێت. سەرەڕای ئەوە لەڕدا یەکگرتنەوەیەک لەگەڵ نییە. بە هەر حاڵ هەنووکە بانکە ناوەندییەکان بەدەسەڵاترین گەمەکەرن لەم مەسەلانەدا. من هیچ گومانم لەوە نییە کە هەنووکە لە "بانکی پارەدانی هاوسەنگکەری نێودەوڵەتی" (Bank for International Settlements) لە بازل، لە نهەمی تایبەتی بەڕاوبڕایەتیدا، یەک لە دوای یەک کەبووەوەی باری نائاسایی ئەنجام دەدرێت، چونکە ئێمە لە ساڵانی ڕابوردوودا ئەزموونی ئەوەمان کردووە کە چۆن بانکە ناوەندییەکان سیاسەتی خۆیان لەنێو یەکدیدا پێکەوەدەگونجێنن. ئەستاش کە ناوی بانکی ناوەندیی سویسری هێنرا، گرێکە بزانین کە ئێم بانکە بریتییە لە ڕاگرێکی گرنگی پشکۆکانی ئەپڵ، نێتفلیکس، گوگل و هتاد، ئێم فیرمایانەش نەوکەیانە یارمەتیی یەکدییان دا بە ئەوەی کەرسگەلی پشکۆکان بە بڕزی بهێڵنەوە، یان بازاڕەکان تا ڕادەیەک سەقامگیر ڕابگرن. لە کۆشکە هەنووکە ئەوەیە کە ئێم سیناریۆیە ئێستا بەتەواوی تێکشکاوە، ئێستا لەم ڕووشەدا دەردەکەوێت کە داخۆ چ بانکێکی ناوەندی بەهێزترین و چ بانکێکی دیکە لاوازترین بێت. من ئێستا ناتوانم پێشبینی بکەم کە چۆن سەرجەمی ئەو ڕووشە دەگۆڕێت، لە من وای بە دەچم، هەموو ئەوانە کە لە پاشخاندا تەنافکان دەڕەسن، پەرشانی کەنترۆلکردنی ئێم دەخۆن. بە نموونە ئەو قەدەغەکردنەی هاتوچۆ کە لە پێشمانەویە، دەستوبڕێکە بە ئەوەی ئەوان چەند ڕۆژێک کات ببەنەوە و پاشان بەدووێدا

بەیارەک بدەن.

- **لە ئایا ئەو پرسیارە هیچ رەهەک دیگەیت کە داخە چە بانکەک بەهەز و چە بانکەکی دی لاواز بێت؟ ئاخر ئایا ئەمە هەموو بە چەشنەک گلۆبالیزە نەبووین و پێکەوە گرێنەدراوین کە ئیدی هەر کەوتنەک لە هەر جێیەکدا دەبێت بەهەی کەوتنی هەموو ئەوانی دی، هاوشێوەی پولە ڕیزکراوەکانی دەمینۆیەک کە هەر ئەوەندەی پاڵت بە یەک دانیانەوە نا، ئیدی ئەو هەموویان بەدووی یەکدیدا دەخات؟**
- بێگومان، ئەمە ئێستا ئەزموونی کاریگەریی ئەم دەمینۆیە دەکەین، بەڵێ هەمووی تێکدەشکێت …

***… من بەڵێ ووتم پرسە دەکەم، چونکە بە نموونە نارویژ کە خاوەنی نەوتە، کە ئابووریەکی پتەوی نەتەوەیی هەیە، کەچی کرانی نارویژی لە چەند ڕەژەی ڕابوردوودا بە ڕەژەی یەکجار زۆر دابەزی.**

- بەڵێ، چونکە هەموو بڕەی پێکەوەگرێدراون. دەیچە بانک هەندە چە بە بانکی جەی پی مۆرگان (J P Morgan) و سیتی بانک و هتاد گرێدراوە، کە ئیدی مرۆ لەوە هەر بەیارەک بدات، لە جێی دیکەش سەرەنجامی دەبێت. بە من هەنووکە ئەو مەسەلەیە زۆر گرنگە کە لە گشت لا سنووڕەکان دادەخرێن، لە بەم کارە گەشە بە ناسیۆنالیزم دەدرێت. مرۆ دەبێت سەرەای ئەوە بیر لەوە بکاتەوە کە هەزەکی نەونەتەوەیی لە جیهاندا هەیە و بریتییە لە ئیندوستریی دارایی کە هیچ گرنگییەک بە سنووڕەکان نادات. سنووڕەکان هەبن یان نەبن، بە ئەوان گرنگ نییە. ئەوان تەنانەت سنووڕەکانیان بە بەرژەوەندیی خۆیان بەکاربردووە. گەر بە ئەوان وەاتەک وەک گەمژە دەرکەوتبێت، ڕوویان کردەتە وەاتەکی دیکە، بەوەش سەرجەم جیهانیان خستەتە ژێر فشاری خۆیانەوە. لە هەنووکە من داخستنی سنووڕەکان وەک ئاماژەیەک بە ئەوە دەبینم کە ئەلیتی دارایی پشتیوانیی جیاکردنەوەی خەڵک لە ڕووی نەتەوەیشەوە دەکات.
- **زۆر سوپاس. ئەمە نامانەوێت خەڵک بترسێنین. لە ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا ئەمە چی بکەین؟ ئایا تە پارەکانت لە بانک دەرکردووە؟**
- من متمانەم بە بانکەکان نییە، بگرە بڕی پیشکەم ئەو متمانەیەم نییە. گرنگترین شت ئێستا بە هەر مرۆڤێک ئەوەیە کە لە پێکەوەلکاوی کێشەکان تێبگات. ئاخر مرۆ زۆر ئاسانتر بڕگەی دەخەک دەگرێت گەر بزانێت داخە چە هەزگەلەک لە

پەیوەندییەکاندا کاران. ژمارەیەکی زۆری خەڵک بەهۆی ئەو هیستریا پزیشکییەوە دوودڵن. لەڕادا دەبێت بەو خەڵکە بگوترێت: بزانن کە ئایا هەڵکخراوی تەندروستیی جیهانی چییە؟ بەوانن کە داخڵ زانیارییەکان لەکوەو دێن! تەماشای ڤیدیۆی هەندێک پزیشک بکەن کە هەوە دەدەن هەندێک مەسەلە ڕاستبکەنەوە! واز لەو هیستریا شێتانەیە بێنن! بیر لەوە بکەنەوە کە داخڵ ئەو هیستریایە لە خزمەتی چ لایەنێکدایە؟ ئاخر ئەوە هیستریایەکی دەستکردە، کەواتە لە دەرەوە دەوروژێنرێت…

Over the Counter: مەبەست لە بیزنیسێ بە کاغەزی بەهادار لە دەرەوەی بەرسە.
فرۆشتنی بەش (Short-Selling): فرۆشتنی بەهای زەمینەیی، کە فرۆشیار جارێ خاوەنیان نییە، لە هیوادارە بەو فرۆشتنەی ئەوان بەهاکەیان پتر دابەزێت و بەو هەیەوە قازانجی زۆر بکات.

وەنەیەک لە سەردەمی کۆرۆنادا … ئەمجەد شاکەلی

کاکەحەمەی دەبەنە و باوکم(ڕەحیان شاد و یادیان بەخێر)، ئەحمەد و منیان، بە خەمان دشداشە و چاکەتکانمانەوە، بردە دوکانەکەی حەمەی وەستا زەراب و سەرو پانتۆڵ و سەرو کراسیان بۆ کڕین. هەردووکمان چون یەک، پانتۆڵەکی خاکی و کراسەکی سپی. هاوین بوو، ئەمە چووبووینە کفری بەوەی لە تاقیکردنەوەی بەکالۆریای پەلی شەشەمی سەرەتایی ساڵی 1961/1962دا بەشدار بین. یەک ڕۆژ پێش تاقیکردنەوەکە، ئەو جلانەیان بۆ کڕین. ئەوە یەکەم جارم بوو پانتۆڵ لەپێ بکەم. تا پێش ئەوە و تا ئەو تەمەنە هەر دشداشەم لەبەر کردبوو. دشداشە بۆ ماڵ، بۆ گەمەکردن، بۆ میوانی، بۆ جووانەوەی ڕۆژانە، بۆ جژن، بۆ خوێندنگە، بۆ خوتن و بۆ هەموو شتێک لەبەر دەکرا. لە ڕۆژەکەی دوای ئەو ڕۆژەوە، ئیدی پانتۆڵ جگەی دشداشەی گرتەوە و لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا تا ئێستا هاتووە.
لە ساڵانی 1980دا هاوڕێم کاک ڕەمزی قەیتوولی لە گەڕانەوەیدا لە

گشتکی بۆ لەندەن، دشداشەیکی سپی وەک دیاری بۆ هەنام، کە ئێستاش ماومە. جارجار لە ماڵەوە بۆ خۆتن لەبەری دەکەم یا کە نەخۆش دەکەوم و دەکەومە سەر جگۆ لەبەری دەکەم. ساڵی 2018 یەش (ئاز)ی کچم لە حەج گەڕایەوە، دشداشەیکی مەیلەو بەر- قاوەیی بۆ دیاری بۆ هەنام، ئیدی بووم بۆ خاوەنی دوو دشداشە.
لە سەردەمکدا لە ماڵی خەمان، لە تەمەنی منداڵی و مەردمنداڵیدا، جاروبار، کە حەزم لە بینینی هەندی میوان یا کەسک یا مەیلی چوونەدەرەوە و دیتنی خەڵکم نەکردبا، تەنانەت ئاگڕ هاوڕیانی خەیشم بووایەن، لەنەو ماڵدا پاڵم لە دەدایەوە و دادەنیشتم و نادەچووم دەرە. دایکم دەهاتە ژوورە و بە شۆوزارە گەرمیانییەکەی خۆی دەیگوت: "ئەوە بۆ ناچیتە دشتە، خۆ خەتەنە نەکریایتە، وا لەبن ماڵا خەت مات داوە، هەسە هەسە دەی بچە دشتە!". ئەو سەردەمە کەسک کە خەتەنە دەکرا، دشداشەیکی لەبەر دەکرد و پاڵی لە دەدایەوە و نادەچووە دەرە.
ئێستا بۆ سایەی قایرەسی کۆرناوە، لە ماڵەوە پاڵم داوەتەوە و دشداشەشم لەبەر کردووە. دشداشە وەک هەمای ئاریشە و کەشە و جۆرە هەوداوەکی نەخوازراو. تەنە لەنەوان 15-20 میترەکی بەشایی نەو ئەپارتمانە 56میتریە چوارگۆشەکەمدا دەم و دەچم. لە دوو پەنجەرەوە دەرە دەبینم و ئاگاداری هاتوچۆ و جووڵانەوەی گەڕەکم، کە ئەسڵەن بۆ خەی گەڕەکەکی مردووە. کۆرنایش نەبەت هەر مردووە، لە ئێستا لەم وەرزی کۆرنایەدا کپ و بێگیان و مردووترە.
تاکەتاکە مرۆڤ لە پەنجەرەکانەوە دەبینم و هەنگە تا دنیا هەوناکە و تەواوی هەژدەکە ژمارەیان نەگاتە 50 کەسەک. بەیانیانی زوو، لە بن دیواری خوارەی ژووری خەوتنەکەم، دەنگی ترپەی پەیە بچکۆلەکانی زارەکە گچکەکانی باخچەی منداڵانەکەی نزیکە ماڵمان دەتە گوەم، کە لەلەکانیان دەیانبەنە دەرە و بەدەم وردە هەیشتنەوە دەنگە ناسکە منداڵانەکانیان، دەنە گوەم.
ئەوەی زۆرتر دەم پێی خۆشە، سەگەکانن! دوو سەگخانە(باخچەی سەگەل یا سەرپەرشتیخانەی سەگەل یا ماڵەسەگ)، نزیکی ماڵەکەی منن. هەموو هەژانی کار، دووشەممە تا هەینی، کچەکان، ئەوانەی تەمەنیان لەنەوان 16-20 ساڵەکدایە، لەلەکانی سەگەکان، کە بە خەیان 3-6 کیژەک دەبن، ئیدی زیاتر یاکەمتر، هەریەکەیان سەری 10-12 پەتی بەدەستەوەیە و ئەو سەری پەتەکان لە ملی 10-12سەگەک ئاڵاون و ژمارەی سەگەکان لە کەمترین جاردا لە 40 سەگەک کەمتر نییە. سەگی گەورە و زەبەلاح، سەگی گچکەی زەر گچکە، دەڵ، گەماڵ، سەگی سپی، سەگی هەش، سەگی قاوەیی، سەگی سادەی یەک هەنگ، سەگی دوو هەنگ و تەکەڵ، سەگی بەرە، سەگی بازە، سەگی سەر بە هەگەزی جیاواز، سەگی

سەر بە بنەچەی جیاواز و هەموو جارە سەگێک، ئارام و بە دەنگ بەدەوری لەلەکانیانەدا وەک بازنەیەک، مانەندی سەرباز و مەشقپێکراو، دەمان و نە گەنگەشە و نە شەڕ و نە دەنگ دەنگ، نە جیاوازیی چینایەتی و نە فشەکردن و خۆبەزلزانی و لووتبەرزی و نە ئیریی و نە تەماعیی و چاوچنۆکی، هەمن هەمن، بەڕێز بەڕێز، لە کەشکی پە لە خەشوبستی و هاوئاهەنگی و یەکگرتوویی دا، نەرم نەرم دەمان و چەڕ لەو سروشتە جوانەی دەوروبەری خۆیان وەردەگرن. جارجار لەلەکان هاوەستن و ئاوانیش هەر هەموو هاوەستن. هەموو چاونەیی فەرمانی دادەکانیانن. من زەربەی هەژان، نەک بە سایەی کەرناوە، بەڵکە بەسایەی خانەنشینییەوە، هەژانە ئەو دیمەنە، شادییەک، گەشی و خۆشییەک، بە هەڕەحم دەبەخشە. بە من ئەو دیمەنە دەکاتە: ژیان. ئێستاش لەم سەردەمی کەرنایەدا، کە ئەو گەلە سەگ و لەلە و سروتە هەژانەیە دەبینم، تەدەگەم، هەشتا خەڵک دەچنە سەرکار، چون ئەو سەگانە بۆیە خراونەتە ئەو سەگخانانە، لەبەروەی خاوەنەکانیان کار دەکەن و چەن منداڵەکانیان دەبەنە، زارەکخانە، باخچەی منداڵان، بەو جۆرەیش سەگەکانیان لەو سەگخانانە دادەنێن تا ئەودەمی نزیکەی سەعات 17-18 ی ئێواری لە کار دەگەڕێنەوە و سەگەکان و زارەکەکانیان دەبەنەوە ماڵ. تا ئەو سەگانە هەژانە ببینرێن، واتە: ژیان نەوەستاوە، واتە: هەشتا ژیان بەردەوامە.
کەرنا، جموجووڵی مرۆڤ و فەرهەنگ و ماشێن و شەمەندەفەر و گەشت و سەیران و هاتوچۆی هاگرت و وەک چەن جاران بەرخ دەکرانە کەزەوە و مامر دەکرانە کولانەوە، کەرنا، کەزەکەزەی لە مرۆڤ کرد و کردنیە کەزەوە و کردنیە کولانەوە. کەرنا، زەنگێک بوو، دنیایەک شتی وەبیر مرۆڤایەتی هێنایەوە و چەپەکەک بوو، سروشت، نادادی، هەژاری، هەڵاواردنی مرۆڤ، جیاکاری، ژینگە، کێشایان بە تەپڵی سەری مرۆڤدا بە وێناگا هێنانەوەی، ئاگەر بۆیار بێت وەبیرهێنانەوە و وێناگاهێنانەوە، زەنگێک بن مرۆڤ بەدار بکەنەوە و دید و وزەیەکی نوێی پە ببەخشن و وانەیەکی نوێی ژیانی فێر بکەن! کەمجار مرۆڤ وانەیەک لە هەڵەکانی خۆی و هەڵەکانی خەڵک و جڤاک فێر دەبە!
ئێستا ئێمەی، کە ناچینە سەرکار، ئێمەی لەماڵەوە تەماح و پاڵەداوە، ئەو کەسانەین، لە کارکردن دووکەوتووینەوە. لاوەکان دەچنە سەر کار، ئێمە ناچین. ئێمە لە ماڵەوە تەنیاین. هەموو هاوتەمەنانی ئێمە، ئاگەر لە هیچ شتێکدا، لە چین و هەنگ و هەگەز و ئایین و نەتەوە و...چون یەک و یەکسان نەبین، لە تەنیایێدا یەکسانین. ئێمە هەموومان لە ماڵەوەین. هەندێکمان لە پەنجەرەی ماڵەکانیانەوە، خەڵکانی تەپڵەبوو دەژەهرن و هەندێکمان سەگەل دەژەهرن و هەندێکمان هەر چای دەخواتەوە و هەندێکمان هەر خەریکی

شیولەنانە و هەندێکمان تەماشای فیلم و تیڤی دەکات و هەندێکمان خجڵی فەیسبووک و وەتسئاپ و ڤایبەر و ئیمۆ و ئینتەرنێتێ و هەندێکمان وەدووی هەواڵدا هەڵدەکات و هەندێکمان نوقمی لاپەڕەی کتێبانێ و هەندێکمان وشە ئیز دەکات و گوتەیەک، هزرێک، خیاڵێک دەدەرێنێت، هەندێکمان سوودووکە دەکات و هەندێکمان گۆ دەداتە موزیک و هەندێکمان نوێژ دەکات و قورئان دەخوێنێتەوە و هەندێکمان دەخواتەوە و جگەرە دەکێشێ و هەندێکمان بانۆ لیستی ناوی هاوڕێ و دەست و کەسەکانی نێو تەلەفۆنەکەیدا دەگۆڕێ و ئاوەڵی چوار ساڵیشە پێوەندی پێوە نەکردووە، زەنگی بە لەدەدا یا لێو جارێ کەسانەوە زەنگی بە لەدەدرێ و هەندێکیشمان تەمبەڵ و تەوەزەل و زەمەتە هیچ، هەر هیچ ناکات و فەلسەفەی"خەت تەمبەڵی، پاڵدانەوە، هیچ نەکردن، دوای ئۆڤەرش وچاندان و ئیسراحەت کردن" پەڕە دەکات، ئەم فەلسەفەیە، لەگەڵ (پەری)ی کچمدا هەردەم تووڕینەوەی لەسەر دەکەین و خوێندنەوەی نویی بە دەکەین و شتی نوێی دەخەینە سەر و جارجار لە (ناز) و (ڕاز)یشەوە سرووشمان پێ دەبەخشرێت. دیارە هەندێکیشمان زۆرێک لەوانەی گوتران، پێکەوە لە ماڵی دەکات. ئەمە هەموومان تێنیایی یەکیخستووین. تێنیایی، کە پتر دەردێکی پێشکەوتن و نوێگەرایی و جڤاکی مەدەرنە و کەمتر لە جڤاکگەلێ ڕۆژهەڵاتییدا هەبوو و هەیە، هەرچەندە ئێستا مۆبایل و تیڤی و ئینتەرنێت و جیهانگەری و لاساییکردنەوە سەدان تەوتەشقەڵەی شۆوزیانی ڕۆژاوایی و تەکنەلۆجیا و بازمی دیکە، پەتای تێنیایی گیاندووەتە ڕۆژهەڵات و تێنانێت جڤاکە سادە و ساکار و سەرتاییەکانیش. لەرە لە ئەوروپا و بەتایبەت لەم سۆنگە، تێنیایی پێوەر و نموونەی ژیانی ستانداردە و پێچەوانەکەی ناستانداریە.

هەواڵەکانی وەدوویاندا وەین، هەواڵی ژیان و مەرگن. لێنوان ژیان مەرگدا توێژاڵێکی هێندە تێنک هەیە، کە ئێستا لەهەموودەم زیاتر، ئەمەومانان هەستی پێ دەکەین و دەیبینین. میدیاکان پەیتا پەیتا هەواڵی مەرگمان بەسەردا دەبارێنن و وێنەکانی مەرگمان پێشان دەدەن و پێ دەگەیەنن. مرۆڤی پێش ئەم پەتایە، دیارە نە هەموو مرۆڤ، تێنە یەک شتی دەزانی، ئاکامەکەی ژیان و هەڵپە، بە زیاتر پەیداکردنی سامان، پارە، دەوڵەمەندی، دەسەڵات. مرۆڤ وەدووی دنیاویستی و دنیاری و خۆیستیدا غاری دەدا. مرۆڤ گۆڕەساڵەکان، کاتیان بە زارەک، بە خەیان، بە خەزان و خۆشەویستانیان نەبوو. کاتیان نەبوو بیر بکەنەوە. کاتیان نەبوو جوانیی ببینن. کاتیان نەبوو چێژ لە سروشت لە دەنگی سروشت، لە هاژەی با، لە جریوەی مەل، لە دەنگی بەدەنگی، لە دەنگی ئاژەڵ، لە دەنگی خاک، لە دەنگی گیا و گوڵ و ئاو و درەخت و ژین وەربگرن. ئاگەر کەرەنا وانیەک بە مرۆڤ

ببەخشێت، ئەوا مرۆڤی دوای کارەنا، وەک مرۆڤی پێش کارەنا نابێت. کارەنا ئەمەی تەنیاخست و ئەمەی کەنارخست، ئەمە ئێستا تەنە خەمانین و کەسمان لێگەڕێ نییە. ئەمە تەنە بیر لێ دەستشەردن و خەخاونکردنەوە و دەستوەرندان لێ دەم و کێپوو و چاو و هووماتمان دەکەینەوە. ئەمە ئێستا بیر لێ خواردنەوەی گەرم و شلەمەنی و شتی بێ سوود بێ بەرگریی لێش دەکەینەوە. ئەمە ئێگەر ناچاریش بین بچینە فرۆشگەیەک بێ کەینی پەویستییەک، خەراکەک، خەمان لێ مرۆڤ دوور دێگرێن، نامانەوە کەس ببینین. تێ خێکی هەرکوییەکی، چ ێێگەزێکی، ئێستا تەیش و هەموو ئەوانی دیکەش لێنەوان ترس و مەرگدان، ئەمە لێ بەرزەخداین، ئەمە هەموومان لێو نەوەندداین.

ئەمە، ئێستاکە و پێشتریش، پێش کارەنا و لێ وەرزی کارەنایشدا، دوو جەر ئەمەین. ئەمەی پایینی پلیکانەکەی جڤاک لێ هووی چینایەتییەوە و ئەمەکانی دیکەی باڵای پلیکانەی جڤاک لێ هەموو هووێکەوە. ئەمەگەل، بێ سەر دوو چیندا و هەندێ جار پتریش دەبەش دەبین. ئەوانەی سەرە، ئەوانەی باڵای جڤاک، سواری چ شێپڵەک بووبوون و بەرەو کوێ هەنگاویان دەنا! ژیانیان پێ لێ پڵێ و کار و جووڵە و مەشغڵێت و فریانکەوتن و بێ کاتیی بوو. خەیان بزر کردبوو و لێ ڕاستی هێدەهاتن. ئەوان ئێستاش لێم کارەنابارانەدا دەتوانن، لێ هەوشەکی تردا بن. ئەوان دەتوانن وەات جەبهێن و بێ فێکە و بێ کەشتی خەیان و بێ نوێترین ماشەنی خەیان، بەرەو دوگەیەکی چێ لێ خێک، بەڕام پێ لێ ئامرازی پشوو و خەشگوزەرانی بێن و لێو دوور لێ مرۆڤ، لەنگەر بگرن و خێ بپارێزن و کارەنا هوویان تێ نەکات. ئەوان دەتوانن بێ زەنگەکی تەلیفۆن یا لێ ێێگەی ئینتەرنێتەوە، نەک سێ ژەمە، بەڵکە چوار ژەمە و حەفت ژەمە و فرەتریش، لێگەێ نایابترین جۆری خواردنەوە و سەد بەزمی دیکە ،بهێننە بەردەرکەی ژووری خەوتنەکەیان. ئەوان دەتوانن ئێگەر تووشی دەردیش بن، بێ زەنگەک، باشترین بژیشکی تایبەت و باشترین نەخۆشخانەی تایبەت و نایابترین دەرمان، بگەنە خزمەتیان و چارەسەری دەردەکانیان بکرێت. هەرچی ئەمەکانی خوارەی پلیکانەکەین، کونجی ماڵ و چاوەڕوانی خەمتکردن، تەنانەت ئێگەر دەردەکەش سەرودەی گرتین، تاکە ێێگەمانێ لێم کاتشدا. ئەمە باجی کارە چەپێێکانی ئەوانەی سەرەی پلیکانەکە دەدەین. ئێستا، کە کارەنا بەر دەرکەی لێ گرتووین، ئەمەکانی خوارە، خەمان دەدەزینەوە و بەمان دەردەکەوێت، چەندە لاوازین، چەندە هیچ نین، چەندە بەدەسەاتین. ئێستا، لێ ێێژەکداین، هەندە دەستەپاچەین، دەزانین هیچ شتێک دادمان نادات، ئەمە، ئێستا باجی تەواوی ئەو کارە نابەجێیانەی دەسەاتداران و زلهێزان و دارایانی ئێم جیهانێ و مرۆڤایەتی دەدەین. ئێستا پەویستمان بێ ەاوێستان و

تەگەیشتنمانە لە سەرقاڵی و خەبووین.
ئێستا، پێویستمان بە تەگەیشتنە لەوەی، کە زۆری هێندە باری گرانە، ئیدی توانستی هەڵگرتنی ئەو هەموو کاڵا و بارهەم و شتومەکە بەفڕ و بەکەڵک و زیادە و ژینگەوێرانکارانە نەماوە. ئێستا، پێویستمان بە تەگەیشتنە لە گرنگیی پێوەندداری، تەکەڵاوی، یەکدی بەسەرکردنەوە، خۆشەویستی، کات تەرخانکردن بە یەکدی. ئەمە لە کۆشوفش و تەرفەکدا دەژیاین، تەنیا بارهەم و ئازادی و خۆشگوزرانیمان دەبینی. پەمان وابوو ئەوانە هەموو کۆشکانمان وڵاوە دەنێن. ئەمە هەمیشە ترس و دەڵەواکێی لەدەستدانی بارهەم و ئازادی و خۆشگوزارانیمان بوو. ترس و دەڵەاوکە، ژیانمانی ئاڵەز کردبوو و مۆشک و بیر و دیدمان ئاڵەزکاو بوو. هەموومان مرۆڤگەلێکی ئاڵەزکاو بووین. کەمێک و هاریکاری و بەتەنگەوەهاتنی مرۆڤی خودان پێویستی و لێقەوماومان فەرامۆش کردبوو. ئەمە نەماندەزانی، هەموو مرۆڤایەتی گردەراوی یەکدین. ئەمە دەبە جیهان بە جۆرێکی دیکە بینا بکەینەوە. جیهانێک بەهێنینە گۆڕ و دروست بکەینەوە، مۆشک و بیر و دەروونی مرۆڤ، لەسەر بنەما و بناخەی خۆشەویستی مرۆڤ و هاریکاری و کەمێک و نەهێشتنی جیاوازیی چینایەتی و هەگبزی و ئایینی و نەتەوەیی، بینا بکاتەوە، چون بە ئەوانە، بە مۆشک و دەروونی ئاسوودە و دروست و ئارام، لێشساغی نایەتە گۆڕ.
جیهان بە دەبە دوای هەبەر و دارا و دەسەاتدارگەلێک بکەوێت، خەیان بخەنە پێش هەموو مرۆڤکانی دیکەوە و هەموو بەرژەوەند و ئارەزوو و خواستەکانی خەیان، بە پێویست بزانن و وەپێش هەموو کەس و هەموو شتەکی دیکەی بخەن! وەها هەبەرگەلێک دەبە نەمەنن و وڵانرێن. بە بارەووبوونەی هەر نەهامەتی و دەرد و پەتا و ئاریشەیەک، مرۆڤ، گەل، خەڵک پێویستیان بە شارەزا و زانای باوەڕپێکراو هەیە، پێویستیان بە باوەڕبوون بە دەسەاتدارانێکی دەسەز هەیە، دەسەاتدارگەلێک، هەرچەندە دەگمەنن، کە خەمی گەل و وەات و مرۆڤایەتی دەخەن، وەاتەکانیش پێویستیان بە باوەڕبوون بە یەکدی هەیە. لە جیهاندا سەدان میلیۆن مرۆڤ هەن تەنانەت سەرەتاییترین، مەرجەکانی ژیانێکی شایستەی مرۆڤیان نییە، ئیدی لە ئاوی خواردنەوە بیگرە و بە نان و کۆبەیەک بە تەدا ژیان و پۆشاک و هەموو پێویستییەکانی دیکەوە تا دەگاتە خزمەتی تەندروستی و بژیشک و دەرمانیان نییە، کە هەموو ئەوانە دەبنە هۆی مەترسی و دژواری، نە تەنە بە ئەوان، بەڵکە بە هەموو مرۆڤایەتی.
دەوڵەتەکان، نەتەوەکان، لەسەر ئەوە ڕاهاتوون، تەنە بیر لە لێشساغی لەنەو وەات و خەڵکانی خەیاندا بکەنەوە، لە دابینکردنی چارەسەر و تەندروستیی باش بە هەر وەاتێک چین، ئیتالیا، کووبا

سەمال یا ئێران، بۆ قازانجی گەلانی فرانسا، ئەمریکا، برازیل یا سوێدیش دەگۆڕێت. تووشبوونی مرۆڤ بە کۆرۆنا یا هەر پەتایەکی دیکە، لە ئێران، چین، ئیتالیا یا سپانیا، هیچ شتێکی نییە تەنیا بە خۆکی ئاو دەڤەرانە، بەڵکە بە هەموو یەکێک لە ئەمە لێم جیهانەدا. هەموو مرۆڤایەتی لە سەر یەک تەپی زەوی دەژین، ئاو و هەوا و خۆر و سروشت و ژینگە و خاک و ئێستا و داهاتوویان، گرێدراوی یەکدین و لە ژیان و مردندا هاوبەشن. هەموو مرۆڤایەتی بەرپرسە لە پاراستنی هەموو مرۆڤێک، هەموو تاکێک، هەموو ئاژەڵێک، هەموو درەختێک، لە هەموو وەاتێک، لە هەموو جیهاندا. هێبەر و سەرکردەی توانا و لێهاتوو و خاوەن بڕیار بۆ کارەساتگەلێکی وەک کۆرۆنا لە جیهاندا پێویستن.
ئەمە، کە لانیکەم ماڵدا خەمان حەشارداوە، ئەگەر بە ئاشکرا و ڕاشکاوانە نەیەتین، وادەزانین لە بەر هەموو دەرگا و هەموو پەنجەرەیەک و لەژێر هەموو بەرد و تاوێرێک و لە بان هەموو دار و دەوەن و بنجک و تەختە و هەموو تۆکەڵ میوەیەک و لە بن هەموو دیوارێکدا، کۆرۆنا خەی مەتاس داوە و زەرجاران وا بیر دەکەینەوە و وامان بۆ خۆیادا دێت، کە ئەگەر دەرگا یا پەنجەرە یا هەر کونێکی ماڵەکەمان کراوە بێت، قایرۆسی کۆرۆنا بە سەلام و چاک و خۆشی، خەی وەژووردا دەکات، وەک چاوەڕوانی کردنەوەی دەرکە و پەنجەرە و دەلاقە و کون و کەلەبەر بێت بە هاتن بە نێو ماڵ.
ئاوەی ئێستا بەسەر مرۆڤایەتیدا تێدەپەڕێت، باجی هەڵسوکەوت و بەرخورد و نەوشتە نامرۆڤانەییەکانی ئێژیم و دەسەاتەکانی سەر گەی زەویە. زادەی چاوچنۆکی و گەنهزرینی ئەوانەن، هەوساری جیهانیان بەدەستەوەیە و بە ئارەزووی خۆیان داژەن و مرۆڤایەتی بەرەو هەڕەدێر و لەبەینچوون دەبەن. ئێستا جیهانی سەرمایەداری زەر ئاشکرا و بە شاردنەوە، لە زمانی سەرکردەکانیانەوە، باس لەوە دەکەن، کە چاوەڕوانی لەبەینچوونی70%ی خەڵکانی وەاتەکانیانن و داوا لە خەڵک دەکەن، ئامادەی ئاوە بن، ماڵاوایی و خوداحافیزی، بە دواجار، لە خۆشویستان و کەسە نزیکەکانیان بکەن، چونکە ئیدی نەنگ نەیانبینەنەوە! ئاو کەسە نزیکانە و ئاو خۆشویستانەی ئاوان باسیان دەکەن، پیرەکانن، حەفتاساڵان و بانتر. ئاوانەن هێژەک لە هێژان هەموو کارا و پەهێز و گورجوگۆ، کاریان دەکرد و بەرهەمیان هەبوو و خشتیان دەخستە سەر خشت و ئەم جیهانەی ئەمەیان دروست دەکرد.
جیهانی سەرمایەداری، ئاوروپا، ئەمریکا و...هێژەی پیر لە وەاتەکانیاندا 70% پێکدەهێنن و گەنجیان کەمترە. کەمتر زاوزێ دەکەن و منداڵیان کەمتر دەبێت. مرۆڤیان تەمەندرێژن و درەنگ دەمرن. هەشتا و نەوەت و سەت ساڵانیان فرەن و زەر جاریش لە دەرە

دەبینرێن و چالاکن و وەرزش دەکەن و دەژین. ئەو پیرانە، نزیکەی هەر هەموویان بە تەنە دەژین. ئەگەر لە ماڵەکیشدا بە تەنە نەژین، لە خانەی پیران هەریەکەو ژووری خۆی هەیە. هەژاوا و جیهانی سەرمایەداری، لەو تەدەگەن، کە ئەم هەموو پیرە، کار ناکەن، بەرهەمیان نییە، مووچەی خانەنشینی وەردەگرن، دەمیان هەیە و دەستیان نییە، پێویستیان بە دەرمان و کەمەکی لەشکی و مەسرەف و خۆراک و هەموو شتەکە و بە خەیشیان توانستی دابینکردنی ئەو هەموو شتەیان نییە، ئیدی بوونی ئەمانە، لە چاوی سەرمایەداری و هەژاوای بە دە و بە بزەییەوە، زیادییە و کەمبوونەوە و نەبوون و نەمانیان، سەرمایەداری و سەرمایەداران، بە قازانجی دادەنێن.
ئەو تەوانینە بە خەکانێکی بە بەرهەم و "دەمدار و بەدەست"، زادەی ئەم هەژگارە نییە، بەکە بنجوبناوانێکی لە بەک دید و هەزردا هەیە، کە لەمەژە لەنەو جڤاکی هەژاوادا هەن. هەزر یا تیەرییەکەی مالسەس لەمە زانستی دانیشووانەوە، کە لە 1798دا، لەژەر ناونیشانی"گوتارێک لەمە بنەما گشتییەکانی دانیشتووان"دا، بڵاوی کردەوە، دەڵێ:" هەزی زیادبوونی دانیشتووان مەزنترە لە هەزی زەوی لە بەرهەمهێنانی خۆراکدا". مالسەس، پێیوایە ژمارەی مرۆڤ هەر 25 ساڵ جارێک بەگوێرەی یەک بەدوای یەکی ئەندازەییدا(4-8-16-32-64-128…) زیاد دەکات، هەرچی بەرهەمی خۆراکە بە گوێرەی یەک بە دوای یەکی ژمارەییدا (10-20-30-40-50…) زیاد دەکات. مالسەس دەڵێ:"مادام مرۆڤ بەبێ خۆراک ناتوانێت بژی، ئەم دوو هەزە نایەکسانە لە گۆشەسەندندا، دەبە هەندێک هەگر بێتە هەیان بە ئەوەی وەک یەکیان لە بێت، واتە: کەمکردنەوەی هەژەی زیادکردنی دانیشتووان، بە ئەوەی لەگەڵ هەژەی بەرهەمهێنانی خۆراکدا هاوتا ببنەوە". بەگوێرەی مالسەس ئەم هەگرییانەی، کە هەگری لە زاوزێی خەڵک دەکەن، هەم نەئەنی و هەم ئەرێنین. هەکارە نەئەنییەکان، لە شوونەکردن و ژننەهێناندا بەهێی دەستکورتییەوە دابینرێن، هەرچی هەکارە ئەرێنییەکانە لەپاش سەرنەکەوتنی هەکارە نەئەنییەکان دێن، کاتێک سروشت و مەژوو، بە نەخشی و برسییەتی و جەنگ، قە دەخانە نەو مرۆڤ، ئەو کاتە ئیدی هاوسەنگیی لەنێوان دانیشتووان و خۆراکی دەستبەرکراودا هادەگیرێت. ئەوەی مالسەس ئاماژەی پێ دەکات، لە ململانێیەکانی باکووری دەوەڵەمەند و باشووری هەژاری تەپی زەویدا و لە سیاسەتی هەژیمە نازیست و فاشیست و سەرمایەداریەکاندا، هەمیشە بینراوە. هەموو ئەم هەژیمانە، قەکردن و کوژتنی بەکەمەی گەلانیان، ئافراندووە و ئەنجام داوە. لە دوو جەنگی جیهانیدا و لە دژیان جەنگی کەنیالیزمدا، دیوە دزەوکەیان وەدەرکەوتووە.

کورتەی بیرکەیەک مالسەس دەریدەبڕێ دەڵێ: "ئەو مرۆڤەی کەسکی نییە بیژنێت و ناتوانێت لەنەو جڤاکدا کارکی دەستکەوێت، دەشبینێت لەسەر خاکەکەی خەیشیدا، چ بڕێ خەراکەکی چنگ ناکەوێت و نییە، ئیدی لەئەنجامدا، ئەو کەسکی زیادیە لەسەر خوانی سروشت، چون ئەو دەوریەکی نییە لەنەو دەوریەکاندا و بەو پێیەش سروشت فەرمانی پێدەدا زەمەن جێبهێڵێت".

کە زیادبوونی ژمارەی مرۆڤ و کەمیی بەرهەم، بگاتە بارگرانی زەوی و تەحەممولنەکردنی (carrying capacity of land)، بە بڕوونی مالسەس، ئیدی هۆشکە دگاتە قۆناخی چی و تەقینەوەی دانیشتووان و بەو پێیەش هێڕک دادە خەراک بڕێی دەمە برسیەکان ناکات و ئەوش دەبێتە هۆکاری دروستبوونی جەنگ لەپێناوی خەراک و ئاودا، ئەوە لایەنە نەدەوڵەتی و جیهانیەکەی، هەرچی پەوەندداریشە بە یەک جڤاکەوە، لەنەو یەک جڤاکدا، دەبێتە هۆی مانەوەی مرۆڤ بەهێز و تواناکان. ئیدی هێزاری و دەرد، بڕاو دەبێتەوە و جەنگیش لەنەوان دەوڵەتاندا و هێزاری لەنەو یەک جڤاکدا دەبنە واقیع و ڕاستی.

مالسەس دەڵێ: "جڤاکی مرۆڤایەتی بەم جۆرە تەنە ململانێیە، ژیان بە ئەوانە دەمێنێتەوە، باشترینن و سامان و دارایی لەم ململانێیەدا، تەنە خەڵاتە بە ئازا و لێهاتووەکان". هەموو ئەو هەگریانەی بەڵای مالسەسەوە پەویستن گرێکە بکرێن یا بڕێنە دی: برسیەتی، دەرد، جەنگ، هەموو ئەمانە لە وەاتانی دواکەوتوو و هێزار و گۆشنەسەندووداوودەڕن و دەبنە هۆی لەنەوبردنی بڕێک لە دانیشتووان، کە ئیدی هاوتایی و هاوسەنگیی بە دانیشتووان و چەندیەتی خەراک دگەڕێتەوە، دیارە بە دەسەاتداران و دارایانی ئەو وەاتانە، نەک هەموو مرۆڤەکان. هەگریە خەپارەزی و ئارەزوومەندیەکان، ژنومەردایەتی نەکردن یا دواخستنی، ئەمە لە وەاتانی پیشسازیە پشکەوتووەکاندا باوە، کە لە کۆتاییدا هاوسەنگیەک لەنەوان ژمارەی دانیشتووان و چەندیەتی خەراکدا دێتە گۆڕێ.

مالسەس، گومان و گۆشکردنی دەزینەوە و داهێنانە زانستییە نوێیەکان و ئاستە هونەریەکانی، کە بوونەتە هۆی زیادبوونی بەرهەم بە هێڕیەکی زەر، لەبەرچاو نەگرتووە. هەروەها بەاوبوونەوەی زانیاری و ئاگایی فەرهەنگی، کە بوونەتە هۆی کەمبوونەوەی زاوزێ، نەک بەهۆی ژنومەردایەتی نەکردن، یا دواخستنی، بەڵکە بەهۆی بەکارهێنانی ئامرازی زانستیی نوێ بە هەگریکردن لە مندابوونی، لەبەرچاو نەگرتووە. ئەستا هێڕەی زیادەی خەراک گەلێک لە هێڕەی زیادبوونی دانیشتووان زیاترە، بە تایبەت لە گەلێک لە وەاتانی پیشسازیدا، مالسەس ئاوێشی لەبەرچاو نەگرتووە. مالسەس،

نادادی و ناهاسەنگی و ناهاوتایی، لە دابەشکردنی خێراکدا، لەنێوان وڵاتانی دەوڵەمەندی باکووری زەوی و وڵاتانی هەژاری باشووری زەوی، کە کەمینەیەکی بچووکی زێرینە دەخوات، لەبەرچاو نەگرتووە. لەگەڵ هەموو کەماسییەکدا لە تیۆرییەکەی مالسەسدا، ئەم تیۆرییەی بووە بنەمایەک و تیۆری (چەبوون و گەشەکردن/Theory of Evolution/ نظرية النشوء والإرتقاء)ی چارڵس داروین و تیۆری (مانەوەی تواناکان/بەهێزەکان/Theory of survival of the fittest/ البقاء للأصلح)ی فرێدریک نیچە (Friedrich Nietzsche)ی بەرهەم هێنا، کە بوون بە سەرووشبەخشی نازیزم و فاشیزم و کۆمۆنیالیزم و کەپیتالیزم و نیولیبرالیزم.

سەرمایەداریی، کە ئیدی گەیشتووەتە قۆناخی ئیمپریالیزم و هیچ دژوەت و بوارێکی بە باشووری هەژاری گەی زەوی نەهێشتووەتەوە و تەواوی 50%ی سامان و ئابووری جیهان، ئەگەر لەو زیاتر زیادی نەبێت، بە دەست 1%ی جیهانەوەیە، کە دارا و سەرمایەدارانی وڵاتانی باکووری گەی زەوین. ئێستا ژمارەی میلیۆنەرانی جیهان 36 میلیۆن میلیۆنەرن و لە ساڵی 2022دا دەبنە 44 میلیۆن میلیۆنەر. ئێستا 15،3 میلیۆن میلیۆنەر لە ئەمەریکا(USA) و2،7 میلیۆن میلیۆنەر لە ژاپۆن و 2،2 میلیۆن میلیۆنەر لە بریتانیا(UK) و 1،9 میلیۆن میلیۆنەر لە چین هەن . وڵاتانی سەرمایەداری و سەرمایەداران، ئابووریان بە بەرهەمهێنانی میلیۆنان شتی بکەک و ناپێویست و زیادە هەیە. ئابووری و سامانیان بە بەرهەمهێنانی فڕۆ و بە کەمەک و لە یەک کاتا میلیۆنان جۆر و ڕەنگ و میلیاران تۆن و دانە(Massproduktion)ی لە دروست دەکەن، کە تەنە بازاڕی پەدەکەنەوە و گیرفانی خەڵکی پە بەتاڵ دەکەنەوە هەیە. ئابووری و سامانیان بە دروستکردنی چەک، ئەتۆم، بۆمب، تانک، فڕۆکە، گازی ژاراوی، هەزاران جۆرە تفەنگ و دەمانچە و چەکی لیزەری و بۆزمی دیکە، کە بیلیۆنان دۆلاری تێدچێ هەیە. ئابووری و سامانیان بە دەستاداری تووهات و جۆینی بە نرخ و بە بایەخ و ئاهەنگی ناپەسەند و کەشک و تۆلاری ڕازاوە و پۆشاکی گرانبەها و وەرزشکار و فووتبۆیست و هەزاران جۆری ئەلکحوول و سیگار و خشە و زەڕە و سەدان هەزار شتی دیکە هەیە، لە ئێستا بە مرۆڤ، بە لەشساغی، بە خۆپاراستن، بە هەژار و نەدار و برسی و ڕووت و بێماڵ و پەنابەر و هەڵاتوو و لەقوماو و دەردار، نییە. ئەوەی ئێستا ڕووەدات، پیادەکردنی جۆرێکە لەو تیۆری و هەزر و سیاستانەی، کە بە کەمکردنەوەی دانیشتووانە هەژار و نەدارێکەی سەر زەوی، خۆشگوزەرانی بە داراکانی سەر زەوی دەستەبەر بکرێ، ئەویش بە سازکردنی جەنگ و پڕوپەدانی هەژاری و دروستکردنی دەرد و نەخۆشی و

پشتگوێخستنی ژیانی مرۆڤکانی دەرەی بازنەی سەرمایە و یانەی سەرمایەداران.
تازەکی لۆگۆ(سوعاد)ی خەزانمدا لە ساڵانی 1980دا هاتبوونە سوەد. زینەت شاکەلی، خەزانێکی فەرهادی بەرام، کە باسی نەخۆشخانەکانی سوەدی دەکرد، دەیگوت: هەندێ پاک و خاوێنن، ئۆگەر خەراک، چێشت هەروا بەبکرێتە سەر زەوی نێو نەخۆشخانەکە، نێو ژوورەکانی، ااوەکانی، مرۆڤ دەتوانێت دانیشی و بە کوچک و چنگال خەراکەکە بخوات. مەبەستی لەوە بوو، کە بەتام پاکە. دواتر تووشی نەخۆشخانە و نەشتەرگەری هاتم و دیتم ئەلحەقی ئەو قسەیە ڕاست و دروستە و وایە. ئیدی دوای ئەم هەموو ساڵەی لەم وڵاتەم بەم ڕوون بووەوە، کە هەندەی گرنگیی بە پاک و خاوێنی و گۆڕینی چڕچڕف و پاتووو و باڵیف و جۆگە و دەسماڵ و دەستەوانە و لیوانی ئاوخواردنەوە و دەفر و سابوون و خواردن و قاوە و چای و فنجانی قاوە و دەسکی دەرگا و پەردە و پێشاک و تابلۆی نێو ژوورەکان و تەختەی خێوتنەکە و...دەیان وردە شتی تر دەدرێن، هەندە گرنگیی بە نەخشی و نەخشەکە نادرێ. هەندەی پارەوپووە بە ئەو وردە شتانە بەفیڕە دەدرێ، هەندە پارە بە بژیشک و پەرستار و نەخش و نەخشی خەرج ناکرێت. هاوەم کاک حەکیمی کاکەوەیس(یادی بەخێر و ڕەحمی شاد)، یەک دانە ساڵ و نێو هەنایان و بردیان دوای ئەوە توانیان نەخشیەکەی دەستنیشان بکەن، ئەویش کەی، دوو مانگ پێش ماڵاوایی لە ژیان! سوەدییەکان، هەندە بەکاوەخۆ کار دەکەن، گەلە جار، نەخشیەکە تەشنە دەکات و کار لەکار دەترازێت. ساڵانی 1980 لۆگۆ ئێستادا دنیایەک جیاوازیی هەیە. ئەودەم سیاسەتی ماڵی گەل و بیمەی لەشساغی و کۆمەڵایەتی و جۆرەک لە هەڕەوزی و سۆسیالیزم لە گەڵدا بوو و نەخشخانەکان و بژیشکەکان، سەر بە دەوڵەت بوون، ئێستا زۆرەک لە نەخشخانەکان فرۆشراون و بوون بە تایبەت و سەر بە کەرتی تایبەتن. ئێستا دەوڵەت دەستبەرداری بەشی زۆری نەخشخانە و خوێندنگەکان بووە و کەرتی تایبەت بوون بە خاوەنیان.
لەم دابارینی کەرنایەدا، سیاسەتکی هەندە نەرم و لاستیکییانە پەیڕەو دەکەن، مرۆڤ وەک دەکات. چین، ئێران، ئیتالیا، سپانیا، ئەڵمانیا و...کۆمەڵەک وڵاتن، تووشی ئەم پەتایە بوون. چین هەر لە دەسپێکی سەرهەڵدانی دەردەکەوە، لەبەر ئەوەی حوکوومەت و دەسەڵات و مەرکەزییەت هەیە، توانیی تا ڕادەیەک ڕۆگە لە بڵاوبوونەوەیەکی خەرای دەردەکە بگرێت. شارێکی گەورەی 11 میلیۆنیی وەک ووهان(Wuhan)ی کەرەنتینە کرد و لە جیهان دایبڕی و هاتووچۆ و بازاڕ و زانستگە و خوێندن و کارگە و کارگەی و هەرچی شتی دیکەیە لە وڵاتدا داخست و بەوە توانیی ڕۆگە لە بڵاوبوونەوەی پەتاکە

بگرێ. ئیتالیا و ئەڵمانیا و سپانیا، چونکە سەر بە فەرهەنگێکی ترن، نەیانتوانی وەها کارێک بکەن، بۆیە تەشەنەی کرد. سوێد، لە دەسپێکدا خۆی لە پەتاکە نەبان کرد و بیریان لەوە دەکردەوە، پەتاکە پتر بەاوبەتەوە، بە ئاوەی ببەتە نەخشیی کەمەڵ(گەلەدەرد) و هەموو جڤاک بیگرێتەوەو بە دیتنی ئەمان، کە وای لێهات، ئاودەمی زەرینەی خەڵک بەرگریی لێش پەیدا دەکەن و لەیەکدییەوە تووش نابن و لەو نەخشیی کەمەڵ و گەلەدەردەوە دەگەڕێت و حاڵەتی بەرگریی کەمەڵ(گەلەبەرگریی) دێتە گۆڕێ . دەرکەوت ئەمە فشەیەکی گەورەیە. خەبوونەوەی 500 کەسییان پێش حەفتەیەک قەدەغە کرد، لە خەبوونەوەی 499 کەس ڕەگەپێدراو بوو. ئەمەڵ خەبوونەوەی 50 کەسیان قەدەغە کرد و خەبوونەوەی 49 کەسیان ڕەگەپێداوە! ئەمە مەگەر تەنە کەسێکی کەمئاوەز و دەروون ئاڵۆز بتوانێت لەی تێبگات! سوێد هەشتا لەوە تەنەگەیشتووە، هاتنی ئەپ پەتایەوەک هەڵگیرسانی جەنگێکی جیهانییە، هەشتا ناتوانێت هاتوچۆ، گەشت، بازاڕ، خوێندنگە، فڕۆکەخانە و...دابخات. ئازدی دەداتە ئەو جەگە و خەڵکەکان، بە خۆیان بەیار بدەن. مرۆڤ کاتێک ئەمە دەبینێت، وەک ئاوە وایە، بەمبباران و جەنگ و زرمەی تەپ و تانک و فڕۆکە و هەرشی لەشکرێ و خەڵکەکی نەزان و منداڵ و لاو، هەڵا دەکەن و خۆ دەدەنە بەر تەقە و لە تانک و سەربازەکانی دوژم نزیک دەکەونەوە و دەستەاتیش یا گەورەکان تەماشایان دەکەن و دەڵێن: ئەوان بۆ خۆیان ئازادن و بۆ خۆیان بەیار لەسەر ژیان و هەسوکەوتی خۆیان دەدەن و بۆ خۆیان هەبژاردەی خۆیان دەکەن. لە وەها ڕەوشکدا دەبێ ئاو ئازادی و هەبژاردنە پشتگوێ بخرێن و ژیان و خۆپاراستن و سەلامەتی بە تەبزی بەسەر ئاو مرۆڤاندا بسەپێندرێت، لە ئەمە هەرگیز سوێدییەک تێناگات! سوێد، بۆ هەموو دەوڵەمەندی و سامانی هەیەتی و بۆ هەموو باجی، کەمپانیا و کارگەکان و لە هەموو تاکەکی سوێدی وەریدەگرێت، کە 30% داهاتی هەموو وەاتی و دانیشتوویەکی سوێدە، بە خانەنشینکراوەکانیشەوە، کە داهاتەکی گەلێک کەم وەردەگرن، هاواری ئاوەی لە هەساوە، کە جەگە بە تووشبووانی کۆرۆنا لە نەخشانەکاندا نییە. ئامۆژگاریی نەخش دەکەن، لە ماوەی دانیشی و خۆی کۆرۆنتین بکات، نەک هەر پیر، بە گەنجانیش شتێک ناکەن. ئەگەر تەماشایەکی نەخشانەکانی سوێد بکەیت، دەبینیت حەفت دانە نەخشانە تا بڕێی مەزنی تێدایە، هەریەکەیان چمانی شارێکە، دوای ئاوانە دوانزدە دانەی دیکەیان هەن، کە کەمێک لەوانە گچکەترن و دوای ئاوانەش شەش دانەی دیکەیان هەن، کە کەمێک لەوانە گچکەترن. هەر یەک دانە لەو بیستوپێنج نەخشانانە دەشتەکی داگیرکردووە و هەریەکەو سەدان ماڵەو و ژوور و هەزاران دەسگە و ماشین و کارمەند

و چووزانم چی تدان و پشکوتووترین ئامریان لبردستە، کچی هاواری ئەو دەکەن، چ بکەن و چۆن بڕۆوووی ئەم پتایە ببنەوە! سودەک سدان سالە، نە جەنگ، نە برسیەتی نە ئاوارەیی و هەژاتن و نەهامەتی نەدیوە، کچی دستەوستان دەوستە و ناتوانێت چارەسەری نەخۆشکانی بکات و نەخشە و میکانیزمەک بۆ ڕووبەووبوونەوە و بڕگریکردن و ڕاگرتنی کڕنا دانێت. هەشتا هەزار ڕەحمەت لە کوردستانەکی هەژار و کەمئەزموون و کەمئامڕ و کەمدەسگە و کەم بژیشک، کە دەتوانێت بەیار بدات و کار بکات و فریای نەخۆشکانی بکەوێت و کەمەک بە هەمووپان، بەوەی پەیوستی پەیەتی، بە جیاوازیی بکات.

هەرچی بەاوبوونەوەی پتای کڕنایە لە سودە، سودیەکان، لە دەسپەکدا کردیان بە هەرا، کەوا لە ڕگەی یەک دوو ئڕانیەوە، کە لەئڕانە ڕا گەڕاونەوە، بەاوبووتەوە. ئڕانیەکان هەر ژمارەیەکی یەکجار کەمیان تووش کرد، ئەویش خەزان و مالی خەیان بوون، لە بەاوبوونەوەی پتاکە بە شەوێکی بڕبەاو، لە لایەن ئەو سودیانەوە بوو، لە چیاکانی ئەلپ و ئیتالیا و نەمسا و فرانسا و سپانیاوە گەڕانەوە و کە بە گشتیاری و ڕابواردن و وەرزش بە ئەو دەڤەرانە ڕادیشتبوون، ئەوانیشی لەو وەاتانە بوون و گەڕانەوە، بەشکیان خەکە دەوڵەمەند و وەرزشکار و بەناوکانی سودە بوون و هەر لە فەکەکانی ڕا، کە پەیان دەهاتنەوە، خەکیان تووشی ئەو دڕدە کردبوو تا دەگەیشتنەوە شار و گەڕەک و کەپان و ماڵەکانی خەیان، ئەو دیاریەیان دەبەشیەوە. سودە هەرگیز باسی لەوانە نەکرد، چون بەجگە لەوەی لە چینە دەوڵەمەندەکەن، لە ئەوروپاوە هاتبوونەوە و بە ئەمان، سودیەکان دیارە لەکن هەموو ئەوروپاییانی دیکەش هەروایە، ناوهێنانی ئەوروپا بە خراپە یا نەخەش، کارەکی نەکردیە. ئەوەش گرەدراوی پاشخانە ڕەگزپەرستیەکیە، کە لەکن ئەوروپاییان زۆر بە ڕوونی دەبینرێت. سودە لە هەمبەر ئەو هەموو تووشبووەی لەوانەوە تووش بوون، متاقی نەکرد و خەش خەش باسی ئڕانەی دەهێنایە گەڕە. خەکەکی زۆر لە سودە بۆ پتایە مردوون و بەشکی زۆر لەوانە، خەکە بیانیەکەن. ڕەژیەکی زۆر لە سەمالیەکانی دانیشتووی سودە مردن. سودیەکان، دەسبەجە، مردنی ئەو سەمالی بیانیانەی گەڕانەوە بە ناڕەکوپکی هەلومەرجی ژیانیان و سەردانیکردن و هاتوچە و پەوەند و تەکەڵاویی گەرمیان لەگەڵ یەکدیدا. سودیەکان باس لەوە ناکەن، کە زەرینەی بیانیەکان، لەبەر هەژاری و دەستکورتی و نەداری، زۆرەک لە خزانەکان تەکەڵ و لەگەڵ یەکدیدا دەژین. باپیر و داپیر و کوە و کوەزا، دەتوانن لەگەڵ یەکدیدا بژین، بەڵام سودیەکان هەریەکەو

دایکم گوتەنی: وەک قازی کوڕم، بە تەنە خەی، دەژی و ماڵ و جگەی خەی هەیە. سەرەڕای ئەو، ئەو سەمالی و بیانیانەی دیکە، هەموو کاری دەڕە، کاری خزمەتگوزاری، بەقاڵی، خەراکفرۆشی، کارگەری چێشتخانە و قاوەخانە و مەیخانە و ئۆتۆبووس و شەمەندەفەر و پاککردنەوە و ئاژەری و تاکسی و کاری نەوماڵان و خزمەتی پیر و پەککەوتە و پیرخانە و زارۆکخانە و...زەری دیکەی لەو جۆرە دەکەن، کە ناچارن و هەر دەبە بکەنە دەڕە، بە پەیداکردنی پووڵەک و پارووبەک نان، چون ئەو کارانەی ئەوان لە ماڵەوە ناکرێت، وەک ئەوەی بە زەرینەبەک لە سوەدیبەکان دەلەو. ئیدی بە چوونە دەرەوەیشیان، ئەو بیانیانە و لەنەویشیاندا سەمالیبەکان، لەبەر ئەو تەکنەاویبەیان و خزمەتکردن و گەیاندن بە خەڵکانی جیاواز، بە هەی کارەکانیانەوە، ئیدی تووشبوونیان بەو پەتایە، لە خەڵکی دیکە، ئاسانتر و خەراتر دەبێت. نزیکەی زەرترینی سوەدیبەکان، کە نەشتەجێی شارانیشن، لە دەرەی شارەکان، لە دەشت، کەنار زەریا و هووبارەکان، نزیک بە جەنگەڵەکان، خانووی تایبەتی هاوینە و جێی وچان و پشوودان و ئیسراحەتیان هەن، کە لە شەڕانێکی وەک ئەمەی ئێستادا، سواری ماشێنەکانیان دەبن دەچنە ئەو جگەیانە، کە ئیدی دەرد و بەڵایان پێ ناگات. جیاوازیی چینایەتی، ئەگەر تاکە هەکار نەبێت بە دەرد و بەڵا و پەتا و نەگبەتی و بەدبەختی و کێشەکانی جڤاک و مرۆڤ، ئەوا هەکارێکی هەرەگرنگ و سەرەکیترین هەکارە.
مرۆڤ ناتوانێت بەڵێت ئەم قایرۆسی کەرەنایە دروستکراوە، لە بەدەوکاریبەکی لەم جۆرە، لە سروشت و بیرکردنەوەی ئیمپریالیزم و نەولیبرالیزمەوە دوور نییە. تەواوی ئەوەی هوو دەدات، شەرعیبەتی سەرمایەداری و ئەم جۆرە هەژیمانەی چارەنووسی تەپی زەوی و گەردوون و مرۆڤایەتیبان بەدەستە، دەخاتە ژێر پرسیارەوە، ئایا ئیدی کاتی ئەوە نەهاتووە مرۆڤ بیر لە جۆرێکی دیکەی بەرهەمهێنان و سنوودارکردنی بەرهەمهێنانی ناپەویست و هەڵەی پتری دەوڵەت لە ئابووریبدا بکاتەوە! ئایا کاتی تووهەڵدانی سیستمی سەرمایەداری بە هەموو گەمارۆ و قەڕەژی و نامرۆڤایەتیبەکانیبەوە نەهاتووە و کاتی ئەوە نەهاتووە دەوڵەتی خەڵک، دەوڵەتی جڤاک، دەوڵەتی سۆسیالیستی، مرۆڤدۆست، ژینگەدۆست و خاوەنی ئابووریبەکی نەخشە بە دانراو و ئاراستەکراو، بەتە گەڵە و بەڵک مەرکەزیبەتی تەدابێت! ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە، دیموکراتی و ئازادی، کە هەژاوا هەمیشە خستوونیە و دەیانخاتە پێش هەموو شتەکەوە، بخرێنە دوای نان و لەشساغی و تەندروستی ئاسایشەوە!

27-03-2020

ئەمجەد شاکەلی

ستایش بۆ جەنگاوەرە نەناسراوەکانی دژی کۆرۆنا … د. زاهیر سوران

مژووی پڕ خەباتی نەتەوەیی کورد، بەوە ناسراوە کە ئەمە هەمیشە شەری بەرگریمان کردووە دژی دوژمنان و داگیرکەران وهەرگیز هەرشمان نەکردەتە سەر هیچ کەس و هیچ وڵاتێك. شەی ئەم جارەشمان وەك جاری جاران شەی خۆپاراستن و مانەوەمانە تا ڤایرۆسەکە خۆشەویستەکانمانی لێ نەسەندوین. ئەوەی شایانی باسە میللەتان و حکومەتەکانی دونیا بە هەموو هێزی سیاسیی، سەربازیی، ئابووریی، زانستیی، پیشەیی و تەندروستییانەوە رۆژو شەویان ناوەتە بان یەك دژی ڤایرۆسی کۆرۆنا. لەو پێناوەشدا ژمارەیەکی بەرچاو ئاستەوخۆ خۆنەویستانە خۆیان کردەتە قوربانی لەپێناوی خۆشگوزەرانی میللەتەکەیاندا ئەوانیش دەستکۆش لە دەست و دەمامکدارەکانی کەرتی تەندروستین.

ئەو وڵاتانەی کە سیستەمی تەندروستییان تێدا بەرقەراربووەو گۆیان لە شارەزایان و پسپۆرانی بواری تەندروستی گرتووە هەرچەندە بەرپرسیاریەتییەکی گەورەو چارەنووسسازیان خراوەتە سەر شان، وەلێ توانایەکی کەم یان دیاریی کراویان بێ دابین کراوە یان لەبەردەستیاندا بووو بەڵام توانیویانە بەر لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە بگرن و ژیانی سەدان خەڵك لە مردن ڕزگار بکەن. گەر سەیری کارمەندانی تەندروستی وڵاتان بکەین بڵمان دەردەکەوێت کە هەرچەندە ئەوان باشترین کەلوپەلی خۆپاراستنیان لەبەردەستدایە، بەڵام بەداخەوە لە گەڵ ئەوەشدا ژمارەیەك لە کارمەندانی تەندروستییان تووشی ڤایرۆسەکە بوون و یەکەم پزیشکیش د (Li Wanliang) چینی بووکە بە هۆی تووشبوونی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا، کۆچی دووایی کرد، هەرچەندە سەرەتا هێندێك لێ ناحاڵییەکان لەسەر هەقبێژی (د. لی) بڕواووی هەڵەشەو سەرزەنشت بووو، پاشتر کاتێك

کارلە کار ترازاو ڕاستییەکان دەرکەوت و پاشان (د. لی) کۆچی دوایی کرد ئەوسا دەستەبات چەکی بۆ ڕاستیبژی و هەقبژییەکانی ئەو پزیشکە دادا.

ئەوەی شایانی باسە ڕۆژانە لە سەرتاسەری دونیادا کارمەندانی تەندروستی بە هۆی سەرقاڵی و شەونخونییانەوە لەگەڵ تووشبووان و مردووان بە ڤایرۆسەکە خۆشیان تووشی ڤایرۆسەکە دەبن و لەو پێناوەشدا ژمارەیەکیشیان گیانیان لەدەست داوە! لە ئیتالیا نزیکەی٤٠ پزیشکیان لە مردووە، ئەوە جگە لە کارمەندانی بەشەکانی دی. ڕۆژی ٢٨ ی ئادار، ئیتاڵییەکان ئاماژەیان بەو ڕاستییە کرد کە هۆی مردنی کارمەندانی تەندروستی و ئەو هەموو پزیشکە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوون وکەمی کەلوپەلی خۆپاراستنی کارمەندی تەندروستی ئەویش بە هۆی ئەو ژمارە گەورە تووشبووەی کە لەناکاو دەرکەوت وکارمەندانی تەندروستی شەڕاند. چونکە نە ئامادەبوون بۆ وەرگرتنی ئەو هەموو نەخۆشە نە لە توانای پزیشك و نەخۆشخانەکاندا بوون.

ڕۆژی ٢٨ ی ئادار بەرپرسانی سوید، ئەو ڕاستییەیان ڕاگەیاند کە ژمارەیەك لە کارمەندانی بەشی گواستنەوە بە ئامبولانس و هاوکات پزیشکێکیش تووشی ڤایرۆسەکە بووە لە بەشی چاودێری وردا، لە بارێکی خراپدا گوزەر دەکەن و مەترسی هەیە ژمارەیەکی زۆدەتر لە کارمەندانی تەندروستی تووشی ڤایرۆسەکە ببن یان بمرن. لای خۆشمان پزیشکێك لە هەولێرو پزیشکی دی لە سلێمانی بە هۆی بینینی نەخۆشەوە (تووشبووی ڤایرۆسەکەوە) تووشی ڤایرۆسەکە بوون و ئێستا هەردووکیان تەندروستیان باشە. ڕاستە بەشێك لە نەخۆشەکانمان چاك بوونەتەوە بەڵام نابێت دوو شتی گرنگ لە بیر بکەین ئەوانیش بریتین لە :-

١-ئەوانەی چاکبوونەتەوە لەشیان بەرگری دژی هەمان ڤایرۆس دروست دەکەن.

٢- بەڵام نزیکەی لە ١٤% چاکبووەوەکان لەوانەیە جارێکی دی تووشی ڤایرۆسەکە ببنەوە.

هەرچەندە وەاتە پێشکەوتووکان لەنێو ئامبولانسەکان و نەخۆشخانەکانیاندا تەواوی و کەلوپەلی پێشکەتوویان لە بەردەستا بووە لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ژمارە بەرزە لە کارمەندی تەندروستی تووشبوون و کۆچی دوواییان کردووە. لای خۆشمان هەموومان ماندووبوونیان دەبینین لەبەرئەوە هیوادارم حکومەت نەهێت کەلوپەلی خۆپاراستنی کارمەندەکانی کوردستان کەم ببێتەوە، دەبێت

هەمیشە مشوریان بۆ بخوات بۆ ئەوەی بیان پارێزین و تووشی ڤایرەسەکە نەبن هاوکات دەبێت ئەوانیش دەستی پێوە بگرن.

ماوەیەکە زانایانی ڤایرەس، تێبینی ئەوەیان کردووە کە ڤایرەسی کۆرۆنا گەر جۆرەی نەبێت (هۆکاری گواستنەوە) ئەوا لە ماوەی ١٤ ڕۆژاندا چالاکی فرە کەم دەبێتەوە، لە گەرمی ٧٠ پلەدا ٥ خولەکدا دەمرێت. نزیکەی ٧ ڕۆژان لەسەرووی دەرەوەی دەمامکی پزیشکی دەمێنێتەوە، لەبەرئەوە لەوانەیە ئەوە هۆکارێك بوو بێت بۆ باوبوونەوەی لە نێوان کارمەندانی تەندروسیتیدا و پێویستە زوو زوو دەمامکەکانیان بگۆڕن یان پاکژ بکرێنەوە. هەر ئەو زانایانە ئاماژەی پێدەکەن کە ڤایرەسەکە، لەسەر کاخەز ٣ کاتژمێر دەمێنێتەوە، لەسەر جلوبەرگ و تەختە نزیکەی ٢ ڕۆژان دەژی، لەسەر شووشە نزیکەی ٤ ڕۆژان دەژی، بەڵام لەسەر پلاستێك نزیکەی ٧ ڕۆژان دەمێنێتەوە. (نوفێستی ٢٠٢٠.٣.٢٩) .دەبێت کارمەندانی تەندروستی هەوکردنی چاوەکانی خۆیان و کەسانی دی بە هەند وەربگرن لەبەر ئەوەی پسپۆرانی چاوی ئەمریکایی ئاماژە بۆ ڤایرەسی کۆرۆنا دەکەن کە لەوانەیە ببێتە هۆی سووربوونەوە و هەوکردنی چاوەکان (CDC, Mars 28..2020)

پێویستە ئەو ڕاستییە بزانن، کە سەدان وێژداندارى وەك من خەمخۆرتانەو بە مشك ودڵ لە تەکتانداێو هیوادارم کارمەندان وریاتر مامەڵە لەگەڵ نەخۆشەکان، پاکژکردنەوەی ئامبوڵانسەکان و کەلوپەلەکاندا بکەن و ئەو کارمەندەی گومانی لە خۆی کرد کە تەندروستی باش نییە، دەبێت بۆ دوو دڵی و شەرمکردن پێویستە واز لە کارەکەی بهێنێت و تەستی خۆی بکات، بۆ ئەوەی کەسانی نزیك خۆی تووش نەکات. لە کۆتایدا پێتان ئاژم :هەرچەندە میللەت و حکومەتی ئێمە بەهای خانەویستەکان و جەنگاوەرە ونبووەکانی نازانێت، بەڵام پێویستە ئێوە لە هەوڵی ڕزگارکردنی ژیانی نەخۆشەکاندا بن وبەردەوام کاری مرۆڤانەی پزیشکی خۆتان ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی سەربەرزو وێژدان ئاسوودەبن لەبەرئەوەی گەر کارمەندی تەندروستی وێژدانی ئاسوودە نەبێت هەرگیز سەری بەرز نابێت. هیوادارم ئەوانەی لە ١ ئاداڕەوە گەاونەتەوە نیشتمان و خۆیان تەست نەکردووە، دەبێت ئەوانیش بەتەنگ داوای کارمەندانی تەندروستییەوە بن بۆ تەست کردنیان. بەڵێزان، ئەوە ترس و شەرمی ناوێت، هیچ نییە جگە لە وەرگرتنی بڕیك خوێن، ئەویش بۆ ئەوەیە بە هەموومان زەردەخەنەو پێکەنین و جۆرە بگەڕێنینەوە نێو ماڵەکان، بۆ ئەوەی فشاری دەروونی دانیشتوان کەم بکەینەوە. چونکە ئەم کوردستانە هی

هەموومانە بە دەنگ، هەنگ، ئاین و بۆچوونە جوداکانەوە جوانەو پێشینان جوانیان فەرموو: بە یەك دەست چەپڵە لێ نادرێت. هیوادارم کارمەندانی وەزارەتەکانی ناوخۆ و پێشمەرگەش بەرپرسانە لە کاتی ئەرکەکانیاندا خۆیان لە هەموو جارە بەرکەوتنێك بپارێزن وبە ئاگایی مامەڵە لەگەڵ ئەو هەلومەرجە ئاڵۆزەدا بکەن کە هاتۆتە گۆڕێ لەبەرئەوەی ئەوانیش کوڕو کیژی ئەم گەل و نیشتیمانەن و قەرزاربارینین.

د. زاهیر سوران

پسپۆڕی نەخشییە درمییەکان و گشتییەکان، سلێمانی .

٣٠ / ئاداری ٢٠٢٠

ئەستیاگ دوا پادشای مادەکان زوحاکی ماربەشانی نەورۆز نییە ... هەسوڵ بۆسکێنی

لەگەڵ هیوای سەلامەتی بۆ هەموو لایەك و دەربازبوون لە سەردەمی ڤایرۆسی کۆرۆنا، لەبەر بۆ نازی جۆژنی نەورۆزی ئەمساڵ، دەمەوێ لەو بارەیەوە ئەم بابەتەتان پێشکەش بکەم، کە لە ڕابردوو لە چەند وتارێکدا لە ڕیشەی جۆژنی نەورۆزمان کۆڵیەوە و ڕوونمان کردەوە، کە نەورۆز جۆژنێکی کۆنی کورد و بەسەرهاتێکی ئەفسانەیی کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە چوار هەزار ساڵ لەمەوبەر، لێرە دەرفەتی ئەوە نیە جارێکی تر بە ڕوونکردنەوەی ئەو بابەتەدا بچینەوە، ئێستا قسە لەسەر ئەوە دەکەین، کە ئاستیاگ و زوحاك بەیەك دەچوونن، ئەوانەی بەسەرهاتی ئەفسانەیی کاوە و زوحاك نزیك دەکەنەوە بۆ کۆتایی دەسەڵاتی مادەکان، دەنگۆی ئەوە بڵاودەکەنەوە گوایە ئاستیاگ دوا پاشای مادەکان، زوحاك یان (ئەژدەهاك)ی ماربەشان بووە، هەروەها وا باسی (زوحاك و فەریدون و کاوە) دەکەن، کە فیردەوسی لە شانامەدا وەك ناسیونالیستێکی فارسی شانازی بەسەرکەوتنی کۆش بەسەر دوا پادشای ماد ئاستیاگ ی کورد دا دەکەن،

دەڵێن لە ڕووداوی کاوە و زوحاك دەبێ کورد پرسە بگێڕێت نەك جێژن بکات، چونکە لەو ڕۆژەدا ئاستیاگ دوا پادشای ماد لەلایەن کۆشی فارسیەوە کوژەتای بەسەردا کراوە و کۆتایی بە دەسەڵاتی کورد هێناوە، بۆ چیرۆکی (کاوە و زوحاك)یش دەڵێن: ئاستیاگ دوا پادشای ماد دەبێتە ئەژدەهاك و بەردەبێتە گیانی خەڵك، بۆیە کاوەی ئەفسانەیی دەکەنە کۆشی فارسی مێژوویی و ئاستیاگ ی دوا پادشای ماد دەکوژێت، ئیتر زوحاك= ئەژدەهاك بە ئاستیاگ چوێنن و کاوە بە کۆش پێناسە دەکەن، بەم بیانووە چیرۆکی ئەفسانەیی سەرکەوتنی کاوە بەسەر زوحاکدا دەکەنە ڕووداوی مێژوویی سەرکەوتنی کۆش بەسەر ئاستیاگ دا، ئینجا لێرەوە بۆ گەمارۆدانی جێژنی نەورۆز لە چوارچێوەی چیرۆکی (کاوە و زوحاك)دا ژەهری مەبەستەکەیان دەڕژن، کە بریتیە لەوەی نەورۆز یادی سەرکەوتنی کۆرش بەسەر ئاستیاگ پادشای ماد، سەرکەوتنی هەخامەنشیەکانە بەسەر ماددا، واتە سەرکەوتنی فارس بەسەر کورد دا، لێرەوە دەگەنە مەبەستە سەرەکیەکەیان و هەستی نەتەوەیی کورد دەجووڵێنن، کەوا نەورۆز جێژنی فارسە و بۆ کورد لاسایی کردنەوەی فارسە، کە دەبوایە بۆ کورد پرسە بوایە نەك جێژن، چونکە باسی شکستی کورد و ڕووخانی ئاستیاگ دوا پادشای ماد و دەوڵەتی مادە.
ئەم بنەما هەڵەیەی هەندێ نووسەر بەتایبەت بانگخوازە ئیسلامیەکان کە بەڵای ئەوانەوە جێژنی ئاگرپەرست و کافرەکانە، دەیکەنە بناغەی وتەکانیان بۆ پێناسەکردنی ئاژدەهاك بە ئاستیاگ، کە ئەمە یەکێکە لەو بیروڕا هەڵە و بۆ بناغانەی زۆر لەڕاستیەوە دوورە، بەداخەوە ئەم قسە بۆ بناغەیە بەسەر ڕشنبیری کوردیشدا زاڵ بووە، بەبێ بوونی هیچ بەڵگەیەك جگەلە لێکچونێکی ڕواڵەتی ناوی ئاژدەهاك و ئاستیاگ، زۆر جاریش بۆ زیاتر لەیەکتر نزیك کردنەوەی ناوی ئاستیاگ دەکەن بە (ئاستیاك). ئەمەش تەنیا ڕواڵەتێکی فریودەرە و خۆشیان باش دەزانن بۆچوونێکی بۆ بناغەیە، بەڵام لە شێوەی گوتنی فۆڵکلۆر و بۆ لێك نزیك کردنەوە و لێکچواندنی ناوەکان ئاژدەهاك بەشێوەی ئاژدیهاك بەکاردێنن، هەروەها ئاستیاگ بەشێوەی ئاستیاك بەکاردێنن، بۆ ئەوەی ناوەکە لەیەکدی بچێت.
ئەگەرچی لەوانەیە هەندێکیان تەنیا قوربانی ئەو بۆچوونە بن، بەڵام لەجیاتی ئەوەی ڕاڤە و شیکردنەوە و بەدوادا چوونی وردی بۆ بکەن، قسەی بۆ بەگە و بۆ بنەما دروست دەکەن، بۆ زیاتر چەسپاندنی بۆچوونە هەڵەکەیان، لەبەرنامەیەکدا کەسایەتیەکی بەرزی ئیسلامی دەیوت: کورد نابێ یادی جێژنی نەورۆز بکاتەوە، لەبەر ئەوەی جێژنی مەجوسەکانە و بۆ کوردی موسڵمان دروست نیە یادی ئەو جێژنە بکاتەوە.

لە نووسینی ئەم بابەتەدا دەمانەوێ بەبەگەی مێژوویی ئەم هەڵەیە ڕاست بکەینەوە، بەهیوای ئەوەی هەموو ئەوانەی ئەم بڕچوونەیان بەهەڵە وەرگرتووە، یاخود بەئەنقەست و بۆ شێواندنی بابەتەکە ئەمە دەوروژێنن، واز لەم بیرکردنەوانەیان بێنن، ئەگەرچی لەووی زمانەوانیشەوە ئەم دوو ناوە لەیەکتر جیاوازن، بەڵام ئێمە لێرە خۆمان لەلایەنی زمانەوانی دەبوێرین و تەنیا گرنگی بەلایەنی مێژوویی دەدەین و دەمانەوێ لەووی مێژووییەوە ساغی بکەینەوە کە ئاستیاگ دوا پاشای ماد، زوحاك یان ئاژدەهاك ی دۆوەزمەی نەورەز نیە، بەڵکو ئاستیاگ دوا پادشای مادەکان کەسایەتیەکی هێمن و ئاشتیخواز و لایەنگیری هەژاران بووە، بۆ ئەوەی ئەمە ڕوون بکەینەوە، دروست بوونی دەوڵەتی ماد و ڕۆژگاری فەرمانڕەواییان دەبۆ بزانین تا شکستی ئاستیاگ و لەناوچوونی ئیمپراتۆری ماد، ڕوونی بکەینەوە مادەکان کێن، چۆن دەوڵەتەکەیان پێکهێنا و چۆن گەشەی کرد و هۆکارەکانی شکست و لەناوچوونی ئاستیاگ دوا پادشای مادەکان چی بوو؟، لاپەڕەکانی مێژوو هەڵدەینەوە و قسەی ئەو نووسەر و مێژوونووسانە وەربگرین، کە شارەزای مێژووی مادەکانن و لەنزیکترین سەردەمی ئەواندا ژیاون و ڕووداوەکانیان بەدروستی تۆمار کردووە.

بەسەرهاتی ڕۆژگاری ماد لە ژێر دەسەڵاتداریێتی ئیمپڕاتۆریێتی هەخامەنشیەکاندا لە نووسراوە سۆ زمانیەکانی (پارسی کۆن، ءێلامی، بابلی) هەندێ پاشایان و هەروەها نووسراوەی گەورەی داریوشی یەکەم لە ڕووکاری بەستون ئاوێنەی یەکترن...، ئەم بەگە و سەرچاوانە لەبەرئەوەی لەسەردەمی ڕووداوەکانی ماددا نووسراون نرخدارن، بەڵام سەرچاوەکانی دەستەی دووەم زۆربەیان بە زمان گێڕدراونەتەوە و بەدەمی بێاوبوونەتەوە لەبەر ئەمە ئەوانە جێگای باوەڕنین و نرخیان کەم تۆرە، بایەخی ئەمانە لەلایەك بەستراوە بەواقیعی باسەکەوە و لەلایەکی تریش بەویژدان و ئەمانەت پەروەری ئەو کەسەی باسەکە دەگێڕێتەوە، ئەمانە دەکرێن بەچەن بەشێکەوە، نووسەرە کۆنەکانی یۆنان دەکەونە ڕۆژی یەکەم لە چوارچێوەی کۆمەڵی دواییدا.

یۆنانیەکان لەسەردەمی شەڕی یۆنان و ئێرانیەکاندا لەسەدەی پێنجەمی پێش زایینداً ئاشنایەتیەکی باشیان لەگەڵ مێژووی ڕۆژهەڵاتەوە پەیداکرد، لەو شەڕانەدا لەشکری مادەکانیش بەشدار بوون، یۆنانیەکان بیریان لە دامەزراندنی دەوڵەتکی گەورەی هاوڕێی خۆیان دەکردەوە، بۆ پەروا پەنایان دەبردە بەر ڕۆژگاری کۆن و سەردەمی هەخامەنشیەکان بەسەر چۆنێتی مێژووی ماد و ئاشووریەکان دا تێدەپەڕین.

هێشتا نەوەی زۆر لە نێوان بنەماڵە بەرزەکانی ماد دا هەبوو، بەشداری ژیانی سیاسی وڵات بوون و زۆربەیان لە ئیمپڕاتۆریەتی

هەخامەنشییەکاندا جێگا و مەقامی بەرزیان بەدەستەوە بوو، هەروەها گەلێك لەمانە لەگەڵ یۆنانییەکاندا پەیوەندیان هەبوو، لەبەر ئەوە دەبێ بڕوا لەو کاتەدا بەگە و سەرچاوەی هەسمی دەوڵەتی ماد لەلایەن دەرباری هەندێ پادشاهانەوە ئاگاداری دەکرا، لەم ڕوانگایەوە لەگەڵ یۆنانیەکانیش پەیوەندییان هەبوو.
داخەکەم یۆنانییەکان دەستیان بەسەرچاوەکانی دەرباری سەڵتەنەتی هەخامەنشییەکان نەدەگەیشت و دیسانەوە لە کاتێکدا ئەسکەندەر لەسێیەکی دوای سەدەی چوارەمی پێش زایین، ئیمپراتۆریەتی هەخامەنشییەکانی تێکدا و داگیری کرد هەموو ئەو نووسراوانەی دەرباری شاهی لەناوچوون.
لەبارەی سەڵتەنەت و کیشوەری مادەوە چەند زانیارییەکی تاکە تاکە لە نووسینەکانی نووسەرە یۆنانییەکانی سەدەی پێنجەمی پێش زایین هەن. وەکو هکاتی میلتی و هارون لامپساکی و دیونیس میلتی کە لەبارەی داڕێژی یەکەم نووسیویانە، هەروەها کسانت لیدیائی نووسەری (مێژووی لیدیا) لەناوەڕاستی سەدەی پێنجەم ژیاون، ئەمانە دەربارەی مادەکان شتیان وتووە، هلانیك نووسەر و مێژوونووس دروست بوونی ماد دەبەستێ بەنووسراوی قارەمانانی ئەفسانەکانی یۆنانەوە، بەڕام لەبارەی ڕەکخستنی تەواوی مێژووی مادەوە یەکەمجار مێژوونووسی گەورەی یۆنان و دامەزرێنەری زانیاری مێژوو (هیرۆدۆت هالیکارناسی) لە نیوەی دووەمی سەدەمی پێش زایین دا هەوڵ و کۆششکی زۆری داوە. لەساڵی 447ی پێش زایین چووە بۆ ئاتن و دواتر سەری لە سەرزەمینی ماد و پارس داوە و چەند نووسینکی لەبارەی مێژووی نەریت و ڕەوشت و هەستان و دانیشتنی ئەو کیشوەرانە نووسیوە و بۆ ئەوەی مێژووەکەی تەواو بکات زۆر تێکۆشاوە.
هەرچەندە سوودی لە نووسینی نووسەرەکانی پێش خۆی وەك: هکاتە و هلانیك و دیونیسدا وەرگرتووە، بەڕام بەشێوەیەکی گشتی پشتی بە لێکۆڵینەوە و پرسیارکردن و وتەی سەرزاری خەڵك بەستووە، بۆ نموونە لەبارەی مێژووی مادەوە سوودی لە قسەی خانەدانەکان وەرگرتووە بەتایبەتی (زوپیر). ڕەنگە سوودی لەوتەی یەکێ لە نەوەی هارپاك وەرگرتبێ، کە ناوبراو یەکێ لە گەورە پیاوانی ماد بووە و سەد ساڵ پێشتر نەخشکی شوومی لەتێکدان و لەناوچوونی سەڵتەنەتی مادەکان یاری کردووە، بەم جۆرە شارەزاکان توانیویانە زانیاری شێوە ڕاست، بەتایبەتی لەبارەی داستان و بەسەرهاتەکانی بنەماڵەی خۆیانەوە بەهیرۆدۆت بدەن.
لەبارەی نووسینەوەی ڕووداوەکانەوە هیرۆدۆت (باوکی مێژوو) زۆر بەئەمانەتەوە باسەکانی نووسیوە، لە هەندێك جێگادا لەبارەی بەسەرهاتێکەوە چەند جۆرێك بەگەی دەستکەوتووە، بەراوردی کردوون و

ئەوەی لەهەموویان زیاتر ڕاست دەرچووە (بەپێی بیری خۆی و ڕۆشنایی سەرچاوەکان) ئەوەی هەڵبژاردووە و نووسیوێتی، نووسینەکانی ئەو تازەترین بەڵگەی کۆنە شوناسی ڕۆژهەڵات شوناسیە لەبابەتی ورد و بچوکیش کۆڵابێتەوە، یەکێك لەو بەڵگانەی ڕاست و دروستی وتەکانی هیرۆدۆت دەسەلمێنن، نووسراوەکانی داریۆشی یەکەم پادشای هەخامەنشییە لە بێستوون، دەرکەوتووە ئەوەی هیرۆدۆت نزیکەی سەد ساڵ دوای ڕووداوی مێژووی کوشتنی گئوماتای مغ نوسیویەتی و ناوی ئەو شەش کەسەی دەستیان لە کوشتنەکەیدا بووە و باسی کردوون بەڕاست دەرچووە، تەنیا ئەوە نەبێ لەناوی یەکێکیاندا تووشی گومان بووە و ناوی یەکێك لە نزیکەکانی داریۆشی هێناوە، ئەو یەکەش دەستی لەو کار و کوشتنەدا نەبووە.

کتسیاس کیندی نووسەرێکی تری یۆنانیە و لەپاش هیرۆدۆت هاتووە و دەبێ ناوی بهێنین، کتێبێکی مێژوویی بەناوی (پریسکا)داناوە، کتسیاس پزیشکێکی دەرکەوتوو لە خزمانی (بقراط) بونیادنەری زانستی پزیشکی بووە و لە دەوروبەری ساڵی 414 پێش زایین ئێرانیەکان بەدیل گرتویانە، بردوویانە بێ دەرباری داریوشی دووەمی پادشای ئێران، ماوەیەك لە دەرگای داریۆشی دووەم و ئاردەشێری دووەم بووە و بێ گفتوگۆ لەگەڵ یۆنانیەکان سوودی لێ وەرگرتووە، ئەگەرچی قسەکانی کتسیاس لەڕاستیەوە دوورن و هەڵەتێکی گەورە و پێکیان نیە، بەڵام لەبارەی دوا شەڕی نێوان ئاستیاگ و کۆرش قسەکانی کتسیاس تاڕادەیەك لە ڕاستیەوە نزیکن، هەندێ لە نووسنەکانی ئەو لەگەڵ سەرچاوە بابلیەکاندا یەکن.

نووسەرێکی تری یۆنانی لەبارەی دەوڵەتی مادەوە شتی نووسیوە (کزنفون= گەزنەفۆن)ە، کە بەتەواوی لەنووسەرەکانی تر ڕاستگۆترە، زانایەکی ئایدیالی و پیاوێکی سیاسی خاوەن هێز و قوتابی سوقرات و هاوڕێی ئەفلاتون بووە، لەهەمان کاتدا یەکێك لە مامۆستایانی وێژە و گفتوگۆی یۆنان، گرنگتر لەهەموو نووسینە مێژوویی و نیوە مێژوویەکانی یۆنانە (هانیکا Hellenika) کە دوا بە دوای کتێبەکەی (فوکیدید) مێژوونووسی گەورە باس دەکرێ، کزنفون بەشداری لەشکرکێشیەی کۆڕشی بچووك، لەساڵی 401 پێش زایینی دەکا، کە کردیەسەر ئاردەشێری دووەم.

کزنفون دەیزانی (هیرۆدۆت) کە یەکەم: لەسەردەمی سەتەنەتی ماددا گەلێك وڵات و هۆزی سەربەخۆی بینیوە، کە لەدواییدا کەوتنە ژێر دەسەڵاتی (پارس)ە ئێرانییەکانەوە، دووەم: لەوڵاتی ماددا چەند شانشینێك بووە سەر بە دوەڵەتی ماد بوون، ئەو شانشینە سەربەخۆیانە لە کۆشنامەدا باسکراون، زۆربەیان ئەو ساتراپ نشینە ئێرانیانە بوون، کە کزنفون خۆی هەندێکیانی ناسیووە و هەندێکیشیانی لەچەند

سەرچاوەیەکی سادە و سەرپێییەوە وەرگرتووە، وەکو شانشینەکانی کاپادۆکیە و ئەرمەنستان و هیرکانیە و شوش …هتد.
نووسەرە یۆنانیەکانی ئەم دواییە تەنیا نووسینەکانی هیرۆدۆت و کتسیاس و هەندێك لە نووسینەکانی کزنفون و بەشکی زۆر کەمی (بروس)یان باس کردۆتەوە، بەڵام ئەو نووسینانەی ئەوان لەبارەی مێژووی سەتەنەتەکانی ڕۆژهەڵاتی کۆنەوە نووسیویانە بەشکی کەمی لە داستانکی مێژوویی تردا هەیە، ناتوانین بیکەین بەنووسینی هیچ نووسەرێك کەلەمەو پێش باسمان کردوون.
دوا سەرچاوەیەك کەباسی مادی کردووە و شایانی ئەوە بێ باسی لێوە بکرێ، (مێژووی موسی خورنی) – موسس خورناتسی- نووسەری بەناوبانگی ئەرمەنیە، کەلەسەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستدا داینناوە بەزمانی ئەرمەنی بووە.
موسی خورنی بێ نووسینی مێژووەکەی خۆی لەچەند سەرچاوەی هەمەجۆر و فراوان وەکو تەورات و نووسینی نووسەرە یۆنانیەکان و سریانییەکان و ئەرمەنیەکان سوودی وەرگرتووە، لەسەردەمی موسی خورنیدا کە بەپێی مێژووە بەناوبانگەکەی لەسەدەی پێنجەم و سەرەتای سەدەی شەشەمی زایینیدا ژیاوە، کە ماوەیەکی زۆر لە سەردەمی مادەکان دوور کەوتۆتەوە، لەو کاتەدا لێکۆڵینەوە و ڕەخنەگرتن لەناو نووسەرە یۆنانییەکاندا نەبووە.
موسی خورنی نەیدەتوانی سود لەسەرچاوە پێشووەکان وەکو نووسینەکانی هرۆدۆت و کتسیاس و کزنفون وەربگرێ، بەڵام سوودی لەو نووسینانەی دوایی وەرگرتووە، ئەو سەرچاوانەیان باس کردووە و باسەکانیان لەوانەوە وەرگرتووە، هەندێك نووسینەکانیشی لەبارەی سەردەمی کۆنەوە دەدۆن زۆر تێکەڵ و پێکەڵن، ئەم ئاڵۆزیە هۆیەکی تایبەت تری هەیە، چونکە موسی خورنی بە تایبەتی پشتی بەکتێبی کابرایەکی سووریەیی بەستووە و باسی لێوە کردووە، ناوی (مارئاباس کارتینا) بووە، لەوە دەچێ تەنیا ئەو لەبارەی ڕۆژگارێکی نزیکەوە زانیاری لێ وەرگرتبێ (مارئاباس کارتینا) یا (ئەو کەسە، ئەم ناوەی بێ خۆی داناوە) خۆی بەهاوچەرخی یەکەمین پادشای ئەشکانی لەسەدەی دووەمی پێش زایین لەقەڵەم دەدا، لەگەڵ ئەوەدا نووسینەکانی کەمەڵە نووسینکی نووسەرە کۆنەکانە بەشێوەیەکی ناڕاست و پێك، کەبەسەریەکدا نووسراون و مێژووی ئەو نووسینانە ئەگەر لەسەدەی سێیەمی زاینیدا بەدواوە نەبێ پێشتر نییە.
موسی خورنی زۆرتر ئەو باسانەی نووسیوە، کە مێژوونووسەکانی پێشووتر لەبارەی مێژووی ئەرمەنستانەوە نووسیویانە، لەبەرئەمە باسی (تیگرانی یەکەم) کۆنترین شای ئەرمەنستان و … کردووە، زۆر بەوردی داویەتە بەر سەرنج و لەباسەکاندا بایەخی پێداوە، هەروەها

ناوی (ئاستیاگ)ی به (ئاژدەهاك) بردووه، لەرەدا له نووسینەکانی موسی خورنیدا دەردەکەوێ مێژوونووسی ئەرمەنی ناوبراو ویستویەتی ئەو باسانەی لەسەرچاوە یۆنانییەکانەوە وەریگرتوون، لەگەڵ باس و بەسەرهاتە مێژوویییەکانی ڕۆژهەڵاتدا پەیوەست بکات، ئاردەهاك Dahaka–azi(s) (ماژدهاك)ی ئاوێستا زەردارێکی ئەفسانەیی و مارێکی شێوە ئادەمیزاد لە خەڵکی باوری (Bawri= بابل) بەدەستی (ثراتیلون= TraiTeuna) (فەرەیدون(کوژراوە، کە لە دواییدا وڵاتی ئاژی- دەهاك لە دوای سەردەمی سەردەمی پارتەکان بە بابل یان دادەنا، لەگەڵ ئەوەدا ناوەکان بەهیچ جۆرێك لە (ئاستیاگ) ناچن، ئەم ئاڕاستەیە دیسان لەکێنەوە تووشی ناوی (ئاستیاگ) بووە، هەر چۆن بێ ئەم قسە بێ بناغەیە لەسەدەی نۆزدەهەمدا سەری لە گەلێك لە نووسەرانی ئەوروپای ڕۆژئاوا شێواندووە و تووشی هەڵەی کردوون، ئاشکرایە موسی خورنی کەمتر لە شارەزایان و نووسەرانی ئەوروپای سەردەمی تازە سەرچاوەی یۆنانی دەستکەوتووە و خۆی بەڵکەینەوەیانەوە خەریك کردووە، وەکو ئەو نامانەی یۆنانییەکان دەستیان کەوتووە، لەبارەی ناوی مادەکان و (ئاوێستایی) کە لەسەردەمی ئەودا کێن بوون دەستگیری نەبووە، توانای نەبووە یانەیویستووە ئەو نووسراو و سەرچاوانەی دەست بکەوێت، بەکو شێوەی نامەکانی چۆن بیستووە بەو جۆرە داویەتە بەر سەرنج و باسی کردووە.
موسی خورنی نەك هەر سوودی لەبەرسەرهاتە مێژوونووسەکان وەرگرتووە، بەکو سوودیشی لە داستانە ئەرمەنییەکانیش وەرگرتووە، لەداستانەکەی (تیگران) قارەمان- مێژوونووسان بەو تیگرانەی دەزانن کە کزنفون باسی کردووە، بەهاوکاری لەگەڵ فەرەیدون لە دژی ئەژدەهایەك کە (ئاژدەهاك)ی ناوبووە ئاپەیون، باسی کراوە، دیسانەوە (ئاژدەهاك) و (ئاستیاگ) لەنووسینەکانی کزنفون دا هاوچەرخی تیگران بوون، موسی خورنی زیاتر بەهەڵەدا بردووە.
نووسینە ئەرمەنیەکان و بەتایبەت کتێبەکەی موسی خورنی لەچەند بوارێکی جۆربەجۆردا باسیان کردوون، بەڵام جیاکردنەوە و لێکەینەوەی سەرچاوە ئەرمەنیەکان زۆر گرانە، ئەنگە موسی خورنی لەهەندێ سەرچاوەی تایبەتی ڕۆژهەڵاتەوە سوودی وەرگرتبێ، لەگەڵ ئەوەدا جێگای باوەڕ نییە، لەسەدەی پێنجەمی زایینیدا بەسەرهاتێکی مێژوویی سەربەخۆ بۆئەوە بشێ پشتی پێ ببەسترێ، لە بارەی سەرهاتەنەتی مادەوە کە لە سەدەی پێنجەمی پێش زایینەوە بووبێت، دەتوانین بڵێین لە ڕۆژگاری ساسانیەکاندا لەسەدەی سێیەم تا حەوتەمی زایینی تەنانەت بیرەوەری هەخامەنشییەکانیش بەرگوێ نەدەوکەوت، لەجیاتی قارەمانانی ئاوێستا وەکو (کوی کوات) (کەیقەباد) و (کوی خسرەو) (کەیخوسرەو) و (کوی ویشتاسب) (گشتاسب)

و پادشایانی تری کۆنی ناوچەکە بەمجۆرە باس دەکران، سەردەمی سەڵتەنەتی هەخامەنشیەکان لەداستانە مێژوویەکانی ژاڵەکات، لەسەدەکانی ناوەڕاست دا بە تەواوی فەرامۆش کرابوو، تەنانەت لە بارەی دەوڵەتی پارتەوە هیچ جۆرە زانیاری و شارەزاییەکی وون و ناڕاست نەبوو.

دامەزراندنی دەوڵەتی ماد

لەبارەی ئەو سەرچاوانەی باسی مێژووی ماد دەکەن، بەداخەوە گەلێك لەو سەرچاوانە گومان لەنووسین و باسەکاندا پەیدا دەبێت، کە باسی سەرچاوەیەك یا نووسەرەکەی دەکەین، پێویستە بەوردی سەرنجی نووسینەکە و باری ژینگاری نووسینەکە و نووسەرەکە بەوردی بدەین و لەواڵەتی مێژوویی و ئەدەبی و سیاسی نووسینەکە و نووسەرەکە بەوردی بکۆڵینەوە، دەبێ ئەوە بزانین هەر باسێك لە هەر سەرچاوەیەکەوە وەرگیراوە، چیە و چ نرخێکی هەیە، ئەگەر بەمجۆرە نەبێ ئەوا ناتوانین بەڕێك و پێکی و هەوانی بگەینە ئەنجام و بیروڕای خۆمان بچەسپێنین.

پێویستە سەرەتا ئەوە بزانین سەڵتەنەتی ئاستیاك دوا پادشای مادەکان لە کۆوە سەرچاوەی گرتووە، لەو ڕوانگەیەوە یەکێتی تیرەکانی ماد سەرچاوە و هۆی سەرەکی پێکهێنانی دەسەڵاتی ماد بوون، لەم بابەتەشەوە قسە زۆر کراوە و هەر کەسە بۆچوونێکی دەربڕیوە، کە بەناوبانگ تریانیان ڕوانگەی هیرۆدۆت مێژوونووسی نۆداری یۆنانی کۆنە، ناوبراو کەسێك بەناوی (دیاك یا دیاکۆ= دیاکس یا دیائۆکۆ) بەمایەی سەرەکی یەکگرتوویی تیرەکانی ماد و یەکەم پێکهێنەری دەسەڵاتی ماد ناساندووە، ئاشکراشە دیائۆکۆ لەپێشدا سەرکردەی یەکێك لە هۆزەکانی ماد بووە و بە قەولی کوتوان لەسەردەمی هەرشی سارگۆنی دووەمی پادشای ئاشوور بۆ سەر مانا و ماد، بەدیل گیراوە و بۆ سوریە دوورخراوەتەوە.

ئەو داستانەی "هیرۆدۆت" بۆ بە دەسەڵات گەیشتنی "دیاکۆ" دەیگێڕێتەوە کە لەنێو هۆزی خۆیدا جێگای ڕێز بووە و لە ژیری و ڕێزلێنانیدا بەناوبانگ بووە و زۆربەی خەڵکی هۆزەکەی خۆی و بگرە خەڵکی لاوەکیش بۆ کردنەوەی گرێی گرفتەکانیان دەچوونە لای و هۆدی هۆدی قەدر و ڕێزی لەنێو هۆزەکەی خۆی و خەڵکدا ئەوەندە بەرز بۆوە، کە وایان بیردەکردەوە بەبێ ئەو هیچ گیروگرفتێك چارەسەر نابێ، بۆیە کاتێك هاتنەسەر هەڵبژاردنی کەسێك بۆ ڕێبەری قەوم، هەموو یەك دەنگ دیاکۆیان هەڵبژارد.

هیرۆدۆت دەنووسێ: یەکەم کاری دیاکۆ ئەوە بوو کۆشکێکی بەخەڵك ساز کرد و چەند پارێزەرێکیشی بۆ گرت، دوایش فەرمانی دا لە دەوری کۆشکەکەی شارێکی گەورە دروست بکەن، تا ببێتە ناوەندی دەسەڵات، و

گەلی ماد لە هەموو شوێنێك بۆ کاروبار و گیروگرفتەکانیان بۆنە ئەو شارە، کۆشك و شار بەدەی دیاکۆ لە شوێنی ئەمێی (هەمەدان) دروست کرا و نێویان نا (هەنگماتانە، هەنگماتان یا ئەکباتان) بە مانای شوێنی کۆبوونەوە، لە هەمان کاتدا ئەو بۆ غەرەزی و عەدالەتی کە لەپێشدا دەیکرد درێژەی پێ دەدا، ئەو لە ماوەی 53 ساڵ پاشایەتی خۆیدا قەومەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی یەکگرتوو کرد و هەموو کۆششی خۆی بۆ ئەوە وەگەڕخست، کە بناغەی دەسەڵاتێکی بەهێز دابمەزرێنێ، بناغەی ئەو دەسەڵاتەی بە ناوی "ماد" دەناسرا بەهێز تر بکا. دیارە دوای ئەو کوەکەی "فرەئارتیش یا خشتریتە" کەوتە بیری داگیرکردنی خاکی خەڵکی تر و فراوان کردنی وڵاتی ژێر دەسەڵاتی خۆی.

پێویستە فرائارتیش کۆی دیاکۆ لەدوای باوکی بە یەکێك لە دامەزرێنەرانی ئیمپراتۆری ماد بزانین، کە بە وتەی هیرۆدۆت ئەویان بەکۆی دیاکۆ زانیوە. فراوەرتیش کۆ یا نەوەی دیاکۆ بەزیادکردنی خاکی ئەو ئەمیرنشینە بچووکانەی لە دەوروبەری خاکی خۆی بوون، چەند هەنگاو لە پێکهێنانی دەوڵەتی ماد نزیك تر بووەوە. بەهەرحاڵ فرائارتیش یا خشتریتە دوای 22 ساڵ فەرمانەوایی بەسەر خەڵکی ماددا کوەکەی کیاکسار شوێنی گرتەوە، بەوتەی هیرۆدۆت ناوبراو لەشەڕکدا لەگەڵ ئاشووریيەکان لە ساڵی 652 یا 653 بەرلە زایین کوژرا.

ووخانی دەوڵەتی ئاشووری

یەکخستنی هۆزەکانی ماد لەئەنجامدا بوو بە هۆی دامەزراندنی یەکێك لە ناوەکانی گەورەی دەسەڵاتی ناوەندی لە دنیای ئەو سەردەم و پێکهێنانی ئیمپراتۆری ماد و یەکەم دەسەڵاتی ڕاستەقینە و سەربەخۆ. لەو کاتە کە ئاشووریيەکان زلهێزی ئەو سەردەمە بوون، هەرچی دەسەڵاتی ئاشووری بەسەر ماددا زیاتر دەبوو، زەمینەی خۆڕاگری و بەرگری و بیری خۆڕزگارکردن لە ژێر دەسەڵاتی ئاشووریيەکان لەنێو خەڵکدا زیاتر دەبوو.

هەموو ئەو شوێنانەی ئاشوور لە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی گرتبوو و لە دەستی دەرهێنرایەوە، بەڵام سەرهەڵدانی ناکۆکی و ناتەبایی لەنێو ئەو هۆزە یەکگرتووانەی ماددا بەهۆی ئاشووریيەکانەوە هاتەئارا و گەیشتە جێگایەك پاشای ئاشوور پەیوەندی لەگەڵ سکاییەکان بەست و کچەکەی دابە پادشای سکایەکان، تا ئەو لەو یەکگرتنە لەگەڵ مادەکان پەشیمان بکاتەوە، کۆتایی بەم سەرکەوتنانە هێناو بۆ ماوەیەك خەیاڵی ئاشووریەکانی دڵنیا کرد.

پاشای ئەسکیتەکان بۆ پشتیوانی ئاشووریيەکان دژی مادەکان وەستا، هەر چۆن بۆ لە ساڵی 625 پێش زایینداپادشای ماد لە ژێر ڕکێفی ئەسکیتەکان ڕزگاری بووە، جارێکی تر وەکو دەوڵەتێکی خاوەن هێز و

سیاسی گرنگ هاتەوە ووو.
هیرۆدۆت دەڵێ: لەسەرەتای حکومەتی کیاکساردا پادشای ماد گەلێک هێز و لەوانە پارسەکان لەژێر دەسەڵاتی دابوون، بەڵام لەدەیەی سێیەمی سەدەی حەوتەمی پێش زایین پارس (پرسید) وەکو پادشانشینە بچووکەکانی ژێرهەڵاتی عیلام و ئەودیو عیلامەوە هەشتا بەسەربەخۆیی دەژیا.
سەرکەوتنەکانی دەرەوە لەدوای دەرکردنی ئەسکیتەکان لەسەردەمی حکومەتی کیاکساردا لە دوای ساڵی 616 پێش زایین دەستی پێ کرد، هیرۆدۆت لەبارەی کیاکسارەوە دەڵێ: دەڵێن ئەو ... یەکەم کەسێک بووە هێزەکانی نیشتەجێی ئاسیای کرد بەچەند بەشێکەوە و ڕێکیخست.
هەنگە چەند دەستەیەکی شەکەری تری هێزەکانی تری وەکو ماننایییەکان و ئەوانی تر، ئەوانیش لە ساڵی 612 پێش زایین لەناو لەشکری سەرکەوتوی مادا بووبن، بەم هۆیەوە سەرکەوتنی ماد بەسەر سەرکەوتنی تەواو هێزەکانی ئاسیای نزیک دابنێین، ئیتر کیاکسار بیری لەوە کردەوە باسکی بەهێزی دەوڵەتەکەی بەکاربێنێ لە دژی زۆر و ستەمی ئاشووریییەکان.
(بروس) مێژوونووسی بابلی دەنووسێ: نەبوپلاسار پێش شەڕ لەو هاوپەیمانیە دەگەڵا لەسەر بنەمای دۆستایەتی لەگەڵ هوخشترە (کیاکسار) هەیبوو، لە وتوێژکدا بوونەوە هاوپەیمان و کچی هوخشترە بەناوی (ئەمێئی ئیدا)یان داوە بە (نەبو کدنەسر= نەبوخودنەسر)ی کوڕی نەبوپلاسار، بەمە هاوپەیمانی و دۆستایەتیەکە پتەو تر بوو، نەبەپلاسار بۆ یەکگرتن دژی ئاشوور ڕووی لێنا و دوایەش مادەکان ئەو کارەیان بەئەرکی خۆیان زانی و بۆ ئەنجامدانی لە زاگرۆس تێپەڕین و لە داوێنی ڕۆژئاوای زاگرۆس لە دیجلە پەڕینەوە، دیواری دەوری ئاشووریان تێک ڕووخاند و شاری پیرەزی (ئاشوور) یان گرت، کە هەموو دەستکەوتی ئاشووری تێدابوو، ئەوەی لە تاڵان و بڕی چەند سەدەی وەاتانی دراوسێ کۆیان کردبووەوە هەمووی لەوێ دابوو.
ڕووخانی نەینەوا لەلایەن مادەکانەوە، لە مانگی ئوت ی ساڵی 612 پێش زایین بووە، گرتنی ئەو شارە کەچەندین سەدە ناوەندی دەسەڵاتداریەتی هەموو ئاسیای ڕۆژئاوا و پایتەختی زامانەترین حکومەتەکانی دنیا بوو، وای بەحاڵی شارێک کە پێ لە تەڵەکە و تاڵان و تایبەتمەندیی لێ دوورناکەوێتەوە، شەقەی شەللاق و گڕەی تایەی عەرەبانان و تەپەتەپی سمی ئەو ئەسپانەی تاودەدڕێن، گوڕی فەلەک کەڵ دەکەن، بریقەی شمشیران دەدرەوشێن و نووکە ڕمان تروسکەیان دێ، کۆژراو یەکجار زۆرن و تە پڵکەی تەرمان بەرچاو دەکەوێ، بەواتایەکی تر لە جەنازەی کوژراوان تەپڵکە سازبووە، هات و هاواری بڕانەوەی ئاو وەسەر ئاخ گەڕاوە و کەنیزەکان بەدیل گیراون

و هەر کەس لە توانای دابووە، چەك هەڵگرێ کوژراوە و ئەوانی دیکەش کران بە کۆیلە...، داگیرکەرانی ئاشوور نینەوایان وێران کرد، کەلەسەر گۆی زەوی نەما و هەموو سەروەت و سامانی ئەو شارەیان بێ ئەکباتان (هەمەدان) نارد و بەم شێوەیە نەینەوا بێ هەمیشە لەناو چوو. شای ئاشوور کە فەرمانڕەوای دنیایەك بوو، کۆشکی ئیمپراتۆری ئاورتێبەردا و خۆی و بنەماڵەکەی لەنێوگۆی ئاگردا سوتان. بەڕام تا ساڵی 609ی پێش زایین بە پچڕپچڕی شەر بەردەوام بوو.
بیستی ئەیلوول (سەرەتای سپتامبەر)ی 612ی پێش زایین کیاکسار گەیایەوە بێ ماد، نابوپلاسار لە کەلاوە وێرانەکانی نەینەوادا مایەوە و لەشکرەکەی هەروەکو جاران پەلاماری ئاواییەکانی ناوچە دانیشتووەکانی ئاشووریان دەدا و تاڵانیان دەکردن. لەکاتێکدا لەشکری بابلیەکان بەدوا پاشماوەکانی ئاشووردا لە حەڕان لەشەێ دابوون، لەهەمان کاتدا مادەکان بەسەختی لە ئوراتویان دا و گەیشتنە (نوشیا) و پایتەختی کیشوەرەکانیان لەکەناری دەریاچەی وان بوو، دەوڵەتی ئورارتویان داگیرکرد، پادشای ماد نەك تەنیا ئیمپڕاتۆریەتی ئاشووری لەناوبرد، بەڵکو پادشاییەکانی مانا و ئەسکیت و ئورارتوشی هێنایە ژێر دەسەڵاتی خۆی، ئەمە خۆی سەرکەوتنێکی گەورەبوو.
بەقسەی هیرۆدۆت لە دوای ڕزگار بوونی ماد لەژێر دەسەڵاتی ئەسکیتەکان لەساڵی 625 پێش زایین، کە ئەسڵی ئەسکیتەکان بەڕای زۆربە لە قەفقازەوە هاتبن، بێ کەنارەکانی دەریای ڕەش، ژمارەیەکی زۆر لە ئەسکیتە بیابان نشینەکان لەئەنجامی شەڕی ناوخۆیی چوونە خاکی مادەوە، بەڕام بەشێك لەوانە بەهۆی ناکۆکی ناوخۆیانەوە لە شوێنی خۆیان مانەوە و لەسەر ئارەزووی خۆیان سەریان بێ کیاکسار دانەواند، لەو سەردەمەدا کیاکسار کۆی فرائورت کۆی دیوك حوکمی مادەکانی دەکرد، ئەو لەسەرەتاوە داخوازی ئەسکیتەکانی قبوڵ کرد، کە داوای یارمەتیان لێ کردبوو، تەنانەت کۆەکانی بێ فڕیوونی زمان و پیلانی تیرئەندازی نارد بێ لای ئەوان، بەڕام قینی کیاکسار لە پاشای ئەسکیتەکان بەهۆی پەیوەندییان لەگەڵ پاشای ئاشوور بوو مایەی غەزەبی کیاکسار، ئەو کاتە کیاکسار لە خۆیەوە پادشایانی ئەسکیتی ڕەنجاند و ئەوانیش تۆڵەی خۆیان لێ سەند و لەجیاتی گۆشتی ڕاو گۆشتی یەکێ لەو لاوانەیان پێداوە کە بێ فڕیوونی هونەر هاتبوون بێ لایان، لە دواییدا لەدژی کیاکسار بەپەلە چوون بێ لای ئالیات کۆی سادیات لە ساردیس.
کیاکسار داوای خۆبەدەستەوەدانی ئەسکیتەکانی لێ کرد، بەڕام پادشایانی لیدی بەتایبەت ئالیات نزیکەی لەساڵی 617 تا 561 پێش زایین لە کۆنەوە لەگەڵ ئەسکیتەکاندا پەیوەندی دۆستانەیان هەبوو،

چونکه دوژمنی کیمیرییەکان بوون، بەم هۆیەوە ئەو داوای کیاکساری دایە دواوە، لەبەرئەوە شەڕ لەنێوان ماد و لیدییەکاندا دەستی پێکرد و زیاتر لە پێنج ساڵی خایاند، واتە لە ساڵی 590 تا 585ی پێش زایین درێژەی کێشا.
لەم شەڕەدا هەر جارەی یەکێکیان سەردەکەوتن، هەندێك جار وا ڕووی دەدا لەشکرەکانی ئاسیای بچووك دەچوونە ناو خاکی ئاسیای نزیکەوە، بەمجۆرە مادەکان توانیان لەشکری ئالیات بەرەو ڕۆژئاوا بکشێنەوە دواوە، لەگەڵ ئەوەشدا چونکە شەڕکەرەکانی ماد لەو شەڕانەی ساڵانی دواییدا زۆر ماندووببوون، نەیانتوانی بە تەواوی سەرکەون و لە 28ی مانگی (؟) ساڵی 585ی پێش زایین لەکاتی شەڕکردن لەگەڵ لیدیەکاندا ڕۆژ گیرا، هەردوولا ڕایان وابوو ئەم ڕووداوە غەزەبی یەزدانە و نیان کردنێکی جیهانی سەرەوەیە، ڕێکەوتن دەبێ سولح بکەن و ئاشت ببنەوە، ئینجا بەهۆی ناوبژی کردنی بابل و کیلیکیە پەیمانی ئاشت بوونەوەیان بەست و سنووری نێوان لیدی و ئیمپڕاتۆریەتی ماد بە درێژایی ڕووباری گالیس (قزل ئیرماکی ئێستا) دیاریکرا، ئەم پەیمانە بەوەی ئەستیاگ کوڕی کیاکسار ئاریانیای کچی ئالیاتی خواست مەحکەم تر بوو، هەموو ناکۆکیەکان لەبیرچوونەوە، و لەناوا لابران، هەنگە پەیمانی ئاشتی بەهۆی کیاکسارخێیەوە نەبەستراوە، بەڵکو بەهۆی کوڕەکەیەوە ئاستیاگ بەستراوە، چونکە کیاکسار بەو خاکەی خستیە ژێر دەستی خۆیەوە، سنووری ئیمپڕاتۆرێتی مادی تا ئەو جێگایەی فراوان کرد، هەرگیز لەوە بەولاوە تێنەپەڕی، هەر لە هەمان ساڵدا لەدنیا دەرچوو.
دەوڵەتی ئیمپڕاتۆری ماد
دوای ئەم هەموو سەرکەوتنانەی مادەکان بەدوای یەکدا سنووری ئیمپراتۆری ماد زۆر فراوان بوو، مانای پێشوو (ئازربایجانی ئێران) ناوەندی ئابووری و فەرهەنگی ئیمپراتۆریەتی ماد بوو، هیرۆدۆت بەم جۆرە باسی ڕۆکخستنی ئیمپڕاتۆریەتی ماد دەکات، لەسەردەمی فارمانفەرمایی ماددا هێزێك حوکمی بەسەر هێزێکی تردا دەکرد و مادەکانیش حوکمیان بەسەر هەموویاندا دەکرد، بەر لەهەموو بەسەر ئەو هێزانەدا لەوانەوە نزیك تر بوون، ئەوان بەسەر دراوسێکانیاندا و دراوسێکانیشیان بەسەر هاوسنووورەکانیاندا، سەرچاوە عیبریە کۆنەکان لەبارەی پادشای مادەوە قسەیان کردووە و نووسراوە بابلیەکەی (نابونید) ئەویش باسی ماد و ئەو پادشایانەی سەر بەوان بوون باسی کردوون.
ماد یان پادشایی ماد لەپادشایە کۆنەکانی ماد و ماننا و ئەسکیت پێکهاتبوو، بەم هۆیەوە سەرچاوەی هیرۆدۆت جگەلە ماد پاریکانیەکان، و ئورتوکوریبانییەکان، کەهەمان دانیشتوانی پادشای پێشووی ئەسکیت

بوون، بەڵام سەرچاوەی ناوبراو مەبەستی لە (پاریکانیەکان) بەشێك لە دانیشتووانی پادشایی ماننا بوون، کەهێشتا بەتەواوی لەگەڵ ماد تێکەڵاو نەببوون، دیسان بەشێك لە ساتراپ نشینەکانی ماد ناو دەبات، لە نووسراوەکەی بێستوندا دەڵێ: شاری ئاشووری (ئاربل) ئەویش بەشێك بووە لە خاکی ماد، لەوتەکانی (گەزنەفۆن) (ئاناباسیس) بەشێوەکی گشتی زەوی و زاری ئەسێی ئاشوور ببوو بەبەشێك لە خاکی ماد، دوایش خەڵك بە بەشێك لە خاکی مادیان ناودەبرد، وەاتی پێشووی ئاشوور کە روی و زاموا و پارسوا و بیت هامبان و کیشەسو و خارخار ئەمانەش ببوون بەبەشێکی وەاتی ماد.
ماد لە ژووروی ڕۆژئاواوە تاڕادەیەك دەسەڵاتی پەیداکردبوو، هەندێك لە زەوی و زار و دانیشتوانەکانیان لە هوری و ئورارتیی و (ماتیانی) بوون، لەوە دەچێ لە ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێوە لە دەراوی ئاراس نیشتەجێ بوون، هێنابوونیە ژێر دەسەڵاتی خێیانەوە، هیرۆدۆت دووبارەی دەکاتەوە شانشینی ماد لەگەڵ ساسپیریان- واتە هێزەکانی ئیبری و گرجی هاوسنوور بووە، دوایی ناوچەکانی ئاوڕۆژگەی (قزل ئوزون) هێزەکانی کادوسی و کاسپی تیانیشتەجێ بوون، کە هێشتا نەهاتبوونە ژێر دەسەڵاتی مادەوە، بەبەشێکی ئەو سەرزەمینە دەژمێردران، دیاری کردنی سنووری کانی ڕۆژهەڵاتی ماد گرانە، ئەمە وا دەزانین ئەو سنوورانە بەجۆرێك بووە بەشێك بووە لەسەر زەمینی ئایندەی پارت، ئەویش پارچەیەك بووە لە خاکی ماد.
سەرزەمینی هێزی ساگارتیەکان ئەویش بەشێك بووە لە خاکی ماد، لە کێو و بیابانەکانی ناوەندی ئێران (ڕۆژهەڵاتی ئێرانی ئێستا) دەژیان، دوایی ئەم ناوچەیە کەوتە سەر وەاتی پارت. لەدەروبەری ماددا چەند سەرزەمینێکی خودموختاری و شانشینی و هێز و حاکمنشین بووە بەڕۆوبەرەکانیان ماد بوون. بەڵام ئەمانە بەشێك نەبوون لە خاکی ماد، دەوڵەتی ماد سنووری زەوی و زاری خێی تاڕادەیەك ئاشکرا نەبووە. ئەم هەموو خاکە پان و بەرینە بێ کابەر کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ماد، بە فەرمانەوایی ئاستیاگ.
سەردەمی سەڵتەنەتی ئاستیاگ
بێ ئەوەی بە دروستی بە ئەنجامی ڕووداوەکانی سەردەمی سەڵتەنەتی ئاستیاگ بگەین، دەبێ لاپەڕەی کتێبی ئەو مێژوونووسانە هەڵدەینەوە کە بە وریاییەوە ڕووداوەکانیان تۆمار کردوون، ئەوە ڕوونە هەرچەند ئەو ڕووداوانە لەسەردەمی ژیانی نووسەرەوە نزیکتربن، زێر تر لە ڕاستی دەچن، بەم هۆیەوە دەتوانین پشت بە مێژووی سەدەی پێنجەمی پێش زایینی زیاتر ببەستین، تاکو مێژووی سەدەکانی دوایی.
سەرچاوە بابلیەکان بەشێوەیەکی گشتی ڕاستن، بەڵام لەبارەی ڕووداوی کۆتایی سەڵتەنەتی ئاستیاگ زێر شپرزە و ناڕاستن. دەبێ بڵێین

لەبارەی ووداوەکانی سەتەنەتی ناوبراو، هەرچەن بە تا سەرەتای جەنگ لەگەڵ پارسەکاندا، زۆر سەختە، بەڵام ئەو سەرچاوانە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ تا ڕادەیەك شتێك بەدەستەوە دەدەن، بەهۆی ئەوەوە دەتوانین باری ناوخۆ و کۆمەڵایەتی و سیاسی سەرزەمینی ماد لە سەدەی شەسشەمی پێش زایین بخەینە بەرچاومان، لەم ڕووەوە سەرچاوەکان جیاوازیان لەنێودا نیە.
لەسەردەمی سەتەنەتی ئاستیاگ دا سنووری پان و پۆڕی ئیمپراتۆری ماد هێندە فراوان بوو، باسێك لە داگیرکردن نەمابوو، ئەم سنووڕە فراوانە پێویستی بە هاتنە ئارای دۆخێکی هێمن و ئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکە هەبوو، هیرۆدۆت دەڵێ: لەسەردەمی سەتەنەتی ئاستیاگ دا هیچ جۆرە شەڕێکی گەورە نەکراوە و هیچ شوێنێك داگیر نەکرا، لەو سەردەمەدا حکومەتێکی بە دەسەڵات و خاوەن پادشا لە ماد، تەنیا مەرجی بەربەرەکانێی گەورەکان و پشتبەستن بەخەڵکە ئازادەکان دەیتوانی بڵتەدی. ئاستیاگ دەیویست وڵات بە ئاشتی و هاوکاری خەڵکە هەژارەکان بەڕێوە ببات، خانەدان و گەورە پیاوەکانی پشت گوێ خست، هیرۆدۆت دەڵێ: ئاستیاگ سەبارەت بە پیاوە گەورەکانی مادیان (یەکەمین کەسانی نێو مادەکان) بە بەزەیی بووە، و پاشماوەکانی پادشایانی دهیوپتی Dahypati یش هەر وا بووە.
ئاستیاگ لە سیاسەتی خۆیدا لە ئامۆژگاری و ئایینی موغەکان سوودی وەردەگرت، بەپێی وتەی هیرۆدۆت موغەکان لای ئەو ڕێزیان گیراوە و ئاستیاگ زۆر جار پرسوڕای پێ کردوون، ئەو ئامۆژگاریانە بەپێی وتەی (ئی، م، دیانکۆف) لەو سەردەمەدا هێشتا لەگەڵ نەریتی سەرەتایی بەناوی زراتوشترا ناودەبرا زۆر جیاواز نەبوون، زۆر جێگای سەرنجی خەڵکی بوون.
ئاستیاگ لەگەڵ بنەماڵەی زراتوشترا موغەکانی ئەو سەردەمە لەدەوری کۆبوونەوە و خزمایەتیان بووە، ئەوەمان لەیاد نەچێ بەرلەزەردەشت پاشاکان خێیان کاهن بوون، لەئەنجامدا قودرەت و دەسەڵات و ناویان لە پلەیەکی ئایینی دابوو، بەم جۆرە ئەو تاکە ئایینەی موغەکان نوێنەری بوون، هەرچەنێك بوو گەلێك بایەخی بە پادشایانی ماد هەبوو.
هەبژاردنی ئاسپیتام مۆردی ئامیتیدا کچی ئاستیاگ بە جێنشینی لەنێوان خەڵك و خاوەن کێلەکان کە لایەنگیری ئاستیاگ بوون، لەلایەك و گەورە پیاوان و سەرپێچیکارەکان لەلایەکی تر بەربەرەکانێ و ناکۆکی زۆری هێنا، بەتایبەت لەسەردەمی سەتەنەتی ئاستیاگ دا هیچ جۆرە شەڕێکی گەورە نەکراوە و هیچ شوێنێك داگیر نەکرا، لەئەنجامدا گەورە و کاربەدەستانی لەشکر بە کار و دەست بەتاڵ مانەوە و هیچ جۆرە تاڵانیەکیان لەم ڕێگایەوە دەست نەکەوت و بەرژەوەندیەکانیان

تەواو شکستی هێنا بوو، لەبەرئەوە بەتوندی بەرهەستی پادشا وەستان و کەوتنە گلەیی و گازەندە و جموجۆڵ لە دژی ئاستیاگ، هەرچەن بە لە کیشوەری ئاشووریشدا هەر بەم جۆرە بوو.
هیرۆدۆت خۆی دەڵێ: ئاستیاگ هارپاك ی کرد بە فەرماندەی لەشکری مادەکان، لەم ڕووەوە هیرۆدۆت وتەی دەست و پێوەندەکانی – هارپاك-ی نووسیوەتەوە، بەوتەی ئەو بەر لە شۆڕشی پارسەکان لەلایەن گەورەکانی مادەوە کۆبوونەوە و جموجۆڵ دەستی پێکرد، لە دژی سەلتەنەتی ئاستیاگ، کە هارپاك دەیمەزراند بوو، بەهۆی ئەوەی زۆر لە ئەستیاگ هەنجا بوو.
کۆشش یەکەمین کەسی خانەدانی هەخامەنشی، کە باوکی کۆشش کەمبۆجیەی یەکەم و باپیری ئەو کۆشی یەکەم لە زنجیرەی پاشایان بوون، کۆشش بەرلە نەخۆشی و مردنی باوکی ماوەیەك لە دەرباری ماد ژیاوە و بەشداری لەشکرکێشیەکانی مادەکانی کردووە، لەسەرەتای شەڕدا چەند ساڵ بووە، لەسەر سەلتەنەتی پارس یان جێنشینی کەمبۆجیەی دووەم بووە.
بەپێی وتەی کتسیاس کۆشش ئەو کاتەی لەدەرباری ئاستیاگ دابووە، لەلایەن ئەستیاگەوە بەنوێنەری چوو بوو بۆلای پێشەوای کادۆسیەکان، ئەمانە هەزکی گرنگی سەربەخۆ بوون، لە چیاکانی خواروووتری ڕووباری ئاراس، کۆشش (ئیبار)ی مەیتەری لەگەڵ خۆیدا برد، کە لەوەبەر وەکو کۆیلە دەستگیر کرابوو، ئیبار داخی زۆری بەرامبەر بەماد لە دڵ دابوو، لەبەرئەوە کۆشی هاندا بۆ ئەوەی دەسەڵات لەدەست مادەکان دەربێنێت و بکەوێتە دەست پارسەکان.

بەڵای زۆربەی مۆژوونووسان پێکهێنانی پێشەکی کارەکان دژی ئاستیاگ، کۆبوونەوە و جموجۆڵی چینەکانی ناوەوەی گەورەکانی ماد بەدەستی هارپاگ و لەلایەکی تریشەوە هاندانی هەزە جۆربەجۆرەکان بۆ ناو شۆڕشەکە بەهۆی ئیبارەوە بووە.
هەروەها بەوتەی کتسیاس ڕووداوەکانی دواتر بەم جۆرەیە، کۆشش لەسەر زەمینی کادۆسیەکان گەیەوە بۆ ئەکباتان، گوایە دوایی مەهتی لە ئەستیاگ وەرگرتووە بچێت بۆ لای باوکی لە پارس، لەمەدا موغەکانیش هاوکاریان کرد، ئیتر ئاستیاگ ئازی بوو سەردانی باوکی بکات، هیرۆدۆتیش لەم بارەیەوە نووسیویە: بەڵام لە ڕاستیدا کۆشش دەیویست ڕابەری شۆڕشگێڕەکان بگرێتە ئەستۆی خۆی، کە (ئاترادات) پێشەوای مەزن بەرپای کردبوو، لەم کاتەدا بەڵکەوت ژنێك پیلانەکەی دژییەوە و ئاستیاگ پێی زانی و دەستوبرد کەوتە خۆ لە دژی یاخی بووەکان لەشکری کێشا.
ئەو کاتە هارپاگ نووسراوێکی بۆ کۆش نارد، کە لەفارس نیشتەجێ

بوو، لەو نامەیەدا هارپاك کۆشی هاندا تا پارسیەکان بێنێتە شۆشەوە و بێتەسەر ئاستیاگ، لەم ڕووەوە بەڕێنی پێدا گەورە پیاوانی لەشکری ماد کە لەلایەن ئاستیاگەوە کراون بە فەرماندەی سوپا هەموویان لایەنگری ئەو دەکەن.
ئاستیاگ کە بەم خەبەرەکخستنە سوپایەی کۆشی زانی، ئەوی بانگ کرد بۆ لای خۆی، بەڵام کۆشش لەوەڵامدا شەڕ کردنی ڕاگەیاند، سەرچاوە بابلیەکان بەمجۆرە دەڵێن کەشەڕ لەنێوان کۆش و ئاستیاگ سێ ساڵ درێژەی کێشا، بەم هۆیەوە هیرۆدۆت کەتەنیا باسی دوو شەڕ و شکۆی دوایی مادەکان دەکات، لەڕاستی0دا بە ئاشکرا بگرە و بەردەوامی ڕووداوەکان بەکورتی باس دەکات، لەشەڕەکدا هارپاك فەرماندە بووە و لەشەڕێکی تردا ئاستیاگ خۆی. بەوتەی کتسیاس ئاستیاگ لەسەرەتادا کەلەگەڵ لەشکری کۆشدا کەوتە شەڕەوە شکاندنی، ئاترادات پێشەوای مەردەکان لەشەردا کوژرا، ئینجا ئاستیاگ کەوتە شوێن پارسەکان و لەسەر زەمینی پارس (پرسید) لەبەرامبەر گەردنەیەك کە لەبارەگای پادشایانی پارس واتا –پاسارگاد- کۆتایی پێ دێت، جارێکی تر شکاندنیەوە، چۆنێتی پارسەکان زۆر ناهەموار بوو، شکست یان بە ئاگزی شکا، کە ژنان لە حەساری قەڵاکان دەهاتنە دەرەوە و هانی شەڕکەرەکانیان دەدا، پرسیان ئایا دەتانەوێ ڕابکەنەوە ناو سکی دایکتان و ژنەکانتان بێننەوە.
ئەو شەڕە ئەوەندە بەڕاستی و گەرم بووە، کە مادەکان لەناکاو لەشکرەکانی خۆیان لە سنوورەکاندا ئاگادارکردەوە و ماوەیان بە نابونید پاشای بابل دا، تاکو لە ی ساڵی 552 پێش زایین شاری حەڕان کە هینی مادەکان بوو، لە ژوورووی (بین النهرێن) بیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی.
لە گەرمەی شەڕی کۆش لەگەڵ ئاستیاگدا، هارپاگ کە فەرماندەی لەشکری مادەکان بوو، لەگەڵ گەورە پیاوانی سوپا و سەرکردە لەشکرییەکاندا ئاستیاگی بەجێ هێشت و چوون بۆ لای کۆش و چوونە ناو ڕیزی لەشکرەکەیەوە.
لەوە بەدواوە هەواڵێك لە هیرۆدۆتەوە دەگێڕتەوە، گوایە ئاستیاگ لەشەڕەکدا دەستگیر کراوە کەلە دواییدا ڕووی داوە بەشێوەیەکی تر باس دەکات، چونکە بەر لە شەڕەکەی پاسارگاد باسی سێ شەڕی تر دەکات، پارسەکان تیایا سەرنەکەوتون، شەڕێك کە لەژێر دیواری حەساری قەڵای پاسارگاد ڕوویدا بوو، بە خاڵی گرینی چارەنووسی شەڕەکە، لەدوای ئەوە هێزەکانی سەر بە ماد، وەکو هیرکانیەکان و لە دواییدا پارتەکان ڕوویان کردە ناو پارسەکانەوە.
لەساڵی 550 پێش زایینی لەگەڵ خیانەتی هارپاگ و شەڕی سەروماڵی دەست پێدەکات و هیرکانیەکان و پارتەکان، ڕوویان کردە پارسەکان و

ئاستیاگ هەوڵی دا، تاکو پەلاماری پارسەکان ڕابووەستێ و دوایی ڕای کرد، بۆ ئەکباتانا و پارسەکان پایتەختی مادیان داگیرکرد.
دوای ئەوە کتسیاس بە ڕوونی باسی ڕووداوەکە ناگێڕێتەوە، هەروەکو وترا شەڕ دوور و درێژ بووە، سەرکەوتن هەر تاوەی بەدەست لایەکەوە بوو، هەروەکو کتسیاس باسی شەڕەکان دەگێڕێتەوە، هەی بنەڕەتی سەرکەوتنەکەی کۆش هەمان خیانەتی گەورە پیاوە سوپاییەکانی مادە، کە هارپاگ سەرکردەی هەموویان بوو، هیرۆدۆت باسی ئەوە دەکات، بەڵام کتسیاس لەم بارەیەیەوە بۆ دەنگە، لەوە دەچێ پارچە پارچە بوونی هێزەکانی سەر بە ماد ئەوانیشی بەو خیانەتە دابێتە قەڵەم، وەکو سەرنج دراوە لەناو نووسینەکانی کتسیاسدا شتی ڕاست هەیە، مێژووی بابلی و نابونید و کتسیاس و هیرۆدۆت دەتوانین کۆبکەینەوە و لەنێوان هەموویاندا وێنەیەکی ڕاستی ڕووداوەکە بخەینە ڕوو.
هەواڵەکانی هیرۆدۆت ڕاستە، چونکە مێژووی ڕووداوەکانی بابل لایەنگیری ئەم نووسینەی هیرۆدۆت دەکەن، مێژووی ناوبراو ئەو ڕووداوانە لە ساڵی 550ی پێش زایین دەگێڕێتەوە، واتا کۆتایی شەڕەکە باس دەکات، بەڵام دەبێ زانیارییەکانی کتسیاس لەبارەی قۆناغی سەرەتایی شەڕەکەوە بخرێتەسەر هەواڵەکانی هیرۆدۆت.
هیرۆدۆت لەبارەی دوا دەسەڵاتدارێتی ئاستیاگەوە بەم جۆرە دەڵێت: ئاستیاگ موغەکانی خنکاند – لەگەڵ ئەوەدا تا ئەو سەردەمە باشترین پەیوەندی لەگەڵیاندا بوو، چونکە ئامۆژگارییان کردبوو، کە ڕۆگای کۆش بدات بەوات، وەکو وتراوە بەشێك لە کاهینەکان – موغەکان لەگەڵ پارسە یاخیەکاندا پەیوەندییەکیان دروست کردبوو، لە ڕاستیدا دەبینین لە دوای ئەو ڕووداوانە موغەکانی دەرباری کۆش و کوەکەی کمبوجیەی دووەم گەلێك ڕێزیان لێگیراوە، سروشتی بیروباوەڕی ئایینی و چۆنێتی باری کۆمەڵایەتی کاهنەکان وا بووە، کەماوەی نەدەدا ئەوانە ماوەیەکی درێژ خاوەنی سوود و خێر و بێری گشت خەڵك بن.
کۆتایی سەڵتەنەتی ئاستیاگ
لە دواییدا کە پارسەکان ڕوو لە سەرکەوتن بوون، ئاستیاگ هەموو دانیشتوانی ئەکباتانای پێ چەك کرد و لە حەساری شار هاتنە دەرەوە، بەڵام دەرەقەتی پارسەکان نەهاتن و دیسانەوە شکان و ئاستیاگ بە دیل گیرا، گفتوگۆی هارپاگ لەگەڵ ئاستیاگ لەدوای گرتنی ئاستیاگ، هارپاك چووە لای خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەرامبەر بەگیرانی، ئاستیاگ بە هارپاك دەڵێت: تۆ وەزیری حکومەتی من بووی، کە بەرزترین دەسەڵاتە لە دوای پاشا ئەی لەوێ دەبی بەچی، هیرۆدۆت هارپاگ بەبۆ ئەقڵترین و بۆ وێژدان ترین کەس دادەنێ، پارسەکان ئەکباتانایان داگیرکرد و بەپێی مێژووی نابونید ئەکباتانایان تاڵان کرد و ژمارەیەك لە خەڵکەکانیان بە تاڵانی دەستگیرکرد و بردیانن.

به وتەی کتسیاس ئاستیاگ دەمودەس دوا بە دوای شکستەکەی بەدیل نەگیرا، بەڵکو یەکەم جار ڕای کرد بۆ ئەکباتانا و لەوێ خۆی شاردەوە، کۆشش دوای ئەوەی گەیشتە ئەکباتانا، فەرمانیدا ئامیتیدا کچی ئاستیاگ و مێردەکەی (ئاسپیتام) و کوڕەکانیان ئەسپیتاك و مهابران – ئازار بدەن، دوای ئەوە ئاستیاگ خۆیدا بەدەستەوە، تاکو ئەوانەی لە دەوروبەری ئەون ئازار نەدرێن.
ئاستیاگ لە کوشتن ڕزگاری بوو، (هردۆت و کتسیاس هەردووکیان باسی ئەمەیان کردووە و لەمڕووی ڕووداوەکانی بابل دا شتێك پێچەوانەی ئەم باسە نییە، بەوتەی کتسیاس بەناوی جێنشینی حاکمی هیرکانییەوە زۆر بەکۆزەوە نەردرا بۆ ئەو سەر زەمینە و دوورخرایەوە، بەڵام ئەوەندەی پێنەچوو خواجەیەك کە ناوی (پتساگ) بوو (ئیبار) هانیدابوو بە بیانوی دیدەنی کچەکەیەوە، بردی بۆ بیابانێك و لەوێ بەرەڵای کرد، تاکو بەسەرگەردانی لەبرساندا بمرێ. کتسیاس دەڵێ: دوای ئەوە ئامیتیدا چەرمەسەریەکی زۆری بۆ پتساگ نایەوە، ئیبار خۆی کوشت، لەگەڵ ئەوەدا کۆشش نەیدەویست سزای بدات.
لەم نووسینانەی سەرەوەدا بەتەواوی دەردەکەوێ، مادەکان بەدرێژایی ڕۆژگاری شەڕ بەهێزەوە ڕاوەستان و ئەگەر گەورەکانی ماد لەناوخۆی کیشوەرەکەدا دەستیان بە خیانەت نەکردایە، حکومەت نەدەکەوتە دەست پارسەکان.
سەرکەوتنی کۆشش بەسەر ئاستیاگ دا ئەو سەرکەوتنەی، کە بەهۆی گەورەکانی مادەوە دەستی کەوتبوو، دەستەبەری ئەوە بوو کە یاسای تازەی حکومەتی کۆشش بەڕاەت لەگەڵ مادەکاندا بگونجێ، بەم هۆیەوە لەگەڵ ئەوەدا کە ئەکباتانا تاڵان کرا و هەندێك لە مادەکان بەدیلی و بەتاڵانی دەستگیر کران و بران، بەڵام هەروەکو وتاتکی داگیرکراو و خەراج و باجیان خستنەسەر، لە وتەیەکی ئاستیاگ لەگەڵ هارپاگ کە هیرۆدۆت باسی کردووە، ئاستیاگ دەڵێ: هارپاگ مادەکانی بەیلی گەیاند، ئەگینا تا ئەو کاتەش مادەکان هەموو کارەکانیان بەدەستەوە بوو، تەنیا وەکو شتێکی ڕاەتی پارسەکان سەرکەوتوبوون، نوێنەرەکانی ئاسپارت خشاریاشایان بەپادشای مادەکان ناودەبرد، چەندان نموونەی تر لەم ڕووەوە هەیە، ئەوە دەزانین کە یۆنانییەکان شەڕەکانی نێوان یۆنان و پارسیان بەشەڕی یۆنانییەکان و مادەکان ناودەبرد، لەگەڵ ئەمەشدا بۆ ئەوەی ڕازی بکرێن گەورەکانی ماد زنجیرە دەسەڵاتێکی گونجاویان پێدرا، بۆ نموونە: کۆشش پادشایانی مادی نەگۆی و لەناوی نەبردن، بەڵکو خۆی کرد بەپادشای ماد و خۆی هەر بەناوی پێشووەوە ناونا پادشای پارس، تەنانەت لە زۆربەی نووسراوەکانی سەردەمی داریۆشی یەکەم، ماد و پارس لەڕووی کیشوەرەکانی تردا یەك بوون، لە نووسراوی نووسەرە یۆنانیەکاندا

هاتووه ماوەیەك لە دوای ئەوە و لەكاتی زنجیرەی ناوی پیاوە گەورەكانی ئیمپراتۆریەتی هەخامەنشی، ناوی نوێنەرەكانی ماد دەبینین، یۆنانیەكان و هێزەكانی ڕۆژهەڵات پادشای ئیمپراتۆریەتی هەخامەنشیان بەپاشای ماد ناودەبرد، لەگەڵ ئەوەدا كۆشش لە بابلدا پادشای مادی هێشتەوە و ساتراپێكی تیا دروست كرد و یەكەمین ساتراپی ماد ئویبار بوو.
بەوتەی كتسیاس كۆشش لەگەڵ كچی ئاستیاگ، كە ناوی ئامیتیدا بوو زەماوەندی كرد، ئەم هەواڵە لە گومان بەدەر نیە. لەواقیع دا ناوی ئامی تیدا بەپێی وتەی بروس لەناو بنەماڵەی مادەكاندا بەكارهێنراوە، لەدواییدا بۆ ناوی ژنە هەخامەنیشیەكان بەكارهاتووە، بەڵام پێشتر مێردەكەی ئامیتیدا (ئاسپیتام)ی كوشت، كە حەقداری تاج و تەخت و دوژمنی ئەو بوو. مەبەستی ئەوە بوو بۆ داواكاری خێی واتا حكومەتی (قانونی) بەسەر ئیمپراتۆری ئاستیاگ بكا بەبەگە.. لەنێوان مادەكان و پارسەكاندا – وەكو میسرییەكان نەریت وابوو، كچە زادە یان زاوا (مێردی كچ) ی پادشای پێشوو بەپێی یاسا حوكمی وڵات بكات.
ژمارەیەك لە گەورەكانی ماد چوونە لای كۆش، وەكو هارپاگ كە یەكێك بوو لەسەردارانی سوپای ماد، سێیەمین حاكمی كیشوەری لیدی بوو، هارپاگ یونیەی بۆ كۆش داگیركرد و حەزی نەدەكرد بگەڕێتەوە بۆ سەرزەمینی ماد، لەئاسیای بچووك جێگیر بوو، موڵك و زەوی و زارێكی زۆری خستە ژێر دەست خۆیەوە، لە لیكیە نووسراوێك بە زمانی لیكەیی و یۆنانی ماوەتەوە كە لەو نووسراوەیەدا یەكێك لە نەوەی ئەوە (؟) كتسیاس دەڵێ: كوڕەكانی ئامیتیدا كە لە ئاسپیتام یەكەم مێردەكەی ناویان ئاستیاگ و مهابرن – بوو، لەلایەن كۆشەوە كرا بە ساتراپ و براكەی كە (پارمیس) كوڕی ناشەرعی ئاستیاگ یان كوڕی دایكی ئامیتیدا لەمێردێكی تردەوە- یەكێك لەسەردارانی سوپایی پارس بووە، بەشێوەیەكی گشتی باسەكانی كتسیاس بەلای ماددا دادەتاشێ و ڕەقەبەری كۆش دەكات، لەنووسراوی بێستوندا داریۆشی یەكەم ناوی هەندێك لەسەردارانی پارس دەبات كەمادی بوون، تەنانەت تا سەردەمی خشاریاشا ناوی هەندێك لەگەورەكانی پیاوانی مادی بردووە، كە لە دەرباری ئیدارەی هەخامەنشیەكاندا پلە و پایەیەكی بەرزیان بەودەستەوە بوو، بەڵام بەشێوەیەكی گشتی تەنانەت گەورەكانی ماد لەبارەی داگیركردنی ئەو كیشوەرەوە لەلایەن پارسەكانەوە بۆ لایەن بوون، هەروەها لەسەردەمی داریوشی یەكەمدا گەلێك شۆڕش و پلە و پایەی گرنگیان بەدەستەوە بوو، بە تایبەتی نەوەی ئەو حەوت خانەدانەی كە لە كودەتاكەی داریوشدا بەشداریان كردووە، ژمارەیەكی كەم لە بنەماڵە و خانەدانەكانی ماد لەگەڵ گەورەكانی پارسدا تێكەڵ

بوون و زەربەی ئیشوکاری سادەیان گرتەدەست، یان لە ڕۆژگاری پێ لە ئاژاوە و سەرەتای سەتەنەتی داریوشی یەکەمدا (521- 522 پێش زایین و هەنگە لەسەردەمی خشاریاشا دیسان 484-486ی پێش زایینی دا لەناوچوون.
ئەمە بەسەرهات و مێژووی دوا پادشای ماد و سەتەنەتی ئاستیاگ بوو، بە ڕای زەربەی مێژوونووسانی ئەو سەردەمە، کە بە دیقەتەوە ڕووداوەکانیان تۆمار کردووە، ئایا کۆتایی سەتەنەتی ئاستیاگ، کوڕی لە کۆتایی زوحاك یا ئاژدەهاکی ماربەشان دەچێت، هیچ باسێك لە زۆمی ئاستیاگ و چەکوشەکەی کاوە و پەلاماڕە لە ناکاوەی فەرەیدون نیە، هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن، شەی هەخامەنشی لەگەڵ ماد، کۆش لەگەڵ ئاستیاگ لە ساڵی 553 تا 550 پێش زایین درێژەی کێشا و شەڕەوام بووە، لە شەیشدا هەرجارە لایەکیان سەردەکەوت، تا دواجار بەهۆی خیانەتی هارپاك و پیاوە گەورەکانی ماد پارسەکان توانیان بە تەواوی سەرکەون، بەداخەوە کورد تائێستاش ڕابردووی خۆی خۆشناوێت و بەرامبەر بە مێژوو و کەلتوور و سیاسەت و خانەدان و پیاوە گەورە و کەسایەتیە قارەمانەکانی ڕابردووی خۆی کەمتەرخەمە و زۆر بەسادەیی و بێباکانە دەست لە خاك و خەڵك و مێژووی خۆی هەڵدەگرێ بۆ دراوسێ و لایەنانی تر، پەروەردگارا … دەبێ دەکەی ئەو ڕۆژە بێت ئێمەی کوردیش بەدوای مێژووی دزراوی خۆماندا بگەڕێین و بیدۆزینەوە و وەری بگرینەوە.
ئەم بابەتە لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:
1- ئی. م. دیانۆکۆف، میدیا، وەرگێڕانی: بورهان قانع، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری- هەولێر، 2008.
2- حەبیبوڵڵای تابانی، هاونەتەوەیی کورد و ماد، وەرگێڕانی: جەلیل گادانی، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر، 2010.

هەسوێ بەسکەنی
2020-3-20

نا بە شێ و گرژیی ناوخۆ، بۆ بە یەکێیزیی نێتوویی و نیشتیمانیی .. ڕێبوار ڕەشید

لەم ڕۆژانەدا جیهان سەرقاڵی شڵەکردن دژ بە ڤایرۆسی کۆرۆنایە و ڕۆژانە بە ملۆن لە خڵکی هەژارانی جیهان گیرۆدەی بێ کاریی و بێ نانوئاویی و بژێوی دەبن و خڵکی کوردستان بە حوکمی دەندەیی سیستەمی داگیرکەریی لە سێ بەشی کوردستاندا گەورەترین قوربانیین. لە ڕاپۆرتێکی سەرتاسەریی ئێران لە مانگی یازدەی 2019دا لە ڕژهەڵاتی وڵات بە سەدان گیانبەختکردوومان هەبوو کە تا ئێستایش تەرمی زۆریان دەستنەکەوتوونەوە. بێکاریی و نەداریی و نەهامەتیی سروشتیی هاووڵاتیانیان لە ڕۆژهەڵات و باکوور کە لە جەرگانی خزمەتگوزاریی بێ بەش کردووە کە دەزخ. لە کاتی داگیرکردنی سۆری کانیبێوە تا ئێستا ئاوە چوارهەم جارە کە دەوڵەتی تورکیا ئاو لە ڕۆژئاوای کوردستان دەبڕێت.ئەم دەوڵەتە داگیرکەرە ڕۆژانە لە عەفرینەوە بە گردەسپیی و عەین عیسا و تەلتەمر لە حەسەکە بەمباران دەکات.

باشووری وڵات بە داخەوە خاوەنی بەرهەمی ناوخۆی پێویست نییە. مووچە لە کاتی خۆیدا نادرێت و خڵکی کاسبکار کە بژێوی ژیانیان ڕۆژانە پەیدا دەکەن لەو پەڕی تەنگەتاویی و دژواریی ئابووریی دان. لە دەخی وادا کە تەواوی خڵکی کوردستان دەستیان لە سەر دڵیانە، ئەرکی دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان ئاوێە کە سەرچاوەی گەیاندنی هێز و وزە و جێش و خرۆش و هەستیی بەخەباوەیی بن بە هەموو خڵکی کوردستان. لەبەرئاوە بردنی هێزی پێشمەرگە لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بۆ ناوجەی وەرتێ و زینە دەڕاوکێ و نیگەرانیی کوردستانیان زیاتر دەکات و هەر ئاوەندە نییە کە هەنگاوێکی ناپێویستە، بەڵکو تێکدەر و ڕووخێنەرە.

ئەم ساڵ کوردستانیان نەیانتووانی نەورۆز پیرۆز بکەن، نەیانتووانی یادی هەڵەبجە و ئەنفال و کیمیا و ڕاپەڕین بکەنەوە. سیاسەتی دروستی نیتشیمانیی ئاوێە کە قەرەبووی هەموو ئاو زیانێ بە خڵکی کوردستان بکەینەوە. پەیداکردنی فاکتەری گرژیی و نیگەرانیی پێچەوانەی هەست و کرداری قەرەبووەنەوەی ئاو زیانانن.

کوردستانیانی دەسەز دەزانن کە 30 ساڵێک لەمەوبەر خڵکێکی ڕاونراو

بە بریندارییی و بێکەس و بێدەر، دروست هەروەکوو کوردانی فەیلیی کە لە سەردەمی بەعسی فاشیستدا دووچار بوون، لە باکوورەوە هاتن بە باشوور. ئەو کوردانە چونکە خەڵکی دەسەز و کارکەر و زەحمەتکەش بوون هاتن لە ناوچەی مەخموور، لە دەشتێکی کاکیبێکایی و لە سەحرایەکی وشک و بریندا نیشتەجێ بوونەوە، بە دەستی خەیان و بە پلاستیک و نایلۆن و بلۆکی هەرزانبەها ئاوادانیکیان بە خەیان دروست کرد و لە شێوەی داعشدا بە خوێنی خەیان پاراستیان و بە ڕاستیی هەروەکوو گەرمیانی خواروو ئەمانیش سەنگەری پێشەوەی کوردستانن. ئەم ئاوادانییە ئاوەدانە بە "کامپی مەخموور" بە ناوبانگە.

ئەوانەی جوون بە ئەم کامپە و سەردانی ئەم کامپیان کردووە دەزانن کە ئەم کامپە هاوونەی هەموو گەڵەکێکی هەژار و نەداری سلەمانیی و هەولێر و دهۆک و شەنگال و سەقز و مەهاباد و کرماشان و ماردین و دیاربەکرە. شارچکەیەکە لە پلاستیک و بلۆک و ئێشتووماکی هەرزانبەها. خەڵکەکان هەمان خەڵکی گوند و شارۆکانی دیکەی کوردستانن. ئەم خەڵکە بە شێوەیەکی دەسەزانە هاوکاریی یەکتریان کردووە و باخچەی ساوایان و خوێندنگا و نەخۆشخانەی سەرتاییان بە خەیان ساز کردووە و تا ئێستا یەک قوان لە سەر هیچ کەسەک نەکەوتوون، و زیانیان نەک بە باشوور و تەواوی کوردستان نەبووە، بەڵکو بوون بە سەرچاوەی بەخەباوەیی و سەربەرزیی و شانازیی بە تەواوی کوردستان. هەر هەمان خەڵکی دەم بە پێکەنین بەڵام بریندار و چەوساوەن کە لە سلەمانی و هەولێر و دهۆک و بانە و بۆکان و کرماشان و ئیلام و هتد دەیان بینین. هەمان خەڵکی چەوساوە و زەرەرلێکەوتوو و بە پارەزن.

لەبەرئەوە ئابووقەدانان لە سەر ئەم شارچکە بریندارە ماندووە نەک هەر قازانجێک بە یەکیەتیی نەتەوەیی و نیشتیمانن ناگەیەنێت بەڵکو زەرەری گەورە لە هەستی هاوسەنگەریی و هاودەنگیی کوردستانیمان دەگەیەنێت. زەرەری ئاوا نابێت بە کەم ببیندرێت چونکە زەرەری گەورە بە یەکیەتیی نەتەوەیی و نیشتیمانیان دەگەیەنێت.

لەم هووانگەوە ئەرکی سەرشانی هەموو دەسەز و تێکۆشەرێکی کوردستانیی ئەوەیە کە داوا بکەین و کار بکەین بە ئەوەی بە ئابووقە لە سەر کامپی مەخموور لاببرێت و ئامانجێکی کوردستانییان بە بکرێتەوە، کە ئاوەدانێک لە کامپنیشینیانی ئەزیدیی بدینەوە کە ئەوە شەش ساڵە بە گەورە و بچووکەوە لە برسیەتیی و هەژاریی و بە خوێندن و بە چاودێریی ژیان بە سەر دەبەن، کە داوا بکەین هەزی پێشمەرگە لە وەرتە و زینە بەبڕن بە ناوچە سنووریەکان و

هووبەووی ئێران و تورکیا تا لە شوێنی دروست جێی خۆیان بگرن، کە چالاکوان و بژنامەوانی سیاسیی و دیموکراسیی ناوخۆ لە زیندانی ناوخۆدا نەبن چون بریتی ناتەبایی و ناکۆکیی ناوخۆ ناسەرتر دەکات، کە سەربەرزیی و شانازیی عەدنان بشیدیی بە هی خۆمان بزانین، کە خاوەن لە گیراوانی کورد لە زیندانەکانی ئێران و تورکیا دەرکەوین، کە خاوەن لە قوربانیانی کارەساتی سرووشتیی کوردستان دەربکەوین کە هەر ئێستا لە سەرپێلی زەماوەندییەکانیین و کە بە دڵنیاییەوە لە شاماوی بارانبارینی ئێم بەهارەدا لە تەواوی کوردستان هوو دەدەن.
با وەبیرخۆمان بهێنینەوە کە هەژاران و نەدارانی کوردستان ئێستا هەروەها بەڵای ڤایرەسی کرۆنایشیان هووبەوو بووتەوە و لەبەرئەوە هەموو جۆرە بەجێش و خرۆشکردنێکی مرۆڤی کورد بە هەستی خوشکوبرایەتیی، هاوواتیی و هاوئایینداریی دەبێت بە مایەی بەهێزکردنەکی سەنگەری کوردستان.
ئەو دەخۆ پایە و پێگەی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و ئەوانی دیکە لاواز ناکات، بەڵکو بەهێزتری دەکات.
ئێستا کە نەمانتووانی نەورۆز لە کاتی خۆیدا لە باشوورێک پیرۆز بکەین کە ئاستەوخۆ لە ژێر دەستی داگیرکەردا نییە دەتوانین پاش بزاندنی ڤایرەسی کرۆنا بژێک بە پیرۆزکردنی نەورۆز تەرخان بکەین. ئەو بژێ دەتوانێت هەر بژێک بێت لە مانگی چوار یان پێنج یان کاتێکی دیکەدا بێت. ئەو بژێ نەورۆزی هەموو کوردستان دەبێت، چون بە دڵنیاییەوە کوردی هەموو شوێنێک لە پیرۆزاگرتنی بژێکی وادا خۆیان بە هاوبەش دەزانن. با ئەو نەورۆز نەورۆزی لە ئامێزگرتنی هەموو مرۆخمووری و شەنگال و ئێزیدیی و فەیلیی و یارسان و کاکەیی و هەورامانیی و گەرمیانیی و بەهدینانیی و هتد و هتد بێت. با نەورۆزی ئاشتەواییی گشتیی و بەهێزکردنی هەستی نەتەوەیی و نیشتیمانییمان بێت.
ئەمە خەیاڵ نییە، بەڵکو داوایەکی سیاسیی و ئەرکێکی سیاسییە کە پێکەوە دەتوانین لە پراکتیکدا ئەنجامی بدەین. خەڵکی چەوساوەی کوردستان شایستەی خزمەت و کامەرانیی و خۆشگوزەرانیی و پشکەوتنن.
هەموو کوردستانێکی ئازادیخواز دەزانن کە ئێران و تورکیا وەکوو دوو داگیرکەر بژبەژ دژ بە خەڵکی کوردستان خراپتر و توندوتیژتر و سەرکوتگەرتر دەبن. دژایەتیی ئەوان بە هاوسەنگەرییەکی بەرفراوان دەکرێت. سیستەمی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیان بەرەو داماڵان دەچێت و هوو بە خەڵکی خۆیان و جیهان بە نرخ و بە بەها و دەستەوستان ماون. لە دوا ساتەکانی مەرگیاندا لە هەڵپەدان قازانجی ژیان و زیندووبوونەوە لە ناکۆکیی و ناتەبایی ناوخۆی کورد

بکەن.
باشوور دوورگەیەکی دابڕاو لە کوردستانی گەورە نییە و نابێت بهەمین لە سەر بناخەی ئەو جۆرە تێگەیشتنە سیاسەت بکرێت. بە دڵنیاییەوە ئێران و تورکیاش باشوور وەکوو پارچە خاکێکی بڕاوە و دابڕاو لە کوردستانی گەورە نابین، بەڵکو دەیانەوێت بیکەن بە بەشێک لە سیستەم و نەزمی داگیرکەریی خۆیان و لە پراکتیکدا دژ بە تەواوی کوردستان بە باشوور خزمەت بکەن.
گرووی ئازادیخوازیی ئەمە لەبیردایە، کە دەبێت هەموومان تیایدا بەشدار بین و ببینەوە!

بەیوار شەهید
2020/3/29

کرێناو بارودۆخی سیاسی ئەمڕۆی ئێران حەمید تەقوایی

لەکەمپەینگ و بارودۆخی سیاسی ئێراندا هەموو شتێک کەوتوەتە ژێر تیشکی پەتایی کرێناوەوتی پڕبڵاوبوونەوەزایەتیانەی کەلە نۆڤەمبەردا(آبان ماە) دەستی پێکردبوو،لە هەڵبوونەوەی کرێنادا وەستاوە لەگەڵ بەهابوونەوەی قایرەسی کرێنادا لەڕووی شەوازەوە خەبات وخەپیشان و کەبوونەوەی ناڕەزایەتی بەکردەوە بوونە شتێکی ئاستەمە وەلە ناوەڕۆکیشدا پارێزگاتی خەپاریزی سایەی بەسەر هەموو شتێکدا کێشاوە.
لە یەکەم نیگادا وادێتە پێش چاو قەیرانی کرێنا ئەو بزوتنەوە پڕبڵاوبوونەوەی کەبەکردەوە ئەیتوانی لە هەشتی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان وەیان لە خەباتی هەموو ساڵەی کرێکاران بە زیاد بونی کرێ و تەناەت بەبیانوی چوارشەمەی سوورو مەراسیم وهاتنی جژنەکانی تردا هەیان بوو وەستاندوو کەمپەینگێکی ناڕازی وەاپۆیوی بەترس و دڵەاوکێ و هەوەدان بە مانەوە ی خۆی داپۆشیوو داتپاندوو.بەڵام ئەمە تەنها ڕواڵەتی مەسەلەکانە.بەاو بونەوەی کرێنا تەنها لەترس و نیگەرانی وهەوەدانی قابیلی تێگەشتن وتەواو ڕواڵەتی خەڵک بە پارێزگاری لە گیانی خەیان نەبوو.پڕبڵاوبونی تووڕەیی ونەفرەتی جەماوەری خەڵک لە

ژیم وە پشت بەستن بە هێزی خەیان لە ناوبردنو بونەوەی ئەم کارەساتە دیوکی تری دراوی قەیرانی کرنایە. هەکارکی گرنگی ترس ودڵەراوکێی کەمکردنگە لە ناوبردنو بونەوەی کرنادا. هەبونی حکومەتکە کەنک تەنها هەنگاوک بە پارێزگاری لەژیانی هاوڵاتیان نانێت بەڵکو هەکاری سەرکی بەاوبونەوەی قایرەسی کرنایە. لەقوڵایی بێزاری ونیگەرانی خەڵکدا تووڕەی و بێزاری لە هەموو تاوانباران شاردراوەتەوە.

هەموان دێزانن کە بەردەوامی گەشتە ئاسمانیەکان بە جین، شاردنەوەی مودای کارەساتەکەو درێ وتن بەخەڵک، خەپارێزی لە قەرەنتینەکردنی شاری قوم و هەموو ناوندەکانی پەرەگرتو بنەخەشیەک، هەڵەشەو دەستگیرکردنی هەموو ئەو دوکتەرو پەرستارانەی کە ڕاستیەکانیان بە خەڵک باس دەکرد و هیتر وهیتر لەنەو هەواڵکانی حکومەتکدایە کە کارەساتی ئیستای خولقاندوە. ژیم مەسەلەی کرنای گەیوە بە بابەتکی سیاسی-ئاسایشی وبە پارێزگاری لە ژیم ودەسەڵات چوسنارەکەی سودی لەوەردەگرێت.

لەلایەکی ترەوە ئەبەت قەیرانی کرنا لە متن و بەردەوامی بزوتنەوەی سەرنگونی خوازیەکی پەرەگرتو کە بە تایبەت لەم لەم پێنج مانگەی دواییدا پەڕەی سەندبوو بەیاری لەسەربدیت و تاوتوێ بکەیت. لەم ڕوانگەیشەوە قەیرانی کرنا لە ئێران لەگەڵ وڵاتکانی تری وەک، چاینەو ئیتالیادا. بەتەواوەتی جیاوازە. کارەساتیکرنا لەدرێژەی ئەو کارەساتانەی تردا کەلە پینج مانگی ڕابردودا ڕوئەدات کە پەیوندی نەوان حکومەت وخەڵکی بەتەواوەتی گەیوە. تەقەکردن لە خەڵکی ناڕازی لەمانگی ئۆکتوبەرو تەقەکردن لە فڕۆکەی نەفرەتگر، ئەمەش بە دەستەژی تەقەی قایرەسی کرنە بە کەمەگە تاوانکانی حکومەت پەرەسندنکی تازەی بەخەیوەگرتوە. کارەساتی کرناش وەک کارەساتکانی پیشوو دروستکراوی کەماری ئیسلامیە. کارەساتک کەلەلایکیەوە حکومەتکی تاوانکارو درێزن وسەرتاپا گندەڵ وستاوە وەلەلاکەی ترەوە گەمەگەیکی بەگیان هاتوو کە دیوەت لە شێوەی حکومەت ڕزگاری بەت. پەتایی کرنا شێوەی ئەم ڕوبەرو بونەی گریوە بەنام ئەم قوتبی بونەوەی نیوان کەمەگەو حکومەتی گیاندوەتە ئاستکی تۆندرو ئاشتی هەنگرتر و پەرەسەندوتری کردوە.

ڕاپەینی ئۆکتۆبەر ئەم ڕاستیەی زەر ڕاشکاو وئاشکرا لە بەردەم چاوی هەموان دانا کە حکومەتی ئیسلامی هیچ پەیمان وبەرپرسیارەتیەک، تەنانەت بە قسەو بەڵێنەتی، لەبەرامبەر کەمەگەو ژیانی خەڵکدا نیە. هەموو بە ڕوشنی بینیان کە میحوەری سیاسەتکان وکردەوەکانی حکومەت وە تەنانەت ئامانجی ڕاگەینراویان هەشتنەوەی خەیان لەدەسەڵاتدایەو بەس. تەقەکردن بەئامانجی کوشتنی خەڵکەک کە

ناڕازایەتیان بە سەقات زیادبونی نرخی بەنزین لە شەوێکدا هەبووە ،وە بەشوینیدا شەپۆلی پرسەگەلانی سەرکردە تاوانبارکەیان کە بەمردنی هەشتا کەس لەژێر دەست وقاچی تاقمێکرگیراوکانیاندا تەواوبوو.وە پاشان بەتایبەت تەقەکردنی بەئینقەست لە فەرهەنگر،هەموی نیشان دەری ئەو ڕاستیە بون،کە حکومەت خەڵک وەک دوژمنی ژمارەکەی سەیردەکات، بە مانەوەی خۆی لەدەسەڵات شەڵ دەکات،وەلەم شەڵدە دەست لە هیچ تاوانێک ناپارێزێت.خەڵکیش کەماری ئیسلامی نەک وەک دەوڵەت وحکومەتێک بەڵکو وەک دوژمنی خۆی دەناسێت.قەیرانی کرنا ئەم ڕاستیە بنەڕەتیەی جاریکی تر بەڕوشن ترین شێوە تەئکید کردوە کەلە کەمەگەی ئەراندا شەڕێک لە پەناو مانەوەدا لەئارادایە شەڕی مانەوەی ژیان وئینسانیەت،لەبەرامبەر شەڕی مانەوەی حکومەتێکی تاوانکارو گەندەڵ لەئارادایە.جارێکی تر ئەو ڕاستیە بەرجەستە بویەوە کە ژەم بە مانەوەی خۆی لەدەسەڵاتدا کارەسات دوای کارەسات دەخولقێنێت..جیاوازی ئەم دواین کارەساتە لەگەڵ ئەوانەی پێشودا ئەوەیە کە ژەم ئەمجارە قایرەسی نەخشیەکی کوشندەی لەگەڵدایە.

حکومەت بە نەخشی کرناش،وەک ناڕازایەتی ڕەوایی خەڵک لەدژی گرانی بەنزین،ناڕازایەتی بە تەقەکردن لە فەڵەکە کەو مەراسیمی ڕێزگرتن لەگیان بەختکردوکانیان،وەکو بابەتێکی سیاسی-ئەمنی مامەڵەکرد.بابەتێک کە "دوژمانان" هێناویانەتە کایەوە هەتا لەهەموو"ژەمەکە"مان بدەن،قسەی سەرانی دەسەڵات،لە خامنەییەوە هەتا ڕوحانی و تا ئاخوندە بچوک وگەورەکانی تر لەبارەی ڕاست نەبونی ئەم "نەخشیە وهەمیە"هەوەی دوژمانە لەدژی ژەم و"پیلانی ترامپە لەدژی شاری پیرەزی قوم"ئەیسوەننن.نیگەرانی هەموو شتەکن ژیانی خەڵک،مەلغەمیەکیان لەدرەو خورافات وپەسی وگەوجی وبە شەرمی ئیسلامیەیان داوەتە کەمەگە وە کاتێک کە ئیتر ناکرێت نکۆی لە کارساتەکە بکەیت،ئاماری کەسانێک کە بەهاوکاری قایرەسی کرنا کوشتبویان،هەروەکو کوشتاری نۆقمبەر ،بەلەدەدا یەک زیاتر کەمیان کردبویەوە،تا بەڵکو مەودای تاوانکانیانی پێبشارنەوە،کرنە بەمەسەلەی بەنزین وموشەک نان بە فەڵەکەو نمایشی هەبژاردن وهیتر جیاوازن،بەڵام حکومەتی ئیسلامی هەر هەمان حکومەتە،دەسەاتێک کە دەکوژێت بە ئەوەی بمەنێتەوە.قایرەسی کرنا لە ئێران حکومەتی ئیسلامی لەپاڵ خۆیدا بینیەوە،لەبەرامبەریشدا خەڵکی ئێران بەخەڵرای لەوە تێگەیشتن کە ئەبەت هاوکات لەگەڵ هەردوو قایرەسی کرنا وقایرەسی حکومەتی ئیسلامیدا بجەنگن.ئەمەش گەمەگەی پاش درەکان،وشەک بونی لەسەرەتادا بەخۆیدا هاتوەتەوە.گەیاندنی هەواڵ بەشێوەیەکی فراوان بەتایبەت لەلایەن پزیشکان وپەرستاران

وکارمەندە شەریفەکانی تری نەخشانکانەوە دەستی پیکردوە.گروپە خەیاریەکان وگروپەکانی هاوکاری لە هەموو جگایەک بە هوبەونەوەی کرنا لە پکهاتندان .هەسوەاوانی سیاسی وئیرانیەکانی دانیشتوی دەرەوەی وەاتیش بەهانای خەکی ئرانەوە چون.خەکی ەاگرتنی دەوامی زانکو قوتابخانکانیان بەسر ژمدا سپاندوە،دەست لەکار کشانەوەو لەکارخستنی ناونەدکانی بەرهەمهنانیش دەستی پکردوە.

ئەمن بارودۆخەکە تایبەتە،سەرچاوەو ئیمکاناتی پزیشکی پێویستمان نیە، نەخۆشخانەو پزیشک وپەرستاری پێوستمان نیە.دەمامک ودەستکێش وجیهازی هەناسەدان (جیهازی تنفس)ی دەستکردی کەممان هەیە وهیتر وهیتر.بەڵام نامن کە چەندین ساڵە لە بودجەی خزمەتگوزاریە گشتیەکانیان بردوەو کردویانەتە بودجەی سەربازیەوە،هەموو ساڵێک لە بودجەو بیمە کۆمەاڵیەتی وتەندوستی ودەرمانیەکانیان کەمکردوەتەوە،ودەوڵەمەندەکانیان لە باج بەخشیوە،سەک هەڵگوشینی ئابوری وهەژاری وفڵاکەتیان گشتگیر کردوە،هەموشتەکیان سپاردوە بەبازاڕی ئازادو یاسا ئاتونیەکانی قازانج هەنانی هەرچی زیاتر.تەندروستی ودەرمانیشیان کردوەتە کااو ئێستا هاوار دەکەن کە ئامادەنین!پارێزگاری ولایەتی نیەرک دوەنە ڕاگەیاند کە بەاڵی زەروە تا دوهەفتەی تر ئیمکاناتیان سەرچاوەی پزیشکی یان کەتایی دێت وە گەر چارەسەری دەست وبرد نەبێت ناچارن وەک ئیتاڵیا لەنەوان نەخۆشکاندا هەڵبژاردن بکەن،ژمارەیەکی دیاریکراو چارەسەر بکەن وئەوانی تر بەمەرگ بسپێرن.لە وەایەتە یەکگرتوەکان،لەدەوڵەمەندترین وگەورەترین ئابوری جیهان،تەنانەت دەمامک ودەستکێش و جل وبەرگی وپێویستیەکانی نەشتەرگەری زۆر کەم بوەتەوە.ئەمن ئەم بارودۆخە پێش بینی کراو نەبوو وە غافڵگیر بوین.بەڵام باڵوە گەڕین کە لەم چەند دەیەی ڕابردودا پەتایی نەخۆشی هەروەها ئایدزو سارس وئیبەاڵ بە ئەندازەی پێویست زەنگی مەترسیان لەداوەو جێگایەکی بە غافڵگیر بون نەهێشتبوەوە، پرسیارەکە ئەویە کە بۆچی سەرباری گۆشەی سەرسوهێنەری تەکنەاجیا لەشەشی ئەلکترۆنی،شەشی پێشەسازی چوارهەم،تەنانەت دەوڵەمەندترین وەاتی دونیا بودجەو ئیمکاناتی پێویستی نیە بە بارودۆخی لەناکاو؟هەزاران ملیار دەاڕ دەکاتەپرۆژە ئەتەمیەکان وغەیر ئەتەمیەکانیان بە بارودۆخی جەنگیان کە لەوانەیە ڕوبدات،بەڵام کە دەگاتە سەڕەی سەاڵمەتی هاوەاتیان ئیمکاناتی تەواویان نیە!تەکنەاجیای شەڕو بنەکەکان وبارگا وکادرە سەربازیەکان نیان سەردەبنە ئاسمان،بەڵام لەکەینەوەی پزیشکی ونەخۆشخانەکان وژمارەی پزیشکەکان وپەرستارەکان هەموو ساڵێک سنوردارتر و کەمتر ولاوازتر دەبنەوە.
جیهانی سەرمایەداری پێش قەیرانی کرناش قەیرانی پزیشکی هەبوو،لەگەڵ کۆشەی کەم بونی پزیشک وخەستەخانە ودەرماندا

بڕڕەوبوون، بەاو بوونەوەی قایرەسی کرۆنا تەنها کێشەکەی بڕجەستەترو خراترکرد.ئایا نابێت لە جێگای کۆپانیاکانی بڕەهمهێنانی چەک و مەخزەنکانی هێگرتنی چەک وبنکەکان وبارگا سەربازیەکان وتەنانەت لە پەنای ئەوانەدا، نەخشخانەکان بڕو پێبدات وپێویستی پزیشکی ودەرمانی تایبەت بە بارودۆخی کوتوپڕی وەک ئەمڕۆ پاشکەوت بکرێت،؟ئایا بە نمونە لەئەمریکا خەرجی کەمەک لەوزیاتر لەودوو هەزار ملیار دۆلارەی بە هەرش کردنە سەر عێراق خەرجکرا، بەس نەبوو بە ئەوەی کە قایرەسی کرۆنا نەبێتە قەیران؟
نەک تەنها بە ئەمریکا بگرە بە هەموو دەوڵەتەکان ئەو کێشانەی کۆناوی دەبەن بە "ئاسایشی نەتەوەیی"،وە لە ڕاستیدا مانای واقیعیەکەی شتێک نیەجگەلە پاراستنی هێزو دەسەڵاتی چینی سەرمایەدار،لەپیش هەموو شتێکەوەیە. تەندروستی ودەرمان وپڕوردەو خۆشگوزەرانی کەمایەتی ولە وشەیەکدا پێویستیەکانی جەماوەری خەڵک لەژێر ڕۆناکی پیویستیەکانی قازانج هێنانی سەرمایەکان وبەرژەوەندی وپێداویستیە چینایەتیەکانی لەسەدا یەکە دەسەڵاتدارەکاندا دائینرێت.ئەزمەی کرۆنا بەڵایەکی سروشتی نیە، بگرە بەڵایەکی چینایەتیە.
لەم نەوەدا کەماری ئیسلامی بارودۆخێکی بۆتەواوەتی جیاوازی هەیە.لەئێراندا بەرژەوەندیەکانی چینی سەرمایەدار پێویستی بە چەوسانەوەی تونەد،بەمافی فراوانی چینی کرێکار وجەماوەری خەڵک،دەسەڵاتی دیکتاتۆری ئاشکراو تونەدوتیژی سەرکوتگەرئەم دیکتاتۆریەتە لەم چل ساڵەی دوایدا،لەگەڵ حکومەتێکی ئیسلامی ئۆپۆزسیۆنی کۆنەپەرست،تاوانبارو هەتا سەر مۆخی ئیسک گرندە نوێنەرایەتی دەکرێت.جیاوازی جمهوری ئیسلامی لەگەڵ دەوڵەتکانی تردا،تەنانەت لەگەڵ وهابانی دراوسێشیدا، لەئەوەدایە کەچەندین ساڵ لەبەرامبەر هیرش وخوباتی خەڵکەکدا کە چەندین جار بەدەنگی بەرز ڕایان گەیاندوە"بەوخە کەماری ئیسلامی "لەگەڵ ئەزمەیکی هەمەلایەنەدا دەستوئیخەیە.ئەو حکومەتە بە مانەوەی خۆی لەبەرامبەر شۆپڕشی ناڕازایەتی خەڵکیدا دەجەنگێت،وە ئیستراتیجی و ئامانج و ناوەرۆکی سیاسەتەکانی شتێکی تر نیە جگەلەمە.ئەم حکومەتە نەک تەنها هەتا لە قسەشدا بەرپرسیاریەتی وبڕیارنامەی نیە لەبەرامبەر کەمگەدا بگرە بەفەرمی وبەئاشکرا خەڵک بەدوژمن ناودەبات وناوەرۆک وئامانجی هەر سیاسەت وهەڵوێست وهەنگاوێکی جگەلە وبڕیارنەوە لەگەڵ ئەودوژمنەدا شتێکی ترنیە.ئیستراتیجی کەماری ئیسلامی دەتوانیت لە دوو وشەدا کورت بکرێتەوە: بکوژو بمێنەرەوە.
بەرێککەوتنی کەماری ئیسلامی لەگەڵ قەیرانی کرۆناش لەهەمان ڕاستادایە.کەماری ئیسلامی تەنها دەوڵەتێکە کەلەدونیاکەنەک ئاماری

نەخۆشەکان و قوربانیەکانی کرنا ئاناگەیەنیت، بەکو ئەوپزیشک وخەبەکە شریفەش کە ئاستیەکان دەزانن، بەتاوانی هەرش بەسەر ئاسایشی وەلات دەکەونە ژێر چاودێری. تەنها دەوڵەتەکە کە کەمەک وهاوکاریە وەرگیراوەکان بۆ ئەوبۆنەوەی کرنا ئەوانەی بازاڕی ڕەش دەکات وەیا دەیخاتە حسابی هەزە تیرۆریستەکان لە لوبنان وعێراق، وە تەنها دەوڵەتەکە کە بەاوبۆنەوەی قایرەسی کرنا بۆ هەرشی بایۆلۆجی بەسەر پایەکانی ئیسلام ناودەبات وبۆ ئەوبۆنەوەی ڕێگا بەدوعاکردن ئەدات. خەڵکی ئێران بۆ ئەوبۆنەوە لێگەڕێ کرنا ئەبەت لێگەڕێ ئینسانکوژە دەسەڵاتدارەکانیشدا ئەوبۆنەوە.. وهەر ئێستا ئەم ئەوبۆنەوەیە دەستی پێکردوە.

بگەینەوە بەسەرتایی باسەکە. پرسیارەکە ئەوەبووکە بۆچی بۆ پارێزگاری لەکەمەڵگە ئەبەت کەمەڵگە دابخرێت؟ ئەم ناکۆکیە لەکوێوە هاتوە؟ ئێستا ئەبەت وەڵامی ئەو ناکۆکیە ڕون بێت. بۆ ئەوبۆنەوە لێگەڕێ ئێزمەی کرناو ئێزمەو کارەساتی سروشتی تری لەم شێوەیە، ئەوەنەک کەمەڵگەی ئینسانی، بەکو ئەوە کەمەڵگەی چینایەتیەکە لەناودەبرێت. لە سیستەمێکداکەلێگەڕێ ئێزمەیەک کە جۆگەی پێشبینیە کەکەنترۆل دەکرێت غافڵگیردەبێت، جگەلەماڵوێرانیشاندن و لەکارخستنی کەمەڵگەو چالاکیە کەمەڵایەتیەکان چارەیەکی تریان نیە. ئەوبارودۆخەئەم دروستبوە ئەوە تەنها ڕۆگەی مانەوەیەلەبەرامبەر تارمایی مەرگەکە کە بەسەر دونیاوە لەهاتوچۆدایە. ئەمە تەنها ڕۆگەی ڕەوبۆنەوەیە لێگەڕێ نەخۆشی کوشندەی کرنا لەبارودۆخی ئێستای دونیادا. بەڵام ئەم بارودۆخەلەبناغەوە و لەبنەمادا دەتوانرا شتێکیتر بێت. مرۆڤایەتی گرفتار لە نیزامی سەرمایە دەیتوانی لە کەمەڵگەیەکدا بژیت کە میحوەرو بنەما وفەلسەفەو ئیستراتیجی سیاسی وئابوریەکەی دابینکەری پێویستی هەموو ئینسانەکان بێت. کەمەڵگەیەکی ئاوەها هەرگیز بەبەاوبۆنەوەی قایرەسێک توشی قەیران نابێت، هەتا ناچار بێت بۆ مانەوەی خۆی پەنابەرێت بۆ خەڵوەتی ماڵەکان.

قەیرانی کرنا قەیرانی ئابوری سیاسی کەمەڵایەتی بۆ پلە قوتر بەشوێنخەیدا ئەهێنێت. ئەوقەیرانانەی کە نێک تەنها نیزامی ئابوری بەکو بیرکردنەوەو باوەڕو فەلسەفەی سیاسی ومەنتیق و دونیا بینی جیهانی سەرمایەداری بەقوڵی لەژێر پرسیاردانابوو. هەربۆشۆی کەلەقەیرانی ئابوری ٢٠٠٨تەنانەت ئاگیاندنەکانی بۆرژوازی دانیان پێدانا کە حەق لای مارکس بوو، لەماوەی قەیرانی ئێستاشدا جارێکیتر بیروباوەڕی گشتی جیهان سەرنجیان چۆ لای مارکس وسۆسیالیزمی جۆری مارکس. جارێکی تر ئاشکرا بوو کە تەنها نیزامێکی سۆسیالیستی. نیزامێک کەلەسەر بنەمای دابینکردنی پێویستیەکانی

هەموو هاوڵاتیان یەکبخرێت، دەتوانێت ئەو جۆرە قەیرانانە بە هەمیشە چارەسەر بکات. ئەبێت هەوەبدەی وەئومێدەواربیت کە لە دونیای دوای کرۆنا سۆسیالیزمی مارکس، سۆسیالیزمیک کە بنەماکەی ئینسان وئینسانیەت، سەربەرزکاتەوە ببێتە بزوتنەوەیەکی کاریگەر.
تائەوجێگەی پەیوەندی بە کەمالگەی ئێرانەوە دەبێت، نابێت لەبیری کەی کەلەوانگەی خەبات وناڕازایەتیجەماوەریکانیشەوە کەمەگەر لەژێر دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامیدا بارودۆخێکی تایبەتی هەیە. قەیرانی کرۆنا لە ئێران لە ناو ودەی ئاپێنەی جەماوەریدا بە هێنانەخوارەوەی حکومەتی جەلادانی دەسەڵات پێکهات. بزوتنەوەی سەرگونی خوازانێیک کەلە قەیرانی کرۆنادا دوبارەو بەهێزتر وپڕگرتوتر لە هەمیشە سەری بەرزدەکاتەوە و هەتا ئەوخاندنی حکومەتی تاوان وبە ئابڕویی وژێروژورکردنی نیزامی دژی ئینسانی سەرمایەداری لە ئێران بەرەوپێشەوە دەچێت. شۆڕشی سەرکەوتو لەئێران دەتوانێت سەرەتای دەستپێکی لەبەریەک هەڵوەشانی نیزامی سەرمایەداری بێت لەسەرتاسەری دونیادا.

٢٠٢٠\٣\٢٠

وەرگێڕانی کاوە عومەر
٢٠٢٠\٣\٢٣

وشەسازیی (وەبەرهێنانی زمانەوانیی لە کۆرۆنادا) … ئارام قادر سابیر

چلگیر، چلگیریی، چلە نشینی و چلگە. لەبەرئەوەی وشەی کەرەنتین یان کوارەنتین، لە بنەڕەتدا سێ واتا و دەخی لە خۆیدا هەڵگرتووە کە وەک سێ هەگبەز بوونیان هەیە،گ. یەکەم: لە هووی زەمانەوە چل هەڤ دەخایەنێت کە لە کەنەوە ژمارە چل پۆلەبار و حسابا تێکی لە زەر بابەتی سروشتی و مرۆیدا هەبووە، ئاماژەی وەرزەکان، ئاژەڵ و پەلەوەر و هووک، منداڵبوون و مەرگ، ئەفسانەکان، ئایینی، هتاد … دووەم: لە هووی دەخەوە کەنارگیری و دابڕینەوە. ئەو شوێنەش کە

کەنارگیرییەکەی تێدا دەکرێت، دەشێ بە (چلگێ) ناوزەد بکرێ. سێیەم: بە مەرەف و تێندروستییە. دەشێ لە جەرکانی دیکە چل و چلە جیا بکرێتەوە.

کەواتە لە زمانی کوردیشدا دەبە وشەکە لەباری مانا و تێگەیشتنەوە توانستی بەرامبەری لەگەڵ کوارەنتین هەبەت. بە نمونە لە وشەی (هاوەر) هیچ کام لەو هەڵگەزانە نین، چونکە بە جیاکردنەوەی ئاژەڵ (مەڕوماڵات) لە کاتی زان و دەشین و ...هتاد. لەبەرئەوە، بەوام وایە وشەی (چلگیر) یان (چلگیریی) و (چلەنشینی) دەشێ واتا بدات و لەسەر زاریش هەوان و خەشگەیە. کە واتای چل هەژ کەنارگیریی و گۆشەگیریی و خەدابەین دەدات بە مەبەستی تێندروستی مەرەف، چل هەژ + کەنارگیریی و گیرسانەوە لە جێیەک، هەروەها بە شوێنی کەنارگیرییەکە بگوترێت (چلگە).
پێشتریش لە چل گەردان و مشتەقاتی ترمان هەبوو: چلە، چلچرا، چلچلە، چلەی ماتەمینی، چلەی چوار وەرزی ساڵ، چلەی منابووون، شەوی چلە/یەلدا، تێنانێت تەمەنی کامەی لە چل ساڵی... تێنانێت فارسیش زەر وەبەرهێنانی تێدا کردووە. بە گشتی، چلگیریی بریتییە لە چلگیر-کردنی کەسێک یان کەسانێک یان زیندەوەرانێک لە چلگەیەک کە گومانی توشبوون یان تووشبوون بە نەخۆشییەکی درمی و گوازراوەیان لەدەکرێت.

ئەمڕۆ هەمان نمونەی سەوکانی دیکارتی فەیلەسوفە، کاتێک پێیوابوو بە دیاریکردنی بیرکە ڕاست و دروستەکان دەبە هەموو بیرکەکانی ئەقڵ و هۆش بە چەند هەنگاوێکی میتۆدیی لەک جیا بکەینەوە، دواتر دروستەکان بخەینەوە جەگەی خەیان و هەڵەکانیش لە دەرەوەی ئەقڵ و هۆش دەهێنەوە، چونکە سەوکی ساغ ناتوانێ سەوکی ڕیو چاک بکاتەوە، بەڵام سەوکی ڕیو دەتوانێ ئەوانی دی دابڕێنێ.

جیاوازییەکی کەم ئەگەر هەبەت، مرۆڤ بە فەدان شیاو نییە، چونکە هایدیگەر وتەنی دووجار فەدراوە! بەڵام میوەی ڕیو دۆشێ فەدرەت، بە گشتی نابێ ساغ و ناساغ تێکەڵی و بەرکەوتنیان هەبەت، هەرچەندە ئەمە بە نەخۆشی درمە نەک هەموو نەخۆشیەکانی تر وەک ئەوەی عەقڵانیەتی ئامرازیی بەرژەوەندخواز ئەنجامیداوە بە شێوەیەکی گشتگیر و جیاکاریەکی توند لە پێناو قازانجی زیاتردا.
ئارام قادر سابیر: مامۆستای بەشی فەلسەفە لە زانکۆی ڕاپەڕین

لەیادی 40 ساڵەی شەری قزلەروچەند راستییەك … ئەحمەد رەجەب

ئەمڕۆ 24/3/2020 یادی چل ساڵەی شەری قزلەرەو ڕوك چل ساڵ بەر لە ئێستاو لە ڕۆژی 24/3/1980 پێشمەرگە قارەمان و چاونەترسەكانی حزبی شیوعی عێراق بە مەفرەزەیەكی {16} كەسی بەرنگاری سوپاكەی دیكتاتۆر سەدام حوسەین و حزبی بەعسی عەرەبی و بە یاوەری جاشە خۆفرۆشەكان بوونەوە.
سوپاكەی سەدامی دیكتاتۆرو حزبی بەعسی عەرەبی خوێنڕژ پێنجەمین سوپای گەورەو مەدەرنی جیهان بوو، خاوەنی فڕۆكەی جەنگی و هەلیكۆپتەروو تۆپ و راجیمەو هەموجۆرە چەكێك بوو، بە یاوەری سەدان بەتالیۆنی خەفیفە (موستەشارو جاش) و دامودەزگای ئەمن و ئیستخبارات.
هەندێ لە هاوڕێیان و خەڵكی تر بیرەوەری و كتێبیان نووسیوەو ئەوەی سەیرە وتوویانە بۆ مێژوو ئەم راستییانە ئەنووسین تا نەوەكانی داهاتوو سوودی لێوەربگرن بەڵام زۆریان بە هەڵەداچوون و، لێرەدائاماژە ئەدەم بە نووسینی هەندێك لە هاوڕێیانی شیوعی و مەبەستی ژمارەیەكیان تەنها سێنگ دەرپەراندن و هیچی تر ئەگێنا بابەتەكانیان لە نووسینەكانم و نووسینی هاوڕییانی دیكە كە لە شەرەكە بوون وەرگرتووەو بە هەڵە دایانرشتووە.
دوو سێ هاوڕیی سەركردایەتی لە بیرەوەرییەكانیاندا بە هیچ شێوەیەك ئاماژن نادەن بە چەكی پێشمەرگەكان چونكە ئەگەر ئەو كارە بكەن سەرو گێیلاكی خۆیان ئەگرێتەوە و، ئەوان وەك بەرپرس مەفرەزەكانیان ناردووەتە قووڵایی خاكی كوردستان بە خراپترین چەك و بە بێ تەقەمەنی و تفاقی تر بێ نموونە مەفرەزەكەی قزلەر.
هاوڕێی بەڕێزم موهەندێ ئەلبەراك { دوكتۆر سادق} كتێبێكی بە ناونیشانی ئەی رەقیب نووسیوەو هەروا هاوڕێیەكی تر بە ناو { سەلام فەواز ئەلعوبەیدی} كتێبێكی بە ناونیشانی { بیرەوەرییەكانم لەبارەی ژیانی پێشمەرگەكان} و، ڕێزدار دوكتۆر عەبدوافەتاح عەلی بۆتانی هەندێ تێبینی و ڕاستكردنەوەی نووسیوەو جێی دەستخۆشییەو،

ئەڵێت کتێبەکەی سەلام فەواز سەرچاوەیەکی گرنگەو نابێت لە نووسینەوەی مێژووی خەباتی چەکداری پێشمەرگە شیوعییەکان و بەشداریان لە شۆرشی کوردا پیشتکێیی بخەن.
دەستخۆشی لە دوکتۆر سادق نووسەری { ئەی رەقیب} و سەلام فەواز نووسەری { بیرەوەرییەکانم لە بارەی ژیانی پێشمەرگەکان} و، هەروا ڕێزدار دوکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی ئەکەم و هیوادارم سەرکەوتوو بن و لە کۆتاییدا داواکارم لە هەردوو نووسەر د. سادق و سەلام ناوی شەرەکان و هاوڕیان راست بنووسن و هەروا ڕۆژەکان بۆ نموونە شەری قزلەر لە 24/3/1980 ڕوویداوە نەوەك 27/3/1980.
هاوڕێ فەیسەڵ ئەلفوئادی لە کتێبەکەی : لە مێژووی خەباتی چەکداری پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی عێراق { 1978 ـــ 1989} ئەنووسێت :
مەفرەزەیەك لە 16 هاوڕێ و دۆستان بەرپرسی عەسکەرییەکەی مەلا حوسەێن و موستەشاری سیاسییەکەی هاوری فارس ڕەحیم ئەندامی محەلی سلیمانی بوون هتد… چەکەکانیان "" ئالی وغەیر ئالی "" 24/3/1980 چوونە ناو دێی قزلەر، هاوڕیان بریاریاندا بۆ نانخواردن بچنە ناودێ و ئەمەش پێچەوانەی بریارێکی ڕوونە کە نابێت بە ڕۆژ بچنە ناودێ، مەفرەزەکە پاسەوانی تۆندوتۆیان دانەناو، هاوڕیان بە پەلە چوون بۆ مزگەوت و چاوەڕوان بوون نانیان بۆ بێنن و، لەو کاتەدا 4 هەلیکۆپتەر لە نزیك مزگەوتەکە هاتنە سەر زەوی و بارەکانیان هەڵرشت 120 کەس بوون ویەکسر کەوتنە تەقە ڕووەو مزگەوتەکەو، پاشان 7 هەلیکۆپتەری تر هاتن و بارەکانیان هەڵرشت و ، نووسەر بە ئارەزووی خۆی زۆر شتی تری نووسیوە.
ڕاستە مەفرەزەکە 16 هاوری بوو هەر هەموو شیوعی بوون حەمە کریم قەرچەتانی بەرپرسی عەسکەری بوو، هاوڕێ فارس ڕەحیم لەوێ نەبوو قەت موستەشاری سیاسی نەبووە، چەکەکان خراپترین چەك بوون، چوونە ناودی پیچەوانەی هیچ بریارێك نەبوو هاوڕیان خۆیان بریار ئەدەن، لە ناودێ پێشمەرگە لەلایەن ئەنجومەنی دێکە بە سەرماڵاندا دابەش ئەکرێن و ناچنە مزگەوت تا نانیان بۆ بێنن، پاسەوانی تۆندوتۆ (کەس نازانێت مەبەستی چییە) خۆمان 16 کەس بووین من و هاوڕێ ڕەووف ڕەشید { بۆکەس} پاسەوان بووین.
هاوڕێ فەیسەڵ فوئادی مێژوو ئەنووسێت بەڵام مێژووەکە ئەشێوێنێت.
چل ساڵ بەر لە ئیستاو لە ڕۆژی (24) ی ئاداری ساڵی (1980) پێشمەرگە ئازاو دڵێرەکانی (حزبی شیوعی عێراق) شەرێکی پر لە قارەمانێتی و خۆبەخت کردنیان تۆمار کردو ئەتوانین بڵێن داستانێکی بۆ وێنە..
ڕژێمی لەرزۆکی بەغدا بۆ داپڵۆسینی جەماوەرو بە هێی جەژنی نەورۆزەوە هێزێکی گەورەی سەربازو جاشی هێنابووە شاری سلێمانی و

لە حاڵەتی ئامادەباش بوون، ساڵی (1980) بە هۆی باران و تەروتووشییەوە ئاهەنگەکانی نەورۆز خرابوونە رۆژی (24) ی مانگ و هێزەکانی دوژمن لە سەرپێ بوون بۆ سەرکوتکردنی هێزە بەرهەڵستکارەکان.
مەفرەزەیەکی قارەمانی حزب کە لە (16) پێشمەرگە پێك هاتبوو، بەیانی زوو دێی زۆڵی بناری شاخی سەرکەشی پیرەمەگروونی بەجێ هێشت و بەو سەرماو سۆڵەیە بەرەو دێی (قزلەر) کەوتەڕێ و ، بەفر شکاندن چوونە سەر شاخ و دابەزین بۆ دامێنی شاخ بوونە هۆیەکی سەرەکی هیلاك و ماندوو بوونی پێشمەرگەکان، لە کاتژمێری (11) دا پێشمەرگەکان چونە ناو دێی قزلەری سەر بە ناحیەی سەرچنار بۆ حەسانەوە، بەڵام پاش کاتژمێرێك هەڵکەپتەرەکانی دوژمن هاتنە ئاسمانی دێیەکە و یەکسەر سەربازو جاشیان هەڕشت و زوو بە زوو لە هەردوولا دەست کرا بە تەقەکردن.
بەڵی پێش چل ساڵ لە رۆژێکی وەك ئەمڕدا (24) ی ئادارڕۆمی ترسنۆکی فاشی و خۆنڕۆژی عێراق بە هێزێکی گەورە لە هێزەکانی تایبەتی (قوات خاصه) بە پاڵ پشتی جاش و بە (19) هەلیکۆپتەر هێرشێکی درندانەیان کردە سەر مەفرەزە قارەمانەکەی حزبی شیوعی عێراق لە دێی قزلەرو شەڕکی چەپۆ و نابەرابەرو سەختیان هەڵگیرساند.
دوژمنی ترسنۆك بە شێوەیەك هاتبوو، ئەیزانی مەفرەزەکە (16) کەسەو چەکەکانیان زۆر خراپە، بە خەیاڵی خاوی خۆی هاتبوو مەفرەزەکە دەستگیر بکات، لە راستیدا چەکی پێشمەرگەکان چەکی شەر کردن نەبوو، بریتی بوون لە (2) کلاشنکۆف و (8) ژۆسۆ و (5) ماوو* یەك برنەو، هەموو ئەو چەکانەش کۆن بوون و، لە کاتی تەقە کردندا ئەوەستان، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرەیە حەماس و وڕەی بەرزی پێشمەرگەو هاوڕیان لە پەرەسەندندا بوو.
پاش سێ چوار کاتژمێر لە شەڕەکە مەفرەزەیەکی ئازای پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە سەرکایەتی ئیسماعیل گەورەدێی لە قۆڵی چۆخماخەوە خۆی گەیاندە گەرمەی شەڕەکەو هاتن بە هانای برا پێشمەرگەکانیانەوە، لە کاتژمێری (6) ی ئێوارە دوژمن کەوتە پاشەکشێ و کۆکردنەوەی زیانەکانی و بە رووڕەشی بۆ مۆگاکانی گەرایەوە.
مەفرەزەکە برێتی بوو لەم هاوڕیانە:
1ـ حمه کریم قه ره جه تانی (حه مه صالح) 2 – حسن رشید (فەلاح) 3- کمال مام همزه (هەژار) 4- عمر حه مه بجکول (ملا حسین) 5- معتصم عبدالکریم (أبو زەهرە) 6- شفیق کریم (مامۆستا شاهۆ) 7- صلاح الدین حسن (مامۆستا خالد) 8- سەرباز مەلا ئەحمد بانیخیلاني 9- عومەر عەلی

(عمر بوره سلمی) 10- مامۆستا جەمال محمد امین 11- حەمەسالەح سورداشی (مامۆستا سەردار) 12- رەووف رەشید (بۆکەس) 13- محەمەد مەزلوم (أبو محەمەد) – 14ـ بورهان ئەحمەد (عەتا) 15- ئەحمەد رەجەب (سیروان) 16ـ (عەدنان .ط)**

لەم داستانە شکۆدارەدا ئەم هاوڕیانە شەهید بوون:
1- عومەر حەمە بچکۆل (مەلا حسین)، ئەندامی لێژنەی قاعیدە، کرێکاری کارگەی تەنقیحی سلێمانی.
2- شەفیق کریم (شاهۆ) مامۆستای زمانی ئینگلیزی لە سانەوی ڕۆشنبیر – سلێمانی، ئەندامی لێژنەی قاعیدە.
3- موعتەسەم عەبدولکەریم (أبو زەهرە) ئەندامی حزب، هونەرمەندو وێنەکێش {شێوەکار}.
4- حەسەن ڕەشید (فەلاح) – کرێکارو لێپرسراوی هێزی پاراستنی بارەگای کۆمیتەی ناوەندی لە بەغدا، ئەندامی قەزا، سلێمانی.
5- کەمال مام هەمزە (هەژار) ئەندامی حزب، کرێکار، سلێمانی.
بریندار بوونی (شەهاب) پێشمەرگەی دلێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان.
شایانی باسە (3) هاورێ لەو هاوڕیانەی بەشداری شەری قزلەریان کرد لە شوێنی تر شەهید بوون:
1 – سەرباز مەلا ئەحمەد بانیخێڵانی لە داستانەکەی بەکربایفدا بە دەستی مێستەشارجاش تحسین شاویس شەهید کرا.
2- عومەر عەلی (عومەری پورە سەلما) لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکێکی حزب و پێشمەرگە لە ڕووباری چەمی سوورەبان لە نزیك دێی چاڵە خەزێنە خنکاوو شەهید بوو.
3- سەلاح الدین حەسەن (مامۆستا خالید) ئەندامی مەکتەبی محەلی سلێمانی ـ لە کاتی ئەنفالە بەدناو چەپەڵەکەی ڕژێمی بەعسی ترسنۆکدا 1988 کەوتە داوی چەتەو چێکاوخۆرەکانی ڕژێم و شەهید کرا.
سەرکەوێ خەباتی ڕەوای حزبی شیوعی لە پێناو ئاواتەکانی گەل و نیشتمان..
مردن و سەرشۆری بێ دڕۆمنان.
تێبینی: مەلا حسین لە دێی چێخماخ تەسلیم بە خاك کراوە.
(4) هاورێکەی تر: شەفیق و أبو زەهرەو حەسەن و هەژار لە دێی (قزلەر) نێژران، بەڵام بێ بەیانی 25 ی ئاداری 1988 دوژمنی ترسنۆك لاشەکانیانی بێ شاری سلێمانی گواستەوە.
** عەدنان . ط لە پاش ماوەیەك زانرا عەدنان چێکاوخۆری ڕژێمی حزبی بەعسی عەرەبییە.
23/3/2020

ژیان جوانێ ...شیعر : سهراب سپهری وەرگێڕانی : پشکۆ ناکام

" زندگی زیبا است "

""""""""""""""""

..... ژیان
پەرەشی گەیشتنە بە هەمان
سبەینێ کە نایەت
تەنێ لە دوێنێ و نێ لە سبەی
لاپەڕەی ئەمڕۆ
پڕ لە " بوون "ی تۆ
شایەت ئەو خەندەیەی ئەمڕۆ
پەی قایل نەبوویت
دوا فورسەتی " هاوڕێگا" بوون بوایە
.....ئومێدێ وا بوایە
ژیان یادکی سەیرە
کە لە سینەی خاکا مایەوە
ژیان ، سەوزترین ئایەتی
ئەندێشەی پەڕیە
ژیان ، خەیاڵی یەک دڵۆپی دەریا
لە ئارامی ڕووبار
ژیان ، هەستی گوڵ گرتنی
یەک بەستانە، لە باوەڕی " تۆ"ێ وە وە ،،
ژیان ، باوەڕی دەریایە
لە بیری ماسیەکانا
لە " تەنگ " بوونی ناو دەریا
ژیان ، دەربەینی ڕووناکی خاکە
لە ئاوێنەی عەشقا
ژیان ، تێگەیشتنی تەنگەیشتنەکانێ
ژیان ، پەنجەرەیەکی کراوەیە
بە ڕووی دونیای "بوون"ا

تا ئەو پەنجەرەیە کراوە بە
دونیا بە ئەمەیە
.....ئاسمان
.....نوور " ەوونا کی "
.....عەشق
.....بەختەوەری بە ئەمەیە
دنیابین لە فورستی
کردنەوەی ئەم پەنجەرەیە
دەرگا بە نوور دانەخین
دەرگا بە ئارامی پە میهرەبانی
شەماڵ دانەخین
پەردە لە دڵا لابەین
بە پەرۆش و حەماسەوە
سڵاوێک بکەین
سڵاوێک بکەین

ئازادیی وەک بەهای بوون لە ڕۆمانی "١٩٨٤"ی جۆرج ئۆروێڵدا ... ئاسۆس ساڵح

ڕۆمان وەک ژانرێکی ئەدەبیی بەهەی پانتاییەی فراوانکەی ئامرازێکی گونجاوە بە نووسەران، تاوەکوو لە ڕێگەیەوە هزر و پەیامەکانی خۆیان بەکەمەڵگە بگەیەنن. ڕۆمانی "١٩٨٤" یەکێکە لەو ڕۆمانەی تا ئێستا گرینگی لە دەست نەداوە، بەتایبەت بە ئەو وەتانەی ئازادیی مرۆڤ تێیدا زەر کەمە. هەڕەها، بەهەی ئەو پەیام و ئاگادارکردنەوەی لە ناوەڕۆکیدا هەیەتی گرینگی خۆی پاراستووە. ئەم ڕۆمانە لە لایەن "ئیرک بلێیر" (١٩٠٣ – ١٩٥٠) نووسراوە، ناوی خوازراوی " جۆرج ئۆرۆێڵ"ە. ئەم نووسەرە خاوەنی چەندان وتار و ڕۆمانە، بەگشتی نووسینەکانی ڕەخنەی سیاسیین. لەم ڕێگەیەوە دیەوەت وشیاریی سیاسیی بەاوبکاتەوە. گرینگترین بەرهەمەکانی ئەمانەن: دەڕاو و دەرکەراو (١٩٣٣)، ڕۆژانەی بەرما (١٩٣٤)،

ڕۆمانی ١٩٨٤، لە سێ بەش پێکهاتووە، هەر بەشی دابەشی سەر چەند بەندێکبووە. بەگشتی ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە باسی دەسەڵاتێکی تۆتالیتار دەکات، کە ئازادیەکانیان لە پێناو دەسەڵاتی حیزب و ڕێبەری گەورە نەهێشتووە و هەموو شتێک دەبێت لە پێناو حیزب و ڕێبەری گەورەدا بێت. ئەم ڕۆمانە چەند کارەکتەرێکی سەرەکی هەیە تێدا دەگوزەران، کە ئەمانەن: "وینستۆن سمیت"، ئەم پیاوەیە کە لە دەسەڵاتی ڕێبەری گەورە بێزارە، بیری ئازادیی و هەڵگەڕانەوە لە دەسەڵاتی ڕێبەری گەورە لە مێشکیدا چەکەرە دەکات، بە گەیشتن بەم کارەش چەندان کار و چالاکی دژە یاسا و بنەمانی حیزبیی ئەنجام دەدات. "جولیا" کچێکە ئەندامی حیزبە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا وانییە، بەکوو دژی دەسەڵاتی ڕێبەری گەورەیە. جولیا ئەندامی ڕێخراوی لاوانی دژە سێکس، کەچی پەیوەندی سێکسی لەگەڵ چەندان ئەندامی حیز دەبەستێت و دواتریش لەگەڵ وینستۆن سمیت پەیوەندی خۆشەویستیی و سێکسیی دەبەستێت. "ڕێبەری گەورە" سەرەکی حیزبە، وێنە و پەستەرەکانی لە هەموو شوێنێک هەیە، لە فەرمانگە، شەقام و هەموو ماڵێکدا هەڵواسراوە، جگە لەمە بە تەلەسکرین چاودێری هەموو جوڵەیەکی مرۆڤ دەکات، هەمیشە ئەم ئاگادارییە بەسەردا دەکرێتەوە کە ڕێبەری گەورە چاودێریت دەکات. یەکێکی تر لە کارەکتەرەکان "ئۆبرین"ە کە لە ناوەندی حیزب بوو، هاوکات ڕۆڵی ئۆوەی دەگێڕا کە لەگەڵ "ئیمانوێل گۆلدستەین"دایە وسەر بە ئەنجومەنی برایەتییە. بەڵام وانەبوو، بەکوو پلیسی خیاڵ بوو لە کۆتاییدا هەر ئۆبراین، سمیت دەگرێت و لەسەر لادان و دژ وەستانەوەی بەرامبەر بەحیزب، لەکۆینەوە و ئەشکەنجەی دەدات. "ئیمانوێل گۆلدستەین" لە ڕۆمانەکەدا ڕۆڵی کەسێک دەگێڕێت کە دژی دەسەڵاتی ڕابەری گەورە و سیستەمی وەستاوەتە و بەهاوکراوە و کتێب و ئەنجومەنی برایەتیی دژی ڕێبەری گەورە پێکهێناوە، پشتر هاوشانی ڕێبەری گەورە بووە، بەڵام دوای ئۆوەی جموجۆڵی دژی شۆڕش و ڕێبەری گەورەی لە ئاشکرا بوو، ئیدی بەیاری کوشتنی بەسەردا بڕا، بەم هەیەوە ڕایکرد و خۆی شاردبووەوە. هەروەها لە ڕۆمانەکەدا چەند کارەکتەری دیکەی لاوەکیش هەن.

ناوچەی جوگرافیی ئەمانەکە لە سێ وڵات پێکهاتووە، کە هەمیشە دژی یەکتر لە شەڕدان. چیرۆکی ئەمانەکە لە "ئۆقیانووسیا"یە (ئۆسیانیا)، سیستەمێکی بەناوی "سۆسینگ"ە واتا سۆسیالیزمی ئینگلیزیی، کە ناوچەکانی بەریتانیا، ئەمریکای باکوور، ئەمریکای باشوور، ئوستوالیا و ئەفریقا باشوور دەگرێتەوە. وڵاتی دووەم "ئۆراسیا"یە، کە سیستەمێکی بلشۆفیزمی نوێیە. ناوچەکانی ڕووسیا و ئەورووپا و بەشێک لە وڵاتانی ئاسیاش دەگرێتەوە. وڵاتی سێیەم ناوی "ئەژهەدیاتی ئاسیا"یە، سیستەمێکیان عەشقی مەرگ یان خەفەوتاندنە. ئەم بەشە ناوچەی ئەژهەدیاتی ئاسیای دەگرێتەوە، وەک وڵاتانی یابان و کۆریا و چین و ڤێتنام ...تاد. جۆرج ئۆروێڵ جیهانی دابەشی سەر ئەم سێ بەشەکردووە، هەریەکەی بە وڵات و سیستەمێکی جیاواز داناوە. شایانی باسە جۆرج ئۆروێڵ لە یەکێک لە چاو پێکەوتنەکانی دەڵێت: "فەزای گشتیی چیرۆکەکەم لە بەریتانیا هەودەدات، ئەمە بە ئاوەڕی پیشانی بدەم ئاو وڵاتانەی ئینگلیززمانن، دوورنین لەوەی ئەم جۆرە شتانە تێیدا سەرهەبدات. دیکتاتۆرییەت، ئاگەر دژی نەجەنگی ئاوە دەتوانێت لە هەر شوێنێک بێت، سەربکەوێت." ئەم پەیامی نووسەرە بە مرۆڤایەتیی کە پەیوستە هەمیشە لە هەوڵی بەدەست هێنان و پاراستنی ئازادیی دابن، ئاگینا دەسهەڵات لێیان زاوت دەکات.

حیزبی فەرمانڕەوای ئۆقیانوسیا، چەند دروشمێکی هەبوون، بە هەموو شوێنێک باوکرابوونەوە، دروشمەکان ئەمانە بوون: "شەڕ ئاشتییە. کۆیلایەتیی ئازادییە. نەزانی هێزە"، هەروەها دروشمێکی تری حیزب ئاوە بوو کە دوو دەکاتە پێنج (٢ + ٢ = ٥)، لۆگۆی ئاوەی لە هەموو شوێنێک نووسرا بوو ئاگادارەبە "هەبەری گەورە" چاودێریت دەکات. ئەمانە بەناو هەموو قوژبنێکی کەهەگەدا باوکرابوونەوە. کەهەگەی وڵاتی ئۆقیانوسیا لە ژێر هەیمەنەی دەسهەڵاتی هەبەری گەورە و سیستەمی سۆسینگ، دابەشی سەر سێ پێکهاتە بووە. پلەدار و بەڕوبەرانی حیزب ٢% لایەنگر و ئەقڵگۆکانی حیزب کە هەبەری گەورە و حیزبیان بەهەموو شتێک دەزانی و لە دەسهەڵاتی دەرنەدەچوون ١٣% کەهەگەیان پێکهێنابوو. بەشی هەرە زۆری کەهەگەش لە پرۆلیتار و هەنجەران پێکهاتبوو هێزەکەی ٨٥% بوو. هەر ئەمەش وای دەکرد وینستۆن سمیت تاکە هیوای بە ئازادیی و ڕووخاندنی سیستەمەکە پرۆلیتاریا بێت و دەیگووت: "گەر هیوایەک هەبێ، تەنها پرۆلیتارە".

ئازادیی وەک بەهایەکی سەرەکی لە هەمانەکەدا جێختی لەسەرکراوەتە، کە چۆن بوون بەبێ ئازادی ماهیەتی نابێت و خاوەنی بژاردە و بوونی

خۆی نابێت، هەمیشە لە ژێرکاریگەریی ئەویتردا دەژیت. لێرەدا بە لێکدانەوەی دەقەکانی ئەمانەکە، پشت بە تێروانینی بوونخوازانەی ژان پۆل سارتەر دەبەستین لەمەڕ ئازادیی، هەڵبژاردن و بەرپرسیارەتیی ئازادییی خۆشەویستیی.

ژان پۆل سارتەر، بەهەی نووسین و هەڵوێستەکانییەوە ببووە فیلەسوفێکی خۆشەویست لە سەردەمی خۆیدا، کارەکانی لانەو هەڵشنبیران و قوتابییان و شەڕشگێران و خەڵکی ئاسایی ناسراو بوو، تەواوی دونیا ئاشنایەتییان لەگەڵ سارتەر پەیدا کرد. سارتەر لە کاتێک بووە زمانحاڵی بوونخوازیی، ئەوروپا لە بارودۆخێکی ناسەقامگیردا بوو، بەئومێدیی و هەڵشبینیی و داگیرکاریی و شەڕ ...هتد ئەوروپا و جیهانی تێنیبوو.

ئەو بابەتانەی سارتەر لە فەلسەفە بوونخوازییەکەی گرینگی پێداوە ئەمانەن: ئازادی، هەڵبژاردن، بەرپرسیارەتی ...تاد. بابەتی سەرەکی فەلسەفەکەی سارتەر ئازادییە، و دەبە تاک ئازادی خۆی بەدەست بهێنێت تا بتوانێ بە ئازادانە بریاربدات و هەڵبژاردن بکات. هەروەها، نابێت لەژێر کاریگەری ئەوانیتردا بێت. بوونخوازەکان باوەڕیان وایە بوون لە پێش جەوهەرە، واتە هەموو مرۆڤێک بەر لە هەرشتێک بوونی هەیە. سارتەریش وەک بوونخوازێک "لەو خاڵەوە دەست پێ دەکات کە بەوای وایە (بوون) دەکەوێتە پێش (ماهیەت)ەوە. واتە لە پێشدا مرۆڤ دێتە جیهانەوە؛ پاشان لە ڕێی کارەکان و هەڵبژاردنەکانیەوە (ماهیەت)ی خۆی پێک دەهێنێت. واتە بەبەوای سارتەر، پێشتر ماهیەتێک نییە بەسەر بوونی مرۆڤدا سەپێندرا بێت." (کەمەڵک نووسەر، ٢٠١٦: ل١٣) هەرچەندە مرۆڤ بە هەڵبژاردن و ئازادانەی خۆی نەهاتەتە بوونەوە، بەڵام لەم ژیانەدا مرۆڤ ناچارە بەوەی ئازاد بێت. دواجار هەر لە ڕۆژگەی ئازادی و هەڵبژاردن و بەرپرسیارەتی و چنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانیتردا ناسنامە و ماهیەت بە بوونی خۆی دادەنێت. هەڵبژاردن و بەرپرسیارەتی، لە گرینگترین و سەرەکیترین بنەماکانی فەلسەفەی بوونخوازیی سارتەرن، "هەڵبژاردن کەڕەکی فەلسەفەی سارتەرە، بەپێی بۆچوونی ئەو، هەڵبژاردنی ئازاد بەپێی هیچ ڕاستیەکی هەبوو (Existent) بەرپرسیار نادرێت، چونکە کردەیەکە ئاراستەی بەشایی کراوە، ئەویش ئەو داهاتوویە کە بوونی نییە." (کەمەڵک نووسەر، ٢٠١٦: ل٥٧) کاتێک مرۆڤ هەڵبژاردن دەکات، نا بەت بکەوێتە ژێرکاریگەری بەرپرسیاری پێش وەختە و چەند بیر و باوەڕێکی کە پێشوتر لە هزریدا جێگیر بوونە.

سارتەر، جەخت لەسەر ئازادی مرۆڤ دەکاتەوە، دەبێت بە شێوەیەکی

بەرپرسیارانە هەڵبژاردن و بڕیار بدات، نەک وەتە ژێر کاریگەری ئەوانیتر. بەتەواوینی سارتەر، مرۆڤ بەرپرسیارە بەرامبەر ئەو کارانەی دەیکات. هەروەها لای سارتەر ئازادیی خۆیستیی گرینگییەکی زۆری پێدراوە و لەم بارەیەوە دەڵێت: "عەشق شتێکە کە هەرگیز نابێتە واقعیەت، بە من خۆیستی ئەوە شتێک نییە جگە لەوەی کە ئەوە ناچاربکەم خۆشمتان بووە و پێچەوانەی ئەم مەسەلەیەش هەر ڕاستە." (میهەرداد میهرین، ٢٠٠٩: ل٤٠٧) سارتەر بیر و تەواوینی خۆی لە بارەی خۆیستی دەخاتە ڕوو و پێیوایە خۆیستی ئازادی لەمرۆڤ دەستێنێ و دەبێ لە خۆیستیشدا ئازادی هەبێت. "بە وتەی سارتەر لەعەشقدا وەک تێکەڵەیەکی پێوەندییە مرۆییەکانی تر، ئامانجی ئەمە بکەیلەکردن یان بوونە کەیلەی ئەویترە، لە پێگەی ماسۆشی و سادیدا" (ی. ز لاڤین، ٢٠١٧: ل٥٨٤) سارتەر تیشک دەخاتەسەر مەترسی خۆیستی کاتێک کە من ئازادی ئەوی تر لەناو ئەبەم، و ئەویتر ئازادی من لەناو دەبات، یەکەمیان سادیستم 'چێژ لە ئازاردانی ئەویتر' و دووەمیان ماسۆشیستم 'چێژ لە خۆ ئازاردان' وەردەگرم، بەمۆش خۆیستی دەبێتە شتێکی ئازار بەخش، دەبێت لە خۆیستیدا ئازادی ڕەنگبداتەوە بە ئەوەی خۆیستێکی سەرکەوتوو بێت.

ڕووحی بەرەنگاریی و ئازادیی: جەرج ئەروە لەم ڕەمانەدا، باسی سەرکی ئازادییە، بەمانا سارتەرییەکەی دەیەوێت بڵێت ژیان و بوون بەبێ ئازادیی مانای نییە و لە جۆهەری خۆی دەکەوێت. ڕەمانەکە باسی دەسهەڵاتێک دەکات کە هەموو ئازادییە تاکەکەسییەکانی دسپلین و سنووردارکردوون. ئەمۆش لە ڕێگەی کارەکتەری سەرکی ڕەمانەکە بەناوی وینستۆن سمیت بەیاندەکات. دەسهەڵات کارەکی وایکردووە کە مرۆڤکان بەتەنهاش بن هەست بە ئازادیی نەکەن و لە ترس و دڵەڕاوکێ دابن، ئەمۆش لەڕێگەی چاودێریکردنی خەڵکەوە بە تەلەسکرن. سارتەر، ئازادیی بوون بەر لە جۆهەر دادەنێت، پێی وایە مرۆڤ دەبێت ئازاد بێت، ئەگەر ئازاد نەبێت ناتوانێ مانا بەبوون و جۆهەری خۆی بدات، دواتر هەر لەڕێگەی ئازاد بوونی خۆیەوە دەتوانێت جۆهەری خۆی بنیات بنێت، ئەگەر وانەبێت ناتوانێ مانا بەو بوونەی بدات و خۆی بوونیادنەری بوونی خۆی نییە، بەڵکوو لە ڕێگەی ئەوانیترەوە بۆی هەڵبژێردراوە. هەروەک سارتەر دەڵێت: مرۆڤ بێ ئازادیی خۆی لە دایک نەبووە بۆیە مەحکوومە بە ئازادیی. لەم ڕەمانەدا، هیچ ئازادییەک بوونی نییە تەنانەت بە لایەنگرانی حیزبیش، هەمیشە لە ژێر چاودێری وردی دەسهەڵات دان. وینستۆن سمیت کاتێک بڕیار دەبێت و لە دەوامی فەرمانگە دەگەڕێتەوە، لە ماڵەوە

دەست دەکات بە یاداشت نووسین، کە لەو کاتەدا نووسین قەدەغەبوو. لەسەر کاغەزەکێیدا پێنج جار بەدووای یەکتردا نووسی: "مەرگ بە بەبەری گەورە" (جەرج ئۆرویل، ٢٠١٨؛ ل٢٩) نووسینی ئەمە خەی مانادانە بەئازادیی لای وینستەن سمیت، هەرچەندە ئەم نووسینە خەی دەرچوون بوو لە یاسا و دژی دەسهەاتبوو. نووسینی ئەمە تا لەواری مەرگ نزیکی دەکردەوە، بەڵام وینستەن ڕووحی ئازادیی لەناوێدا چەکێیکردبوو. دەیویست لە ڕێگەی ئەم بەرهەنگاریی و دەرچوونە مانایەک بە بوونی خەی بدەزێتەوە. هەرچەندە نەی دەتوانی بەسەر ترسەکێیدا زاڵ بێت بەڵام ئەم نووسینە خەی مانادانە بە ئازادیی و بوون لای وینستەن.

حیزب کەمەڵە دروشمی هەبوو، یەکەک لە دروشمەکانی ئۆڕ بوو: دوو کە دوو دەکاتە پێنج. دەبوو باوە بەمە بکەن، باوە نەهەنان دووچاری تەنگژە و سزادانی زەری دەکردن. حیزب ئەمەی بە ئۆڕ دەکرد تاوەکوو بەڵکە دەبێت باوە بە لۆژیکی حیزب بکەن، ئۆڕی حیزب دەڵێت ئۆڕ ڕاستە. سمیت کە بیری دەکردەوە لە بەرامبەر هەڕەکی گەورە وەستاوەتەوە دەی دادەخورپا، بەڵام هەر بەوای بە ڕاسیەکان بوو، نەوەک لۆژیکی حیزب. لە یاداشتەکیتردا دەنووسێت: "سەربەستیی کاتە سەربەستییەە کە بتوانی بڵێی: دوو و دوو دەکاتە چوار. ئەگەر باوە بەمە بهێنەرە، ئیدی هەموو شتەکانی دی، خۆیان بەدووێیدا دێن" (جەرج ئۆروێڵ، ٢٠١٨؛ ل١٠٨) سمیت لەڕەدا بەرامبەر ئۆڕ باوەڵە دەوەستێتەوە کە بەسەریدا سەپێنەراوە. ئاماژەش بەوە دەدات کاتەک توانیت باوە بەڵاستییەکان بهێنیت ئۆکات دەتوانی ئازادییەش بەدەست بهێنیت، واتە دەرباز بوون لە دەست باوەی ئۆیدیکە، کە لەڕەدا دەسهەاتە. وینستەن هەوڵی ئازادبوون دەدات، بەڵام ناشتوانێ بە ئازادانە هەم ڕەفتار بکات هەمیش دەریببڕێت. واتە ئازادیی لە هزریدا هەیە بەڵام ناتوانێ بەرجەستەی بکات.

لە یەکەک لە ڕووداوەکانی ناو ڕەمانەکەدا، وینستەن سمیت و جولیا، پەیوەندی بە ئەبراینەوە دەکات، کە ئەندامی ناوندی حیزب بوو، هاوکات وا خەی دەرخست کە لایەنگری گەدستەینێ و ئەندامی ئەنجومەنی برایەتییە دژی دەسهەات. لە بەشەک گفتووگۆی نەوانیاندا لە یەکەم دیداردا سمیت و جولیا خواستی خۆیان بە ئازادیی و نەجات بوون لە دەسهەات دەربڕی. ئەبراین چەند پریسارەکی ئاراستە کردن بە بەڵە وەامیان دایەوە. " – ئامادەن ژیانی خۆتان بەخت کەن؟ + بەڵێ. – ئامادەن خۆتان بکوژن؟ + بەڵێ. – ئامادەن خراپەکاری وابکەن کە بەختە هەی مەرگی سەدان کەس؟ + بەڵێ. ..." (جەرج ئۆروێڵ، ٢٠١٨؛

لـ٢٢٦) ئەم گفتووگۆیە دەرخەری ئەوەیە کە ئازادیی لە پێش هەموو شتێکەوەیە لای سمیت و جولیا، چونکە سێ لەوە ناکۆنەوە ئاگەر تاوانیش ئەنجام بدەن تاوێکوو دەگەن بە ئازادیی. خواستی ئازادیی لای ئەوان لەسەروی هەموو شتێکەوەیە.

دوای ئەوەی وینستەن ئاشکرا دەبێت و دەسگیر دەکرێت لە زیندان لەگەڵ یەکێک لە گیراوەکاندا بەناوی پارسەنز قسە دەکات، ئەویان بەهەی ئەوە گرتووە چونکە لە خەویدا گوتبووی بمرە ڕەبەر گەورە و لەسەر ئەمە کچێکەی خەی شکایەتی لێکردبوو. پارسەنز دەڵێت: "بمرە ڕەبەری گەورە! بۆچی وام گوتووە. بیستم چەند جارە ئەوەم دووپات کردەتەوە. لە بەینی خەماندا بە، خەشحاڵم بەوەی کە بەر لەوەی کارەکە گەندتر بێت دەسیگیر کرام. دەزانی بۆتمام لە دادگا بڵێم چی؟ دەمەوە بڵێم سوپاستان دەکەم بە دەربازکردنم بەر لەوەی کار لێکار بترازێ" (جەرج ئەروێڵ، ٢٠١٨؛ لـ٣٠٧) ئەو دەربەینانەی پارسەنز دەرخەری ئەوەن کە ئەم کارێکتەرە، ناتوانێت هزری ئازادیی لە خەیدا چێکەرە پێبکات، بەڵکوو حەزی لە ژێردەستەییەکی مەحکوومکراوە. بە ئەمە هیچ قوربانییەک نادات. ئەم کارێکتەرە بوونێکی ئازاد نییە و ناتوانێت خەی بەیاری ئازادانە بدات بەڵکوو هەمیشە لەژێر نیگا و کاریگەریی ڕەبەری گەورەدایە. تەنانەت زمینە بە ئەو ژێردەستییەی خەشی خەشدەکات. کاتێک سەبارەت بە پەروەردەی کچەکەی دەڵێت: "هیچ قینم لێی نییە. بۆاستی سەریشم پێیەوە بەرزە. ئەمە، ئەوە دەگەیەنە کە لە پەروەردەکردنیدا درێغیم نەکردووە." (جەرج ئەروێڵ، ٢٠١٨؛ لـ٣٠٨) ئەمە بەمانای ئەوە دێت نێک تەنها خەی بوونێکی ئازادانەی نییە، بەڵکو کچەکەشی خستووەتە ژێرکاریگەریی ئەم تێگەیشنەی حیزب و دەسهەڵات.

دوای ئەوەی وینستەن سمیت و جولیا لەلایەن دەسهەڵاتەوە دەگیرێن، کە بەشی سێیەمی کتێبەکە بە ئەمە تەرخانکراوە. تێیدا بە جۆرەها شێواز سزا دەدرێن و ئەشکەنجە دەدرێن تا لەواری مەرگ. ئەمش بە ئەوەی مەشکیان بشەردرێتەوە لە هەر هزر و خەیاڵێک دژی ڕەبەری گەورە. لە زیندان کە ئیتر ئازادیی فیزیکیی نەما کار لە هزری ئازادییش دەکات. لە سەرەتا، کە سمیت دەگیرێت، هەوڵدەدات بەردەوام بێت لەسەر هزری ئازادیی و بەرگەی هەموو شتێک بگرێت و ددان نانێت بە هەزری حیزب. لەم بەشدا چۆنیەتی گفتووگۆی تێدایە کە جۆگەی تێڕامانن. بۆتایبەت گفتووگۆکانی نێوان سمیت و ئۆبراین، کە لە زیندانداا لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرد. وینستەن لەوەشدا هزری ئازادیی هەر هەبوو، بەڵام بەهەی ئەشکەنجەدانییەوە نەیدەتوانی بەردەوام

بەت، تەنانەت لە ژووری ١٠١ دا دەست لە جولیاش بەردەدات و داوا دەکات جولیا سزا بدرێت لە جیاتی ئەو. لە یەکێک لە گفتووگۆکان لەگەڵ ئەکەینەوە لەنوان سمیت و ئیبراینداء، سمیت لەوەش لەسەر یاداشتەکەی سووربوو، کاتێك ئیبراین دەپرسێت: "لە بیرتە لە دەفتەری یاداشتەکانتدا نووسیوتە: (ئازادی ئەوەیە کە بتوانی بڵێی دوو و دوو دەکاتە چوار؟)" (جەرج ئۆرویل، ٢٠١٨؛ ل٣٢٧) وینستۆنیش دەڵێت: بەڵێ لەبیرمە. لەوکاتەدا ئیبراین دەستی هێدەبێت و دەڵێت: وینستۆن چەند پەنجەم نیشاندایت، ئەویش دەڵێ چوار. ئەوجارە ئیبراین دەڵێت: "ئەی ئەگەر حیزب بڵێت چوار نییە و پەنجە، ئەوکات چەندە؟" (جەرج ئۆرویل، ٢٠١٨؛ ل٣٢٧) وینستۆن دەڵێت: چوار. ئەم بڕە هێستییە لەسەر ڕاستیی دەرخەری قسەکەی خەڵکێتی کە سەربەستی لە شتی بچووکیش دەت. لەگەڵ ئەوەی لەژێر ئیشکەنجە بوو بەڵام ویستی ئازادیی وای نەکرد وینستۆن بەپێی لەژیکی حیزب بیاربدا و بڵێ پەنج. ئەم گفتووگۆیە بەردەوام دەبێت تا ئیشکەنجەدانی وینستۆن زیاتر دەکەن. هەر بەردەوام دەبێت و دەڵێ چوار. بەڵام دواتر ئەقڕەی دەبێت و دەڵێت پێنج. بەڵام ئیبراین پێی بڵێ دەبات کە وینستۆن هزری هەر لای چوارەکەیە. ئازادانە نیگوتووە پەنج. ئەم ئازاردانە بەردەوام دەبێت تاوەکوو وای لە دێت وینستۆن دەڵێت: پەنج، حەزەم پەنج ببینم. وینستۆن ئازادانە بیاری نەداوە، تەنانەت حەزدەکات ئازادانە بیرنەکاتەوە تا لەم بارودۆخە دەربچێت.

دوابەدوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر لە زیندانەدا دەمێنێتەوە، لە کۆتایدا وینستۆن هەوڵی ئەوە دەدات کە دژی هزری ئازادیی خۆی بووستێتەوە. ماوەیەک لە جاران باشتر خواردنی پێدەدرێن و ئاوی گەرم و جلی نوێشی پێدەدرێن تاوەکوو کەمێك هێزی گەڕاوەتەوە بەر و ئەو ددانانەی مابوونی ئەوانیشیان بۆ لابرد و بۆیان کرد بووە تاقمێ ددان. لە ژورەکەی کاغەز و قەڵەمێکی پێدەدرێ. وینستۆن دەستی کرد بە نووسین و ئەم سێ دروشمە دەنووسێت: "کۆیلایەتی ئازادییە. دوو و دوو دەکاتە پەنج. خوا دەسهەڵاتە" (جەرج ئۆرویل، ٢٠١٨؛ ل٣٦٣-٣٦٤) ئەم سێ دروشمە دەرخەری ئەوەیە حیزب توانیویەتیی لەگەڵگەی ئیشکەنجەدانی جێستەیی وابکەن هزری وینستۆن بگۆڕن و هزری ئازادیی لە مەشکی دەربکەن. کۆیلایەتیی ئازادییەیە خۆی دروشمەکە دژی ئازادیی و بوونەکی ئازاد، کاتێک مرۆڤ کۆیلە بێت ناتوانێ جۆهەر و هزرێکی ئازادانەی هەبێت. هەروەها، ڕازی بوون بەوەی دوو کە دوو دەکاتە پەنج ڕازی بوونە بە لەژیکی حیزبیی و هەموو ویستەکانی حیزب ئەگەر نا ڕاستیش بن. دروشمی خوا دەسهەڵاتی مانای ئەوە دەدات، کە دەسهەڵات دەتوانێت خۆی وەک خودا نیشانبدات، لەژیک ئاوەژوو

بکاتەوە، وابکات بپەرستریت و مرۆڤ بکاتە بەندەی خۆی.

لەم ڕەهەندا ئازاد بوون زۆر جۆختی لەسەر کراوەتەوە بەڵام، ئەنجامەکەی هەر کۆیلە بوونە. واتە حیزب بەسەر هزری ئازادانەی تاکەکەسدا سەردەکەوێت. ئەم ڕەشبینیی و بەئومێدییە بە ئەوە نییە مرۆڤ تەسلیمی دەسەڵاتی تەتالیتار ببێت، بەڵکوو بە ئەوەیە مرۆڤ هەوڵ بدات ئەم هەزرە ئازادەی هەیەتی بیپارێزێت تاوەکوو دەسەڵاتێکی تەتالیتار سەرهەڵنەدات و هەموو دەسەڵاتێکی بە زۆرتکردنی ئازادییەکان بێت.

هەبژاردن و بیاردان: لە ڕوانگەی سارتەرەوە، بیاردان و هەبژاردن دەبێت بە شێوەیەکی ئازادانە و بەرپرسانە بێت. مرۆڤ کاتێک هەبژاردن یان بیارێک دەدات نابێت لەژێر بیروباوەڕێکی پێشینەیی یان داپەسێنەر بێت. بەڵکوو دەبێت بەپێی بژاردەندی و چاکەی گشتی بیار بدات و بژارە باشکە هەبژێرێت. دەبێت لەم کاتەشدا هەست بەئازادیی بکات و لە دڵخۆشی ئازادانە دابێت. لەم ڕەهەندا، بەهەی نەبوونی ئازادیی تاکەکان ناتوانن خاوەن بژاردە و بیاری خۆیان بن. بەڵکوو هەموو کات لای دەسەڵاتی حیزب و هەبەری گۆڕەوە بیان دیاریکراوە، بەمەش دەگەین بەو خاڵەی ئازادیی لە بیار و هەبژاردنی کارەکتەرانی ناو ڕەهەنەکەدا نییە.

وینستۆن سمیت و جولیا، وەک دوو کارەکتەری سەرەکیی ناو چیرۆکی ڕەهەنەکە هەمیشە لەژێر چاودێری و هەژموونی دەسەڵات بیارەکانیان دەدا. وینستۆن بە ئازاد بوون بیاری هەڵگرانەوە لە دەسەڵاتی ئۆقیانووسیا دەدات. بەڵام دوایی زۆرێک لە بیارەکانی لە ئەنجامی نەبوونی ئازادییەوەن، تا دەگاتە ئەو ئاستەی دەستبەردری هەموو شتێک ببێت بە جولیاشەوە. جولیاش کە ئەندامی بزوتنەوەی لاوانی دژە سێکس بوو، وای لێدێت دەست لە هەموو بیارەکانی هەبگرێت، و دەستبەرداری وینستۆنیش بێت لە پێناو ژیانی خۆیدا.

لەو ساتانەی جولیا و وینستۆن لە پێوەندیی دان، لە ژوانەکیان جولیا جلەکانی ئەندامی حیزب دادەکەنێت و پشتێنی سوور کە هەمای ئەندامانی دژە سێکس بوو لە پشتی دەکاتەوە، حەزییەکی کورت و مکیاژێک دەکات بە ئەوەی بگەڕێتەوە سەر ڕەسەنایەتیی ژنیەتیی خۆی. بە وینستۆن سمیت دەڵێت: ”دەزانی دەموەت جاری داهاتوو چی بکەم؟ دەستە جلی ژنانەی ڕاستی وەگیر بهێنم و لەبری ئەم بەدلە دوابەاوە بیپۆشم. بیر لەوە دەکەمەوە گۆڕەوی ئاوریشم و پەڕاوی پاژنەبەندیشم هەبن. دەمەوە دەمەوە لەم ژوورەدا ژن بم نەک هاوەی حیزب” (جۆرج

ئاروە، ٢٠١٨؛ ل١٨٨) لە قسەکانی جولیا دیارە بە ویستی خۆی نییە بووەتە ئەندامی حیزب و دژە سەکس، بەڵکوو مەحکوومکراوە بەم شێوازە بێت و هەڵسوکەوت بکات. هەر بۆیەشە ویستی گیانەوەی بە سەر ژنیەتیی خۆی هەیە. ئەو هەڵبژاردنانە هی حیزبن نەوەک هی خوودی جولیا. ئەمەش ڕوونە کە بەشێوەیەکی ئازادانە ئەم هەڵبژاردنانەیان نەکردووە، بەڵکوو بەسەریاندا سەپێندراوە.

وینستۆن سمیت، بەهۆی ویستی بۆ ئازادیی دوای ئاوڕی لێدایەوە دەسەڵاتەوە دەگیرێت، لەکۆتاییەکانیدا زۆری لێگەڕێت دەکرێت، بۆ ئاوڕی بیخانەوە ژێرکاریگەریی و خەیان. ئەبراین بۆ وینستۆن دەڵێت: تۆ بۆ ئاوڕ لێرەی تا ئاقەت بکەین. واتە ئەم جارەی هەڵبژاردن و بەیارەکانت لەژێر هزری ئەمە دەبێت نەوەک ئازادانە بەیار بدەیت. لەکاتی لەکۆتاییەوە لە ژووری ١٠١ دا، ئەشکەنجەیەک بە وینستۆن ئامادەکرا بوو کە دوو جرجی گورە و برسی لەناو قەفەزێکەوە ئەخرانە سەر ڕوخساری وینستۆن. تاوەکوو ئاوڕی بەیارەکانی پێبگەن دوای ئەو هەموو مانەوەیە لە زیندان و ئەشکەنجەدانە گووتی ڕقم لە هەبڕی گورەیە. بە گەیینی بەیارەکەی ویستیان ئەم سزایەی بدەن، لە ئەنجامدا وینستۆن بەیاری دەست بەردار بوون لە جولیا دا، لەژێر ئەم مەترسیانە بەیاری خۆشویستنی هەبڕی گورەشیدا.
وینستۆن گووتی: "ئەم بڵێیە بەسەر جولیادا بڵێن! من نا! جولیا! هەرچی لەدەکەن باکم نییە. دەموچاوی ونجونجە بکەن، هەموو جەستەی هەدەن. من نا! جولیا! جولیا! من نا!" (جۆرج ئاروە، ٢٠١٨؛ ل٣٧٦) ئەم بەیارە و هەڵبژاردنەی وینستۆن بە ئەشکەنجەدانی جولیا ئازادیی تێدا نییە و لەژێر ئەشکەنجە بووە، هەروەها جولیاش هەمان شتی بەرامبەر وینستۆن کردبوو لەکاتی سزادانی. دوای ئازادکردنیان هەردووکیان یەکتریان بینییەوە بەڵام ویستی مانەویان نەبوو وەک جاران ئەمەش هەڵبژاردنی خەیان نەبوو بەڵکوو، دەسەڵات بەزەی بەسەریدا سەپاندن.
وینستۆن سمیت، پێشتر ڕقی لە هەبڕی گورە بوو، دوای توانی وابکات خۆشی بوێت ئەمەش دوای ئەهەموو ئازارەی چەشتی لە زیندان. لە کۆتادا هەماناکەدا واهاتووە کە وینستۆن: "بەسەرخۆیدا سەرکەوت. هەبڕی گورەی خۆشویستە" (جۆرج ئاروە، ٢٠١٨؛ ل٣٩٢) هەبێت بەیاردانی خۆشویستنی هەبڕی گورە بەیارەکی ئارزوومەندانە نەبوو، بەڵکوو مەحکوومکرابوو بەوەی دەبێت خۆشی بووێت، واتا هەڵبژاردنەکی تر نەبوو جگە لە خۆشویستنی هەبڕی گورە.

نووسەر لەم هەماندا، دەیەوێت لەسەر زاری کارەکتەرەکانەوە بڵێت:

لە دەوڵەت و دەسەڵاتی تۆتالیتاردا ئازایی لە بێباردان و هەبژارن نییە. لە دۆخێکی وادا مرۆڤەکان ناتوانن خاوەنی هەڵوێست و بڕیاری خۆیان بن، بەکوو بیان هەبژێردراوە و لای ئەوانەوە ئاراستە دەکرێن. هەر ئەمشە وادەکات بڵێین بگشتی لەم ڕەهانەدا، ئازادیی هەبژاردن و بێباردان نییە. بەکوو مەحکووم و وابەستەکراون بە بڕیارەکانی دەسەڵاتی حیزب و دەوڵەتەوە.
ئازادیی خۆشەویستیی: خۆشەویستیی بەبێ ئازادی سەر دەکێشێت بە ململانێ. هەر ئەمڕێ وادەکات سارتەر ئازادیی بکاتە جنچینەی خۆشەویستەکی سەرکەوتوو. ئەو پێی وایە ئەگەر ئازادیی نەبێت خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە دروست نابێت. هەروەها، خۆشەویستی دابڕش دەکاتە سەر دوو جەر یەکەمیان خۆشەیستیی سادیستییانەیە، دووەمیش خۆشەویسکی ماسۆشیانەیە. هەردووکیان لە ئەنجامی خستنە ژێرکاریگەریی و نیگای یەکتر دروست دەبن. بە ئەوەی خۆشەویستی نەکەوێتە ناو ئەم دژواریییەوە، سارتەر ئازادیی لە خۆشەویستیی بە چارەسەر دەزانێت. لەم ڕەهانەدا، چەند جۆرێکی خۆشەویستیی تەدایە، وەک: خۆشەویستییی بە حیزب، سەرەک و وڵات. خۆشەویستییی بە ڕەگەزی بەرامبەر ...تاد. ئەم خۆشەویستیانە هیچیان لە فەزایەکی ئازادانەدا نییە هەربۆیە دەکەونە ململانێ و تەنگژەوە.

خۆشەویستیی نەوان وینستۆن و جولیا خۆشەویستییەکی ئازادانەیە. ئەم دووانە دوای یەکتر ناسین و پەیوەندی بەستن لە دۆخێکی تەواو داپڵۆسێنەردا، خۆشەویستەکی ئازادانە دروست دەکەن. هیچ کامیان ئەویتر ناخاتە ژێر نیگا و هەژموونی ئەویتر، تا کۆتاییش کە لەیکتر دادەبڕن بە شەوێکی وا قسە لەگەڵ یەکتر ناکەن کە قین لە دڵبن بەرامبەر یەکتر. لە یەکەم ڕوانیاندا، دوای تەواوکردنی سێکس، وینستۆن لە جولیا دەپرسێت و ئەویش وەڵام دەداتەوە: "پێشوتر ئەم کارەت کردووە؟
بگومان سەدان جار – یا، بەهەرحاڵ بیست-سی جار.
لەگەڵ ئەندامانی حیزبدا؟
بەڵێ هەموو جارێک لەگەڵ ئەندامانی حیزبدا" (جۆرج ئورڵ، ٢٠١٨؛ ل١٦٤)
دوای درکاندنی ئەم ڕاستییە وینستۆن دێی لە جولیا ناڕەنجێت، چونکە بەمە دەزانێ کە ئەندامانی حیزب لە ناوخۆیاندا لە پێشێلکردنی بنەما حیزبییەکانی خۆیانن. هەر ئەمڕێ واکات وینستۆن دۆخێش بێت و بە جولیا دەڵێت: "گوێ بگرە، چەند پیاو سواری خێت کردبێ، هەندێ زیاترم خۆش دەوێی، تەدەگەی؟" (جۆرج ئورڵ، ٢٠١٨؛ ل١٦٤) بەهەی ئەوەی خۆشەویستییەکیان لەسەر بنەمایەکی ئازادانە و ویستی خۆیان

بوو، یەکتریان نەدەخستە ژێر بەیارەکانی یەکتر و خەیان بەسەر یەکتردا نەدەسەپاند. لە کردار و گوفتارتاندا ئازادیی هەبوو و ڕاستییەکەیان بەیەکتر دەگووت. هەروەها هەکاری سەرکیش کە وینستۆن وای گووت ئەوە بوو، تەگەیشتبوو حیزب دەبێت لە ناوەخێ گەندەڵ بێت و هەرەس بهێنێت.
ئەم دووانە تەنها خۆشەویستییان لە نێوان بوو لەسەر ئەو بنەمایەش هەڵسوکەوتیان لەگەڵ یەکتر دەکرد. نەک لەسەر بنەمای ژن و مێرد یان هەر پەرەنسیپێکی یاسایی یان کۆمەڵایەتیی یاخود دینیی. ئەم ئازادییە لە هەڵبژاردنی خۆشەویسیی بە کەسێک وادەکات بەئاسانیی وازی لێنەهێنی. وینستۆن، لە ئازار و ئەشکەنجەشدا تا توانای هەبوو لە بیری جولیا بوو. خۆشەویستی ئەم دوو کارەکتەرەی ناو ڕۆمانەکە تەواو ئازادانە بوو لە باودەخێکی تەواو نا ئازاد و پێ دسپلیندا، ئەم جۆرە خۆشەوستییە لە نێو ئەم دووکارەکتەرە بەرجەستە بووە.

دەسهەڵات دەیویست هەرچی خۆشەویستییە بە هەڵبەری گەورە و حیزب بێت، بەدەر لەوە جێگەی قبوڵ نەبوو. ئەو خۆشەویستییەی حیزب دەویست بە هەڵبەری گەورە، لە دیدی سارتەردا دەچێتە چوارچێوەی خۆشەویستی سادیستییانە، چونکە ئازادیی لەم خۆشەویستییەدا بوونی نییە. بەکوو بەسەریدا سەپێندراوە. هەر ئەمەیە وادەکا وینستۆن ڕقی لە حیزب و هەڵبەری گەورە بێت. چونکە ئازادییان لە زەوتکردووە. تەنانەت دوای چەندین مانگ لە زیندان و ژێر ئەشکەنجە پێش ئەوەی بیبەن بۆ ژووری ١٠١ لە وەامی ئەبراینداد دەڵێت ڕقم لە هەڵبەری گەورەیە. بەڵام دوای وای لەدەکەن بڕزێر هەڵبەری گەورەی خۆش بووێت. لە کۆتا پەڕەگرافی ڕۆمانەکەدا جۆرج ئۆروێڵ ئاوا وێنای خۆشەویستیی وینستۆن سمیت دەکات بە هەڵبەری گەورە؛ ”چاوی بەیەک سیما دەوئاساکە. چل ساڵی خایاند تا تەگەیشت چ بزەیەک لە ژێر ئەو سمەڵە شەدا شاردراوتەوە. ئای لەو دەپیسییە و ئای لەو ستەمکارییە نا پەویستە! هەی ملهوڕی لەدەست خۆشەویستی سەرهەڵگرتوو! دوو دەڵپ ئەشک کە تەکەڵاوی بەنی جن بوون بەگەنایدا هاتنە خوارە، بەڵام هەموو شتێ لە جێی خۆیدا بوو. ململانێ کۆتایی هات. بەسەر خۆیدا سەرکەوت هەڵبەری گەورەی خۆش ویست.” (جۆرج ئۆروێڵ، ٢٠١٨؛ ل٣٩١-٣٩٢) لە کۆتاییدا حیزب سەرکەوتوو دەبێت لەوەی کە وینستۆن بخاتە ژێر کۆنفی خۆی و هەڵبەری گەورەشی خۆش بوێت. بەڵام ئەمە خۆشەویستکی ئازادانە نییە، بەکوو بەسەردا سەپێندراوە.

دەرئەنجام: لەم ڕۆمانەدا، نووسەر وستوویەتی ئازادیی بکاتە بابەتی سەرکی بەڵام، بە ئازاد بوونی کارەکتەرەکان کۆتایی نایەت. هەر

ئەم وادەکات هەستەکی تەش بینیی و نا ئومێدانە لە تەماندا بدەر بکەوێت لە بەرامبەر دەسەڵاتە ستەمکارەکان. بە گوتەی خودی نووسەر ئەم ئاگادارکردنەوەیە بە مەرەف تاوەکوو پارێزگاریی لە ئازادییەکیان بکەن گەینا تەنگە لە هەرکاتێک بێت دەسەڵات ببێتە دکتاتۆر بەسەر گەلەکیدا. نووسەر لە تەگەی هەردوو کارەکتەرەکە وینستۆن سمیت و جولیا بەرجەستەی خواستی ئازادیی لە مرۆڤدا وێنا دەکات. هەرەها، لاینگرانی حیزب و تەبەری گەورە وەک لەناوبەری ئازادیی و دەسەڵاتەکی تۆتالیتار وێنا دەکات، کە چۆن لە پێناو سەرەک و حیزب ئازادیان نەهێشووە و ژیانێکی دەدەسەریان بە بە گەل دروستکردووە. لە تەگەی دامەزراوەکان و تەکنەلۆژیاوە هەموو خەڵکیان خستۆتە ژێر چاودێری خۆیان.
لەم تەماندا، هەموو شتێک داگیرکراوە و ئازادیی لە دابەاوە. هەر ئەمشە وادەکات کارەکتەرەکان هەست بە ئازادیی نەکەن و هەڵبژاردن و بڕیارەکانیشیان پێویستە بۆ دڵخۆی حیزب درووستیکردووە. ئەو ڕووحە ئازادەی بەدوای هەناسەی ئازادییدا دەگەڕێت، لە کۆتاییدا لەناو دەبرێت. ئەمەش هەڵگری ئەو پەیامەیە کە سیستەمە تۆتالیتارەکان لە دەستی کەسێکی دیکتاتۆردا بێت، هەموو ئازادییەکان لەناو دەبات لەپێناو دەسەڵات و مانەوەی خۆیدا. هەربۆیە، بە ئەوەی مرۆڤ ئازادی لەزەوت نەکرێت دەبە بەرگریی لە ئازادیی بکات، چونکە بوون بەبێ ئازادیی ناتوانێ مانا بە جۆهەری بوونایەتیی خۆی بدات؛ مرۆڤ و ژیان بەبێ ئازادیی لە مانا دەکەون.

ئاسۆس ساڵح

لیستی سەرچاوەکان:

_ جۆرج ئۆروێڵ، ١٩٨٤، و: حەکیم کاکەوەیسی، چاپی سێیەم ٢٠١٨، چاپخانەی ئەندێشە.
_ ت. ز. لاڤین، لە سوقراتەوە تا سارتەر، و: ئارام مەحمود ئەحمەد، فەلسەفە بە هەمووان، چاپی یەکەم ٢٠١٧، چاپخانەی حەمدی.
_ مهیرداد میهرین، قوتابخانە فەلسەفییەکان، و: سیدە داود عەلی، چاپی یەکەم ٢٠٠٩، چاپەمەنی گەنج / سلێمانی.
_ کەمەڵێک نووسەر، بووڵگرایی تەبازێکی فکری و فەلسەفی، و: کەمەڵێک وەرگێر، سالی چاپی یەکەم ٢٠١٦، چاپخانەی سەردەم _ سلێمانی
_ مەریس کرانستۆن، سارتەر لە نێوان فەلسەفە و ئەدەبدا، و: سامان عەلی حامید، چاپی یەکەم ٢٠٠٨، چاپەمەنی گەنج / سلێمانی.

ئەم لە بریتانیا لەبردەم جەنگی هەمە جۆردایەن ... زاهیر باهیر

مەترسی کۆرنا بە ئەم سۆردەمەی ئیستا کەسێردەمی پشکۆوتوترین تەکنەلۆجیا و زانستە ، مەترسیەکی یەکجار گەورەیە و هیچ کەسکمان چاوەوانمان نەدەکرد کە بەم شێوەیە یەخمان بگرێت. ئابووریمان داماڵنێت، ژیانمان لەهەراسان بکات ، خوشەویسستمانمان لەببات ، پەیوەندی کەماڵایەتیمان کەتا بکات، بەوا و متمانەمان بە خەمان و بە زانستیش ئاوا لەق بکات.
هەوداوەکان بە پەلە دەن و دڕێن، بەیارەکانیش لەوان بە پەلەتر دەدڕن، ترس و نیگەرانی خڕاپکیش خراپتر کارایی خەیان دادەنێن، ژیانمان بارگران دەکەن، دەروونمان شێواوتر دەکەن.
ئەم لە بریتانیا نەك هەر لەبەردەم جەنگی هەوبەهووبۆونەوەی کۆرۆنادایین، بەڵکو لەبەردەم جەنگی سایکۆلۆجی حکومەتیشدایین، کە بەردەوام لە دەماندنی هەمانەی پێ لە ترساندنی خەڵکی و دڕێاوکێدایە. هاوکاتیش لەبەردەم جەنگی بژێوی و ماڵوماندایین، گەر کار وەکو ئەم هەفتەیە بەوات و کەمپەینی ترساندنی خەڵکی هەر بەردەوامبێت، بە تایبەت لە لەندەن دەبینین خەڵکی لەبەر بە نانیی، بە بەوونی کۆرسەی پەداویستیی بە هەموو چەشنەکانییەوە، بەدیارچاومانەوە، دەمرن. ئای کە سۆیەکی سەختە، ئای کە دیمەنکی لە یاد نەچوو و هاوکات خەمناکە.
ئەوەی کە زیاتر کارایی دەروونیی و نیگەرانیی تاك و کەماڵایەتی دروستکردووە، خودی هاتنی کۆرنا نییە ، بەڵکو هەنگاوەکانی حکومەتە کە دەینێت، گفتار و کردار و بەیارەکانێتی کە دەیدات، کە کەمپەینی بەردەوامی تێقاندنە. بەمەش کە دەیکات تا ئێستا دوو دەستکەوتی بەدەستهێناوە: توانیوێتی کەنترۆڵی خەڵکی بکات ، هەروەها خەڵکی وابەستە بە دەوڵەت بکات.
'تەنی بڵێن' کەنە پەڵەمانتاری بریتانیا و چەپ و سۆشیالیستی بەناوبانگی ئەم وەاتە لە یەکەك لەو 10 خاڵە گرنگەی کە وتوونی، ئەم یەکەکیانە" " وا تێدەفکرم کە دوو ڕێگا هەیە کە خەڵکی پێ

کەنترۆڵکردن، یەکەمیان تۆقاندن و ترساندنی خەڵکییە ، دووەمیان، تەشکاندن یاخود وەرنەگرتنیان".
لە ئاستیدا ئەم تۆقێنراوین و ئەم تۆقینەش سەرئەنجام تەکماندەشکێنێ و دوای کارەساتی گەرنا گەر بەخەماندا نایەنەوە، دەبێت شوکرانەبژێری دەوڵەت و خاوەنکاربین و بە هەموو شتێك ئازیبین هەر لە کرێ و موچەی کەمەوە، کەمبوونەوەی مافەکان و ئازادییەکانمان و مەرج و بەندی خراپی سەرکارمان تا دێگاتە زەری تر.
نکۆی لەوە ناکرێت کە ڤایرەسی کەرنا لە دوای سەردەمی جەنگی جیهانی دووەمەوە مەترسیدارترین ڤایرەسە. ئەوەشی کە وای لێکردووە لە بریتانیا مەترسیدار بێت ئەوەیە کە 10 ساڵ زیاترە حکومەتی موحافیزین بە بیانوی قەیرانی ئابووریەوە کە وەکو پاساوێکی سیاسیی، سیاسەتی دەستگرتنەویان [تەقەشوف] بەسەرمان سەپاندوە. ئەمەش کارایی خراپی لەسەر بەشی تەندروستی ئەم وڵاتە بە خراپی دروستکردووە، هەر لە تەرخاننەکردنی پارەی تەواو و بەتایبەتیکردنی هەندێك لە بەشەکانی لە کەرتی دەوڵەتییەوە و ڕێگادان بە دکتۆر باشکان کە نیوەکار کاربکەن و نیوەی دیکە لە کلنیکە یا خەستەخانە ئەهلییەکانا، بەی نەخشەی زەر کە بەشێکی بەهەی نەدارایی و نەبوونی پارەی تەواو بە خەپاراستن لە سەرما و گەرما و تد تا ڕادەی گەیینی یاسای بەشی تەندروستی کە لەتێك ستاندەری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانا نایەتەوە. لەمانەش زیاتر هاتنەدەرەوەمان لە یەکەتەی ئەورپا کە دەڵاوکێیەکەی زەری بە دکتۆر و نەرس و کارمەندەکانی تەری کە لە وڵاتانی دیکەی ئەروپاوە هاتوون، دروستکرد زەربەیان ناچارکران کە بەجەمانبهێن و بچنەوە بە وڵاتانی خەیان. ئەمانە هەمووی وای کرد کە ئەە نوقسانی 50 هەزار نەرس و 5 هەزار دکتۆرمان لە بەشی تەندروستیدا، لە ئێستادا هەیە.
بەم جۆرە بەشی تەندروستی لەرە نە ئامادەکاری و نە دەرمانی تەوا و نە قەرەوێڵەی کافی و نە ئامراز و جیهازەکانی کە لە ئێستادا زەروورن ، هیچیانی نییە. ئەمە جگە لەوەشی کە تا ئێستاش دکتۆر و نەرس و کارمەند و کرێکارانی پاکگرەوەی بیناکان کە بەڕی پشەوەی ئەم جەنگەن پشکنینی [تست] ئەم پەتایەیان بە نەکراوە. ئەمەش تاوانێ کە کاتێك دکتۆرێك ، نەرسێك چارەسەری تووشبووان دەکات کەچی خەی لە هەبوونی ئەو پەتایە دنیا نەبێت!! لە دەڵاوکێ و نەبوونی متمانە بەخەیدا، بێت.
هەکاری نەپشکنینیش تەنها بەی پایە کەهەر پشکنینێك 20 پاوەندی تێدەچێت. ئەمەش بە دەوری خەی بواری دروستکردنی پارەیەکی خەیاڵی بە کلینەك و خەستەخانە ئەهلییەکان ەخسانەدوە، کە ئەوان ئەم

هەڵیان قەستەتوە کە لە بەرانبەر 250 پاوەند تا 370 پاوەند ئەوان ئەم پشکنینە دەکەن.
ئەمە بە لەوی تا ئادیەك لە دونیە ، 21/03 ، ژیانیان لە لەندەندا وەستاندووە بە داخستنی بار و نادی و کافی شپ و چێشتخانە و سینەما و شانۆ و یانەکانی وەرزشکردن و مەڵکردن و تد . ئەوە ئاستە کە دەوڵەت پڕە، 20/03 ، بریاری دا ئەوانەی کە لەو بەشانەدا کاردەکەن لە سەدا 80 موچەکەیان وەردەگرن کە خودی ئەمەش ئینگلیز پێی دەڵێت، Pay cut ، واتە موچە/کرێ بەین بە ئەژی لە سەدا 20 کە لە کاتێکدا کرێکاران و هەژاران هیچ ئەڵکیان لە ووەدانی ئەم ئافاتەدا، نەبووە.
هاوکاتیش لەم بڕیارەی حکومەتدا شتێکی بە ئەوانەی کە بە بە عەقد کار دەکەن [زیادە کۆنتراکت] کە زیاترن لە 600 هەزار، هەروەها ئەوانەی کە بزنسی بچوک یاخود کار بەخێیان دەکەن، تەدا نییە ئەمە جگە لە بارودۆخی زیاتر لە 5 ملیۆن خانەنشینکرا و زیاتر لە 3 ملیۆن منداڵ کە لە هەڵی برسێتیدا دەژین.
ئەو بڕیارە کە دەوڵەت دونیە دای لەبەر چاوی کاڵی کرێکاران نەبوو بەڵکو لەبەر دانەمانی ئابووریی بوو کە یارمەتی خاوەنکار و خاوەنکارگەو کەمپانیاکانی دا. چونکە گەر هەموو ئەم کرێکارانە بە پارە و موچە بچنەوە ماڵەوە ناتوانن بژین و دواتر زەمینە بە هاتنە سەر شەقامی خەڵکی و تێکشکاندنی هەرچی هەیە لە بینای دەوڵەتی و کەمپانیا و بانق و بوغازی گەورەی خواردن و کەلەوپەل و بردنی هەرچی تیادا بێت، کە لەم زروفەدا زەر ئەستەم دەبێت بە دەوڵەت کە بتوانێت ئاسایش بە ناو شار بگەڕێتەوە و هاوکاتیش مولزەم دەبێت بە قەرەبووکردنەوە.
هەرچی بزنسە زەرەر ناکات ئەنگە قازانج و سوود بێتە خوارەوە بەڵام ئەوتا دەوڵەت 330 ملیار دۆلاری بە تەخانکردون، باجی لەسەر هەڵپەساردوون ، بەڵك پارەی کرێکارەکانیان بە دەدات، خەشیان لە دائیرەی تەئمین شتێك پارە وەردەگرنەوە.
لە نانی ئەم هەنگاوەدا حکومەتیش بە ئەڵی خێی قازانج دەکات هەم بزنس و هەم بەڵك لە کرێکارانیش رازیدەکات و خێی شیریندەکات و هەڵبژاردنی داهاتووش مسۆگەر دەکات. لە لایەکی دیکەشەوە کار لەسەر دابینی پێیوەندی خەڵکی دەکات کە بە هەچ شێوەیێك نەچنە دەرەوە و لە ماڵەوە بن مسۆگەر کاری یەکجار زەرووریان هەبێت، ئەمەشی ئاوا ترساندووە کە گەر دراوسێیەکت پێویستی بە یارمەتی تە بێت ، نە هەموو کەسێك ئامادەیە بچێت بە دەمیەوە نە هەموو دراوسێیەکیش متمانە بە یارمەتیدەرانی دەکات لە ترسی قایرەسکە، نەبا بێی بەریت .

لەمانەش ترسناکتر ، کە رەنگە لە هەفتەی داهاتوو بێت، قەدەخەکردنی خەکییە هەر لەژێر بیانوی کەمکردنەوەی مەترسیی ڤایرەسەکە و یارمەتی دانی بەشی تەندروستی. کە خەکی ناچار بیگرێتە بەر چونکە ئەمان زەمینەسازییان هەفتەیەکە بە ئەمە کردووە بە وتنی ئەوەی کە ئەم دەردە تاکو بەهاری سالی ئایندە دەخایەنێت ، 4 کەس لە 5 کەسی ئەم وڵاتە تووشی دەبن کە بە هێڵەی سەدی لە سەدا 80 ی دانیشتوانی بریتانی، لە 5 کەس 4 کەس بە ژمارەش 7.9 ملیۆنیان داخەی خەستەخانە دەبن، ئەگەریی ئەوە هەیە ژمارەی قوربانییان لە نێوانی 318،660 و 531،100 کەس بن. ئایا شتێکی دیکە دەمێنیت کە لەمە زیاتر نیگەرانت بکات، بتترسێنێت، بە وورەت بکات ئادەستی تەنهایی و بە چارەیی و بە کەسییی بە ئومێدیت بکات؟
ئەوەی کە دەوڵەت هەوڵی بە نەداوە، بچوکترین ئامادەکارییی بووە لە بەرانبەر ئەم پەتایەدا کە 3 مانگە لە ئارادایە : لەوانە هیچ جۆرە سوودێکی لە ئەزمون و توێژینەوە و زانیارییەکانی چین وەرنەگرت، تا ئێستا دەماسك و دەسکەش بە کارمەندانی خەستەخانە نییە، دەرمانی تەواو نییە، ماشێنی یارمەتیدانی ژیانەوەی سییەکان کەم، پێشوەخت کۆنتراکتێك لە تەك هەندێك ئوتێلدا نەکراوە بە کردنی بەشکیان بە خەستەخانە گەر پێویستی کرد ، یارمەتی شارەوانییەکان بە بڕێکی زیاتر پارە نەکراوە کە ئەوان یارمەتی کەسانی پێکەوتە و پیر و منداڵان کە پێویستیان بە پێداویستی تەواو هەیە…تاکو شتێك ئەرك لەسەر خەستەخانەکان، کەمبێتەوە . لە مانەش گرنگتر لە 3 ساڵی ڕابووردووە 50 هەزار نەرس و 5،500 دکتۆر خانەنشینکراون و یاخود کاریان لە بەر فشار و باری تەندروستییان بەجێهێڵاوە ، حکومەت لە دوێنێوە، 21/03 وە داوایان لێدەکات کە بگەڕێنەوە " بەشی تەندروستی پێویستی پێتانە" . کاتێك کە ئەمانە نەکراون کەچی هێشتا بە ئابڕوانە لەبری هێنانەوەی پێزش و بڕێندان بە کردنی هەموو شتێك و دەنەواییکردنمان ، دێن دەمان تەقێنن تاکو تەمانبشکێنن .
سەرەڕای ئەمانەش، ئەمە لەژێر هەڕەشەی نەبوونیشداین، نەبوونی نان و سۆزە و میوە و وشکەداین، گەلێك لە سوپەرمارکێتەکان ڕەفەکانیان بەتاڵە ئەوەشی کە هەیە بڕێك دانراوە کە ناتوانیت لەوە زیاتر بکڕیت، شیر و پەنیر و گۆشت و ماسی و هەندێك خواردنی دیکە لە قەیراندان. لەو لاشەوە کۆگەوانەکان و خاوەنکۆگەکان باڕیا لە هەستاوە کە دەرەقەتی بازاڕ نایەن بە هەی ئەو تەفان و زریانەی کە ئەمساڵ بووە ئێستاش بە هەی کەرەناوە کە لە وەرزی بەرهەم ڕنین و کەکردنەوەیدا هاتنی 60 هەزار کرێکار لە وڵاتەکانی دیکەوە، لەدەستدەدەن. هەر بە گوترەی ڕاپرتێکی دیکە، کۆگەکان زیاتر لە 80 هەزار کرێکاریان دەوێت ئەمانە لە کوێوە بهێنن؟!! بەیە لاتان

سەیر نەبێت کە کەمپەینی کێمگەوان و خاوەنکێمگەکان داوا لە دەوڵەت دەکەن کە " سوپای زەویپان" بە بنەڕەت ، واتە سەرباز بنێرن بۆ کارکردن لە زەویپەکان.
جگە لەوەی سەرەوش بەهۆی سیاسەتی ئابووری لیبراڵ و بازاڕ و گۆڕەپانی گەینی کەش و هەواوە لە بریتانیا ساڵ بەسەر بەرهەمی کشتیاری و کێمگەکانی ئێرە لە کەمبوونەوەدا دەبێت. لەم بارەشدا بازاڕ متمانە دەکاتە سەر بەرووبوومی هاوردە لە وڵاتانی وەکو ئیسپانیا و یۆنان و تورکیا و ئەفریقاوە ئەمەش بە هۆی دەردی کەرناوە گرفتکی گەورەی دروستکردووە کە ئێستا بەشێك لەو وڵاتانە یا خێیان توشی ئەو دەردە بوون یاخود لە چاوەڕوانیی هاتنی ئەو ئافاتەدان.

زاهیر باهیر
22/03/2021
Zaherbaher.com

ناساندنێک بە هەمانی کۆتنی ئاسمانێکان … هەشیارجەمال

ئەم هەمانەی نووسەر و هەمانووس (جەبار جەمال غەریب) یەکێکە لە هەمانە هەرجوانکانی ناو ئەدەبی کوردی.

ساتەوەختی هوودواوکان دەگەڕێتەوە بە سەردەمی یەکێک لە جەنگە دیارەکانی ناوچەکە، ئەویش جەنگی ٨ ساڵەی نێوان عەراق و ئێرانە. کەمن نامەوێت قسە لەسەرکەی هوودواوکانی ناو هەمانەکە بکەم و بەخوێنەری بەجێ دەهێڵم.
نووسەر زەر وەرد کاری لەسەر ئەوە کردوە کە چۆن ئەم جەنگە لە هوکەشدا و بەپێی گەانەوەی مێژوو تەنها باس لە ژمارەی قوربانی و جەری جەنگ و ساڵانی شەڕ و هەی زلهێزکان دەکرێت، بەڵام جەبار جەمال غەریب لەم هەمانەدا بەزمانێکی ئەدەبی کاری لەسەر ئازارەکانی جەستە و دەروونی مرۆڤکان کردووە کە چۆن جەنگ ژیانی لە تەکداوە. خەزانەکانیان پەرتەوازە بوون و لەبەر یەک هەوەشاونەتەوە.

بەشکی زۆری شوێنی ووداوەکان شاری سلێمانیە لە باشوری کوردستان کە نووسەر وەک جوگرافی ناسک ناوی زۆربەی گۆڕەکان دەهێنێت. سەرباری ئەوەی کرۆکی ئەمانەکە جەنگ و کاریگەریەکانی جەنگ، بەڵام باسی دیارکانی ئەم شارە دەکات وەک جیاواز لەشارەکانی تر کە گرنگترینیان دیاردەی شەهیدگرتنەکە لە نێوان گەنجەکانی شارەکەدا. لەرەوە تێدەگەین کە ئەمەی تاکی کورد چەند لەبازنەیەکی دیاریکراودا بیردەکەینەوە. ئەم دەخی شاری ئاشنبیری بووە کە گەنجەکانی ئەو کات زۆربەیان کاریگەر بوون بە ئایدیا نوێکانی ئەو کات وەک چەپ و ناسیۆنالیست و حیزبەکوردیەکان کە ئەو دەمە لەشاخ بوون.

ئەم گەنجانە لەبری ئەوەی کەی ئاشنبیری و کتێب چالاکی ئۆژانەیان بێت، بەشکی ژیانیان بە شەڕ گەرمک بەسەر بردووە!

عوسمانییەکان و مێژوویەک لە تاوان و بەدبەختیان ... رزگار شوان

گەر بە مێژووی دەوڵەتی عوسمانی ئیمپریالیزم و بە مێژووی سوپای دەندەی تورکیادا بچینەوە، ئەو راستیەمان بۆ دەردەکەوێت، کە دەوڵەتی عوسمانی لە دروستبوونیەوە تا رووخاندنی، لەسەر بنەمای کوشتن و سەربڕین و خۆنەشتنی بێتاوانان و داگیرکردن و سووتاندن و ڕانکردن و دزی و تاڵانیکردن و دەستڕێژی و لاقەکردنی کچان و ژنان و بێناوکردنەوەی تەرس و تۆقاندن و بە دەربەدەرکردن و بە ڕاگواستنەوەی زۆرەملێی خەڵکی ڕەسەنی ئەو شار و وڵات و شوێنانەی کە داگیریان دەکردن، دروست بوونە.
دەوڵەتی عوسمانی یەکەمین دەوڵەتی تیرۆریستیە لە جیهاندا. داعشی تیرۆریستیش کە لە لایەن تورکیا و قەتەرەوە دروست کرا، درێژیان بە هەمان بەدەوشتی و بە کردەوە قێزەون و تاوانکانی دەوڵەتی عوسمانی دەدا.. خوێنەشتن و سەربڕین و دەستڕێژی و بەدەوشتی و دزی و تاڵانیکردن و بێناوکردنەوەی ترس و تۆقاندن لەوانەوە فێربوون.
دروشمی عوسمانییەکان ئەمە بوو (بسووتێنە، تاڵانکە، وەرانکە،

رابـویرە، بکـوژە) هەر شـار و وڵاتێکیـان داگیربکـردایە، بە چاوشکانـدنی خەڵکیـەکەی و بەـاوکردنەوەی تـرس و تۆقانـدان، بە هەزاران کەسی سڤیل و بێتاوانیان دەکوشت، تەنانەت دەستیان لە منداڵانی نەوە لانکیش نەدەپاراست. دەستڕێژیان دەکردە سەر کچان و ژنان، ئینجا ئەو وڵاتانەیان تاڵان دەکردن و وێرانیان دەکردن.. سووکایەتییان بە خەڵکەکەی دەکرد و بە چاوێکی زڕ سووکیشەوە لێیان دەڕوانین. بەشێکی زۆریشیان بە زۆرداری دەربەدەر دەکردن.
ئەم بەدڕەوشتی و بێڕەوشتی و نامەردی و تاوانە قێزەونانە تا ئەمڕۆش سوپای دوندە و ڕەگەزپەرست و خوێنڕێژی تورکیا درێژەی پێدەدەن.. چونکە ئەو خەسڵەت تاوانانە و کارە قێزەونانە بوونە بەشێک لە کەلتووری بەگانیان و بە بەشێک لە ئایدۆلۆژیای ڕەگەزپەرستی و دەمارگیریان.. تەرانیەکان تا ئەمڕۆش جگە لە تورک دان بە بوونی هیچ نەتەوەیەکی تردا نانێن و بە شایەنی ماف و ژیان و مانیان نازانن.. بە داخەوە کە نەوەکانی ئەمڕۆشیان بە هەمان ئایدیا و کولتووری بەگێن گەش و پەروەردە دەکەن. ئەمەش بەیارمەتی فەرمی کەمالە ئەتاتورکی ڕەگەزپەرستی گوبەگۆ بوو، کە لە ساڵی (١٩٢٣) دا، کەماری تورکیای فاشستی ڕاگەیاندا، ئەو بەیارە ڕەگەزپەرستییەشی دەرکرد، کە لە تورکیادا، جگە لە تورک هیچ نەتەوەیەکی تر بوونیان نییە، سەرکردە یەک لە دوای یەکەکانی تورکیا، تا دەگاتە ئەردۆگانی ڕەگەزپەرستیش، لەسەر هەمان ئەو ئایدیە بەگانە ڕەگەزپەرستییەی ئەتاتوک ڕوشتوون و دەڵێن و جگە لە تورک دان بە هیچ نەتەوەیەکی تردا نانێن و نانێن.. دیانەوێت نەتەوەکانی تر ژینوسایدبکەن یان لە بەتەی نەتەوەی تورکدا بیان تواننەوە.. بە هەناردەی ئەم نیازە گەورەیان
کەمڕەکوژیان لە ئەرمەنیەکان و لە ئەمەی کورد و لە یۆنانیەکان و لە ئاشووریەکان کردن. هەوڵی تێرکردنی زمان و کولتوور و داب و نەریت و بەهاکانی ئەم گەلانیان دا و دەدەن.. ئەمەش درێژە بە هەمان سیاسەت و ئایدیای ڕەگەزپەرستی دەدەن.
بە داخیشەوە کە نەوەکانیشیان، بە ڕەگەزپەرستی و تووندڕەوی و دەمارگیری کوردانە و بە رقی ڕەش و بە دژایەتی کردنی نەتەوەکانی تر، بە تایبەتیش دژایەتیکردنی نەتەوەی کورد گەش و پەروەردەیان دەکەن و رایان دەهەنن.
سەرتاپای مێژووی دەوڵەتی عوسمانی، میژوویەکی بەگانە پڕ لە خوێنڕشتن و کوشتن و وێرانکردن و تاڵانیکرن و بێڕەوشتی و دەستدرێژی و نامەردی و تاوانی قێزەونن. ماوەی حوکمانی عوسمانیەکان، پڕ یەکی ڕەش و قێزەون و شەرمەزاری تا هەتایە بە تەوەڵی عوسمانیەکان و بە تورکیای میراتگریانەوە، لە ئەتاتورکی

ڕۆژپەرستی گەورەبۆگەیشتوە تا دەگاتە ئەردۆگانی سیکۆپاتییەو..
ئەوەی کە پێی دەڵین مرۆڤایەتی و ڕەوشت و بەزەیی، لای عوسمانییەکان
و لای سوپای تورکیادا بوونیان نەبووە و نین.
باسکردن لە کوشتن و لە تاوان و لە کارە قێزەونەکانی دەوڵەتی
عوسمانی کە بەرانبەر بە گەلانی، ئەرمەنی و یۆنانی و عەرەب و کورد
و ڕەم و ئاشووریەکان ئەنجامیان داون، هێندە زەرن، باسکردن لەیان
بە دڵیان پەرتووکیش کەتاییان نایەت.. گەرچی تا ئێستا، چەندین
پەرتووک لە بارەی تاوانکانیانەوە دەرچوون، بەڵام هێشتا زەر
کەمن.
ئەمە لەم نووسینەماندا، بە کورتی و بە چڕی، وەکو نموونە، ئاماژە
بە هەندە لە تاوان و کارە بەدڕەوشتی و قێزەونەکانی سوڵتان و پاشا
و سەپای دەندەی تورکیا دەدەین:
لە کەشکەکانی سوڵتانکانی عوسمانیدا، لە ئیستانبوڵ، پێبوون لە
کەنیزەی جوان و لە خزمەتکار و لە کەیلە.. رابواردنی
سوڵتانەکانکان لەگەڵ کەنیزەکاندا، کارێکی قێزەونی بە ئاشکرا
بوو، باو و بەاوبوو لە نەویاندا. لە کەشکی سوڵتانەکاندا گەورە
فەرمانبەرێک هەبوو بە ناوی (ئاغای خەسانەدن) کە لە دوای
سوڵتانەوە، پلەگە و پایە سێیەمی هەبوو. ئاغای خەساندن، بەرپرس بوو
لە خەساندنی هەموو پیاوە خزمەتکارەکانی نەو کەشکی سوڵتانی..
ئەمەش تاوانێکی سەکسی بوو دەرهەق بە کەسانێکی بەتاوان و
بەدەرەتان.
خاتوو (مای دی تووروک) خەزانی خدەوی میسر، عەباس حیلمی
دووەم، لە بیرەوەرییەکانیدا دەگێڕێتەوە و دەڵێت:" لە کەشکی
سوڵتانەکاندا، دەستدرێژیکردن و لاقەکردنی کەنیزەکان بەبێ شەرم و
بە ئاشکرا ئەنجام دەدران، کە نیزەکان کە دووگیان دەبوون دەبوایە
منداڵەکانیان لەباربەبردنایە" بە جیاکردنەوەی ژنانی سوڵتانەکانیش
لە کەنیزەکان، دەبوایە کەنیزەکان باپاپەشیان (بە عەبایەکی ڕەش)
یان بپەشیایە.

ئەو شازادە ئەرمەنییە، گەلێ شتی تری بەدڕەوشتی لەبارەی
سوڵتانەکانی عوسمانییەکان دەگێڕێتەوە، کە لەنەو کەشکی سوڵتانیدا
ڕوویان داون، بە نموونە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "سوڵتان ئیبراهیمی
یەکەم، لەگەڵ وەزیرەکانیدا زەر جار گەشتی ناو شاریان دەکرد،
ڕۆژێکیان لەگەڵ پاسەوانەکانیدا، گەشتێکی نیو شار دەکات، چاوی بە
ژنێکی قەڵەوی جوان دەکەوێت و پێی سەرسام دەبێت، کە دەگەڕێنەوە بە
کەشک، بە پاسەوانەکانی دەڵێت، بە زووترین کات ئەو ژنە قەڵەوە
بدزنەوە و بۆمی بهێنن. پاسەوانەکانی دوای گەڕانێکی زەر

دەیدەزنەوە و دەیهێنن بۆ کەشک. سوڵتان لە خۆی نزیکی دەکاتەوە، ئامۆژگاری دەبێتە هۆی ئیرەیی بردنی ژنەکانی سوڵتان. سوڵتان ئەوارە خوانەخواستی رەکەدخات و بانگی ژنەکانیشی دەکات.. لە کاتی نانخواردندا، بە پاسەوانەکانی دەڵێت: هەموو ژنەکانم بەرن و لە ناویان بدەن و نەیان بینمەوە، ئەم ژنە قەڵەو بەسە و مەستی ئارەزووکانم دەکات"

لە ساڵی (١٩١٤ــ١٩٢٢) کە سوپای عوسمانی، لە ئیستانبوڵ و لە ئەزمیر و لە چەند شارێکی تر و لە یۆنانداندا، دەستیان بە کۆمەکوژی و سەربڕینی کریستیانە یۆنانییەکان کرد، لە پێشا بە تەواوی تاڵانیان کردن، زیاتر لە (٧٥٠) هەزار پیاو و ژن و منداڵیان لە کوشتن، لاقەی کچان و ژنیان کردن، بەشێکی زۆر لە کچان و ژنانی یۆنانی، مردنیان پێ باشتر بوو، لەوەی کە سوپای عوسمانی دەستدرێژیان بکەن، خۆیان فڕێدایە نێو دەریاوە، یا لەسەر گرد و چیا بەرزەکانەوە خۆیان هەڵدایە خوارەوە و خۆیان کوشت، تا ئەمەش شاخێکی بەرز لە (ئەسینا) ی پایتەختی یۆنانداندا، وەکو بیرەوەرییەکی رەش و قەزەوەن بە بەڵاوشتییەکانی سوپای عوسمانییەکان، سەردانی ئەم شاخە دەکەن، کە بە سەدان کچان و ژنانی یۆنانی خۆیان لەم شاخەوە هەڵدایە خوارەوە و خۆیان کوشت. بۆچی عوسمانییەکان یۆنانییەکانیان کۆمەکوژی کردن؟ یەکەم لەبەر ئەوەی کە تورک نەبوون و یۆنانی بوون و خاکی ڕەسەنی ئەو وڵاتە بوون، دووەمیش لەبەر ئەوەی کە موسڵمان نەبوون و کریستیان بوون.. عوسمانییەکان بەوشێوە نەوەستان، چەندین شوێنی پیرۆزی ئاینی و کولتووری و مێژووی یۆنانییەکان هەبوون، لە دوای دزین و تاڵانکردنی شتومەکەکانیان، هەر هەمووییانیان ڕووخاندن.. تەنانەت مزگەوتی ئەستای (سوڵتان ئەحمەد) لە ئیستانبوڵ، لە پێشا کڵێسایەکی یۆنانییەکان بوو، ڕمانیان و ئەو مزگەوتیان لە شوێنی دروستکرد. عوسمانییەکان، پێشتریش زنجیرە تاوانی دەندانەی تریان لە دژی یۆنانییەکان ئەنجامەدان و بە هەزاران کەسی سڤیلیان لێیان کوشت.

لە ساڵی (١٥١٦) دا، لە ڕۆژئاوای کوردستان بە تایبەتیش لە شاری (حەڵەب) دا، زیاتر لە (٩٠) هەزار پیاویان کوشتن و سەربڕین، دەستدرێژیان کردە سەر ژنانیش.. بازاڕ و سامانیشیان دزین و تاڵانیان کردن.. بە زۆریش قوربانییەکان لە(عەڵەویەکان) بوون، کە کوردن، ئەم کۆمەکوژییەی حەڵەب بە (سەربڕینی گرد) ناودەبرێت، چونکە سوپای دەندەی عوسمانی سەری سەربڕاوەکانیان کۆکردەوە و لەسەریەک کۆمەکیان کردن، شێوەی گردێکیان لە پێکهێنان.. ئامۆژگاری بە چاوشکاندن و ترس و تۆقاندنی خەڵکییەکە

بـــوو.
هەر لە ساڵی (١٥١٦) دا، سوپای عـــوسمانی، لە شاری (قـاهیرە) ی پایتەختی میسردا، زیاتر لە (١٠) پیاو و ژن و منداڵیان کوشت و دەستدرێژیان بۆ سەر کچان و ژنان کرد.
دکتۆر (جمال الغيطاني) میسری، باس لە داگیرکردنی میسر لە لایەن عـوسمانییەکانەوە دەکات و دەڵێت:"ژیانی مرۆڤ هیچ نرخێکی نەبوو، سوپای ئینکشاری عوسمانی، هەر ساتێک هەر کەسێکیان بویستایە دەیان کوشت، هەر ئافرەتێکیان بویستایە دەیان برد و بە ئاشکرا لاقەیان دەکرد، تەنانەت گەر لە نەو مزگەوتیش بوایە"
لە ساڵی (١٨٤٢) دا، کە عـــوسمانییەکان شاری (کەربـــەلا) یـان لە عـەراقیان داگیرکرد، زیاتر لە (١٠) هەزار ژن و پیاویان لە کەربەلا کوشت و لاقەی کچان و ژنانیان کردن.
لە ساڵی (١٩١٥) دا، (فەخری پاشا) شاری (مەدینە) ی سعـوودیی کرد مەڵگایەکی سەربازی عوسمانی و (مزگـەوتی پێغـەمبەر) یشیان کرد بارەگایەکی سەربازی، دوای ئەوەی کە چی کەل وپەل و شتی بەنرخ و بەڵگەنامەی مێژوویی تێدابوو، تاڵانیان کردن. دەستدرێژیشیان کرد سەر کچان و ژنانیان. بە زەرملەش بەشێکی زەری خەڵکی شاری مەدینەیان راگواستەوە و لە شار دەریانیان کردن.
لە ساڵی (٢٠١٨) دا، لە سعوودییەدا، فیلمێکی دیکەمێنتاریان لە بارەی تاوانکانی دەوڵەتی عوسمانی کە دەرهـەق بە عـەرەبەکانی ناوچەی حیجاز ئەنجامیان دان.
لە (٢٤ی/ ئەپریـــل /١٩١٥) دا شاڵـــاوە گەورەکەی ژینوسایـــدکردنی ئەرمەنییەکان دەستی پێکرد، کە تا ئەمڕۆش بە گەورەترین تاوانی کەمێکوژی مرۆڤ لە جیهانـدا دادەنرێ. پێشتریش زنجیرەیەک تاوانی تریـــان بەرانبەر بە ئەرمەنییەکان ئەنجام دابـــوون. عوسمانییە رەگەزپەرستەکان، کەمێـــک بوختـــان و تـــاوانی بە بنەمایـــان بە ئەرمەنییەکانە هەبەست کە خەڵکی رەسەنی ناوچەکە بوون بە ناپاکی و بە (تـــاوانی جوداخـــوازی) کە گەورەتریـــن تـــاوان بـــوو بە لای عوسمانییەکانەوە، ئەرمەنییەکانیان تاوانبار کردن، بە (کافـریش) ناویان بردن، بەڵام ئەم تاوانانە لە راستییەوە زەر دوورببوون و مەهانیان پێگـرتن.. هەموو تاوانکیان ئەوەبوو، کە تورک نەبوون و ئەرمەنی بوون، لە تورک رەشنبیرتر و شارستانی تر و زاناتر بوون.. لە پێشا چ رەشنبیر و نووسەر و ئەدیب و زانای ئەرمەنییەکان هەبوون هەمووییان گـــرتن.. سەریانیان بـــڕین یا لە سێدارەیان دان یا رادەیەکی زەری (مەرفـین) یان دەکردە گیانیانەوە و ژەهـراویان دەکردن، دەمردن. دواتر لەشکرێکی تایبەتیان بە ناوی (تیپەکانی حەمیدی) یەوە پێکهێنا، کە بە تایبەتی ئەرکی کوشتن و سەربڕین و لە

سەدارەدان و دەستدرێژی و بە زەر راگواستنەوەی ئەرمەنییەکانیان پەسپەرا بوو.
ئەم کەمەکەوژی و رەشکەوژییەی ئەرمەنییەکان لە لایەن عوسمانییەکانەوە، بە چەند ناوەک ناودەبرێت وەکو: (دەزخی ئەرمەنییەکان) و (تاوانی گەورە) و (قەسبخانەی ئەرمەنییەکان).. کە (ملیۆن و نیوەک) ئەرمەنییان بە دڕندەترین و نامەردترین شێوە، کوشت.. سوپای بەربڵاوشت و نامەردی عوسمانییەکان، بە بەرچاوی مەرد و باوک و کوڕ و براوە، دەستڕێژیان دەکردە سەر کچان و ژنانی ئەرمەنی و لاقەیان دەکردن، تانەت لاقەی کچانی تەمەن نە سانیشیان دەکرد.. دواتر رووتیانیان دەکردنەوە و هەڵیانیان دەواسین و لە سەدارەیان دەدان، یا بە شمشێر سەریان دەپەراندن.. لە دواییشدا هەموو پیاوەکان و کوڕەکانیان دەکوشتن. بەشکیشیان لە برسان و لە سەرما رەقبوونەوە و مردن.. ژمارەیەکی کەمیان بە رەزالەت دەربازبوون و رووبان لە رۆژئاوای کوردستان و لە باشووری کوردستان کرد.. ئەمە ماڵمان لە گەڕەکی ئەماس، لە شاری کەرکووک بوو، چەند ماڵەکی ئەرمەنی لە گەڕەکەکەماندا بوون. کە لە شاڵاوەکانی تورکیا رزگاریان ببوو و گەیشتبوونە کەرکووک.. دواتر هەندەک لەو خەزانانە خۆیان گەیاندە ئەرمینیا.

تراژیدیای ئەرمەنییەکان پەیوەندی قەزەوان و شەرمەزاریی بە نەوچەوانی تورکیاوە کە هەرگیز لەیان نابێتەوە.. هەموو ساڵێک لە ساڵڕۆژی (تراژیدیای ئەرمەنییەکان) دا، بە ملیۆنان تف و نەفرەت لە تورکیای خوێنڕژ و ڕەگەزپەرست و داگیرکەر دەکرێت.. ئەم تاوانە بەوپەنا هەر لە تورک دەوشێنەوە.
سوپای عوسمانییەکان لە نیوان ساڵانی (١٩١٥ ـ ١٩١٨) دا، زیاتر لە (نیو ملیۆن) سریان و کلدان و ئاشوریشیان بە دڕندەترین شێوە کوشت.. ماڵ و سامانیشیان بە تاڵان بردن و گوندەکانیشیان وێرانکردن، بە زەرەملەش لە خاکی خۆیاندا دەربەدەریانیان کردن و بەشکی زۆریان کۆچیان پێکردن.

عوسمانییەکان نامەرد و بەربڵاوشتەکان، شەوازەکی کوشتنی قەزاوەنیان داهێنا، بە تایبەتیش لە دژی عەرەبە یەخسیرەکان بەکاریان دەهێنا، کە بریتی بوو لە تەبەینی تەنیا (خازوخ) یا (قازوخ) خازوخ بریتی بوو لە دارەکی درێژ، کە سەرەکیا زۆر تیژ دەکرد، ئینجا سەرە تیژەیان دەبڕییە کەمی ئاو یەخسیرەوە، بە ئاوەی بە ئێشکەنجە و ئازارەکی زۆر و بە سووکایەتییەوە بیکوژن.. بە مەکوتەکیش لە سەرەکەی تری خازوخەکەیان دەدا، ماوەی چەند کاتژمێرەکی دەخایاند، بە ئاوەی زیاتر ئازاری ئاو کەسە بەدەن و بە رەزالەت بیکوژن، تا لە دەمیەوە یا لەسەر شانیەوە نووکە تیژەکەی خازووخەکە دەهاتە دەرەوە.. ئینجا خازوخەکەیان لە زەوی دەچەقاند.. بەم شێوە بەربڵاوشتی و نامەردییەی دوور لە هەست و بزەیی ئاو کەسە بێتاوانانەیان دەکوشت. جەلادە ئینجامدەرەکانی ئەم تاوانانە لە لایەن سوڵتانەوە خەڵات دەکران.

لە دوای هەرەسهێنانی شەڕشەکەی (شێخ سەعیدی پیران) و هەڵگیرساندنی شەڕشی (ئاگری) لە باکووری کوردستاندا، تورکیا ئۆپەراسیونەکی گەورەی سەربازی لە دژی کورد دەست پێکرد و تەڵەوشکیان پێکەوە دەسووتاند و دەستیان لێژن و مندااڵی کوردی ناو لانکیش نەدەپاراست.. چەندین کەمەکوژی و ڕشەکوژیان لە کورد کرد.. چەندین بەربڵاوشتیان بەرانبەر بە کورد کرد، وەکو پێشتر وتمان، کە بەدەوشتی و بەربڵاوشتی بەشکە لە خەسڵەت و لە کولتووری بەگەنیان.

دەگەڕێنەوە کە ئەفسەرەکی تورک بە کەمەک سەربازی تورکەوە، دەچنە گوندەکی نزیک شاری (وان) گوندی (گەرماوا ئەدمان) لە باکووری کوردستان.. ئەفسەرەکە بانگی کوخای گوندەکە دەکات و پێی دەڵێت:" دەبێ هەر ئێستا لەگەڵ کوڕەکەتدا بچن بۆ شار و (خواردنەوە

ـ ئارەق) بۆ ئەم سەربازانە بەڵێنن" کوڕخاش دەڵێت:" باشە ئێستا یەکێک دڵنەرم بۆیان بەڵێنێت" بەڵام ئەفسەرەکە رازی نابێت و پێی دەڵێت:" هەر دەبێت خۆت و کوڕەکەت بچن" دیارە لەم پێداگرتنەی، بەهانەی پێگرتووە و نیازێکی ناپاکی و خراپی هەبووە، کوڕخا ناچار دەبێت کە خۆی کوڕەکەی بچن بۆ شار تا خواردنەوەیان بۆ بهێنن. هەتا ئەوان و دڵنەوە، ئەفسەرەکە و سەربازەکانی بۆ زەر دەستڕێژی دەکەنە سەر ژنی کوڕخا و چەند ژنێکی تری گوندەکە و لاقەیان دەکەن. کاتێ کە کوڕخا و کوڕەکەی بەرەو گوندەکەیان دەگەڕێنەوە، ژنەکەی دەچێت و هانای بۆ دەبات و پێی دەڵێت:" ئەمانە بۆ زەر لاقەی ئەمەیان کرد" کوڕخاش قسە ناکات، لە کاتی میواندارێ و خواردنەوەکەدا، بۆ هاوکاری پیاوانی گوندەکە، ئەو ئەفسەرە نامەردە و هەموو سەربازە بەڕێوشتەکانی دەکوژن. دوایی پێیوەندی بە شەڕشگێڕانی شەڕشی (ئاگری) یەوە دەکەن و دەڵێن.
پاش بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە و گەیشتنی بۆ دەوڵەتی تورک، ئەتاتورکی گەورەگەی خوێنڕێژ، فەرمان دەدات کە کەمەکوژی کورد لەو ناوچەیەدا بکەن کە سەربازەکانیان کوشتوون.. بۆ ئەم مەبەستەش هەزێکی سەربازی زۆبەلاح بۆ قورسترین و تازەترین چەکی کوشندەوە، دەنگڕەت و ئەپەراسیونێکی چەند مانگی ئەنجام دەدەن و لە چەند لایەکەوە، پێلاماری (دەڵێی زیلان) دەدەن.. زیاتر لە (١٨٠) گوندیان وێران کرد و هەموو خەڵکەکەیان کوشت کە نزیکەی (٤٧) هەزار کورد بوون.. کچان و ژنانێکی زۆری کورد، لەسەر بان یا لەسەر لووتکە شاخەکانەوە خۆیان هەڵدانە خوارەوە و خۆیان کوشتن، مردنیان پێ باشتر بوو لەوەی سوپای بەڕەوشتی تورکیا دەستڕێژیان بۆ بکەن.
مەخابین کە کەمەک جاش و خۆفرۆشی کورد، ببوون کەاوسووری پێش لەشکر و بۆ رابەر و بۆ چاوساغی سوپای تورکیا.. رەچەکی زەر ناپاکیان هەبوو لە سەرکوتکردنی شەڕشی ئاگری و لە لەشکرکێشی سوپای تورکیا بۆ سەر گوندەکان و وێرانکردنیان. زیاتر لە هەشت هەزار گوندیان لە باکووری کوردستان تاڵان کرد و وێرانیان کردن.

هەر لە (دەڵێی زیلان) دا بۆ سەدان خەزانی هەڵهاتووی کوردمان کەوتنە کەمینی سوپای تورکیا و شەهیدبوون، ژمارەی تەکەای کوژراوەکان لەو دەقەڕدا نزیکەی (٦٠) هەزار پیاو و ژن و منداڵی کورد بوون.. لەو کاتەوە دەڵێی زیلان بۆ (دەڵێی خوێن) ناودەبرێت. لە ئێستادا، فیلمێکی دیکەمێنتاری بۆ کوردی بەرهەمهێنراوە بۆ ناوی (دەڵێی خوێن) کە لە بەرهەمێنانی (سعاد ئەغەن) یە.

لە شکستیهێنانی شۆڕشەکەی (سەید ڕەزای دەرسیم)، لە ساڵی (١٩٣٦ـ ١٩٣٧) سوپای تورکیای ڕەگەزپەرست، بەتەپ و بەردومانی فڕۆکەی جەنگی، کەمەکوژی و ڕشەکوژییەکی تریان لە گەلی کوردمان کرد. کە بە (قەسابخانەی دەریسیم) ناودەبرێت. زیاتر لە (٩٠) هەزار پیاو و ژن و منداڵی بێتاوانی کوردیان کوشت.. بە هەزاران دانم دار و دارستانیان سوتاند، بە سەدان گوندی کوردیان تاڵانکرد و وێرانیان کردن.. بەڵام تورکیا تەنها دانی بە کوشتنی (٣٠) هەزار کوردا لە دەرسیم دا نا.
شۆڕشی ئارارات یا (شۆڕشی ئاگری داغ) لە ساڵی (١٩٢٧ ـ ١٩٣٠) لە باکووری کوردستاندا، کە لە لایەن ژەنەڕاڵ (ئیحسان نوری پاشا) وە سەرکردایەتی دەکرا، کە ئاڵای کوردستانیان لە سەر لوتکەی چیای ئاگری داغ و هەموو لوتکەکانی چیاکانی تری دەڤەرەکە هەڵکرد و شنەبای ئازادی دەیشکاندنەوە، ماوەی چوار ساڵ سەربەخۆییان ڕاگەیاند و پایتەختەکەشیان گوندی (کورداڤا) ی نزیک چیای ئارارات بوو.. زەبر و زیانێکی زۆریان بە سوپای تورکیا گەیاند.. تورکیا گەورەتری هێزی بو سەرکوتکردنی شۆڕشی ئاگری نارد، کە قورسترین و کوشندەترین چەکیان پێبوو. زیاتر لە پێنجا هەزار سەرباز دەبوون. لە چەند لایەکەوە گەمارۆی ئاگری داغ و ناوچەکەیان دا، فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیا بە بەمبی ژەهراوی ئاگری داغ و گوندەکانیان بەردومان کردن.

کە شۆڕشەکە شکستی هێنا، سوپای تورکیا بە دڕندەترین و قێزەونترین شێوە ڕەفتاریان لەگەڵ خەڵکی کوردی ناوچەکەدا کرد.. بە هەزاران پیاو و ژن و منداڵانی کوردیان کوشت و گوندەکانیان تاڵان کردن و سوتاندیان، بەشکی زۆری خەڵکەکەشیان دەربەدەرکردن یا بە زۆرەملێ کۆچیان پێکردن.. کەمەکوژی کوردیان

ڕوا کرد، لە (٢٢٠) گوندی دەڤەرەکەدا زیاتر لە (١٠) هەزار کوردیان شەهید کرد.. (١٥٠٠) منداڵ و ژنی کوریان لە چاڵەکدا بەستنەوە و ئاگریان تێبەردان و سووتاندیانن.
بە سەدانیش ژن و منداڵی کوردیان هەڵدانە ناو ڕووبارەکان و خنکاندنیان.
ئەو ئەشکەوتانەش کە چەندین خەزان لە ترسا خۆیان تیا شاردبوونەوە، دەمکانیان بە بەرد گرتن و سواقیان دان.. تەکڵا زیاتر لە (١٥٠) هەزار کوردیان لە دەڤەری ئارارات و لە دەشتی زیلان دا کوشت.
زیاتریش لە ملیۆنێک کوردیان بە زۆرەملە ڕاگواستنەوە بە ناوچەکانی تورک. تورکەکی زۆریشیان هاوردن بۆ شار و ناوچە کوردستانییەکان بۆ مەبەستی گۆڕینی دیمۆگرافیای باکووری کوردستان لە بەرژەوەندی نەتەوەی تورک.

لە (١٩/١٢/١٩٧٨) دا، سوپای تورکیای فاشستی، پۆلاماری شاری (مرعش) یان لە باکوری کوردستان دا، مۆلاکانی تورکەکان ئەو فەتواییان دەرکرد:" ئەوەی کوردێکی عەلەوی بکوژێت، وەکو ئەوە وایە کە پێنج جار حەجی کردووبێت" زیاتر لە (٥٠٠) گەنجی کوردیان بە ئەشکەنجەدان و لەدان کوشت.. تەنانەت گەنجێکی کوردیان پارچە پارچە کرد و گەشتەکیان کوتاند.
کەمێکیش زۆریش لاوی کوردیان خستە نەو چاڵی پڕ لە مادەی (ئەسید) ەوە و ژەهراوی کران و کوشتیانیان.
لە ساڵی (١٩٩١) ەوە، تا ساڵی (١٩٩٤) پۆلیس و میتی حەرمزادەی تورکیا زیاتر لە (٤٥٠٠) کوردیان تیرۆرکردوون.. بەجگە لەوەی بە هەزاران کوریان بە بۆختان و بیانووی هەبەستراوی بە بنەما، خستوونەتە زیندانەوە و پیسترین ئەشکەنجە و ئازار دەدرێن.. هەر لەبەر ئەوەی کورد و تورک نین و خەڵکی ڕەسەن و خاوەنی ڕاستیی ئەو خاکەن.
هەر لە باکووری کوردستان، لە شارچکەی (ڕەبوسکی) یشدا، بە بەردومانی فڕۆکەی جەنگیەکانی تورکیا (ئەف شانگزێ)، بەبە تاوان (٣٤) کوردیان کوشت، کە منداڵیان لە نەودابوون.. ئەردۆگان لە پاداشتی ئەم تاوانە سوپاسالاری تورکیای خەڵات کرد.

بە پیلانی میتەکانی تورکیا، بە ئاگاداری ئەردۆگان، لە (٩/ ئوکتۆبەری/٢٠١٣) لە شاری (پاریس) ی پایتەختی فەرەنسا، سێ ژنە چالاکوان و تەکۆشەر و سیاسەتمەداری کوردی باکووری کوردستانیان تیرۆرکرد، کە ئەمە ناوەکانیان: ساکینە جانسز (سارا)، ڤیدان دۆغان (ڕۆژین)، لێیلا شایلەمەز (روناهی) کە بە شێوازێکی زۆر

نامەردانە تیرۆرانیان کردن. ئەم تاوانە یەکەکە لە تاوانە نەوددووتییەکان.. بە داخەوە کە هیچ لەکەینەوەیەکیان لەگەڵ ئەو تیرۆریستە میتانەی تورکیادا نەکرد.. ئەم چاوپۆشین و بەدەنگییە بووە هاندان بۆ ئەوەی تورکیا، تاوانی زیاتر لە دژی کورد ئەنجام بدات.
دوور نییە و نزیکە، کە هەموومان دڵنیابین، کە لە داگیرکردنی شاری (عەفرین) لە رۆژی (١٨/ ئادار/٢٠١٨) لەگەڵ چەند شارۆچکەیەکی تری رۆژئاوای کوردستاندا، بە هەڵکردنی چرای سەوز لە لایەن روسیا و ئەمریکاوە بە تورکیا، سوپای تورکیا و جاشە بەکرێگیراوەکانی ئەم شارانەیان داگیرکرد، نامەردییەکی زۆریان بەرانبەر بە کورد کرد و دەکەن.. تا ئەمڕۆش تالانکردن و کوشتن و بە سەروشوێنکردنی کورد لە عەفرین لە لایەن تورکیاو جاشەکانییەوە درێژەیان هەیە.

ئاشکراشە کە تورکیا چەکی کیمیاوی و فسفۆری سپیی سووتێنەر و بەمبی لەرێنەری وەرانکردنی لە کوشتنی ژنان و منداڵانی بێتاوانی کورد بەکارهێنان لە رۆژئاوای کوردستان بەکارهێنا و کەمەکوژی کوردیان کرد و بە هەزاران کوردی لە نیشتمانی بابوباپیرانیان بە زۆر دەرکردن.. بە داخەوە کە کەمتەرخەمی جیهانی تا ئەمڕۆش لەم تاوانانەی تورکیا بەدەنگن.. بەفەرمی لەمە و شەرمەزاری تورکیایان نەکردووە.
ئەوەش بە لای خوێنەرانی کوردمانەوە زانراوە. کە سوڵتان (سلێمی یەکەم) لە شەری سەفەویەکاندا لە رۆژی (٢٣/ئەوگوست/١٥١٤) دا بە یەکەمین جار لە مێژوودا، لە شەڕی (چالدیران) کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی کوردستا، ئەو شەڕەی نەوانیان عوسمانی و سەفەویەکان، بە دابەشکردنی کوردستان لە نێوانیاندا کۆتاییان پێهێنا، ــ بە هەزاران تف و نەفرەتیان لێبێت ــ دوایش سوڵتان سلێمی خوێنڕێژ، پلاماری رۆژهەڵاتی دا و تا گەیشتە شاری (تەورێز) و گرتی، لەم هەشتەیدا، زیاتر لە (٤٠) هەزار کەسی بێتاوانی بە دڕندەترین شێوە کوشت، بەشکی زۆریانی زیندەبەچاڵکردن یا بە ئاگر سووتاندیان، لەو چل هەزارە ژمارەیەکی کوردیشیان تێدابوو. هەر ئەم سوڵتانە خوێنڕێژە لە پێناوی دەستهاتی سوڵتانیدا، دوو برای خۆشی کوشت، ناویان (کورکود و ئەحمەد) ، باوکیان لە رایسپاردبوون، وەکو جگرەوەی خۆی بە دوای مردنی دەستنیشانی کردبوون.

بگومان، بە بگەوە، هەشەکانی داعشی تیرۆریستی دروستکراوی تورکیا. لەسەر داواکردن و فەرمانی ئەردۆگان و پشتگیری لەجستی ئەو

بوو، کە داعشی تیرۆریست و بێوشت لە رۆژی (١٣/ سێپتەمبەری/ ٢٠١٤) دا هێشیان کردە سەر شاری کۆبانی قارەمان لە رۆژئاوای کوردستان، لەم بارەیەوە، سەرکردەیەکی داعشی بە دیلگیراو بە ناوی (طە عبدالرحیم عبدالله) کە لە شاری (دیر الزور) لە لایەن شێقانانی رۆژئاوای کوردستانەوە دەستگیر کرا، دانی پێدا نا و وتی:" ئەمە لەسەر داواکردن و پێداگرتنی رۆجەب تەیب ئەردوگان، هەر بە فەرمانی ئەویش هێشمان بە سەر کۆبانی کرد و فەرمانەکەیمان جێبەجێ کرد" بەڵام شێقانانی کوردستان، وانەی ئەوتەیان بە داعش دا کە هەرگیز لە بیریان ناچێتەوە، کردیانیان بە پێندی زەمانە، سەریان پێ شێکردن و بوو بە سەرەتای بەزین و لێزبوونەوەی داعش و لە ناوچوونیان.. لە دوای (١٣٤) رۆژی شێی دەستوێخێی قارەمانانە لە (٢٦/ یونایەر/٢٠١٥) دا کۆبانی و هەموو کوردستان ئاهەنگی رزگارکردنی کۆبانیان گێڵا.. ئەمەش خەنجەرێک بوو کە لە دڵی ئەردۆگان درا.

هەر تورکیاش پیلان داڕێژ و نەخشەداڕێژی بە داعش دابشت و یارمەتی پێویستی دا و لەسەر فەرمانی ئەردۆگان، لە (١٠/ یونیە/٢٠١٤) دا شاری موسڵ یان داگیرکرد. کە لە (٩/ یولیە/٢٠١٧) بە هاوبەشی پێشمەرگە و سوپای عێراق رزگار کرا. بە داخەوە کە بەرپرسانی کوردمان زەر نابەخەدن و هیچ پێشبینییەکیان بە دوای رزگارکردنی موسڵ نەکرد، کەچی حەیدەر عەبادی بەو مەرج رازی بوو، کە پێشمەرگە نابێت بچێتە ناو شاری موسڵەوە ــ کە شارێکی داگیرکراوی کوردستانییە ــ هەر دوای رزگاری موسڵ، بە گۆڵکەمەیی عێراق و ئێران و تورکیا و بە هێشکردنی چرای سەوز لە لایەن ئەمریکاوە و بە ناپاکی هەندە لە بەرپرسە بازرگانە نەوت دز و گازفرۆشکانی کورد، بە سێ قۆناغی لە رۆژی (١٦/ ئۆکتۆبەر/٢٠١٧) دا، عێراقی داگیرکەر، کەرکووک وخانەقین و خورماتوو و مەخمور و پردێ یان داگیرکرد.. هەموو ئەم شکستیانە بە نەبوونی سەرکردایەتیەکی دەسەزی کورد دەگەڕێنەوە.. هێندەی دەسەڵات پەرست و پارەپەرست و بنەماڵە پەرست و بەرژەوەندی پەرستن، چارەکی ئەوە، بیر لە چارەنووس و لە بەرژەوەندییەکانی گەلەکەمان ناکەنەوە.. ئەی ئیستا بە ناوەرن موزایدە بکەن و بەڵێن کەرکووک قودس و دڵی کوردستانە؟؟

هێشی سەر شاری (شەنگال) یش لە باشووری کوردستاندا، لە لایەن داعشەوە، کە لە رۆژی (٣/ ئۆگوستی/٢٠١٤) دا داگیریان کرد، هەر لەسەر داوای ئەردۆگان و بە فەرمانی ئۆشبوو.. کە ویستیان بە تەواوی ژینەسایەدی برا ئێزیدییەکانمان بکەن.. کە ژمارەیەکی زەریان کەمەکوژکەران و ژمارەیەکی زەری کچان و ژنەکانیشیان

گرتن و بردیانیان، زۆر نامەردانە دەستڕێژیان کردە سەریان.. بەشێکی زۆریشیان لە شاری (موسڵ) و لە (ڕەقە) وەکو کویلە و کەنیزە فرۆشتیانن.. بە هاوکاری و بەشداریکردنی هەموو هێزە کوردستانییەکان، لە ڕۆژی (١٣/ئۆکتۆبەر/٢٠١٥) دا، شاری شەنگال لە داعش ڕزگار کرا.. تا ئەمڕۆش چارنووسی زیاتر لە سێ هەزار کچان و ژنانی ئێزیدی کورد نادیارە.. بە داخەوە کە حکومەتی هەرێمی باشووری کوردستان تا ئەمڕۆش بە جدی و دڵسۆزی و بە کرداری سەراغیان ناکەن و بەیان نگەڕاون و بە دواداچوونیان بە ئەم کێسە نەکردوون.. تا ئەمڕۆش گومانێکی زۆر لەسەر سیناریۆی چنییەتی و بە ئاسانی گرتنی شەنگال لە لایەن داعشەوە هەیە، کەمەک نهێنی ئاشکرابوو و ئاشکرانەبوو و دەستی لە پشتەوەیە.. ئەم دووڕو درۆ و پەویستی بە باسێکی تر.

هەموو ئەو کارە خۆکوژیانە و تەقینەوەی ئەو بەمب و ئۆتۆمبیلە مینەڕێژکراوانەی کە لە شارەکانی کوردستاندا دەقەنرێنەوە، زۆربەیان لە لایەن میتی تورکیاوە، نەخشیان بە کشرابوون و پەداویستییەکانیانی جبەجێکردنیانیان بە داعش دابین کردوون.

جا نازانم، (سوتان ئەردگان) بە چ خەڵەت و کار و ڕەفتار و ڕەوشتێکی باپیرە عوسمانییەکانیەوە، شانازی دەکات و دەنازێت..؟؟ بە خونشتن و کوشتن و دزی و تاڵانیکردنیان..؟؟ یا بە کەمەکوژی گەلانی بێتاوان و داگیرکردنی خاکەکانیان..؟؟ یا بە دەستڕێژیکردنیان بەسەر کچان و ژنان..؟؟ بەم تاوانە قێزەونانەیانەوە شانازی دەکات و دەنازێت..؟؟ یا بە مێژووی ڕەشیان کە سەرتاپا پڕە لە تاوان و بڕوشتیان..؟؟ ئەم تاوانانە و بە هەزاران تاوانی قێزەونی تر کە سوتانەکانی عوسمانی و سوپای دندەی تورکیا و ئەتاتورکی ڕگەزپەرستی گەبەگە، تا دگاتە خودی سوتان ئەردگانیش، کە بەرانبەر بە گەلانی بێتاوان و ئاشتیخواز ئەنجامیان داون.. بە تایبەتیش بەرانبەر بە گەلی کوردمان، هەموو ئەم تاوانانە پەی شەرمەزارین بە نەوچەوانی تورکیاوە.. کە هەرگیز لیان نابنەوە و ناتوانن بیان شارنەوە.

گەر بە راستی دادپەروەری و ویژدانی جیهانی و مرۆڤایەتی و مافەکانی مرۆڤ و یاسای نێدەوڵەتی هەبوونایە، دەبوایە لە دەمکەوە، ئەردگان وەکو تاوانبارێکی جەنگ بدرایەتە دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان و دادگایی بکرایە.

تۆرانییە ڕگەزپەرستەکان، لە قایرەسی کۆرنا زۆر پیستر و مترسیدارترن. ئەوندەی ئەوان لە گەلانی بێتاوانیان کوشتوون.. بە

دە ساڵیش ڤایرەسی کۆرۆنا ئەو ژمارەیەی لە جیهاندا پێ ناکوژرێت.. بە دڵنیاییەوە، دژە کۆرۆنا دەدزرێتەوە.. بەڵام زۆر زەحمەتە کە دژە تیرانی ڕەگەزپەرست و دەمارگیری کوێرانە و ڕق ڕەش بدزرێتەوە.
(نیلسون ماندێلا) ڕاستی وت، کە دەڵێت:" گەر دەتوانیت تۆرک بناسیت.. بە یەک ڕۆژ ببە بە کورد.."

ڕۆژا شوان
نەرویج: (١/ نەورۆز/٢٧٢٠) کوردی… بەرانبەر بە (٢١/ ئادار/٢٠٢٠) زاینی.

خەپارەزیی – شیعر بە منداڵان… هەستەم خامەش

ئەمە چەند پاک و ژیرین
هەشمەند و هەشنبیرین

بەڵێ ئەمەی منداڵان
ناچینە جادە و کەڵان

خەپارەزین بە چاکیی
بە خاوێنی و بە پاکیی

بەڵکو بە تەندروستی
دوور لێ دەرد و لێ سستی

بژین بە بێ نەخۆشیی
لەشساغ بین هەر بە خۆشیی

شیعر بە منداڵان
هەستەم خامەش
هەولێر 2020

ماتەمینی و تاسەباری گشتی بۆ مرۆڤایەتی ئادگۆنم ... نیگار نادر

بۆ گشت هاوژیانانی خۆشەویست لەسەر ئەو زەویە

من وەک دانیشتوویەکی سەر ئەو زەویە، لەناخمەا زەر زەر بۆ ئازارو تاسەبارم بۆ مەرگی کتوپڕی نزیکەی نۆ هەزار مرۆڤی بێتاوان لەو جیهانە نائاسایشدا.
چ هەدەگرتنەکە کە چرکە بۆ چرکە دەبینین و دەبیستین باهۆزەکی قایرەسی گشتگیر هەیکردووەو بەکەمەە ئەو مرۆڤە جوانانە وەکو گوڵەای دەرخت بەردەداتەوە ، تەکرا هەموو دانیشتوانی جیهانی گوڵاندێتەوە ناو ماڵەکانیان و سیستەمی ئابووری پەکخستووە و ئاسایشی تەندروستی خستەتە تەنگژەیەکی قوڵەوە .
مرۆڤایەتی لەسەرەتای پەخستنە ناو ئاسایشی و هەڵاسازیەکی گەورەدایە ، یەکەم نیشانەشی بۆ سەرهەڵدانی ئەو ڤایرەسە توقێنەرە دەستپێدەکات، کە دەکرێ بڵێین بیرکردنەوەی سەکردوە، وایکردوە مرۆڤ دەستی نەواتە هیچ کارێک و بەبۆ جوڵە دەستبکەشتەوە لە تەواوی ئامانج و هیوایەکانی، تەنها ئەوندەی مرۆڤ لەدەستی بێت ، ئومیدکرنە بە دەزینەوەی ڤاکسینەکە خەرا ، نزا خوێندنە بۆ ئاوەستانی ئەو هووحەزانە لەدەستدەرچوە.
دەمەوێ لەرەوە هەر تاسەباریم نا ،بەکو ترسەکی گشتی ئابگۆنم ،کە پەیوستە لەژیانی داهاتووی سەر ئەو زەمینەدا چاوەڕێ بکەین ،حەتمەن هووبەوشیان دەبینەوە، ئەو ترسانەش بریتین لە بەهەزی و بەدەستهاتی زیاتری مرۆڤ و جگیرەوەی بۆ بەبەتەکان، لە دەستەوەستانی زانستی ئاستەقینە، شەواندنی ژینگە، زاڵبوونی سەروەری ئینفەتەکنەلۆژیستەکان ، تەکشکانی بەهای مرۆیەکان،سەرهەڵدانی جەنگە بایەلۆژیکان،خەرەندە بڕینە چینایەتیەکان، لە قەیران هاویشتنی تەندروستی مرۆڤکان، کەیلەبوونی * ئەلگۆریتمی هەشی دەستکردێ ، هتد..
لەرەبەدوا ئەمە دەبێت ئازایەتی ئاگیاندنی نائومێدی و ترسەکانمان، هەبێت، چونکە ئەو سەردەمە لەخەا نەکراوەتە سەردەمی

خواردنی خەرا ، بەناوبانگبوونی خەرا، دووەماندبوونی خەرا ، پێکگەیشتنی خەرا ، بەکو دەبێت چاوەڕی مەرگی خەراشی تێدا بکەین ، کە کەرەنا جەرکە لەو مەرگە خەرایە، ئەو مەرگەی کە هەموو مرۆڤایەتی سە کردوە لە چاوەڕوان نەکردنی دا.
.
بە خەم و پەنووسکەماوە سەری تاسەباری دادەنوینن بە قوربانیە بەخەسار رەیشتوەکانی ئەو باهەزە شووم، بە هەموو مرۆڤایەتی، بە کەسوکاری دەبەژانیان، بە بیرماندان و نووسەرانی راستەقینە.
هەروەها هەقیدارم ئەو باهەزی قایرەسە، کارەساتەکە نەکاتە مەرگکی سەرتاسەری گشتگیرتر ، ناچارمان نەکات بە دەستکەشانەوە دەکەشانەوە لە ژیانی داهاتوومان. لە دەیشم را سەلامەتی بە هەموو هاوژیانەکانی سەر ئەو زەویە دەخوازم و ئومێدەکەم لەو جیهانە نائاسایشەدا ، لە ئایندەدا بتوانین ژیانکی کامڵ ئارامتر بەسەربەرین.

.* ئولگەریتمی هەشی دەستکرد: گوگڵ ، ئامازۆن، فەیسبووک.

Negar nadir
٢٠٢٠\٣\١٩\

کەرەنا وئەرکی پاراستنی زەوی … بەهزاد ئەحمەد

لەماڵەکانتان بمێننەوە، دەرگاکان داخەن، پەنجەرەکان داپۆشن، پشوو درێژبن.
یەکتری لە باوەش مەکەن، یەکتر ماچ مەکەن، تەوقە مەکەن، با مەودای نێوانتان لە پێنج مەتر کەمتر نەبێت.
دەست مەدەن لە لووت و چاو و گوێ و دەمتان، گەر شوێنکەتان خورا، مەیخورێنن ،دەستمەدەن لە دار و دیوار و تەختە و ئاسن… ئەقڕبگرن، پشوودرێژبن.
خەتان لە ناو ماڵەکانتاندا دیل بکەن، پەداویستی و خەراک ئەوەندەی ئەیتوانن کەیکەنەوە، بخەن و بخۆن و لەناو جێگاکانتان بمێننەوە.

ئەمانە ئەو دڵنیانن ئەم ڕۆژانە گومان لەی دەبێت، ناوەکی هەموو ئەم ڕێنوماییانەی زانستە پزیشکییەکان لەسەردەمی باو بوونەوەی قایرەسی کۆرۆنادا توانا ی زانستە پزیشکییەکان دیاری ئەکەن بە ڕزگارکردنی مرۆڤ لە بڵایەک کە کۆئندامی هەناسە ی مرۆڤ ئەکات بەئامانج.
ئەگەرچی ئەم ڕێنوماییانە تا ئێستا تەنها ڕێکارێکن کە مرۆڤ بتوانێت بە ڕووبڕووبوونەوەی ئەم بڵایەڕاچاویان بکات، بەڵام هێشتا ئەمە مانای ئەوە نییە کە پرسیارە سەرەکییەکانمان وەلانین لە کاتێکدا کەجەهەشتنی ئەم پرسیارانن بووە هۆی ئەم قێرانانەی مرۆڤی ئەم سەردەمە ترسناکترین دۆخی تیابەرببکات.

ئەمڕۆ دوای ئەوەی مرۆڤ پێیوابوو زەوی ئاوەدان کردوەتەوە و شار و وڵاتەکانی لێک نزیک کردوەتەوە وئامراز و ئامێرەکانی داهێناون بە کارئاسانی و دوونیای کردووە بە گوندێکی بچووک، دوای ئەو هەموو شانازییەی مرۆڤ بەوەی کە هەر بە زەویەوە ناوەستێ و ماڵەکان ئەباتە سەر ئێستێرەکانی تر و هەوە ئەدات دەزینەوە لە گێردوندا بکات و نەبینراوییەکانی بخاتە ژێر تەلەسکۆپ و دیوە شاراوەکانی هەڵماڵێت، دوای هەموو ئەم شانازییانە ئەبینین شارەکان چۆڵ ئەکرێن و ڕەگای نەوان وەاتەکان ئەبەسترێن و مەودا بە دووری مرۆڤەکان لە یەکتر دیاری ئەکرێن، دوای شڵۆژ گەورە و جیهانییەکانی مرۆڤ بەرامبەر بە مرۆڤ، جارێکیتر کەلانەکان چۆڵ ئەکرێن و ماڵەکان ئەبن بە زیندان و حەشارگە و شارەکان چۆڵ و بە گیان ئەکەون.

ئەمە وا ئەکات بپرسین:

ئایا قایرەسێک ئاوا ولە ماوەیەکی کەمدا شکست بەو هەموو شانازییەی مرۆڤ ئەهێنێت؟
ئایا بەرهەمی چەندەها ساڵەی مرۆڤ کە لە زانست و تەکنەلۆجیادا خەی ئەنوێنێت، بەو ماوە کەمە هەرسئەهێنێت ؟
جگە لەو ڕێنوماییانە و جگە لە هیوایەک بە دروستکردنی ڤاکسینێک، زانست هیچ وەڵامێکی هەیە بە ئەمدەخە؟
ئەوەی ئێستا ئەگوزەرێت دەخەکە سروشت بەرهەمهێنەریەتی یان مرۆڤ؟
زانست چی ڕۆڵێکی نەرێنی لە بەرهەمهێنان یان بەاوکردنەوەی ئەم پەتایەدا هەیە ؟

ئەوە روونە کە تا ئێستا جیهان جگە لە زانستە پزیشکییەکان هیچ ئامرازێکی تری بەدەستەوە نییە بەرووبەروبوونەوە هەر نەخۆشییەک یان پەتا و قایرەسێک کە رووی تێئەکات، بەڵام دوای بانگەشەی مرۆڤ

بە گشت ئەو پشکەوتنە زانستی و تەکنەلەجیانە و یەکەم دەرکەوتەی دەستەوستانی مرۆڤ بە روبەروبوونەوەی وەها دۆخێک ،پرسیاریک سەرهەڵدات کە ئایا سەردەمی تێپەڕاندنی زانستە پزیشکییەکان نەهاتوو؟ ئەم پرسیارە هەڕوەندشەوە ناوستێت بەکوو تا ئەو شوێنە ئەوات کە ئایا ئەمە سەردەمی تێپەڕاندنی زانستە یان پاراستنی ؟

کێشەی زانست چییە ؟

دەزینەوکان و پەردەهەماین لەسەر نەزانراوییەکانی گەردوون وسروشت و زیندەوران، وەک بەشدەرکییەکان و ناسینی مرۆڤ بە هەردوو لایەنە بەرجەستەیی و نابەرجەستەییکەیەوە، وەک بەشە ناوکییەکان، تا ئێستا لە ئامانجە سەرەکییەکانی زانستن، لە ناویانیشدا زانستە پزیشکییەکانی تایبەت بە مرۆڤ و ئاژەڵ و ناسینیان ولەپرسراو لە چارەسەری نەخۆشی یان هەر کێشەیەک لە بەرکەوتن بە تەنەک یان شتەکەو ە کە دەبێتە هەی تەکچوونی سیستەمی کارکردنی لەشی ئەو زیندەوەر.

تا ئەمڕۆ مرۆڤ هیچ هەکارەکی راستەقینەی تر شک نابات پەنای بە ببات لە کاتی رووبەروبوونەوەی هەر تەکچوونە کە لە بونیاتی ناوکییدا جگە لەزانستە پزیشکییەکان، بەڵام ئەمە ش ئەو ناگەنێت کە زانستی پزیشکی وەڕامدەرەوەی تەواو بێت و رووبەڕووی قەیران نەبێتەوە.

دوای دەزینەوەی ڤایرەسکان و دەستەوستانی پزیشکەکان لە بەرامبەر هەندێک لەم ڤایرەسانەدا و بەتایبەتتر دوای سەرهەڵدانی کۆرۆنا و بانگەشەی سیستەمکان بە ناردنەوەی مرۆڤ بە ماڵەوە، چیتر زەنگەکی ترسناک دێتە گومان و ئیتر کاتی پرسیارکردنی مرۆڤ لە کۆموکوریەکانی زانست، ئەم پرسیارانەش کاتێک بەهایان ئەبێت پرسیاری فەلسەفی بن، چونکە زانست خۆی بەرهەمێکی فەلسەفییە (وەک یێکارت ئەڵێ) وهەمیشە فەلسەفە لەپرسراو و ئاراستەکەریەتی، بە جۆرێک ڕەهاکردنی زانست لەهەر دۆخێکدا شیمانەی سەرهەڵدانی قەیرانی گەورەی وەک ئەم قەیرانەن کە ئەمڕۆ مرۆڤ و ئامرازە زانستییەکانی تەکەوتوون.

لەدەرەوەی فەلسەفە هەموو جۆرە ڕەخنەکردن و تانەدانێک لە زانست، لە جۆری تانە ئاینی و بەهانە ووهمی بانگەشەکراو، ئەبێت قەدەغە بکرێت و ڕێگەنەدرێت ئەوانە شکستەکانی خەیان بخەنە پاڵ کەماسیەکانی زانست.

هەرچی کێشەی زانستە تەنها فەلسەفە بەیاردەریەتی، دابەانی زانست لە فەلسەفە دەرچوونیەتی لەو ئامانجەی بۆی هاتوتەدی و

ئاراستەگرتنیەتی بەرەو شێوازێکی مەترسیدار، شێوازێکی بێ پرسیار و بێ شیکار،جێشداماو لەبەردەم ئاستەنگییەکان و بگرە لەهەندە دەخدا خود بێ خود بەرەهەمهێنەری ئاستەنگ.
ئەوەش ئەو دەخڵیە کە ئەمڕۆ تێیدا، ئەو زانستەی بەرەو ئاستەرەکانی تر بەڕێدەکردین، ئەمڕۆ ڕێنومایی لەماڵ مانەوەمان ئەکات.

ئەوەی زانستی لە زادەیەکی پێ لە جۆڵ و پرس یای لە چییەتیەوە گەیی بە کەتەگۆرێکی بە ڕەگ(دیکارت) وپرسیارەکانیشی گەیی بە پرسیار لە چەنێتی(هایدگەر)، ئەوەی سەرزەمینی لە نشینگەیەکی دامەزراو و سەوزەوە گەیی بە کارگەی گەورە گەورە و دوکەڵ و مرۆڤی خستەسەر کەکەڵەی تەر نەبووون و زەوی دایدەست کەمەڵەک سەرمایەداری چاوبرسی و ئەوانی تری دامەزراند وەک کرێکار، ئەوە هەمان ئەو زانستەبوو کە پشتی کردبووە پرسیارەکان و هەمیشە وەڵامەکانی ناو خودی پرسیارەکانا زیندەبچاڵ ئەکرد.
ئەمانەی خوارەوە نمونەی هێندەک وەڵامی زانستی سەردەمن بە زیندەبچاڵ کردنی هێندە پرسیار:

• شەمندەفەر چییە؟ بە پێوستمانە / وەڵامی زانست: هەکارەکە بە ئاسانکاری گواستنەوە، پێویستمانە بەزوو گەشتن لە شوێنەکەوە بە شوێنەکی تر. پرسیار داخرا.
• فڕۆکە چییە؟ بە چیمانە / هەمان وەڵام بە بینی مەودای دوورتر. پرسیار داخرا.
بەم جۆرە کشان لە دووچەرخە و ئۆتۆمبیلەوە دەست پێدەکەن تا دەگاتە موشەک و دوور هاوێژەکان،هەمیشە بەدواداچوونی پرسیار بێ پرسیار جگەیەکی نییە لە زانستی هاوچەرخدا، مانەوەی زانستیهاوچەرخ لەم دەخەدا مرۆڤ لە بەرەهەمهێنەرێکی ئامانجدارەوە لە ناو ئەرکی فەلسەفیدا ئەگەڕێت بۆ بەرەهەمهێنەرێکی بێ ئامانج لە ناو کایەی زانستییەکیدا، بەم جۆرەش بەرەهەمهێنان لەپێناو بەرەهەمهێناندائەبێتە ئەرکی لە پێشینەی زانست و بوونی مرۆڤ لەسەرزەوی ئەبەستێتەوە بە خاوەندارێتی کردنی بە بەرەم هاتووە بە ئامانجەکانی، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو خودی زانست ئەبێتە مۆتەکەیەکی گەورە بۆفەلسەفە و خاڵێک بە کۆتایی فەلسەفە دادەنێت (هایدگەر) و هەموو چەمک و بۆچوونەکانی فەلسەفەش ئەگەڕێت بە دەستەواژەی بێ مانا، ئەم دەخە سەردەمی کۆتایی مانایە.

سەردەمی کۆتایی مانا

مرۆڤ لە سەرەتای دەرکەوتنیەوە لە سەر زەوی هەموو هەوڵێکی بە مانا بەخشین بووە بە شتەکان، لەسەرەتاییترین ماناوە تا گەشتن بە فەلسەفە، دواتر فەلسەفش ئەچێتە دەخی چەقبەستنەوە، دەخی نادیاری وپەی نەبردن بە وەڵام تا لەدایک بوونی زانستە سروشتییەکان و بەدوایدا زانستە مرۆییەکان، ئیتر زانست ئەبێتە رکابەری گەورە و بەڕێنی گەورە خەیان ئەخزێننە نەو تەحەدییەکانیەوە، تا کار ئەگاتە ئەوەی زانست وەک یەکەیەکی لەکدابڕاو لە فەلسەفە خەی نمایش بکات، ئەمە چۆن؟

وەک پێشتر ئەرکی فەلسەفەمان باس کرد لە پرسیار لە چییەتی، هەروەک وتمان زانستی هاوچەرخ دورکەوتنەوەیە لە چییەتی شتەکان و کشان بە ئاراستەی چۆنیەتی شتەکاندا، یان قەتیسمان لە بینیندا ونناردنی وێنە لە بینینەوە بە شیکاری و بارنەکردنی بە گومان لە چییەتی چۆنایەتییەکان. (گەڕانەوە بە چییتیوونایەتی لای مارتن هایدگەر)

هەموو ئەمانە هێشتا بەتەواوی زانستیان نەئەکرد بە کایەیەک لە دژەوەی فەلسەفە، ئەگەر بهاتایەو خەی بارگاوی نەکردایە لە هەندێک لووتبەرزی و بەڕێنی گەورە گەورە، وەک دابینکردنی خۆشگوزەرانی ودەزینەوە و هەماهەنگی نهێنییەکانی ناوەوە و دژەوەی مرۆڤ و بچوک کردنەوەی مەودای نێوان مرۆڤەکان، ئەم بەڕێنانە و داهێنراوە زانستییەکانی تری وەک هەکارەکانی پەیوەندی و گواستنەوە و دەزینەوەی ئەنتەرنێتو گەشەسەندنی بیرکاری و بەرنامەسازی و کەمپیوتەر، مەبایلی زیرەک و ئەوانی تر، هەموو ئەمانەمرۆڤیان مەست کرد و هەستی خەبەشت زانییان بەرد تا ئەوپەڕی، هەروەک چۆنیش سەرقاڵییان بەبەکارهێنانەوە دایبەانەدن لە گومانی "بە بەکارهێنان؟".

زانست بە ئەم کارەی پەویستی بە پیاچوونەوە بوو بە چەمکەکانی ناو فەلسەفەدا، بەوەی مانادان بەکار و بارهەمی مرۆڤی لەئاستەکی بەرزەوە دابەزاند بە ئاستی شتە دووبارە و ڕبەتییەکان، بەوشەوە نەوەستا بەکوو دوای سەرکەوتنەکانی لە بارەبەت کردنی مرۆڤ و بەکاربردنی لەئیشی دووپات بووەوەی بە پرسیار و بە جوەدا، ئیدی ئەوەی زانی کە ئەکرێت بارهەمهێنانی خودی ڕبەت کار و بازرگانییەکانی ئاسانتر و بە تێچووی کەمتر بارێبکات، ئەوسا مرۆڤی کرد بە شتەکی بی سوود و بە کار و لە سوچی ماڵەکاندا گیریدان، هەر لەرەوە هەوڵەکان ناخودئاگایانە چۆبوونەوە بە ئەوەی زەوی بکرێت بە کارنتیخانەیەکی گەورە.

لەم کاتەدا مانا لە هەبوویەکی یەکلانەکراوە و نادنیا و مەزنەوە گەڕدرا بە شتەکی زەر دنیا و بچوک، ئەمەش سەردەمی کۆتایی مانایە

و هەر لەگەڵ خۆیدا سەردەمی کۆتایی فەلسەفەش، ئیتر بانگەشەکەرانی فەلسەفە دونیا پێکەکەن لە لێکدانەوە کرچ و روکەشەکانیان و سەرنجی خۆیک لە پرسیاری گەورەو ئەهمینە سەر شتەبچووکەکان، دەست لە بوونی خودی مرۆڤ هەڵگرن و سەرقاڵت ئەکەن بە لاوەکیترین شتەوە، تەنانەت رۆخنەکانیشیان لە زانست، رۆخنەی لاوەکین و تەنها وەک پێویستییەک بۆ تێرکردنی ئارەزووی رۆخنەیی مرۆڤ بەکارئەبرێن و هیچی تر.

کۆتا، هەنگاوێک نزیکتر لە مەرگ

نوێترین دەرکەوتەی نزیکی لە مەرگ ڤایرەسی کۆرۆنایە، تا ئێستا زۆربەی ئەو لێکدانەوانەی بە ئێم مەرگنوێیە کراون، ئەوانەی کەمێک هەزیان تیابێت هەر ئاوانەن کە بە دەوری بازنە زانستییەکەدا ئاسوودەنەوە، جگە لەمانەش ئەوانی تر بە خەیاڵی سیاسی و ئاینی هەندە مرۆڤی ناو ئەو سیستەمانە نوسراون.

هەندێک پێیان وابوو ئێم ڤایرەسە دروستکراوی ئەمریکایە، هەندێکی تر وتیان زادەی تاقیگاکانی شاری وهانی چینە، هەندێک ئەڵێن دروستکراوی سەرمایەداریە وشتی لەم جۆرە... ئەمە جگە لەوەی کەسانی ناوکایەی ئاینی و سیاسیش قسەیان هەبووە کە من بە پێویستی نازانم قسەکانی ئەوانتان بۆبیر بێنمەوە.

هەموو ئێم لێکدانەوانە جگە لەوەی ئەوەندەی تر دەستەواستانمان ئەکەن لە بەرامبەر ناسینی ئێم دۆخە، هیچ یارمەتییەکمان نادەن تا تێبگەین لەوەی هەرشی بە هەناوین، ئەمە لە کاتێکدا خودی ئێم ڤایرەسە هەڵگری لەڵی و ئاڵۆزییەکی زۆرە کە وا ئەکات تێگەشتنێکی ئاسان نەبێت.

ئەوەی لەمان دیارە مەرگ و ترسە کە لە گشت جۆگەیێک خۆی بە مەڵاس داوین، بە جۆرێک ناتوانی لە هیچ شوێنێک دڵنیابیت، ئەوەی لە بەرچاومانە چۆڵ کردنی شارەکانە، کەوتنی مرۆڤ، بەستنی رێگاکانە، داخستنی سنورەکانە، تەنانەت بەرەو گۆشەگیرکردنی مرۆڤ ئەڵێوات، کە ئیتر لەم کاتەدا هەر کەسێکی ئاسایی ئەتوانێت مەترسییەکان بە چاوی سەر ببینێت.

ئیدی جگە لە بینینی مەترسییەکە قسەیێک نییە کە بتوانین لە ناو ئێم دۆخەدا بیڵێین، تەنها شتێک بتوانرێت بووترێت ئەویە کە لە دەرەوەی ئەبینرێت، ئەویش بە هاتنەدەرەوە لەو بازنەیەی زانست و خۆپارێزی لە هەرکۆلکە لێکدانەوەیێک کە زیان بە بیرکردنەوە فەلسەفییەکە بگەێنێت.

گەڕانەوە بۆ پرسیارە مەزنەکان دەرچوونە لەو دۆخی سەرقاڵییەی

ئەم مرۆڤی پێ گیردەبێ، ئەو دڵخۆشی بەها لە مرۆڤ وەرئەگرتنەوە و ئیانکات بە تەنی هاوشێوە و دووپاتبوونەوەی بە پرسیار. ئەم دڵخۆشی دووپاتبوونەوەی مرۆڤ خەباتێ دڵخۆشی مەرگێ بە بوون یان نەبوونی هەر ڤایرەسێک، بەڵام کاتێک مرۆڤ راستەوخۆ مەترسییەکە هەست پێ ئەکات، ئیتر ناتوانێت بەردەوام بێت لەو نەرمەی پێی قورمیش کراوە، تەنانەت خودی سیستەمە قورمیشکەرەکە ئامۆژگاریت ئەکات بە وەستان، بە مانەوە لە ماڵەوە، لە کاتێکدا پێشتر هەمان سیستەم لە ماڵەکان دەریئەکردین و بەرەو کارگە و بازاڕەکان ئاراستەی ئەکردین.
ئەستاش ئەم سیستەمە بەئاگایە لەوەی کە ناکرێت تاسەر لە کونجی ماڵەکاندا بین و دەرگاکان لەسەر خەمان دابخەین، لە هەمان کاتیشدا ناکرێت پێچەوانەی ڕێنوماییەکان هەڵسوکەوت بکەین و ببینە هۆی نانەوەی کارەساتی لەو گەورەتر، واتە دڵخۆشکە بە هەردوو ئاراستەکەیدا بەرەو مەترسی ئەکشێت.

ئەی چی بکەن؟
ئەو دڵخۆشی سەرقاڵی ئەمرەمان پەمان ئەڵێی ئەوەیە کە هیچ نیازێک نییە بە خەداماڵین لە زانست، تەنانەت توانا و ئامادەییەکی لەم جۆرەش بوونی نییە، چونکە زانست بەشێکە لە بوونی ئەمڕۆیەمان و هەردووركەوتنەوەیەک لەگەڵ بەرەو دەوانەیی ئاراستەمان ئەکات، لە هەمان کاتیشدا ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین کە خودی زانست و تەکنەلۆجیا ئەگەر بەرهەمهێنەری ئەم مەرگەساتەش نەبن ئەوا بەشدارن لە دروست بوون و تەشەنەکردنیدا، ئیدی شەماندەفەر و فڕۆکە و ڕێگاکان تەنها مرۆڤ ناگوازنەوە لە جێگایەکەوە بە جێگایەکیتر بەڵکو لەگەڵ مرۆڤدا ڤایرەسکانیش ئەگوازنەوە.
ئەستا کە هەنگاوێک نزیکترین لە مەرگەوە، لە هەر کاتێکی تر گرینگترە گەڕانەوەمان بۆ لای پرسیارەزنەکان، ئەبێت جارێکی تر زانست بخەینەوە ژێر پرسیارەوە، هاوکات خودی زانست لەگەڵ هاوتەریب بوونی فەلسەفە گەشە بکات و بتوانێت لە قەناغی دووەمدا شوێنی یەکتربڕی خۆی لەگەڵ فەلسەفە بدزێتەوە.

کۆرنا و مرۆڤی دابەستە

تا ئەستا دوو ڕێگا هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە.

ڕێگای یەکەم داخستنی مرۆڤ بۆ ڕووی مرۆڤدا و مانەوە بۆ گۆڕەی توانا لە ماڵەوە، ئەم ڕێگا بۆ دابڕاندنی نەخۆشە لە تەندروستەکان و هەشتنەوەی نەخۆشە تا چاک بوونەوە یان مردن بۆ بە ئەوەی کەسێکی ساغ لێیەوە تووش بێت. بەڵام ئەم ڕێگایە پێویستی بە توانایەکی لە

بن نەهاتوو کە لە ئێستادا بەدی ناکرێت لەهەموو شوێنکی سەر زەوی، دواتریش مرۆڤ بە گۆڕی خایاندنی ئەم نەخشییە لە دابەستییدا ئەمێنێتەوە، مرۆڤی دابەستەش مرۆڤێک نییە دوای تێپەڕاندنی قێرانکە سودبەخش بێت.
دابەستە مرۆڤکی تێکشکاوە لەرووی دەروونییەوە و بەتوانایە لەرووی مشک و جەستییەوە، بەیە قێرانی دابەستکردنی مرۆڤ قێرانکی تر ئەبێت لەدوای کەرناوە، کە رەنگە ئەمیان کاتکی زیاتری بوێت بەدەرچوون لێی.
سەرکەوتنی مرۆڤ لە کەمی و زەری ژمارەیدا نییە بەڵکو لە بوون یان نەبوونی کەسانی هەشیاردایە، لەئێستاوە ئەوە دیارە کە مرۆڤی کەرنتینەکراو بە ماوەیکی درێژ مرۆڤکی تەندروست دەرناچێت، تەنها لەم دەخەدا مرۆڤ ئەتوانێت بەرگری لە ماندوی جەستەیی خۆی بکات، ئەویش ئەگەر بتوانێت بەجەستەیکی تەندروستەوە بمێنێتەوە، ئەگینا لە رووی دەروونی ناوکییەوە ئەبێتە کەسکی تێکشکاو ئەگەر لە ئێستاوە هەوڵی وشیارییەکی سەرتاسەری بە هەموو جیهان نەدرێت، هەشیارییەک هێوایەک دروست بکات بەداهاتوو، تا ماوەی کەرنتینەکردن درێژتر بێت مرۆڤ بتوانێت زیاتر هەزبهەنێتەوە ناو خۆی و بگرێ ئەوماوەیە وەک ماوەی گومانی دیکارتی بەرکات (بنوانە پرەنسیپی گومان لای رینیە دیکارت)

رەگای دووهەم پشت بەستنە بەو تووشبوانەی کە دوای تووش بوون چاک ئەبنەو ە.

ئەم رەگایە تا ئێستا زەر نەکەوتوتە جەبەجە کردنەوە، چونکە هەشتا لە سەرەتای بەاوبوونەوەی
نەخشییەکەداین و ئەم رەگایەش بەو پرەنسیپە کار ئەکات کە مرۆڤی بەهەز لە رووی جەستە و دەروونییەوە بتوانێت خۆی دەربازبکات لەو قایرەسە و ئەوانەی کە نەیانتوانی دەربازبن کەتاییان بێت، بە ئەوەی ئەمە بتوانین ئیشکی زەر گەورە بکەین بە رزگار کردنیان.
ئەم رەگایە لە ئێستاوە بەر تانە و تەشەر ئەکەوێت لە لایەن خەڵکانکەوە کە پێیان وایە رەگایکی مرۆڤانە نییەو هەوڵە بە کوشتنی پیر و بەتەمەنکان و خەرزگارکردنی حکومەتکانە لەو داهاتە زەرەی بە پیر وخانەنشین و خاوەن پێداویستی تایبەت و نەخشە درێژخایەنکان و ئاوانی تر دابین ئەکرێن، ئەمە جگە لەوەی ئەمە بە رەگا یان یاسای مەگەل باس ئەکەن، بگرە ئەشێن کە دوور نییە ئەمە دروستکراوی ئەو وڵاتانخەیان بێت بە گەانەوەی ئەو داهاتانە، ئەشێن هەر لەبەر ئەمەیە زەرەک لە وڵاتانی ئەوروپا و

ئەمریکاخەمساردن لە رووبەروبوونەوەیدا.

دوای کەرەنا، ئەرکی پاراستنی زەوی

ئەرکی دوای کەرەنا لە ئەستاوە دەست پێئەکات، جگە لەوەی باسمان کرد لەسەر شکستی زانست، کە شتێکە ئەبە دانی پیابنرێت و ئەشبێت دان بەوەدا بنرێت کە بەهەر جۆرێک بێت مرۆڤ و زانستەکانی بەشدارن لەنانەوەی ئەم قەیرانەدا، دوای ئەوەش دانایی لە هەموو کاتێکی تر بۆ مرۆڤ پێویستە و ئەرکی پاراستنی بەهامرێیەکان و پاراستنی زەوی لەسەر شانی داناکانی ئەمرێیە.
زانستیش وەک دوا بەرهەمی مرۆڤ شتێکە ئەبە پارێزگاری لە بکرێت تا ئەوکاتەی مرۆڤ ئەتوانێت لەقەناغێکەوە بیگەنێت بە قەناغێکی باشتر، لە ئێستادا هەر پشت کردنێک لە زانست پشت کردنە لە مرۆڤ ونانەوەی پاشاگەردانییە و گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی چاخە بەردینەکان و خراپتریش.
ئەم قایرەسە و پاشکۆتەکانی تەنها پێلاماری مرۆڤ نادەن، بەڵکو پێلاماری بەهاکانیشی ئەدەن و هیچگومانێک نییە کە دەخی دوای رزگار بوون دەخێکی تەواو جیاواز ئەبێت لە دەخی ئێستا بۆ ڕاچاوکردنی ئەوەی ئەم دەخەی ئێستا چێند دەخاڵنێت، تا درێژتربێت قەیراناوی تر ئەبێت، بەیە ڕێگای کورت و دانایی زۆر و بیرکردنەوەی زۆر ئەرکی لە پێشینەی ئەمرۆی مرۆڤن بۆ دەرچوون لەم دەخە.

لەو دوو ڕێگای پێشتر کە باس کران، ئەکرێت چارەسەرێکی باشتر پێکبێت.

لە ڕێگای یەکەم دا ئەبێت پارێزگاری و جیاکردنەوەی مرۆڤ بخرێتە ژێر بارێکی تەندروستترەوە نەک بەمشێوەی ئێستا کە مرۆڤ دابەستە بکات، ئەبێت مرۆڤ بە زیندانیش لە ناو ماڵدا هیوای ئازادی لەدەست نەدات و بەرگەی چاوەڕوانی ڕۆژێکی باشتر و ئایندەیێکی باشتر بگرێت و بتوانێت خەی پێچەک بکات بەبیرکردنەوە و دانایی و هەمیشە لە ناو ئەو پرسیارە مەزنانەدا بژی کە مرۆڤایەتی لە سەرەتای بوونیەوە بەرهەمی هێناون، جگە لە پارێزگاری کردن لە توانای جەستەیی و دەروونی و بەرز ڕاگرتنی شکۆی مرۆڤانەی خەی، هەروەها هەست کردن بە ئازاری مرۆڤی تر لە کەمەگاکانی تر و بەرەنگاربوونەوەی دەخێکە وەک یەک جەستە و یەک گیان. بەمە مرۆڤ ئەتوانێت پارێزگاری لە تەوخمی خەی و لە بوونی سروشتی خەی وەک ئەوەی کە هەیە بکات و تەنانێت ئامادەش بێت بۆ ڕووبەروبوونەوەی هەر دەخێکی تری هاوشێوەی ئەمێش.

ئەمش لەمردا ئەبەت دەزگاکان و حکومەت و میدیاکان پێی هەستن، گەورەترین ئەرکی ئەمان بەرزراگرتنی هیوای مرۆڤ و راهێنانێتی بۆ بەرگەگرتن و تێپەڕاندنی دەخەکە.

لە رێگای دووهەمیشەوە مرۆڤ ئەتوانێت واقیعیانەتر دەخەکە ببینێت و هەست بە مەترسییەکانی بکات، بەوەش ئەتوانین بەشێک لە ئەنجامە خراپەکانی ئەم دەخە پێشبینی بکەین و بتوانین قبووڵی بکەین، ئەویش دوای ئەوەی هەموو توانایەکمان بەکارئەبەین بۆ دەرچوون بە کەمترین زیان.
بەڵام ئەوەی لەم رێگاوە هێڵەهێنجرێت ئەو ئەرکەیە کە چاکبووانی ئەم نەخۆشییە ئەکەوێتە سەریان، ئەرکی دوای کەرانا کە ئەرکی پاراستنی زەویە.
چاکبووان ئەبێت رابهێنرێن و فێربکرێن چۆن دەسکەوت و بەهاکانی مرۆڤ بپارێزن، ئەبێ پاڵە بکرێت لەدەوڵەمەندکردنی بیری چاکبووان و خۆشیان هەستیان بەوە بەهێزبێت و بزانن کە چ ئەرکێکیان لەسەرە، ئەمە ئەو کارەیە کە ئەبێت یەکسەر و بە دواکەوتن دەست پێ بکرێت و هیچ دەرفەتێک نییە بۆ دواخستنی، چونکە داهاتووی زەوی لە ئەستادا بەدەست ئەوانەوەیە و ئەوان ئەبنە بەرپرسی سەرکی پاراستنی زەوی.
دیسان ناچارم ئەوە دووپات بکەمەوە کە ئەرکی گەورە دوای پاراستنی زەوی ئەرکی گەلانەوەیە بەپرسیارە مەزنەکان و گواستنەوەی مرۆڤ لە سەردەمی قەیرانی زانستەکانەوە بۆ سەردەمی زانستی پرانسیپدارو پرسیاری دانەخروان.

گرووپی هاوپشتیی کەلان گرووپە خۆجێییەکانی هاوپشتیی گەلەک ... هۆزەن

لەنەو هەر کەلانێک کە ئەمە دەژین، کەسانێک هەن، کە بە هەکاری پیریی و نەخۆشیی و پەککەوتەیی و کەمئەندامیی توانای دابینکردنی پێداویستییەکانی خۆیان نییە، چ بە هەکاری نەتوانین و مەترسیی دەرچوون لە ماڵ، چ بە هەی نەبوونی توانای کڕین.

ئەم وەک هاوسێ و وەک مرۆڤ و وەک بەرپسیاریی هوشیاربوون، ئەرکی هاوپشتیکردنی ئەو کەسانە دەکەوێتە ئەستۆ، هەبێتە ئەگەر خەمان لە باری تەندروستیی و جەستەیی لەبار و گونجاو بین.

لەوانەیە بەهۆی دانەچەکانی ئەو هەست و بەرپرسیاریێ کەمایەتییەی سەرشانی خەمان، هەشتا ئەمەی لە دوای پاساو بگەڕێین و وەک خەدزینەوەیەک بپرسین؛ ئەی منداڵان و خزمانی خۆیان نایەن و ئەو ئەرکە لە ئەستۆناگرن و ئەنجامنادەن؟

بەجگە لەوەی کە ئەو پرسیارە لە هوشیاریی و لەجیک دوورە، دەکرێت پرسیارەکە پێچەوانە بکەینەوە و لە خەمان بپرسین؛ ئەگەر ئەمە لە دایک و باوکی خەمان دوور بووینایە و بەهۆی قەدەخەبوونی هاتووچۆیان دووریی شوێنی ژیان یان نەخشبوونی خەمان توانای فریاگوزاریی خزمانی خەمان نەبووایە، چی؟ ئایا هەر ئاوا وەک ئێستا کەمتەرخەمانە و نادڵسۆزانە دەمانگوت : بۆچی منداڵان و خزمانی خۆیان فریای ئەوان ناکەون؟

بەبێ گومان نەخێر و بەپێچەوانەی ئەوە خەزگەخواز دەبووین و زۆر سوپاسگوزار دەبووین، ئەگەر هاوسێیانی خزمانی ئەمە لە کاتی تەنگانە فریای ئەوان بکەون و پەداویستییەکانی ئەوان دابینبکەن.

دەی لەسەر هەمان بنەما، پێویستە هەر یەک لە ئەمە لە شوێنی ژیانی خەمان [لە ئاستی گوند و کەمان و گەڕەک] بە پێکهێنانی (گرووپی هاوپشتیی هاوسێیان) بانگەوازبکەین و ژمارە تەلەفۆنەک بە پێویندیکردن دەستنیشانبکەین. هەبێتە تاکو ئەو کاتەی کە (گرووپی هاوپشتیی کەمان) و (گرووپەکانی هاوپشتیی گەڕەک) پێکنەهاتوون، پێویستە هەر کەس لەنەو کەسانەکەی خۆی، لەوە کە هاوسێکان ئەو دەناسن و بەوای کەمایەتییان بە ئەو هەیە، پێویستە هەر کەس بەخەبکەوێت و چاوەڕێی دروستبوونی گرووپی کەمان نەبێت [هاوکاتی هەوڵدان بۆ دروستبوونی گرووپی هاوپشتیی کەمانەکەی خۆی، هەوڵبدات خۆی بۆ تەنیا ئەو ئەرکە ئەنجامبدات]، چونکە گرووپێ خۆجێیکان لەو دەستپێشخەرییە کەسیانەوە دەستپێدەکەن و سەرهەڵدەدەن و پابەندکردنی بەشداریکردنی هەر کەسێک و چاوەڕوانمانەوەی هەر کەسێک بۆ دروستبوونی گرووپەکان، دەبێتە هۆی دواکەوتنی دروستبوونی گرووپەکان، بۆ واتایەکی دیکە، بەو ئادەی کە هەر کەسێک زووتر لە شوێنی ژیانی خۆی بخەدەکەوێت، بۆ هەمان ئادە دروستبوون و سەرهەڵدانی گرووپەکان نزیکتر دەبێت.

چۆنیەتی سەرهەڵدانی گرووپی هاوپشتیی کۆمان؟

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، کەسێک بە ناگەیاندنی ئامادەیی خۆی بۆ هاوپشتیکردنی هاوسێیانی پیر و نەخۆش و پەککەوتە و کەمئەندام یان هەر کەسێکی دیکە کە کەمەک و هاوپشتی ئێمەی پێویست بێت، لەگەڵ کۆمان بۆ هەڵواسینی بانگەوازێک بۆ پێکهێنانی گرووپێک بۆ هاوپشتیی هاوسێیان یان بۆاوکردنەوەی بانگەوازێکە لەگەڵ تۆی کەمایەتیی و نووسینی ژمارە تەلەفۆنێک بۆ پەیوەندی، هەبەتە ئۆگەر بکرێت لەسەر بانگەوازە چاپکراوەکە وێنەی کەسی بانگەوازکەر هەبێت، تاکو بۆای کەمایەتیی هاوسێیان بۆدەستبهێنێت، هەر ئاوا بۆ ئەوەی هاوپشتییانەی ئێمە لە هەوە و هەڵپەرستیی کەسانی دیکەی ساختەچی و دەستبەیان پەپاگەندەکەرانی ئامیار و مشەخۆر جیا بکرێتەوە.

پاش پەیوەندیکردن و ئامادەیی کەسانی دیکە، لەگەڵ کەبوونەوەیەکی ئاشکرا و بە لەبەرچاوکردنی باری تەندروستی و ئاسایی ئێستا، دەکرێت کەبوونەوەی پێکهێنانی گرووپەکە لەگەڵ چات-مەسینجەرێک بێت و هەموو هاوسێیان بتوانن بەشداریبکەن، بە نموونە چات-گرووپی فەیسبووکیی لە عیراق و چات-گرووپی تەلەگرامیی لە ئێران، لەبەر ئەوەی کە لەو دوو وڵاتە زەبەی خەڵک بەکاربەری ئەو دوو تەرانەیە و نائاشنا نییە و بەکاربردنی ئەوان ئاسانە، ئۆگەر نا چات-مەسینجەری دیکەی وەک سیگناڵ Signal و جیتسی Jitsi هەن، کە زۆر باشتر و پارێزراوترن. بەڵام بەداخەوە وەک فەیسبووک مەسینجەر و تەلەگرام گەلێی و گشتیی نەبوونەتەوە و زەبەری خەڵک ئاگاداری بوونی ئەوان نییە.

لەگەڵ کەبوونەوەکە، کەسانی ئامادەی هاوپشتیکردنی هاوسێیان خۆیان دەناسێنن و ژمارە تەلەفۆنی خۆیان بۆ پەیوەندیی ئادەگەیەنن و بەشدارانی دیکە دەتوانن ژمارە تەلەفۆنی ئەو کەسانە بۆ هەموو دانیشتووانی کۆمانەکە بگەیەن.

بەو جۆرە کۆمان بۆ کۆمان تاکو ئاستی گەڕەک و شار گرووپەکان پێکدێن و لە کاتی پێویست چالاکانی کۆمانەکان دەتوانن فریای کۆمانەکانی دیکە بکەون، بەڵام ئەوە بەس لە باری پێویستی و گرفتاریی چالاکانی ئەو کۆمانە. چونکە هاوپشتیی هاوسێیان بۆا و ناسین و دۆنیایی پێویستە، بۆتایبەت کەسانێک کە کەمتر لە ماڵ دەردەچن و پیر و نەخۆش و پەککەوتە و کەئەندامن، پێویستە دۆنیایی زۆرتریان هەبێت. هەبەتە، بە بەردەوامبوونی چالاکییەکان، بۆای کەمایەتیی پتەوتر و جێگیرتر و فراوانتر دەبێت و تەنانەت ئاستی

کێشەکان و گرفتەکیش تەدەپەینێت. بەڵام سەرەتا دروستکردن و گەشەنوەی پەیوستە، چونکە هەزاران و سەدان ساڵ ئیمپراتۆرییەکان و دەوڵەت و پارتییە ئامیارییەکان و دژگەکان و ئامیاران خرێکی لەنێوبردنی بەوا و هاوپشتیی کۆمەڵایەتین و دروستکردنەوە و گەشەنوەی ئاوەی لەنێوبردراوە، شێلگیرییەکی بەردەوامی پەیوستە.

ئەرکەکانی گرووپی هاوپشتی کەسان؟

لەباری نائاسایی ئێستا کەینی خراک و پەداویستییەکانی دیکە بە ئاو کەسانێی کە بە خەیان توانای دابینکردنی پەداویستییەکانی خەیان نییە، گەیاندنی ئاو کەسانە بە پزیشک و نەخشخانە، بەسەرکردنەوەی بەردەوام بە هەی تەلەفۆن و تەنانەت سەردانیکردن بەلەبەرچاوگرتنی ئەنوەییە تەندروستییەکان بە خپاراستن لە بەاوکردنەوە و تووشبوون بە پەتاکان.

لە خوارەوە دەموێت چەند بڕیارێك کە گرنگ لە دوای کەمنە بڕیاری لەسەر درا وەك چەسپاندنی دەسەڵاتی عەلمانی لە فەرەنسا بخەمە ڕوو , تەنها بە سەلماندنی ناوەڕۆکی پشکۆتنخوازانەی بڕیارەکانی کەمنە ,لەوانە-ساڵی 1879 بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پشوی بە زۆری هەڕەژی یەکشەممووان درا کە وەك ئەرکێکی ئاینی سەیردەکرا,خەبات دژ بە کەمڕەو ئاینیەکان و چەسپاندنی سیمای دنیایی بەسەر گۆڕستانەکان لە ساڵی 1881 درا, ڕێگە دان بە تەڵاق لە ساڵی 1884 , بڵاوکردنەوەی پەروەردەی گشتی بەسەر پەرشتی جول فیری, ساڵی 1883 خوێندن بووە خەڵایی لە دژگا دەوڵەتییەکان, ساڵی 1886 بڕیار درا پەروەردە تەنها کاری مامۆستا عەلمانیەکان بێت , تا ئەو کاتانە کەنیسەی کاسۆلیکی گرنگترین هاوپەیمانی پاشماوەی پاشایەتی خوازان بوو, بە هەموو شێوەیەك دژ بە دامەزراندنی سستەمی کەماری بوو 5. هەڵبژاردن لە سەدەی 19 لە بڕیتانیا و فەرەنسا وەك دوو پێشەنگی مەڵبەندی دیموکراتی لە جیهاندا دەنگدان تیایاندا تەنها بە دەوڵەمەندان بوو, تەنانەت ژنان تا چلەکانی ئەم سەدەیە مافی دەنگدانیان نەبوو 6. کەچی لە کەمنەدا دەرگای دەنگدان و خۆپاڵاوتن بە هەمووان بڕجیاوازی لەسەر پشت بوو .1- نصوص مختارة فردريك انكلس اختيار تعليق جان كاسا ترجمة وصفى البنى ص 343).2- کەمنەی پاریس –ئەبوبەکر خەشناو –سلصمانی 2002 ل 44.

کۆمەڵکوژی کۆمانە

لە 31 ئایاردا, لە کاتێکدا تیرە لە ناو لاشەی کۆمانەکان هاوستابوو وتی: (ئەم دیمەنە ترسناکە وانیە بە دوا دەژ).لە ئاکامی شەڕدا 20000 کۆمانەر کوژران لە ناو سەنگەرو شەقامەکان 30000, یش لە زیندانەکان مردن, دادگای مەیدانی تا ساڵی 1875 بڕدەوام بوو , هەروەها 13700 کەس لە وەڵات دورخرانەوە, لەناویاندا 60 منا و 8 ئافرەت هەبوون *.لە پاش تێکشکانی کۆمانە, ماركس و ئەنگلس بە شانازییەکی شۆڕشگێرانەوە ,بە پرۆلیتاریایان وت: (کۆمانە هەژەکانی جیهانی کەن وایان زانی بە تەواوی لەناو چوو, کۆمانە زیندووە بۆتەکو لە هەموو کاتێکی ئابردوو بەهێزترە و ئەتوانیین لە گۆڕتانا هاوار بکەین بژی کۆمانە).ئەجین پەتیەش لەو کاتەدا وتی (کۆمانە نەمرە , ناشمرە).تیریییش بە دوای سەرکوتکردنی کۆمانەدا وتی :(ئەستا بە ماوەیەکی زۆر لەگەڵ سەسیالستەکان تەواو)(7).

ڤیکتەر هەگۆش کە تا دواچرکەی ژیانی(ساڵی 1885 مرد) , بە شانازییەوە داکۆکی لەوە کرد ,کە پشتگیری لە کۆمانە کردووە (8). قسەکەی تیرە ئاست دەرچوو,لەوەی بە ماوەیەك بزوتنەوەی سەسیالستییان کپ کرد, تا ساڵی 1904 شەش لە جیهاندا دامرکایەوە (9).* ئەم ئامارانە ,لە سەرچاوەیەکەوە, بە یەکی کە دەگەڕێن .لە ڕۆژهەڵاتی کۆمانە هاتووە :(ئیعدام کردنی 30000 – لە 26 ئایار تا ئۆکتۆبەری 1874 لە 24 دادگای سەربازییدا 80 منا و 132 ژن و 9958 پیاو حوکمە دەن .270 کەس ئیعدام دەکەن و 4016 کسیش دور دەخرانەوە 326, کەسیش زیندانی دە کەن) .ڕۆژنامەکانی ئەوکات نووسیویانە کە ڕوباری سین سوور هەگەڕاوە, بە خوێنی ئەو هەموو کوژراوو بریندارانەی کە فڕە دراونەتە ناو ئەو ڕوبارەوە (گاورباخی ژمارە 6-2003-کیسرا هەورامی).** بە فەرمانی گالیفی جەلاد 20000 گولەباران و 45000 کرێکار وە کۆماریخواز گرتران ,لە ناو ئەوانە 15000 بە ئەشکەنجە یان هەڵواسین لە ناو بردران- موجز تاریخ حرکە نقابیە ج 1 ص 99).لە گشتدا ئەوە دەردەکەوێت دەیان هەزار بونە قەچی قوربانی کۆمان, گیان بەخت کردوان ژمارەیان یەکجار زۆرە , ئەمەش دەربڕی دڵندەیی بەرژوازییە , کە ئەمڕۆ خۆی , وەك مۆلایکەتی ئازادی و دیموکراسی و ئاشتیخوازی نیشان دە دات.

بە بۆرچاوی زۆر شایەد حاڵەوە پاریس ببووە قەسابخانە , یەکەك لەو شایەدانە هنری دونان دامەزرێنەری خاچی سوور بوو, وتی: ئەمەش کۆمەڵکوژی بوو لە شاردا ئەنجامدرا .لە 28 ئایار لە ڕۆکەت 1900

کەس لە سەدارە دران , لە گەستانی بابە لاشینز و مونبارناس و گەپانەکانی لەکسمبەرگ و باخی مزنسو و .. . فەن بەکارهێنرا بە سوتاندنی تەرمەکان , بە زیندویی پیاوانی کەمەن زیندە بەچاڵ کران بە تایبەت لە باخچەی سان جاك .بە پێی ئەژنامەی ئیفننغ ستاندارد پێشبینی ژمارەی کوژراوەکان ناکرێت , لەبەر زۆری , مەزەندە کرا بە 30-20 هەزار کەس , 4322 زیندانی " الكتاب الاسود للراسمالیە "ترجمە د.انگون حمصی , دار الگلیعە الجدیدە سوریا دیمشق 2006 , ل75 .13440 دادگاییکران لەوانە , 3313 بە غیابی دادگاییکران " هەمان سەرچاوە , ل76 .لە بەرواری 15-6 سەدارەدان لە جەنگەستانی بەلەنیا ئەنجامدرا , لە کوشتن دەستیان هەبەنگرت , تاکو بەگەنی تەرمەکان ناچارییانی نەکرد, لە کەنیسەی مادلین 300 کەس لە سەدارەدرا , لە گەپانی بانتیون 700-800 کەس لە سەدارە درا .لە دوای چەندین هەفتە لە هەوداوی سافوارین , پاککەرەوەکانی پاریس لە سەدارەدران , تەنها لە بەرئەوەی دەستکانیان هەش بوو, ئەمەش بەوە لەکدرایەوە بارود دەستکانیانی هەش کردبێت , لە خوارەوەی ئەلبون-نەف لە سەدارەدان بە ماوەی 8 هەژی هەبەق بەردەوام بووە, 3000 کوژراو لە زیندانی کالیدونیا و پردی پاپەکان و ئەنبارەکان " هەمان سەرچاوە ل87 ". هەروەها 70000 ژن و منداڵ بەبەریکران لە بەگەنامەی یاسایی , زیاتر لە 10000 کەس دوور خرانەوە " هەمان سەرچاوە , ل87 " .36909 زیندانی کەمەنی کرێکاری دەستی بوون " هەمان سەرچاوە , ل88 " .

1-الپقافە الجدیدە عدد 4 نیسان1987 –کومونە باریس محتواها گبقی و مچمونها الوگنی –یحیا علوان ص95.2-التاریخ الاقتصادی لعصر الامبریالیە ..ترجمە عبد الالە النعیمی ..الجزو الپانی .ف بەلیانسکی.مرکز الابحاپ والدراسات الاشتراکیە فی عالم العربی.الگبعە الاولی.ل8.3-نامیلکەی وتاری مارکسیزم و گیانی ەیقیزینیزمزچاپکراوی کەمەنی هەنجدەرانی کوردستان.4-کەمەنەی پاریس –ئەبوبەکر خەشناو ل 65.5-لینین حولە کومونە باریس ص 18.6-التاریخ الاقتصادی لعصر الامبریالیە ..ترجمە عبد الالە النعیمی ..الجزو الپانی .ف بەلیانسکی.مرکز الابحاپ والدراسات الاشتراکیە فی عالم العربی.الگبعە الاولی.ل19.7-ەژنامەی بەیان ئیمارات 26-8-2002.8-هەمان سەرچاوەی ژمارە 5.9-گاورباخی ژمارە 6-2003 کیسرا هەورامی.

کەرەنتا و جیابوونەوە ... نووسینی: بەکر ئەحمەد

قەدەغەکردنی هاتووچۆ و درێژکردنەوەی بڕیاری بوونی مانەوەی هاولاتیان لە مالەکانیاندا وەک یەکێک لە ستراتیژیەکانی کەمکردنەوەی ڕێژەی تووشبوون بە کەرەنتا لە بڕیارەکانی گیرا. لەم ڕیگایەوە، مەترسی بلاوبوونەوەی ڤایرسەکە سنووردارتر دەکرێت بەوەی کە فرستی بڕیککوتنی ئینسانەکان لە فەزای گشتی کەمدەکاتەوە.
بەڵام هاوکاتیش دەرفەتی پێکەوەبوونی زیاتری ئینسانەکان لە فەزای شەخسی و تایبەتیدا، لە ماڵدا زیاتر دەبێت.
هاوکێشەیەکی ماتماتیکی سادە دەکرێ باشتر ئەم وێنەیە بخاتە بەرچاو.
ئەگەر پیاو کرێکاری ماڵ بێت، ئەوا لە بیستو چوار سەعاتی شەو وڕۆژێکدا، ١٠ تا ١٢ کاتژمێر لە کار و سەعەتەکانی دیکەیشی لە ماڵدایە.
بەوەی کە پیاوی کەمدەگای کوردی بێ جیا لە سەعەتکار دەکرێ چەندەها سەعاتی دیکە لەدەرەوە بێت، دەرفەتی بینینی منداڵ و خێزان، تا دێت کەمتر دەبێتەوە.

شەقی کەرەنتا بێ ئەوەی کە ئینسان یەکتری تووشنەکات و لەماڵەوە بێت، ئەم هاوکێشە ماتماتیکییەی سەرەوە هەڵدەگێڕێتەوە و پیاو ناچاردەکات لە جیاتی ١٠ سەعات لەماڵەوەبوون، ٢٤ سەعات لە ماڵدا بگوزەرێنێ.
بەمەش فرستی بینینی هاوسەر و منداڵ لە چەند سەعاتێکی کەمەوە دەبێتە چەند بڕانبەر.
ئەم هاوکێشەیەش بۆ ژنی ماڵ، بەهەمان شێوە ئاڵۆگۆڕی بەسەردا دێت و لە جیاتی ئەوەی ماوەیەکی کەمتر هاوسەری ببینێ، ناچارە، هاوسەری خۆی وەک "مووی لووت" لە بیست وچوار سەعاتدا لەبەرچاودا بێت.
نیشاندانی ئەم وێنەیە بەمجۆرە، بۆ مانای ئەوە نییە کە ژنانی کورد کارناکەن و کەمدەگای کوردی لەمڕۆدا ئاڵۆگۆڕێکی بەسەردا نەهاتووە. بەڵکو لە چوارچێوەیەکی گشتی و بنەڕەتیدا ، هەشتاش کەمدەگای کوردی ملکەچی ئەم جۆرە لەکاردابەشکردنی دەرەوە و ماڵە.

بەیە ستراکچەری ئەم پێکهاتەیانەیی خەزان هاوبەرووی کەمالێک چاوەنجی تازەبێتەوە کە لەشەقکانی کەرنا بەئازار و دژیسەری تر نیە. بە تایبەت لە کاریگەریدانان لەسەر ئاوەی کە چ فشارێک لەسەر پەیوەندییەکە دادەنێت.
بەڵام ئاگەر ئەم ستراکچەرە پاتریارکییەش کە من ئاماژەم پێدا لەبەرچاونەگرین و تەنها سیاتەکانی پێکهاتووەی ئینسانەکان زیاتر بکەین لە ژێر هەلومەرجێکی نەرماڵ و نا نەرماڵدا، ئەوا کەمێک ریسک ناخۆیستانە دەنە پیش کەدکەرە کاریگەری سەیر لەسەر پەیوەندییەکە دابنێ. لەرەوەیە کە من دەمەوێ پەیوەندییەکی سەیر لەبەینی کەرناو جیابوونەوەدا نیشانبدەم.
بەڵام باشترە سەرنج لەو لەکێنەوانە بدەم کە دەکرێ کەمەککەری ئەم باسە بێت.
با سەرنجێک لە مەملەکەتی جیابوونەوە بدەین کە سویدە.
لە ٥٠٪ ی پەیوەندیە خەزانییەکان لە سویددا بە جیابوونەوە کۆتایی دێت. ئەم ژمارەیە هەموو ساڵێک لە هەلکشاندایە بە تایبەت لە سالەکانی دوای ٢٠٠٠وە.
بەگوومان جیابوونەوە لەم باسکردنەی منداڵ مانایەکی نەگەتیف ناگرێتە خۆیی و دەکرێ وەک هەکارێکی پۆزەتیف سەرنج بدرێت بەوەی کە ئینسانەکان کاتێک ناتوانن بەیەکەوە هەبەکەن، باشترە و ئاستربێ لەو پەیوەندییە بچنە دەر.
بە جیا لە هەکارە ئابووریەکان، دووركەوتنەوەی ئارزووەکان لە یەکتری، "دەپیسی" ، ئازاردانی فیزیکی و دەروونی لە پەیوەندییەکداڵ، کەمێک فاکتەری دیکە هەن کە وەک ریسکێکی سەیر کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکە دادەنێت و ئاراستەی پەیوەندییەکە بەرەو جیابوونەوە زیاتر دەکات.
ئەم بۆشکە لەو ریسکە سەیرو سەمەرانەن کە ئاگەری جیابوونەوە لە سویددا زیاتردەکات.

کاتێک هەردوو بەیەکەوە لە پشوودان

مانگەکانی شەش و حەوت و هەشت و دوانزە کە پشووەکانی هاوین و سەری ساڵی تێدەکەوێت، بەرزترین ئامارەکانی جیابوونەوەی تیا تۆماردەکرێت. ئاخر کاتێک ئینسان لە ماوەیەکی زیاتردا یەکتردەبینێت، فرسەتی بینینی دیو و گۆشەی زیاتری بەرانبەرێکی بە دەردەکەت کە لە رۆژانی غەیری پشوو و دەردی سەریەکانی رۆژانەدا ئیمکانی بینینی نیە.
بەیە بەریەککەوتن و بەیەکداهەڵشاخانەکان زیاتردەبێت و فشارێکی زیاتر بەسەر پەیوەندییەکە دروستدەبێت.

کاتێک کرێی کارەکان کەمترە
کە کار فاکتەرێکی گرنگە بۆ ئەوەی پەیوەندییەک درێژ یان کورتخایەن بێت. بوونی خوشەویستی باشە کە دەکرێ کرێ بەرزتربکاتەوە، بە هەمان شێوە هەمان کاریگەری هەیە.
کرێی کەم و خوشەویستی کەمتر، بە یەکێک لەو ریسکە گەورانە سەرنج دەدرێت کە فشار بەسەر پەیوەندییەکە دروستدەکات.

کاتێک یەکێکیان کیشی دەدا بەزەنێت
کاتێک یەکێک لە پەیوەندییەکەدا "خرپن"ەو کێشی زیادە و کێشی خۆی دادەبەزێنێ، بەمەش بەخۆباوەڕبوونێکی زیاتر بە خۆی بەدەستدەهێنێ و ئەگەر لە پەیوەندییەکی ناسالمدا ژیان بەسەردەبات، ئەوا ئاسانتر هەنگاودەنێ بۆ ئەوەی پەیوەندییەکە جێبهێڵێت و کەسێکی دیکە بدۆزێتەوە.

کاتێک هەردوو گەنجن
لەبەر ئەو هەکارە سادەیەی کە لەو تەمەنەی ئەواندا نازانن چییان لە ژیان دەوێت و رێژەیەک لە یەکدی دوورتر دەکەونەوە.

کاتێک قسەت دەمەقاڵێ و قسەشێک لە نەودا رووندات
هیچ جووتێک نییە کە هەمیشە لە شادی شەریفدا بژین و دەمەقاڵێ و قسەشێک نەکەوێتە نێوانیانەوە. بەڵێ ئەوانەی کە هیچ کاتێک بیروڕاکانییان بەر بەریەکەوتنێکی رێژانە ناکەوێ ، فرسەتی ئەوەیان نییە کە دەرفەتێکی شیاو بە دەربڕینی نەگوونجاندەکانییان بکەنەوە و لە دڵخۆشی بوغزاویانەدا ژیان بەسەردەبەن.

کاتێک خەریکی نەژەنکردنەوەی ماڵ دەبن
بەوەی لەم دڵخۆشانەدا ئارەزوو ویستە جیاوازەکان لە هەڵبژاردنی رەنگ و قەنەفە و بەرز و نزمی دیوار و کەرەستەی موبەقەدا لە بەریەککەوتنێکی رێژانەدایە، فشارێکی زیاتر لەسەر جووتەکە پێک دێت.

کاتێک منداڵی بچووک لە نەوایە.

ئەمانەی سەرەوە بەشێکی کەم لەو ریسکە سەیر و سەمارانەیە کە لەباری ئامارەوە پشتراسکراوەتەوە و وەک ئەو ریسکانە تەماشادەکرێن کە دەکرێ پەیوەندییەکە بەرەو هەڵدێر بەرێت. بگوومان بەڵێ بەرچاوگرتنی ئەو چوارچێوە کولتووری و کەلایەتییەی کە هیچ بەهایەکی نائەخلاقی لەسەر چەمکەکانی "بەوەژن"ی و "بەوەپیاو"ی دانانرێت.

بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە سەر بابەتە سەرەکییەکەی خۆم، کۆرۆنا و جیابوونەوە، دەکرێ بەیاری نەچوونەدەرەوەی هەمووان لەماڵدا و زیادکردنی سەعاتەکانی لەبەرچاوێکتردابوون، گۆشە و لایەنی جەراوجێری پیشتر نەبینراو دەربخات و فشار و مەترسیی گەورەکەی کە هەمووان لەبەرانبەریدا لەماڵخزێنراون، قلشتی نێوان ئینسانەکان گەورەتر بکات و مەسافەی نێوان ئارەزو و حەزەکان نیوان ئینسانەکان زیاتر بکات.
ئەگەر کۆرۆنا خۆی ریسکێکی گەورەیە لەسەر ژیانی ئینسانەکان، ئەوا ریسکە لاوەکییەکانی دیکە کە بەهۆی کاریگەرییەکانی ئاوەوە بەرەکی بە ئینسان گرتووە، زەربێکی دیکە لە ئینسانەکان دەدات کە دەکرێ لە دوای سڕبوون و مردنی ڤایرەسی کۆرۆنادا، ڤایرەسی نەگوونجان لە نێوان ئینسانەکاندا ئەکتیڤ تر بکاتەوە.
بینینی پەیوندی نێوان دووئینسان لەم کۆنتیکستەدا، دەکرێ وشیاری ئاوان زیاتر بکات و ئاقلانەتر ئەم ئەزمەی رەحمی و سایکلۆژییە تێپەڕنن.

نووسینی: بەکر ئەحمەد
18-03-2020

ڤایرەسی کۆرۆنا و جیاوازی ئەمە و ئەوروپا ! … ئاری زەندینی

مەبەستم لە (ئەمە) هەرێمی کوردستانە واتە (حکومەتی هەرێمی کوردستان) کە لە ئێستادا لە نزیەمین (9) کابینەدایە کەچی ناتوانێت مووچە دابین بکات ! بەڵام لە پەتایی (ڤایرەسی کۆرۆنا) خۆی وا پیشان دەدات و خەڵکی چەواشە کردووە لە دەزگا راگەیاندن و ئەو راگەیاندنە سەبەروپاشکێی حیزب و حکومەتن هاوڵاتیانی ئەو هەرێمە وا چەواشە دەکەن کە باشترین سیستەمی تەندروستی و دەسزترین دەسەڵاتدارین بە رووبەرووبوونەوەی (ڤایرەسی کۆرۆنا) و چارەسەر کردنی هاوڵاتیان ! نازانم چۆن دەسزیەك چۆن سیستەمی تەندروستی چۆن حوکمڕانیەك لە ئێستادا هەموو دەیبینن خەڵکی ئەو هەرێمە چەند ناڕازیە و بێزارە ناتوانرێت (بەرمیلێك نەوت) ئامادە

بکات لە یەك ساڵدا ! .
کەسانێکی دیاریکراو لە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی و دەست لە پشتدانی حیزب و دەزگا راگەیاندنەکان خەڵکی ئەو هەرێمە وا تێدەگەینن و باس دەکەن ئەزموونی رووبەروبوونەوەی (ڤایرۆسی کۆرۆنا) لە ئەوروپ سەرکەوتووتربووە وا دادەنێن پێش ئەوان خۆمان ئامادە کردوو باری نائاسایمان راگەیاندو دەوامی قوتابخانەکانمان ڕاگرت , ئەوە ئازایەتی نیە بەڵام بۆ هەرێمێکی قوربەسەری وەکو ئێمە ئاقڵی بوو زۆر ! چونکە دەسەڵاتدارانی ئەو هەرێمە باش خۆیان دەناسن ژێرخانی ئابووری سفرە و چ بۆ سەروبەریەك دەگوزەرێ لە کاتی کارەساتێکی واش دەزانن چ ماڵوێرنیەك تووشیان دێت هەروەك ئەزموونی مرۆڤکی نەدارونەخۆش کەم دەرامەت هەر زوو ئاگاداری خۆی دەبێت لە ترسان نەوەك لە بیرکردنەوەی ئاقڵانەوەوستراتیجیانە ئەو هەرێمە و ئەو حکومەتەی هەرێمەش هەر وایە هەروەك جارەك ڕۆژنامەنووسێکی بیانی دەیگێت خەڵکی ئەو هەرێمە لە کاتی کارەسات و شەڕ بیر لە هەڵاتن دەکەنەوە بەرەو چیاکان و سنوورەکان هەروەك بینیمان لە دوایی ڕاپەڕین و شەڕی داعش بەڵام لە پەتایی ڤایرۆسی کۆرۆنا مەجبووری لە ماڵەکەی خۆی بمێنێتەوە هیچ وڵات و شوێنکیان شك نەبرد, ئەوەش گوناح و خەتایی خەڵکی ئەو هەرێمە نییە بەڵکو دەسەڵاتدارانی ئەو هەرێمە لێی بەرپرسیارە ناتوانن خۆشەویستی دروست بکەن ئەگەر نا منکی هاوڵاتی ئەو هەرێمە چۆن حەزناکەم باشترین سیستەمی تەندروستی و خەمخۆرترین حکومەتمان هەبێت , ئەدی وا نابینن خەڵکی ئەو هەرێمە بۆ بەسیترین و سووکترین نەخۆشی روو لە وڵاتی ئێران و تورکیا وڵاتانی ئەوروپا دەکەن کوا باشترین وپێشکەوتووترین سیستەمی تەندروستی و بیرکردنەوەی عاقڵانەی (29) ساڵ حوکمڕانی کوردی ! هاوڵاتی ئەوروپی لە وڵاتی خۆی چارەسەردەکرێ بە پارەکی کەم و یان سیستەمی تەندروستی بۆ بەرامبەر کەچی هاوڵاتی ئەو هەرێمە لەبەر بۆ پارەیی و کەم دەرامەتی و نەبوونی پاڵپشتی تەندروستی دەوڵەتی و حکومی وازیان لە هەستیارترین ئەندامی جەستەی خۆیان دەهێنن کە (د)ە ناتوانن چارەسەری بکەن چونکە پارەکی زۆری دەوێ لە نەخۆشخانە تایبەتی وئەهلی و ناحکومیەکان !

جا لێرەدا گەر ئەوروپا درەنگتر بۆیایدا رووبەروی ڤایرۆسی کۆرۆنا بێت چ حکومەتەکان چ هاوڵاتیان لەبەر ئەوەیە ئەوان لە ژیانێکی ئاسایی و یاسایی و بەسیستەم و دوور لە گەندەڵی و بیرکردنەوەی ئاقڵانەوستراتیجی و دووربینی چونکە وڵاتانی ئەوروپا ژیانی خەڵکەکە بە سیستەم و داموودەزگاکانی حکومەت و کارگەوپیشەسازی و کۆمپانیاکان و داهات و بەرهەم بەسیستەمە کاریگەری دەبێت لە سەر

تاك به تاكی هاوڵاتيانی وەكو ئەو بۆ سەروبەری و بۆ سيستەمی لای خۆمان نييە بۆيە هەكاری سەرەكی بۆاوبوونەوەی ئەم ڤايرۆسە لە ئەوروپا زياتر ئەوەيە سروشتی ئەم ڤايرۆسە خۆی وايە لە قەرەباڵغی ی تەكەڵاوی و بەريەك كەوتن بۆاوەدەبێتەوە ئەوەش رووبە ئەوروپا بەهۆی خۆشگوزەرانی و سيستەم و گەشتياری خەڵك رووی تێدەكات مەسەلە ئەوەنيە ئێمە زوو بيرمانكردۆتەوە ئەوان درەنگ چونكە جياوازی ئێمەوئەوان ئاسمان و ێ ِسمان , ەش و سپی , مردوو زيندوو , مريشك و كەەشۆر ! بەام لای خۆمان كەس نازانێت پارەی مووچە لە كوێ دێت و كۆمپانيا و شوێنە حيزبی و تايبەتيەكان كەس باج و پارەی كارەبا نادات , جا بۆيە ئەو هەرێمە حكومەت هەبی نەبی خەك دەوام بكات نەكات هەر وەكو خۆيەتی هەرێمێكی بەكاربەرومشەخۆروگەندەە نەوەكو بەسيستەم و بەرهەمهێن ! لە ئەوروپا گرنگترين شت متمانە بە خۆبووني هاوڵاتيان و حكومەتە چونكە لە ژيانێكی رەفاهيەت و خۆشيگوزەرانی و يەكسانی دەژين دوور لە ترس و نايەكسانی بيريان بۆ شتی خراپ ناچێت وەكو هاوڵاتيانی هەرێمی كوردستان نين هەردەم ماَەكان و خانووەكانيان پێ دڵارو بووەتە كۆگايی خۆراكی (برنج و گەنم و جۆ ئارد وساوار) ئامادەی كارەسات و ماوەرانی ئەمەش بۆ متمانەيی خەكی ئەو هەرێمەيە تا سەر ئێسقان و سەد لە سەد لە حوكمەانی (30) ساەی دەسەاتی كوردی دوايی اپەينە مەزنەكەی بەهاری (1991) ! .

ڤايرۆسی كۆرۆناش بووە قۆزاغێی نمايشكردنی نژادپەرستی و مەزهەبی! ريبوار عارف

لە كاتيكدا كە ريگخراوی جيهانی تەندروستی گوزارشتی تووشبووني زياتر لە 185 هەزار كەس و گيان لێدەستدانی 7500 كەس دەدات، يەكيەتی ئەوروپا دويني 17.3.2020 لە هەنگاويكی تازەدا بريارى راگرتنی هاتنی پەنابەران و كۆچكردوان دەدات؛ بۆ پاساوی خۆپاراستن لە ڤايرۆسی كۆرۆنا. هەرلەمبارەوە (ئيمانوئل مكرون سەرۆككۆماری فەرەنسە) داوا دەكات كە هەموو ولاتانی ئەوروپا هەول بدەن

بەشیوەیەکی یەک دەست و یەکگرتووانە هەنگاوبنین بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە.
بیرۆکەی داخستنی سنوورەکان سەرەتا لە ولاتانی ئەندامی ریکەوتننامەی شەنگنەوە دەستی پێکراو دواتر لە ئاست هەموو ولاتانی ئەورووپادا سەراسەری بوونەوە ئیستە بەجۆرێک نەک تەنیا یەکێتی ئەورووپا، بەڵکو تەنانەت کۆمیسیۆنی بالای نەتەوە یەکگرتووەکانی کاروباری پەنابەریش بەهەمان شێوە بریاری دەست راگرتن دەدەن لە هێنان و گواستنەوەی پەنابەران بۆ ولاتانێک کە تێدا مافی پەنابەریان پاسەندکراوە. داخستنی سنورەکان لە دۆخێکدا دێتە پێشەوە کە بەداخەوە ئیتالیا مەترسیەکی یەکجار گەورەی لەسەرەو هاوکات ئیسپانیاش لەبەر کەم کردنەوەی مەترسی قایرۆسەکە دەستیان داوەتە هەنگاونانێکی زۆر زیاتر بەمەبەستی ئارام کردنەوەی بارودۆخەکە.
لەروالەتدا ئەم بریارو هەنگاوانەی ئەورووپای یەکگرتوو ئورگانە نیودەوڵەتیەکان تەنیا بۆ پاراستنی گیانی هاوڵاتیان و ڕێگرتنە لە بڵاوبوونەوەی قایرۆسی کۆرۆنا، بەڵام هەقیقەتەکەی ئەوەیە کە ئەم لەژێکی خۆپاراستنە نەک تەنیا بارگاوێ بە کردەوەیەکي راسیستی و نژادپەرستانە، بەڵکو خودی بریارەکە بەتەواوی مانا نژادپەرستانەیە. وەک هەموومان ئاگادارین کە لەم چەند سالانەی ڕابردودا لە ولاتانی ئەورووپا جۆڵانەوەیەکی بەرچاو هەبوو کە خوازیاری داخستنی سنورەکان بوون بۆ ڕووی پەنابەران و کۆچکردوواندا. هاتنی ئەم قایرۆسەو بڵاوبوونەوەی بۆ نیو ولاتانی ئەورووپادا دەرفەتیکی گونجاوی پێکهینا کە ئەم ولاتانە بۆ بەهانەی ڕێگرتن لە قایرۆزی کۆرۆنا هەنگاوی یەکەم بنین بۆ جێبەجێکردنی ئەو خەونەی حیزب و ریکخراو جۆڵانەوەیي کە ساڵەهایە لە شەری داخستنی سنورەکاندان، کە بەدڵنیایی ئەم شەڕە تەنیا بەمەوە ناوەستێتەوەو ئەگەر وەک بریاریکیش شتیکی کاتی بێت بڵام وەک ئامانج و ستراتیجیک کە ئەم ولاتانە هەیانە ڕەوەندیکی بەردەوام و دریژکراوە دەبێت تا ئاستانەی کۆتای هێنان و ڕێگرتن لە هاتنی هەرجۆرە پەنابەرو کۆچ کردوویەک بۆ ولاتانی ئەوروپا!
بۆیە ئەوەی ئەمڕۆ لە ولاتانی ئەوروپا بەرچاوشنی ئێمە ڕووبەرووی دەبینەوە ئەوەیە کە حیزب و لایەنە ڕاسیستەکان وەک دیوێکی قۆمگەرای و ناسیۆنالیستی بۆ ڕاشکاوی و شانازیەکی زۆرەوە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەوان ساڵەهای ساڵە حکومەت ولایەنە دەسەڵاتدارەکانی ولاتانی ئەورووپایان لە مەترسی هاتنی پەنابەران و کاریگەریە نەرێنیەکانی ئاگادارکردوەتەوە لە هەوڵی کۆتای هێنان بەو سیاسەتانەدا بووین، بڵام بەڕاو حیزب و دەسەڵاتدارێتیەک لە

بەرمبەرمان وەستانەوەتەوە کە ئیستە خەشیان هەمان ئەو بەچەنانەی ئیمەیان هەیە کە سالەهایە ئیمە بەی دەجەنگین!
بەهەمان شیوە ئیمە ئەم رەژانە بە دیویکی تردا ئەم روانکە نائینسانیە دەبینینەوە ئەویش لە روانگەی ئیسلامی سیاسیەوەیە کە بەهەمان شیوە لیوان لیوە لە پشت بەستن بە رق و قینو پەنابردن بە ئاسان نیشاندانی مەرگ و لە نیوچوونی هەزاران ئینسان بە پاساوی ئەمری خوداو دیاریکردنی پیشوەختی چارەنووسی ئینسان لە دەرەوەی تواناو ئیرادەو دەست بەکاربوونی خەی. لەمەش خراپتر ئەوەیە کە ئیسلامی سیاسی ئەم قایرەسە بە تەلەیەکی ئیلاهی دەزانیت لە کوفارو هەموو ئەو کەس و کەمەلگایانەی کە ئینکاری بوونی خواداو ئاینی پیرەزی ئیسلام دەکەن. بەیە لەماوەی دوو هەفتەی رابردودا بینمان و بیستمان کە لە چ ئاستیکی بەرفراواندا ئەم جولانەوە کونەپەرستیە کەوتنە بانگەشەو فتوای قرکردنی کوفارو ملحیدەکان و بی بەها نیشاندانی هەموو بوونی کەمەلگای مرۆقایەتی لەدەرەوەی بازنەی ئاینی ئیسلامدا.
ئەوەی ئیمە لیرەدا بە رەشنی دەیبینین میتەدی جیاکاریە کە خالی هاوبەشی راسیزم و ئیسلامی سیاسی دەتوانیت لەوەدا یەکانگیربیت کە چەن هەردوولا بی باکن لە چارەنووسی ئینسان و چەن بە چاوی ئائیدەلەژیەوە مامەلە لەگەل ئەم تراژیدیا گەورەیەدا دەکەن کە بەرەکی بە چارەنووسی مرۆف گرتووە. ئەمیان دەلی دەبیت هەموو سنورەکان دابخەین بە پاراستنی ولات و میلەتی خەمان بەرووی پەنابەران و کەچکردواندا، ئەویتریشان دەلیت ئەمە تەلەو سزایەکی خودایە دژ بە هەموو بی باوەران و ملحیدین و کەسانیک کە بروایان بە ئاینی ئیسلام نیە. بەم شیوەیە قایرەسی کەرنا پیمان دەلیت کە گەورەترین قایرەسیک کە لە راستیدا هەرشە بەردەوام و گەورەکەی ژیانی مرۆقایەتیە هەموو ئەو جیهانبینی و ئایدەلەژیانەیە کە لە دەرەوەی نازنامەی ئینسانی بوون دریژە بە تەمەنی خەیان دەن. هاوکات هەقیقەتەکەی ئەوەیە کە کەمەلگتای مرۆقایەتی بە رزگار بوون لە قایرەسی کەرنا لەهەموو سەردەمیک زیاتر پیویستی بە بەرپا بوونی یەک بزوتنەوەی ئینسانیە لە دەرەوەی هەر جولانەوەیەکی نژادی و ئاینی و جنسی و ئایدەلەژی، جولانەوەیەک کە ئیرادە دەگەرینیتەوە بە ئینسان و نازنامەی ئینسانی بوون بە تەنیا چەکی راوەستانەوە دەزانیت کە لە سەنگەری زانست و ئینسانگەریدا ئاویتە بووبیت!
ئەوروپای یەکگرتوو ریکخراوە نیودەولەتیەکان ریکخراویکی تایبەتی وەک کەمیسیونی بالای نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەگەر زەریەک پەیوەست بوونایە بەو نازنامە ئینسانی و تەنانەت بەو ریکەوتننامەي جنيفي سالي 1951یشەوە ئەوا دەکرا وەک ئینسان مامەلەیان لەگەل هاتنی ئەو

ئینسانانە بکردایەو ریگەی چارەسەرکردن و فریاگوزاریان بۆ دابین بکردنایەو بۆ بەهانەی بوونی ئەم قایرەسەوە لە مافی پەنابەری بی بەشیان نەکردنایە!

دووانەی لەیلەک موتـــوربەکراو … کەنعان مەدحەت

لە کلیلی دەرگا داخراوەکە دەگەڕێم
پەم لە مەشکی پووک و
بەرنامەی ژەنگن و
کەولەداویان دەکەوە
دەک بە هیچ رووبکردنەوەیەک نابەم
بە دەکی ژەهراوی ،
دەبە ،
هەمیشە بە هەنگاوکانمەوە بیگرە
ڕۆژانە قەدی ساڵنامە داتاشراوەکە
لە بەختەوە ئائتەکەنم
وەرزی پەلەنکردنی
گوڵە تیشکم پە ئاگەیانە
لە پەنجەرە درز لە کەوتکەوە
دزە بکاتە خانەخوەم و
لەبەر تیشکی ڕەشنایی سەرخەو بشکێنم
ڕۆژانە.. ڕۆژانە..
نێت ، بە ئاوازی لە باڵدانی پەپوولە و
خەرمانە شەو ،
بە لەڕەی شەپەل داڕژم
ڕۆژانە.. ڕۆژانە..
لە لق و پەپی درەخت دەپاڕێمەوە
ڕەم بەن ، ڕە ،
ڕە…
هەڕە و سەنگەر
وەک دوو هەمای ،

تابلۆی (دووانەی لەیەک موتوربەکراو)
لە پشانگا و بەن و
سەرتاسەری مزەخانەکانی مشکما هەبواسم
بەرلەوەی دەستی ئاوچیەکانم پێ بگەن
چوون بەرانی قەچ لەکراو
لەی بکەوم

ڤایرۆسستان … نەوزاد بەندی

ڤایرۆس زەرن ..
وەک ڤایرۆسی
بەینی مووچە و
خواردنی نیوەی ئاستی
یان سێ بەشی ..
ڤایرۆسی هەواڵی ناخۆش ،
بادانەوەی
هەزاربارەی
هەمان تەشی ..
ڤایرۆسی قسەی زلکردن
گەمژاندن و
دەروونی گەل کاولکردن ..
ڤایرۆسی خواردنی بودجە
هەر بە کاڵیی ..
ڤایرۆسی وون بوونی دۆلار
بە ملیۆنەها و بە ملیار ..
ڤایرۆسی بەدەنگی ولاڵیی ..
ڤایرۆسی کوشتنی خەونی
لاوان و
لەبار بردنی
دنیا جوانەکەی منایی ..
ڤایرۆسی ترس و دوو دڵیی..
چەکاوخەریی ..
دوو زمانیی ..

سەدان جار پیس و پەخێی
ڤایرەسی بە منەتیی تەواو
ڤایرەسی شەقتەهەدان لە
مامەستای پیری بەشخوراو ..
ڤایرەسی زوەم و نادادیی
ڤایرەسی قبول خاس لەناو
زانکەکانا و
کردنی زانست وزانین
بە جارە لە مەلها و نادی ..
ڤایرەسی یاریکردن بە
داهاتووی ملیۆنەها کەس ..
بە قازانج و بردنەوە نا ،
هەر بە هەوەس ..!
ڤایرەسی موچەی بن دیوار ،
پاروویی حەرام ، لول و دایس
ڤایرەسی ئاکردن لە دەست
داعش و حەسەن پلایس ..
ڤایرەسی لە برسا کوشتن ..
پەراوێزخستنی خەڵکی
کەمئەندام و ..
شکاندن وسەیرکردنیان
بەچاوی سوک و بە کەمکیی
ڤایرەسی کردنی گەمژه
به پڕۆفیسەر وبە دکتەر ..
ڤایرەسی کوشتنی زانا ..
لەدانی دانا بە سەد جار ..

ڤایرەس زەرن ..
زەرن ..
زەر ..زەر ..

پارادایمەکانی جەنگ لە جەنگی تەقلیدییەوە بۆ جەنگی بایۆ تەکنیکی ... نووسینی: ستیڤان شەمزینی

رەنگبێ کەنترین کتێب لە بارەی جەنگاوەرانەوەکەی "سۆن- تزێ"ی دانای چینی بێت بە ناوی "هونەری جەنگ". ئەم کتێبە پشکۆشکردنی چەند تیۆرییەکە لە بارەی کردەی جەنگ، هەڵبەت بەپێی ئەو کەنکستەی کتێبەکەی تێدا نوسراوە کە بە بیست و پێنج سەدە بەر لە ئەمڕۆ دەگەڕێتەوە. کاکڵەی تیۆرییەکانی سۆن-تزێ لەوەدا خۆی دەنوێنێت پێویستە جەنگ لە پێناوی ئامانجێکی ڕەوادا بێت، تەنانەت بیریشی لەوە کردەتەوە لەو کاتەی جەنگ سەرتاپای کەشەگۆ یان جیهان دەتەنێتەوە دەبێت ڕەچاوی بەها مرۆییەکان بکرێت، نابێت بە هیچ پاساوێک ئەو بەهایانە ژێرپێ بخرێن!. پرسیارەکە ئەوەیە داخۆ ئامانجێ ڕەواکانی جەنگ چین؟. ئەگەر تاوانبار نەکرێین بە ناواقیعبینی، دەمەوێت بڵێم جەنگکان هیچ بەهانە و ئامانجێکی ڕەوایان نییە!. ئەگەر لەو کتێبە دوورترێش بڕۆین، ئەوەی ئارکەلۆژیستەکان لەسەر گاشە بەرد و چەرم دەیدەزنەوە وەک پاشماوەی شارستانییە دێرینەکان، بەشی شەریان باسی جەنگی نەوان مەملەکەتەکان و پادشاکان دەکەن، تەنانەت ڕووداوی هەندێ هەڤانەی تێدایە، لە کاتی خوێندنەوەیاندا هەست بە جۆرێک لە تەقین دەکەین.

جێدەلی ئەوەی مرۆڤ لە ریشەوە بوونەوەرێکی شەڕخوازە یان نا؟ هەم بابەتێکی فەلسەفی و دەروونشیکارییە هەم بەم دواییانە بۆتە جێگەی سەرنجی زانستە نوشداریەکان. هەشتاش مشتومڕ لەو بارەوە بە پایان نەگەیشتووە، بەڵام ئەمە لەڕادا دەبێت جیاوازیی نیشان بدەین لەنێوان دەستواژەی "شەڕ" و چەمکی "جەنگ"!، بە واتای ئەوەی شەڕ کردەیەکە لەنێوان تاکەکاندا، بەڵام جەنگ بازنەیەکی فراوانترە و لەنێوان وڵاتان و شارستانی و بەرژەوەندییە دژ بەیەکەکاندا دەقەومێت. بەدیوێکی تردا مافمان هەیە بڵێین جەنگ لە دایکبووی ساتەوەختێکە مرۆڤ بەسەر گروپی نەتەوەیی و ئابووری و ڕەگەزیی جودا جودا دابەش بوو. لەم نێوەندشدا دووبارە پرسیاری ئەوەی مرۆڤ بە سروشتی خۆی شەڕخواز یان ئاشتیدەست؟ تا ئەمڕۆ بەرسڤێکی کەنکرێتی پێنەدراوەتەوە. ئەمە هەمان ئەو پرسیارەیە کاتی خۆی زانایەکی

مەزنی وەک "ئەنشتاین" لە "فرەید"ی دەکات. لە وەڵامەکەی "فرەید"دا ڕوونە: جەنگەکان بەشکەن لە غەریزەی مەرگدۆستی و دەروونی شێتانەگەزی خودی مرۆڤ، هەروەک ئەو ویستەش بە پەویستییەک دەزانێت بە بەردەوامبوونی ژیان!!. ئەمە بەرسڤێک بوو "ئەنیشتاین" چاوەڕوانی نەبوو.

ئەگەرچی بەرسڤەکەی "فرەید" دەتوانێت تا ئەندازەیەک رازیمان بکات، بەڵام پرسیارەکی خودی خۆم دەخەمە ڕوو: ئایا ناتوانین ئەو نەزعە شێتانەگەزی مرۆڤ بگۆڕین بە وزەیەکی پۆزەتیف؟. وەڵامەکەیم لا نییە، چوونکە ئەم پرسیارە هەشتا بە دوای وەڵامێکی قایلکەردا دەگەڕێت. لەگەڵ ئەمشدا لەبەرچاو نەگرتنی فاکتەرە ئابووری و سیاسییەکانی جەنگ تێکخکردنی وێنایەکە پەویستە هەموو بە شێوەیەکی هەڵە لە پشتی ئەو پاساوە دڕوونیانەوە بە شاردنەوەی چەند ڕاستییەک لە بارەی فاکتەرەکانی بەرپابوونی جەنگ. ئەمە ئەو قسەیە ئیلهامجیستەکانی جەنگ پێیان خۆش نییە، چوونکە جەنگ دەرئەپەدانە بە سیاسەت بە فەرمەکی تووندتیژ و مەرگبار. خولاسە مەبەستمە بڵێم: هەکاری هەگیرسانی جەنگەکان بەدەر لەو نەزعە شێتانییەی بەشەکە لە سایکەلۆژیای خودی مرۆڤ، کەچی لەملاوە فاکتەرە ئابووری و سیاسییەکان ڕەهەکی ئەجگار گرنگ دەگێڕن لە ڕاستای قەومانی جەنگەکان بە بەرینی مێژوو.
نکۆڵی لەوەش ناکەین جەنگەکان هەمیشە دیوەکی تری سیاسەتن، سیاسەتن بە فەرمی کاولکاریی و دەمارگیری، هاوزەمان مامانی گەشانکاریی ڕیشەیشن. هەروەک لە دەر زەمانەوە تاوەکوو هەنووکە تێبینی کراوە، زەرینەی گەشانکارییە سیاسیی و جوگرافییەکان بگرە تێکەڵاوبوونی شارستانێتییەکان بە هەی جەنگەکانەوە ڕوویانداوە. بە وێنە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم نەخشەی سیاسیی و جوگرافی تەنانەت کولتووری جیهان بەشێوەیەک گەڵا، نەستراداماس زیندوو بووبایەتەوە نەیدەتوانی بیناسێتەوە. لە پاش جەنگی دووەمی جیهانیش نەخشەی دنیا بە تایبەت کیشوەری ئەوروپا سەرلەبەر گەڵا، لە نوێدەکانی سەدەی رابردووش جەنگ لە ناوچەی باکان بە دیاریکراویی لە یوگسلاڤیای پێشوو بووە هۆوێنی گەشانکاریی گەورە، بەو ئەندازەی جوگرافیای ناوچەکەی بە جۆرێکی تر دیزاین کردەوە، ئەمیش بە لە دایکبوونی چەندین دەوڵەتی نوێ لەسەر پاشماوەی یوگسلاڤیا، ئەمەش کردەیەک بوو لە توانای پێشبینی نەک سیاستمەدار بگرە هیچ جادووگەرێکیشدا نەبوو، تەنانەت جۆرج ئەروێل لە ڕەمانی "باخچەی ئاژەڵان"دا توانی پێشگەیی ڕووخانی شورەوی بکات، بەڵام بە هیچ کلۆجێک نەیتوانی مەزندەی ئەو گەشانە بکات لە باکاندا هاتئارا.

بەگژ نەویستە لە بەربەیانی مژووەوە، جەنگ بەشک بووە لە سروشت و ژیانی مرۆف، ئەگەر دیقەت بدەین لەگەڵ گەشەی شارستانیتیدا رووخسارەکانی جەنگیش گۆڕاون. بە پێچەوانەی دیتنی "مارکس"ەوە زانست و پێشکەوتن نەک نەبووە هۆی خۆشبوودی بەکو لە هەموو لایەکەوە بۆتە هۆی گەورەتری هەنا و قوڕکەی خەست و خڕتر کردووە. ئەگەر بمانەوێت لە روانگەی "ئالڤین تۆفلەر"ەوە سەیری پرسەی پێشڤەچوونی شارستانی مرۆڤایەتی بکەین. جەنگ و ئامڕازە جەنگیەکان شانبەشان لەگەڵیدا لەبەرەوپێش چووندا بوون. تۆفلەر سێ قۆناغ دەستنیشان دەکات لە پێشکەوتنی ژیاردا، ئەوانیش قۆناغی "کشتوکاڵی، پیشەسازیی، تەکنەلۆژیی"ن. ئەم دروست پێچەوانەی دابەشکاریەکەی "کارل مارکس"ە کە پێنج قۆناغ دەستنیشان دەکات. ئەم سەردەمە تۆفلەریانەش تەنیا یەک شۆڕ و رووخساریان نیە، ئەگەر لە رووی ئابووریەوە هەردوو سیستمی فیودالیزم و سەرمایەداریی بن، ئەوا لە رووی جەنگ و ئامڕازە سەربازیەکانیەوە شۆڕشی جیاوازتریان وەرگرتووە.

قۆناغی کشتوکاڵی، لە رووی ئابووریەوە خاوەندارێتی زەویە لایەن مرۆڤەوە، سەردەمی کێڵداریی و فیودالیشی لە خۆیدا جەم کردۆتەوە، لەم پڕۆسەیەدا جەنگاوەران پەویستیان بە پاڵەوانە، بەو پێیەی ئامڕازە جەنگیەکان پەویستیان بەهێزی عەزەڵی زەر هەبووە، بەڵام لە قۆناغی پیشەسازییدا پارادیمی جەنگ دەگۆڕێ و بەکی کەمتر لە هێزی بازوو دەخوازێت، لە سەنگەری ئەمەی ئامڕاکان لە تیروکەوان و شمشێر و مەنجەنیقەوە دەگۆڕێن بە تفەنگی سادە و تۆپی دوورهاوێژ، ئەمەش سەردەمی قارەمان و سوارچاکەکانی بەکۆتا گەیاند، هەر لەم نەوەندەدا "دەنکیشت" سەربردەی ئەو گوزارانەوەیە لە قۆناغی کشتوکاڵییەوە بە پیشەسازیی، کارەکتەری دەنکیشت بەیەکا بوو بە قەشمەر، چوونکە هەشتا لەناو ئەو ئەندێشە کۆنەدا دەژیا، قۆناغێک مانئاوایی لە کردبوو. لە قۆناغی سەهەمدا "باڵادەستی تەکنەلۆژیا" ئامڕاز جەنگیەکان بە راددەیەک پێشکەوتنیان بە خەیاڵەوە بینی، هیچ پەویستیەک بە هێزی میکانیکی ئینسان نەما، لە جەگەی تفەنگ تۆقلیدیەکان و تۆپە دوورهاوێژەکان، فڕۆکەی شەبەح و ئاپاچی و چەکی پێشکەوتووتر رۆیان پەیدا کرد. لەم روانگەوەیە زەر جار دەوترێت جەنگی کەنداو "گەردەلوولی بیابان" تەنیا رووبووەوبوونەوەی رژەمی عەراق و هاوپەیمانان نەبوو، بەکو جڕکیش بوو لە بەرەو رووبوونەوەی هەردوو شپەلەکە، بەوەی ئەمریکا و هاوپەیمانانی نوێنڕایەتی شپەلی سەهەم بوون، دەوڵەتی عەراقیش میراتگری شپەلی دووەم و پیشەسازیی چەک و چۆ. هەنووکە مرۆڤایەتی لە سەردەمی

شەپۆلی چوارەمدایە، جەنگ جگە لە سیما تەقلیدییەکەی، فەرمی جەنگی زانیاریی و بایەتەکنیکی وەرگرتووە.

وەلە بە رواڵەت وەها دەردەکەوێت ژمارەی جەنگاوەرەکان کەمیان کردبێت، کەچی راستییەکە لە پێش چاومان شاردراوەتەوە، جەنگاوەرەکان لە جاران زۆرتر و قورسەتر لە ئاراداان. لەوانەیە جەنگە تەقلیدییەکان ژمارەیان وەک رابردوو هەندە بەرچاو نەبێت و بەهەی پێشکەوتنی زانستی پزیشکی و خەرایی چارەسەر و گواستنەوە ژمارەی قوربانییەکان کەمتر بووبنەوە، هەشتاش ئەمە مانای کەمبوونەوەی جەنگ ناگەیەنێت، هەرچەند سەمپۆی جەنگی دە بە پانزە ساڵی رابردووی عێراق و سوریا ئاگەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بوایە بە جەنگێکی جیهانی نووزەد دەکرا، لە راددەی ئەم دنیایەمان کەم دەکاتەوە. بەڵام لە نموونەی ئەپەراسیۆنی کوشتنی "قاسم سولەیمانی"دا، راستەوخۆ هارد پاوەری شەپۆلی چوارەم خۆی نمایش دەکات کە بە فۆکەیەکی بێ فڕۆکەوان گەورەترین ئامانج پێکرا، ئەمە ئاگەر سی ساڵێک لەمەوپێش بوایە پێویستی بە شەڕی دەستوپێخۆی سوپایی دەبوو، تا ئەو پاشکشەیە بە ئێران بکەن، چونکە کوشتنی قاسم سولەیمانی لەناوبردنێکی سیمبولیکییە و واتای سەرەتای بینەوەی دەستی ئێران دەگەیەنێت لە دەرەوەی وڵاتی خۆیدا.
جەنگی لەم شەپۆلە تازەیەدا وەک حەربە وایە و توانایەکی سەرسوهێنەری هەیە لە شێوە گەیەندا، جەنگاوەرانی ڕۆژانە رووبەڕوون، لە تفەنگاوەرەکان کەمتر لە جاران دەنگیان دەبێت، کەچی ڕۆژانە دەیان جەنگی ئابووری و دەروونی و بایۆلۆژیی بە بەدەنگی رووبەڕوون، بە جۆرێکیش فریودراوین تەرمەکان دژمەرین وەک رووداوێکی ئاسایی نێک قوربانیانی جەنگ.
سامناکترین جەنگ لە سایەی شەپۆلی چوارەمدا بەڕووی دەچێت، ئەویش جەنگی بایۆلۆژییە. ئاگەرچی مێژووی جەنگی بایۆلۆژیی زۆر کۆنە، شێوە هەرە تەقلیدیی و ساکارەکەی خۆی لەوەدا دەبینییەوە سوپا شکۆدارەکان تەرمی کوژراوی یەکتریان دەخستە ناو سەرچاوەکانی ئاوی خواردنەوە، تاکو خنکان و نەخۆشی لە لەشکری بەرامبەردا دروست بێت. یان ئەورووپاییەکان لە ڕێگەی سیل و تاعون و کۆلەراوە هەشتا دەر سەدی ئەمەریکاییە ڕەسەنەکان "هیندە سوورەکان"یان قڕکرد و لەو ڕێگەیەوە دەستیان بەسەر ئەو قاڕەدا گرت، هەنووکەش نوێباوترین جەنگی بایۆلۆژیی لە ئاراداید، ئەمیش لە ڕەی هەرش و پەلاماری قایرەسیەوە.

ئەمە جیهان لە تراومایەکی گەورەدایە بەهەی قایرەسی "کۆڤید

نەزدە" ناسراو بە "کەرنا"وە.، کە بە بەوای من جەنگکی بایەلۆژیە لە دژی بەرژەوەندیی هەندێک دەوڵەت. رووسەکان کەرنا بە چەکێکی بایەلۆژیی ئەمریکایی لە قەڵەم دەدەن، ئەوەش لەسەر زاری سکرتێری حزبی لیبرال دیموکراتی راستڕەوی رووسی لە ئینتەرڤیۆیەکی رادیۆیەدا جەختی لەسەر کرایەوە بەوەی گوایە ئەم قایرۆسە دەستکردی ئەمریکایە، ئەمەش کاردانەوەی زۆری لێکەوتەوە و سەنتێری دیراساتی راندی ئەمریکی ئەم هەواڵە چەپی رووسەکان لە ڕێی ماسمێدیاوە بە لوڵەی تەپڵک پەناسە دەکات، تەپڵی خیانەتی و چەواشەکارانە دانپێدانێت بە شکڵی ئەمریکاوە. بە وردبوونەوە لە جێری قایرۆسەکە و جوگرافیای بڵاوبوونەوەی، گوومانەکان زیاتر دەبن بەوەی ڕەتناچێت ئەم قایرۆسە لە ڕەی شەمشەمەکوێرەوە بڵاوبووبێتەوە.
هەرچەند زانست سەلماندوویەتی شەمشەمەکوێرە تاکە شیردەرە بتوانێت بفڕێت و زەرتڕین قایرۆس لەگەڵ خۆیدا هەڵبگرێت و بگوازێتەوە، بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە هەزاران ساڵە چینییەکان مار و دووپشک و زەر مەروو و گیانداری تر وەک خواردن بەکاردەهێنن، بۆچی تازە ئەم قایرۆسە پەیدا بووە؟. ئایا هەزاران ساڵە شەمشەمەکوێرە هەمان دی ئێن ئەی ئۆستای نەبووە؟. هەرچەند ئەوەش فەرامۆش ناکەین بە دووریی بیست و حەوت کیلۆمەتر لە شاری "وهان" کە مەڵبەندی تۆشنەکردنی کەرنایە، لە ساڵی 2017وە "پەیمانگای وهان بۆ لێکۆڵینەوەی قایرۆسەکان" دامەزراوە، وەکو پێشتر لە ڕەمانی "چاوی تاریکییەکان"ی "دین کۆنتز" لە ساڵی 1981دا، بڵاوبوونەوەی کەرنا لەو شارەوە پێشبینی کرابوو.

هەر لەم دەرفەتەدا دەمەوێت هەما بە ئەوە بکەم، تاکو تەکنەلۆژیا پێشبکەوێت جەنگ زیاتر توانای دەنادەنی دەبێت، لەم ڕاستایەدا جەنگی بایەلۆژیی هەڕەشەیەکە لەسەر ئایندەی مرۆڤایەتی، ڕەنگە دەقەترین و بە بارووتترین جەنگیش بێت، وەلێ هەتاکو کەمپانیاکانی بواری چەک دروستکردن مابن، جەنگی تەقلیدیش هەر بڕەوی دەمێنێت بە تایبەت لەم ناوچەیەی ئەمەی لە دەژین. کەمپانیاکانی چەک هەر خەیان ئایدەلۆژیای تۆندئاژۆ و حزبی پەگیر و دەوڵەتی دیسپۆتیستی و فەرمانڕەوای دیکتاتۆر دەهێنن سەر شانۆ، هەر خەیشیان دژکانیان دروست دەکەن و بازاڕی چەک فرۆشتنیان گەرم و پڕ هەمەنتر دەکەن. ئەمە ئەو داستانەیە چەند سەدەیەکە ئەمەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی زەمین پاڵەوانە کاریکاتێرییەکین.

نووسینی: ستیڤان شەمزینی

2020-3-2
ستۆکهۆڵم – سوێدا

ناساندنی کتێب: بڵاوکراوەی دووەم … هێڵ بەرزنجەیی

بڵاوکراوەی دووەم

بەرهەمی نووسینی شێرین ساندبێرگ و ئادەم گرانت…… لە ئینگلیزییەوە : محمەد حەمە ساڵح تۆفیق
لە بڵاوکراوەکانی هیوا فاوندەیشن …… چاپی یەکەم:۲۰۱۹ …… ۲۵۹ لاپەڕە
" ئەم کتێبە لەبارەی توانا و گیانی مرۆڤانەوە دەدوێت بە کەشکردن.

ئەمە بەدوای ئەو هەنگاوانەدا دێگەین کە خەڵک دەتوانن بینین،چ بە یارمەتیدانی خۆیان، یان بە خەڵکانی تر. هەروەها کێ و پشکنین لە سایکۆلۆجیای ئاسایبوونەوە و تەحەداکانی بەدەستهێنانەوەی متمانە و دووبارە گەڕانەوەی خۆشی و ئاسوودەیی دەکەین… هەروەها مشتومە لەسەر ئەو بوارانە دەکەین کە دەبنە هۆی دروستکردنی کەمێگە،کەمپانیای خۆگونجێن و منداڵانی بەهێز پەروەردە دەکەن و دووبارە خۆشویستی دەچێنەوە".ل٢٤
کاروانی ژیانی مرۆڤ هەمیشە بە ڕاستە شەقامێکی تەخت و بێ کۆسپدا ناڕوات. بۆشکی زۆری ڕێگاکەی پێکهاتووە لە هەوراز و نشێو و لەڤ و پێچاوپێچ. بۆواتایەکی دیکە دنیا، بە حەز و خواست و پڕگرامی پێشوەختی نەخشە بۆکێشراو ناچێت بەڕێوە. گرفت و ناخۆشی و تەنگانە و پێشهاتی جۆراوجۆر دیاردەی دانەبڕاوی چارەنووسی ژیانی هەر تاکێکە. زۆر گرفت هەن، چارەسەریان بە هەر جۆرە ئامازێک بێت بە سانایی دەکرێت. مرۆڤیش بەیە سەروەر و بڕیادەستی ئەم گەردوونەیە، چونکە توانای هۆش و بیرکردنەوە و زاڵبوونی هەیە، بەسەر

دەوروبەروو و چارەسەری کێشەکان دا.
ئەم یاسا بەگشتگیرە، لەوە بەدەر نییە، کە کێشە دەروونییەکان و ئازارەکانی وەک شێلگیرییەکی قورس و گران لەسەر دڵ و هەناو هەڵدەکێن و قرچەی لێ هەڵدەستێنن، جەستە هەڵا هەڵا دەکێن و تونا و وزە دەگووشتن و بێرکردنەوە بەرەو وشک بوون و دەبڕان و هیوا و ئاسەی ژیان تەڕخ و ڕەش دەکەن، زامێکی دەروونی قووڵی بۆئازارن، مەرەق کەڵ و بەستەزمان دەکەن. ئەم بوونەوەرە بە ئاوەڵی بەرەو ڕوویان بەتاڵ، پڕویستی بە خۆاگریی و بەربەرەکانییەکی زۆر هەیە. هەندێک جارانیش بە تەنها لە عەدەم نایەت و بە ئاوەڵی لەژێر باری سەختی دەرد و ئازارەکان دا ڕاست بەتاڵ، ناچاری کەمک و هاوکاریی ئاوانی دیکە دەبێت.
دەروازەی باسەکە بە ناسینی کچ و کوڕێک دەست پێدەکات و دوایی هاوسەرگیریی دەکەن و دەبنە خاوەنی دوو منداڵ. پاش ١١ ساڵ پێکەوە ژیان لەناکاو ژنەکە دەکەوێ بەسەر کەستی مەردەکەیدا. ئیدی ژنە دەچێتە دەخێکی ئاڵۆز و دژوارەوە و سەری دنیای لە دەتاوە یەک. بە ناچاری و هەناسەساردی و خەمباری شان دەداتە بەر لەرفەی شێلگیرە بە ڕوحمەکانی ئازگار. خەمی خەی لەبیر دەچێتەوە و خەمی منداڵەکانی دەبێتە سەرباری خەمەکان و هەروەک خەی دێرە بەدیوەکەدا: " پێی زەحمەتە هەواڵی مردنی باوکیان بداتە منداڵەکانی" و بەدیوە گەورەکەشدا، لە پێشی ئاوەدا گێنگە دەخوا،کە "جارێکی تر منداڵەکانی نەگەنەوە دەخی ئاسایی ژیان". بەڵام ژنە (شەریە) لە مەودایەکی کورتدا،دوای ئاوەی چیرۆک و بەسەرهاتی دێیان ژنی تری کەست کەوتوو و خەمبار و لەقوماو دەبیستە و دەخوێنێتەوە،وەڕ دەداتە خەی و دێیەوە گورجوگۆڵانە و زوو ڕاست بەتاڵ بەووی ئەم ناڕەحەتییەدا وئیلهام وەردەگرە لە: "شاعیران و فیلەسووفان و زانایان وایان فەریان کردووین،کە ژیانمان تا سەر هەمیشە لەیەک ئاستدا نابێت".
هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی پاڵەوانی باسەکان بە گشتی ژنان/ دایکانی لەقوماو و کەسکەوتوو و ماندوی دەستی ژیان و گورزخواردووی دەستی قەدەری بەرەحمانەی قورس. دایکانێک دوای مردن و لەدەستدانی هاوسەریان بە کێشە منداڵەوە دەکەونە گێژاپانی جەنجاڵ و سەختی ژیانەوە. ئەم باس و بەسەرهاتانە پەم وایە هەبوونی لە سەرتاسەری کوردستاندا،شتێکی نامۆ نییە و ڕەنگە خەزان و گێژاوێک نەبێت ئەم دیاردەیەی نەبێ. باوک شەهید دەبێت، لەسەدا دەرە و کەمێک منداڵ لەدوایدا بەسەر ژنەکەدا جێ دەهێنێ. برا لە سەدا دەدرە دایک و کەمێک خوشک لە کەمێگەی باوکسالاریدا تێنیا دەمێننەوە. ئەم کەپلە شیعرەی مامۆستا شەرکە بەکەس پێناسەیەکی

جوانی ئەم دەخەیە.
چاوی زستان، بە وەنەوز، پووی ئارامی لێک نانێ شستە
باران، هەزار بەهار، نادا بە کوێی گریانێ
شەوی تاریک، وەها چڵکی لەسەر سنگی شار داداوە... لە سێوانی، هەر
ماڵکدا، دار ئەرخەوانێ واوە
چیرۆکەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردەواری هەموو دێانزانین و لێی
تێدەگەین. ئەوانەشی لێرەدا ئاماژەیان پێ کراوە، زیاتر هی
کەسانێکی کەست کەوتوون و خەفەت و داخ و نائومێدی هێندەی مشتێک
لەسەر دڵ و دەروونیان پێکەی کردووە و هەموو ئاسۆ گەشکانی ژیانی
لێ گرتوون. بەڵام نەبەزیون و کەنەدەرانێ لە زەریای ژیاندا سەوڵ
لێدەدەن.
ئاخر واقیعی ژیانی ئەوروپا، وەک کۆمەڵگەی پیشەسازی و مەدەرنێ و
شاری گەورە و کاری سەخت و کەتوبەندی گرێبەستەکانی کاردن، لە مێژە
پەلوپۆی مرۆڤی ئەم دەڤەرەی بەستووە و تا ڕادەی پووکاندن شکەتی
کردووە. مرۆ زەرجار ناچاربووە، بەتەنیا ڕووبەڕووی سەختی ژیان
بێتەوە، هەربۆیە دیاردەی هاوسەگیریی و منداڵ خستنەوە کز و سستێ و
بێزەکەی زۆر نزمە. تاک و تەکخراو و دەوڵەتە بەژئاوایی و
مەدەرنەکان بەوە ناسراون، بە هەر کار و بەرنامە و پرۆژەیەکیان لە
هەر ئاستەکدا بێت، ١ـ ٣ پلان و بژاردەیان هەس. ئەمەش وای کردووە
ئامادەکاریی پێشوەخت بە گەلە ئەگەری کراوە بکەن و لەمەشدا گەلە
سەرکەوتوون. کەواتە ئەوە نهێنی سەرکەوتنی مرۆڤکانێ،کە دەبێت ئەو
میکانیزم و خەسڵەتەی ئامادەکارییەی پێشوەخت بە ڕووبەڕووبوونەوەی
ئەگەرە جۆراوجۆرەکان ئامادە بکاکەن و حازربەدەستی بکەن و
بپارێزن، تا بتوانن بەرەنگاری چرکەساتەکانی لەقەومان ببنەوە.
کۆمەڵگە تێژهەڵاتییەکان کە هەشتا گەشەی پێویستی ژیانی پیشەسازی و
تەکنەلۆژیا و مەدەرنییان تێنەپەڕاندووە، لەگەڵ ئەوەشدا
پێیوەندییە مرۆییەکان لەرەش وردە وردە بەرەو کاڵبوونەوە و
خاوبوونەوە دەچن.
لەلایەکی دیکەوە دنیای ئەمڕۆ بەختی بێت، شانەگرییەکی تراژیدیایی
بە بانەوێیە و سیخناخە بە شەڕ و کارەسات و کوشتن و مەرگی
بەردەوامی ئازیزان و لەدەستدانی کەسە خۆشەویستەکان. بەم جۆرە
زەمینەی لەبار لە ئاردایە، بە خەمبار بوونی مرۆڤ هەست ناسک و
دەروون پاکەکان. ئیدی بە بەربەستکردنی دامانی هەموو بەها
جوانەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، مرۆڤکان پێویستیان بە پەداویستی
و ئامراز و هەکارەکان هەیە لە لایەک وەک کەرەسەی ماددی و لەلایەکی
تریشەوە دە و دەروونەکی بەهێز و ویست و خواستەکی پڕایین و گیان و
ڕەحەکی لێک نزیک بوونەوە و هاوکاری یەکتر کردن و خۆشەویستی و

بەهانا چوونی یەکترەوە.
بنەڕەتدا، مرۆڤ گۆڕەکان،کە کۆی ژان و ئازارە قورسەکان بوون، لە ژیانەوە فێربوون ڕێگای سەخت بە خۆیان و کەسانی تر تەخت بکەن. کتێبەکە"بژاردەی دووەم" پێش لە بەسەرهات و سەرگورشتەی جەراوجۆر و وانەی گرنگ و بەچووەنی زانستانەی پزیشک و دەروونناس و کۆمەڵناسەکان. هاوکات نموونەی زیندووی لە کولتوور و فەرهەنگی گەلانەوە هێناوەتەوە. لە کارەساتە مرۆییەکانی ڕۆژگاری مەڕوو و هاوچەرخەوە باسگەلێکمان دەخاتە بەرچاو بە بەرچاوڕوونی وفێربوون و بەرزکردنەوە باوەڕبەخۆبوون. ئەوەتا دەڵێت:"فەرهەنگی ئەمریکی وای سەپاندووە کە لە وەڵامی چۆنیت؟دا تەنها وشەی ،باش، بەس نییە… بەڵکو پێویستە ،،زۆر زۆر باش،،مان هەبێت". یاخود گۆڕ خۆیی دی "خۆیی ئەمریکی" ببینێ. ئەمەش بە خێی کردنەوە پێنجەرەیەکی نوێ لەبەردەم بیرکردنەوەمان دا، کە چۆن و چەند گۆشبین بین و باوەڕ پتەو هەڵسوکەوت بکەین و پەرچە کردارمان بە کردارەکان چۆن بێت.

ساتە مرۆ دەکەوێتە تەنگانەوە، تەنانەت داشتنی ستەیەک و دەربەینی وشەیەکیش بە خێی ئاماژەیە بە هیواگەشی یاخود هیوابڕاوی بە ژیان. نووسەر دەنووسێ: " من هەمیشە هەست بە ترس دەکەم" ئەو دوای باوەڕ بەخۆبوون و ئابوونەکەی دەیکاتە" من هەندێ کات هەست بە ترس دەکەم". لەم هەڵسانەوە و وەرچەخانەدا ،وەک سەرەتا و پرنسیپ هەر دەبێت پشت بەخۆت ببەستی، ئاخر وەک دەڵێن: گۆڕ خۆکی تر سەرت بە بخوەنێ، ئازارەکەت بۆتەواوی ناشکێ. ئیدی ئەو بوونەوەرەی ناوی مرۆڤ، بە حەتمی لە کاروانی ژیانیدا ڕووبەڕووی کەسپ و کەست و کێشە و دەردیسەری دەبێتەوە، دەبێ بچێتە ناو سەنگەرەکەوە، بە ڕووی لەقەوماندا بەرەنگاری بکات و لەگەڵ سەختی و نالەباری هەڵکەوتوو و بارودۆخدا خێی بگونجێنێ و بە ئەزگار بوون لە کارەسات و نەهامەتی و کۆڕەوەریەکان. هەوڵی گەیشتە ترۆپکی دڵخۆشی و شادی بدات. ئەمەش ئەو هاوکێشەیە، کە پاڵەوانی سەر شانۆکەی ژیان هەر مرۆڤ و مرۆڤ و کردە کۆمەڵایەتی و داهێنانە سەرسوڕهێنەرەکانی. لەڕشدا ئەرک و پێداویستی سەر شانی هەر تاکێکی تەندروست و سوودبەخشی کۆمەڵگەیە، باوەڕ بەخۆبوون لە خۆیدا بخوەقێنێ و گیانی هاوکاری کردنی ئەوی تر لە خۆیدا ساز بدات و بکاتە پرنسیپ. ئەوجا بەم دوو چەکەوە و پێکەوە، دەرەتانی بەرەنگاربوونەوەی هەڵەش و کارەساتە دەرەکی و دەتەزێنەکانمان پێ جێبەجێ دەبێت.

هەر تاکێکی کۆمەڵگەش بە بازنەیەکی پێوەندی گرێ دراوە، کە لە چەقی بازنەکەوە دەست پێدەکات. دایک و باوک بە منداڵەکانیانەوە و

دایک و باوکی خۆیان و برا و خوشک و پاشان خزم و ئۆجا هاوڕێ و دەستانەوە. هاگرتنی پەیوەندی لەم هەوبارەشدا، خۆشەوودی و جوانییەکی زیاتر بە ژیانمان دەبەخشێ . ئۆمێد لەکەس شاراوە نییە، بە ئۆوەی تێگەیشتنەکی کامڵ یاخود نیوە کامڵمان بە ژیان هەبێت، گرێکە ئەزموونداری بکەین و لە ئەزموون و تاقیکردنەوەی سەرکەوتووانەی ئەوانی تریشەوە فێر بین. هێرۆک س. کێرکگاردی فەیلەسووف دەڵێ:" ژیان تەنها بە درەنگ وەختەوە دەتوانیت لەی تێبگەیت، بەڵام دەبێت پێشوەختە بزانیت چۆن دەژیت". کەواتە بەوانە چەند هونەرە مرۆ بتوانە بەژگارە ناخۆش و دڵتەنگییەکانی ژیان بگۆڕێ بە شادمانی و هیواگەشی. ئەم کارەش هەر بە مرۆڤ دەکرێ.
لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهاندا، بە هەزاران جۆری میتۆد بە لەکۆڵینەوەی لە سەر تراوما و دەردە دەروونی و کێشە کەسیەکان کراون و هەن. بودجەی زۆبەلاحیشیان بە تەرخان کراوە، هەر بە نموونە لەوڵاتی بەریتانیا وەزارەتێکی تایبەت بە کێشەی (تەنیایی) مرۆڤەکان دامەزرێندراوە. چونکە ئەم دیاردەی تەنیاییە هەڕەشەیەکی زۆر لەسەر مرۆڤی سیستەم و کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان. شکست و تێکشکان و سەرنەکەوتون و نەگەیشتن بە ئاوات لە قەناغێکدا، دەبێت ببنە مایەی فێربوون و سوود لەوەرگرتن و وانەی سوودبەخش بە ئایندەیەکی بە شکست و دۆڕاندن و هەڵاتن...
" یەک لە باشترین ڕێگاکان بە ئۆوەی بە جوانی خەمان ببینین،داواکردنە لە خۆکی تر کە ئاوێنەیەکمان بە بەرز بکەنەوە". سا بنەڕەتە کامڵ پێند لەم ڕستە زیندووەدا هەیە و چ پەیام و جوانییەکی تێدا حەشار دراوە. هێرۆها چ بە مرۆڤ دەڵێ، هێرۆک چۆن دەڵێن: یەکە لە گەڵپانەکەدا یاری نەکا، نازانێ یاریزان بە هەڵە دەکات". مرۆ چەند داهێنەر و مۆعلانیش بێت، هەشتا پێویستی بە سەرنج و تێبینی بەرامبەر/ هاوڕێ و دەستەکی هەیە، تا پێی بڵێ،ئەمە شێوە و شێواز و باش و خراپی و جوانی و ناشیرنێتی. نەشتەگەر و نووسەر ئاتۆ گاوێندە دەڵێ:" وەرزشکاران و گەرانیبەژان، هاهێنەریان هەیە،ئاخۆ ئەوەش هەتانە؟". چ خەش بوو هەر تاکێک هاهێنەر و ئامۆژگاریکەرێکی هەبوایە، بە گیان و هەستی مرۆڤدۆستی و نیشاندانی ڕێی ڕاست و فێرکردنی کردەوەی چاک، لەسەر سەکوچکەی زێردەشتی مەزن(بیری چاک و قسەی چاک و ڕەفتاری چاک) بهاتینایەتە گەڵپانی ژیانەوە. ئاخر هەموو پێویستمان بە زانینی زیاتر و پەروەردەی باشتر هەیە.

هەر کاتێ پێویستت بە باوەشێکی نەرم و مەجلیسێکی گەرم و چێژێکی خەشی ژیان بوو، گەڕێکت بوو پێیەک لە بەرهات و

کورد وەریەکانی ئەوانی دیکە دابدەی و ئەزموونت دەوڵەمەند بکەیت، پەنا بە ئەم کتێبە و ئامێژگاریەکانی بەرێ، وەک گەپاڵ و دارشەق تا بە هەورازەکانی ژیان هەڵگڵۆی و بە دڵ و نشوەکانەدا شۆبیتەوە و هەتا هەموو ڕۆژگا سەختەکانی ژیان بە هونەر و داهێنانی داهێنرانەی خۆت نەرم و پێدەشت بکەیت. بە باوەڕی من هەق هەموو کەسانی بواری پەروەردە و فێرکاری و دەروونناسی و ستراتیژی ئاشایەیشی نەتەوەیی ئاگایان لەم باسوخواستانەی ناوەڕۆکی ئەم بەرهەمە بێت، چونکە کەموزۆر پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە مرۆڤکانی نیشتمانی داغانبووی ئەمڕۆ و چارەنووسە خەمناک و بەختەوەریەکانیانەوە. ئاخر لە کوردستانی فرمێسک و خوێن، لە ئەنجامی شەڕی داسپاوی داگیرکەران بەسەرماندا،(ئەنفال و هەڵەبجە و داعش و لە سەدارەدان و ڕاوەدوونانی …هتد)،کوەڕوەری و کارەسات و گوناحەکانی دەستی خودی خۆشمان، ژمارەی بەوڕژن و برا گۆشمردە بوو، ئافرەتی لەقوماو و تاکی بەدەرەتان هەندەی گۆڕەی دارەکانیان لە هاتووە. بۆ ئەوەی لە دوا لاپەڕەکاندا بەکورتە نووسینێک باس لەوە دەکات بۆچی ئەم کتێبەی هەڵبژاردووە و کردووە بە کوردی ،کە دەبێتە تەواوکەری بۆچوونەکانی من لەم بووڕدا.
ئەوجا پێش ماڵئاوایی جێی خۆیەتی دەستخۆشیەکی باش لە مامۆستا محەمەدی وەرگێڕی ئەم بەرهەمە نازدارە بکەم. هەم بە هەڵبژاردنی ئەم بەرهەمە ناوازەیە،کە ڕەنگە لە داهاتوویەکی نزیکدا زیاتر بایەخی دەرکەوێ و گەلێ کەس خێی تێدا ببینێتەوە.، هەمیش بە ئەو زمانە تەڕو پاراوە و سەلیقە وردەی لەڕدا بە خەرجی داوە… لەڕاستیشدا، پتر ئیرەیی دەبەم بەو حەوسەڵە و بیندەڕێی و پشووەدرێژیەی هەیبووە، لە وەرگێڕانی ئەم بابەتە نویەدا بە کتێبخانەی کورد. دەستخۆش مامۆستای بەپەرۆشی وشە و ڕەشنبیریی کوردی، بە ئەم دیاریە ژیکەیەتان بە کتێبخانەی کوردی. ماندوو نەبن لە خزمەتکردن.

سەرنج: هەموو ئەو وشە و ڕستانەی خراونەتە نێو دوو"…" وەک لە کتێبەکەوە وەرگیراون.

هەڵە بەرزنجەیی ١١/٣/٢٠٢٠

کتێب: دیدار لە بارەی شیعر و ژنامەنووسی … نژاد ءەزیز سورمە

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن ...

کتێب: ئامیان… چوارینەی شیعری … نەوزاد مەرگەیی

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن .....

حیجاب وئازادی پێشین چاوپێکەوتنی ژنی ئازاد لەگەڵ حەمید تەقوایی

ژنی ئازاد: دوو هەفتە تیدەپەڕیت بەسەر هەواشاندنەوەی یاسای قەدەغەکردنی حیجاب لە لایەن دەوڵەتی ئیسلامگەرایی تورکیاوە لەشوێندەوەتیەکاندا.پارتی دەسەڵاتداری دادوگەشەو لایەنگرانی ئەردۆغان دەیەن پەسەند کردنی یاسای نوێ،ئازادی دەربڕین دەگەڵتەوە، بە وەاتەک کەلەسەدا ٩٨ی دانیشتوانەکەی موسەمانن.بۆچونی ئەو چیەلەم بارەیەوە؟

حەمید تەقوایی:قەدەغەکردنی حیجاب لە شوێنە دەوڵەتیەکاندا هیچ پەیوەندی بەئازادی ئاین ودەربڕینی ئاینیەوە نیە.ئەمە بەشکە لە

پشگرتن بە دستەوەردانی ئاین لەدەوڵەتدایە و لەاستیدا لە بنمایی جیایی دین لەدەوڵەت وسیکولاریزمەوە سەرچاوە دەگرێت.هەرکەسێک ئازادە هەر ئاینێکی هەبێت بەڵام مافی ئەوەی نیە، کە لە ناوەندە دەوڵەتیەکان وهەروەها ناوەندەکانی پەروەردەو بەرهەمهێناندا سود لە نیشانە ئاینیەکان وەربگرێت.حیجاب وەک سەلیب وئەستێرەی داود،هەمزەکی ئاینیە و نابێت هیچ لەم سمبولانە لەناوەندە دەوڵەتی وپەروەردە وبەرهەمهێنانەکاندا نیشان بدرێن.

ژنی ئازاد:ئێستا مەرجی وەرگرتنی تورکیا لەیەکیتی ئەورپادا قوبوڵ کردنی چاکسازیە لەواتەدا.دەوڵەتی تورکیا بانگەشەی ئەوە دەکات کە یەکێک لەو چاکسازیانە هەڵوەشانەوەی یاسای قەدەغەی حجابە لە شوێنە دەوڵەتیەکاندا.بۆچی ئەبێت یەکیتی ئەوروپا مەرجێکی لەو شێوەیە دابنێت وەلەبنەڕەتیشدا ئەگەر مەرجیکی لەو شێوەیەدابنرێت تاچەند بەرژەوەندیەکانی خەڵک،وبەتایبەت ژنانی تورکیا دەستبەردەکات؟

حەمید تەقوایی:ئەگەر ئەم مەرجە ڕاست بێت، هەکارەکی گەلانەوەی دوبارەی ئاینە بە سیاسەت وقوتابخانەوچالاکی کەمەڵایەتی وەڕشنبیری، وە فرەکلتوری(ماڵتی کەلچەریزم)سەردەمانەکە لە ژێرئاوا تیئەریزە وئاراستە دەکرێت.بەشێکی تری کیشەکە ئیمتیازدانی وڵاتانی ئەوروپایە بە بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی وهێزە ئیسلامیەکان لە ئەورپا بە ئامانجی دەستەمۆکردن وگەلایەکردنیانەوە، ئەم هەنگاوانە لەخزمەتی بەرژەوەندیەکانی خەڵک وەیا ژنان دا نابێت،بەڵکو لەگەڵ ئامانجی سیاسی وئابووری وبەرژەوەندی چینی دەسەڵاتداری ئەو وڵاتانەدا لەبنەدو بەست و سازش ومامەڵە لەگەڵ هێزو دەوڵەتە لەادەبەدەرکەنەپەرستە ئیسلامیەکاندا خزمەت دەکات.

ژنی ئازاد:ئیوە دژی ئەوەن کە ژنان بەیژیەک بەنە دائیرەونشوێنە دەوڵەتیەکان بە حیجابەوە .ئایا ئەم دژایەتیەی ئەوە بەر بەئازادی جل وبەرگ پێشین ناگرێت؟بۆچی ئەوە باوەڕتان بەئازادی جلوبەرگ پێشین نیە بە کەسانی پێگەیشتو؟

حەمید تەقوایی:حیجاب جۆرێک نیە لە جلوبەرگ پێشین.ژنان لەبەر مەدێل وجوانی ولەباری وەیا ئاسودەی وپاراستن لە گەرماو سەرما،سەرپۆش وپێچەو بورقەعیان هەڵنابژێرن.بەڵکو بەهەیی جیاجیکردنی دەستورە ئاینەکەیانەوە دەبنە باسەپۆش.هیچ ژنێک لەبەردەم ئاوێنەدا لەخەی ناپرسێت ئەمە چاکێت وپانتۆڵ لەبەرکەم یان حیجاب بدەم بەرسەرمدا!هەر جلێک بپۆشێت ناچارە کە حیجابی بکات بەسەردا.هەر ئەم ڕاستیە سادەیە نیشانی ئەدات کە حیجاب پۆشاک

نیە.لە بنەڕەتدا فەلسەفەی ئاینی پشاک نیە بۆکو"بەدور ڕاگرتن"ی ژنانە لە چاوی پیاوانی نامەحرەم.حجاب پێچانەوەولە پاکەت نانی سەکسی ژنانە وەک کالا کەهەر خاوەنێکی دەتوانێت بیکاتەوە.من ڤەدیەی ئاخوندێکم بینی کەلە مینبەرێکیدا ژنی دەچواند بەو سەرپۆشەیە کەلەسەر کەبابی سەفەری دادەنێن.ئەیوت ئەگەر ئەتانەوێت پیاوەکان هەستیان بە ژنەکانتان نەجوڵێت ئەبێت حجاب بکەیتە سەرژنەکانتان!(لینکی ڤیدیەکەی لەخوارەوە دادەنێم)
خاڵێکی تر ئەوەیە کە تەنانەت ئەگەر حیجاب بەجارێ پشاکێکیش بزانین دیسان لە هەموو شوێنێک وناوەندێکی دەوڵەتی وکەمەڵایەتی پڕی ناگرین.هاوڵاتیەکی ئازاد هاوڵاتیەکی ئاسایی هەرچی پێ خۆش باڵبەری کات،بەنام پەرستارێک،یا پۆلیسێک،یا وەرزشکارێکی تەپی پێ ناتوانێت لەسەر کارەکەی خۆی ئامادەبێت.تەنانەت زۆرێک لە یانەو ڕیستۆرانت وئێنجومەنەکان وهیتر کەدی جل وبەرگیان هەیە کەئەگەر لەو ڕیعایەتی نەکەیت لەو ناوەندە هێگاتان پێنادەن.کاتێک هاوڵاتیان دەچنە پێوەندی کاری کەمەڵایەتی وبەرهەم هێنان ئەبێت بڕیارکانی ئەو کارە وێان ئەو کەمەڵە دیاریکراوە پێیەوبکات.کەسێک کەنایەوێت ئەم سنوردارکردنانە قبوڵ بکات لەو پێوەندی وکەمەڵە دیاری کراوانەدا بەشدار نابێت.

ژنی ئازاد:ئایا بەنایاسایی کردنی حیجاب، لە ناو بزوتنەوەو باوەدارانی بە ئایندا هێوایەتی نادەیتێ؟
ئەگەر حیجاب کەنەپەرستانەو دواکەوتوانەیە،کەوایە،ئاینی خۆی وڵەناویشیاندا ئیسلام کە زۆرتردواکەوتوە وە کەنەپەرستانەیە.بۆچی هاوناگونجێنیت کە هەموو ئایندکان قەدەغەن؟

حەمید تەقوایی:لە بڕیەک کەوتن لەگەڵ ئایندا ئەبێت جیاوازی لەنێوان ئاین وەک باوەڕێکی کەسی وئاین وەک کاری دەوڵەتی-کەمەڵایەتیدا قبوڵ بکەین.ئاین لەهەردو بارەکەدا کەنەپەرستانەو دواکەوتوانەیە،بەنام هەگای هەبوونەویان وەک یەک نیە.ئاین وەک باوەڕ ناتوانیت ونابێت قەدەغەبکرێت.هەگای خەبات لەدژی باوەڕی ئاینی هەشنگڕی وکاری زانستی و فەرهەنگیەوە نەک قەدەغەکردنی یاسایی.ئەوەی کە دەبێت قەدەغە بکرێت دەستەوەردانی ئاینە لە ژیانی کەمەڵایەتی هاوڵاتیان-دەوڵەت وسیستەمی پەروەردە وسیستەمی دادوەری وناوەندەکانی بەرهەمهێنان وهیتر.بۆچی کە ئەم کارە نەک بە باوەڕ بەکو لەگەڵ ماف وئازادی وهاوڵاتیان لەناکۆکیدایە.تەنانەت کەمەگایەک کە بیروبۆچوونی ئازادی باوەڕ(عەقیدە) وەک باوەڕی تایبەتی زامن بکات ئەبێت سیکۆلاریزم وسیناریۆی مەزهەب لە کاروباری

کۆمەڵاتیدا وەک بنەما وەربگرین .لەهەر رژێمێکدا کە ئایینێکی دیاریکراو-وەک ئایینی فەرمی وئایان ئایینی زۆرینە وەیا حکومەتی پاپای فاتیکان وەیا ولایەتی فەقیە وهیتر-پێگەیەکی تایبەت بەدەست ئەهێنێت بیەوێت یان نا باوەڕداران بە ئایینەکانی تربەهاوڵاتی پلەدوو هەژماردەکرێن .نمونەی زیندو پێگەی بەهائیەکان ودەروێشەکان وئایان تەنانەت ئەهلی سونەیلەژێمی کۆماری ئیسلامیدا .

ئەرکی دەوڵەت بەدور لەاگرتنی کۆمەڵگەیە لە یاساو سونەت وکارکردی کۆنەپارستانەو دژی ئینسانی مەزهەب.تەنانەت لە ئاستی پراتیکی وفەردی وکەسی لەهەر شوێنێک کە ئەو سونەتانە لەگەڵ ماف وئازادیە سیاسی وکۆمەڵایەتی وحورمەتی هاوڵاتیان و تەنانەت مافی ئاژەڵانیشدا ناکۆک دەبێت ئەبێت قەدەغەبکرێت.بەشودانی منداڵانی کچ دەبێت قەدەغەبکرێت،تەنانەت ئەگەر دایک وباوک وکچەکەش خۆیان ڕازی بن.حیجابی منداڵان وخەتەنەی کوڕانی منداڵ وزنجیر وقەمە وشاندن وسەربڕینی ئیسلامی ئاژەڵانیش ئەبێ قەدەغە بکرێت.بڕیاری ئەم قەدەغەکردنانە ناکۆکی ئەو سونەت ویاسا وکردەوانەیلەگەڵ مافە سەرتاپیەکانی هاوڵاتیان وئایان ئاژەڵاندا.لێرەدا ئیتر تەنانەت تایبەتمەندی و یاان سەرچاوەی ئایینی ئەم کردەوانە گرنگی نیە.ئەوە گرنگ نیە کەسێک بە فەرمانی خودا وئایان لەبەر دەمارگری میللی وئاسیستی وئایان بە هەی ئاژەزی دەرونیەوە ئەم کارانە دەکات.گرنگ ئەوەیە کە ئەم کردەوانە لەگەڵ مافە سەرتاپیەکانی هاوڵاتیاندا ناکۆکەو هەر بەو هەیەوە دەبێت قەدەغەبکرێت.

هەتا ئەو شوێنەی کە مەسەلەکە پەیوەست دەبێتەوە بەبابەتی جێ مەبەستمان کە حیجابە، هەر بەو شێوەیەی کە ئەونمکردەوە حیجابیش وەک هەر دەرکەوتن و سومبوڵیکی ئایینی تر ئەبێت لە ناوەندە حکومی وپەروەردەیی وبەرهەمهێنانکاندا قەدەغەبکرێت.بەڵام حیجاب تەنانەت وەک هەڵبژاردنێکی کەسی وڵەدەرەوەی ئەم ناوەندانەش کارێکی کۆنەپارستانەیە کە لە ئەوانین بێ ژن وەک کاڵایەکی سێکسی خۆشی دەبینێت وە دژی حورمەت وکەرامەتی ئینسانی ژنانە.لەباری عەمەلیشەوە حیجاب-وەک پەڕاوی دارین کە یابانیەکان لەپێی کچانیان دەکرد-ناکۆک بوو لەگەڵ جوڵان ویاری وچالاکی لەشولاری کچەمنداڵەکان وچالاکی فیزیکی وەرزشی ژنانە.حیجاب کەت وبەندێکە کەهەر لەمنداڵیەوە ژنان دەباتە دواوەو لە پێگەی ژێردەستەیی پیاودا ڕایدەگرێت.بەو دەلیلەیە کە ئەمە خوازیاری لەنەوچونی حیجابین لەکۆمەڵگەدا،بەڵام بە گەیشتن بەم ئامانجە نەک بەیاسا بەڵکو دەست بە کاری فەرهەنگی وزانستی وڕۆشنگەری دەبەین.

ژنی ئازاد: ئەگەر ژنانی سەرو تەمەنی یاسایی خۆیان لە یەفراندەمکی ئازاددا بین حەزدەکەین حیجابمان هەبێت، ئەوە قبووڵی ئەکەن؟ ئەگەر قبووڵی نەکەن ناچنە ڕیزی ئەو بزوتنەوانەی کە گوێ بە دەنگ زەرینەی خەڵک نادەن وپیشێلی دەکەن ؟

بەینە ماڵەکە.

سیرە بە تکا لەکردنەوە
-مامەستا ئەستا زەر ماندومە با بەیانی بچین.
-دەم مەشکێنە ئەو جارە ئیشم پەت بووە.

هەرچی پارە هوبوو لە دوکانەکم هەنام سیرەم ەازی کرد و بە
پەشە خەم دا □□یشتین بە ماڵی پیرە پیاوەکە لە دەرگامان دا
پیاوەکە دەرگای کردەوە سیرەی ناسیەوە بەخەرهاتنی کردین
دانیشتبوین سیرە بەهەی پەشەکێیەوە لەگڵە منداڵان هاوڵێیە
منداڵی پیاوەکە لەگڵە سیرە قسەی دەکرد منیش لە ماڵەکەم
دەەوانی ماڵەکی زەر بە سەروبەر بوو هەژاریان پەوە دیار بوو
هیچ کتێبکیشم نەبینی بەخەم نەوەستام و یەکسەر چومە سەر
بابەتەکە

-کتێبکەم بینی تە بە سیرەت دابوو دیارە کتێب دەخێنیەوە
مامە گیان؟

پیاوەکە بەدەم پەچانەوەی جگەرەوە وڵامی دامەوە
-نەخەر من کتێب ناخوێنمەوە تەنها ئەو کتێبەشم هەبوو پیاوێک
بەدیاری پێیدام .

کە کتێب ناخوێنیتەوە بەچی دیاری لەم شوێیان بە هەنای
پیاوەکا کە بوو ؟

-نازانم ئەفەندیەک بوو چەند ساڵێک لەمەو بەر زەر دەهات بە
ماڵەکەم دەی وت باسی ئەو نەهامەتیانەم بە بکە کە بەسەرت
هاتوون لە جەنگ دا قەڵەمێک و دەفتەرێک لە دەست بوو هەر

قسەیەکم دەکرد دەینوسیەوە گرنگیەکی زۆری پێ دەدام من پێموابووە فەرمانبەری حکومەتێو بە بەدواداچوون و قەرەبوکردنەوە پاداشت کردنی لەقەوماوانی جەنگ هاتووە منیش هەموو ژیان و معاناتی خەمم پێ دەوت دواین جار هات کتێبەکەی بە دیاری پێدام و بەگەرمی دەقەی لەگەڵ کردم و پێ وتم جەگای شانازی بە وەتەکەمان کتێبەکەش هەر لە ماڵەوەم دانابوو هەستم کرد هیچ سودێکی بە من نیە بۆو پاقلە فرۆشم دا تا پاقەی تێبکا و سودێکی بە ئێو هەبە .
بە گرنگیپێدانێکی زۆرەوە گوتم لە پیاوەکە گرت پاش ئەوەی لە قسەکانی تەواو بوو سەیرێکی پیاوەکەم کرد لە بابەتەکە تێگەیشم حەوسەڵەی دانیشتنم نەما هەرچی پارەم پێ بوو بە پیاوەکەم دا پێم وت سەیرێکی کردم بە سەرسوڕمانەوە پێم وت -تکایە بابە ئینکاری کردن وەری گرە هەمومان لێم نیشتیمانە قەرزاری ئەوەی قارەمانین.
بە سیرەم وت "درەنگە ئێوارە هات بابەینەو"خواعافیزیمان لە پیاوەپیرکە کرد و لە ماڵەکە هاتینە دەرەوە لە ڕێگا بیرم لای چیڕۆک نوسی بەستەزمان بوو کە هەوەی دابوو واقع بنوسێتەوە لە ڕێگەی نوسینەوە ناتوانی پاڵەوانەکان لە مەینەتی دەربهێنی بە هەموو هەستناسکیەوە هەوڵبدەی لە دەرون و خولیاو ئاواتەکانیان ناگەی ئەوەی قارەمانەکە دیویست ستایش و ناوبانگ نەبوو، بە درێژای ڕێگای گەشتنەوە بازاڕ بیرم لەمە دەکردەوە گەیشتینەوە بەردەم دوکانەکە سیرە چوە لای عەرەبانەکەو کتێبەکەی دەست دایە سەیرێکی کردم ویستی کتێبەکەم پێبدا ئێو چەند پەڕەی کە لە کتێبەکە لەکرا بوو هەستی جوڵاندم کە لەبنەڕەتدا ئەم کتێبە چەند پەڕەکی کەمە بیرەکەی ئەوەی لا دروست کردم کە پێویستە کەتایەکی جوانی بە دروست بکرە پێویستە قارەمانەکە لە کۆتایی دا دەخۆش بەدیارکەوی بە سیرەم وت " بوستە نەڕەی" چەند کتێبکی ڕەمانوسی ئەفەندیم لە دوکانەکەم دا هەبوو بە سیرەم دا بە ئەوەی بە پاقلە فرۆشی بکاری بێنە هیچ پارەیەکم لە وەرنەگرت لە بری پارە داوام لەکرد هەموو ڕۆژێک بە خەڵایی پاقلە بدا بە منداڵی پیاوەپیرەکە .

هونەری کۆلاژ، مێژوو .. تەکنیک .. ئەزموون … نووسینی نەژاد عەزیز سورمێ

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن …

گووتاری پۆپۆلیستی و خوونی بچووکی ڕۆشنبیرانی کورد … ستیڤان شەمزینانی

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن ….

ڕۆشنبیری ڕاستی کێیە؟ ... ڕزا شوان

لە دەستپێکی ئەم نووسینەدا، پێویستە ئەوە بڵێین کە ڕۆشنبیری پێویستی بە بڕوانامەی ماستەر یا دکتۆرا یا نومرەی باڵا نییە.. ئەوە ناگەیەنێت ئەوەی بڕوانامەی نەبێت، ئیتر ڕۆشنبیر نییە.. ڕۆشنبیری بە پسپۆرییەکی دیاریکراوەوە نەبەستراوەتەوە، کە پێویستە بیکەی بە پسپۆریت بە ئەوەی ببیت بە ڕۆشنبیر.. پێویستە بزانین کە ڕۆشنبیر کێیە؟

هەر نەتەوەیەک لە نەتەوەکانی جیهان دەتوانێت مامۆستا، پزیشک، ئەندازیار، ئەفسەر، پیشەکار لە هەموو بوارەکانی زانیاریدا دروست بکات.. بەڵام ناتوانێت بە ئاسانی نووسەرێک یا شاعیرێک یا ڕۆشنبیرێک یا هونەرمەندێک دروست بکات. چونکە ئەم پیشەسازییە، بریتییە لە بەهرەی خودایی، کە لەگەڵ مرۆڤدا لەدایک دەبێت. بە درێژایی ڕۆژگاریش ئەم بەهرانەی گۆڕیوە.. بەهرەمەندان دەبنە خاوەنی خەیاڵ و بیرکەر و داهێنان و بەخشین.. تا دەگەنە پلەی ڕۆشنبیری.
ناتوانین وشەی یا زاراوەی"ڕۆشنبیری" بخەینە پاڵ هەرکەسێکی فێربوو و خوێندەوار،
یا هەرکەسێکی خاوەن بڕوانامەی بەرز و باڵا و بڕوانامە بکەین بە پێوەر بۆ ڕۆشنبیر، یا هەرکەسێک چەند پەرتووکێکی خوێندەوە، یا هەرکەسێک هەشت نە بابەتی نووسی و بڵاویکردەوە، یا هەرکەسێک لە سێ و چوار دیداری تەلەفزیۆنیدا دەرکەوت.. ئیتر بە ڕۆشنبیر ناوی بەرین.
ڕۆشنبیری ڕاستی، پێویستی بە کەمێک مەرج و خەسڵەتی ڕۆشنبیریە.. خوێنەران و خەڵکیش لە میانەی بەرهەمە ڕۆشنبیریەکانی و داهێنانکانی و ڕەفتارکانیەوە، بیاری ئەوە دەدەن کە ئەو کەسە شایەنی ئەوەیە کە بە ڕۆشنبیر ناوزەند بکرێت، یا بە کەڵکەڵەشنبیر یا بە ناڕۆشنبیر ناوببرێت.
بەداخەوە کە لە ئەمڕۆدا لە کوردستاندا، بە ڕاست و بە چەپدا وشەی ڕۆشنبیری دەبەخشێنەوە.. خراوەتە پاڵ ناوی چەندین کەسانی هیچ لێبار، کە هەموو شتێکن بەس ڕۆشنبیرنین، سە

شەو و سەرژ لە مانجەکدا بیان کوەنن، دەپک رەشنبیریان لەنایەتە بەرهەم.
هەر کاکک، کەمەک پەرتووکی خوەندەوە و لە سەدیمانەی تەلەفزیەنیدا دەرکەوت و هەشت نە قسەی باق و بریقی کرد و چەند دریەکی شاخداری هەەشت، چەند چەند نووسراوەکی کرچ و کاڵی بەاوکردەوە، لە دوو کەکدا بەشداری کرد.. ئیتر خەی بە رەشنبیر ناودەبات. هەندەش فیزل و لەخەبایی دەبەت، ئەفلاتوون و ئەرستە و پیرەمەردیش بە شاگردی خەی نازانەت.. ئا ئەمەیە پەتای رەشنبیری لە کوردستاندا.
رەشنبیری راستی ئەو کەسەیە، کە توانا و بەکگراوندەکی رەشنبیری باشی هەیە. بە هەموو واتای وشەکەوە، کەسەکی نوەخواز و گەانخواز و داهەنەر. توانای داهەنانی رەشنبیری هەیە.. کەسەکە کە خووی بە خوەندنەوەوە گرتووە، خوەندنەوە بووە بە بەشەک لە ژیانی.. بە دابەان بابەتی هەمەجۆرە دەخوەنەتەوە. بە شەوازەکی راست و دروستیش سوود لە و زانست و زانیارییانە وەردەگرەت کە دەیانخوەنەتەوە. بە وردیش لەکدانەوەیان بە دەکات، بە شەوازەکی لەژیکیش سەرنج و روانینی خەشی لە بارەی ناوەرەک و بیرەکانی بابەتەکانەوە دەردەبەت. هەستیش بەوە دەکات کە رەشنبیری ئاسە و سنووریکی دیاریکراوی نییە.. بەکو رەشنبیری کانییەکی ئاو زوەاڵی هەمیشە خوەە و لەبەری دەوات و لەیدەخورەتەوە و وشەک ناکات.
رەشنبیری راستی، کەسەکی هەشیارە و ویژدان زیندووە، خاوەنی هەوەست و بیر و را و بەچوون و تەوانینی خەیەتی.. بەوا و متمانەیەکی زەریشی بە تواناکانی خەی هەیە.
ئاگاداری پەشکەوتن و گەانکاریەکانی سەردەمەکەیەتی.. ئاگاداری ئەو بارودخەیە کە گەل و نیشتمانەکەی پەیداتەدەپەەت..
رەشنبیری راستی، کەسەکی تووندرەو و کەللەق و دەماگیر نییە، خەی ناسەپەنەت، کەسەکی کراوەی میانەەوە، بیرفراوان و قووە. رەزلە را و بیرەکە و بەچوونی جیاوازی کەسانی تر دەگرەت.. بە شەوازەکی لەژیکی و دروستیش رەخنە دەگرەت و هەستی کەسیش بریندار ناکات.. کەسەکە هەموو بیرەکەکان دەخوەنەتەوە، گوە بە هەموو راو و تەوانینەکی جیاوازیش دەگرەت. هەموو ئەو بابەتانەش کە دەیانخوەنەتەوە یا گوەی لەاندەبەت، بە وردی شیان دەکاتەوە و لەکیان دەداتەوە و بیر و را و روانینی تایبەتی خەی لەبارەیانەوە دەبەت.

رەشنبیری راستی، کەسەکئ ئازادە و خاوەن هەوەست و پرەنسپەکی

نگۆ، ناچەتە ژێر رکەفی ئایدۆلۆژیایەکی تەسکی سنووردار و لایەنداری داخراوەوە، کە نەتوانێت سنوور ببڕێنێت و نەتوانێت بە ئازادی گوزارشت لە را و بۆچوونەکانی بکات.. ئازادی بە رۆشنبیر، فاکتەرێکی پێویست و گرنگە، چونکە رۆشنبیر بەبێ ئازادی رۆشنبیر نییە و ناتوانێت بە راستی و راشکاوی گوزارشت لە هیوا و خەون و بۆا و پرەنسیپەکانی بکات.. رۆشنبیر لە میانەی ئازادییەوە، ئاسۆکان لە بەردەمیدا واڵا دەبنەوە و کۆش و هەوایەکی گونجاویشی بۆ داهێنان بۆ دەخسێت، بۆ دڕبینی ئەوەی کە لە ناخی دایە.
بوونی ئازادی و دیموکراتی و بوونی سەقامگیری سیاسی و ئابووری و ئارامی و ئاسایش، فاکتەری سەرەکین و پاڵنەر و هاندەرن بۆ ئەوەی رۆشنبیر بەبێ ترس و چەکەرە گوزارشت لە هزر و لە بۆچوون و بیرکەکانی بکات.
رۆشنبیری راست، کوردستان پەروەرێکی دەستەزە، لە ئاستی کێشە و ئازارەکانی نەتەوەکەیدا.. بڵایەن نییە و دوورپەرێز راناوەستێت و نابێت بە تەماشاکەر. بەڵکو بە پێچەوانەوە، خەی بە رەنگ و دەنگی گەلەکەی دەزانێت و سەرسەختانە داکۆکی لە مافە رەواکانی دەکات، لە دووتوێی هزر و بیریدا، کۆشکان و خەم و ئازارەکانی گەلەکەی لەکەڵ کردووە.. بە ئۆپۆزیسیۆنی توانایەوە خەبات دەکات و دەجەنگە.. خاوەنی پرۆژەیەکی رۆشنبیرییە بە هۆشیارکردنەوە و بە راپەڕینی گەلەکەی لە نەزانین و دواکەوتن چەوسانەوە و وژەردەستی، لە خەو رایان دەپەڕێنێت و بەرەو ئازادی و رزگاری پێشیان دەکەوێت و دەبێتە هەڵگری پەیامێکی پیرۆز، دەبێتە باڵەزی نەتەوەکەی و پشتڵکارییەکان و تاوانکانی داگیرکەرانی کوردستان بە گەلانی جیهان دەگەیەنێت.
رۆشنبیری راستی، هەرگیز سازش لەسەر پرەنسیپەکانی ئازادی و دیموکراتی و دادپەروەری و یەکسانی و مافەکانی مرۆق ناکات.. ئازا و دڵێر و چاونەترسە، لە چاوسوورکردنەوە و هەڕەشەی داگیرکەرانی کوردستان و دەسەڵاتدارانی خەسپێن و ستەمکاران سەناکاتەوە.. ئامادەشە کە باجی ئەم هەڵوێستانەی بدات.
چاو لە گەندەڵی و لە دزینی سامانی گەلەکەی و لە پشتڵکارییەکان ناپۆشێت و بەدەنگ نابێت، هەردەم دژی پشتڵکارییەکانی مافەکانی مرۆق و ژنان و منداڵان دەوستێتەوە. پەردە لەسەر تاوانکان و کارە دزێو و قێزەونەکان هەڵدەماڵێت و رسوا و شەرمەزاری تاوانباران دەکات و نەفرەت بارانیان دەکات.

ڕۆشنبیری راستی، لەوانەیە کە کۆمەڵگەکەی بە یاخی بوو لەو ڕاستییەی هەیە و لە سەردەمکەی بزانن، کۆمەڵگە بە وشکی ڕەفتاری لەگەڵدا بکەن و یان گاڵتەی پێبکەن، لەوانەیە بە هەی بیرکە دژە باوکانییەوە، یا وەستانەوەی لە دژی ئەو نەریتە بەماوە بەسەرچوانەی کۆمەڵگەکەیەوە، لەمە و نەفرەتیشی بکەن.. بەڵام ڕۆشنبیری ڕاست بە ڕەخنەگرانی زەر و بە کۆمی لایەنگرانی کاری تەناکەن، گرنگ بەلایەوە شکاندنی بەستەڵەک و گەیاندنی ئەو پەیام و ئەو بیرکانییەتی، کە بەرە و گەڵان و داهێنان و هەناندی داهاتوویەکی باشتر بە کۆمەڵگەکەی ئاراستەیان دەکات.. چونکە ڕۆشنبیری ڕاست و هۆشیار، خەی بە وێژدان و بە ئۆقەی نەتەوەکەی دەزانێت، کە هەست بەوەش بکات کە هەڕەشە لەسەر مافەکانی گەلەکەی هەیە و کۆمەڵگەکەی سەرکووت دەگرێت، دەستەوەستان و بێدەنگ و بێهەڵوێست نابێت.. ڕۆشنبیری ڕاست هەڵگری ڕاستییە لە ڕووی زەردارییدا.. هەڵگری چرایە لە تارێکیدا.. خەنجەرێکە لە ڕووی ناڕەواییدا.
ڕۆشنبیری ڕاستی، نابێت خەفرۆش و قەڵەمفرۆش و بەکرێگیراوبێت، بە پارە و گیرفان پڕکردن و پاڕووی چەور و دەستکەوتی تایبەتی، خەی بەدەنگ و ڕاستییەکان هەبگەتەوە، لە ئاستی ستەم و زەرداری و تاوانکانی تاوانباران و گەندەڵی و دزی و پشێلکارییەکانی دەسەڵاداران، خوی کوەر و کەڵ و لاڵ بکات و پشت لەگەڵەکەی بکات.
یا ببێت بە تەشیەس و شان تەکەن و پیاوداناری دەسەاتداران، ببێت بە زوناژەن و چەپەڵدەری گەندەکاران و مافیا و دزکانی سامانکانی گەلەکەمان، ستایشیان بکات و بە بە ناەوا بە شان و باڵیاندا هەڵبدات.. مامحەمەییان لەبەردەمدا بکات.
تا ئەمەش کۆمەڵگەی کوردیمان، بە دوای ئەو ڕۆشنبیرە ڕاستی و دەسەز و ئازا و هۆشیارانەدا دەگەڕێت ـ کە زەر کەمەن ـ تا چرای ڕۆشنبیری کوردی بەرزبکەنەوە و پێشی جەماوەری گەلەکەمان بکەون و ببن، بە دەنگ و ڕەنگی ڕاستی کورد. لە ڕەگای زانست و زانیاری و هەزری نوێ و داهێنانەوە، نوێخوازی و گەشانکاری ئەنجام بدەن و کۆمەڵگەی کوردیمان ڕابەرێنن و پێشی بخەن.. مژدەی بنیادنانی داهاتوویەکی گەشتر بە کورد و کوردستان ڕابگەیەنن.
میللەتەکەمان چەن دەتوانێت ڕاپەڕێت و لە شکستی هەبستەوە و لە چەوساندەوە و کۆڕەوەری ونەهامەتییەکانی و لە پەرتەوازەیی و ململانێی حیزبە دەسەاتدارەکان ڕزگاری بێت.. گەر ڕۆشنبیرانی

هۆشیار و دڵسۆز و کوردستان پەروەری بە راستی نەبنە رابەری راپەڕین و بە چرا هەڵگری ڕۆشنبیری.
لە ئەمڕۆدا، دەسەڵاتدارانی کوردستان و بەرپرسانی باڵای پارتە سیاسیەکان لە کوردستاندا، بەپێی بەرنامەیەکی داڕژراوی لە بەرژەوەندی خۆیان و بنەماڵەکانیان، بە قورخکردن و خەسڵاندن و درۆدان بە مانەوەیان لە دەسەڵاتدا.. پارێزەکی زۆری میللەتەکەمان بە کەینی ڕۆشنبیران و کەسکۆ ڕۆشنبیران و نووسەران و میدیا و ڕاگەیاندنی بەکرگیراو لە پارەی گەلەکەمان خەرجدەکەن.. بە ئەوەی بە شان و باڵیاندا هەڵبدەن و ستایشیان بکەن، وەکو کەسی شیاو لە شوێنی شیاودا بیاناسن و ڕەوایی بە دەسەڵاتیان بدەن و بیانخەنە سەرووی یاساوە.. لە کاتێکدا کە ئەمانە کەسانی نەشیاون و شوێنی شیاویان قورخکردوون.. کەمێک کەسانی فشەڵی هیچ لەبارن.. ئەم کەسکۆ ڕۆشنبیر و نووسەرانە، ڕەشکی ناپاک و قەزەوەنیان هەیە. لە پاڵپشتیکردنی ستەمکاران و گەندەڵکاران و دزەکانی دەسەڵات.. بوونە بەشێک لە ئەوان و بە بەشێک لە تاوانەکانیان دەرهەق بە گەلەکەمان.
پەم وایە، جاشی قەڵەمفرۆش زۆر ناپاکتر و مەترسیدارترە لە جاشی چەکهەڵگرتوو.
خوێنەرانی دڵسۆز و کەسانی هۆشیاری گەلەکەمان، دەتوانن بە ئاسانی ڕۆشنبیرانی ڕاستی و دڵسۆز لە ڕۆشنبیرانی درۆزنە و خەفرۆش و بەکرگیراو جیابکەنەوە.
لە کاتی ایدا حزبدەکەم ئاوڕش بەیەین، زۆرم پێخۆشە کە گەلی کوردمان بەبەت بە خاوەنی هەزاران ڕۆشنبیری ڕاستی و دڵسۆز و پاک.. بەڵام ئەوانەی پێیان دەڵێن ڕۆشنبیر، کە بە ڕاستی ڕۆشنبیربن و لە ئاستی پیرۆزی ئەم وشەیەدابن و بزانن کە چ بەرپرسیارێتییەکی گرنگ و چارەنووسازیان بەرانبەر بە ئەمڕۆ و بە داهاتووی کورد و کوردستان لە ئەستۆ دایە.. پێویستیشە بە کرداری و بە ئەنجامیش ڕۆشنبیری و دڵسۆزی خۆیان بسەلمێنن.

ڕۆژا شوان
نۆرویج: ١٥/ ئادار/ ٢٠٢٠

کێشەنا و گەندەڵی ... ئاری زەندیقی

حکومەتی هەرێمی کوردستان گەندەڵی و بێباکیەکەت بەتام و عەیب بووە بەڵام لە سایەی حوکومداری تۆ وشەی عەیبەش عەیب نیە, زۆر ترسناکتری لە پەتای کێشەنا کێشەنا پەتاییەکە دێت و دەڕوا ململانێی ژیانە لەسەر زەوی هەروەکو پەتایەکانیتر سروشتییە ! وا مەزانە لەبەر کێشەنا تۆمان لە یاد نییە لە ناو قەبریش تا چل ڕۆژیش گۆشتمان نامێنێ هەر باست دەکەین تۆ بەو هەموو شان و شەوکەت و ناوبانگیە بە درۆ و دەلەسە ناتوانی منێکی هاوڕاتی و مامۆستا ڕازی بکەی کەچی غەدرمان لێدەکەی , لە شایيدا لە زەماوەندا لە شین و گۆڕان لە سەرە مەرگ و ئاویلکەدان و شەو تا بەڕۆژ دەبێتەوە هەر تۆم لە بیرە ئەی حکومەتی هەرێمی کوردستان .

لە پەتایی کێشەنا هەر مەجال وەردەگری ئەی زاڵم چەندی پێت بکرێت مووچە دوادەخەی بەس بزانم تۆ چیت بە چی خێت دا هەڵدەگرێی , ململانێی ئێمە و تۆ زۆر سەختترە لە پەتای کۆرونا , دەردەسەری پاشەکەوتی مووچە و دواکەوتنی مووچە سەرباری کەمی خزمەتگوزاری و نەدانی نەوت و بێ قانوونی لەم هەرێمە , کێشەنا لە سەرووی 28پلە گەرمی نامێنی و بەهۆز دەبێت بەڵام تۆ لەسەرووی 100پلەی گەرمی فەهرەنهایەتی بەهێزتر دەبیت بەرامبەر فەرمانبەران و مامۆستایان و خەڵکی کەمدەرامەت , دەتوانم و دەزانم خۆ بپارێزم لە کۆرَنا بەڵام نازانم چۆن خۆم لە تۆ نەجات بدەم و قورتارکەم , پێوستم بە ئێنمایی تۆ نیە دەزانم بە پارەوموچەی من دەژی و چاکە دەکەی ساڵت کردێتە نۆ (9) مانگ سێ مانگ مووچەی خەڵك بێ خێت پاشەکەوت دەکەی پێژەی پێ ئەنجام دەدەی ئەوە مناڵیش دەزانی وەڵا عەیبە . تۆ بوی بە پەتا پەتای (لوتکەی گەندەڵی) لە هیچ کونجی ئەو دونیایە شتی وا نییە ! ڤایرۆسی کێشەنا هەناوولوت و قورگمان دەگری بەڵام تۆ هەموو گیانمان گرتووە تۆ لە ناو ماڵەکانیشمان وازمان لێناهێنی منداڵی سێ ساڵەش دەزانی تۆ (45) ڕۆژ مووچە دەدەی چونکە حەفازەودایبی دوو جار بەکاردێت . پەتایی تۆ هەرچوار وەرزە نەك یەك وەرزی تا سەد ساڵیتر زانستی پزیشکی هاوچەرخ ناتدۆزێتەوە ! ڤایرۆسی کێشەنا (کۆڤید 19) مناڵ و تەمەنەکان ناگرێتەوە بەڵام تۆ هەموو تەمەنەکان ناپارێزی زاڵم , مردن بە کێشەنا کۆتایی بەژیانی مرۆڤ دەهێنی بەڵام مرۆڤەکان لە هەرێمە دەمرن هێشتا زۆم

و خەفەت و شایستە دارایی و پاشەکەوت و پلەبەرزکردنەوە هەر بۆ نەگەڕاندەوە بۆ شەرم بۆ دەبێ بازرگانی نەوت و گەنمی لە دەرەوە بهێنە بیدا بە بە غدا قوربەسەر جوتیاری فەقیر بکە چ نەمایە نەکەی گەر تۆ نیی ئەی بۆ دەسەڵاتی بەسەر ئەو کەسانە نیە کە لە ڤایرسی کۆرۆنا خراپترن . هەموو کات و وەختێك تووشی بارووی دۆخێك دەبی داوای هاوکاری لە خەڵك و خەڵکی دەوڵەمەند و وڵاتان دەکەی ئەی بە خۆت چیت بەس مژولی خەوتن و خواردن و ئابواردن و کەیف و سەفایی , نە ئیمانم بە تۆیە نەباوەڕم بە تۆیە هەتا دونیا مایە ئەوە بۆیاری خۆمەوقەناعەتی خۆمە پێویستم بە کوردبوون و کوردایەتی نییە چونکە جەنابت هەند دیموکراتی فەرقی من و عەرەب و بەنگلادیشی نییە لەم هەرێمە ! ئەگەر باسی کوردایەتی و کوردبوون دەکەی پاشەکەوت و مووچەی تەواو و دوانەکەوتن و پلە بەرزکردنەوەوشایستە دارایەکان بگەڕێنەوە بەڕام تۆ خەڵکت وا پەروەردەکردووە کە باسی مووچە بکەی بە دەرزەکەری لە قەڵەم بدەی و فشەت پێ دێ (26) مووچەی فەرمانبەرانت لایە بە سەر بڕندی دەڤی دەبێت بەغدا بیداتەوە ئەوە چ سەر ئێشەیەکە فەرمانبەر تووشی دەبێت . حکومەتی هەرێم بە خوای کەس تێی خۆش ناوێ چونکە هەبژاردن بە خۆت دەیکەی قەڵەمی لێدەدەی و دەنووسی , نەوت و بایع و ئازوخەومووچەوداودەرمان و دەرزی ئەنسۆلین و پارەی هەندێك لە فەرمانبەرانت و نیوەی فەرمانبەرانت لە بەغداوە بۆ دێت بابزانم ئازایەتی تۆ چیە ناتوانی گەڵکێك ئاوەدان بکەیەوە ئاو کارەباوقیرتاوبکەی هەر دەڤی بوودجە نیە ئەویش هەر بە غداد بۆ واز لە بەغداد ناهێنی بۆ بەغداوبارودۆخی نێدەوڵتی و هاوپەیمانان نەبێت یەك مانگ ناتوانی خەڵك بەڕێوە ببەی ! ئەوە چ حوکمڕانیەکە ئەفسانەیە خورافەیە یان تابلۆیەکی سوریالییە , تۆ ناهێلی بایکۆت و خۆپیشاندان بکەین و گردبوونەوە ئەنجام بدەین مەجبوورین بە نووسین ناخی خۆمان دەببین چونکە گەندەڵیەکەت بەرەوە ئەوە دەچێت ببیت بە دزی ناوەرم بڵێم دزی ! بەسە ئیتر پیاوی چاك بە دەستنوێژهەگرەو روو لە قیبلە دوعای چاکەوکاری چاکە ئەنجام بدە نەك چاکسازی بە قسە پاشەکەوت و مووچە ریکبخەوە ئەگەر نا بەتەمای چوونە هەبژاردن لە من و لە کەسانیتر مەکە ئەی چۆن من هاوڵاتی گرنگم یەك دەنگ بۆ هەبژاردن بە خۆت ناڤی یەك دەنگ کاریگەری هەیە .

زۆر عەیبە بۆ منی هاوڵاتی و ئەگەر بە کوردم دەزانی خۆشگوزەرانم نەکەی مەخسەدم ئەوەی مافی مرۆڤ هەیە لەم هەرێمە نیە سفرە , کاروچاکسازی و کردەوەکانت هەموو کاتی و بەنج و پینەوپەیە تا قیامەت ئەوە ئیشتە ! دەشزانم ئەو قسانەی من بە وێنە حیساب دەکەی هەروەکو چۆن قسەوێنمایی و چاکسازیەکانت لای خەلکی وێنە و لای

لایيه بۆ مناڵكی ناو بۆشكه , بۆیاڵم داوه هەتا مردن بەوشۆوه باست بكەم بەتایبەتی ئەو (48) كاتژمێرەی باری نائاسایت ڕاگەیاند لە ماڵەوه زیاتر گەندەڵیەكانت بەدیاربكەوێت ئەو بەرواڕەی ئەو وتارە دەنووسم تاكو ئێستا ئەو حكومەتی هەرێمی كوردستانە (26) موچە و ملیۆنەك و نیو دینار جیاوازی موچە و ئەمساڵیش (2020) بە (40) ڕێژ موچە دابەش دەكات , وەی لێهاتیە ئەوەی پیاوبی بە ناپیاوی دابنێن و ئەوەی مەرد بی بە نامەردی دانێن و ئەوەی عاقڵە بە شێتی دانێن ئەوەی داوای موچە بكات بە دەرزەكەری دانێن ئەوەی داوای خۆپیشاندان بكات بە خائینی دانێن, وەرە (30) سی ساڵ حوكمڕانی بكەی كەس تێی خۆش ناوێ بەو هەموو پارەوترسەی دەدەنە خەڵكی ئەو هەرەمە , كەنا زەاتیە لە چاو تێ حكومەتی هەرێم , خۆش حكومڕانی .

لە گۆشگیریی چوار دیواری ڕێژی یەكەمی كەرنـاوە … نووسینی : نەوزاد بەندی

پزیشكێ چینییەكان بەردەوام بە شەو و ڕۆژ لە هەوڵی دزینەوەی چارەسەر بوون بۆ كەرنا بۆ جەرگ دایبیان هەڵگرتبوو ، كاربەدەستانی ئەمەیش ٣٠ ساڵێ كشەی كارەبایان بۆ چارەسەر نەكراوە و كام قات و بینباخیش گرانبەهایێ ئیپێشن ..كام ڤێلا و تاوەر مەدرنێ ، بۆ خیانی ڕێ دانێن ..
مرۆڤ كێ ئەركی سەرشانی خۆی نەزانی و ..خۆی لەگڵ كەسانی تردا بەراورد نەكرد بە مەبەستی بەخەدا چوونەوە و خۆ چاككردن ، ئەوێ لە بازنەی مرۆڤایەتیی دەردچێ و ..لە دابەستێ و پێكەر و مردووەوە نزیك ئەبەتەوە ..
كشەكێ لەرەدایە ، مرۆڤی كورد نابێ پشكەوێ ..نابێ بیر بكاتەوە ..نابێ داهێنان بكات ..نابێ بەرهەمهێن بێ ..بێ ئەویش كەمڕێ پێكەری سارد و سڕ و بێ گیانیان كردووە بە بەرپرسی ..
لە هەر چركەیەكدا كێ دەژیت ..لە هەر دیمەنێك كێ دەیبینیت ..لە هەر هەنگاوێ كێ دەنێیت ، حەقی خوەندنی فاتیحایەكت هەیێ بێ گیانی

دەرچووی دەستات ..
ئازاربەخشترین ساتیش ئەو ساتەیە کە سەفەر دەکەیت و ..سەیری خزمەتگوزاریيە گشتیەکانی گەلان دەکەی ..سەیری شەقام و پرد و میترۆ و تراموای و ئوتۆبیس و دار و درەخت و جوانکاریی شارەکانیان دەکەیت ..ئا لەو کاتەدا هەست دەکەی زەر خراپ دەماندووتۆ ، خۆت و ماڵ م منا و داهاتوو و مرۆڤایەتیت ..نایشزانیت کەی و لە کوێ و چۆن ئەو قومارەت کردووە ...!

کێ ئەبێتە سەرۆك وەزیرانی عێراق و کەی؟... ئەحمەد رەجەب

پێنج مانگە خەپیشاندان و راپەرین لە بەغداو شارەکانی ناوەراست و خواروی عێراق دەستیپێکردووەو سەرەرای تێهەدان و گرتن و ئازارو ئەشکەنجەدان زیاتر لە پێنج سەد شەهیدو بیست و پێنج هەزار بریندارو هەزاران بەسەروشوێن کەس نازانێت عێراق بەرەو کوێ مل ئەنێت و بە هەوێ بارودۆخەکەو بێتوانایی حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی لە دەزینەوەی چارەسەر بێ داخوازییەکانی جەماوەرو خەپیشاندەران ناچارکرا دەست لەکار بکێشێتەوە.
سێ مانگە حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی لە کارکەوتووەو حزبەکانی شیعە سەریان لێشێواوەو رووپاکردە ئێران و لە شاری قوم بە سەرپەرشتیاری ئێران کۆبوونەوەو لە هاتنەوەیاندا کەسیکیان بە ناو (محەمەد تەوفیق عەلاوی) دا بە سەرۆك کۆمار بێ ئەوەی ببێتە سەرۆك وەزیران بەڵام محەمەد عەلاوی لە پاش یەك مانگ خۆی و ناوی کابینەکەی چوونە پەرلەمانی عێراق و، لەوی بە هۆی ناکۆکی نێوان شیعەکان شکستیهێناو کشایەوە.
تا ئێستا لایەنێ شیعەکان لێ دیاریکردنی کاندیدی سەرۆك وەزیران دوورن و، رۆژانە کۆئەبنەوەو تەنها ناوی دوو کەس یان سێ کەس تاوتوێ ئەکەن و ناگەنە ئەنجام و، بەوەش کێشەیان بێ سەرۆك کۆمار بەرهەم ساڵح دروستکردووەو، شاراوەش نییە بەرهەم ساڵح لە ژێر فشاری ئێران و حزبە شیعەکانەو تا ئەم ساتانەدا چاوەروانە کەسێك لەلایەن ئەو حزبانە دەستنیان بکرێت.
مستەفا کازمی بێت یان عەلی شوکری یان کەسێکی تر ئەبێت لەلایەن

ئێرانەوە کەدەنگی لە سەر بێت ئەمە لەکاتێکدا خرپیشاندەران ئەڵێن : ئێمە بریار ئەدەین کە ببێت بە سەرۆك وەزیران، ئێمە خاوەن بریارین، خەڵك خاوەن بریارە، خەڵك بە دەنگی بەرز ئەڵێن : ئێران بێ(دەرەوە بێ دەرەوە) و، ئەوە کەسە لەلایەن حزبەکانی خاوەن دەسەڵات بەربژێر ئەکرێت پێویستە کەسێك بێت خەڵك پێی قایل بێت نە ئەمریکاو ئێران، پێویستە هەموو لایەك تواناو ئیرادەی خەڵك پشتگوێ نەخات.

خەڵك بەرپژێریکی ناوێت تەنها لەلایەن بەرهەم ساڵحەوە پەسەند بکرێت و، حزیە شیعەکان دژ بە خواست و داوای خەڵکن، ئەو خەڵکە دژ بە پرسەی سیاسی و تایفەگەری و پشکپشکێنەو گەندەڵی و دزیی راپەریوەو ئەیانەوێت عێراق لە دارمان و گەندەڵی و هەژاری و برسێتی و نەخۆشی رزگار بکەن و، لە پێناو نەمانی مڵیشیاو چەك بە دەستەکان تێئەکۆشن و، بە دوای ناسنامەی نیشتمان بوون ودیموکراسی راستەقینەو و دادپەروەری کۆمەڵایەتی ئەگەڕێن.
دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی تەنها سەرەتا بوو، خواست و داوای خۆپیشاندەران و خەڵکی راپەریو درێژەی ئەبێت و، سوورن لە سەر هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و تا هەنوکە خۆپیشاندانەکان بە ئامانجەکانی گەل نەگەیشتووەو، پرسەی سیاسی ئاواتەکانی گەل ئەکوژێت و لە ناویان ئەبات و، ئەمەش هەڵکی زێرینە بێ چەسپاندنی چاکسازی گەورەو، هەرسێ سەرکایەتییەکە (سەرۆك کۆمار، سەرۆك پەرلەمان و سەرۆك وەزیران) دەست لە یەحەی خەڵك بەربدەن و، هەڵبژاردنی پێشوەختە بکرێت و، ئەوانەی بەشدار بوون لە دارمانی ئابووری و کۆمەڵایەتی عێراق سزابدرێن.
ئێران بە ناوی ئاین و ئیسلامەوەو لەڕی حزبە شیعەکانی خاوەن دەسەڵات گیروگرفت و کێشەکانی ئەگوازێتەوە بێ عێراق و وڵاتانی ناوچەکەو بەو شێوەیەش هەوڵی زیاتر ئەدات بۆئەوەی ئەو وڵاتانە بخاتە ژێرهەیمەنەو کۆنترۆڵی پاسداران و سوپاکەی و هەر سەبارەت بە دانانی کەسێك بێ سەرۆك وەزیران عێراق و، بێ ڕکخستنی ناوماڵی شیعە عەڵی شەمخانی ئەمنیداری گشتی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی ئێران خڵی گەیاندە بەغداو، یەکسەر لە گەڵ سەرکردەکانی حزبە شیعەکان کۆبووەوەو، بڕیاریان دا سەرۆك وەزیرانی عێراق سەر بە هادی عامری و موقتەدا سەدرو نوری مالکی و ئەوانی تر لە سەر تەلەفزیۆن و سەتەلایتەکان رایاگەیاندو وتیان شەمخانی ئامۆژکاریمانیکرد بێ ڕکخستنی ناوماڵمان و زاڵبۆن بە سەر کیشەکانی نێوانمان و دیاریکردنی کەسێك بێ پێستی سەرۆك وەزیران و، دیارە ئەو کەسە ئەبێت بە پێی خواستی ئێران دابنرێ

عەلی شەمخانی لە کاتکدا وەاتەکەی دووچاری کارنا بووەتەوە سەردانی عێراقی کردو، ئارەزوومەندانە هاتووچۆ ئەکات و کۆبوونەوە ئەنجام ئەدات و، تەمێی شیعەکان ئەکات و، لە رووی ئەمن وئاسایشەوە لە گەڵ فالح فەیاز راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی عێراق کۆبوونەوەو باسی بارودۆخی عێراق و حەشدی شەعبی و دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا و هێزە بیانییەکان کردو، لە پاش گەرانەوەی بارودۆخی ناوخێی عێراق و ناوچەکە بە هۆی بڕدومان و هێرشکردنە سەر بنکە سەربازییەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانان روو لە گرژی و ئاڵۆزی ئەکات.
لە کاتی نووسینی ئەم وتارە هەواڵێك باوکرایەوە کە حزبە شیعەکان کێکن لە سەر ناوی نەعیم ئەلسوهەیل ببێت بە سەرۆك وەزیران و، ئەم نەعیمە راوێژکاری سەرۆك کۆماری پێشووتری عێراق بووەو کوری برای تاڵب ئەلسوهەیلە کە لە لایەن حزبی بەعسی عەرەبی لە لوبنان کوژراو، ئەگەر زۆرە پێستەکە وەربگرێت وچانسی زیاترەو رۆژانی داهاتوو پەردە لە سەری لا ئەبات.

.15/3/2020

کارنا تیرۆکی نوێی بایۆتیرۆریزم یان کۆلۆنیالیزمکی ڤایرۆسی ... نیگار نادر

بایۆتیرۆریزم (Bioterrorism) بریتییە لە ئەنجامدانی هێرشی بایۆلۆژی، لێگەڕی ناردنی ڤایرۆس، یا پەتای کوشندە، یا ژەهر و بەکتریایەکان، بەمەبەستی نەخۆشکردن و کوشتن، لەلایەن دەوڵەتێك یان تیرۆریستان و دوژمن و نەیارانی هەر دەوڵەتکەوە، بەرامبەر دەوڵەتیکی تر، هێرشکان ئاستەوخۆ، لە ڕێگەی ناردنی ڤایرۆسکان، یان لێگەڕی مرۆڤەوە و، مرۆڤ دەبێتە هێگریان و گواستەرەوەیان، یان ناڕاستەوخۆ، لە ڕێگەی ئاوی خواردنەوە ، هەوا ، خواردەمەنی ، کەلوپەل و دەرمانەوە باودکرێنەوە .

بایۆتیرۆریزم، بە جۆرە شێوازی جیاواز ، هێرشەکان بە پلان و تاکتیکی جیاواز، ئاراستە و هێرشی پێ ئەنجامدراوە، هەر لەبەرئەوەشە، زیاتر بە قایرۆسی سیاسی دەناسرێت ، بەمەبەستی زەبر وەشاندن لە سیستەمی ئابووری و سەرچاوەی مرۆیی وگەیەنی باکانسی هەرزە هەڵبژاردنەکان بەکارهێنراوە ، هێرشەکان دەوڵەتان، سانایە بە داشتنی ستراتیژیەتی بایۆبەرگری (biodefense)، بودجەی زۆر گەورە تەرخانکەن، بەمەبەستی دەزینەوەی ڤاکسینەکان، لەبەر سەختی هەکاری دەستنیشانکردنیان و پێشگیری و بەرەنگاربوونەوەیان ، هەر لەبەرئەوەشە، کە هێرشی قایرۆسی بە یەکێک لەسەرکەوترین هێرشەو مەترسیەکان دەژمێردرێت ، کە ئامانجی تێکدان و زەبروەشاندنە لە ئاسایشی نەتەوەیی هەر وڵاتێک لە جیهاندا .
هێرشی بایۆتیرۆریزمی (قایرۆسی)، بەبەراورد لەگەڵ هێرشی تیرۆرستی چەکداری ، مینەڕژی و تەقینەوەی بۆمب، بە یەکێک لە خەترترین هێرشکان دادنرێت، لەسەر ژیانی هاووڵاتیان و تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی تەندروستیان ، هەر بۆیە زەربەی بیرمەندان و سەکۆلارەکانی ئاسایشی نەتەوەیی، پێیانوایە لە سەردەمی بەجیهانیبووندا، ئۆگری ووەدانی ئەو هێرشە قایرۆسیە ، دەهێندە زیاترە لە ئۆگری ووەدانی هێرشە تیرۆریستیەکان، و قوربانی زۆر زیاتریشی لێدەکەوێتەوە، هەڕەشەیەکی مەترسیدارو شاردراوەشە بە سەر ئاسایشی مرۆڤایەتی.
لەو سەردەمەدا، دەوڵەتان شانبەشانی کۆین و دروستکردنی چەک و بنیادنانی هێزی بەرگریان، بەردەوامن لە تۆژینەوە و دروستکردنی تاقیگەی تایبەت، بەستانداری جیهانی ،بەمەبەستی بەرگریکردن لە هێرشی قایرۆسی بە بەرەنگاربوونەوەی بایۆتیرۆریزم و چەکی بایۆلۆژی ، لەتاقیگە بایۆلۆژیەکاندا، جۆرەها ئامێری سەردەمی و تەکنەلۆژی بەکارهێنن، بە دەستنیشانکردن و دزینەوەی هەر هەوڵێک، کە گومانبکرێ ئۆگری هێرشی قایرۆسی و بەکتریایی، وە دەبێتە هۆی تێکچوونی باری تەندروستی و گیانلەدەستدانی هاووڵاتیانیان، هێرەها سانایە ڕاپۆرتی پێشبینیکردنی ئۆگری گومانویترین هێرشی چەکی بایۆلۆژی، دەخرێنە بەر دەستی ئەنجوومەنی ئاسایش و دواتریش لایەنی پەیوەندیدار، بە پاراستنی ئاسایشی تەندروستیەوە.
لە مێژووی قایرۆسکاندا پاش تاعوون و کۆلێرا و گرانتا و سیل، کە مزەندە دەکرێت بە سەدان هەزارو ملیۆنها مرۆڤیان کوشتبێت، لەسانی شەستکاندا، ئایدز دیارترین قایرۆسە، کە مرۆڤایەتی تووشی ترس و هەژان کردبێت، دواتریش لەسەردەمی بەجیهانیبووندا، ئێنفلۆنزای باڵندەو بەرازو سارس و ئیبۆلا، لە شاشەی میدیاکانی جیهانەوە راگەیەنران ، بەناو دواتر زۆر بەخێرایی، بەبە ئاوەی

زیانی گەورە بەدەن چارەسەریان بۆ دۆزراوەتەوە و نەبوونە جێگای زەندەقچونەکی جیهانی ، بەڵام ئەمجارەیان ئەوەی لەگەڵ سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەرکەوتووە، پەیامێکی جیاوازتر بۆ جیهان دەدات، هاوتای جیاوازی سەردەمەکە، کە سەردەمی کۆلۆنیالیزمی تەکنەلۆژیایە .

کۆرۆنای سەردەمی کۆلۆنیالیزمی تەکنەلۆژیا ، چرکە بە چرکە، لە جۆرەها سەرچاوەی میدیایی و سوشیالمیدیایەوە، چەندین زانیاری دروستکراوو ، ئاراستەکراو و تەمووماوی بەئاودەکانەوە، کە سەدانبار خراپیەکەی زیاترو تیژترە، لە خراپی تێشنەکردنی ڤایرۆسەکە، و جیهانی بەگشتی تووشی تەقاندنەکی سەرسوڕهێنەر کردووە! ئەوەی ئەو ڤایرۆسە لەوانی تر جودای دەکاتەوە، ئەوەیە کە کەی ئاسایشی دەروونی مرۆڤەکان، ئەو جیهانەی پێکەوە شواندووە، پەیامێکی ترسناکی بۆ ژیانی داهاتوومان هەڵگرتووە، کە جارە دروست ناتوانرێ دەستنیشانبکرێت ، چونکە وەک چۆن سروشتی ڤایرۆسەکە نادیارەو شێوەی خۆی دەگۆڕێ، بەهەمان شێوەش تا ئێستا پەیام و دەرهاویشتەکانی لە گۆڕاندایە.

کۆرۆنا چ زەنگێکە؟

کۆرۆنا زەنگێکی ئاگادارکردنەوەیە، بۆ ئەوەی بزانین لێرە بەدواوە ئەو جیهانە چەندە مەترسیدارە، بۆ ئەوەی تێبگەین هەموو سیستەمی ئاسایشی جیهانی، سیستەمی تەندروستی جیهان ،سیستەمی بەرگری دەوڵەتان، هەموو داهێنانە زانستییەکان ، هەموو چارەسەرە پزیشکیەکان ، دەرەقەتی ڤایرۆسێک نایەن!، کە بچاو نابینرێ ؟! هەموو ئەو دژە ڤایرۆس و تاقیگەی پشکنین و چاودێریانە ، سیستەمی پشکنینی سەر سنووورەکان ، سیستەمی ناسا لەئاسمان، ناتوانن بەرگری لەو ئیزرائیلە گچکەیە بکەن، کە سنووڕەکان ناناسێ، و هاوشێوەی تۆی ئینتەرنێت بە جیهاندا هەڵگدادەکوتێت و مرۆڤەکان پێکەوە گرێدەدات؟!
بەدرێژایی مێژووی هاتنی پەتاو ڤایرۆسەکان، گومان لەسەر پەیدابوون و دروستکردن و سروشتی بوونەکەیان هەبووە، هەندێکیان کە بە دروستکراو ناودەبرێن، بەمەبەستی قەکردنی مرۆڤایەتی ، وەک قەکردنی نژادی و دینی و سیاسی و ئابووری، لەنێوان دەستەڵاتدارە پانخوازەکانی ئەو جیهانەدا، سەریانهەڵداوە ، بە نموونە ئایدز کە لەئەفریقاوە سەریهەڵداوە، تا ئێستاش لێبەدەکە بە مرۆڤ هەڵپەستەکان و مرۆڤ هەمیشە لێیان دەسەمێتەوە، بەڵام تائێستا کۆرۆنا زەر ناوونە، هاستە لە چین سەریهەڵداوە، بەڵام سنووربەزاندنە تیژەکەی زەر گوماناویترە.
لەئێستادا دوای پیشەسازی چەک دروستکردن و، پیشەسازی دەرمان

دروستکردن، لە ترۆپکی پیشەسازییە قازانجبەخشەکانی جیهان دژمیردرێت ، لەبەرئەوە دوورنییە، چارەسەری کێشەناش بکەوێتە ناو ئەو بازنە سەرمایەداریەی کە ئامانجی بێت قازانجکی گەورەی لێداهاتوودا پێ گەرەنتی بکات! یان زەنگێک بێت بۆ پێکەوە بەستنی، تەندروستی مرۆڤکانی هەموو جیهان و دەستەمۆکردنیان، بە هەڕەشەیکی کوشندەی وەک کۆرونا لە داهاتوودا بۆ فەرمکی جیاوازتر.

هەرشی ئەو قایرەسە(کۆرونا)، ئەوندە کتوپڕ، تائێستا هیچ لە زاناو فەیلەسوف و بیرمەندو سکەلارکانی جیهان، نەیانتوانیوە دیدی خیان بۆ زانستی وبۆ وردی لەسەر بوەشێنن، تەنها هەندێک مزەندە هەن، کە ئایا سەرهەڵدانی شێوەکی بایۆلۆژی نوێیە؟ یان ئەوتا تاکتیکێکە بۆ بەدەستەوەگرتنی جەوی ئیمپراتۆریەتی پیشەسازی و ئابووری ئەو جیهانە ؟ یا تێکەوخاندنی سیستەمی جیهانی و شکاندنی باڵانسی هێز؟!.

لە ئێستادا هەموو ئاماژەکانی کۆرونا پەمان دەڵێن، کە جیهان بەگشتی خراوەتە کۆرنتینەیکەوە و لەنەوان دووەیانێکدا قەتیس ماوە، ئەویش : بەرزبوونەوەی ڕێژەی قوربانییەکان و توقاندێکی گشتگیری جیهانی و کوشتنی بەکەمەی هەزارەها مرۆڤ ، یان دەزینەوەی دەرمانێکی چارەسەری دژە قایرەسەکەیەو، بەمەبەستی قازانجێکی بازرگانی و ؟ ناساندنیەتی وەکو فریادەسێکی گشتگیر، بۆ ئەو جیهانەو هاوشێوەی جەنگی دژە تیرۆری، پاش یانزدەی سێپتەمبەر و سەرهەڵدانی داعش، بەیانووی پاراستنی سیستەمی ئاسایشی جیهان.

لە دووماهیێدا بەدیدی من ، لەو سەردەمە سەرمایەداریەی نیولێبرالیزمدا بەتایبەت نیولێبرالیزمی ئابووری، کۆرونا کۆلۆنیالیزمکی قایرەسی نوێیە، بە هاهەنگی لەگەڵ کۆلۆنیالیزمی تەکنۆلۆژیا سەریهەڵداوە، لەسەرەتای یەکەمی ئەو سەدیەوە، بە ئامانجی تەقاندن و هەڕەشەکردن لەسەر ئاسایشی تەندروستیمان ، هەروەها چۆنیەتی خۆپاراستن و سەلامەت مانەومان، لەلایەن سیستەمکەوە سەرکردایەتی دەکرێت ، کە لێداهاتووشدا جیهان دەکاتە کۆلۆنییەکی تەندروستی هەدەمگرتوو ، جەنگکی بایۆلۆژی نوێ دەبێت، هاوشێوەی جەنگی دژە تیرۆر لە جیهانکی بە سیستەمدا، کە کولتوورەسەنکان دەهاێت، و لێداهاتووشدا ئاسایشی مرۆڤایەتی بەو جۆرە هەڕەشانە دەشێژنێت، و دەیانخاتە ژێر کۆنترۆڵ و رکەفی خەیەوە.

ژێدەرکان:

https://www.historyofvaccines.org/content/articles/biological-weapons-bioterrorism-and-vaccines_1

2_
https://www.thelancet.com/journals/laninf/article/PIIS1473-3099(18)30298-6/fulltext
3_ https://www.dhs.gov/biowatch-program
4_https://sphcm.med.unsw.edu.au/news/could-mers-coronavirus-be-bioterrorism-new-study-shows-why-could-be-one-explanations-paradoxes
5_https://www.teleforwarding.com/blog/technology-colonialism-a/-summary

نیگار نادر
٢٠٢٠\٣\١١\

شانۆی چۆساوەکان لە سیاسەتدا نووسینی: زاهیر عەبدوڵڵا

ساڵی 1964 بەرازیل کودەتایەکی سەربازیی بەخۆیەوە دەبینێت کە ئەمریکا پاڵپشتی ئەو کودەتا سەربازییە بوو. تەواوی بەرازیل بەسەربازگە دەکرێت و عەسکەر دەسەڵاتێکی تەواو وەردەگرێت، ئەوەش تەواو پێچەوانەی دید وبیروباوری ئاوگەستە بوا بوو، کە ئەو کاتە وەک کەسێکی چالاکوانی کولتووری دەناسرا، لەساڵی 1971 ئاگستەبوا لەلایەن هەزی سەربازیەوە دەدەفنرێت و ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر دەدرێت لەسەر بیرو باوەڕە کۆمۆنیستی و ئەکتیڤیستیەکەی، ئەویش بەناچاری هەڵدێت و ڕوو لەوڵاتی ئەرجەنتین و پاشان وڵاتی فەرەنسا دەکات.
لەساڵی 1984 دا کاتێک ئاگستەبوا دەگەڕێتەوە بۆ بەرازیل بۆ چەند میتەدێکی جوراو جۆری شانۆیی کار دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا سەنتەرێک بۆ شانۆی چۆساوەکان دادەمەزرێنێت. بوا لەو تەدگات کە پێویستە گۆشە بۆ کارکەی بەدات و بەدوای چەند فەرمکەدا بگەڕێت بۆ گوزارشتکردن لە شانۆی چۆساوەکان و. گەرەنتی بەردەوام بوونی ئەو شانۆیی هەبێت.
بوا تارمای ئەو چۆساندنەوەیی هەر بەسەرەوە مابوو کاتێک

دگەڕێتەوە، ئەو دیووە ئەستاش لە ناخی هەموو تاکەکماندا چەوسێندنەوەیەک هەیە،کە هەموو نەمەکان و پێتا خراپەکانی کۆمەڵگای تێدایە، چەوسێندنەوە لە ناخماندا دژی، جا بەهوشیاریەوە بێت یان ناهوشیاری. کێشەش لە ناخی خۆیدا حوکمرانی قبووڵکردووە، بۆیە دەبێت بە پێی یاسا ئەو چەوسێندنەوەیە، لەکۆمەڵگاو لە ناخماندا بنەبڕ بکرێن.

هەر لەبەر ئەوە، لە شاری ڕیو دی جانیرۆ، شانۆی یاسادانان (The legislative theatre) دامەزرێنەت، کە فۆرمێکی تری دراماییە، کە جاری وا هەیە تیشک و ئاسۆکانی بۆ داهاتوو درێژدەبێتەوە، وەک بناغەیەک بۆ گۆڕینی واقیعیەتی کۆمەڵایەتی. کە پەیوەندیەکی تەواوی شانۆ و سیاسەت دەخاتە بەرچاو، بیرکردنەوە لەم فۆرمی کارکردنە، ئەوەیە کە بەشداران خۆیان کاریگەربن لە پرسەی شانۆو سیاسیدا.
ئەمە نەک تەنها پەویستمان بە گۆڕینی خۆمان هەیە، بەڵکو پەویستیشمان بە گۆڕینی کۆمەڵگا هەیە، باشترین جۆرێش بۆ ئەم گۆڕانکاریانە، گۆڕینی یاساکانە. ئەم میتۆدی شانۆی یاسادانانە سەرنج و حەزی خۆکانەکی زۆری بۆ گۆڕین و گۆشکردنی پرسە لۆکاڵیەکان ڕاکێشا، بۆتایبەتی لای تاکەکان وگروپە تایبەتیەکان، ئەوانەی بەشێوەیەکی تراديسۆنی و تەقلیدی کاریان دەکرد.

بواڵ لە ساڵی (1992) بۆ ئەنجومەنی شارەوانیی شاری (ڕیو دی جانیرۆ) هەڵبژێردرا، ئەو هەزو دەسەاتێی کە لە ئەنجومەنەکەدا هەیبوو، بەکاریهێنا بۆ ئەوەی کە بەشێوەیەکی جیاواز کاربکات. بواڵ لەو ماوەیەدا لەگەڵ 19 جۆر گروپی دووچاربوو بۆ کێشەو نەهامەتی لەکۆمەڵگادا کاری کردبوو. ئەو هەوڵیدابوو لەگەڵ ئەو جۆرە لەخەڵک و گروپانەدا نمایش پێشکێش بکات، کە لەبارەی کێسەر و کێشەو پێداویستیەکانی خۆیانەوە بدوێن. (کە ئەمە دەڵێن کۆمەڵگای بچوک واتە وەک تۆڕی جوتیاران، کاسبکاران، پارێزاران، کرێکاران، کرێنشینان، شوفێران، مامۆستایان، نەخێش و پێکەوتە یان ئەوانەی دووچاری نەخێشی ئایدز بوون، هتد.. هەموو ئەمانە ئەم تۆڕانە کۆمەڵگا گەورەکە پێک دەهێنن) لە نێوی خۆشیاندا، هەر کۆمەڵێک و گروپێک لە گفت و گۆدابوو لەگەڵ کۆمەڵە لۆکاڵیەکە و گروپەکەی خۆیدا. لەگەڵیشیدا لە لە دیالۆگدا بوون لەگەڵ کۆمەڵکانی تردا. ئەم گروپانە لە ناوخۆیاندا فێستیڤاڵیان دروست دەکرد، لەناو ئەم فیستیڤاڵانەدا پێشنیارێکی زۆر دەهات و دروست دەبوون لەبارەی ڕێکخراو کۆمەڵگا بچوکەکەی خۆیان.

ئەکتەرێک و پارێزەرێک پێشنیازەکانیان کەدەکردەوە لە شێوەی یاسادا پێشنیازیان بە بواڵ دەکرد، ئەو پێشنیازانەش دەگەڕا بە یاساو لەسەر مێزەکەی بواڵ دادەنرا. ئەویش لەدەستەکەی خۆی لە ئەنجومەنی شارەوانی هەموو ئەو پێشنیارانەی پێشکێش بە هاوێکانی دەکرد، بە قسەلەسەرکردن لەسەری بە ئەوەی بگەڕدرێت بە یاسا. هەموو پێشنیازەکانی بواڵ لە خێکەکەوە دەهاتن و بە ئەنجومەنەکە دەڕێشتن. هیچ پێشنیازێک لە خودی بواڵەوە نەڕێشتبوو، ئامرازی بەدەستهێنانی پێشنیارەکانیش تەنها ئەو جۆری میتۆدی کارکردنە بوو. هەروەها لە سەردەمی بواڵدا 13 لەو پێشنیارانەی خێک، لە ئەنجومەنەکەدا بوو بە یاسا. ئەو جۆرە میتۆدی کاکردنی شانێیە لەدواجاردا دەبێتە دەنگ و فەرمێکی هاوکار و هونەری و دەستپێشخەر بە گفتو گۆ. پاشان ئەم جۆری شانێیە، شانۆی یاسادانان بەزەربەی ووڵاتانی دونیادا بەاودەبێتەوە. بەسەرکەوتنێکی گەورە ئەژمار دەکرێت لە کەنەدا و بەریتانیادا.

لەساڵی 2008 بواڵ کاندیدکرا بە خێاتی نۆبە لە ئاشتیدا، بەهۆی کارەکانی لە دژی چەوساندنەوە، ئامرازێکی هونەری و بەیارمەتی شانۆی چەوساوەکان، ئەوەش لەلایەن خێکەوە دانی پێدانراوە وەک گەورەترین ئامرازی زانیاری و کەمپەینگا. ئەوکەسانەشی بواڵیان بە وەرگرتنی خێاتی نۆبە کاندید کرد لە ناویاندا ئەندامانی حوکمەت، براوەکانی خەلاتی نۆبە، ئەندەمانی مەحکەمەی نێودەوڵەتی، پرۆفیسۆرەکانی زانستەسیاسیەکان و ئەندامانی پەرلەمان بوون.

ئەگستە بواڕ
لە 16/ 3/ 1931 لە بەرازیل لەدایکبووە
لە 2 / 5 / 2009 بە دواجار ماڵئاوایی دەکات.

کارکووکەخەم – سیانزدە – ئەمجەد شاکەلی

ئەگەر لەنەو تەلەفزیۆنە کوردییەکاندا، یەک دانە وەک باشترین و کارامەترین و چالاکترین و هەڵکوپکترین و بەڕەک ترینی دیکەش هەبێزردرێت، پەم وایە تەلیفزیۆنی هوواو ئەو دانیایە. وەک بە خەیشیان زەر جاران دەڵێن"یەکەمی بە کابەر"ە. ئەمەی دیەەم هەڵکلام نییە بە هوواو، بەڵکە هاستییەکە و زەرەک لە شارەزایانی بواری میدیا ددانی پەدا دەنێن، لە ئەمە بە هیچ شێوەیەک ناکاتە بە عەیبی و بە خەوشی و نەبوونی کەماسی لەکەن هوواو. هوواو، هەڵکلامەکی یەکجار فرە و بەردەوام و وەڵسکەر بە کاڵا و خەراک و بەرهەمی تورکی، ئیدی لە ئاڵتوونسا و برنج و مەبیلە و ناوماڵە و پەشاک و شیر و سەدان شتی دیکەوە تا دەگاتە پەخشکردنەوەی هاستوخەی گوتار و چالاکییەکانی سیاسەتکاران و بازرگانان و پەشانگە و شوێنە گەشتیارییەکان و فیلم و شتگەلی دیکەی تورکیا، دەکات. دیارە نەک هەر ئەستا، بەڵکە تەنانەت لەو دەمەشدا، کە تەواوی خەڵکی کوردستان باسی لە بایکەتی کاڵا و شتومەکی تورکیی دەکرد.
ئەو مەشک پەکردنەی مرۆڤی کورد، لە لایەن هوواو و گەلە تەلەفزیۆنی دیکەی کوردییەوە، لە تورکیا و تورکی و تورکایەتی و شتگەلی دیکەی پەوەنددار بەو ناو و وشانەوە، کاریگەرییەکی یەکجار نەئەنی و خراپی لەسەر مرۆڤی کورد، بەتایبەت نەوەی نوە و خەڵکانکی هاڵا و بەهەز دەبەت. ئەو هەڵکلامانە گەورەکردنەوەی تورکیا و تورک و بچووککردنەوەی کوردستان و مرۆڤی کوردە.

ماوەیەکە هەژانە چەندین جار هەڵکلامک لە هوواوەوە پەخش دەکرەت، کە گوەت لەی دەبە لات وایە یەکەک لە شتە هەرەگورەکان یا گورەترین شت لە مەژووی کورددا، هوویداوە یا هووداتە! دەنگکی

پاک و ڕوون و پەهێز مژدەیەک ڕادەگەیەنێت، بە خۆشک، نەک هەموو خۆشکێک، خۆشکێکی تایبەت، بە دانیشتووانی شاری کەرکووک، وەک ئەوەی هیچ هەما و شوبهەوارێکی عەرەبانەدن لە کەرکووک نەمابێت و تەواوی عەرەبی هاوردە گۆڕابێتنەوە، وەک ئەوەی مزگێنی ڕزگاربوونی کەرکووک و تەکڕبوونی بە هەرەمی کوردستان ڕابگەیەنێت، وەک ئەوەی کەرکووک و تەواوی ئەو دەڤەرانەی نەهاتوونەوە سەر هەرەم، گۆڕێنرابێتنەوە، وەک ئەوەی لە زاخۆوە تا زربانیەوە و بەدرە و جەسسان، واتە تەواوی باشووری کوردستان، ئازاد کرابێت و ئیدی گەلی باشووری کوردستان خاوەنی تەواوی خاکی خۆیەتی، مژدەکە وا دەتە بەرگوێ! کەچی ئەو مژدەیە بە کەرکووکییان، مژدەی چای، کیسەیەکی چای بەنداری ڕەنگ بەڕەنگ، کە کابرای مژدەدەر بە "چای معطر کیس رصاصي" ڕەکلامەکەی بە دەکات و مژدەکەی بەو هەموو هەز و وزەیەوە بە دانیشتووانی کەرکووک دەگەیەنێت، وەک ئەوەی کەرکووکییان پەرووشی ئەو مژدەیەن و بەو مژدەیە ئیدی تەواوی کێشەکانی پتر لە سەد ساڵیان چارەسەر دەبن. ئەو هەستەیەی "چای معطر کیس رصاصي"یە و بەو دەربڕینە عەرەبییە توند و خەستە، بە جۆرێک دەتە بەگوێ و بەرچاو، هیچ وشەیەکی کوردی بە چای معطر کیس رصاصي نەبێت!

2020-02-27

ئایا کێنا دەبێتە گیوتین بۆ ملی خامەنەئی و ئێران دەکاتە ناوەندی دەستپێکی ڕێنسانس لە ناوچەکەدا؟

کێیوان فەرامەرزی .....

حکومەتی ئائینی ئێران پێیوابوو لە پێناو چەندپاتە پتەوکردنی ژێربینای هەڕەشەکی رژیمی جیهل و خورافە دەتوانێ بە دانخستنی بنکە ئائینییەکان وەک ئیمامزادە و حوسینییە و مزگەوتەکان بیسەلمێنێ کە ناوەندە مەزهەبییەکان توانایی

بەرەنگاریيان بەرامبەر بە ڤايرەسی کۆنا هەيە و لە هەمانکاتدا درێی شاراوەيان بە گيردەبوان بە موقەددەساتی شيعەگەری ئاشکرا نەبە.
نوێنەرانی ئاسمانی پێيان وابوو بەشاردنەوەی ئاستيەکان لەوانەيە تا ئاشکرابوونی توشبوونی بە کەمێی خۆک بە نەخۆشی، هەم خۆک دەنە سەر سندوقی دەنگدان و يادی ٢٢ی ڕيبەندان هەم چارەسەری نەخۆشيەکە دەدەزرێتەوە.
بەرپرسايەتی ئەو تاوانە گەورەيە ئاستەوخۆ دە کەوێتە سەر شانی دەسەڵاتدارانی رژيمی ئێران کە لە پێناو مانەوەی خۆيان سەروەت و سامانی گشت ئێرانيان فيدای بەرژەوەندييەکانی خۆيان و ئائينيان کردوە، لە هەموو وڵاتانی دنيا بەشێک لە داهات و تانەت پاشکۆتەکانيش بە کاتی قەيرانەکانە، کەچی لە وڵاتی ئێران تەنيا بودجەی ناوەندە ئائينييەکانی قوم هەشتا بەرابەری بودجەی تەرخانکراوە بە قەيرانە سەراسەرييەکان! تەنانەت خەرجی ديارێکراو بە گوێی خومەينی چوار بەرابەری بەی ئەو پارەيەيە کە بە قەيرانەکان دياری کراوە!
نەکەی کردن و شاردنەوەی بەئەنقەستی ئاستيەکان يانی هەڵاتن و خۆشاردانی لە بەرامبەر بەرپرسايەتی گيان لەدەستدانی بە کەمێی هاووڵاتيان، هاندانی قوربانيانی خوافە و تاوانی خۆيان ئادەستی بنکە ئائينييەکان و خۆيشيان لە باشترين نەخۆشخانەکانی ئامريکا و ئەژئاوا!
سون تزوی يەکێک لە مەزنترين پسپۆرانی نيزامی چينی بوو کە لە شەش سەد ساڵ پێش ميلاددا دەژيا: لە هەموو شتێکدا فريودانی دوژمن ئاساسە واتە بەلادابردنی دوژمن بە گەيشتن بە ئامانجەکان نيشانەی لێهاتوويی و بەتوانا بوونە لە داهێناندا لە پێناو شکستی دوژمن، دوژمنی کە ماری سەدارەش خۆکی وڵاتەکەی خۆی و دنيای دەرەوەيە کە جيا لە ناوبردنی ناڕازيان نيزيک نيو سەدەيە بە فريودان و درێ کردن خۆکانەکی لە دەوری خۆی ئاگرتوە بەناو ئەم جارە ئەم کەمينە خۆکەش بەيان دەرکەوت کە ئاشکرا نەکردنی توشبوانی نەخۆشی بە کۆنا بەگەيەکی حاشاهەڵنگرە بە سەلماندی نيزيک نيوسەدە فريودان و درێ لە گەڵ بيری گشتی جەماوەری ناو کەمەگا ئيتر نە کەماری سەدارە مەشروعييەتی ماوە و نە خۆشەک باوەڕ بە درێی سەر مەنبەرەکانيان دەکات، بەيە دەڵێن کۆنا کەچی خستە کەوێی پاشماوەی حکومەتەکەی خومەينی بە نموونە زەر بەرپرس هاتنە سەر مەديا سەراسەرييەکان و بە درێ بە فريودانی خۆک وتيان ئەمەش نەخۆشين!

لە سەر ڤايرەسی کۆنا کۆژانە بەدەيان بەچوون دەکەوێتە ناو تەڵە

کۆمۆنیستیەکان، هێرشی ئامریکایە بۆ سەر چین لە هەمبەر شێوەی ئابووری! پاشگەزبوونەوەی ئەمریکایە لە سەر گلۆبالیزاسیۆن-جیهانگیریی ئابووری! لە وڵاتی چین لە کاتی دروست کردنی چەکی بیۆتێریکی ئەم قایرۆسە درزی کردۆتە دڕاوە! مرۆڤ بە گشتی و بۆتایبەت لە چۆن شێوازی بەکارهێنانی خواردەمەنی گۆریو و بۆتە لاواز بوونی سیستمی بەرگری بەشر بەرامبەر بە نەخۆشیەکان! ئەوانە و سەدان بەچوونی دیکە لە لایەن خۆکانێک دژنە ناو باسکان و دبنە پرسیار، هەموو ئەوانە لە کۆمۆگای ئیرانیدا لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئیرانیایە کە خۆکی پە فریو بدات و خۆی وەک پارپرس بەرامبەر بە خۆک نیشان بدات وە تاوانکانی لە کاتی ئەم قەیرانەدا حەشار بدات.

دزیی سپای پاسداران لە یارمەتی وڵاتانی دڕاوە قزۆنە بۆنام ئەم دیاردە نامرۆڤانەیە کردەوەیکی تازە نییە کاتێک ١٦ی ئازاری ١٩٨٨ لە لایەن ڕژیمی بەعسەوە هێرشبجە بە بۆمبی شیمیایی کۆمۆکوژی کرا دنیای نوودەوڵەتی یارمەتییەکانی خەیان ڕەوانەی کوردستانی باشور کرد زەربەی خۆاک، پشتاک وە ئاو کاڵ و پڵانەی وا لە لایەن نەتەوەیەکگرتەکانەوە وەک یارمەتی بە خۆکی هێرشبجە ڕەوانە کرابوون لە شارەکانی ئیران لە لایەن سپای پاسدارانەوە ببونە کالای بازرگانی و کاسپییان پێیو دەکرد لە سەر شەقامەکانی زەربەی شارەکان دەفرۆشران، هیچ گومانی تێدا نییە زەربەی ئاو یارمەتییانەی وا بە بەرنگاری لە هەمبەر ڤایرۆسی کۆرنا ڕەوانەی ئیران کراون لە لایەن کاربەدەستانی حکومەت، بۆتایبەت سپای پاسدارانەوە دەستی بەسەردا گیراوە و دواتر یا کاسپی پێودەکەن یا ئادەستی لق و پۆقەکانی سپاسی قودس لە وڵاتانی دەوروبەر دەکرێ، ڕۆژنامەی شپیگڵی ئاڵمانی باس لە ناردنی دەیان تەن کاڵ و پێلی پێوەندیدار بە کۆنتڕۆڵی ڤایرۆسی کۆرۆنا بە ئیران دەکات لە حاڵێکدا لە نەخۆشخانەکان ئاسوارەک لەم یارمەتییە نابیندرێت و باسی ناکرێت و دیسان لە سەر شەقامەکانی ئیران و ناو بازاڕ بە نرخێکی گران بۆتە داهات بە سپای پاسدارانی ئیران.

وڵاتانی ڕووس و چین لە دانیشتنەکانی شوڕای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ساڵی ٢٠١٩دا لە سەر کەیسی ئیران نەتەنها نەکەیان لە ناکارامەبوونی دەسەڵاتداریی ڕژیم دەکرد بەکە لە بەرامبەر تروریسمی نوودەوڵەتی و سەرکۆبەیی کۆماری ئیسلامی ئیران پشتیان لە هەموو یاسا نوودەوڵەتییان کرد، ئەشتاش هیچ دوور نییە لە هەمبەر داخوزییەکانی دنیای دژە دیکتاتۆر و تڕۆریسم، نەتوانایی یا

بەئەنقەست کەنتەن نەکردنی ڤایرەسی کرۆنا لە لایەن کاربەدەستانی رژیمی ئێرانەوە بۆتایبەت محەمەدی سەعیدی نوێنەری دەست نیشاندەی خامنەئی لە شاری قوم، دوو وڵاتی زلهێزی ئەندامی شوڕای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتوەکان واتە چین و رووس رووبەڕووی مشتە کوتەیەک ببنەوە.
زۆر کەس دڵنیان خە ئیتالیا و زۆر وڵاتی دیکە وەک ئێران گیردەی ڤایرەسی کۆرنا بوون و نەیانتوانیوە کەنتەنی بکەن ئەگەر وایە ئەوانیش تاوانبارن، ئەم بڕاوەردە زۆر ناڕەوایە لە بەر ئەوە کە لە ئیتالیا یا زۆر وڵاتی دیکەی گیردە بە ڤایرەسی کۆرنا هیچ شتەک شاراوە نییە و هاووڵاتیان ئاگادار دەکرێنەوە هەروەها پێداویستییەکانی لەبەردەست، تایبەت نییە بە چەند دەسەڵاتدار و لە ناو حکومەتدا قەفیسی نەخواردوە جیاوازی دز و دەسز لە کردەوەی دەسەڵاتداراندا روونە، ئیتالیا پێنج سەد ساڵە ئەسپاردەکردنی بەڵا و نەخۆشی بە ئائین ڕاوناوە بۆتە مەهدی تەمەدونی ئوروپا کەچی حکومەتی ئێران تازە وەک یاسای کلیسا لە سەدەکانی سزدە و چواردە، هانی خەڵک ئێدات پێنا بە ئیمامانی شیعە ببن و گیا دوعا شفا بەخشە!
نە دوعا پێشنیارکەی خامنەای بۆی کرد نە نوشتەکەی ڕەحانی کە وتی لە ئیگای دورەوە زیارەتی ئیمامانی مردوو بکەن!
مەبەست لە ئاماژەکانی سەرەوە ئەوەیە ئەگەری ئەوە هەیە کە دوای تێپەربوونی خەڵکی ئێران بەسەر ئەو ئیپیدمییە، بکارامەیی رژیم و بکوشتدانی خەڵک لە پێناو بەرژەوەندیی مانەوەیاندا تەکنە بە ناڕەزایەتییە سەراسەرییەکان ببێت و خەڵک بیکەنە چەکی ڕامایینی ڕژیمی جەهل و خورافە و تاوان. هەروەها ئێران نموونەی ڕینسانسێک بۆ خۆی و ناوچەکە لە مێژوی مرۆڤایەتیدا تۆمار بکات.

کێیوان فەرامەرزی

ڕۆژی باشووری کوردستان لە

ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵای نەهریدا-4- هەوڵ بۆ سکۆتنی

بەشی چوارەم
کۆنگرەی سەرۆك هۆزە کوردەکان لەنەهری

دوابەدوای شکستی یەکەمی شۆڕشە چەکداریەکەی شێخ عوبەیدوڵا دژبە بابی عالی ساڵی (1879) و ناڕەزایی هەندێك لە سەرۆك هۆزە کوردەکان دژ بە شەڕی عوسمانی، ناچار شێخ دەبوایە بەدوای تاکتیکی دیکەدا بگەڕێ، شێخ بیری لە کۆنگرەیەکی فراوانی سەرۆك هۆزەکان کردەوە، بۆئەوەی لەم کۆنگرەیەدا ئامانجەکانی خۆی بەسەرکە کوردەکان بگەیەنێ و ئاراستەیان بکات، بەرەو ڕاپەڕین بەمەبەستی ئازادکردنی کوردستان، بۆ ئەمەش بانگەوازی سەرۆك هۆزە کوردەکانی کرد بۆ بەشداری کردنی کۆنگەکە لە نەهری.
ئەو کۆنگرەیە بەئامادەبوونی زۆربەی سەرانی خێڵەکان، ناودارانی کورد، پیاوانی ئایینی و نوێنەرانی هەموو چینەکانی کۆمەڵ لە گوندی نایری (نەهری) ناوچەی شەمزینان بەسترا، تێدا بۆیاری پێکەوەنانی (کۆمەڵەی خێڵە کوردەکان) درا ئەویش بە نۆرەی خۆی بۆیاری بەرزکردنەوەی ئاڵای خەباتی شۆڕشگێڕانەی دا دژی هەردوو دەوڵەتی تورکیا و ئێران.
دوای بانگەوازی شێخ عوبەیدوڵا زۆرێك لە سەرۆك هۆز و پیاوانی ناوداری کورد لە نەهری کۆبوونەوە، لەئەنجامدا یەکێتی کوردان"کۆمەڵەی کوردان" وەکو کۆنفدراسیۆنکی خێڵەکی لەسەر دەستی شێخ عوبەیدوڵا لە تەموزی (1880) دروستبوو، ئەم کۆنگرە خێڵەکیەی سەرۆك هۆزە کوردەکان زیاتر کاریگەری هۆکاری ڕۆحانی شێخ عوبەیدوڵا و ڕایەڵە زۆر و زەوەندەکانی تەریقەی نەقشبەندی بوو، نەوەکا هۆکاری بابەتی ناو کۆمەڵگا، کە سەرۆك هۆزە کوردەکان لەسەر بانگەوازی شێخ عوبەیدوڵا هاتبوون بۆ نەهری.
شێخ لە کۆنگرەکەدا وتارێکی بۆ ئامادەبووان خوێندەوە، وتارەکەی شێخ عوبەیدوڵا و خواستەکانی بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ لەلایەن زۆربەی بەشدارانی کۆنگرەکەوە پەسند کرا، هەموو بەشداربووانی کۆنگرەی نوێنەرانی خێڵە کوردەکان بەتۆکەای دەنگ ئامادەیی خۆیان بۆ خەبات و گیانبازی لە پێناوی ڕزگاری کوردستان پیشاندا. دوای گفتوگۆ و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئەو ڕۆژگارە بۆیار درا ئەمجارە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بن دەستی ئێران ڕاپەڕین

ئەنجام بدرێ.
کاپتن کلایتن دەڵێت: شتێکی بەگەنەویستە نوێنەرەکانی لە هەموو لایەکدا سەرقاڵ بوون، هەوڵی ڕاکێشانی نەك تەنیا هەموو خەڵکە کوردەکان، بەڵکو نەستوری و ئەرمەنیەکانیشیان دەدا، داوایان لێ دەکات بدەنە پاڵی. ئەو کوردانەی هاتوونەتە وان دەڵێن، شێخ عوبەیدوڵڵا ناردوویەتی بەدوی خەڵکیدا و داوایان لێ دەکات دژی ئێران ڕاپەڕن، واتەواتیش هەیە دوای ئەوەی شێخ لە ئێرانیەکان دەبێتەوە لادەدات بۆسەر تورکەکان، من لەو باوەڕەدام ئەو (شێخ) پلانێکی بەربڵاوی هەیە بۆ ڕێکخستنی هەموو کورد، لەوانەشە ئێستا سەربەخۆدا بەسەرکایەتی خۆی. یەکەم شت هەلومەرجەکان سەرنجیان بۆ لای ئێران ڕاکێشاوە. هەوڵ دەدات حکومەتی ئێران ناچار بکات وەك فەرمانەوای کوردەکانی ئێران دانی پێدا بنێت، پاشان لائەداتەوە بۆ ئەو تەوەفە و هەوڵ دەدات مافەکانی لە تورکان وەدەست بێنێ.

ئاراستە کردنی ڕاپەڕینەکە بەرەو ڕێژەەکانی کوردستان

لەکاتی بەستنی کۆنگرەکە و دوای گفتوگۆی نێوان بەشدار بووانی کۆنگرە، چەند هۆکارێك بوونە هۆی ئەوەی ڕاپەڕینەکە لە کوردستانی بن دەستی ئێرانەوە دەست پێ بکات، شێخ عوبەیدوڵڵا کاتێك هەستی بەدووایی لەناو کۆنگرەکەدا کرد، کە چەند سەرۆکێکی کورد حەز بەوە ناکەن لە دەوڵەتی عوسمانی ڕاست ببنەوە، ئەوسا بڕیاری دا نەخشەی ڕاپەڕینەکەی بگۆڕێت بۆ کوردستانی بن دەستی ئێران، شێخ نەك دەوڵەتی عوسمانی، بەڵکو ئێرانیشی بەدوژمنی کورد دادەنا، دووربینی شێخ لەوەدابوو بارودۆخی هەڵکەوتووی لەدەست نەدا، ئەو بارودۆخەی وەك خۆی ڕوونی کردەوە، کە بریتی بوو لە دۆخی سیاسی و ئابووری ئێران، کە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی لەشەڕ دابوون، هەروەها نیاز وابوو ناوچە بەپیت و بەرەکەتەکانی کوردستانی ئێران ببنە بەردی بناغەی ئابووری دواڕۆژی بزووتنەوەکە و پشخستنی، بەتایبەت لە بەرپاکردنی شۆڕش لەئێراندا مەسەلەی دابین کردنی ئازوخەی هێزەکەی ئاسانترەدەکرد، بۆ پێداویستیەکانی خۆی بۆ شەڕکردن لەگەڵ دوژمنی سەرەکی و بەهێزدا واتە دەوڵەتی تورکیا، هەروەها ئەو بەشەی کوردستان لەبن ڕکێفی ئێران دایە بارودۆخی لەبارترە، ئێران لەمەڕدا لاوازترە، بەوە براکانی خۆمان ڕزگار دەکەین، شێخ عوبەیدوڵڵا ئاوڕێکی تەواوی لە دووبەرەکی و ناحەزی ئایینی نێوان کوردە سونی مەزهەب و ئێرانیە شیعی مەزهەبەکان دایەوە، جگەلەمەش حیسابی پەیوەندی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی کرد. ئەو پەیوەندیەی دوای شەڕەکەی ڕووسیا و عوسمانی سارد وسێ تێ کەوت،

هەروەها شەی ئێران لەگەڵ خەڵە تورکمانەکان. شێخ عوبەیدوڵا ئەوەشی لەیاد نەکرد، ئاوڕ لە کێشەی دووبەرەکی بداتەوە، لەسەر کێشەکەی (گیرات) لە نێوان ئینگلیز و ئەفغانستاندا پەیدابووو، ئەو دووبەرەکی و بەیەکداچوونەی ئێرانی ناچار کردبوو، بەشکی هێزەکانی بەرەو ناوچە ئاژەڵاتیەکانی بنێرێت، ئەوەش بگومان لەسەر حیسابی لاوازکردنی هێزەکانی بوو لە ناوچە ئاژاوایەکاندا، سەرەڕای ئەوەش شێخ لەناو کوردەکانی ئێراندا ناو و شارەتێکی گەورەی هەبوو، گەلێك لە عەشرەتە کوردەکان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ خۆیان بەپیاو و ژێردەستەی شێخ دادەنا، نەك حکومەتی ئێران، هەرچی کێشەی ڕزگارکردنی کوردەکانی دەوڵەتی عوسمانییە، ئەوە خرایە قۆناغی دووەمی ڕاپەڕینەکە،سەرەڕای هەموو ئەوانەش لەهیرش بۆ سەر ئیران شێخ وای بۆ دەچووە، گریمانی هەراسان کردن و توڕەکردنی دەوڵەتەی ئەوروپاییەکان کەمترە.

دوای تەواوبوونی کۆنگرە و داشتنی نەخشەی کارکردن، شێخ عوبەیدوڵا بۆیاری بەرپا کردنی شۆشی دەرکرد. لە وتارەکەی شێخ عوبەیدوڵا لە کۆنگرەی تەموزی ساڵی (1880)ی نوێنەری خەڵەکاندا خوێنرایەوە، دەردەکەوێ ئامانجی جوڵانەوەکە ڕزگاری کوردستان و پێکەوەنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بووە.
ویلیان جی ئابۆت کۆنسوڵی گشتی ورمێ بۆ میستەر تۆمسن دەنووسێت: ئێستا شێخ هیچ نهێنیەکی لە نیازەکانیدا نەهێشتۆتەوە، پێژەکەی ئەوەیە خۆی بەسەرکی ئەمارەتێکی کوردی دابنێت و هەموو کوردستانیش لە تورکیا و ئێراندا بلکێنێت بەیەکەوە.

بەگەنامەکانی بەریتانیا دەڵێن دەوڵەتی ئێران لە زێر دەمکەوە چاودێری و ئاگاداری شێخ عوبەیدوڵا بووە بۆ شۆش و بەم بۆنەیەشەوە لە ساڵی (1878)ەوە تا ساڵی (1880) دەوڵەتی ئێران چەندین یاداشتنامەی بە دەوڵەتی عوسمانی پێشکەش کردووە، تیایدا دەوڵەتی عوسمانی لەوە هوشیار کردۆتەوە کە نزیکەی (5) هەزار کوردی چەکدار، لەسەر سنوورەکانی ئێران- عوسمانی خۆ بوونەتەوە، … کەچی دەوڵەتی عوسمانی هیچ جارە هەوڵست و کاردانەوەیەکی لەبەرامبەر ئەم خۆسازدانەی شێخ عوبەیدوڵا نەنواندووە، … تا ناچار دەوڵەتی ئێران لە ڕێگای موحسین پاسای باوەزی ئێرانەوە لە ئەستەمبوڵ، ڕۆژی (22- 12- 1880) یاداشتنامەیەکی لەو بارەیەوە بۆ ئاگاداری بەدەوڵەتی بەریتانیا پێشکەش کردووە.

لەو کاتەدا عوسمانی بەدڵخۆکی لاوازدا تێدەپەڕی بەو پێیەی پێژە نەتەوەییەکانی ئەرمەن هەمان شێوە بەرەو ڕووی بەرژەوەندی بابی

عالیش دەبوونەوە، بۆیە زۆر ئاسایی بوو هەر هیچ نەبێ تا کۆشەکان دەگەنە بوارێکی قوڵتر عوسمانی لەبەرامبەر بزووتنەوەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا چاوبپۆشێ و دواجار عوسمانی تێگەیشت بزووتنەوەکەی شێخ چەکێکی دووسەرەیە، هەم بۆ گوشار خستنە سەر ئیمپراتۆری قاجار و هەم بۆ ووبەووبوونەوەی پڕۆژە نەتەوەییەکانی ئەرمەن، پێدەچێت شێخ لەسەر ئەم ئەنجامانەدا هاوکۆشەی لەشکرکێشیەکەی پێچەوانە کردبێتەوە و ئەمجار ویستوویە لە کوردستانی بندەستی ئێرانەوە دەست پێ بکات، دواتر کوردستانی بندەستی عوسمانی ڕزگار بکات و بانگی یەکگرتنەوە و سەربەخۆیی کوردستان هەبدات.
ئەگەرچی ئەمانە و کۆمەڵێك هۆکاری دیکە بۆ ئەم کارە هەبوون، بەڵام تائێستاش ڕوون نیە هۆوتی ووداوەکان لە گەرمەی شۆڕش و ئاپەینی دژ بەبابی عالی چۆن کۆنتڕۆڵ کران و چۆن شێخ عوبەیدوڵڵا کۆتایی بەم ئاپەینە هێنا و ئاراستەی ئاپەینەکەی لە دژی عوسمانی و بابی عالی واز لێهێنا و لەشکرکێشیەکانی ئاپەینەکەی بۆ سەر ئیمپراتۆری ئێرانی قاجاری گۆڕی، بۆ گومان دەبێ شێخ لەوە ئاگادار بووبێ، ڕووسیا دەوڵەتی ئێرانی بەنزیکیری حەزادەی خۆی دەزانی و ئامادە نەبوو ڕێگا بەکەسێکی دیکە بدات دەست بۆ ئەم نزیکەیە دژێ بکات، بگومان دەبێ شێخ لەوەش بێ ئاگا نەبووبێ، دەوڵەتی عوسمانی هەر هێندە پشتیوانی دەکات تاکو گرفت و گێچەڵێك بۆ ئێران دروست بکات، تا بتوانێ لەو ڕێگایەوە داواکاریەکانی خۆی بەسەر ئێراندا فەرز بکات، بەتایبەت کە عوسمانی کۆمەڵێك کێشەی زەوی و ئاوی لەگەڵ ئێراندا هەبوو.
لەلایەکی دیکەش ڕۆژی ئینگلیز لە ناوچەکە بەهیچ شێوەیەك دروست بوونی دەوڵەتێکی کوردی لەبەرژەوەندی ئەو نەبوو.هاوسەنگی ناوچەکەی تێك دەدا. بەتایبەت بۆ ئەم مەبەستە کلایتۆن سەرکونسولی ئینگلیز لە وان، ڕووبەڕوو لە دوو دانیشتن لەگەڵ خودی شێخ ئەوەی بۆ دووپات کردبووەوە، بەریتانیا ئامادەیە بەرەو ڕووی هەموو "گەڕە لاوژەیەك" و بۆ یاساییەك بوەستێ، کە ببێتە مایەی هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر یەکێتی ئیمپراتۆری عوسمانی. لەکاتێدا هەموو مژوونووسەکان لەسەر ئەوە کۆکن شێخ عوبەیدوڵڵا دەیوست دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد دابمەزرێنێ، ئایا شێخ عوبەیدوڵڵا حیسابی چۆن لەسەر ئەم ڕووداوانە کردووە، ئەمانە کۆمەڵێك پرسیارن بەهیواین لەداهاتوودا وەڵامەکەیمان بەڕوونی دەست کەوێت.

ماویەتی .....

ژێك لە ژەكانی زانكم … ئەحمەد كامەران

قناغی زانكۆ یەكەكە لەهەرە قناغە جوان و كورتەكانی ژیانی مرۆڤی خوێندەوار كە تێیدا بەچەندین خۆشی و ناخۆشی تێماردەكات, بەڵام بەردەوام ئەوەی كە زۆر خۆشتر دەبێت لە زانكۆ ژە خۆشەكانە.
بۆ ئەمووکۆمەڵگەیەک -هەر کۆمەڵگەیەک- بۆ کۆمەڵگەی کوردستانەوە، کۆمەڵگەیەکی نەچەقیوە و هەمیشە لە جووڵەو گۆڕانکاریدایە، هەزی جیا جیا دەوری تیا دەبینێت کە لە زانستی کۆمەڵناسی و زانستی سیاسیدا پێیان دەوترێت ' هەزی گیرفانیی' و مەبەستیان لە پارە وەرگرتن نیە، بەڵکوو مەبەستیان لە گیرفانی بۆ هەزی بچوک بچوکن لەناو کۆمەڵگەکەدا، وەکو: خەزان، حیزب، بنەماڵە، شار، زانکۆکان، دەزگاکانیتر، بزوتنەوە سیاسی و ئەپۆزسیۆنی و هۆشنبیری و ڕەخنەگراوەکانی ژنان و لاوان و هتد. لە هەزە گەورەکەشدا حکومەت و پەرلەمان و ئابووری و هتد هەن. کەوتۆتە سەر ئەوەی پارسەنگی هەزەکان چۆن و پێوەندییان بەیەکەوە چۆن لەهەر کۆمەڵگەیەکدا. ئەم هەزانە چۆن و بۆچ لایەکدا ئەو گۆڕان و جووڵەیەی کە بەردەوامی هەن لە کۆمەڵگەکەدا دەبەن و ئاڕاستەیان دەکەن. بۆ نموونە بۆ یاسایەک دەکرێت گۆڕانکاریەک لە کۆمەڵگەدا ڕووبدات کە توانای چارەسەرکردنی کۆمەڵێک کێشە و هەڵگریشی لە کۆمەڵێک کێشە بکات، ئەوەش هەندێک کەس بە بەرەو پێشچوونی دەزمێرێت و هەندێکمان بە باشکردنی ژیانی بەکۆمەڵیی دەزمێرین.
هەروەهاش بۆ بومەلەرزەیەک یان تاعونێک یان جەنگێک دەکرێت جۆرە گۆڕانکاریەک لە کۆمەڵگەیەک یان چەند کۆمەڵگەیەکدا ڕووبدات کە دەکرێت بۆ بەرەودوا چوون بزمەردرێت. ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە مادام دەزانین کۆمەڵگە شتێکی چەقیو و وەستاو و نگەر نیە، دەتوانین دەستکاری ئەو گۆڕان و جووڵە بکەین و بۆ ئاڕاستەیەکدا بیبەین کە بۆ فەراهەمکردنی ژیانێکی خۆشتر و باشتر و ئاسودەتر لە کۆمەڵگەکەدا بێت؛ ژن نیوەی ئەو کۆمەڵگەیە و هەموو کۆمەڵگەیەک، دەبێت دەستکاری و بڕیارهەنانی جووڵە و گۆڕانکاریکان و باڵانسی هەزە گیرفانیکان ناو هەر کۆمەڵگەیەک بەردەوام حساب بۆ ئەوە بکات نیوەی کۆمەڵگە ئاسودە بن و ژیانێکی سەربەرزانەتر و خۆشتریان بۆ فەراهەم بکرێت؛ بۆ کورتی حیساب بۆ کردنیان بەرنامە و پلانی باش دروست دەکات و پێوەری کۆمەڵگەی باشن.

شارپرەس: تۆ باست لە فەلسەفەی جەندەری کرد، فەلسەفەی جەندەری چیە؟

د. سامان مانیی: فەلسەفەی جەندەر، لەبەر ئەوەی بوارێکی نوێیە لە فەلسەفەدا، زۆر کەس هەر نەشیبیستوە، هەرلەبەر ئەو نوە بونەشە فەلسەفەی جەندەری لە کوردستانا نەناسراوە و ناخوێنرێت لە

زانکۆکاندا، لە بازنەی ڕۆشنبیریشدا باس ناکرێت.
هەر لەبەر ئەوەش بووە، کە دوو ساڵێک لەمەوبەر، هەر پاش تەواوکردنی دوکتۆراکەم زۆرم هەوڵدا لە زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی بەشی فەلسەفە بکەمەوە و کۆرسی فەلسەفەی جەندەری تیا ڕێکبخەم و بیەمەوە، بەڵام نەیانهێشت، خۆ سەرەکی زانکۆکە ئاگادارە چەندم هەوڵدا و تەم گەیاندن ،هتد.

دوەم هەوڵم لەو بارەیەوە، لە فەلسەفەی جەندەریدا بوو بە کوردی، نوسینی دوا کتێبی ‘هەگبەی زانین’م بە فەلسەفەی جەندەر تەرخانکردوە ، ئەو کتێبەم تایبەتە بە فەلسەفەی جەندەری ونوسینی تەواو بوە هەر هەندەی ماوە کە لە چاپ بدرێت و لە کوردستان بڵاو ببێتەوە، هەوڵ ئەدەم زوو ئەمە بکەم.

سێیەم هەوڵم لە فەلسەفەی جەندەریدا لە سەرەتای ساڵی ڕابوردودا بوو، بە ‘پرۆژەی باشکردنی ژینگەی ئەکادیمی ژنە لە زانکۆکانی کوردستان دا’. ئەوە پرۆژەیەکە لە خزمەتی گشتیدایە و بوودجەی ناوێت، سوود بە نیوەی کەمگەی کوردی دەگەیەنێت و سوود بە هەموو زانکۆکانی کوردستان دەگەیەنێت بە بە جیاوازییان. جگە لەمەش، پرۆژەیەکی زۆر بە سوود و باشی فەلسەفەی جەندەریی یە، ویستم چەند ساڵێکی ژیانی خۆمی بە تەرخان بکەم : هەم پرۆژەیەکی فەلسەفی بوو، هەم پرۆژەیەکی جەندەری بوو، هەم پرۆژەیەکی ئەکادیمی بوو. سەرەڕای ئەوەش ‘لە مشتمایە’؛ مەبەستم لەوەیە بە کردنی ئەو پرۆژەیە هەستم ئەکرد ‘لەمالی خۆمدام’ چونکە پێ بە پێستی شارەزایی و پسپۆیم بوو.
ئەو پرۆژەیەم لە مانگی حەوت و هەشتی ساڵی ڕابوردوەوە پێشکەش بە وەزارەتی خوێندنی باڵا کردووە. جارە نازانم ئەدەن بیکەم یان نا؟ پێش کەتایی سەری ساڵی ڕابووردوو نوسینێکم لەسەر بڵاوکردوەتەوە لە ڕۆژنامەی کوردیکاندا بە ئەوەی بەدەنگی لەسەر بجوڵنم و دوا نەکەوێت. ئەمانە ئیشی منن، زۆرم پێخۆشە بە پرۆژەی لەو جۆرە لەسەر ئەرزی واقیع تیۆریە فەلسەفیەکان بخەمە جێبەجێکردنی پراکتیکیەوە لە بواری ئەکادیمی و فیکری و ڕۆشنبیریدا، ئەو پرۆژەیەم لەسەر تیۆری فەلسەفی ‘زەین و بیرکردنەوە لە ژینگەی ژیانکردندا’ یە.

فەلسەفەی جەندەری جیاوازە لەوەی کە بە ‘فەمینیزم’ و ‘جەندەرناسی’ ناسراوە و دەخوێندرێت لە ناو بوارەکانی سیاسەت و کۆمەڵناسیەوە. بەڵام فەلسەفەی جەندەری پێیوەندی هەیە بە هەردووکیانەوە، لەبەر ئەوەی لە تەوانینی فەلسەفەوە لە بابەتەکانی ئەوان دەڕوانێت هەندێک لە ئارگیومێنتەکانیشیان ڕەت دەکاتەوە، هەندێکیتریان

پشتەست دەکاتەوە، فەلسەفەی جێندەر ئارگیومێنتی فەلسەفی خۆی هەیە لەسەر ئەو بابەتەی کە هاوبەشە لە نێواندا کە ئاویش پرسی ژن/جێندەرە.
فەلسەفەی جێندەری و ئەوەی کە من نوسیومە لەم کتێبە نوێیەمدا، 'فەلسەفەی سیاسی' نیە سەبارەت بە پرسی ژن/جێندەر. لە فەلسەفەی سیاسیدا هەروەکو ئەوەی کە لە زانستی سیاسیدا هەیە، یان لە تیۆریکانی فەلسەفەی سیاسی هەن، لەوانە بە نموونە: مارکسیزم و لێکدانەوە و دەرکەوتە جیاکانی وەک کۆمۆنیزم و سۆشیالیزم و سۆشیال دیمۆکراتی، هەروەها کاپیتالیزم، لیبرالیزم، و پۆستمۆدیرنیزم و هتد. هەر یەک لەوانە سەرنج وتێگەیشتنی خۆیان هەیە لەسەر پرسی ژن/جێندەر. بەڵام فەلسەفەی جێندەر گەرچی ئامانجیەتی لەسەر هەموو ئەوەی لە تیۆریدا هەن سەبارەت بە ژن/جێندەر، بەڵام خۆی نابەستێتەوە بە هیچ کامیانەوە و زۆر کەمتر باسی ئەو تیۆریانەش دەکات کە لە فەلسەفەی سیاسیدا هەن .

ئێستا کە ڕوونم کردەوە فەلسەفەی جێندەری چی ناکات، بە ئەوەی دەریخەم باسی چی دەکات، بە کورتی دەڵێم هەموو ئەو نوسینە فەلسەفیانەی کە لە بواری فەلسەفەدا هەن و ئاشنایی دەخەنە سەر پرسی ژن لە تێگەیشتنە فەلسەفیەکاندا، هەموو ئەو نوسینە تیۆریە فەلسەفیانەی ژن لە بواری فەلسەفەدا دروستی دەکەن؛ دەچنە ئەو خانەیەوە کە پێی دەڵێین فەلسەفەی جێندەر یا فەلسەفەی جێندەریی.
بە نموونە، ئەم کتێبە تازەیەم کە ئاماژەم پێکرد، دەچێتە پاڵینکردنی فەلسەفەی جێندەریەوە لە بواری فەلسەفەدا، لە کاتێکدا کتێبەکانیترم نوسینی فەلسەفی ژنەکن لە بواری فەلسەفەدا. ئەم دوو پاڵینکردنە گەرچی هەردووکیان هەر لە فەلسەفەدان بەڵام جیاوازیەک دەرئەخەن لە ئاستەکەیاندا، نەک لە بوارەکەیاندا. جیاوازیەکەیان جیاوازی ئەو بابەتەن کە لەسەری دەنوسم لە فەلسەفەدا، ئەگینا وەکوتر هەموویان هەر فەلسەفەن، ئەم جیاوازیە تەنها ئاماژە بەوە دەکات کە ئەمە تەنها فەلسەفەی جێندەری نانوسین بەڵکوو فەلسەفە دەنوسین و ڕاڤە دەکەین و هەرلەبەر ئەوەشە کە فەلسەفەی جێندەری دەنوسین.

کەواتە، پرسی جێندەر یان پرسی ژن، تەنها لە گۆشەنیگای سیاستکردن و فەمینیزمی و ئیشی ڕێکخراوەیی و مۆبلایزکردنی ڕێکخستنی ژناندا نابینرێت، پانتایی زۆرە، ئەو لێبڕانەی کە هەبوون وەکو فەمینیزم و جێندەر و فەلسەفەی سیاسی یان مارکسیزم و لیبرالیزم وهتد، جێگەی هەموو بیرکردنەوە وهەوڵەکانی ژن ناکاتەوە لە بواری فیکریدا.

ئەم(مەبەستم لە ڕۆگەزی مێینەی مرۆڤ) کە نیوەی هەموو کۆمەڵگەیەک لەسەر ڕووی ئەم زەوییدا پێک دەهێنن، بە گومان جیاوازیمان زۆرە و بیرکردنەوەمان جیاوازە و ئەو بوارە فیکریانەی کە تیایدا هەین و ئەنوسین زۆرن، لە ڕووی ئەزموونکردنی ژیان و خوێندنیشەوە جیاوازین، ئەزموونی ژیانمان جیاوازی هەیە و زۆر لە بابەتی جیاواز وەردەگرین و زۆر لە بابەتی جیاوازیش دەبەخشین. ئەم جیاوازیانەمان دەبێت ببینرێت وبە جیاوازیەکانەوە کەبکرێتەوە وەکو ئەزموونی بیرکردنەوە و مێژووی ژن.

بە پێویستم زانی کە نوسینی فەلسەفەی جێندەری بە کوردی بهێنمە فەرهەنگی کوردستانەوە. پێش خستەرخانکردنیشم بە فەلسەفە، جێندەر و کۆرسی مێژووی بیرکردنەوەی فەمینیستی ئەورەپی و مێژووی یاساکانی جووتبوون لە ئەمەریکا م خوێندەوە وەکو بەشێک لە بەوانامەی بەکالۆریۆسەکەم لە زانکۆی لەندەن دا، لەناو کۆمەڵێک لە کۆرسیتر سەبارەت بە دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو/ دروستبوو وەکو ئەوانەی پاش کۆلۆنیالیزم دروستکراون، هەروەهاش مێژووی دروستبوونی دەوڵەت لە ئەورەپا و هتد. ئەوانە هەمویان لە سێ بواردا بوون، مێژوو، کۆمەڵناسی و زانستی سیاسی، بەڵام فەمینیزم و جێندەریان دەگرتەوە و زەمینەی تەوانینەکی فراوانیان لەلا پێکهێنام لەسەر فیکر و ناوەرۆکی بوارە ئەکادیمیەکانی دەرەوەی فەلسەفە و پرس و ئاراستەکانیان. هەر لەبەر ئەوەش هانیان دەداین بیانخوینین شان بەشانی فەلسەفە، زۆر بەسوود بوون و تێگەیشتنێکی فراوانیان لا دروستکردم و یەکێکن لەو ئیشانەی کە باش بووە کردوومن.

شار پرس: بە ڕای تۆ، کۆمەڵگەی ئەمە تا چەند بە ئاگایە لە پرسی ژن /جێندەر؟

د. سامان مانیی: من لەدایک بوو و گەورەبووی کوردستانم، گەرچی لە ئێستادا کە سەرنج ئەدەم لە ژیانم، دەبینم کە زۆربەی ژیانم لە بەریتانیا و ئەورەپا ژیاوم. بەڵام پێش ئەوەی ببم بە پێشمەرگەی پێش ئاپەین و زۆر پێش ئەوەی بەمە هێندەران، لە دایەی حەفتاکان و هەشتاکاندا لە کوردستاندا خوێندنەوەی زۆرم لە فەلسەفەی سیاسی دا کردبوو، لەبەر سیاسەتکردن. ئەو خوێندنەوانە وای کرد کە بە ئاسانی ببینم لە کۆدا تیۆریکانی فەلسەفەی سیاسی کورت دەهێنن لە پرسی ژن دا و لە کۆدا ئاراستەیکی بەهێز دەبەخشن بە پرسی ژن ، هەر لە سەرەتاشەوە هەوەم دا ئەوە لە سیاسەتی کوردی بگەینم.
مێژووی ژن لە سیاستدا و تێکەڵبوونی بە فەلسەفەی سیاسی (ئەوەی پیاوان پێی دەڵێن ‘دەستو پێنجە نەرم کردن’) لە مێژووی کورد دا

هەیە و بەڵام مژوو بە ڕاستی نەنوسراوەتەوە لە کوردستانا، لەبەر ئەو هۆیانەی کە هەموو دەیانزانین.
ئەگینا خۆپەروەردەکردن و خوێندنەوە بەشێک بوو لە ڕۆشنبیری وسیاسەتکردن لە شەست و حەفتا و هەشتاکاندا، دایکی من گەرچی خوێندەوار نەبوو بەڵام لەبەر ئەوەی خۆی سیاسیکار بوو (نزیک لەبەر باوکم) لەسەرەتای شەستەکاندا باسی لە گرنگی نەوت دەکرد لە دروستکردنی دەوڵەتی کوردیدا بە گەنجەکەکەمان، هەتا بەڵێی لیبراڵانە و چەپانە بیری لە ژن و ژیانی ژن دەکردەوە. ئەو کاتانەوەک ئێستا نەبوو، هەرکەسێک سیاسەتی بکردایە و هەوڵی خۆپەروەردەکردنی خۆی بدایە مەحاڵ بوو تێپەڕنەکات بە کۆچەی فەلسەفەی سیاسیدا و تێوانینی ئەو تیۆرە سیاسیانە لەسەر پرسی ژن نەخوێنێتەوە یان بەر گوێی نەکەوێت، جا چ ژن بوایە یان پیاو،کەوتبوە سەر هەوڵی خۆی و توانای لە تێگەیشتن و حەز بە تێگەیشتن پێش سیاسەتکردن و لەکاتی سیاسەتکرندا.

نەوەی پێش من ونەوەی من و نەوەی دوای من، لە شەستەکاندا لە حەفتاکاندا و لە هەشتاکاندا چیمان دەخوێندەوە؟ فەلسەفەی سیاسی، فەلسەفەی ئەڵمانی، کەی بیری چەپ بە کۆمۆنیزم و سۆشیالیزم و سۆشیال دیمۆکراتی یەوە، هەروەها کاپیتالیزم و بیری لیبراڵی، هەموو ئەمانە بەشێکن لە فەلسەفەی سیاسی و هەریەک لەمانەش تایبەتی و لێکدانەوەی خۆی هەیە و تەوانینی خۆی هەیە لەسەر پرسی ژن، ئێگەر تەنها ئەوانەشت بخوێنایەتەوە جگە لە فەمینیزم و شۆپڵی ڕەوتەکانی ڕەخنەگری لەو تیۆریانە، مەحاڵ بوو بەر پرسی ژن نەکەوتیتایە.
لەبەر ئەوەیە کە دەڵێم ئەوانەمان کە ڕۆشنبیر بووین و بە ڕۆشنبیریەوە چوینە ناو سیاسەتەوە، کە لەسیاسەتدا ئیشمان دەکرد تەوانینی خەمان بەخشیوە بەو سیاسەتە لە ناو کوردستاندا و دروستمان کردون و گۆڕەمان کردوون، بەرکەوتنمان هەبووە بە پرسی جێندەر و فەمینیزیم و تەوانینە جێندەریەکانی ناو فەلسەفەی سیاسی و ڕەنگدانەوەی ئەوە هەیە لە مژوودا، بەڵام بە مەبەست شاردراوەتەوە.

تە بە پرسیارەکانت هەر لە سەرەتاوە دەمبەیتە ناو باسکردنی سیاسەتەوە ، من حەز بە باسکردنی سیاست ناکەم وەکو وتم ، وازم لە سیاسەتکردن هێناوە لە ١٩٩٣ وە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەبێت قسەکەم تەواو بکەم، ئەبێت ئەوەش بڵێم کە هەموو ئەوانەی سیاسەتیان دەکرد ڕۆشنبیر نەبوون، مەبەستیشم لە ژن و پیاوە. ئەو تەوانین و بڕچوونە هەیە کە ‘سیاسەت’کردن و ‘ڕۆشنبیری’ تێکەڵ دەکات، یان

چوونە شاخ و پشمەرگایەتی لەگەڵ هێشتبیری تەکنۆ دەکات، چ بە خوێندنەوەی مێژوو بێت یان بینینی حاڵی ئێستا/حاڵی حازر. سپێکترەمێک لە پاڵینکردنی جیاجیامان هەیە لە بزووتنەوەی کورد دا، 'قوربانی' مان یەکجار زۆرە، 'قارەمان'مان زۆرە، 'خەبەخش'مان زۆر بوو، 'ئازا' مان زۆرە، 'جەنگاوەر'مان زۆر زۆرە، 'توشبوو' ی سیاسەتیشمان یەکجار زۆرە بە بەنەی ئەندامێکی خێزانەکەیەوە. هەموو ئەمانە هیچیان خراپ نەبوون، بە پێچەوانەوە کەسانی باش وگرنگی کوردبوون، کەمێک لەو خەسڵەتانە جێی شانازین، بەڵام لە جوملەی هێشنبیران نین. لە کاتێکدا مێژوو و زانستی مێژوو ناسی و نوسینەوەی مێژوو دەبێت پاڵینکردنەکان لە یەک جیا بکاتەوە، ئەمە زۆر گرنگە بۆتایبەتی بە کورد، جگە لەوەی پایەیە لەهەر کێتورێکدا، دەبێت بەهێند وەربگیرێت.

شارپرس: ئاگەر بڕاوردێک لە نێوان سیستەمی ووڵاتانی ڕۆژئاواو و سیستەمی کوردستانا بکەین لەسەر پرسی ژن، کام لەو دوانە باشترە ؟

د. سامان مانیی: پرسیارەکانت بەدوای وەڵامێکدا دەگەڕێن کە چارەسەری بنەڕەتی بدۆزنەوە، ئەمە لایەنێکی ئیجابی هەیە و لەناو ڕۆژنامەگەرە هێشنبیرەکانی کوردی دا و هەروەهاش لەناو هێشنبیرەکاندا بەگشتی، زۆر دیارە و دەیبینم لە قسەکردنیان لەگەڵ مندا. لایەنە ئیجابیەکەی بریتیە لە حەزی تێگەیشتن و تێگەیاندن و کەتایی هێنان بە کێشە و پرس و نەهامەتیەکان، ئەمە حەزێکی ڕەوایە، من ئەو جۆرە حەزەم بەلاوە پەسەندە. بەڵام، بە کەتایی هێنان بە هەموو ئەوانە، دەبێت لەیان تێبگەین، بە ئەو تێگەیشتنەش ئیشی ووردی دەوێت، بە سەدان لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی بە کاڵتی بەرز پێویستە. سەرەڕای هەموو ئەوەش هێشتا لە وەڵامی پرسیارەکدا ئەو هەموو لێکۆڵینەوەیە خێی دەرنابڕێت و خێی نادات بەدەستەوە.

بەکورتی ئەمەوێت بڵێم، ژن نە لەسەر زەمینێکتر دێژی و نە کەمێگەی تایبەت بە خێی هەیە و نە بەتەنیا دێژی، لەو کەمێگەیەدا دێژی کە پیاو و ژن پێکیان هێناوە، ژیانی ژن وەکو ژیانی پیاو پێویستە بە سیستەمی سیاسی و جەنگاکان و سیستەمی ئابووری و تێگەیشتنی کێتوری و ڕەوتی هێشنبیری و ڕەوتە سیاسیەکان و کواڵتیی و ئاستی بەرزی هێشنبیری و ئێکادیمی ، هتد. لەبەر ئەمەیە بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەت دەبێت لە پێشدا بە تەواوی هەڵسەنگاندنی سیستەمی سیاسی ئۆرۆپا و ڕۆژهەڵات بکەم، بڕاوردی جۆری حیزبەکانی ئۆرۆپا و ڕۆژهەڵات بکەم، پێگەکانی دەسەڵات لە ناو کەمێگەی ئۆرۆپا و ڕۆژهەڵات بڕاورد بکەم، سیستەمی ئابووری لە ئۆرۆپا و لە

ژەنەرالەکانی ئەورووپا و ژاپۆن بهێنم، یاساکانی ئەورووپا و ژاپۆن بهێنم، پرسی توندبوونی دینداری لە ئەورووپا و ژاپۆن بهێنم، تیۆرییەکانی یاسایی و کۆنتڕۆڵی بە 'خۆشویستی' و 'هاوسەریکردن' و 'جیابوونەوە' و شتی وەدیتری ژیانکردن لە کۆمەڵگاکاندا بهێنم لە نێوانی ئەورووپا و ژاپۆنیەکاندا ناوەند/ کوردستان.
لەمانەش گرنگتر زۆر مەسەلەیتریش هەن کە فیکرین و پەیوەندیان هەیە و کاریگەرن لەسەر ژن و پرسی ژن، بە نموونە وەکو ئازادی بیروڕا دەربڕین، ئازادیە شەخسیەکانی تاک، هتد. ئەمانە و زۆرێتریش کە پەیوستن لەو بهێنەکارییدا هەبن و لە پرسی ژن دا تاووتوێ بکرێن، ئەو بهێنەکارییانە، بە نموونە، وەکو مۆژووی فیکریی ئەورووپا و مۆژووی فیکریی کورد، هەروەهاش پاشخانی فەلسەفی ئەورووپا و پاشخانی فەلسەفی کورد. هەر وەڵامێک بە ئەو پرسیارە دەبێت هەموو ئەوانە بگرێتەوە کە باسی پرسی ژن لەو بهێنەکردنەدا بکات.
ئەمە بە دیدارێکی کورت ناکرێت. لەوانەیە بە یەک کتێب یان تۆژینەوەی وورد و دوورودرێژ بکرێت، وا من باسم کرد کە چۆن دەکرێت، هیوادارم کەسێک بیکات بە کتێبێک و سوودی هەبێت.

شارپرەس: پرۆژەکانت چین لە کوردستان؟ بۆتەمای چی بکەیت لە کوردستاندا کە پەیوەندی هەبێت بە مەسەلەی جێندەرەوە؟

د. ساماە مانیی: من خەم ژنم و کوردم و لە بواری فەلسەفەدا هەم، هەموو ئەو بەربەستانەی دەخرێنە بەرپەم ، بە هەر بهانەی ڕەگرتنێک بێت بریتیە لە نادادپەروەری جێندەری، گەر نادادپەروەری جێندەری نەبێت دەبوایە پاپشتیەکی زۆرم بکرایە و یارمەتیدانەکی زۆرم بکرایە بە هەموو پرۆژەکانم. ڕاستیەکەی، هەرواشم چاوەڕێ دەکرد، لەبەر ژمارە کەمی ژن لە بواری فەلسەفەدا لە کوردستانا. هەر لەبەر ئەوەشە تا ئادەی سەرسوڕمان پەم سەیربوو لە گەڕانەوەی پەشوومدا لە ٢٠١١-٢٠١٣دا زۆر ناحەقانە و تونددوتیژیانە ناچاریان کردم بە کردنی دوکتۆراکەم ئیستیقالە بکەم لەو پیشەیەی تیا دەژیم ، کە فەلسەفەیە.

بیرکردنەوەکانم و نوسینەکانم و ئیشەکانم لە بواری فەلسەفەدان، هەندێک لە ئیشەکانم کە لە ئابووردودا کردوومن دەچنە خانەی فەلسەفەی سیاسی و زانستی سیاسیەوە، لەبواری سیاستدان. هەندێکیان لەبواری جێندەردا بوون و هەن ، لە ناو بازنەی سیاسیەوە و لە پشمەرگایەتیدا و لە ناو ڕەوەندی کوردانی تاراوگەدا: بە ڕەخستنی کەرس و بە ڕەخستنی کەنفرانس و بە وتار نوسین و بە هەڵوەست

وەرگرتن و بە پرسیار ووروژاندن لە کۆ و بۆنەکاندا مەسەلەی جێندەریم خستۆتە ڕوو و تاووتوێ کردوە .

لە ئێستامدا، دەمەوێت هەندێک ئیش لە فەلسەفەی جێندەری دا بکەم، شان بەشانی ئیشە فەلسەفیەکانیترم. لەبەر ئەوە چەندین پرسیار هەبووون و هەوەم بە دان بیانکەم لە کوردستان لەم چەند ساڵەی ڕابووردودا.
بەڵام کەس ناتوانێت هیچ بکات ئەگەر حیزبەکان نەیەڵن بیکات، هەموو ژنەکیش دەتوانێت شتی باش بکات ئەگەر حیزبەکان داینەن لە شوێنی باش دا و پرسیاری باشی بخەنە بەردەست.
ئەمە تەنها مەسەلەیەکی سیاسی نیە، بەڵکوو فەلسەفیش، پێشتر لە کتێبێکدا باسی ئەوەم کردوە کە کاتێک کەسێک دانیێت لە پێگەیەکی بەرزدا بە نموونە، گەر پێشتر هیچیشی نەزانیبێت یان تواناو تێگەیشتنێکی کەمیشی هەبووبێت، لەو پێگەیەدا هەندێ زانیاری دەکەوێتە بەردەست هەر بە حوکمی پێگەکەی فەر دەبێت، لەبەر پێگەی خەزانیێش هەندێ هاندەرێت ئیتر توانای تیا دروستبێت.
پێچەوانەکەشی ڕاستە، بەهەمان شێوەش گەر بەردەوام نەگەی لە کەسێک بگریت هەرچەندێش بەتوانا و لێهاتوو بێت، هەموو تواناکەی لەدەست دەدات و لێهاتوییەکەی دەپوکێتەوە و نامێنێت، ئەمە ڕاستیەکە کە دەبێت وەکو ژەهر نەشی بکەین.

بۆیە پێداگرم لەسەر ئەوەی هەموو ژنەکی کورد وەکو یەک ‘نادادپەروەری بەرامبەر ژن’ بەرناکەوێت، هەندەکمان زەرمان بەردەکەوێت و هەندەکمان کەمتر و هەندەکمان بە ئاستەم بەریکەوتوە، ئەو بانسە پێویستی بە ڕاستکردنەوە هەیە و تێڕوانینی جێندەری دەبێت هەموو ئەوانە ببینێت، ئیشکردنیش لە پرسی ژن دا دەبێت هەموو ئەوانە بگرێتەوە وڕاستیان بکاتەوە.

جگە لەمانە، وا یەکەم کتێبی فەلسەفی ‘فەلسەفەی جێندەری’م بە زمانی کوردی نوسیوە و تەواو بووە، لەم یەک دوو مانگەدا بڕاوی دەکەمەوە، بە مەبەستی دروستکردنی فەلسەفەی جێندەری لە بواری فەلسەفەی ئەکادیمیدا، هەروەهاش لە ناوەندە ڕۆشنبیریەکاندا.

پەیڤکی خەمناك بۆ کچبران و پەنابران … زاهیر باهیر

ئەی نەگبەت، ئەی سەر لەشەنراو . پەنجەی سەرکەتنی چی بەرزدکەیتەوە، خۆ قەڵای خەیبەرت نەگرتووە..، خۆ دووژمنت نەشکاندووە..، تەلبەن و سنورەکانی نەو دەوڵەتانت نەبەزاندووە…، لەشکری ئەسکەندەری گەورەت بۆ فەتارات نەبردووە…..

باوانەکەم تۆ سەرت لەشەنراوە…، تۆ سوکایەتی دونیات لە نیشتمانی "خەتا" پەکراوە…، ژیانت لەتاکراوە..، خاکت لەزەوتکراوە.. فرۆشراوە..، سەراپای ژیانی خەت و خەزانت بۆ کەیلە کراوە…
ئەزیزی من، تۆ ئەڵاهو و ئەکبەری چیتە ، گەورەیی و مەزنیی کە؟ ئەو کەسەی کە پەروەردگارە لای تۆ..، ئەو کەسەی کە دادوەر و بەخشندە و میهرەبانە لای تۆ…، ئەو زاتەی کە هەموو کارەکی باش و خراپی دەخەیتە ئەستۆ… ئەو.. هەم دادوەرە و هەم زالمە و هەم ڕەحیمە لای تۆ ….

کەسەکەم ئەو ئەڵاهەیەی کە تۆ هەر بەکەرپەلەیی لە باوەشی دایکت کەوتیتەخوارەوە و بە ناویەوە گەش کرایت، بانگیان بۆ گوە و مەشکدا هەڵدایت، بۆ پاکی و گەورەیی و بەخشندەیی و میهرەبانی و سەرچاوەی ژیان و مردن… ، ئەویان پۆ ناسیت… دەی بیرە بکەرەوە بزانە بۆ چی تۆی ئاوا دەربەدەرکرد ، بۆچی تۆی لە ژیانی نەو خەزان و هاوەڵان و خەڵکانی خەت ، بۆ بەش کرد… بۆچی ئەمەتکەی خۆی بەو دەردە برد.. ڕەژەك تۆفانکەی نوح، ڕەژەك بومەلەرزە، ڕەژەك تاعونی بۆ نازە کرد…ڕەژەکی دیکە جەنگی ئەهلی .. گروپی تیرۆریستی… داگیرکردنی سەربازیی بۆ دروست کرد … پەشتریش نەبوونیی ،نەخشی، بۆ کاریی بۆ ژیانی بۆ دابینکرد. ….

ئەی بەدبەخت هەشتا هەر ئەڵاهو ئەکبەر!!، هەشتا هەر متمانە و بەوای بۆ سەر و بەر!! هەشتا پاڵاناوە و ئاهو ناڵەو سوپاسگوزاریی بۆ بەرهەم و بۆ بەر!!…ئاخر چی تر ماوە بیچژی؟! ، چی تر ماوە نەیبینی..مەگەر لە ئەستادا هەر جامی ژەهری مردن نەنۆشی…

باوانەکەم من دەزانم کە تۆ لە چ جەهەنەمەکەوە هەڵهاتویت و ملت بۆ حساب بۆ بەهەشت ناوە، ئومەدی دواڕۆژ و ئایندەی خەتت لەسەر بنیاتناوە… بەهەشتەك کە جەستە تێیدا زیندووە و ڕۆح تێیدا مردووە

… پەیوەندیی حەقیقی نەوان خەڵکی تەیدا نامێنێ و لە کەڵک کەوتووە … ئاوەڵای لای تە جوانە و بەهادارە … لەرە بە بەهاو ناکار… بەهەشتکی بە بنەمایە… نە شرابی بەلاش و نە حەری خەڵایی و ووپشی تیایە …

.. هە هە باوانی باوانکەم …. کاتک کە لە شاشەی تیڤیەکانەوە دەتبینم کە چ سوکایەتییەکت پێدەکرێت ، لە سەفرەکەتا چ سەرمایەکت لە دروست دەکرێت ، لە لایەن دەندە دووپشکانەوە چ ئازار و ئێشکەنجەیەکت دەدرێت… لەگەڵ هاتنی وەنەکەتا….لە تک بینینی شەوەی شەواوتا ، لە نەو دەشدامان لە بیرکرنەوەی داهاتوتا …. گریانم بێت دەت….دەم ژان و ڕەحم بڕی تەڵە، و تەڵە کردنەوە لە سەرۆران و دەوڵەت و سیاسەتمەداران ، دەگرێ…. قەستەم بەمە بەمبایەك و پیایانا بتەقمەوە … بەمە ئوبارك لە ژەهر و ئاو و خواردن و خواردنەویان، ژەهراویکەمەوە… قەسمتە بەمە بەمبکی چنرا و داڕژراو سەیارکانیان ، تیارە شەخسییەکانیان، کەمپنیاکانیان بە زیانی کارگرانییان …. بتەقنمەوە …تاکو بە هەمیشە لەسەر ڕوی نەخشەی جیاوازکاری و زەردارەتی و چەوساندنەوە ….وەنەیان جەستەیان … یادەوەرییان …. پلانیان ….بسەمەوە … بەڵام کاتك وەنەکانتان … لەسەر شاشکە دەڵەوتەوە … منیش هەدی هەدی ڕەحم کەمەك ئارامی تەدەگەڵتەوە …کەمەك هەش و گەشم تەدەتەوە و بیردەکەمەوە… کەشکان بەمە بنەبە نابەت ، جیاوازییەکان و نایەکسانییەکان و نادادوەرییەکان بەمە لەناو ناچێت ..

کەس داماوەکەم، تە وادەزانی بە گەیشتنت بە ئەرە کەشە نامێنێ … وادەزانی ئاو و هەوای ئەرە ئارامیی و بەختەوەریی هەمیشەیی دەنێ ؟ … تە نازانیت … تە هەشتا تەپوتەزی ڕەگە لە جەستەی شکەتت نەبووتەوە …. تە هەشتا ڕەنگی هەڵپەوکاوی ڕەگای هات و نەهاتت، ئاسایی نەبووتەوە ، تە هەشتا دەی لە دە کەوتوت … مەشکی ماندووت …ئارام نەبووتەوە …. من دەزانم گەیشتنیشت بە ئەرە کە چ دەردەسەرییەك چاوەڕوانتە .. چ مەترسییەك هاوڕێ وهاوکاتتە.. چ بەخەرنەهاتنەك و ڕووگرژییەك بەرەو ڕووتە…چ نامەییەك چاوەڕوانتە …. چ مەتەکەیەك لە خەونی شەوانتا میوانتە …

وای ئەزیزم….لەم هەموو نەهامەتی و دەردەسەرییە … لەم تالوکەییەی ژیان و بە چارە نوسیە…لەم غوربەتی " بەهەشتە" و تەنهاییە … من لەرەوە دەم بەت ژان دەکات … کە تە ئاوا دەبینم، بارو دەخی تە گەر من تەزەك گیانی مرۆیانەم تیادابەت..ئەمەی تە ژیانم لە تاە دەکات….

پەویستت نییە کە قسەی من بە هەند وەرگریت … زەروور نییە کە ئەزموونی من و زەری ترمان لە چاو بگریت …. هەر گیزیش ناکرێت خواستی خەت و چارەنوسی خەتیش بکەیت … بیدەیتە دەست حیکایەتی یەکەکی دیکە … بەیار بەیاری خەتە و چیت دەوێت، بیکە … بەڵام هاوکاتیش سەرنجامەکەی پەسەند و تەحەمول بکە.

زاهیر باهیر
07/03/2020

Zaherbaher.com

ڕۆژی باشووری کوردستان لە ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵای نەهریدا-3- هەسوە بەسکەنی

بەشی سێیەم
گەشەکردنی ڕاپەڕینەکە

لەماوەیەکی کەمدا ڕاپەڕینەکە پێشکەوتنی زەری بەخۆوە بینی و زەربەی ناوچەکانی باشووری کوردستانی گرتەوە، سەرەتا دەوڵەتی عوسمانی ویستی لەڕێگای نوێنەر و ئاگادارکردنەوە، وابکات شێخ واز لە ڕاپەڕینەکەی بێنێ، لەوبارەیەوە باوەزخانەی فرەنسا لەپاشکۆی ڕاپەرتی ژمارە (149) تەراپیا (28)ی ئۆکتۆبەری (1879) دەڵێت: لەوەتای دوا بروسکەنامەی (39)دا کە شەرەفی ئەوەم هەبوو لە مژووی (8)ی سێپتامبەری ڕابردوو بۆ جەنابی بەڕێزتان ڕەوانە بکەم، شێشی چەکداری کورد چووەتە قەناغێکی ناسك و گرنگی زەری بەخێیەوە گرتووە، لە ژمارەیەك لە مزگەوتدا ناوی شێخ عوبەیدوڵا سەرکی ڕاپەڕینەکە لەجیاتی ناوی سوڵتان لە خوتبە یا نوژی هەینی دا خوێندراوەتەوە. هەروەها لەوەشیان دەنیا کردمەوە ئەم شێخە لەقەبی پاشای بە ژمارەیەك لە نزیکانی خێی بەخشیوە. ئەوەشی ڕاگەیاندووە تورکەکان بەهیچ شێوەیەك موسەمانی تەواو نین.
بۆیان نووسیوم فەیزی پاشا دوو کەسایەتی کورد یەکێکیان لە کەرکوك

و ئەوی دیکەشیان لەسلێمانیەوە وەکو وەفد نارد بۆ تە لای شێخ عوبەیدوڵڵا، تا ئاگاداری بکەنەوە و هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی بۆیار بدات مل بدات، بەڵام هەوڵەکانیان بێ سوود بووە و ئەم نێراوانە سەرنەکەوتوون.
ئاپەڕینەکەی کورد گەلێك لە ناوچەکانی کوردستانی تورکیا و ئێرانی گرتەوە، لەبەرئەوە مایەی سەرسوڕمان نەبوو ئینگلیز بەئاگاداریەوە چاوی تێ ببڕێت و هەوڵی لەناوبردنی بدات. مەجەر تڕێتری کونسوڵی بەریتانیا لە ئەرزروم ئاپەڕینەکەی کوردی هێندە لا گرنگ و سامناك بوو، ناچار ماوەیەکی درێژ لە ئەرزروم مایەوە و بەشداری هەموو ئەو خۆئامادەکردنەوەی کرد بۆ کە لێدانی ئاپەڕینەکەی کورد لە گەڕابوو.
ئەستەمبوڵ دوای ئەوەی زانیاریەکی باشی لە خۆئامادەکردنەکەی شێخ کەکردەوە، کەوتە خۆی لە پایزی (1879) موشیرسامی پاشای لەشکری چوارەمی ئاسپارد ڕەوشونی پێویست بگرنەبەر و بەرەو ئاپەڕینەکە بچێت، حکومەتی عوسمانی کەهەستی بەمە کرد خێرا موفتی وانی نارده لای شێخ، بەنیازی ئەوەی گفتوگۆی لەگەڵدا بکات، هەرچەندە گفتوگۆکە هەفتەیەکی نەخایاند، بەڵام ئەنجامێکی ئەوتۆی نەدا بەدەستی کاربەدەستانی عوسمانی بێت، شێخ عوبەیدوڵڵا مەبەستی خۆی بۆ موفتی خستەڕوو، بەتایبەتی ناڕەزایی خۆی دەربارەی دەستگاکان و خراپ بەکارهێنانی بەڕێوەبەرایەتی ئەو دەستگایانە دەربڕی.
داوای گفتوگۆ لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵڵا لەلایەن عوسمانیەوە
هەموو ئەو دەنگوباسانەی لەلایەن چاووێاکانی ئینگلیزەوە دەربارەی کوردستان کەدەکرانەوە، خێرا دەگەیشتە سامی پاشا. ئەمەش وای کرد سامی پاشا ئاگای لە دۆخی ئاپەڕینەکە بێت و بزانێت چۆن هەنگاو هەڵبنێ و چی بکات. سامی پاسا حەزی کرد چاوی بەشێخ بکەوێت و داوای ڕوون کردنەوەی هەیەکانی ئاپەڕینەکەی لێ بکات، بەڵام شێخ ئازی نەبوو چاوی پێی بکەوێت و لەگەڵیدا کەببێتەوە.
شێخ هێی پەلاماردانی پیاوەکانیشی بۆسەر ئەو هێزەی لە موسڵەوە هاتبوو، بەوە ڕوون کردەوە لەبەر پاراستنی نیشتەنیە بۆ دەسڵاتەکان بووە" پاراستنی ئەوانە لەدەست درێژی کردنی ناڕەوای سەربازەکان" بە ئەرکێکی پێویستی سەرشانی داناوە.
سامی پاشا هەر کە گەیشتە وان خێرا داوای لە شێخ کرد لەگەڵ بەحری بەگی نوێنەر و یاوەری سوڵتان عوبدولحەمیدی دووەمدا بکەوێتە گفتوگۆ، بەحری بەگ ئاسپێرابوو بەهەموو جۆرێك جا لەڕێی پارەوپول و دەم چەورکردنەوە یان لەڕێی بەڕێن و گفت بەخشینەوە بێت وا لەشێخ بکات واز لە نیازی ئاست بوونەوە بێنێت. کاتێ بەحری بەگ کە گەیشتە هەکاری ئەم وتەیەی دا:"من دەعوەتی شێخ دەکەم بچێت بۆ ئەستەمبوڵ،

ئەگەر بەرهەستی بکات، ئەوا منیش لای خۆمەوە بە هێزەکانی ئیمپراتۆریەتەوە دەکشێمە سەری".
لەپاشکۆی نامەیەکی ئیرل گرانڤل بۆ مستەر گۆشن ی ناردووە، دەڵێت: " وروژاندنێك ئێستا لە ئارادایە بەحری بەگ دەچێت بۆ لای سەرۆك خێڵە کوردەکان و هەندێ جار بەڕێنیان دەداتێ، هەندێ جار ئیستعگاف، وەهەندێ جاریش هەڕەشە بەکاردێنێت، بۆ یەکخستنی هەموویان لەدەوری یەك سەرۆك هەمان سەرۆك کە شێخ عوبەیدوڵایە." کە ئاپەڕین نەکەن و وازبێنن، بەڵام ئەمەش سوودی نەبوو، هەتا زمان لوسی و بەڕێنەکانی بەحری بەگیش ئەنجامیان نەدا، شێخ فەرمانی دا بەهەموو کوردەکانی ژێردەستی باج و سەرانە نەدەن بە میری و لە ووویان ئاست ببنەوە، ئەوەشی بەوە بۆ میری ڕوون کردەوە گوایە کاربەدەستان بۆ بەزەییانە باجێکی لە پلە بەدەر لە میللەت دەستێنن.
ئاپەڕینەکە لەماوەیەکی کەمدا ناوچەیەکی فراوانی گرتەوە، دەربارەی فراوانی ئاپەڕینەکە لەیەکێك لە بەگەنامەکانی بەریتانیدا هاتووە:"ئەم کەمەیە لە هەموو شوێنێك لکی هەیە.
کۆتایی ئاپەڕینی یەکەمی شێخ عوبەیدوڵا
هەر لەسەرەتای ئاپەڕینەکەوە دەوڵەتی عوسمانی هەوڵی دەدا بەهەر شێوەیەك بێت ئاپەڕینەکە بوەستێنێ، لەبەرئەوە داوای لەشێخ کرد لەگەڵیاندا بکەوێتە گفتوگۆ، هەرچەندە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیانە نادیارە، بەڵام بەپێی فەرمانی لەشکرکێشی عوسمانی بۆ ئامێدی و لێدانی ئاپەڕینەکە وادیارە گفتوگۆکان سەرکەوتو نەبوون، بەڵام شێخ عوبەیدوڵا بۆ زیاتر خۆئامادەکردن بۆ ئاپەڕینەکە بروسکەی بۆ سەرۆك وەزیران ناردووە، بەمەبەستی دواخستنی کاتەکە، بۆ باشتر خۆئامادەکردن بۆ ئاپەڕینەکە، وەك لە هەمان ئاپۆرتی باڵوێزخانەی فرەنسا ئاماژەی بەو گفتوگۆیانە داوە و لەو بایەوە دەڵێت: "واپێدەچێ هیچ شتێکی ڕوون لەبارەی یەکەمین گفتوگۆکانەوە لەبەردەست نەبێ، کە نزیکەی یەك مانگی خایاند لە (15)ی حوزەیرانەوە تا (15)ی تەموز، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە ئەم گفتوگۆیانە هیچ ئەنجامێکی ئەزامەندکارانەیان لێوەشین نەبوو، چونکە هەر لەیەکەم ڕۆژەکانی مانگی تەمووزەوە فەرمان بۆ سەرکردایەتی سەربازی موسڵ هات، کە بەیەك بەتالیۆن (450) سەرباز، کە دابەش دەبن بۆ سەر سێ ئەتێی گەڕەك، بەرەو هەرێمەکانی ئاپەڕیوەکان بەڕێ بکەون، چەند ڕۆژێك دواتر ئەفسەری گشتی ژەنەڕاڵی لیوا ئەدەهەم پاشا گەیشت بۆ ئایی کردنی فەرمانێکی نوێی حکومەت بۆ سەرپەرشتی ئۆپەراسیۆنەکان بکات، ڕۆژی (13)ی تەموز لەگەڵ (2) لەشکری پیادە (160) سەرباز و یەك بەشی تۆپخانەی چیایی موسڵی جێ هێشت. کاتێك گەیشتە ئامێدی، داوای هاوکاری لە والی موسڵ کرد،

بەڵام دواتر لەلایەن ڕاپەڕیوان تێکشکێنراو نەیتوانی تیپی سەربازیش لە کوردستان دروست بکات، بابی عالی لە هەوڵی ڕووکخستن و ناردنی سوپادا بوو، بۆ تێکشکاندنی بزوتنەوەکە.
هەروەها فەرمان بۆ والی بەغدا دەرچوو بە خێرایی و لیوایەکی گەرەکی چوار بەتالیۆنەوە پێوەندی بەموسڵەوە بکات، لە هەمان کاتدا سریەیەکی سواره لە ئێردوی موسڵ و یەك بەتالیۆنی پیادە لە جزیرەوە بەڕێکران بۆ پێوەندی کردن بە ئەدهەم پاشا لە ئامێدی، دواجار موشیر سامح پاشا کۆنە سەرکردەی سوپای ئەرزروم، وەکو کۆمیسێری ئیمپراتۆری لە کوردستان دیاری کراو فەرمانی پێدرا دەستبەجێ هاوڕێلەگەڵ ژەنەڕاڵی تیپ ڕەجەب پاشا و کۆمەکێکی زۆر لەلایەن ئێردووی سوڵتانەوە بکەونەڕێ. لەگەڵ گەیشتنی بروسکە ڕاستەوخۆکان لەلایەن شێخ عوبەیدوڵڵاوە بۆ سەرۆك وەزیران ڕەوانە کران بابی عالی گۆڕانکاریەك بەسەر هەڵوێستی داهات. بۆگومان شێخ عوبەیدوڵڵا حەز دەکات خەباتەکەی دوا بخات، کە وا هەست دەکات هێشتا خێی بۆ ئامادە نەکردووە، یا دەیەوێ بەلای کەمیەوە تا وەرزی سەرما و سۆڵە داهاتن دوای بخات، کە تەواو لە قازانجی پرسی ئەو دایە.
هەروەها باوەڕخانەی فرەنسا لە ڕاپۆرتی ژمارە (155) کۆنستانتینۆبل (8)ی دیسامبەری (1879) دەڵێت: شێخ عوبەیدوڵڵا کۆمەکەی خێی بۆ وان بۆ لای سەرکردەی سوپای چوارەم سامح پاشا ناردووە، بۆ ئەوەی دەسزی خێی بۆ سوڵتان نیشان بدات، ئەم سەردانە بووە هێی ئەوەی لە ڕۆژنامە کۆنستەنتینۆبلیەکان، ژمارەیەك ڕاگەیاندنی ڕەسمی بڵاوبکەنەوە لەوەی دڵنیابوون سەرکی شۆش بۆ گوناهە.
هەبەتە وادەرناکەوێ بتوانین لێرەدا شتێکی دیکە ببینین جگەلە مانۆڤك، کە پێشتر سەرکەوتوانە بەر لەسێ مانگ لەلایەن شێخ عوبەیدوڵڵا بەکارهاتووە و بۆ هیچ گومانێك شێخ عوبەیدوڵڵا بەرگەی بانگهێشتنە پێ گوشارەکانی گرتووە، کە داوای لێ دەکەن خێی پێشکەش بە دەسەڵاتدارە عوسمانیەکان بکات. ئەو کاتانە وەك بەڵز سیفی گوتەنی، هەموو ناوچەکانی نێوان موسڵ، کەرکوك و سلێمانی هێندە بەچەتە (پێشمەرگە)ی کورد تەنراون بەشێوەیەك کاروانی نێوان ئەم شارانە تەنیا بۆ ئەو کاروانانە دەبوو هێزێکی سەربازی بەهێزیان لەگەڵ دابووە، تەنانەت لە خودی کەرکوك، کەنیمچە گەمارێ درابوو نرخی گەنم دە جاران لە نرخی ئاسایی خێی بەرزبۆتەوە.
ئەوەی ئاسان نیە پێشبینی ئەوە بکرێ ئەم کاروبارانە بەکوێ دەگەن، بۆگومان ئەمە دەوەستێتە سەر هێیە سەرەکیەکانی خواستی کوردەکان و نەخوازەش ڕەوشی پێوەندی نێوان تورکیا و ئێران، ئەوەی کەمتر جێگای دڵنیاییە ئەوەیە وەك ئێمە پێشبینیمان کردبوو، تورکەکان بۆ توانان

لەوەی بە شێوەیەکی سەربازی تا بەر لەوەرزی داهاتنی خراپی زستان هەفتار بکەن و کوردەکان هەموو شوێنەکانی خۆیان پاراستووە و لەتەواوی زستاندا بەدەنگ دەبن و لە وانەیە لە خاکەلێوەدا چەندین هەوشی تێك ئاڵز بوو سەرهەڵبداتەوە و بەئاسانی کاری نیگەران بۆ تورکیا بهێننە پێشەوە.
ئەوەی ڕاستی بێ شێخ بەلایەوە چاکتر وابوو دان بەخۆیدا بگرێت و چاوەڕوان بێت، ئەمەشی لەبەر ئەوە بوو، چونکە هێشتا بۆی نەکرابوو، بەتەواوەتی هێزی هەموو ئەو سەرکەسە کوردانە یەك بخات، کە هاتبوونە ئیزی ڕاپەڕینەکەوە. نەیدەویست سەرکێشی بکات و ڕووبەڕووی هێزی عوسمانی چەکدار و مەشق پێکراو بوەستێ. کە زستان هات چالاکی ڕاپەڕیوەکان تەواو کز بوو. لە چالاکی کەوت و لە شوێنی خۆی چەقی، لەگەڵ ئەوەشدا کاربەدەستانی عوسمانی لە ئامانجە دوورەکان و دوا ڕۆژەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا دەسەمینەوە.
شێخ عوبەیدوڵڵا ڕای وابوو کوردەکانی هەکاری ناتوانن بەتەنیا ڕووبەڕووی دەوڵەتی عوسمانی بوەستن و بچنە کۆی خەباتەوە. لەبەر ئەوە هەوڵی دا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ سەرکە کوردەکانی تردا پەیدا بکات، بەو نیازەی جارە یەکێتیەکی عەشیرەتەکان پێك بهێنێ.
ڕاپەڕینەکەی کورد ئەو ڕاپەڕینەی شێخ بەشداری تێدا کرد و تووشی نەهامەتی هات، ئەوەش مایەی دڵخۆشی نەك عوسمانی بەکو بەریتانیای دژستی عوسمانی بوو، کە کلایتۆن ئاماژەی بۆ کردووە" دەنگوهەواڵی دڵخۆشکەرەی " بەسەرکەکەی گەیاند و ئەوەشی بەتایبەتی دەست نیشان کرد" بەگشتی بۆم هەیە ئەوە ڕابگەیەنم، ڕاپەڕینە ڕاستەقینە (جدی)یەکەی ئەمڕۆی کورد تێداچوو و سەروشوێنی نەما".
دوابەدوای شکستی یەکەمی شێخ چەکداریەکەی شێخ دژبە بابی عالی (1879) و ناڕەزایی هەندێك لە سەرۆك هۆزە کوردەکان دژ بە شەڕی عوسمانی، ناچار شێخ دەبوایە بەدوای تاکتیکی دیکەدا بگەڕێ، شێخ پێی وابوو هێشتا نەیتوانیوە وەك پێویست خۆی بۆ ڕاپەڕینەکە ئامادە بکات، لەبەرئەوە بانگەوازەکەی بەناو سەرۆك خێڵەکاندا چڕتر کردەوە، بۆ ئەوەی لەدەوری کێبڕکێیەوە و خۆی ئامادەبکات بۆ ڕاپەڕینێکی تر.
پەراوێزەکان:
(1)هەمیشە شێشەکانی کورد تێمەتی ئەوەیان دراوەتە پاڵ، کە بەدەستی بێگانە دروست کراون، یان کورد نەتەوەیەکی شەخوازن و بۆ تاڵان و دزی و جەردەیی ڕاپەڕیون، ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵاش لەوە بەدەرنەبووە، ئەران بەدەسیسەی عوسمانی دەزانێ و ڕووسیا و بەریتانیاش تێمەتی تاڵانی و ڕاووڕوتیان دەدایە پاڵی، لەگەڵ

ئەوەشدا باش دەیانزانی ئەم ڕاپەڕینە لەووی هێشی نەتەوەیی سەری هەڵداوە، ئەگەر لای هەموشیان وانەبێت لای هەندێکیان وایە و لانی کەم شێخ عوبەیدوڵا و بەشێکی زۆر لە سەرانی ڕاپەڕینەکە بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ لە خەبات و تێکۆشان دابوون.

هەسوڵ بەسکێنی
ماویەتی .....

ناماقووڵییەکانی بەشار ئەسەد ... ڕەزا شوان

دیکتاتۆری ڕەگەزپەرستی ڕسوابوو و ملشێی سوریا (بەشار ئەسەد) لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا، لەگەڵ کەناڵی (ڕوسیای ئەمڕۆ) دا، ناماقوڵی و قسوچەقسوچی کرد و وتی:"شتێک نییە لە سوریادا کە ناوی کێشەی کورد بێت، بە هەیکەلی ساکارەوە، کورد هەیە لەگەڵ مێژوودا لە سوریا دژین، بەڵام ئەو کەمانەی کە هاتوون بۆ باکوور، تەنیا لە سەدەی ڕابردوودا هاتوون، بۆ هەی سەرکوتکردنیان لە لایەن تورکیاوە وەککو میوانمان وەیانمان گرت "

ئەم قسەیەی بەشار ئەسەدی ڕەگەزپەرست، لەلایەن پارتە کوردیەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و کەسایەتیە کوردیەکانەوە، ناڕەزایەکی زۆری لێکەوتەوە، شەرمەزاری ئەم ڕقە ڕەشەی داگیرکەرانی کوردستان دەکەن، کە تا ئەمڕۆش دان بە ناسنامەی پەنجا ملیۆن کورد نانێن و هەوڵی سینەوەی ناسنامەی کورد دەدەن، دان بەوەدا نانێن، کە کێشەی کورد، کێشەی گەلێکی ماف زەوتکرا و کوردستان داگیرکراوە.
سایی پەراریش، ئەردەگان هەمان قسەی کرد و وتی:" کێشەیەک نییە لە تورکیادا بە ناوی کێشەی کوردەوە". ئەم قسەیەی هەموو داگیرکەرانی کوردستانە. مەبەستیشیان نکۆلیکردنە لە بوونی نەتەوەی کورد.

وا دیارە بەشار ئەسەدی سەرشێت، زۆر گەل و نەزانە. لە بارەی

مێژووی کورد و مێژووی باپیرانی خۆیەوە.. کورد بە هەزاران ساڵ پێش تورک و عەرەب، لەم ناوچەیدا ژیاون، بەبێ نەتەوەی عەرەب بە باپیرانی بەشێکی ئێستایشەوە، نامۆن و لە دوورگەی عەرەبییەوە هاتوون و ئەو شوێنانیان لە کورد داگیرکردوون.
بەشێکی ئێستای گەلەپیاو، وادیارە گەمژەیت و مێژوو ناخوێنیتەوە و بەقەی قوتابییەکی سەرەتایی لە مێژوو و لە خەباتی گەلان لە پێناوی ئازادی و رزگاریدا نازانیت.. ئەگینا ئەو قسە پووچانەت نەدەکرد " کێشەیەک نییە بەناوی کێشەی کورد لە سوریا"
(میتانییەکان) کە باپیرانی کورد بوون، لە سەدەی شانزەمیندا، لە دەوروبەری ساڵی (١٥٠٠) پێش زاینی، لە ڕۆژئاوای کوردستان، ئیمبراتۆرییەتی میتانیان دامەزراند، ئیمبراتۆرییەتێکی فراوانیان بوو، کە پایتەختەکەیان شاری (واشوکانی) بوو، دەکەوتە سەر ڕووباری (فیشخابوور) هاوسنوور بوون لەگەڵ دەوڵەتی فەرعەونییەکانی میسردا. میتانییەکان فەرمانڕەوایی بەشی هەرزەری کوردستانیان دەکرد.
تا ئەمڕۆش (قەڵای کوردان) لە ناوەڕاستی شاری (حەلەب) دا بە سەرکەشی ماوەتەوە، بەگوێرەی بە دەستەات و بە فەرمانڕەوایی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستاندا.
(گەڵەکی کوردان) لە دیمەشقی پایتەختی سوریادا، کە یەکێکە لە کۆنترین گەڵەکانی دیمەشق، کە ناوکەیان گەیوە بە (ڕکن الدین) گەڵەکێکی گەورەی کوردنشینە، بەگوێرەی تر بە بوونی کورد لە دڤەردا.
(گەڵەی سەلاحەدینی ئەیووبی) لە دیمەشق، ئەم سەرکردە کوردە نەبوایە، فەلەستین و سوریاش دەکەوتنە بندەستی لە شکری ئەوروپاوە.
ئەی شەشگیەی کوردمان (ئیبراهیم هەنانە) کە لە دژی داگیرکاری فەرەنسا ڕاپەڕی و چەندین کورد بوونە قوربانی لە پێناوی ڕزگارکردنی ڕۆژئاوای کوردستان و سوریا، تا ئەمڕۆش ناوی(ئیبراهیم هەنانە) لەسەر زاری هەموو سوریەک دایە، جگە لە بەشار ئەسەدی بە ئاگا نەبەت.

لە کۆن و لە ئەمڕۆشدا، بە هەزاران نووسەر و ڕۆشنبیر و زانا و دانا و هونەرمەندی کورد خزمەتی زانیاری و ڕۆشنبیری و ئەدەبی سوریایان کرد.. گەر ناوی هونەرمەندان و دەرهێنەران و ئەکتەر و شانۆکارانی کورد، لە لیستی شانۆ و دراما و سینەمای سوریا دەربکەین.. لیستەکەیان دەتە سەر سفر.
بەبێ بە داخەوە نە عەرەب و نە تورک و نە فارس، چاک و پیاوەتی

کوردیان لەبەرچاو نییە و منەتیان پێی نییە.. زۆر دڵنەدانە و نامەردانە وەڵامی پیاوەتی کوردیان داونەتەوە و دڵدانەوە، بە ڕەشکۆژی و بە داگیرکردنی کوردستان و بە هاوەڵدان بە سینەوەی ناسنامەی کورد پاداشتی گەلەکەمان دڵدانەوە.

زۆر بەگەی مەژوویی و کارەستێی بە جەماو هەن، ئەو ڕاستییانە دەسەلمێنن، کە ئەم شوێنانە شوێنی کوردن، تورک و عەرەب لە تورکیا و عێراق و سوریادا نامێن و خەڵکی ڕەسەنی ئەو شوێنانە نین، لە ئاسیای بچووک و مەنگۆلیا و نیمچە دوورگەی عەرەبەوە هاتوون.. ڕووشیان لە کوێ کردبێت، تاڵان و وێرانیان کردوون. بۆری تیشکی ڕۆژیش بە بۆژنگ ناگیرێت.. ناتووان ڕاستیەکان پەردەپۆش بکەن.
بۆشار ئەسەدی ڕەگەزپەرست، گیلەپیاو و هەرزەگە، تازە بە تازە دەبێت، لە سوریادا کەشێک نییە بە ناوی کەشی کورد.. گەر شەقانانی کورد نەبوونایە، داعشی تیرۆریست نەک هەر (ڕەقە) و (دێر الزور) بەکو شاری (دمەشق) یشیان داگیردەکرد.

ئەی جەلاد، بەم قسانەت وەڵام و پاداشتی کورد دەدەیتەوە..؟!
دیکتاتۆری فشەڵ و بۆزیو، تۆ بە چ ئابووێکەوە قسە دەکەیت، سووریا کەوتۆتە بن دەستی، سوپای تورکیا و پاسدارانی ئێران و جاشە بەکرێگیراوەکانی تورکیا و قەتەر و، روسیا و ئەمریکا و داعشەوە، جا چۆن لە ڕووت دە قسەبکەیت و لە دژی کورد ناماقوڵی بکەیت.
بەڵام ڕۆژی تەش نزیکبۆتەوە، چارەنووسی تەش لە چارەنووسی سەدام و قەزافی و زین العابدین و عومەر حەسەن بەشیر باشتر نابێت.. ئەو ڕۆژە نزیکە کە کونە مشکت لێببێت بە قەیسەری و سزای تاوانە قێزەونەکانت وەربگریت.. چونکە هەموو زەردار و ستەمکار و دیکتاتۆرێک کۆتایەکی ڕەشی هەیە.

٩/ ئادار/٢٠٢٠

بۆ بۆنەو هەشتووە(8) مارسی، ڕۆژی گەردوونی ژنان و موختار کەریمی

مافوو ژنان مافو ئینسانین

پێی گردیما ئاشکران کە عانەو باسوو مافی و پاشڵکاری مافی کرێ، فرەتەر باسوو مافوو ژنان کرێ تا مافوو پیای. چیگەنە ئی پڕسە مێ وارەو کە مافوو ژنان کامنان کە فرەتەر باسش سارەو کرێ یان پاشڵ کرێ؟ مەگەر باسکەردەی جە مافوو مرۆڤی مافوو ژنان نمەگەرەو؟ مەگەر گرد ئانزانەو، چ ژنی بە و چ پیا هەر چنی جە ئێابیەیشاوە مافی یەکسانشا نیەن؟ مەگەر مادەو یەهەموو مافەکاو مرۆڤی نمەواچە: " مرۆڤکا بە ئازادی جە ئێدا بیەنە و جە ماڤ و ڕێزنان پەسەو یەینە. گردشا ساحیوو ژیری و ویژدانینە و مشە چنی یەترینی بە گیانەو (واڵەو) برایانە هەرزووکەوت کەرا"؟. جە ئاسیەنە مەخسەڵو جانامەو گەردوونی مافەکاو مرۆڤی هەردوی ڕێگەزان بە بە جیاوازی.
بەنام بە کردار و جە ژیوای ڕوانینە و دڵە فرەو گەمەگاکانە پاسە نیەن و واقیعیەت چەویەتەرما پەنە ماچە.
جە ئاستوو دنیاینە ئەمە ڕوانە وینمە و موانمەو و مژنەومە کە بە ئاشکرا مافوو ژنان بەڕەحمانە پاشڵ کرێ تەنیا بۆنەو ئانیەو کە ژنینە. ئی ویرە سەقەتە بە درێژایی تارێخینە بیەن و ئیسەیچە هەر هەن. تەنانەت جە شەڕشوو فەرانسەینە (1789) گەهاڵکەری "مافوو مرۆڤی و مافوو شارەمەندی" تەنیا پەاشا بە ساحیو ماف دا قەەم. جە وەڵاتوو سویسەینە کە یە چا وەڵاتانە ویەردەوی دووری دەمەکراسیوازانەش هەن، 700 ساڵ ژنی مافی سیاسی نابەرابەرشا بە.
ساڵانە سەڵان هەزار کناچەڵ هەر جە لەمەو ئەڵاشانە سەقتە کریا و یان بە زاەڵەیی کوشیا و ودلەنە مشا چوون کناچەنە و ویری پیاسالار و هەکارەکاتەری کوێ بە شیاتەر مزانا تا کناچە. بە هەزاران و گەرە دەیان هەزار ژنی جە جەنگکانە دەس بەسەرە کریا و و بەزەر دەسدرێژی سکیشا کرێ سەر و یان پەسەو کێلەی ورشیا.نموونەو داعشی چی سەردەمانە هیشتا ئینا وەرچەماماوە. جە 5 ژنا ژنێ جە لاو شووەکێشەو هەەشەش وانە کرێ، دریەش وانە یان بە زور دسدرێژیش کرێ سەر. ساڵانە یەرە(3) ملیەنە کناچە خەتانە کریا و پێی هەمیشێ جەپەوانێ سروشتی جنسی بە بەشە با.

هەر جۆ پانیشتوو کوردستانی (بەجگەم هەورامانی) جۆ ماوەو دەسەڵاتداری 29 ساڵەیشەنۆ بۆ هەزاران ژنان بۆ بەهانۆ جۆراوجۆر بۆ دەسوو کەس وکاریشا کوشیاینۆ و یان چیروو گوشار و هەڕەشانۆ وەش سەچنان.
گەردوو ئی پاشڵکاریا تەنیا بۆ بەهانۆ ئا دەور و پاگۆ کەمەڵیاتیاوۆ کریا کۆ کەمەڵگا و داب و نەریتۆ کۆنۆ و دماکەوتۆکا پەی ژنانشا دیاری کەردن و بۆ زور سەپنانشا سەرشەرۆ. بکەرۆ ئی پاشڵکاریا تەنانەت ئۆگەر دریا بۆ دادگایچ، جۆ کەتایینۆ بۆ بۆ تاوان و بۆ بۆ سەزا برۆ مشا. فرەو جارا بۆ بەهانۆ ئانیوۆ کۆ ئینۆ کەشەو شەخسین و پەوەندیش بۆ کەمەڵگا و بۆ یاسایوۆ نیەن، ئی تاوانکاریۆ شاریەوۆ. سەروو بنەماو ئی وەرۆ چەوتیوۆ وەنمۆ کۆ چەنی مافەکاو مرۆڤی جۆ " ژیوای شەخسینۆ" بەڕەحمانۆ پاشڵۆ کریا و بۆ پەشتیوانۆ مەناوۆ.
ئی کردەوا بۆ ئاشکرا دژ بۆ جانامەو گەردوونی مافەکاو مرۆڤینۆ، چوونکۆ ئی مافا گەردوونیەنۆ و سنوور نەشناسا و هەمەشۆ و گرد یاگیەنۆ مشۆ بۆ بۆ جیاوازی پەیەڕەو کریا و پارەزیا. ئی جانامۆ بۆ ئەرکوو گرد دەوڵەت و دەسەڵاتدارەوەش مزانۆ کۆ پاشڵکەراو ئی مافا بۆ بۆ جیاوازی بەڕە بۆ دادگای و بۆ سەزای یاسایشا یاونۆ، وەهمیشۆ و هەر یاگیەنۆ کۆ با، چ جەنگ بۆ، چ ئاشتی، چ دلۆ گلەرگەینۆ بۆ یا جۆ ژیوای شەخسینۆ، پەیگەڕەی یاسایشا پەی کریۆ.
ڕەکوزیاو چنەویەردەی میانەتەویی(ئەمنەستی ئینتەرنەشنەڵ)* پەسەو پارەزەروو مافەکاو مرۆڤی گوشار وزۆ سەروو گردوو دەسەڵاتدارا کۆ بۆ ئەرکوو وەشا هەربەزا و سنوورەو پەی پاشکەراو مافوو ژنانۆ بنیارۆ و بۆ سەزاشا یاونا. پەی ئی مەخسەڵیۆ و پەی کەتای ئاردەی بۆ پاشڵکاری مافوو ژنا، ڕەکوزیاو چنەویەردەی میانەتەویی داوا جۆ دەسەڵاتدارا کەرۆ کۆ کرژ پی ئەرکا هەربەزا:
١- هەرەوەوشکنای هەر یاسایەو کۆ جیاوازی وزۆ بۆینوو ژن و پیای و بۆ بۆ هەکاروو بەکارئاردەی توندوتەژی دژ بۆ ژنا.
٢- پەسەند کەردەی یاساو پارەزنای ژنا وەرانەروو دیاردەو توندوتەژیەو.
٣- کرداری توندوتەژ وزیۆ چەروو چەمداری و پەیگەڕەی و سەزای یاسایش پەی دیاری کریۆ
٤- گرد کردارەو کۆ بۆ بەهانۆ جیاوازی ڕەگەزی دژ بۆ ژنا ەوۆ مەڕ، بۆ یاسا وەرش پەنۆ گەریۆ و بکەراو ئی کرداریۆ دریا بۆ دادگای.
٥- ئەمکانات پەیواز جۆ دەسیاوو ژنانۆ بۆ پەی وەپارەزنای و پەنابەردەی بۆ دەموودەسگا یاساییەکا.
٦- ڕەکوزیای یاسایۆ و کەمەڵیاتیۆ پەی ئا ژنا کۆ بەڕنۆ قورابنی

تووندووتژی مەرزیارە و ئانێچ کە هەنە پێشتیوانی یاساییشا چەنە کریە ئەمکاناتشا پەنە دریە.
۷- ئا کەس و لایەنا کە پەی مافەکاو مرۆڤی بە گردی و پەی ماڤوو ژنا بە تایبەتی گژیا، یاسا پارێزنشا و هامکاریشا کەرە.
۸- ئا دەموودەسگا و ڕێکوزیا نادەوڵەتیا(ن. جی. ئۆ) کە پێشتیوانی چی مافا کەرا، بە بە جیاوازی پێشتیوانی یاساییشا چەنە کریە، بە هێزتەرە کریا و پارێزیا.
*amnesty international (ڕێکوزیاو چنەویەردەی میانەتەوەیی)

موختار کەریمی – ئەمان، 2020.03.08

پەتای تەرس: تەنزچیرەک …
ن/جەلال قادر

لەترسی پەتای کرونا، هەر موسافرەک هەلگرم، ئەلکحولی دیتەل بەدەستی دادەکەم.
ئەم بەیانییە، ژن و مەردەکی گەنج، بەترسەوە لە کورسی پشتەوەی تەکسیەکەم دانیشتیبوون، دەمامکیان بەستابوو. داوایان لەکردم بیانگەنمە شەقامی پزیشکان.
موسافرەکەم، بە نووکی پەنجەی دەمامکەکەی لەسەر دەمی لابرد، سمەلی درێژی کە دەمی داپۆشیبوو وەدەرکەوت و وتی : کاکی شوفێر، ناترسیت لە پەتای کرونا؟

- بەڵێ دەترسم، بەڵام ناکرێت لەمالەوە دانیشم و واز لە کاسبی بهێنم.
  ژنەکە بەرەی باریکی هەڵتەکاند و بە پەنجەی باریکی دەمامکەکەی سەردەمی وەک پەردەی سینەما لابرد، بەڵێزەک دندانی مرواریەوە، کەوتە ئاخافتن : خاڵە، دوا دەنگ و باسی قایرەسی کرونا چییە؟ ئایە تا ئێستا هیچ چارەسەرکیان دەزیوەتەوە؟
- نەخێر، دەبێت چاوەڕوان بین.
  پیاوەکە وتی : من بزانم دەستی خیانی تیایە، دەیانەوێت ئەم

سەرزەمینێ بکەن بە دەزگ!.
- خەیان کەن؟
- ئەوانەی چەک دەفرۆشن و جەنگ هەدەگیرسێنن، ئەوانەی ژینگەیان پیس کردوە.

بە ئارامی و لەسەرخۆ وەلامیمدایەوە؛ تۆ ئاستدەکەیت. بەلام بە بۆچوونی تۆ، ئەمە دەبێت چی بکەین؟

ژنەکە وتی : دەبێت خەمان بپارێزین.

بە ساتێک بێدەنگی کەوتە نێوانمانەوە. پاشان لێیانم پرسی : ئەی خەڵۆ، ئەوە دەچن بە سەردانی پزیشک؟

خانمەکە پێکەنی. پیاوەکە سەرکەی هەنایە پێش و چرپاندی : هاوسەرەکەم دووگیانێیە.

پاشئەوەی پیرۆزباییم لێیانکرد، وتم: ئومێدەوارم، تا ئەو کەرپێیە دێتە دنیاوە، پێتای کرێناش تەواوبێت!.

ژنەکە بە شادییەوە وتی : دڵنین، ئەو قایرۆسە مندااڵی بچووک ناکوژێت، تەنیا کار لە پیاوی بێتەمەن دەکات!.

ئەم وتەیە دێتەنگی کردم. بەلام، بێدەنگ بووم تا هەردووکیان دابەزین و بەجێیانهێشتم.

لە ڕێگە، سەرەشەوانە بیرم لە تەمەنی خەمکردەوە، لەخەم پرسی : ئایە منیش ئینسانەکی بێتەمەنم؟ نەخێر، باوەناکەم، ئاخر مرۆڤی بێتەمەن واتە سەرووی شەست و حەفتا ساڵ. من تازە پەمناوەتە پەنجا ساڵی، نا باوەناکەم، من لەنەوەی نوەم.

بەم شێوەیە لەبەرخەمەوە قسەمدەکرد، لەپڕ دام لە قاقای پێکەنین، چاوم پێبوو لە ئاو.

بە ڕەپی دەستم فرمێسکی سەر ڕووەتم سڕیەوە. لەناکاو هەستمکرد پێی گەرمای لێشم بەرزبوەتەوە، عارەقی شین و مەرمکرد، یەک دووجار کەخیم. سێ بارە کەخیمەوە تا بزانم دەنگی کەخەکەم، وشکە یا تڕ، چەندینجارتر کەخەم، بەلام دەنیا نەبووم و بەم ڕوونەبوەوە. نەمزانی چیبکەم، ناچار بە نیگەرانییەوە دەنەوایی خەمدایەوە : نا، نا، نابێت بترسەم، چونکە ئاستێ بێتەمەنم و گەورەم، بەلام بە عەقڵ هەشتا مندااڵم!.

ڕاپەڕین … کەنعان مەدحەت

چیرۆکەکان.. تەواوبوونیان نییە
تەمەکی ئانماڵە
دووبارەکییەکی یەکسان..
لە نیوان بەشە ئاگرینییەکاندا
هەمیشە
بە کۆڵ

بە خوێنی
یادەوەرییە تەقنەرەکان
کەمەڵ ئارەزوویەکی هەمەڕەنگ
لە ژێرخانی سە کوچکەدا..
مان دەگرن

چی لەوە خەشتر
سەرلەنوێ
سوار بە هەورازا سەرکەوە
لە جێی مەکە و
مەبەندە..
سەنگەر هەبژێرە
ئەستێرەکان راماڵی و
خوو ،
بە مانگەوە بگرە

قاوە گرەوە … شیعر : نزار قبانی … وەرگێڕانی : پشکۆ ناکام

گێڕانی: عبد الحلیم حافظ

،،،،،،،،،،،،،

لە تەنیشتمەوە دانیشت
بە چاوەکی پڕ لە ترسەوە
ئایەوانیە کوپە هەگبەاوەکەم
ووتی : کوڕم ، غەم دات نەگرێ
خۆشەویستی لە قەدەری تایا نووسراوە
کوڕم: ئەوەی لە پەناوی خۆشەویستیا
گیانی لەدەست یاوە
شەهیدە و نەمردوە
"""

زەر لەی ووردبوە
زەر سەیری کرد
هیچ کوپەکم
وەک ئەوەی تە نەگرتتەوە
تا ئێستا هیچ غەمەکم
وەک ئەوەی تە نەبینیوە
ئەبە بە دابەان
هەر بە دەریای خۆشەویستیا بەی
سەرتاپای ژیانت
کتێبەکی فرەسکاویە
قەدەری تە وایە
دیلی نەوان ئاو و ئاگر بی
سەرەای رابردوەکانی
سەرەای ئاگرەکانی
سەرەای ئەو خەفەتەی
شەو و ەڕۆژ لە ناخمانایە
سەرەای ەەشبا
سەرەای باران و گەڕەەکە
خۆشەویستی کوەەکەم
بەتام ترین قەدەرە
"""""""

لە ژیانتا کوڕم
ژنەک هەیە
چاوەکانی ؟!! خودایە لەو چاوانە ، خودایە
دەمی وەک هەشوە
پەکەنینەکەی گوڵ و مەسیقایە

قژ قەرەجیە شت ئاساکی
بە هەموو قوژبنکا
ئەگەڕێ لەم دونیایە
بە ژنک ئەگەی کوم
دەت موبتەلای ئەبە
ئەو هەموو دونیایە
"""""""'

بەڕام ئاسمانت بارانا ویی
ڕەگ کەشت بن بەستە ، داخراوە
خەشویستکەت کوم :
لە کەشکی چاودێری کراوا نووستوە
ئەوی داوای بکا
ئەوی بچێتە ژوورکەیەوە
ئەوی نزیکی باخچەکی بێتەوە
ئەوی ویستی پێچکانی بکاتەوە
کوم :
وون بووی ئەبەدیە
"""""""""

کوم
هەموو شونک بە دوایا ئەگەڕی
پرسیار لە شەپلی دەریاکان
و
پرسیار لە کنارە دەریایکانی پە لە " فەیروزە – نگین" ئەکی
دەریا و دەریا بی ئەگەڕی
فرمسکەکانت ئەبنە لافاوی دەریا
دەتە نگیت گەورە ئەبە
تا وەک درەختی لە دە
ڕەژکیش کوم
ئەگەڕیتەوە
بە دەڕاوی ... بە دە شکاوی
پاش سەفەری تەمەن تەئەگەی
بەدوای داوی دوکەڵەوە بوی
چونکە خەشویستکەت کوم
بە خاک و بە ووڵات و بە ناوونیشانە
چەن ئاستەم کوم
ژنکت خەش بوە
ناو ونیشانی نەبە

ئەو باخچە نییە.. ئەو نەندیخانەیە! .. نووسینی : رەزا شوان

پار لە شاری دهـک، لە پەلی شەشەمی قوتابخانەی دهـکی سەرەتایی تەکنیکاو بووم.
مامۆستا نیگار وانەی زانیاریيەکانی پێدەوتینەوە. مامۆستایەکی زۆر رووخۆش، بە زمانێکی شیرین و بە شێوازێکی سووک و ئاسان بابەتە زانیاریيەکانی تێدەگەیاندین.
بە کچە شیرینەکانم و بە کوڕە ژیرەکانم بانگی دەکردین. ئەمەش خۆشمان دەویست و خۆشمان دەوێت و رۆژێکی زەرمان بۆی هەیە.
مامۆستا نیگار، بە ناوی"گەشتی زانیاری" مانگی جارێک بە سواری پاس پەلەکەمانی دەبرد بۆ چەند کارگەیەک و چەند کۆگەیەک و بۆ وەستگەی کارەبا و بۆ وەستگەی پاپاوتنی ئاوی دهـک. خۆشی و سوودێکی باشمان لەو گەشتە زانیاریانەمان وەرگرت.
لە مانگی نەورەزی ساڵی رابردوو، مامۆستا نیگار وتی:"کچە شیرینەکانم، کوڕە ژیرەکانم، پێتانخۆشە کە هەفتەی داهاتوو، گەشتی زانیاریمان بۆ "باخچەی ئاژەڵانی دهـک بێت؟"
هەموومان دەستمان هەڵبڕی و پێکەوە: بەڵێ مامۆستا گیان زەرمان پێخۆشە.
بۆشێکی زۆری هاوڕێیانی پەلەکەم، پێشتر جارێک یا زیاتر چووبوون بۆ باخچەی ئاژەڵانی دهـک. بەڵام من تا ئەو رۆژە باخچەی ئاژەڵانی هیچ شوێنەکم نەدیبوو. بۆیە حەزم دەکرد، کە لە نزیکەوە ئاژەڵ و باڵندە کەویەکان ببینم.
چووین بۆ باخچەی ئاژەڵانی دهـک.. چەند جۆرە ئاژەڵ و باڵندەی کەوی جوانیان لێیە، وەکو: شێر، پڵنگ، ورچ، گورگ، ئاسکە، ڕەوی، چەقەڵ، هەڵۆ، کوندەپەپوو، کەو، سوسکە، چەندین جۆری تری ئاژەڵ و باڵندەی سروشتی کوردستان.
هاوڕێکانم دەخشبوون و زەردەخەنە کەوتە سەر لێوانیان. بەڵام من بە پچڕاوانی هاوڕێکانم، بە بینینی ئەو ئاژەڵ و باڵندانە لەناو ئەو شیشبەندە کلیلکراو و ژوورە تەسکانە و

قەفەز داخراوانەدا، دەتەنگ بووم.. بەزەییم پێیان دەهاتەوە.. کە گوێنەوە بە قوتابخانە. وەکو گوشتکانی ترمان، بە کورتی باسی گوشتکەمان کرد.

مامۆستا نیگار: هەمووتان دڵخۆشبوون بە گوشتەمان بە باخچەی ئاژەڵانی دهۆک؟

هەموو هاوڕێانی پڵکەمان: بەڵێ مامۆستا، گوشتکی خۆش بوو.
بەڵام من لە دوای هاوڕێکانمەوە، دڵستم هەبەی و وتم: مامۆستا گیان، بە لای منەوە گوشتکی خۆش نەبوو، بووە هەی دەتەنگیم.
مامۆستا نیگار: بە دڵەقان، کچی شیرینم بە پێت خۆش نەبوو و بووە هەی دەتەنگیت؟
ـ ئەی مامۆستا گیان، بەڵێزتان چەند جارێک پێت نەوتین پێویستە بەزەییمان بە ئاژەڵ و باڵندەدا بێتەوە و دژی ڕاوکردنیان بین؟
مامۆستا نیگار چاوەکانی کرانەوە و بە زەردەخەنەوە، وتی: بەڵێ ڕاستە من واموت.
ـ مامۆستا گیان، هاوڕێکانم، بە چاوی خۆمان بینیمان، کە چۆن ئەو ئاژەڵ و باڵندە بێسزمانانە، لەناو ئەو شیشبەندە تەنگانە و قەفەز و ژوورە تەسکانەدا، هەر ئەمسەر و ئەوسەریان دەکرد و لە ئەمەیان دەڕوانی.. وەکو لەمان بپاڕێنەوە، کە بەزەییمان پێیاندا بێتەوە و دەرگاکانی شیشبەند و ژوور و قەفەزەکانیان لێبکەینەوە، دەرپەڕن و ڕابکەن و هەڵبفڕن و ئازادبن.
ئازادی بە مرۆڤ و بە ئاژەڵان و باڵندان، لە هەموو شتێ پێویستر و شیرینترە.

ئەوەی بینیمان باخچەی ئاژەڵان نییە.. بەڵکو بەندیخانەی ئاژەڵان و باڵندانە.. باخچەی ڕاستی ئەوان ژینگەی سروشتی جوانی کوردستانە.. کە بە ئازادی لێیدەژین.
مامۆستا نیگار کە گوێی لەم قسانەم بوو.. زۆر گەشایەوە و باوەشی لێدام.. هاوڕێکانیشم چەپڵەیەکی قایمیان بە لێدام.
مامۆستا نیگار: ئەی ئافەرین دلەقان گیان، قسەکانت زۆر جوان و ڕاستن.. بە تەواوی لەگەڵ قسەکاندام.. لە ئەمڕۆوە دەبم بە هاوڕێی بەزەیی بە ئاژەڵان و باڵندان.
هاوڕێیانی پڵکەم: مامۆستا گیان، ئەمەش قسەکانی دلەقانی

هاوڕێمان بە جوان دڵزانین، ئەمش دەبین بە هاوڕێیانی بڵێی بە ئاژۆ و باڵندان و دژی راوکردنیانین.

نۆرویج: ٢٠٢٠

ژنکخراوەکان و ژنانی یەکسانیخواز لە تاراوگە پشتیوانی کەمپینی ٨ مارس ، ژێڕی جیهانی ژنان لە هەرەمی کوردستان دەکەن

ئەمە وەک هەڵسوراوانی یەکسانیخواز و ریکخراوەکان لەدوارێی کوردستان پشتیوانی کەمپینی ئازادیخوازان و ژنکخراوەکانی ژنان و چالاکوانان دەکەین کە لە ٨ مارس و ژێڕی جیهانی ژنانەدا ڕایانگەیاندوە لژێر ناونیشانی(دوەستینەوە بەرامبەر سوکایەتیکردن بە ژنان ، دەستدریژکارانی تاوانی دەستدرێژی سێکسی دەبیت سزای توند بدرێن.).

خەبات و خواستەکانی ژنان و ژنکخراوەکانیان لە کوردستان جێگەی پشتیوانی هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز و یەکسانی خوازە لە ناوەوە و دەرەوە دا ، وە هەوڵێکی گرنگە لە ڕاستای کۆتایی هێنان بەو سوکایەتی و بەڵێزییەی ژنان لە لایەن دژگا دینی و بۆشک لە پیاوانی ئاینی لە هەرەمی کوردستان بە ماف و کەرامەتی ژنانی کوردستانی دەکرێت. وە هاوکات خەباتێکی ژوایە بە کۆتایی هێنان بە دیاردە و تاوانی قڕۆنی دەستدرێژی سێکسی بەسەر منداڵان و کچان. .

ئەمە هووبە حکومەتی هەرێم و دژگای دادوەری و پەرلەمانی کوردستان ناڕازایەتی خۆمان دەردەبڕین بەرامبەر بە درێژدان بەم دەخە ناشایستە و پەلەستەمە کە بەرامبەر بژنان ومنداڵان دروست بووە ، وە پەیمان وایە کە دژگا دوەتیکان بدەنگ و کەمتەرخەمن لئاست تاوانباران . بەداخوە لە کاتکدا ژنان و بە ئاشکرا تاوانباران

سوکایەتی بژنان و ڕێکخراوەکانیان دەکەن ، کەچی زۆر جارنەک هەر پشتیوانی یاسایی و مادی دەکرێن ، بگرە مینبەرەکانی میدیا بۆ گوتارەکانیان ئاوەڵا دەکرێت لایەن دەسەڵاتدارانەوە. هەربۆیە داوادەکەین کە کاتی ئەو هاتنوە کە حکومەتی هەرێم و پەرلەمان و دەزگای دادوەری ، لێپرسراوەتی لە خێیان نیشان بدەن و پابەند بن بە ستانداردە نێو دەوڵەتیەکان بە پاراستنی ژنان و منداڵان لە دژست توند و تیژی و سوکایەتی و دەستدرێژی . پێویستە لە سەریان کە هەم بە یاسا و هەم بە کردەوە سوکایەتی بژنان و دەستدرێژی سەکسی بتاوان دابنێن و سزای پیویست بۆ ئەنجامدەرانی دابنێن .
جارێکی تر لە ٨ مارسدا پیرۆزبایی لە خەباتی ژنانی کوردستان دەکەین و هاوپشتی و هاوکاری نێوان هێزەسوراوانی ژنانی تاراوگە و ژنانی کوردستان پتەوتر دەکەین لە پێناو گەیشتن بە کۆمەڵگەیەک کە یەکسانی هەمەلایەنی ژن و پیاو و مافەکانی ژنانی تێدا بەرقەرابێت...
ڕێکخراوی ژنانی کورد و خەرهەڵاتی ناوەڕاست/ بەریتانیا
گۆنا سەعید/بەریتانیا
گولزار علی چالاکی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان/دانمارک .
سەنتەری کلارا بو ژنان و گەنجان /دانمارک .
میدیارەوف بیگەرد /شانوکار /دانمارک
دکتورە نگین جۆ عفەر /پسپۆڕو بەردی دانمارک لە نۆ خێشەکانی ژنان و منداڵان بون/دانمارک
پرشنگ سەعید /ڕوژنامەنوس /دانمارک
ناوەندی سیکولاری کورد/دانمارک.
لاوژە جەواد /چالاک بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان/دانمارک
سارا عومەر /ڕوژنامە نوس /نوسەر/داکوکیکار لە مافەکانی مروڤ/دانمارک
.سۆسن سەلیم/بەریتانیا
ئەمەل سەعید کوردە /هونەرمەند /لەندەن.
ڕوناک ئەحمەد/کولن ئەلمانیا
هاژە خەفاف /کۆن/ ئەڵمانیا
ناوەندی ئامەز/ بۆ ئاوەتەبونی کولتوری کوردی ئەڵمانیا/ کۆن
ڕێکخراوی خەندە لە شاری کۆن/آلمانیا.
خەندان جزا/ چالاکی مافی مرۆڤ/دانیشتوی نەرویج ا
تارا توانا/ جیگری سەرۆکی یەکیتی ژنانی سوسیالدیموکرات/سوید
/ڕوناک شوانی/ نووسەر/ سوێد
نووسەر/مامۆستا/سوێد /ڕەواس ئەحمەد بانیخێڵانی
گۆنا عەلی/ پەرستار سوید.
هەرێ ڕێ شید /ستەکهەڵم /ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی /سەنتەری ژن لە

ستەکھۆم /سوید
شیرین ئەحمەد /چالاکی بزوتنەوەی یەکسانی خوازی ژنان /سوید
ساکار زیرین /قوتابی دکتورا لە زانکوی هومبولدت /بەرلین
ئالا فرج/ژنانی عیراقی لە فنلندا
کەژاڵ نوری /چالاکەوانی ژنان /هۆلندا

فەمینیزمی پێستەدیرنیستی و بزوتنەوەی نوێی ڕزگاری ژنان لە ئێران! … حەمید تەقوایی

بابەتی قسەوباسکەی من تەخنەیە لە پێستەدیرنیزم لە گۆشەنیگای ڕزگاری ژنان وناخشێک کە شەشی داهاتوی ئێران دیگەت لە بزوتنەوەی نوێی ڕزگاری ژنانداە نەک تەنها لە ئێران بەکو لەسەر ئاستی جیهانیش.
هەروەک دەزانن کە چەوسانەوەی سەر ژنان، بەمافی ژنان، و بەگشتی هەڕاوردنی ڕەگەزی کێشەیەکی نەونەتەوەییە و تەنانەت لە پێشکەوتوترین وڵاتانی بەناو لانکەی دیموکراسی و پێشسازی ڕژاواشدا ئەیبینیت. دواین نمونەش بزوتنەوەی "منیش me too" لەئەمریکایە. هەڕاوردنی ڕەگەزی لە هەموو جێگایەک هەیە. لەوانەیە لە وڵاتانی ڕژاوادا لەوی یاسایی و مافوە هەڕاوردن ئەوەندە بەرچاو نەبێت – کە هەشتا لەو ئاستەشدادەتوانرێت ئاماژە بکرێت بەکرێی یەکسان بەرامبەر کاری یەکسان، کە هەشتا تەنانەت لە وڵاتانی ڕژاواشدا بەفەرمی نەناسراوە بەڵام بەهەرحاڵ بنەمای کێشەکە ئابووری – کۆمەڵایەتی – فەرهەنگییە و ئەبەت لە پێشەوە چارەسەر بکرێت.

لە پێش بڕگەی موزیکی وێنەیی دا موزیك خەڵاتی ئێسکاری بەدەست هێناو رەخنەگران وای بۆ دەچن کە بەشێك لەفاکتەرەکانی سەرکەوتنی فیلمەکە موزیکە، بەتایبەت بۆ بەرجەستە کردنی دیمەنە وروژێنەرەکانی ترس و تاوان، لەوانەش پارچە موزیکی (کڵ می جەکەر) کە خاتوو(هیلدر جونادوتیر) ئامادەی کردووە.
رەخنەگران و جەکەر :
دوای نمایش کردنی فیلمی جەگەر بیرو رای جیا جیای زۆر دەربارەی فیلمەکە دەوروژان، خواکین ـ ی پاڵەوانی فیلمەکە دەگۆتەوە کە دوای نمایش کردنی فیلمەکە بۆ یەکەم جار منداڵ و خوشك و براکانی خۆمم لەگەڵ دابوون، کە گەڕینەوە ماڵەوە گوتم لەبیروراکانیان گرتبوو هەر یەکەو بەشێوەیەك باسیان لێوە دەکردو منیش گوتم لێ گرتبوون، دڵ خۆش بووم بەوەی بیروراکان لێکتر جودا بوون.
بەهەمان شێوە بەشێك لە رەخنەگرەکان پێیان وا بوو فیلمەکە هانی ئاژاوەگێڕی دەدا، چونکە جەکەر کە کەسێکی لە یاسا دەرچووە، کۆنترۆلی خۆی لەدەست دەدات، لەئەنجامی ئەو فشارە دەروونیانەی دەخرێتە سەری، بۆیە لەزۆربەی هێڵەکانەی سینەما رێگایان بەبینەر نەدا ماسك لەگەڵ خۆیاندا ببەنە هێڵی سینەما لەترسی ئاژاوە نانەوەی بینەران.
دەرهێنەرە فیلمەکە دەڵێت: من ئەو جیاوازیەم لەبیروڕادا پێ خۆشە، دەربارەی هەر پرسێك لەفیلمەکەدا چونکە پێم وایە ئەم جیاوازییە لەقازانجی ئێمە دایە، من مەبەستم نەبووە خەڵك هان بدەم بۆ توندو تیژی، یان کردەوەکانی ئارسەر نوێ کەمەوە.
هەروەها (کۆمەڵەی فیلمی ئەمریکی) فیلمی جەکەری تەرخان کرد تەنها بۆ بە تەمەنەکان، چونکە فیلمەکە زۆر دیمەنی توندوتیژی و تاوان و خوێنی تێدایە.
ڕۆژنامەی (دیلی میل) ی بەریتانی دەڵێت: زۆر لەبینەران لەهەموو جیهاندا لەکاتی نمایشدا رایان کردۆتەوە دەرەوە بەهۆی دیمەنە تاوانکارییەکان و داوایان کردووە فیلمەکە رابگیرێ، هەندێ لەهێڵەکانیش هەڵەشەیان لێ کراوە بەراگرتنی فیلمەکە.
بینەرێك کە هێڵی سینەمای بەجێ هێشتبوو لەکاتی نمایش دا دەڵێت :

فیلمەکە ئەوەندە کاری لێ کردم بەشێوەیەکی سایکۆلۆژی ئەقڵی بینەر دەگۆڕێت، چی نەمابوو منیش ببم بەئاژاوەگێڕ و تاوانبارێك بۆیە زوو هەڵەکەم بەجێ هێشت.

حەیدەر عەبدولڵەحمان

قـــــاهیرێ شـــــاری شـێو! ... زاهیرێ بـــێش

ڕۆژی 20 ی فەبرووری ساڵی 2020 بۆ سازدانی وارکشۆپێک لەسەر هونەری شانۆ گەیشتمە شاری قاهیرە لە ووڵاتی میسر. گەشتەکەم لەسەر بانگهێشتی (فرقە شمس المسرحي) بوو. کە هونەرمەند و بەڕێوەبەری بەرهەم (حسن شمس الدين) بەڕێوەبەری ئەم دەزگا هونەرییە. هاوکات هونەرمەند عومەر دەروێش هاوسەفەری ئەم گەشتەم بوو. وارکشۆپەکەم لەسەر شانۆ، تەرکیز و نواندن بۆ ماوەی دووڕۆژ لە کاتژمێر دەی بەیانی تا حەوت ئێوارە بەردەوام بوو.
جگە لە ئێندامانی گرووپی شانۆی ڕۆژ و هەندێک خوێندکاری پەیمانگای بەرزی شانۆ دووڕۆژنامەنووسی رادیۆ و تەلەفزیۆنی میسری بەشداری وارکشۆپەکەیان کرد. ئێوەی جێی سەرنج بوو هاوکات لەگەڵ ئەم وارکشۆپەی منداڵ. بەگوێرەی سەرچاوە ڕۆژنامەوانیەکانی میسر، نزیکەی حەوت هەزار کەرو کەبوونەوەی هونەری،ئەدەبی و وارکشۆپی تر هەبوو لەهەمان هەفتەدا. هەرووک بەڕێوەبەری هونەری حسن شمس پیی ڕاگەیاندم کە نزیکەی حەوسەد کەس ناوی خۆی بە ئێو وارکشۆپ نوسیبوو. بەڵام من پێم ڕاگەیاندبوو کە تەنها وارکشۆپەکەم بە دوانزە تا چواردەکەس دەکەم، لەگەڵ ئێوەشدا هەژدە خوێندکار بەشداری وارکشۆپەکەی کرد. کە خۆشبەختانە فیدباکەکی زۆری وەرگرت و بووە جێی ڕەزامەندی بەشداربوان. لە ڕۆژنامەکانی میسردا باسی لێوەکرا. یەکێک لەو شتانەی کە جێختیان لێکردبووە کە ئەم وارکشۆپە بە بەرامبەرو بە خەرایی. چونکە پەدەچوو هەموو وارکشۆپێک لەو ووڵاتەدا بە بەرامبەر بێت و بە بەرامبەر وارکشۆپ نەکرێت. وابەیاریشە لە ئایندەیەکی نزیکدا سەردانی شاری قاهیرە بکەمەوە بۆ پێشکەشکردنی شانۆیەک کاری ڕۆژی بۆ بکەم.

ووڵاتی میسر نزیکەی سەدو چوار میلیۆن دانیشتوانەکەیەتی و بیستوسێ میلیۆن کەسی لە پایتەختی شارەکەدا دەژی. ووڵاتی میسر یەکێکە لەو وڵاتانەی کە زانکۆ، مزگەوت، سینەما، شانۆ و مۆزەخانەی دێرینی لییە. زانکۆی ئەزهەر کە بەیەکێک لە زانکۆ دێرینەکان دادەنرێت کە و زانستی شەریعەت و فیقهی ئیسلامی تێدا وتراوەتەوە. میسر خاوەنی زۆرترین نووسەر، ئەدیب، ڕۆشنبیری و هونەرمەندی عەرەبە، کە هەرکەسە لە ووڵاتانی عەرەبیدا ناو پێگەیەکی تایبەتیان هەیە. جێگەی باسکردنیشە کە هەندێک لە ناوداران و ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی ئەم ووڵاتە بنچینە ڕەگەکی کوردستانیان هەیەو لە باب و باپیرانیانەوە خەڵکی کوردستانن و، بەهۆی سیاسەتی ناعەدالەتی و جۆروستەمی دەوڵەتی عوسمانییەوە یان ڕایانکردووە و پەراگەندەبوون یان بەزۆر نەفی ئەو ئووڵاتە کراون. یان لەگەڵ لەشکری ئیسلامیدا بۆ ئەو وولاتە هاتوون، نموونەیشیان زۆرە.

یەکێک لەو شتانەی کە لە شاری قاهیرە تێبینم کرد، شارەکە لە هیچ شارێکی ئەم دونیایە ناچێت، تەواو پیچەوانەیە، شەو ڕۆژ پیچەوانەی بەتەوە، لە شەودا گەلێک جوانترە وەک لە ڕۆژ، لە شەودا مرۆڤەکان بەخەبەرن، شەو جمێی دێت لە خەڵکانی هاتووچۆکەر.
خەڵکێکی زۆر دینداری تێدابوو، ئەوی بەدیم کرد زۆرلە پیاوەکانیان ناوچەوانیان شین ببوو کە لەم دەپرسی بۆ ناوچەوانت شینە، دەیان گووت ئەوە نیشانەی تاعەتی خودایەو ئەنجامی نوێژکردنی زۆرە. بەڵام لەراستیدا پیاوە ئاینیە تووندرەوە سەلەفیەکانی ئیسلام هەندێکیان فتوایان داوە کە ئەگەر ناوچەوانت شین بووە، مانای وایە تۆ لە خوداوە نزیکیت، بۆیە لەکاتی سوجدەبردندا زۆر بە تووندی ناوچەوان دەکێشن بەزەویدا.
قاهیرە شارێکە پاراستی ژینگەی لەدواپلەدا دێت، ڕەگەو بانکان لەبەر دووکەڵی ئۆتۆمبیل ڕەش دەچنەوە، زۆر بەدگمەن کافتریەک دەبینیت کە نەرگەلەو جگەرەی تێدا نەکێشرێت. ئەو هەفتەیەی کە لە قاهیرەبووین لەگەڵ هونەرمەند عمر دەرویش بە چەندان ساعات دەگەراین بۆ کافتریایەک کە نەرگەلە و جگەرەی تێدا نەکێشرێت بەڵام نەماندەزیەوە. شارەکە دەنگ و ژاوەژاوەکی سەیری هەیە کە لە هیچ شارێکی دونیادا نیە. بەشاری مەشولە بەناوبانگە، هیچ شوێنکی ئەم دوونیایە هێندەی قاهیرە مەشولەی نیە.

بەڵام بەدیوەکی تردا، شاری ئەدەب و هونەرە. لەگەڵ هاوسەفەرەکەم لە شەقامەکی پێنج کیلۆمەتری چوار سینەما و دوو هۆڵی شانۆیمان ژمارد سەرەڕای چەند ئەفیسەکی دەزگای هونەری. لەدەمی هونەرمەند و

ئەدیبەکانەکانیانی خۆیانەوە کە گرایانەوە، ئەو سەردەمەی کە جەمال عبدلناسر سەرۆک کۆماری میسربوو، کۆبوونەوەیەک بۆ هونەرمەندان و ئەدیبانی ئەو وەختە دەکات و، پێیان ئادگەیەنێت دەبێت سینەماو شانۆ بچێتە دوورترین کورەدە لە میسردا. ئەوانیش بەدەم بانگەواز و ئاسپاردەکێوە دەچن. هەموو شەوێک لەهاویندا سینەمای گەڕەک دەچێتە دوورترین گوند و شارۆکانی میسر، هەموو هونەرمەندا بەناوبانگەکانی ئەو دەمە بەشدارەبن لە پیشاندانی فیلم و پێشکەشکردنی شانۆیی و بەستنی کۆ و کۆبوونەوەی هونەری لە قەزاو دێهاتەکاندا. ئەوەش لەو سەردەمە دەبێتە بنچینەیەکی بەهێز بۆ پەیوەندی دەسەڵات و هونەرمەندان و کایە هونەرییەکە. میزانیەی وەزارەتی ڕۆشنبیری و هونەری ئەو سەردەمە زۆرترین پشکی بەردەکەوێت.

وەاتەکە زۆرترین ڕۆڵی لە هونەرمەندو ئەدیبانی خۆی دەگرت لە چاو وولاتە عەرەبی ئیسلامیەکانی تردا. شاری قاهیرە بەهەزارەها دەزگای شانۆ و سینەمای لێبوو، لە پاڵیشیدا لە نوێژی هەینیدا جادەکانیش بەرنادەکەوتن بۆ نوێژی جومعە. ئەو کافتریاو قاوەخانانەی کە هونەرمەند و ئەدیبەکانیان سەردانیان کردووە، بۆتە مۆزاەخانەیک، شوێنکی کلتووری ئەو شارە، یاخود ماڵەکانیان بۆ شۆڕیەکی کلتوری پاراستووە و کردویانە بە مۆزەخانە.

هەر لەو هەفتەیەدا دوای تەواوبوونی وارکشۆپەکەم هاوڕیەکی شاعیرمان بانگهێشتی گەڕەکەکی کەن میللی کردین، لە باڵەخانەیەکی کەندا کە پێیان دەوت صالەنی شیعری گەڕەک. گەورەترین شاعیری ئێستای میسر آحمد عبدالمعطي حجازي کە هاوڕێی نزیکی صلاح عبدالصبور بوو لەگەڵ چوار ڕۆخنەگری ئەدەبی، کە نزیکەی سی کەسێک کۆبوونەوو باسیان لە زمانی شیعری نوێ و کلاسیک دەکرد. بەتایبەت ئەو باڵەخانەیەوە، ماڵێکی تر هەبوو بەناوی بیت العود، کە بە موسیکزیانی کوردی نێسیر شەمە کرابووە و تەدا منداڵان و خوێندکارانی فۆری ئامۆری عود دەکرد.

مركز إبداع ومتحف
نجيب محفوظ

IBRAHIEM PHANSOUR
مصطفى أمين
MUSTAFA AMIN
AL SHARQAWI
عازر فرج عازر
Azer Farag Azer

ڕوانگەیەکی تر لە هەمبەر دەزی مەینەت … ستیڤان شەمزینی

-1-

ژنی ئەمە "کورد" زیاد لە هەر شت خۆی وەک جەستە دەبینێت. ژن هەیە بە شکانی نینۆکێکی دەستکرد کە چەند دۆلارێک خەرجی بووە، چەند ڕۆژێک ماتەمینی دەگرێت. بە حوکمی مانەوەی زەرم لە نەخۆشخانە، چەندان ژنی ڕۆژهەڵاتی یان سەر بە کولتوورە پریمیتیڤەکانم بینیوە لە کاتی تووشبوونیان بە کانسەر و ئامادەسازیی بە پرسەی شیمە تەراپی تەر بە هەوڕینی پرچەکانیان گریاون کە هەشتا بەسەریانەوە مابوون. ئەمە ئاوێنەیەکی بچووکە شتی گەورەتری تێدا دەبینین، بەوەی هەشتا زەرینەی ژنی ئەمە و هی هەموو شوێنەکانی تریش بە ڕۆژێکی فراوان خودی خۆیان و هەشەمەندییان کورت دەکەنەوە تەنە بە جەستە بایەلۆژیەکە. تەنانەت ئەو جەستەیش نا خۆیان دەیانەوێت، بەڵکو ئەو فەرمە لەشولارەی پیاو لێی داوا دەکات، ئەم داواکارییە و بینینی پیاوانیش بە بەردەوامیی لە ڕەهەندی سێکسوالێتی و دیدی پاتریارکییەوەیە، بەوەی پێویستە ژن بەدیەکی سەرنجڕاکێشی هەبێت.

نەشتەرگەریی جوانکاریی ژنان و بە کەمەڵایەتیکردنەوەی فەرمی کچانی فەتە مەدەل هەر لەناو هەمان بەتەدا خۆی دەبینێتەوە. وەک لای هەموانیش ڕوونە زەرینەی دیزاینەرانی مەدیلاتی جلوبەرگ لە نەرینە پێکهاتوون و بە کارەکیان سالیقەی نەرسالاریی خۆیان و پیاوانی دیکە ڕاچاو دەکەن. هەروەک "تەماس کاریلف" لە کتێبی "فەلسەفەی جلوبەرگ"دا ئاماژەی بە دەکات "ئەستا مرۆڤ جوانی سروشتییانەی جەستەی لە بیر کردووە، جەستەی بەتە جێگەی هەواسینی پۆشاکی تەنک و نیان". سیما هەلیەدیەکانی ژن مانای ڕاددەی بەرزی ئازادیی نییە، بەڵکو مانای بە کاڵابوون و ئەبژێکتەبوونی ژنی لە خۆگرتووە، ئاخر نموونە ئایدیاڵەکەی هەلیەد "مارلین مۆنرۆ"یە، ئەو ئۆکتۆڕە تەنیا وەک بەدیەکی قژشەنگ و سێکسی دەخوازی سێکسیزمی پیاوسالارانە زەق کراوەتەوە، ئەگەر لەمەش بگەڕێین تاکو ئەستا فەمینستەکی کورد و ناوچەکەم نەبینی بە پرۆتستەی دیاردەی بە کاڵابوونی جەستەی مەینەت قژی خۆی بتاشێت و نیشانی بدات ژنبوون کورت ناکرێتەوە بە لەشولاری نەرم و شل، چاو و ئەبرۆی جوان، زوڵف و کۆمی ئاڵی نەو جیهانی شیعری پیاوان.

-2-

ئەگەر بە دیدەکی مارکسیانە سەیری بابەتی چەوساندنەوەی ژن بکەین، یەکەمین ساتەوەختی جیاوازیی چینایەتی ئەو چرکەساتەیە قۆناغی دایکسالاریی "ماتریارکی" کە لە رووە ئابووریەکەوە بە کۆمۆنی سەرەتایی دەناسێنرێت، گۆڕانی دەکەوێتە لەژیی، یەکەمین قوربانی ئەو جیاوازییە چینایەتییەش هەر خودی ژن بووە کە بوو بە کاڵایەک لەو هەموو کاڵایانەی تری سیستمی پیاوسالاریی "پاتریارکی" سەپاندوویەتی. ئەمە دیدی ماتریالیستییە بە بنەچە و ئەو کۆشەیی پڕی دەوترێت کۆشەی مێینە، تاکو مرۆڤ لە جەبریەتی ئابووری و کۆشە داسەپاوەکانی نیولیبرالیزم و کاپیتالیزمی هاوچەرخ دەرباز نەکرێت، مومکین نییە ئەو تەوقەی لە ملی ژن کراوە بشکێندرێت. بە پێچەوانەوە ڕەوتی نیولیبرالیزم، لە هەوڵی سینەوەی هەموو ئەو دەستکەوتانەشدایە لە سەرەتای لیبرالیزم و گۆشەکردنی سەرمایەداریدا وەک پۆیستییەک بە پڕۆلیتاریزەکردنی کۆمەڵگە فەراهەم کران.

ئەگەرچی لە رووکەشدا ئەم ئارگۆمێنتە وەک دەگماتیزمی بیروباوەڕی "جمود العقائدی" دەبینرێت، بەڵام لە باری کردارییەوە فاکتەکی حاشاهەڵنەگرە. دەستنیشانکردنی ڕۆژێک بە بەرەنگاریی تۆندوتیژیی دژی مێینە، یان دانانی ڕۆژێکی تر وەک ڕۆژی جیهانیی ژن "هەشتی مارس"، هیچ نییە جگە لەو گەمە بچووک و ئەفیۆنە ریفەرمیستییە لابەلایانەی سیستمی سەرمایەداریی هەمەنی پێ دەدات. تە ئەگەر خوازیاری کۆتاییهێنان بە تۆندوتیژیی و هەڵاواردنی جێندەریی بیت، ئەولەویترین کارت بەگژداچوونەوەی سیستمی پیربووی سەرمایەداریە، هەروەک "نینا بیرەک"ی فەمینستی سۆسیالیستی پەیدات "لەژیکی سەرمایەداریی بریتییە لە ڕاوکردنی قازانج" و پایەکانی ئەم سیستمەش لەسەر باڵادەستی ڕەگەزیی و ئابووری ڕاوستاوە، بە ئەم هەنگاوە ریشەیی و ڕادیکاڵە هەرچی تر بکرێت خولانەوەیە لە بازنەی کولتووری باوکسالاریدا، وەک وتیشم پیاوسالاریی کۆنکرێتکی هەر گرنگی ڕیژەمی سەرمایەیە.

-3-

ژنان ناتوانن بە پیاوان و پیاوانیش ناتوانن بە ژنان هیچ هەنگاوێک بە ئازادیی بنێن، ڕەنگە ئەم تێزە ڕوانینە هەندێک فەمینستی ڕادیکاڵ هەراسان بکات، وەلە من لە ریشەوە بڕد گوومانم لە هەبوونی ریزێکی فراوانی ژنانی فەمینستی کورد. ئەوە ڕاستە مێژووی جیهان مێژوویەکی نەرانەیە، هەر ئەوەی تەکەای پەغەمبەرەکان پیاون، تەنانەت تەکەای فەیلەسوفەکانیش هەر نێرن، ئەمە کارەکی کردووە ئاین و فەلسەفە یارمەتی نێرینەیی دنیا بدەن، دنیا ئێستا پۆیستی بە مێنەیە، ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی پۆیستی بە مێنەیە. ئەم

کارەش بۆ هاوبەشی لەگەڵ ئەو نەرانەی دەکرێ بەوایان بێ هەیە جێندەریزەکردنی ژیان و دنیا بەلاڕێدا دەمانبات و لەوسەری ستەمکاریەوە سەردەردەهێنێت، ژیان دەبێت بەشێوەی مرۆڤسالارانە رەنگدانەوە بکرێتەوە. فەمینیزمی پەڕگیر کە کینەی بەرامبەر بە پیاوی بایەلۆژیی هەیە، مەترسیدارترە لە پیاوسالاریی. بەیە لە پەناوی چەسپاندنی یەکسانی رەگەزیی دەبێت بەرامبەر بە کولتووری پاتریارکی بوەستینەوە، نەک جەشنی قەزهاتنەوە لە پیاو بەدین وەک بەدەن و قەبارە بایەلۆژیەکە.

ئەمە پێویستیمان بە بزووتنەوەیەکی فەمینستیی "بە ژن و پیاوەوە، بەو پێیەی لە بناغەوە فەمینیزم رەبازێکی فیکریی داکۆکیکار لە ژنە یان تیرییەکە بە دەرخستنی ناهاوسەنگیی رەگەزیی" ژن بهێنێتەوە سەنتەری ژیانی سیاسیی و بەڕێوەبردن و کۆمەڵایەتی و ئابووری. ئەگەرچی لە رووکەشدا هەنگاوەکان دەبینرێن بەو ئاراستەیە، بەڵام ئەم پرسیە لە پشتەڕدا زیهینییە، ئەمەش کاری رەشنگەرانەی زۆری پێویستە تاکو پیاوسالاریی وەک عەقڵییەت لە مشکی مرۆڤدا ریشەکێش بکرێت. ئاوەزی نێرسالاریی درەکی تایبەت نییە بە پیاوان، دەبێت بزانین بەشی هەرە زۆری ژنانیش هەڵگری هەمان ئەو قایرەسن. هەر لەم روانگەوە دەبێت پیاوسالاریی وەک سیستەمکی گشتگیر کە سایەی کردووە بەسەر هەشمەندیی زەرینەدا بە هەردوو رەگەزەوە حیسابی لەسەر بکرێت. نەک وەک ئارەزوویەکی سادیستانەی پیاو "پیاوی بایەلۆجی". هەر بۆیە لەیەکەم دەڕدا گرنگی ئەو خەباتە هاوبەشەم بە بیر هێناوە.

-4-

میلیتاریزەی ژن هیچ کاتێک مانای دەستبەری بەکی زەر لە مافی ژن ناگەیەنێت، بەکو بەشێوەیەک لە شێوەکان ژن دەکاتە سووتەمەنی بەرەو پشچوونی سیاستێک لەسەر بنەمای نێرسالاریی خێ فەرمەکردووە. خەریکە دیاردەیەک لە کۆمەڵگەی ئەمە زەق دەبێتەوە کە وێنای ژنی ئایدیاڵ و ئازاد لە دیمەنی چەک بەدەستبووەنی کچە گەریلا و شەڤاندا خێ دەبینێتەوە. جیاواز لەوەی ئەم وێنایە وێنایەکی ساختەیە، لەوەشدا مەترسیدارە ئازادیی ژن تەنیا لە چەکدارکردنی ژندا کورت دەکاتەوە. لە کاتێکدا وەک وتم زەرترین جار میلیتاریزەی ژنان سیاسەت و ئایدەلۆژیەکی پیاوانە دەباتە پشەوە، ئەمەش بە خێ جەرەکە لە زەوتکردنی ماف و ژیانی نەرمالی مەینە.

ئەم تەرزە روانینە بە ئیفەکتی ئاپچەتی خەریکە دەبێتە باوەکی کۆنکرێتی، بە ئەوەی بیر لەوە بکەینەوە سیستمی تەتالی ئاپچەتی، وەک رەوتێکی ئایدەلۆژیی تاکەهەند و نێرسالار ژنی کردەتە رەبەتکی عەسکەریی، نەک ئەوەی سیستەمکی هەنابەتە ئارا لەسەر بناغەی

یەکسانیی ڕەگەزیی. داتاشینی ئەو پەیکەرە ئایدیالە بە ژنانی گەریلا زادەی روانینی سەکسوالیتییە بە ژن، بەوەی ژن ئاستی خۆی لە ژنەوە تێپەڕاندووە بە بوونەوەرێکی تر، بە جەنگاوەر. ئەگەرنا بۆچی داهێنرانی ژن لە بواری کانی هونەر و ئەدەب و نووسیندا ئەو ئەفسوونیان لە چواردەور دروست نەکراوە؟ بەکو هەمیشە وێنایەکی دزێویان لە ئەندێشەی زەرینەدا هەیە، "هەبەتە لەردا باسی دەخی کوردیی دەکەم" بۆچی هەمیشە ژنانی یاخی ناچەکدار لە "قەحپە" زیاتریان پێ ناوترێت؟.

وا دەهزرێم ناسیونالیزم و ئایدیالۆژییە تۆتالیتارییەکان پێویستیان بە داتاشینی قارەمان و سوپەر مرۆڤ، ژنە گەریلاش ئەو سوپەر مرۆڤانەن لە کارگەی ئایدیالۆژیی ئاپۆچێتیدا بەرهەم هاتوون. خۆ ئەم چەکدارکردنەی ژن چ لە جیهان چ لە کوردستان دیاردەیەکی نوێباو نییە، جیا لە سوپای فەرمی دەوڵەتان، چەندان بزووتنەوەی ئەپۆزیسیۆنی چەکدار ژنانیان چەکدار کردووە. ئەگەر پێنا بە نموونە ببینین ئەو بزووتنەوەی سەربەخۆیخوازی میللی لە نیپاڵ وەک بزووتنەوەیەکی چەپی ماویستی چل دەر سەدی گەریلاکانیان ژنن. هەروەها زۆرێک لە نەواتی سەربازیی پێنگەکانی تامیل لە سریلانکا لە ژنان پێکهاتوون، من هەر بە ئەنقەست نموونەی ئەو دوو هێزم هێنایەوە، چون ئەو کەمگایانە لە باری فەرهەنگییەوە لە دواوەن.

لەم سەنگەوە دووبارە جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە میلیتاریزەی ژن نەک ماف نییە بەکو فەرمکی ترە لە چەوساندنەوە. ڕەنگە ئەم قسانە بە ئەم چرکەساتە تووڕەیی زەرمان بەسەردا بڕژێت، بەهەی ئەوەی کەوتووینە ژێر سێزی ئەو وێنا سوپەرانەی لە میدیاکانەوە دەیانبینین، بەڵام بە ڕەوینەوەی تەمی ئەم سێزە و لەگەڵ یەکەم قسەی عەقڵدا، تێنانێت لەوە تێدەگەین "ژنەلۆژیی" عەبدوڵا ئۆجەلان، کتێبێکی سەفستەئامێزە. ئاخر ئاپۆ لەو کتێبەدا ڕەتی پێغەمبەرێک دەگێڕێت تاکو تیۆریسیەن، ئەو دووبارە پێگەی ژن بەرز دەکاتەوە بە ئاستی خواوەندێتی، ئەمەش خواستی پاکیزەیی ژنانی لە خۆگرتووە، هاوکات بە ئەوەی ژن بەرزبکاتەوە بە ئەو ئاستە خواوەندییە دەبێت لە ژنەوە ببێتە شەشگەڵێک، ئەمە دروست پرسەی بە پیاوبوونی ژنە، لە ئەرزی واقیعشدا کچە گەریلا دەبینین تەنیا سمێڵی لە پیاو کەمترە.

ستیڤان شەمزینی
یانیوەری 2020
ستۆکهۆڵم

ئایە دەکرێت لەمەی خۆکی بکەین لە ئانپێینیـــــــان دژ بە دەستات؟ … زاهیر باهیر

زۆرێك لە نوسەران و ڕۆشنبیران و ئەهلی فەیسبووك سوکایەتییەکی زۆر بە دانیشتوانی کوردستان دەکەن کە گوایە ترسنۆکن، هیچوپوچن، هەر شایستەی ئەو ژێردەستی و زێرداری و نەبوونیین. هەندێکیشیان ئەهەنانە و دەیانکەن بە مەڵ و پێویستبوونیان بە شوان.
من ئایکی زۆر جیاوازم لەو کەسانە هەیە و هەرگیزیش ڕێگا بەخۆم نادەم ئاگر خۆم، یامنداڵەکانم لە پشتەوەی ناڕەزایی و خۆپیشاندانەکانەوە، نەبم و نەبن ، بۆم و بانگەشەیکی ئاوا بکەم و هاوکاتیش تاوانباریان بکەم بە نەکردنی کارێك لەوانەی سەرەوە.
بۆیە ای من ئەوەی کە لە کوردستانا دەگوزەرێت هەمان شتە کە لە سەراپای وڵاتانی ئەوروپی و ئەمەریکی و کەنەدا و ئوستراليا و وڵاتانی دیکەدا دەگوزەرێت. بە بەراوردیش بە دەوڵەمەندی ئەم وڵاتانە و ئەو جۆری ستاندەردی کە ژیانی خۆکی لەڕ پێویست دەکات، زەمینەی ئاپڕین هەیە. لەم وڵاتانەش زۆر داخوازیی و پرس هەیە کە خۆکی دەبێت ڕۆژانە بۆی بچێتە سەر شەقام و تەنانەت لە وڵاتکی وەکو بریتانیا و ئەمەریکادا زۆر ڕوایە کە خۆکی بە هەموو چەشنەکان دژایەتی دەوڵەت و دەسەڵات بکات بۆ بەدیهێنانی داخوازییەکانیان.
بەهەر حاڵ ئەویان پرسکی دیکەیە و من زیاتر دەمەوێت لەسەر کوردستان [باشور] بدوێم و هەکاری ئەوەی کە بەچی خۆکی ئامادەی ئاپڕین نییە، قسە بکەم. گومان لەوەدا نییە کە بارودۆخکی یکجار خراپ لە کوردستانا دەگوزەرێت و دانیشتوانی ئەوە زۆر زیاتر لە ئەمەیك کە لە دەرەوەی ئەوان دەژین دەزانن و هەر ئەوانیشن کە زیاتر لە هەموو کەسکی دیکە باجکەی دەدەن .
بۆیە ای من هەکارێك هەن کە خۆکی لە کوردستانا ئانپڕین و قەبوڵی ئەو بارودۆخە دەکەن. ئەو هەکارانەش:
یەکەم: تەکنەلۆجیکی کولتووریی خۆڕایەتی و دینی: ئەمە ڕۆگرکی گەورەیە لەوەی کە خۆکی بە خۆیدا بچێتەوە و بیرۆکەت چارەسەری

زامکانی خی بکات و پنا بۆ شتك لایەنکی دیکە، نەبات. ئەو کولتورە دینی و خێڵەکییە هەمیشە لەخزمەتی دەسەڵات و سەرۆکایەتی و باڵادەستیدا بووە و یارمەتی مانەوەی ئەوانی داوە و کاری داخوازیکردن بووە لە هەژاران و بۆ قبوڵکردنی ئەو بارودۆخە ، نەبا خوا خراپتری بدات ، کە ئەمەش لەناوگادایە.
دووەم: کەمەڵی کوردی: لانی کەم کەمەڵی کوردی لە ساڵی 1946 وە تاکو ئێستا ئاگای پێنەدراوە کە بۆ مەشك و عەقڵی خی بیر بکاتەوە یاخود متمانە و بروا بکاتە سەر خودی خی ئەوەش بەشکی بۆ هەبوونی هەمە چەشنە و زەرینەی پارتی سیاسیی کە هەموو هەوە و کەشیان لە پنناوی دەسەڵاتا بووە. بۆ ئەمەش ئەوان شێوەی فکری و سەربازیی مێدانییان کردووە بۆ زیادکردنی پانتایی هەژموون و دەسەڵاتیان. هەر بەم هەکارشەوە ئەوان هەمیشە لە ڕواندنی تەوی ئیدەلۆجییەتی خیانا بوون لەو شونانەدا. هەموو ئەمانەش وای لە خەڵکی کوردستان کردووە کە بەوا و متمانە بکەنە سەر ئەوان ، لەبری خیان .
سێیەم: سیستەمی پەروەردەی خزانی و ئاشنەبیریی و فەرهەنگیی : ئەمانەش کەهەر هەموویان لە سەر بناخەیەکی قوچکەیانە دامەزراون ، کار و هەوڵیان لە پنناوی دروستکردنی تاکی ئازاددا نەکردووە. تاکەکیان دروستنەکردوە کە بناخەیەکی پتەوی خە خیی و سەربخۆی ، هەبەت بەکو لەبری ئەوە تاکەکیان دروستکردووە کە دوای کولتوری کەمەڵایەتی [بەشە خراپەکەی] و دینی و وابەستەیی و نامەیی، ببەت.
چوارەم: ئەو بارودۆخە تایبەتییەی کە کوردستانی تیادایە : ئەو بارو دۆخە تایبەتییە کە کە کوردد لەوەدا پێیدا تێپەیوە و هەر لە کارەساتی شەڕی نەگریسی کوردایەتی و ئاگوزینی زۆرە ملیی و کوشتن و بڕین لە سەر دەستی حکومەتە یەکبەدوایەکانی عێراقدا و کیماوی و ئەنفال و مانەوە لە بەرانبەر هێرشەی گەورەتری حکومەتانی دەوروبەر : عێراق، ئێران ، تورکیا .. ئەمان هەمووی وبوونی بارگ لە ئەزموون بە خەڵکی وای لەکردوە کە دەبەت هەنگە هەر " دەستی لینەدەین، باشتر بەت" . بی گومان میدیای دەسەڵات و حکومەتی هەرەم و حیزبەکانیش هەمیشە بەوە خەڵکی کوردستانیان ئاگرتووە و ترساندووە.
پێنجەم : فاشیەتی دەسەڵات : حکومەتی هەرەم و دەسەڵاتکەی هەر وەکو هەموو دەسەڵاتکی دیکە دەندە و فاشین لەسەرکوتکردنی خەڵکیدا. دەسەڵات هەر کات کار بگاتە سەر ئەوەی جگایان پێ لێق بکرێت بە هیچ شێوەیەگ دەستناپارێزن لە کوشتن و بڕین و هەموو شێوەیکی تەقاندن و تیرەر دژ بە خەڵکی ئاپۆیو بکاردەهنن. خەڵکی لە کوردستانا ئەمیان بیینوە و دەیبینن و ناکرێت هەر وا بە ئاسانی سنگی خیان و منداڵیان بنەنە بەر گولەی دەسەڵاتەوە.

شەشەم: خودی بارودۆخی کوردستان: ئاستی ئەمڕۆ بارودۆخی کوردستان خراپە بەڵام هەشتا بە بەراورد بە خۆکی بۆغدا و باشور و ئێران و میسر و هیندستان و پاکستان و نایجیریا و خواروی ئەفریقا و زۆری تر لە وڵاتانی دونیا، بارودۆخی خۆکی لە کوردستان زۆر لەوان باشترە . ئیتر خۆکی بە جۆرێك لە جۆرەکان ژیانی خۆی دەبر کردووە و ئەو برستی و هەشوووتیەی کە لەو شوێنانەی کە ناوم هێنان، هەیە ، لە کورستاندا ئەوەندەی من بزانم، نییە. دیارە ئەمەس ئەوە ناگەیەنێت کە دەبێت برستی و نەبوونیی، شەش و ئاپۆیەن دروستبکات، بەڵام بمانەوێت و نەمانەوێت ئەوی خۆی هەیە.

شەشەم : ئەوی چەپ و کۆمۆنیست و ئۆنارکیستەکان: لە ئاستیدا چەپ و کۆمۆنیستەکان هەڵکی ئەو تیان نەبووە لێناو خۆکیدا. شەوی نوخەیی خەیان لەسەر دەسکەات و پلەبەندیی نەو حیزبایەتی و شەوی ئیدەلۆجیانە کردونی بە چەندەها بەش و کەرتەوە کە ناتوانن دەورەکی ئاوایان لە کوردستانا هەبێت هەم لە پشتگیری خۆکی و هەم لە بەشداری خەیشاندانەکانا، لە هەر ڕووداوێکدا کە دێتە پێشەوە.

هەرچیش ئۆنارکیستەکانە ئەوانیش پێگە و سەنگەکیان لە کوردستانا نییە تا ئەستاش قورسایی سەرەکی خراوەتە سەر کردنی هەڵمەتی هەشنگەریی سەبارەت بە ئۆنارکیزم و ناسینی و گواستنەوەی ئەزموونەکانی دەرەوە بە ئەوە. بە پلەی دووهەیەش بانگەشەی دروستکردنی گروپی خەجێیی ئاسیانە و هەڵکخراوی جەماوەریی ناقوچکەیی و کردنی کاری هەرەوەزی، دەکەن . ئەمە جگە لەوەی کە ئۆنارکیستەکان باوەیان بە حیزب و هەڵی حیزب و سەرکردایەتی و ئابرایەتی هیچ جۆرە خەپیشاندان و ئاپەینەك نییە. ئەوەی کە ئەوان باوەیانە بەشداریکردنە و چالاکبوونە لەو ڕووداوانەدا و گواستنەوەی ئەزموونەکانە و متمانەپێکردنی تاکە و دروستکردنی وەرکشەپە بە لێکدیەوە فەر بوون و هاوبەشکردنی هەشنبیریی و بەهرەی شەخسی [تالەنت] و سەلیقە و توانایە . هاوکاتیش هەگەرتن ، گەر بکرێت ، لە حزب و حیزبییەکان و کەسانی ناودار و ئیدەلۆجیا بە کەنترۆکردنی خەلکی و لە قاڵبدانیان بە مەبەستی بەکارهێنانیان بە بەرژوەندی تایبەتی حیزبیان و کەسایەتییەکان و دەوڵەتانی دەرودراوسێ و ناوچەکە.

ئالێردا پێ لەوە دەنێم کە بەشکی نەبوونی جوڵەی کۆمەڵایەتی دەکوێتە سەر ئەستەی ئەمە هەموومان کە دەکرێت لەمەی خەمان بکەین ، نەك خۆکی کە نەمان توانیوە ئەو پێگە و سەنگەمان هەبێت چونکە لە ئاستیدا هەکارەکی ئەمە دگەڕێتەوە بە ئەوەی کە ئەمە وەکو پۆیست چالاك نین و نەمانتوانیوە و ناتوانین ، فکر و مەبادیئەکانمان بە باشی و بە ڕوونی بگەیەنینە خۆکی .

زاهیر باهیر
04/03/2020
Zaherbaher.com

ئای لەمینا.. مینای دڵم ئەشکێنێ .. چنوور نامیق

کەلووی دوانە باسی بەختم بێ ئەکات و
پێکەنین رووم داگیر ئەکا
سەر ئەنجمە پەنجەرەیەکی بێ مینا
(ئای لەمینا) ، دڵم ئەکاتە هەمات و
دەستی درێژی درەختێك
لە پەنجەرەی شکاوەوە
دەیان جار دڵم ئەگ...
لەبێ مینایی پەنجەرە (ئای لەمینا)
مینای دڵم ئەشکێنێ
بەبێ ئیزن
بەناو شاری نوتەکی روحما گەشت ئەکا...
لەبێ شوشەیی پەنجەرە
چاوم لێیە
سەردەمی تاعونی کامێ و
ئەوینی دووری کۆڵرا
بەدوای کۆرپانا ئەگەن..
لە بێ مینایی پەنجەرە
لێو ئەنجمە سەر پەناوی فێیوی با
تا تەنیاییم کەکەمەوە
سەر ئەنجمە سەر خەمی پیرێزی زەوی
لەسجودا خەم بیر ئەچ.....
لە سەردەمی کولەراوە بەوەم و
وا سەردەمی کۆرپانایە
ناگەمە جێ.....
لەبێ مینایی پەنجەرە

گۆم لە شپرزەیی تایە
لۆ ئەنجمە سەر دەستە زبرەکانی شەو
بۆ نازانی لەرزوتای شەوان تاعەتە؟
لەپەنجەرەی شکاوەوە
سەر ئەنجمە سەر زەوییە دەردەدارەکەم
لە قوژبنی سەد ساڵ تەنیایی خەیاڵم
جیئەمێنم...
هەڵبەستەکەم
کورسیکەی خۆی ئەسوێنێ
باسی وەفای پشیلەکە و سپلەیی سەگم بۆ ئەکا
باسی ساردی خۆرەتاو و
دڵگەرمی مانگم بۆ ئەکا
باسی خوێندکاری سەلار و
مامۆستا لاسارەکانی پۆلی تاعونم بۆ ئەکا
باسی عەشقێکی لە بیرچووی بەر دەرگای شەوم بۆ ئەکا
منیش بوومە بەبوکەڵەی
(ئای لەمینا)
بەویستی خۆی ئەمجولێنێ

لە بۆ شوشەیی پەنجەرە
عەشقی سەردەمی کولێرا
خۆی بە پەنای روحما ئەکا و
ڤێرمینا بەدەستکێشەوە بەبەردەمما دێت و ئەچێ ...

لە بی َمینایی پەنجەرە
هەورێکی شپرزەی ئاسمان بەکەمامەی گومانەوە
بەسەر باخە قژ ئاڵزەکەی روحی مندا
زۆر ڕەمانسیانە ئەبارێ
کەدەبارێ ئەمکا بەتۆ...
باوانەکەم
سەخاوەتی پەتای عەشق
وێرانە هەواری کردم.....
بڵداریم مەکە ئاوێنە
با نهێنی شەونوێژی من
لەپاڵ نێرگەلەیەکی دڕپێا
سەدای مینا نەشوێنێ...

هەڵبەستەکەم

ئێستا نەزان بە جادەکانی بێشاریم
نابینا بە لێم بوونم،
لە نێوان کاتی کوڵرا و ئالودەبوونی کڕانا
لێم ناگەڕێ بەم و بچم...
لەگەڵ پارادۆکسەکانی هەبەستەکەم
نێرگەلەیەك بەدەنگی تەم ئاشنا ئەکا و بەخێم نامێ
لێرە کەس بە ئاشنا نابێ
لەکەناری هەتیویمدا ئارەزووی کێشی تێ ئەکەم
ئەی میهرەبان...
هەبەستەکەم کورسێکەی بەجێ ناهێڵێ
نەبا کەسێك لەگەڵ تەنیاییم دانیشێ
لێناگەڕێ
بچمە لای غەریبیمەوە...
من ئەڕۆم و هەبەستەکەم هەر کورسێکەی جێ ناهێڵێ
لەبێ مینایی پەنجەرە ئای لەمینا
مینای دڵم ئەشکێنێ و
بەتەنیشتما گوزەر ئەکا.
کلووی دوانە باسی بەختم بێ ئەکات و
دوای سەردەمێك
لە پەنجەرە شکاوەکەوە ون ئەبم..

4-3-202
تێبینی

(ئای لەمینا) مەبەست گڕانی ئای لەمینایە
هەبەستەکەم.. هەبەستی کچم
مینا – شوشە

منااڵێک بێ پێشی سپێوێ ... نێوزاد بێندی

هێشتا

حەزئەکەم بچم بۆ دوکانی
کەنانەکەی ئەودیو ،
لولەیەک تاعین و
سۆ نوقڵی ترش و شیرین
بکڕم و
بۆ ئاکردن بەمەو بۆ ماڵ ،
نەک قەڕاج بمفڕێنێ ..
هێشتا منانەکەی جارانم ،
حەزئەکەم
هەر نەرگز کاوتە ناوبازاڕ ،
وەک گاکاویی
کە قیروسیا لە کەبەی تیمساح ئەکات و
ئەواتە ناو ئووبارەوە ،
پۆ بۆ جەرگی خەما بنێم
قیروسیا لە بەکس خەنجەر
قیر وسیا لە قەچەقانی
شەقاوەکانی سەرکارەز بکەم و
بۆ ئاگری نەورەز
ئاکەم بۆ تایە کەین ..
پۆ بەدە ئەمەوە
کە شەوی هاوین
فەرشی ئەستەرەی داخست و
مەشولەکان
لە دەوری گەپی نیەنی
ژووری هەوربان
دەستیان کرد بۆ دانس و سەما ،
بۆ خەم و بیجامەی
خەت خەتی پەپلین و
ئادیەیەکی EIC
پرتەقاڵیی
قەبارەی پاکەتە سیگار ،
بۆ تەنیا بچم بۆ سەربان ..
بۆ هەر چوار لادا بڕوانم،
لە دوای تاکە وون بووە
نەناسراوەکەی
خەم بگرێم ..
لە دەرگا ئەپاڵەوە ،

جارێکی تر
دەنگی لە دەرگادانەکەی
باوکم
بە لەبداتەوە ،
ئەڕە تە بڵێی دەرگاکان
میمەری و ئەو شتانەیان
تێدا نەبە ؟
تاکو دیسان بە تاسەوە ،
ئاکەم دەرگای بە بکەمەوە ..
پێش ئاوڕا بوونی دەرگا
بەنی زەمیلە هەرمەکەی
بەتە ئەمدیو …؟!
نەتەی دەنگی
دوو ڕیشەی
ناو زەرفەکی کون کون بمکا
بە خەشبەختترین بوونەوەر..!
هێشتاکە هەر
چاوەڕوانی
پێشمەرگەشکە ئەکەم ،
کە ژنانی
گوندەک زەر پێی تەک ئێچوون و
ئێیانووت : ددانی بە دەمی منانی
گوندەکەوە نەهێشتووە،
ئەو عەبوسی
شەکرفرۆشی
نانجیبە..
کە لەلای منانی گوندەک
جوانترین و
بە ئەمەکترین
بە کەڵکترین
فرۆشیاری
هەموو شار بوو ..

من هێشتاکە ….
منانم.. هەر منانم
منانەکی
پێست چرچ و لەچی

سەر سپی !

جەنگی ئەمریکا و تالیبان، لەقەتەرەو پێ دەنێتە قۆناغێکی تر … ئەحمەد کامەران

ئەمریکا وەاتە زلهێزەکەی جیهان کە بەچەکە پێشکەوتوەکانی و بە ئابووریە بەهێزەکەی بەردەوام خۆی بەسەر هەموو جیهان دەسەپێنێت بەتایبەتیش ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بەردەوام هەوڵدەدات لەژێر سیاسەتەکانی خۆیدا بێت وپەنجەی هەرکەسێکیش دەقرتێنێت کە دەست بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا بگرێت, وە هەروەها بە یاری هەڵگیرسانی جەنگ دەدات لەگەڵ هەر وەاتێك و هەر گرووپێکی تیرۆرستی کە بزانێت دەبێتە هەکارێك بۆ تێکچوونی ئاسایشی وەاتەکەی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەمەش لە پێناو چاوە جوانەکانی ئەم ناوچەیە نیە بەکوڵە پێناو خێر و بێرە بە پیتەکەیتی کە دیارترینیان(نەوتە).
ساڵی 2003 ئەمریکا بە یاری جەنگی دا لە دژی ڕژێمی بەعس و سەدام حسێن و بەهانە بۆ دواجاریش لەناوی برد و عێراقی ڕزگار کرد لە دەستی حکومەتێکی دیکتاتۆر بەهانە لەپاشان عێراق پێنایە قۆناغێکی هەشی حوکمڕانی ئاڕاز کە بەچەندان دیکتاتۆر هاتنە گۆڕەپانەکەوە.
ساڵی 2014 گرووپێکی تیرۆرستی سەری هەڵدا بەناوی داعش کە جارێکی تر ئەمریکا بە یاری جەنگی دا دژی ئەو ڕێکخراوە تیرۆرستیە کە بەهاوکاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سووپای عێراق بۆ دواجار توانیان شانە زیندوەکانیان لەناوببەن بەتایبەتیش لەپاش کوژرانی سەرکردەکەیان بەناوی ئەبوبەکر بەغدادی لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە.
بەهانە درێژترین جەنگی ئەمریکا کە بۆماوەی بیست ساڵ بەردەوام بوو ئەویش جەنگی ئەمریکا و تالیبان بوولە ئەفغانستان کە ئەمریکا لەو جەنگە بەهەزاران سووپا و زیانی ئابووری پێگەیشتووە , سەرەتای هەڵگیرسانی ئەو جەنگە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2001 کە هاوکات لەگەڵ ڕووداوەکانی 11 سێپتەمبەری ئەو ساڵە کە لەلایەن فڕۆکەیەکەوە

هەرش کرایە سەر چەندین تاوەری گرنگی بازرگانی ئەمریکا کە بە هەرشەکی تیرۆرستی لە قەڵەم درا کە بەسەرۆکایەتی ئوسامە بلادن سەرۆکی ڕێکخراوی قاعیدە ئەنجام درابوو, لەو کاتەوە جڕج بۆش سەرۆکی ئەوکاتەی ئەمریکا بۆیاری جەنگی دا دژی ڕێکخراوە تیرۆرستیەکانی ئەفغانستان لەنێویشیاندا تایبان کە ئەم ڕێکخراوە لەساڵی 1994 دامەزرابوو , ئەگەر چی ئوسامە بلادن پاش چەند ساڵێك لە ڕووداوەکەی 11ی سێپتەمبەر دا بۆ دواجارلەساڵی 2011 کوژرا بەڵام جەنگ کۆتایی نەهات لەنێوان هێزەکانی ئەمریکا و تایبان بەڵکو جەنگەگە زیاتر گەرمی پێوە دیاربوو, بەهۆی ئەم جەنگەوە ئەفغانستان ڕۆژ بەدوای ڕۆژ بەرەو دواکەوتوترین وڵات هەنگاوی دەنا لە دەر ئەنجامی ئەو جەنگە بۆ ئامانجە.
بەڵام بۆ دواجار لە بەرواری 29 ی شوباتی 2020 لە شاری دەوحەی قەتەر ڕێکەوتنامەیەکی ئاشتیانە مۆرکرا لەنێوان (تایبان وئەمریکا) ئەمەش دوا بەدوای ئەوە دێت کە ئەمریکا لە لەسەرەتای ساڵی 2020 وە کەسایەتیەکی دیاری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تیرۆکرد لە فڕۆکەخانەی بەغداد ئەویش قاسم سولەیمانی بوو زەبرێکی کووشندەی لە ئێران و سیاسەتەکەی وەشاند , واتە دەتوانم بڵێم حکومەتەکەی دۆناڵد تڕامپ زۆر جیاوازتر بوو لە حکومەتەکانی پێشووی ئەمریکا کە توانی زۆر بەوشیوەیەکی بوێرانە سەربکەوێت بەسەر سەرجەم پرسە سیاسی و ئابووری و گرووپە تیرۆرستیەکان بەتایبەتیش لە کوشتنی قاسم سولەیمانی و ڕێکەوتنەکەی لەگەڵ تایبانداکە لەپێشتردا بەتایبەتیش لەسەردەمی ویلایەتی باراك ئۆباما نەی دەتوانی هیچ کام لەم دوو کارە ئەنجام بدات, ئەگەرچی هێشتا نازانرێت دژی ئەمریکا و دۆنالد ترامپ و بەتایبەتیش ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو کوێ هەنگاو دەنێت هەتاوەکو پاش هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا کە ئاخۆ بۆ جارێکی تر تڕامپ دێتەوە گۆڕەپانی سیاسی یاخود ماڵئاوایی دەکات و سەرۆکایەتی بۆ کەسێکی تر و بۆ سیاسەتێکی نوێ بەجێ دەهێڵێتەوە ....
ئەگەرچی ڕێکخراوی تایبان بەگرنگترین ڕێکخراو دادەنرا بۆ هاوکاریەکانی داعش لە عێراق و سوریا لە سەرەتای ساڵی 2014 , کەچی خۆی لەبنەڕەتدا تایبانیش هەربەتەواوکەری فکری داعش و قاعیدە و گرووپە تیرۆرستیەکانی تر دادەنرێت بەڵام لەژێر ناوێکی ترەوە کارەکانی خۆی ئەنجام دەدا, کە ئەفغانستانی خستبووە گەورەترین قەیرانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵاتیەتیەوە, لە نێویشیاندا ئافرەتان لە ئەفغانستان گەورەترین قوربانی دەستی ئەو ڕێکخراوە بوون , چوونکە ڕێکخراوەکە لەسەر فکری ئاینی ئیسلام بنیات نرابوو کە ئەمەش وای کردبوو بەناوی ئاینەوە ئافرەت لە کونجی ماڵەکانی

خۆیانەوە زیندانی بکرێن, یاخود جیاواز لەوانە ئافرەتان و کچان گەورەترین هەڕەشەی دەست درێژی سێکسیان بەسەرەوە بوو لە ئەفغانستان, بەڵام دوا بەدوای ڕێکەوتنامەکەیان لە قەتەر, ئومێدێك بەدی دەکرێت کە بارودۆخی ئەفغانستان و فکری تیرۆر کۆتایی بێت لە ئەفغانستان و تەواوی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست, یاخود بەپێچەوانەوە ئەگەری سەرهەڵدانی فکرێکی نوێتری تیرۆر چاوەڕوانی ئەفغانستان ئەو ناوچانە دەکات بەڵام بە بەرگێکی جیاوازترەوە بێیە دەبێت چاوەڕوانی دیمەنەکانی داهاتوو بکەین کە بزانین چیمان بۆ دەخاتە ڕوو.

لێرەدا پرسیارێك دروستە دەبێت کە ئاخۆ بە هەڵگیرسانی ئەو جەنگە و لەپاشان ئەنجامدانی ڕێکەوتنچ دەسکەوتێکیان بەدەست هێنا؟

ئەحمەد کامەران| نووسەر و ڕۆژنامەنووس

سووتووی مێژوو … ستار ئەحمەد

لە کاتێکدا
داود ئۆغڵو
کورد دەکوژێ
کچی سەرکردەکانی ئەمە
لە ئەنقەرە
ڕووماتی دڵەسنووە
پێیان زەرە
دیکتاتۆرێك
ڕوویەکی خۆشیان بداتێ
ئەوتانێ
ئەمریکا
بارگای داعش
دەڤەنێ
نەوکوو زەبریان بگاتێ
هەر بەرپرسکەی خەمانێ
تەنکەری نەوتیان دەداتێ

چش لە پەشمەرگەو
شەهیدان
کە لە ئەحوالیان دەپرسە
کوردستان هەر چوار پارچە بوو
لەسایەی سەری ئەمانە
ئەستا بووە بەستەو سە
ئای کە باری خاك گرانە
هەر رۆژی کەرتکی دەمە
نەبووە لەنو چاڵی نەوتا
بە کەرتە نانك بگریت و
دەست لەخەکی پان کەیتەوە
ماڵ لەخاوەن ماڵ حەرامە
کووچەو شەقامی شارەکان
هەمووی زامە
بە کوە دەیت
هەر بەنی بەمب و بارووتە
نیشتمانە خاپوورکەم
پە لەگداو رەش و رووتە
مەشکم لەجەستەم تەراوە
پەنجەم بەدەستم نامەیە
ئەم خاکە خەری بە خەکەو
کەتی دەستی من و تەیە
نامەین بەرەحی خەمان و
مال و مناڵ و
کوچەو شار
نیشتمان سەراپا گەه
لاوەکانمان
وەکوو مەلەکی بریندار
کەوتوونەتە باڵە فە
کەنار نەما
توشووی سەفەری لە نەخەن
هەر رۆژەی لەهەدەرکا
دەبنە سوتووی مژوو تەمەن
بە نانکی دەم رەشەبا
بەدوای گەرووی جانەوەرو
سکی گورگا باویشك دەدەن
لەم سنووری خونینەوە

بۆ ئەو تەلبەندی وڵاتان
تەکان دەدەن
چەندین تەرم و
ئۆسك و پروسکی هاوخوێنم
لە دیدەی رووباری زەبرو
دەریای رقی سنووورەکان دڕزرانەوە
لانەیەك نەبووە هێلانەی
کۆرپەیەکی ئەم دەڤەرە
ڕۆح و جەستەمان خەواوو
خەون و خۆراکی سەفەرە
خەمخۆرکم لەم خاکەدا
بەدی نەکرد
بەر شاخاوی بزربوون و
ئاوارەیی کیژان بگرێ
لەژانی گەنج و بێداران
وردبێتەوە
کوردستانم
هەموو ساتێك
تاکێکی خۆی لەدەست دەدات
چرکە نییە
زامێکی نوێی نەکولێتەوە

ستار ئەحمەد

...ناتۆش پاپێشتی تیرۆریستان ئەگرێت ئەحمەد رەجەب

ئاشکرایە لە هەر کۆ شەر رووبدابێت کوردو کوردستانیان بە هێی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان دووچاری گرتن و کوشتن بوونەتەوە و هەروا لە ناوبردنی سامان و دارایی هاوڵاتیانی و خاپورکردنی خاکەکەی و ئەوەتا تورکیا چەندین ساڵە شەرکی خوێناوی بە نەخشەو پلانێکی داڕژراوی تۆکمە دژ بە کوردانی باکووری کوردستان

هەڵگیرساندووەو، سەدان هەزار کەس لە سڤیلی بێ دەسەڵات دووچاری گرتن و زیندانیکردن و کوشتن بوونەتەوە لە سەر خاکی باوپاپیرانیان دەرکراون و ماڵ و سامانیان تاڵانکراوەو باخ و بەستان و رەزو دارستانەکانیان سووتێنراوەو، وئاوایی و گوندو شارەکانیان وێران کراوە.
بێ زیندوکردنەوەی خەلافەتی عوسمانلی مردوو پێچووە چارەدێزەکەیان رەجەب تەیب ئەردۆگان هەڵپە هەڵپیەتی و دەست بێ هەموو لایەك ئەبات و، تەنها لە سوریا بە ناوی کۆنترۆڵ کردنی سنور دەستیگرت بە سەر شارۆچکەی جەرابلوس و پاشان گرتنی شاری عەفرین و، لە دواییدا، لە ئوکتۆبەری ساڵی 2019 هێرشی زەمینی و ئاسمانی سوپای تورکیا و گروپێ تۆندڕەوەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا بێ سەر رۆژئاوای کوردستان، دەستیپێکرد. سەرەڕای دژایەتی و هەڕەشتی تۆندی جیهانی بەرام تورکیا بەردەوامە لە داگیرکاری و ژمارەیەکی زۆر خەڵکی مەدەنییان کردۆتە ئامانج و بەو هۆیەوە کوژراو بریندارێ زۆری لێکەوتووەتەوە.
ئەمرۆ لە شاری ئیدلب شەر گەرمە لە نێوان تورکیاو سوریاو، ئیدلب شارێکی سوریایەو لە سەرەتای راپەڕینی خەڵکی سوریا دژ بە رژێمی بەشار ئەلئەسەدو بە پاڵپشتی حکومەتی ئیخوان ئەلموسلمینی تورکیاوەو بەهۆی لاوازی حکومەتی سوریاوە لە ساڵانی پێشوو کەوتەدەست تۆندرەوە تیرۆریستەکان ولەلایەن تورکیاوە بەرێوەئەبراو، لەمڕۆدا حکومەتی سوریا بە پاڵپشتی روسیا ئەیوێت شارەکە لە چنگی ئەردۆگان و تیرۆریستان بسێنێتەوە.

تورکیا هەموو هەوڵ و تواناکانی خستووەتەگەر بێ ئەوەی ئیدلب لە ژێر رکێفی بمێنێتەوەو ناوچەیەکی ئارامی لێدروست بکات و، لەم ڕێگاشەوە ئەتوانێت لە کورد بدات گوایە کوردەکان مەترسین لە سەر بارودۆخی تورکیا بەرام لە راستیدا ئیدلب لە ڕووی ستراتیژی جۆگرافیاوە بێ تورکیا گرنگییەکی زۆری هەیەو لەوانە : یەکەکە لەو ناوچانەی لە سەرەتاوە لە شەڕشی خەڵکی سوریا بەشداری کردووەو، ناوچەیەکی ستراتیژییەو تورکیا لەو باوەڕدایە پاراستنی ئیدلب ریگا نادات دەستی دوژمنان بگاتە خاکی تورکیا و، ریگا خۆشکەرەیە بێ گەیشتن بە دەریای ناوەڕاست { دەریای سپی} و، نزیکە لە شاری لازقییە کە بە دڵی رژێمی سوریا ئەژمێردرێت و ئەوەش بایەخی ستراتیژییەکەی زیاد ئەکات و، هەروا نزیکە لە شاری ریحانییەی ویلایەتی هاتای و، ئیدلب شاریکی گەورەیەو زیاتر لە دوو ملیۆن و نیو خەڵکی لێیە و لە شارەکانی ترەوە بە تایبەتی شاری حەڵەب ڕوویان لەوکردووە.
شەر گەرمەو سوپای سوریا بە یارمەتی روسیاوە پێشرەوی کردووەو

بەشێکی فراوانی لە خاکی ئێدلب رزگارکردووە و، رەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆکی تورکیا هەرەشە ئەکات و، ئەیەوێت سوریا بکشێتەوەو، بە پێچەوانەشەوە ئەڤت ئێمەش هێرش ئەکەێن و دەست ناپارێزین وبڕدومانی ناوچەکانی تریش لە دەرەوەی سنوری ئیدلب ئەکەین.
بە هێی شەری زەمین و ئاسمانییەوە، تێپباران و فڕکەی دوو وڵات تورکیاو سوریا خەڵکی سڤیل بەرەوروی لەناوچوون بوونەتەوەو نان و ئاویان لێبراوەو، دوور نییە ئەم شەرە زیاتر پەرەبسێنێت و ببێت بە شەرێکی گەورە بە تایبەت هێزەکانی سوپای سوریا لەلایەن روسیاوە یارمەتی ئەدرێن و، لە سەرەتای ئەم هەفتەدا زیاتر لە 33 سەربازی تورکیاو 50 سەربازی سوریا کوژراون و، ئەم شەرە ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە بەرەو گرژی و ئاڵۆزی زیاتر ئەبات و، ئەگەر تەشەنە بکات بە تەواوەتی ئەتەقڵێتەوەو لایەنی تریش ئەگرێتەوە.
ئەردۆگان زۆر هەوڵیدا وڵاتانی پەیمانی زەریای باکوری ئەتلەنتێك (ناتۆ) رازی بکات بەوەی ناوچەیەکی ئارام و دابراو لە خاکی سوریا دروست بکات بەڵام ئەو وڵاتانە گۆیان پێنەداو، روسیا توانی ئەو بۆشایە پر بکاتەوەو پشتگیری لە سوریا

ئەکات و، بە هێی سوریاوەو لە سەر بانگهێشتنی حکومەتی بەشار ئەلئەسەد روسیا جێپێی لە ناوچەکە قایم کردووە.
نووسەرێك لە شیکردنەوەی بارودۆخی ناوچەکە بە ناوی مارتن شڵۆف ئەنووسێت و ئەڤت : ئێستاکە دەستی روسیا لە کێشەو گیروگرفتی لە گەڵ تورکیادا بڕندەو، ئەوە سێ ساڵە سەبارەت بە باکوری سوریاوە مشتومرێانە بەڵام مشتومرەکە لەم دواییەدا گوازرایەوە بۆ پێکدادانێکی ترسناك لە نێوان دوو لایەن یەکەمیان سوریاو روسیاو دووەمیان تورکیاو تیرۆریستان
ئەردۆگان جارێکی تر زەلیلانە رووی کردە ناتۆو داوای یارمەتی کردو، بە پێی نووسین و پەرەگرافەکانی یاسای هاوپەیمانی ناتۆ ئەبێت ئەو وڵاتەی ئەندامی ناتۆیەو تووشی شەر بێت لەلایەن ناتۆوە یارمەتێبدرێت و پشتگیری لێوە بکرێت بەڵام لەم حاڵەتەی تورکیا ئەندامەکانی ناتۆ وتیان هێرشکردنە سەر سەربازانی تورکیا هەرەشە لە تورکیا ناکات و، بەوتەی ئەو ئەندامانە هێشتا شەر گەرم نییەو، لە بەرامبەردا ئەردۆگان هەرەشەی لە یەکێتی ئەوروپا کرد بەوەی رێگا لە بەردەم کۆچبەران وڵا ئەکات بەرەو ئەوروپا برێن و هەرەشەکەی جێبەجێ کردو هەزاران کۆچبەر رووبان لە بولگاریاو یۆنان کردووەو لەلایەکی ترەوە پێتین سورە لە سەر کۆتاییهێنان بە جەنگ لە رۆی هێرشی ئاسمانییەوەو شارەکە بخاتەوە ژێر رکێفی سوریاو، بەو

هەنگاوەش روسیا لە ناوچەکە جێگیر ئەبێت و، بەرژەوەندییەکانی تورکیا تەماوەییە و بە روونی دیارنییە و لە ساڵی 2012 تا 2016 پشتگیری لە ئۆپۆزیسیۆنی چەکداری کردو هەموو هیواو مەرامەکانی تورکیا ئەوە بوو کورد لە سنورەکانی دووربخاتەوەو لە ئستادا هەردوولا (تورکیاو سوریا) شەریان ناوێت و هەوڵی ئاگربەس ئەدەن.
پێویستە رەجەب تەیب ئەردۆگان پشوویەك بدات و بە خۆدا بچێتەوەو واز لە سیاسەتی داگیرکردنی خاکی وڵاتێکی تر بهێنێت و، هەروا بە شێوازێکی دووفاقە هەسوکەوتنەکات ، لەلایەك یارمەتی تیرۆریستان ئەدات و، لە لایەکی ترەوە ئەیەوێت لە گەڵ فلادیمیر پۆتین نزیکبێتەوە و، پیویستە ئەردۆگان لە جەنگی سوریادا وانە فیربێت و، وانەزانێت چوونە ناوی خاکی وڵاتێکی تر گەشتوگوزارە و، دیارە پرۆژەکەی تورکیا بەرەو نەمان مل ئەنێت.

ژمارەیەك لە سەربازانی لاو بە خۆشحاڵییەوە چوونە ناو خاکی سوریاو، بە پێی ئاخافتنەکانی ئەردۆگان و خەهەکەشان و راگەیاندنەکانی لەو باوەڕەدا بوون ئەمان بەهیچ شێوەیەك تووشی زەرەروزیان نابن بەکو تەنها سوریەکان زەرەر ئەکەن و، نەیان ئەزانی جەنگ گاڵتەی منااڵن نییەو، لەکاردانەوەی زیانەکانی بە فەرمانی ئەردۆگان تۆرەکانی ئەنتەرنێت لە شارەکانی تورکیا پچراو پێجەکانی فسبوك داخران بۆ ئەوەی زەرەروزیانەکانی لە خەڵك بشارنەوەو، لە شارەکانی ئەنکەرەی پایتەخت و ئستەنبول خۆپیشاندان دژ بە ئەردۆگان و جەنگەکەی ئەنجامدراو ئەگەر ئەردۆگان لە سەر رەفتارەکانی بمێنێتەوە دوور نییە لە هەموو شارەکانی تورکیا خۆپیشاندان دژی دەستپێبکات.
ئەردۆگان داوای لە هاوپەیمانی باکوری ئتڵەسی (ناتۆ) کرد لە پرسی سوریادا یارمەتی بدەن، بە کردار نەوەك تەنیا بە قسە یارمەتی تورکیا بدەن بەاڵم ناتۆ هیچ یارمەتییەکی پشکەش نەکردو، ئەمجاریان هانا بۆ مسکۆ ئەبات و بریارە رۆژی 5 ی ئازار لە مسکۆ چاوی بە فلادیمیر پۆتین بکەوێت و، سەرەرای تکشکاندن و دڕاندن ئاکار خەلوسی وەزیری بەرگری تورکیا لە بەیاننامەیەکی پر لە درۆ باسی لە جەنگی ئیدلب کردو وتی هێرشەکانمان دژ بە سوپای سوریا بە سەرکەوتوویی بەردەوامن.
ناتۆ لە سەر زاری سکرتێری گشتی ڕێکخراوی ناتۆ یەنس ستۆلتێنبێرگ Jens Stoltenberg, پشتیوانی ڕێکخراوەکەی بۆ تورکیا دەربڕی رایگەیاند هاوپەیمانان هاوخەمیی خۆیان بۆ کوژرانی سەربازە تورکەکان دەرئەبڕن و داوای لە روسیاو سوریای کرد هێرشەکانیان بوەستێنن و، قسەکانی ستۆلتێنبێرگ یارمەتییە بۆ تونددڕەوە تیرۆریستەکان.

هەزاران کورد بە دەستی ئەردۆگان و تورکیا کوژران بەڵام ڕۆژێك لە ڕۆژان ناتو دەنگی بەرز نەکردەوەو هاوخەمی ئەندامەکانی بۆ گەلی کورد دەربڕیت و داوا لە ئەردۆگان بکات هێرشەکانی بۆ سەر شارو دیهاتەکانی کوردستان بوەستێنێت و، لەمڕدا ئەستێرەی ئەردۆگان سەرەوخوار ئەبێتەوەو عەفرین و شارو دیهاتەکانی تریش ئازاد ئەکرێن و، دووریش نییە شورشێك دژ بە ئەردۆگان بەرپا بێت.
4/3/2020

ئەدەبی منداڵان – ڤایرەسی کۆرۆنا … فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی

بۆ ئەوەی پێتای ڤایرەس
نەمبات بۆرۆ نەخۆشی
خاوێنی خەم ئادەگرم
هەتا بژیم بەخۆشی.

ئەمڕۆ کۆرۆنا باوە
پێتای ئەم سەردەمەیە
دەبێ خەبپارێزین
لێو دەردە کوشندەیە.

بەیە بەسابون و ئاو
دەستەکانم جوان دەشۆم
بۆئەوەی تەندروستبم
گرنگی دەدەم بەخۆم.

دەس بەکاردەهێنین
لەکاتی پژمۆو کەکین
کەبونەوەو جێنجاڵی
تاماوەیەک ئادەگرین.

قایرەسی کەرەنایە
ژیانی زەر کاتیبە
پلەی گەرما بەرز بوو
ئیتر ئەو بوونی نییە.

٥ ـ ٣ ـ ٢٠٢٠
فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی

بەفری گەرم لە نێوان خەڵات و ڕەخنەدا … حەیدەر عەبدوڵەحمان

لە کورتە فیلمی (بەفری گەرم) ی دەرهێنەر (عەدنان عوسمان) کە خەڵاتی باشترین دەرهێنانی لە فیستیڤاڵی سینەمای دژ بە تیرۆر بە دەست هێنا، سیناریۆی یەکێ لەو تراژیدیا پڕ لەمەرگەساتانەی سەردەمی داعش دەبینین کە چۆن ژن و پیاوو منداڵێك لەتاو خۆ ڕزگار کردن لەمەرگ لە دەست تاوانکاران ڕادەکەن و ڕوو لەناوچەیکی شاخاوی پڕ لەبەفرو بەستەڵەکی هەمین ڕۆژکراو دەکەن، بۆ ئەوەی لەوێوە بەرەو شوێنکی ئارام بچن.
لەڕێگادا لەنێو کەشو هەوای ساردو شەختەبەندی بەفرو، لووڕە لووری گورگ و، سەرماو سۆڵەی کوشندە، بەرگەی ئەو هەڵومەرجە سەخت و دژوارە ناگرن، ناتوانن بەردەوامی بە ڕێیشتن بدەن، بۆیە ژنەکە مێرالی بەردەوام بوونی دەوخۆ و بەسەر مێردەکەی دا هاوار دەکات، بۆ ئەو کارەساتەت بەسەر هێناین، کە دەتزانی تووشی ئەو هەموو ئەشکەنجەو ئازارە دەبین، فەرموو تابڵکانت بسووتێنە باخۆمانی پڕ گەرم کەینەوە، بۆ تابڵکانت ئەوەندە بە نرخ بوون ؟ ئەوەندە لات خۆشەویست بن نەیانسووتێنی ؟ پیاوەکە کە تاقە شتێك لەگەڵ خۆی هێنابێت بۆ ئەو کۆچە، تابڵکانی بوو کە نەیتوانی بە جێیانی بێڵێ، ئەو تابڵیانە بەڵای ئەوەوە بەنرختترین سەرو سامانی بوو.
ئەوەندەی سەرماو سۆڵە تەنگی پێ هەڵچنین و شتێکییان لەو ناوە بەفراویەدا شك نەدەبرد کزە ئاگرەکەیانی پێ جێش بدەن، کەچی هێشتا دەستی نەدەچووە ئەوەی ئەو تابڵیانەی خۆی بسووتێنێ و منداڵ و ژنەکەی لە تەوژمی سەرما رزگار بکات …بۆیە بە ژنەکەی دەڵێت: ئەی

تۆ نەبووی دەتگوت با بڕۆین ئەگەر لەئەشکەوتەکیشدا بژین لەوە باشترە بمان کوژن ؟
ژنەکە کە شتێ لەو لەحزەیەدا بەهانای نەدەهات هەرەشەی لە مێردەکەی دەکرد بگەڕێنەوە لەمردنی ناو بەفر باشترە، ئەوان بەرگەی سەرماو رەوە گورگێکی تر ناگرن، کە لە پێشیانەوە رەوە گورگی چیاکان و لە دواوەشیانەوە رەوە گورگێکی تری داعش بوون، لەو نێوەندەدا نەیدەزانی کامە مردن هەبژێرێ، بۆیە دەستی کۆەکەی گرت بەرەو دواوە گەڕانەوە، ئەمجارە پیاوەکە ناچاری ئەوە بوو پێ لەجەرگی خۆی بنێ و یەکە یەکەی تابلۆکانی بەدەستەکانی خۆی بسووتێنێ، لەو ساتە وەختەدا رەنجی هەموو تەمەنی بێ ئەو لەتەنیا گۆە ئاگرێك بەنرختر نەبوو.
دواتر دوای شەوێکی خێ گەرم کردنەوە بەسوتانی تابلۆکان و خێ گەرم کردنەوە بە لەئامێز کردن و ماچی گەرمی ژنەکەی شەو دەبەنە سەر، بێ بەیانی کە رۆژ دەبێتەوە بەڕێ دەکەونەوە، بەڕام لەرێگادا دەکەونە ناو چاڵێکی مین و چارەنووسە رەشەکە روو بە رووبان دەبێتەوەو دەتەقنەوە و دەمرن .

ئاماج و فەلسەفەی فیلمەکە:

دەرهێنەر لەداڕشتنی ئەو سیناریۆیەداو لە چوارچیوەی رووداوو دیالۆگەکاندا وەك پێویست دەست نیشانی زەمەنی نەکردووە، بینەر دەزانێت ئەو ژن و مێردو منداڵە ئەو رێگە سەختە بەفرینە دەگرنەبەر، دەیانەوێت رابکەن، بەڕام نازانێ بۆچی رادەکەن! بەرەو کوێ دەچن!
ژنەکە کاتی خۆی گوتبووی بچین لەئەشکەوتەکا بژین لەوە باشترە بمان کوژن.
ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەوان لەدەست کوشتن رادەکەن، بەڕام کێ دەیان کوژێ؟ دەرهێنەر بەهیچ شێوەیەك لەهیچ گرتەیەك و دیالۆگێکدا ناوی داعش یان تیرۆرستانی نەبردووە، بەڕام لەدەستپێکی فیلمەکەی دا چەند دڕێکی بە زمانی ئینگلیزی نووسیووە کەگوایە ئەوانە لەدەست داعش رادەکەن، بەمەش ئامانجی سەرەکی فیلمەکەی بێ بینەر نادیار کردووە.
سیناریۆکە لەرووی بیرکەوە ئەگەر دەرهێنەر ئەو بڕیانەی پێ کردایەوە و هەندێ گۆڕانکاری لە هەندێ دیمەندا بکردایە سیناریۆیەکی کاریگەرتر دەبوو، بەتایبەت ئەگەر دیمەنی سووتانی تابلۆکانی هەڵگرتایە و وێنەیەکی جوانتر لەوەی پێ ببەخشیبوایە، بەشێوەیەك مردنی بەگەورەتر نەزانیبوایە لە تابلۆکانی، دوای

تەقینەوەکە تابلۆکانی هەر لەئامۆز بونایە، یاخود منداڵەکەی بە زیندوویی بەجێ هێشتایەو منداڵەکە وەك نەوەی ئایندە تابلۆکانی لە ئامۆز گرتایە، ئەو کات هەم کاراکتەرەکە بەهێزتر دەبوو، هەم هونەریش وەك گوتارێکی ئاشتی خوازانەی مرۆڤایەتی بەمردن لەناو نەدەچوو.
بەگشتی فیلمەکە نەفەسی کورتەو خراوەتە نێو چوارچیوەی کورتە فیلم و ماوەکەی تەنها 19 خولەکە، دەرهێنەر کاتی پێویستی بەدەستەوە نیە بۆ بەرجەستە کردنی زۆر رووداوو گرتەی دیکە کە دەرهێنەر خۆی و ئێمەش ئاواتمان بۆی دەخواست ،چونکە کەشو هەوای سیناریۆکە زۆر لەبار بوو بۆ ئەوەی فیلمەکە سنووری کورتە فیلم جێ بهێڵێ و ببیەتە فیلمێکی درێژ، پێم وایە ئەگەر ئەو سیناریۆیە تۆر کرابوایە، هەندێ گۆڕانکاری لە دیمەنەکانی ئەنجام درایە، دەبوو بەیەکێك لە فیلمە سەرکەوتووەکان .

دەرهێنان :

دەرهێنەر لەدەستپێکی (بەفریگەرم) بایەخێکی گرنگی بە سیناریۆ داوە، کە بۆتە بنەمایەکی هەرە مکەم بۆ چارەنووسی فیلمەکەی، سیناریۆکەشی بە خۆی داشتووە، بۆ ئەوەی هەموو سەربەستیەك بەخۆی بدات بۆ بەرجەستە کردنی ئەو خەیاڵانەی بیریان لێ دەکاتەوە، ئامرازەکانی سیناریۆشی خستۆتە بەرگێکی واقیعی و سروشتی بۆ ئەوەی بە سادەترین زمان، فەلسەفەی فیلمەکە بەبینەر بگەیەنێت، بەتایبەت لەداشتنەوەی دیاڵۆگدا، کە بەراِستی زمانی سینەمایەو لە زمانی هەموو هونەرەکانی دیکە جودایە، ئەوەندەی سینەما پێویستی بە وێنە هەیە، ئەوەندە پێویستی بە دیاڵۆگ نیە، چونکە وێنە لە سینەمادا ئەلتەرناتیفی زمان و دیاڵۆگە..

دەرهێنەر و ئەکتەر و وێنەگر کاتێك دەتوانن دەسەاتی هونەریی خۆیان نیشان بدەن، کە بتوانن رووبەرووی هەلومەرجی سەخت و دژوار ببنەوە، بینەر بخەنە گۆڕاوێك لە نیگەرانی، وەك ئەو رووبەرە بەفراوان و ترسناکەی ناو شاخ و دۆڵی پڕ لەهەڕەشەو دڕندەو ئاژەڵی مەترسیدار ، کە جێ بەجێ کردنی فیلم تێیدا دەبێتە ئەرکێکی ناسایی بۆ ستافی فیلم، بەتایبەت لەو گرتانەی لەشەودا تۆمار دەکرێن و دەرهێنەر پێویستی بەدابەش کردنی رووناکی و بلاجکتۆرات و پاراستنی کوالیتی وێنەگرتن دەبێت.
بۆیە (کات) و(شۆن) لە فیلمدا گرنگی تایبەتی خۆیان هەیەو سیمای تایبەتی خۆیان بەسەر پانتایی فیلمدا بە جێ دێڵن.
جێ بەجێ کردنی فیلم لەو شۆن و کاتانەدا پێویستی بە دابین کردنی

کەلـو پـەل و ئـامرازە تەکنیکـی و هـونەریی و کەرەسـتەو شـوێنی حەوانەوەی ستاف و خەراك دەبێت بۆ ماوەی چەندین رۆژ، کە رەنگە ئەو کەرەستەو ئامرازانە لەسینەمای ئێمەدا بوونیان نەبێت ، یان خەرجی زۆریان بوێت، بۆیە هەندێ جار ئەرکی دەرهێنەر لەو هەلو مەرجانەدا قورستر بێت و ناچاری ئەوە بێت چاوپۆشی لەزۆر دەرفەتدا بکات و لەدەستی بچێت .

تەنێکی نامێ لە جەستەی فیلمەکەدا : لەسەر ئەو رێگە پێ لە نەهامەتیەی ئەو ژن و پیاوو منداڵە بەرەو چارەنووسێکی نادیار گرتویانەتە بەر، دەرهێنەر دیمەنێکی سێکسی دروست دەکات، کە بینەر بەئاسانی هەست دەکات ئامانج لەو گرتەیەدا تەنها وروژاندنی بینەرە.
راستە کە هەندێ حاڵەتی لە ئامێز گرتن لە کەشو هەوای ساردو دێ تەزێن دا رەنگە ببێتە سەرچاوەیەك بۆ گەرمی بەخشین ، بەڵام بەو شێوە ناوازەیە نا کە بینەر هەست بکات دیمەنەکە بەئەنقەست درێژ کراوەتەوە بە ئامانجی وروژاندنی.
ریتمی فیلمەکە لە قۆناغی پێش ئەو دیمەنە ریتمێکی خێرایە، ریتمێك لەگەڵ هەلومەرجێکی تەنگەتاودا دەڕوات و حاڵەتێکی دەروونی گرژی بۆ بینەر دروست کردووە، لەچاوەڕوانی چارەنووسی ئەو هەلو مەرجە سەختو دژوارەدا، بەپێچەوانەی ریتمی دیمەنە سێکسیەکەیە کە ریتمێکی هێورو لەسەرخۆیە، هەموو شتێ ئاساییە، نەهەست کردن بەسەرما، نەگرژی و تێقین لە دەنگی لووڕە لووری گورگ، وەك ئەوەی شوێنی ئەو سێکس کردنە گوازرابێتەوە بۆ هوتێلە پێنج ئەستێرەکان، بۆیە دەرهێنەر نەك هەر هەلومەرج و شوێنی رووداوەکانی لە بیرچێتەوە، تەنانەت منداڵەکەش دیار نەماوەو بینەر نازانێ ئەو منداڵەی لەسەرمان هەڵەشەی مردنی لەسەر بوو، چی بە سەرهات؟

ئەکتەر :

ئەکتەر لە فیلمەکەدا فاکتەرێکی بەهێزی راگرتنی ریتمی فیلمەکەیە، چونکە لەرووی ئەداو بزووتنەوە، لەگەڵ هەمان ریتمی کەشو هەواکەو رووداوەکاندا دەڕوات .
بۆیە ئەکتەر پێویستی بەوە هەیە لەرووی دەروونی و سایکۆلۆژییەوە خۆی بۆ بەرجەستە کردنی ئەو حاڵەتە نامۆیە ئامادە بکات و بتوانێت کارێك بکات، بەشێك لە ئیمای هەست کردن بەسەرما لەجەستەو ئەدای ئەکتەرەوە وەرگرێت کە تاکە فاکتەرێکی گەیاندنی کاریگەری ئەو ئەتمۆسفیرەیە بۆ بینەر.

ئەکتەرەکانی (بەفری گەرم) (نیگار محەمەد، بیلال زەنگەنە، پەنار ئیبراهیم) ببوون بەپارچەیەکی زیندوو لەبەرجەستە کردنی رووداوەکان، لەناو ئەزموونێکی قورس دابوون، کە رەنگە هەندێ هەلو مەرج کاریگەرییان هەبێ لەسەر ئەدای ئەکتەر بەتایبەت هەلومەرجێکی قورسی وەك کات و شوێنی رووداوەکانی ئەو فیلمە، هەردوو ئەکتەر ئەدایێکی جوانیان ئەنجام دا کە جیگەی سەرنج بێت.
بەڵام ئارەزووم بوو دەرهێنەر منداڵەکە تەنها وەك کۆمبارس لە فیلمەکەدا بەکار نەهێنێ ، هەندێ دیمەن و دیالۆگی تایبەتی بۆ دروست کردایە، منداڵەکە بۆ وەزیفە نەدەمایەوەو کاریگەرییەکی بە جێشی دروست دەکرد.

وێنە و موزیك و کاریگەریەکانی دەنگ :
وەك لەوێنەی فیلمەکەدا دەبیندرێت، وێنەگر (حشمەت نارنجی) دەستێکی رەنگینی لەهونەری وێنەگری سینەمایی دا هەیە، ئەو دەست

رەنگینیە کاریگەری خۆی بەسەر گرتەو کوالیتی فیلمەکەدا بەجێ هێشتووەو نرخ و بەهای خۆی داوەتە رووداوەکان و فاکتەرێکی هەرە بەهێزی ئەو سیما جوانەی لە فیلمەکە دەردەکەوێت وێنەگرتنیەتی، چونکە وێنە هاوکێشەی فیلم دەگێڕێت، ئەوەی لەوێنە گرتندا هەستی پێ دەکرێت ئەم خاڵانەیە:

1. بێ بژارکردنی گرتەی کلۆس زۆرتر بایەخ بە دیمەنی ماچ و دیمەنە سێکسیەکە دراوە، لەزۆر شوێندا بێشایی هەیە لەگرتەی کلۆس، لەوانەش تا ئێستا روخساری منداڵەکە و ئەکتەرە پیاوەکە بەو گرتەیە هاوسەنگ نەبووە، ئەوەی بینراوە بەشی زۆری گرتەی گشتی و گرتەی مام ناوەندی بوو، چونکە بینەر بە پەرۆشی ئەوەیە روخساری ئەکتەرە پیاوەکەو منداڵەکەش ببینی، بە تایبەت لە کاتی تەوژمی سەرما دەکرا بە کلۆس لەرزینی منداڵەکە دەرکەوتایە.

1. دوا دیمەنی کۆتایی کە دیمەنی سەرلەبەیانی رێشتنی هەر سێ کاراکتەرە لە چیاداو رووداوی تەقینەوەکەو مردنی کار اکتەرەکانە، دیمەنێکی گشتی لاوازە، نەخراوەتە نێو بەرگێکی تەعبیری یان رەمزی، کە ببێتە چارەسەرێکی درامی لۆژیکی بۆ بەدەستەوەدانی فەلسەفەی کۆتایی دراماکە، دەبوا کامێرا رێکی کاریگەر تری بینیوبایە بۆ بەرجەستە کردنی ئەو رووداوەو دوور بەدووری نەیوانیبا ئەو روداوە کاریگەرە، وێنە لە بەرجەستەکردنی ئەو رووداوە نەیتوانی تراژیدیاکە بەرجەستە بکات و تینوویەتی بینەر لە کۆتاییەکەیدا بشکێنێ ..

موزیکی وێنە :

موزیکی وێنەیی ئامرازی هەرە بەهێزی بەرجەستە کردنی ریتمە،بەهەر سێ جۆری ریتمی رووداوو ریتمی ئەکشنی ئەکتەرو ریتمی وێنەی، کە هاوشان لەگەڵ هەر سێ ئەو ریتمانەدا دەڕوات و هیچ لەو ریتمانە بەبێ موزیك ناتوانن بەرجەستە بکرێن.
لەو فیلمەدا موزیك ئەو رۆڵەی نەبینی ، چونکە موزیکی تایبەت بە فیلمەکە دانەندراوە، ئەوەی هەیە موزیکی گشتیە و تەنها بە پێکردنەوەی بێشاییەو پێویستی بەشارەزاو ئەندازیاری تایبەتی بواری موزیکی وێنەییە، ئەگەرنا لەکات و شوێنکی ئاوا ترسناکدا بینەر پێویستی بە بەرجەستە کردنی حاڵەتە دەروونیەکانە بۆ دەرخستنی دیوی ناوەوەی کاراکتەرو ئەوەی لەناخی دایە.
بەڵام موئەسیراتی دەنگ..کە لەو شوێنە ترسناکانەدا دەبێتە

زەرورەت، تا رادەیەك بەكار هاتبوو، بە تایبەت لەدەرخستنی لووڕە لووری گورگ، بەڵام دیسان كەشو هەوای فیلمەكە پێویستی بەزیاتر .
ئەنجام : ڕەنگە ئەم ئەزموونەی عەدنان عوسمان ببێتە خاڵێكی دیارو بەرچاو لە كاروانی هونەری ئەودا و ڕێ خۆشكەر بێت بێ دەوڵەمەند بوونی ئەزموونی فیلمی درۆزو بەرهەمی بە چڕ تر .

دەقی ئەدەبی لە نیگاری كاریكاتێریدا – بەشی (3) – هەندرێن خۆشناو

لەسەر بناغەی بوونی یان نەبوونی دەقی ئەدەبی (توانج) لە كاریكاتێردا ، دەتوانرێت كاریكاتێر پێوەن بكرێت بێ چەند جۆرێك ئەوانیش:

1- كاریكاتێری بێ دەقی ئەدەبی:

ئەو نیگارەیە كە لە وێناكردنی ناوەرۆكەكەی و گەیاندنی بە جەماوەرەوە تەنیا پشت بە ئامرازە دەربڕە شێوەكارییەكان دەبەستێت، بەبێ بەكارهێنانی هیچ جۆرێك لە ئامرازە دەربڕە ئەدەبییەكان، ئەو نیگارە كاریكاتێرییە واباوە لە ڕۆژنامەكاندا بە یاوەری ڕستەی (بەبێ توانج) بڵاودەكرێتەوە، كە هەندێك پێیانوایە كە ئەمە توانجێكی ئەدەبی پێویستە، تەنانەت بێ ئەمجارە كاریكاتێرانەش، كە لە راستیدا وانیە، چونكە زۆرێك لە ڕۆژنامەكان ئەم ڕستەیە بەكارناهێنن لەگەڵ كاریكاتێرەكەدا، لەگەڵ نەبوونیشی هیچ لە كارەكە ناگۆڕێت، بێ نمونە لەسەر ئەم جۆرە كاریكاتێرانە، ئاماژە بە دوو كاریكاتێری هونەرمەندی لیبیایی محەمەد ئەلزەواوی دەدەین، لەگەڵ بوونی توانجی (سێزە گەرمەكان) لەگەڵ كاریكاتێرەكەدا، كەچی لەگەڵ لابردنیشی هیچ لە بابەتەكە ناگۆڕێت، لەكاریكاتێری دووەمیشدا بە لابردنی ڕستەی (بەبێ توانج) بەهەمان شێوە. شایانی باسە كە بوونی دەستەواژەی (بەبێ توانج) نەریتێكە لە ڕۆژنامەكاندا و هیچی

تر نا.

2- کاریکاتێری بەکارهێنەری دەستەواژەی ئەدەبی یان ئامرازەکانی دەربڕی زمانەوانی:

ئەم کاریکاتێرەش لە بنەمادا جیاوازی نیە لەگەڵ جۆری یەکەم، چونکە ئامرازە دەربڕە ئەدەبیەکان لێرەدا رەگەزێکی زیادکراو نین لە نیگارەکە، بۆ رووکردنەوەش نمونەی کاریکاتێری هونەرمەند عەلی فەرزات دێنینەوە (بوەستە بۆ پشکنین)، کاتێك لە نیگارەکەدا دەستەواژەی (بوەستە بۆ پشکنین) دەبینین، ئەم جۆرە دەستەواژەیە توانجێك نیە یان تێخستنێك نیە بۆ نیگارەکە، بەڵکو ئەم دەستەواژەیە بەڕاستی لەسەر بەربەستەکانی پشکنین نووسراوە، بۆ ئاگادارکردنەوەی ڕێبواران، بۆیە بەخێی بەشێکە لە نیگارەکە و نابێتە رەگەزی دووەم شانبەشانی شێوەکارییەکە.
دەتوانین بڵێین ئەو دەستەواژانەی کە هەن لەم جۆرە نیگارانەدا، ناوی ئەو شتانەن کە لە نیگارەکەدا هەن، وەکو ئەوەی لەسەر دوکانێك بنووسرێت (دوکانی بەقاڵی) یان (قەسابخانە) و شتی تر لەم بابەتانە، کاریکاتێریستەکەش وێنەی گرتوون وەکو شتەکانی تری نێو بابەتەکە، لەم ڕوانگەیەوە ئەم جۆرە کاریکاتێرانە بە شێوەیەکی تەواو پشت بە ئامرازە دەربڕە شێوەکارییەکان دەبەستن، و نیگارێکی ئاوێتە نین.

هەهەندی بوونگەرایی لە هێنراوەی "بۆ ئارامی" مامۆستا "ئەحمەد هەردی" دا … هاوڕێ خالید

هەرچەندە بابەتەکەم یەك ناونیشانە، بەڵام وا دەخوازێت کە کورتەیەك لەسەر فەلسەفەی بوونگەرایی (Existentialism) ئاماژە پێبدەم. لەبەرئەوەی سروشتی ئەو فەلسەفەیە بەجۆرێکە ئەگەر لە ئاستە تیۆریەکەی بریتی بێت لە تێکستە تیۆریەکانی فەیلەسوفان،

ئەوا لە ئاستە پراکتیکیەکەیدا بریتییە لە پراکتیزەکردنی بیرکە تیۆریەکان لە دووتوێی دەقە ئەدەبیەکاندا، بۆیە بیرکە و چەمکە تیۆریەکان تەکە بەدەقە ئەدەبیەکان دەکرێن، بەشێکی زۆر لە فەیلەسوفە بوونگەراکان لە چوارچێوەی دەقێك و لە فۆرمێکی ئەدەبییدا، پرسێك یان چەند پرسێکی بوونگەرایی دەوروژێنن، کە لەیەککاتدا سەرەڕای بەهاو چێژی ئەدەبی، بەهای ڕاستی و دروستی و کۆمەڵك بەهای ئاکاری و مرۆیی لەخۆ دەگرن، کە ئەمەی دواییان بەتەواوی لە سنوری فەلسەفەدایە.

فەلسەفەی بوونگەرایی فەلسەفەی (خود)ە نەك بابەت، فەلسەفەی سوژەیە، فەلسەفەی مرۆڤە وەك هەبووێك لەناو بووندا بەم پێیە، هەر لەسەر پەیوەندی مرۆڤ بە بوون کاردەکات، میتۆدی ئەم ڕەوتەی فەلسەفاندن، (فینۆمینۆلۆجی) یە، واتە چۆن دیاردە لە (هۆش) بۆ من دەردەکەوێت یا خۆی دەردەخات. گرنگترین چەمکە کلیلی و بنەڕەتییەکانی ئەم فەلسەفەیە بریتین لە (ئازادی، نیگەرانی،، ترس، نامۆبوون، پوچیەت، خۆکوژی، یاخی بوون، هتد…)
ئەگەرچی ئەم تەوژمە فەلسەفیە نوێیە بەبەراورد بە ڕۆبازەکانیتر سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەهەم، بەڵام ڕابەرانی بۆوایان وایە فەلسەفەیەکی ڕەسەنە و ڕیشەکەی بۆ یۆنان دەگەڕێنەوە وەهەروەها ڕەوتە باوەڕدارەکەی (یەسوعی مەسیح) بەنموونە دەهێننەوە کە پێیان وایە ئەزموونەیەکی (وجودی) بووە. بۆچونێکی دیکەش هەیە کە هەندێك لە مۆژوونووسان و نەیارانی ئەم فەلسەفەیە دەڵێن، ئەم فەلسەفەیە فەلسەفەی سەردەمی قەیرانە لە هەناوی تەنگژە و ناکۆکییە گەرمەکانی سەدەی بیستەم هاتۆتە دەرەوە. ئیتر هەرچۆنێك بێت ئەوەی گرنگە ئەوەیە، خاڵی دەستپێك و دواهەمین ئامانج لەم فەلسەفەیەدا: (مرۆڤ) خۆیەتی.

ئەم فەلسەفەیە بەدوای شوناس و ماهیەتی مرۆڤ لەناو بووندا دەگەڕێ، بۆ ئەم مەبەستەش تەنها گەڕانەوەیە بۆ خودی مرۆڤ خۆی، واتا مرۆڤ تاکە ئامرازە بۆ تێگەیشتن لەخودی خۆی.
ئەم ڕەوتە بە بابەت و میتۆدی نوێ و جیاواز دەرکەوت، ڕابەرەکانیشی لە چوارچێوەی ئەدەب بە جیهانبینەکی بوونگەرایانەیە بابەتەکانیان دەنووسی بەتایبەت لە چیرۆك و ڕۆمانەکانیاندا، ئەمە بەووتی دیارە.
لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی ئەم فەلسەفەیە پێشوازیەکی گەرمی لێکرا. وەکو پەرچەکردارێك بەرامبەر بە سەراو ژێربووتی ئامانجەکانی ڕۆشنگەری، لەئەنجامی هەڵێسکانی مرۆڤ و کەوتنە گۆمی

بەربەریەتەوە، لە عەقڵانیەتەوە بەرەو ناعەقڵانیەت، لە مەدەنیەتەوە بۆ هەمەجیەت.

بەمشێوەیەش فەیلەسوفی بوونگەرا، خەریکی ئەزموونکردنی خودی گرفتەکانە لە بووندا، لەلای بونگەراکان ((بوون)) بنەڕەتی هەموو شتێکە و پێش ماهییەتی دەخەن. بەمەش کێشە و عەقڵ سەنتەریزمی(ڕەنیە دیکارت) هەڵدەگێنەوە. ئا لەرەوە لەبابەت و میتۆد جیادەبنەوە.
خەباتی بوونگەراکان لەپێناو مرۆڤە، دروستتر بڵێین لەپێناو پاڕاستنی (مرۆڤ) لە (بوون) دایە، بوونگەراکان ماهیەتی مرۆڤ وەکو ماهیەتێکی ناجێگیرو کراوە کە لە گۆڕانکاری دایە دەناسێنن.
گرینگترین پرسیارێك کە بوونگەراکان وروژاندیان، ئەم ناعەقڵانیەتە لە گەردوون بۆ؟ ئایا هیچ هەندی باڵا لە مرۆڤ تەنها عەقڵانی بوونە؟ ئایا بەتەنها عەقڵ دەتوانین ژیان بکەین؟ بەمەش تەوژومی مۆدێرنیتەو ئامانجەکانی ڕۆشنگەری و لۆجیکی سەرمایەداریان خستە ژێر هەڕەشەی توند دوای ئەوەی کە ئەنجام و ئامانجەکانیان بەیەکەوە ناکۆك بوون.
هەموو ئەم باس و خواسانە خزانە نێو ڕۆمانی ئەدەب. لەوێ لە کۆنکستی ئەدەبدا فەیلەسوفە ئەدیبەکان، کەوتنە تاوتوێکردنی گرفتەکانی مرۆڤ لەبووندا، ئەمەش بەتایبەتی لەلای نوێنەرانی بوونگەرا، (سارتەر و کامۆ) زۆر بەرچاوی دیارە.

هەنگدانەوەی جیهانبینی بوونگەرایی لە ئەدەبی کوردیدا:

لەنێو ئەدەبی کوردیدا لە باشوری کوردستان، هیچ ئەدیبێکی دیاریکراومان نیە بچێتە خانەی بوونگەراییەوە بەواتایەکی تەواو بوونگەرابێ، واتا بەچاویلکەیەکی بوونگەراییانە بڕوانێتە بوون و بوونی مرۆیی و خەریکی ئەو بابەتانە بێ کە دەکەونە سنوری فەلسەفەی بوونگەراییەوە ، بەڵام تاك و تەرا هەندێك بەرهەم دەکەونە بەرچاو کە لە گۆشەیەکی بوونگەراییانەوە دەڕوانێتە بوون و بایەخ بەگرفتێکی ئۆنتۆلۆجی و بوونی بدات. هەبەتە لەلای میللەتانی تر پرسی بوونگەرایی و زیاتر بەرەو پێشەوە چووە و لەناو کلتوری کورددا هەنگاوی نەهاویشتووە و چەکەرەی نەکردووە، ئەمەش بەبڕوونی ئەمە تایبەتمەندی میللەتی کوردە لەسەدەی بیستەم کە خاوەنی دۆزێکی جیاوازە کە کێشەی شوناس و خەباتی نەتەوایەتی بوو لە ناوچەکەدا، بۆیە دەبینین ئەدەبی کوردی سەدەی بیستەم خاوەن تەرزێکی ناسیونالیستیانەیە وە ئەمەش بەجۆرێکە وەکو تارماییەك تێکڕای ئەدەبی کوردی تەنیوە، بۆیە دەتوانین بڵێین شونێك نەماوەتەوە لە

ئەدەبی کوردی لای شاعیرانی کورد کە هەستی نیشتیمانپەروەری و پ
حەماسی نەیتەنیب، هەروەك لای "هەمن" بە ووونی دیارە،
(تەنانەت وەختی دەستبازی لەگە یار ئەمن ئەی نیشتیمان تم هەر
لەبیرە) لەم نموونەیەدا هەستی بەهزی نیشتیمانپەروەری شاعیر،
زاترە لە هەستی تایبەتی و بوونگەراییانەی ئەو، هەستی چرکە ساتی
لەگە یار بوون کە بنەەتی و بوونی ترە لەهەستی نیشتیمانپەروەری
دەبینرت، هەستی بوونگەراییانەی ئەو پلەیەك پاش هەستی
نیشتیمانپەروەرانەی دت، هەستکی لاواز و نا ئامادە و نا چاکە،
هەمن پمان دەلت: من و یار و شیعریش قوربانی نیشتیمان.
لەلای"هەژار"یش ئەم هەستە نیشتیمانپەروەرییە بەشوەیەکی تر خی
مانیفست دەکات بارگاوی دەکرت بەکەمە ئەقوالی ئاینی. هەبەتە
ئەمە میراتکە و پش ئەم شاعیرانە، لای خانی و جگەرخون دەست
پدەکات دواتریش ئەم هەستە گشتیە (دەستە جەمعی)یە لای زربەی لە
شاعیرە نوکان و گروپی وانگەش بەردەوامی دەبت.
بەو پیەی کارکاردن لەنو ئەدەب و هونەر، خی پرسەیەکە کە
ەنگدانەوەی خودی هش و ئاگامەندی و هەستی نووسەرەکەیەتی بەام
ئەدەبی بوونگەرایانە ئەوەیە کە بوونی مرۆڤ و خودی خی دەکاتە
کەرستەی توژینەوە، واتە کەرستەو بابەت و میتدی خی هەیە بەم
پیە ناتوانین هیچ شاعیر و ئەدیبك بەتەواوی بخەینە ئەم
چوارچوەیە، بیە دەتوانین بڵین ئەدەبی کوردی لە چاو گەلانی
ناوچەکە لە ەهەندە بوونگەراییەکەی کورتی هناوە.
بەام یەکك لەم شاعیرانەی کورد کە سەرنجی زر بەلای خیدا
ادەکشت،
"م.ئەحمەد هەردی"یە. ئەوەی جگای سەرنج و بایەخە، وە زر بەووونی
هەستی پدەکرت لای هەردی ئەوەیە کە بە هەستکی بوونگەراییانەی
زر تایبەتی دەنوست، جیاواز لەو هەستەی پشوو کە لای شاعیرانی
وەك (خانی و جگەرخون و سالم و کوردی و همن، هتد...) هەبوو.

ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین، هەستی نامیی و تەنیایی، بی ئارامی و
بزاری بای بەسەر کی شیعرەکانیدا کشاوە. ئەگەر لەناو دری
شیعرەکانیشدا بگەیین هکاری ئەو بزاری و نامییەیە
نادزینەوە، چونکە ناکەوتە ناو بوونی مادییەوە بەکو هکارەکە
لە دەرەوەی بوونی ماددیە. نیگەرانی و بزاری ئەگەر هکارەکەی
لەناو بوونی ماددە دابت، ئەوا بە نیگەرانی ئنتلجی دانرت
بەکو نیگەرانیەکی ساختەیە و ناەسەنە. بەام ئەو نامییەی لە
بونیادی ئەو (شاعیر)ە دایە، یشەیەکی ئنتلجی و
"بوونگەرا"یانەی هەیە. واتا نامیی و بزاریەکی ئنتلجی، ەسەن

و زیندووه. ئەوەی زۆر بە زەقی دیارە لە شیعری، "بێ ئارامی" کە لەساڵی 1938 نوسیوویەتی:

ئاخ و داخ و دەرد، لەدەست تەنیایی،
پەشۆی بێ حەد، دەردی بێ دوایی

(هەستکردن بە تەنیایی بەمشێوەیە لەناو ئەو هەموو جەنجاڵییەی ژیان، سەرەتای چرکە ساتێکی فەلسەفییە، کە مرۆڤ هەست دەکات فێ دراوەتە ناو ئەو گەردوونە و بە تەنیایە)

ئەم سەرسامیە (سەرسام بوون، یەکێک لە خەسڵەتەکانی بیری فەلسەفییە)

بێ ئارامیە
دێ ناکامیە
کەی کۆتایی دێ؟
نە لەناو گوڵزار
نە لای خزم و یار،
ئۆقرە ناگرم...!

(ئەو بێ ئارامی و بێ ئۆقرەیی و نیگەرانییە، لێرەدا کە هیچ هۆکارێکی ماددی و سڵزداری لە پشت نییە، ئەمە بەو واتایە دێت کە ئەم هەستە ئێنتڵێجی و هەسەنە)

لە دەست شار هەڵدێم، دەچمە ناو گوڵزار
لەوێش هەڵناکەم، دێمەوە ناو شار!
وەك ئارام نەماو
دێ و پێ سوتاو
خانەی خەو ڕوخاو
لە دنیا بێزار...!
کە بە تێکەڵبوون، وەها بێزارم
بۆچ بە تەنیایی پەشێوە کارم؟! (دووبارە پرسیارکردن لەم هەستکردن بە تەنیا بوونە و واق وڕمان لەناو ئەو هەموو هەراو زەنایەی گەردوون، بە دڵخۆکی بوونگەرایانە دادەنرێت.)

بێ وەك هەنجەڵەم؟
وەسڵ بووم لە خێم
بێ هەر کوێ ئەڵێم
دێ بێ قەرارم؟!

بەمشێوەیە ئەم ڕوکردنە (خود) یە، لە کێنێکستی شیعریدا، تاوتوێکردن و وتوێژکردنی (خود) ، داهێنانی ستایلێکی تەواو نوێیە لە ئەدەبی کوردییدا، هەردی یەکێکە لەو شاعیرانەی کەم لەسەری نوسراوە، بەڵام چەند بۆچونێك هەن لەسەری لەم چوارچێوەیەشدا هەخنەکراوە لەلایەن (کاکەی فەلاح)ەوە، بەڵام بۆچوونی گرنگ

لەبارەیەوە بۆچوونی (گۆران)ە، کە وتویەتی: (هەردی قوتابخانەیەکی زۆر نوێ و تایبەتە لە ئەدەبی کوردی) دا.
ئەوەی کە ماوە پێویستە ئاماژەی پێبدرێت، " هەردی" لە پێشەکی دیوانی (ڕازی تەنیایی) دا، ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەو خوێنەرێکی بواری فەلسەفە بووە زیاتر لەوەی خوێنەری ئەدەب و دیوانی شاعیران بێت، ئەمەش سەرەڕای ئەوەی کە بەداهێنەری ئەو شێواز و ستایلە نوێیە دادەنرێت، هەنگە خود ئاگایانە بەرەو ئەو شێوازە و ستایلە چووبێت، چونکە ئەم هەستە چاڵاکە تایبەتە، باڵی بەسەر زۆربەی شیعرەکانیدا کێشاوە.

"وان"؛ وشە-پاشگرێکی پیرۆز و هەمەن … نووسینی: زانکۆ یاری

لەکۆنینەوەی زمانەوانی، زمان دەوڵەمەند دەکات و توانای زمان بەرانبەری گۆڕان دەپارێزێت؛ واتا دەتوانین سەدان ڕاستیی ئایینی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و هتد، لە نێو زمانداڵ لەناگەی وردبوونەوە لە زمانی کوردی، بدۆزینەوە. زمانی کوردی، زۆربەی ڕاستییە مێژوویی و زمانەوانییەکانی خۆی، لە نێو خەزینەکەیدا شاردووتەوە؛ ئەویش وشە هەمەنەکانی لە زاراوە جیاجیاکانیدا کە باس لە مێژوویەکی زۆر دوور و چاندێکی پێشکەوە دەکەن. لێرەدا لەووی ناوزمانییەوە، وشەی "وان" کە وشەیەکی کۆنی کوردییە و لە ناوزمانداوەکوو پاشگرێک هەبژێردراوە، لەم نووسراوەدا وەک بە کورتی چاوێکی پێدا دەخشێنین.

لە زمانی کوردیدا، پاشگری (Suffix) "وان" کە لە فارسیدا بەشێوەی "بان"، هاتووە لە بنچینەدا لە وشەی (خوا-وان)ی کوردی وەرگیراوە کە پاشان وردەورد لەسەر زمان بووەتە "خواوەن-خاوەن" ئینجا بووەتە "خوداوەن-وەند" و پاشان لە کوردیی ئێستادا، پێشگرێکی تری بەسەردا هاتووە و "خاوندار-خاوەنداری" و "خاوەندارێتی"ی لە دروستکردووە. هەمووییان لە هەگی کوردیی "وان"ەوە هاتوون. هەروەها، پاشگری "وان" لە کورمانجی ژووریدا دەبێتە "ڤان"، بەم پێیش ئەم پەرسەندنە دیالێکتییە، واتا گۆڕانکارییە فۆنتیکی

(Phonetic) ئەو دۆگمەیانەت کە گۆران بەسەردا هاتنی لەسەرخۆی پیتی (و W) بە (ڤ V) وەک لە "ئاو" بە "ئاڤ"دا دەبینین. بە پێی چوارچێوە و پێکهاتەزانیی وشە (Morphology) بە گشتی وان و ڤان پاشگرێکن کە بکەری ناوکێ دابین دەکات. ئەم ڕستەیە لە زمانی کوردیدا گونجاو و دەتوانین چەندین نموونەی وشەی لێکدراو، بە ئەم ڕووداوە بنینەوە. وەکوو نموونە، لە سەرەتادا وشەی "وان"، ئەو ناوی دەریاچەی "وان"ت وەبیر دێنێتەوە. هەروا کە ئاماژە درا لە کورمانجی ژووریدا زەربەی "و"کان، دەکەنە "ڤ"؛ تەنیا دەریاچەی "وان" نەبێت.

ئەوەی بڕوا بەم بۆچوونە بکات کە لە کرمانجیی ژووریدا (باکوور)، "ڤان"ی پاشگر لەگەڵ "وان"ی ناوی دەریاچەی وان، یەک هێڵ و واتایە و ناوی "وان" واتای پیرۆزبوون دۆگمەیانەت، یان ئاستێر بڕوا بەم بۆچوونە بکات کە "خاوەنێکی پیرۆز" و بەم شێوەیە وشەی "وان" لە لای باکوورییەکانەوە، هێهەندێکی پیرۆزی هەیە. چونکوو دەریاچەی وان لەژێر چیای ئارارات پیرۆز و نزیک چیای جووددا هێکەوتووە، ئەو شوێنە پیرۆزەی کە دەڤەرێکەمین گیانەوەران تێدا هێکەوتوون و کەشتیی نووحی پێغەمبەریش هەر لەوێ نیشتەتەوە!؛ (بەپێی تۆژینەوەی هەندێک لە مێژووناسان، ئەوەش واتای ئەمە دۆگمەیانەت کە دەریاچەی وان دەبێ پاشماوەی ئەو بەران و فەرتەنەی نووح بێ کە هێشتا لەوێ ماوەتەوە!) هێ و نهێنیی ئەمەش کە تا ئێستا وان نەکراوە بە ڤان لای باکوورییەکان، هەنگە هەر ئەم پیرۆزبوونەی دەریاچەکەیە کە بە دەسەڵاتی خواوەند گوتراوە!. ئەوەی کە زەرتر شیاوی ئامانێ و هێنگێ بە پێوەری زمانناسی و لێکۆڵینەوەی مێژوویی سازگار بێ و بکرێت زەرتر گرنگیی پێ بدرێت، دەتوانێت ئەم چەند وشەی خوارەوە بێ کە لە هەمان "وان" پێکهاتوون:
-مێهرەوان؛ واتا کەسێک کە "مێهر"ی هەیە. کەواتە "مهربان"ی فارسی هەمان میهرەوانی بە هەچەهەک کوردییە. ئاماژە: پەرەستنی مهر، دەگەڵتەوە بێ ئایینی میترائیسم کە یەکەم ئایینی کوردی بووە.

-مێریوان: وشە یا لێکدراوی زمانیی "مێریوان"، پێکهاتەی دوو وشەی "مێهر" و "وان-بان" بێت کە لە هێوتی زماندا "بان" بە "وان" گۆڕابێت!. بەم بۆچوون و لێکدانەوە کە هەندێک شرۆڤەی دەکەن، واتای مێریوان یا "مێهربان" بەرچاوتر و هێوونتر و و زەرتر شیاوی پەسندی دەنوونێت، چاودێر و پارێزەری "مێهر"ە. واتا شوێنی چاودێر و پارێزەری مێهرە، کە مێبەست لەو ئایینە پیرۆزە کوردییە و جێگاکەیەتی!.

-پاڵەوان؛ کە پێکهاتووە لە پاڵ+وان، کە بۆ کەسێکی بەهێز دەڵێن بەرگری لە خەڵکی "پاڵ" بکات و خۆی بۆ خاوەنی پاڵان بزانێت.
-مەلەوان؛ مەلەوان وشەیەکی تەواو کوردییە. لە فەرهەنگی "زانستگای کوردستان"دا، هاتووە: (malavan)، (ناو)، مەڤان، مەلوو، دەریاوان، گەمیەوان؛ واتا ئەو کەسەی کە لەسەر کەشتی کار دەکاتن. لە "فەرهەنگی باشوور"دا، نووسینی ئاکۆ جەلیلیان، چاپی چوارەم، هاتووە: خزمەتکاری کەشتی، ئاڤژەن. لە فەرهەنگی "زنار"دا، نووسینی حەمە کەریم عارف، بۆ ئەم وشە لێکدراوە نووسراوە: کەشتیوان. واتا خودای کەشتی.
-باخەوان؛ وشەی باخەوان لە دوو وشەی باخ+وان پێکهاتووە. باخ ناوێ و وانیش پاشگرێ. کورمانجییەکەی دەبێتە باخچڤان، واتە پارێز و خاوەن و بەخێوکاری یەکبەیەک دەی گوت و گیاکانی باخ. واتا بەرپرسی گوڵان، هەر ئەو باخەوانەش کە دەتوانێت هەر کاتێک بیەوێ بە هەر شێوازێک ژیان و هەرچی گیانەوەرانی باخەکەیە، کۆتایی پێ بهێنێت. ئەمڕۆش تەنیا لە دەسەڵاتی خاوەندا هەیە. مینا‌ک: -ئاشەوان؛ واتا خاوەنی ئاش. -قازەوان؛ واتا پارێزەری قازان. هەروەها نچیروان، ژیلوان و سەدان نموونەی تر…

نووسینی: زانکۆ یاری
Jun, 2019 12

سەرچاوەکان:

-یەعقووبی، حوسێن، "زمان، وەرگێڕان و پەیوەندی کولتوورەکان"، وەرگێڕانی: ئیسماعیل زارعی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، کۆڵۆژی پەروەردە، سەران، چاپی یەکەم-هەولێر 2007.
-موکریانی، د. کوردستان، 1977، "سیر تطور زبان کوردی و مجموعه زبان های ایرانی"، چاپی یەکەم، 1394.
-فەرهەنگی "زانستگای کوردستان"، چاپی 1385، سنه.
-فەرهەنگی "باشوور"، نووسینی ئاکۆ جەلیلیان، چاپی چوارەم.
-فەرهەنگی "زنار"، نووسینی حەمە کەریم عارف، 2006، هەولێر.
-فەرهەنگی "کاوە"، لەسەر ئینتێرنێت-بەژ. (http://farhangumejuikawa.com/kawe/index.php)
-ماڵپەڕی "یاگەی زمانی کوردی"، بەشی ڕێنووس. http://yageyziman.com/Renusi_Kurdi.htm))
-Http://trovamy.altervista.org/ English: Wikitionary, ((available under the CC BY-SA 3.0 license.

کورۆنا … عزیز شریف و ئیبراهیم محمد

وەک ڤایرۆسێک یەکەکی تر لەو ڤایرۆسانەیە کە لەهەناوی سیستەمی سەرمایەداریەوە بۆ دنیا هاتووە بەماوەیەکی دیاریکراو یەخەی ئینسانەکان دەگرێت و خەی بۆ ڤایرۆسێکی تر دەگۆڕێت ! ئەگەرچاوخشانەکی کورت بەسەر مێژووی سەد ساڵی ڕابردووەدا بخشێنین ئەوا هەر دەوریەک لە دەورەکانیمێژووی سەدساڵە ڕابردوو هەڵگری ڤایرۆسێکی کوشندە بووە کە ژیانی هەزاران تا بە ملیۆنان ئینسانیکردۆتە قوربانی خەی . لەسەرەتای سەدەی بیستدا پەتای ئیسپانی بە نمونە ٢٠ ملیۆ ئینسانیکوشتووە ، ئایدز لەسەرەتای پەیدابوونیەوە تابەئێستا دەگات ٣٦ ملیۆن ئینسانی کوشتووە . کۆلێرا و نەخۆشیەکانی تر تا بە پەتای باڵندە و بەراز لەم سەرەتایانەی سەدەی بیست و یەکەدا دیسان بەهەزارانئینسانی کردۆتە قوربانی . جەنگە جیهانیەکانی یەک و دوو ، جەنگە ناوچەیی و ناوخەیەکان ، جەنگەقەومی و تائیفیەکان دیسان قوربانیەکانیان ملیۆنان ئینسای تر بووە . ئەگەر کەمێک لەژیکانە بەسەرچاوەی ئەم ڤایرۆسانە بگەیەنەوە ئەوا ئەوەی دەستگیرمان دەبێت ئەمەیە کە ئەم ڤایرۆسانەلەهەناوی قازانج پەرستی سەرمایەداریەوە سەرچاوەیان گرتووە . ئەم سیستەمە مۆتیف (هاندەر) یئینسانە بە بەدستهێنانی زۆرترین سود و قازانج ، لەم پێناوشدا لەهیچ شتێک سەی نەکردۆتەوە . ئەگەر لە ڕابردووەدا بەاو بوونەوەی پەتای دژە تەندروستی ئینسان بەشەوەی ئەم سەردەمە بەاو نەبووەهکارەکی ئەمبووە کە سەرمایەوەکو ئەمە سنورەکانی کراوە نەبووە ، بەڵام پەتا و ڤایرۆسیجەنگەکانی سەرمایە لەمسەر بە ئەو سەری زەوی بەاو بووە . ئەوەی کەرۆنا و نەخۆشیە سەردەمیەکانیتر لە کۆڕا و ئاوەڵە و سوورەژە و سیل و تاعون جیا دەکاتەوە ئەو گومانە لە سەرچاوە و هەکاری ئەمنەخۆشیە دەکرێت بەشەویەک بەڵا سروشتیەکانی گەیوە بە بەڵا دەسکرد و بەرهەمهاتوەکان ئامانجیپشتی ئەم گومانە ئەو بنبەستەیە کە کرێزە (ئەزمە) ی ئەم سیستەمە هیچ چارەسەرێکی نیە بە کۆشکانیلە ڕەوەندی ڕوو لە خواریا خەی لەپشتی ڤایرۆسەکەوە دەشارێتەوە …. ئەستاش کەرۆنا دوا ڤایرۆسیهەڵشکار لەئینسان

نابەت ، هەتا سەرچاوەکەی ، یانی سیستەمی سودپەرستی سەرمایەدارییلەناونەبرەت ناوە نەناسراوەکانی ڤایرەسکانی تر لەسەر ڕەمان دەبن !

عزیز شریف

ئیبراهیم محمد

کورتە نامەی شیعریی – بەشی یانزەهەم … فەتاح حەسەن

ئەتە..
بازنەی خۆشەویستیی منی
کەتاییەکەت..
سەرەتایە.

بەوام نەدەکرد
خەرئاوابون
هەندە جوان بە
تا لەنەوان
گەردنی دوو گەنجدا دیم،
لە ساتی ماچی ناودەما.

ئەگەر
تەنها یەک کەس
حەز بە بیستنی
ترپەی دڵم بکا
حەز دەکەم
تەبی و بەس.

لەو ساتەدا
کە دوو ئاشق
خوا حافیزی لەیەك دەکەن
دەم لەخەم دادەنێ و
زیاتر
هەست بەتەنهایی دەکەم.

ئەوی ئەتە
ناوی دەبێ
بەدواهەمین ماچ
لەلای ئەمن،
گەر دوەم نەبێ
یەکەمە. دکتەر وتی:-
ئەتە کێی لەژماردنی ماچ.

ئەگەر
مانای خۆشەویستیی نازانی
خەت نەخەیە، داوی عیشقەوە،
خۆشەویستیی
گەمەی منداڵان نییە
هەی ماڵ خراب.

کە، پێدەکەنیم.. خۆشمدەوێ
واهەست دەکەم
پیت بەپیتی خۆشەویستیی
کلۆ بەفرن و
بەسەر تەی دەریادا، دەبارێ.

فەتاح حەسەن
دانیمارك/ ڤالبی

پارچەکانم کەکەنەوە … ستار ئەحمەد

کەرتێکی چوار پارچەی لەشم
رەژی روونا‌ك
لەگەڵ نرا
کوانێ کچێ
چاوکانی سنجارم
لەکوێی ئەم چەرخە چەپ گەڕێ ..؟
فرێشران
کێ هاتە دەنگ ..؟
کوا کامەیە
مافی گەلان ..؟
هەرچەن هەڵبجەی شەهیدم
بەغازی خەردەل کوەر کرا
گەرمیان و کوەستانی رەحم
ئەنفال کران
دەستانی کورد
هاوپەیمان و
وەاتانی بەناو ئیسلام
فرمێسکیان لەچاو دەرنەچوو
خەیان کەڵ کرد
ئینسانیەت
لەسەراپای گەی زەویدا
سەایەوە
هەر ئەوانیش
جارێکی دی
داعشیان هێنایە گەڕێ
ئاگری تاوانی سەدام
جارێکی تر کرایەوە
لەکام چەرخ و زەمانەدا
ئینسانیان وەکوو دەندە

لەنو گا سووتاندووە ..؟
کوا جوولەکە
تاوانی وای
بەرامبەر عەرەب کردووە ..؟
کچی فرمێسکیان ناسن
شەوو رۆژ
بەدووچاو دەگرین
بە فەلەستین
وەکوو ئەوەی
ژیان تەنها بە ئەوان بێت
هەواو زادو
خاك و وڵات
بە خۆکانی تر تاوان بێت
ئەمانە دروشمیان خوێنە
ئامایان برا کوشتنە
لەئادەمەوە تا ئەمڕۆ
هەر تاوان پیشەیان بووە
قابیل هابیلی سڕیەی
مەئموون ئەمینی تیرەر کرد
ویستیان یوسف بخنکێنن
حوسێن و حەسەنی باوکیان
بەو دەردە برد
مەژووی عەرەب
تاڵانی و ژن رفاندنە
نەزانی و زانا کوشتنە
ئیتر دەم بەچی خۆش بێت
من لەخاکەکا
چرەم کرد
جوانی و قەڵەم لەخاچ دەدەن
فوو دەکەنە چرای ماڵان
ژەهراوو
گازی کیمیاوی
بەسەر کەرپەو
گەنج و شارما دەبارێنن
وەرە قووتی رۆژانەی تە
لەنو خوانی ئەمانە بێت
تەنانەت هەوای خودایان

ژەهراوی کرد
کە دەتوانێ
بەوا بکات
رێژەك ببنێ
برا بێ کورد ..؟

ستار ئەحمەد

بابەت –ئایا جارەسەری فایروسی کۆرۆنا هەیە؟ … جگر ئومێد

بە هیوای تەندروستی باش بوو هەموو لایەك هیواخوازم دوور بین لە نەخوشی –لیرە و لەوی بابەتی سوشیال میدیا بووتە کۆرۆنا لە هەموو جیهان ریکاری یاسای توند گراوتە بەر کە بە شیوەکی خیرا بەشیك لە ولاتان گرتەوە(COVID-19)ناسراوە
وە تا ئیستا هیچ جۆرە جارەسەریك نەدوزراتەوە تەنها ریگاکانی خوباراست نەبیت و تەنها بهیز کردنی سیستەمی
بەرگریە
بەو هوی کە فایروسی کرونا ناتوان بو ئاسان بناسریتەوە لە لەش ئەمەش وای کردوە تا ئیستا جیهان بەدوای جارەسەری بگەرین
وە ترسی ولات لەوە دایە نەتوانین جارەسەریك وا زوو بدوزنەوە و وەکو پایدامکی سالی 1918 بەروکی جیهان بگریت بەداخەوە بووە مردنی زیاتر لە 20 ملیون کەس وە ترسی ئەم فایروسە بە شیوەکی خیرا بلاو دەبیتەوە لە هەوا توانای زیان هەیە بو ماوەی 3 روز

ئایا بو تا ئیستا ڤاکسین نیە بو فایروسی کرونای (٢٠٢٠) ؟
پیوستە سەرەتا بگەرین لو دوزینەوەً جۆری ڤایرۆسە کە پیکهاتە ی ڤایرۆسە کە و چۆنیتی کارکردنو چالاکی ڤایرۆسێ کە . تیست کردنی عیلاجە کە راستە و خۆ لە سە ر فایرۆسە کە . گە ر سە رکە وتوو بوون ئینجا دە بێت تاقیبکریتە وە لە سە ر مرۆف یان ئاژە ڵە کان تا دنیا ببنە وە لە وە ی دە رمانە کە کار دە کات لە جە ستە ی ئاژە لە کە و سە رکە وتوو دە بێت لە جە نگ کردن ڵە گە ڵ ڤایرۆسە کە

..وه هەتا ئیستا هیچ تاقیکرنەوەك سەركەوتوو نەبووە.
تاقیکردنەوەی یەكەم لەسەر بەكارهێنانی هەردوو دەرمانی نەخشی ئایدز HIV لەپیناقیر و ێیتەناقیر ، لەهەمانكاتدا تاقیكردنەوەكەی دیكە لەسەر دژە ڤایرەسی ڕەمدیسڤیر كراوە.
وەكوتای تاقیكردنەوەكان كە ولاتان دەدوزنەوە . بو كرونا (مارانا-1273)ناوەكەیەتی . ئیستا لە سەر 25 خوبەخش تاقیدەكریتەوە .
ئەم پروتینە دەكاتە ئامانج كە لە سەر جەستەی ڤایروسەكەیە، ئامانجی ئەو پروتنیە كە ریگا بە فایروس دەدات زیان بە خانەی لەشی مروف بگەینی

قوتابی بەشی دەرمانسازی: جیگر امید

پەل شائەل: پووچتر لە دووبارەكردنەوەی ئەوانی دی؛ دووبارەكردنەوەی خودە … وەرگێڕان/ ئەمین بەتانی

پەل شائەل هەر لەگەڵ بەدیاركەوتن و ناسینی وەك شاعیرێك لەسەرەتای هەفتاكانی سەتەی رابردووەوە، بەوە ناسراوە كە هەمیشە گەڕەزی ناوەتەوە و بەردەوام بەتە مایەی ورووژاندنی كێشمەكێش. هەمیشە ئەوەی ڕەتكردەتەوە بچێتە پاڵ ئەوانی دی و مەرایی بە ڕەخنە بكا.. ئەو تا بڕێی لاسارە و خۆی رادەستی پەوەرە حازربەدەستەكان و فریوی سەرسامبوون ناكات، بۆیە ئەزموونەكەی ئەو بریتیە لە پێشنیارگەلێكی نوێ بۆ چامەی شیعریی سەردەم و بۆ خودی شێوازی نووسین.

پەل بەوە تەمەتبار كرا كە چامەی نەریتیی لە بنج و بنەوانەوە هەڵتەكاندووە، هەروەها زمانیشی تێكوپێكداوە، بەڵام ئەو مكوڕە لەسەر تەفروتوناكردنی خود؛ بەواتای تێپەڕاندنی بەردەوامی خود و هەمیشە ئەزموونكردن، ئەزموونكردنێكی بەردەوام بەمەبەستی گەڕان بەدوای پەنهاندا، یان لەپشتاو پەیبردن بەو ئازادیەی كە

سنووره‌كانی ره‌خنه راینا‌گرن، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ره‌خنه ره‌هایه و شیعریش رۆژه‌یی، بۆیه به بۆچوونی ئه‌و ئه‌م دووانه به‌یه‌كناگه‌ن.
په‌یڤین له‌گه‌ڵ هه‌به‌ستڤان پڕ‌ل شائڵ پرسیاری زۆر هه‌ده‌گرێ و نیشانگه‌لێكی زۆری پرسیار به هه‌واسراوی ده‌مێننه‌وه؛ به هیوای ئه‌وه‌ی ده‌رفه‌تیان هه‌بێ له په‌یڤینه‌كانی داهاتوودا بخرێنه روو، چونكه په‌یڤین و دایه‌لۆگ تامه‌زرۆی یه‌قین نیه به‌قه‌د ئه‌وه‌ی یارمه‌تیده‌ره بۆ خستنه‌ووی پرسیاری نوێ.

من خۆم پێشكێش ناكه‌م؛ ئه‌وه خوێنه‌ره‌كانن پێناسه‌م ده‌كه‌ن، كار و به‌رهه‌مه‌كانم ناوونیشانی منن، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی من ئه‌وه پتر له سی ساڵه شیعر ده‌نووسم، ئه‌وه‌ی ده‌شمخوێنێته‌وه بۆی هه‌یه باش و خراپم له‌باره‌وه بڵێ.. ئه‌وه هه‌ر زۆر ئاساییه، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی مرۆڤ خۆی وه‌ك پێشنیارێك وایه بۆ جیهان، نووسینیش پێشنیاری مرۆڤه بۆ ئه‌وانی دی كه ده‌توانن ره‌تی بكه‌نه‌وه یان قبووڵی بكه‌ن، ئه‌وه‌ی پەیوەندی به منیشه‌وه هه‌یه؛ خه‌كانێك هه‌ن حه‌زیان له شیعره‌كانم نیه…هه‌ندێكیش به تامه‌زرۆییه‌وه ئاره‌زووی ده‌كه‌ن.
له بنه‌ڕه‌تدا شاعیر وه‌ك سه‌ركرده و حزب نیه له جیهانی سێیه‌م؛ تاوه‌كو خه‌ڵك له ده‌وری كۆبێته‌وه و هه‌وڵ بدا كۆده‌نگییه‌ك بۆ خودی خۆی به‌ده‌ستبێنێ، شیعر و چامه و تابلۆ؛ یان هه‌ر ژانرێكی دیكه‌ی هونه‌ریی خه‌ڵك دابه‌ش ده‌كا و مه‌وبه‌ست لێی كۆده‌نگیی نیه، بۆیه هه‌ر شاعیر و هونه‌رمه‌ندێك هه‌وڵ بۆ كۆده‌نگی بدا؛ گومانم له شاعیرێتی و داهێنانه‌كه‌یه‌تی.

كه جیهان دابه‌ش بكه‌ی؛ واته شتێكی نوێ پێشكێش بكه‌ی خه‌ڵك له‌سه‌ری جیاواز بن، خه‌كانێك هه‌ن به‌رگه‌ی سه‌رچێی و ریسكی نوێ ناگرن… خه‌كانیش هه‌ن به رۆژه‌وه له‌و ئه‌زموونه نوێیه‌ی ئێمه ده‌وانن، بۆ نموونه هه‌ندێ كه‌س هه‌ن پرسیار ده‌كه‌ن: بۆچی پڕ‌ل شائڵ به‌رده‌وام خۆی هه‌ده‌وه‌شێنێته‌وه؟ دیاره كه هه‌ر نووسه‌رێك له‌وه‌ی دی جیاوازه. من ئه‌و پرسیاره گرنگه زۆر ده‌مته‌زێنێ، به‌ڵام له‌هه‌مان كاتدا وام لێ ده‌كا پێوه‌ست بم به‌وه‌ی كه هه‌ر ئه‌زموونێكی نوێ له‌لای شاعیر پێویسته رۆخشكه‌ر بۆ بۆ هاتنه‌ئارای ئه‌زموونی نوێتر، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی گرفتی شیعری عه‌ره‌بی ئه‌وه‌یه كه هه‌ندێ شاعیر شێوازی نوێی نووسینیان دۆزییه‌وه… دواتر به درێژایی ته‌مه‌نیان لاسایی خۆیان كرده‌وه، كه سه‌ره‌نجام ئه‌زموونه‌كه‌یان وه‌ك گۆماوی لێهات و تووشی ده‌به‌نگی و دووباره‌بوونه‌وه و مردن هاتن.
له‌گه‌ڵ من وه‌بیر خۆتی بێنه‌وه؛ كه گشت ئه‌زموونه سه‌ره‌تاكانی شاعیران هه‌میشه باشتر بووه له دوا ئه‌زموونه‌كانیان، چونكه ده‌ستیان له

نوێكردنەوە و ئەزموونكردن هەڵگرت، چونكە ئەوان هەستی رەخنەگرانەیان بەسەر خودی خۆیان لەدەستدا، چونكە ئەوان لەناو خۆیاندا گریمانەی پڕغەمبەرانەیان تاودا… بۆیە هەر شتێك ئەوان بینووسن؛ بوو بە بتی پیرۆزكراو، بگومان ئەوەش مەرگی شاعیرە، لەبەر ئەوەی هەر شاعیرێك ئەگەر رۆژانە خۆی تەفروتونا نەكات… هەڵبەت بە مانا ئەرێنیەكەی، بە مانا هەڵوەشانگەراكەی، بەو مانایەی بەخۆی بڵێ: ئەم ئەزموونە بەكۆتا هات و لەسەرم پێویستە ئەزموونێكی نوێ بەرپا بكەم.. ئەگینا ئەو شاعیرە وەك مردوو وایە.
هەر بەوە بزانە كە كاروانی شاعیرە مردووەكان بەردەوام قەرەباڵغ تر دەبێ، چونكە لەسەر خوانی فێستیڤاڵە شیعریەكان دەلەوەڵێن، ئەو فێستیڤاڵانەی خەریكە شیعریش پیس دەكەن، ئێستا ژمارەی شاعیری فێستیڤاڵەكان كۆاشە دەكا، وەك بڵێی حورمەت و رێزمەندیی شیعر لە فێستیڤاڵەكانە نەك لەناو پەرتووك.

من چل ساڵ رەتم كردەوە بچمە سەر سەكۆ و شیعر بخوێنمەوە، هەندێ لە هاوڕێیانم بە گلەییەوە پێیان گوتم كە ئەوە كاریگەری لەسەر ناوبانگ و ئامادەگی میدیاییم دەبێ، بەڵام من پێمگوتن: بێ من باشترە میدیاكان بدڕێنم نەك شیعر، لە دواییدا هەردووكیانم قازانج كرد، راستە من دوای چل ساڵ بەشداریم لە كۆڕكی شیعریدا كرد لە پاریس و دانەیەكی دیش لە لەندەن، بەڵام من حەزم لە فێستیڤاڵە شیعریەكان نیە… زەوق و ئارەزووم ئاوایە… بەم شێوەیەش خۆم دەناسێنم، ئەوانی دیكەش بۆیان هەیە دیدی جیاوازیان هەبێ.

ئەوە ئەزموونێكە ساڵی 1977 بەكۆتا هات، بەڵام ئەزموونێكە كاریگەری بەسەر شیعری عەرەبییەوە هەبوو، بەر لەوە شیعری عەرەبی شیعرێكی زاوزێگەر، رۆمانتیكی، سوریالی، دوور و درێژی تووڵانی بزاركەر بوو…هتد، ئەوەبوو چامەی چڕوپڕم داهێنا، چامەی كورتبڕ و تژی هێما و گرژ، رووبەری سپیشم كردە بەشێك لە سینێگرافیا وەك شانۆ، كردمە بەشێكی تەواوكەری پەیژ، پڕاوپڕ لە هێما و ئاماژە، كە ئەمەیان ئەزموونی هەرە سەختی من بوو لە دووتوێی هەردوو دیوانی (روخسارێك دەكەوێ و ناگات) و (با-ی ڤالا) پێشكێشم كرد، دواتر چامەی دوو رستە و سێ رستەییم هێنیەوە، بەڵام ئەو ئەزموونە شیعرییە قورس بوو، چونكە فۆرم بە تەنیا بەس نیە… پەرشبوونی رووبەری سپی لە نێوان رستە و وشەكانی چامە بە تەنیا كەڵكی نیە، یاریە زمانەوانیەكە گرنگە؛ كە یاریەكی سەخت و وردە لە هەمان كاتدا، چونكە چامەی درێژ دەشێ بەرگەی لاوازی بگرێ وەك رووبار، بەڵام ئەو چامە بچووكە یەك رستە و دوو رستەیانە وەك پەپوولە وان، بە شنە

بایەك دەكەونە خوارەوە، بە تەنیا پیتێكی زبر كە لە شۆنی شیاوی خۆیدا نەبێ؛ هەموو ریتمەكە ئاڵۆز دەكا.
لەگەڵ ئەوەشدا، من دەڵێم ئەو ئەزموونە بە كۆتاهات، لەدوای با-ی ڤالا دەبوایە ئەزموونەكە فرەوان بكەم، دەبوایە لە تەفروتوناكردنی بونیادی زهنیەت (مێنتالیتی) و زمانەوانی و لۆژیكی شیعر بپەڕمەوە بەرەو ئەزموونێكی نوێتر و تەواو جیاواز، بەرەو ئەزموونێكی هاودژ بە ئەزموونی پێشووم كە لە هەردوو دیوانی (مردنێك بێ یادگاری) و (لاپەڕەكانی ونبووەكە)دا بەرجەستەیە.

لەمەشیاندا دیسان ترسم لە دووبارەبوونەوە هەبوو، بۆیە رووەكردە زمانی كەلەپوور، من وەك ئەوانی دی نەهاتم بەردێكی دۆرین بێنم و بیخەمە نێو دیوارێكی نوێوە، نا، نا، من رستەم هەیە بژارد، هەمان چامەم هەیە بژارد و كارم لەسەر كرد (وەك مانگێكی درۆژی عەشق) كە خەتەرناكترین پەرتووكە نووسیبتم و خەڵكی بەگشتی و ئەشراف و محافزكارانیش خۆیان ویستبێ، لەبەر ئەوەی لەو پەرتووكەمدا گەڵانەوە هەبووە بێ زمان و دەستەواژە كەلەپووریەكان، من لەو دیوانەمەوە (وەك مانگێكی درۆژی عەشق) بەرەو پەرتووكی (نەمانی دڵخەكان) ڕەیشتم وەك دەقێكی كراوە، هەندێ توخمی شانەییم وەك هەوێن تێكەڵ كرد، ئەو ئەزموونە قورس و هەڵپووكێنەرە، بەڵام من هەمیشە بەدوای نوێكردنەوەدا گەڕاوم.. بۆیە ئەوە دوو ساڵە هیچم نەنووسیوە.

شیعر هونەرێكی سەختە، هونەری چامەی كەڵەگەت، من هێشتا لەسەر ئەو بڕچوونەم، تاوەكو ئاسەواری چامەیەكی پێشتری خۆم بسڕمەوە، ناچارم پەلاماری شانۆ بدەم… یان كار لەسەر زمان بكەم، خەریكی هزر و سیاسەت بم، تاوەكو لە ئاسەواری ئەزموونێك بەتاڵ ببمەوە؛ دەمەوێ بەدوای ئەزموونێكی نوێدا بگەڕێم، ئەزموونێك لە ژیان و ئێشوئازار… لە عەشق و مەرگ، لە خوێندنەوەی شیعر و وێژە، تێ هەمیشە پێویستت بە نوێكردنەوەی كەرەستەكانتە، لەسەرت پێویستە هەڵیانگریتەوە و كۆنترۆڵیان بكەی… بەڵام شاعیرێك بێت و هیچ كەرەستەیەكی پێ نەبێت بۆ كردەی رەنگدێری، بێگومان ئەوە شاعیرێكە كەوتۆتە تەڵەی خودی خۆیەوە، لە نموونەی زۆرێك لەو شاعیرانەی من و تۆش دەیاننناسین و پێویست ناكا ناویان بێنین.

بڕوام پێ بكە، من ئێستا حەز لە پەیقی رووخان و هەڵتەكاندنی زمان ناكەم، ئەوە دروشمی سوریالی و دادایيەكان بوو كە گۆڤاری شیعر و خاوەنەكانی نوێخازی و ئەدۆنیس پەیڕەویان كرد… كە من بەلامەوە وەهمە، بۆیە لە جیاتی ئەوە؛ من پێشنیاری تەفروتوناكردنی خودم

کرد. لە راستیدا شیعر فۆبازییە، جارانیش گوتراوە کە جوانترین شیعر درۆزنانەترینیەتی؛ بەڵام نەك بەمانا ئەتیکیەکەی، بەڵکو بە مانا خەیاڵکاریەکەی، بەواتای هاونزیکی مژارەکە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، سەبارەت بە کەلەپوورەوەش؛ من نەمویستووە؛ نە کەلەپوور تەفروتونا بکەم و نە زیندوویشی بکەمەوە، بەڵام ئەوەی پێویستە بکرێ دەبێ زمان بەر ختووکە و نەقیزە بدرێ، لەبەر ئەوەی شیعر خۆی نەقیزەدانی سەرتاپای زمانە بە کەلەپوور و سەردەمەکەیەوە، هەبەت نەقیزەدان بەمانای ئەزموونگەری، منیش لە ئەزموونکردندا دەژیم.
ئێستا من لە (نەمانی دۆخەکان) شانۆم ئاوێتەی شیعر کردووە، وەك تێش دەزانی؛ بایەخپێدانی من بە شانۆ هاوتەریبە بە شیعر و هزر و زمان... هتد. لە کۆتاییشدا ئەگەر من بمەوێ چامەیەکی شیعری بێ ئەوە بنووسم تەنیا خۆشەویستی خۆم بدرکێنم و عەشقی خۆم بێ سڵکس دەربڕم یان خۆم لەقەرەی سیاسەت بدەم؛ ئەوە من دەتوانم ئەوانە بکەم لە ڕێگای نووسینی وتارێکەوە (ئێ خێ من ڕۆژنامەڤانم)؛ یان دەتوانم لە لێکۆڵینەوەیەکدا بیکەم یان لە...، بەڵام شیعر کاتێ دەینووسی؛ پێویستە شتێکی نوێ بخاتە سەر ئەوەی کە هەتە؛ یان سەر بەرهەمی داهێنراوی ئەوانی دی. دووبارەکردنەوەی ئەوانی دی شتێکی پووچە و لەوەش پووچتر دووبارەکردنەوەی خودە.

من نموونەیەکی پێشوەختەم نیە، نموونەکەی من لەبەر دەممە، بۆیە دەبینی کە گشت تیووریەکانی شیعر پووچ و بێمانان، تێ یەکەمجار چامەیەك دەهێنیەوە و دواتر تیووریزە بێ شیعر دەکەی، یان دەخوێنیەوە بێ ئەوەی بزانی چۆن شیعرت نووسیوە، هەموو سنووورەکانی شیعر لە دوای دەقەوە دۆن نەك بەر لە دەق، کە دەکەوێتە پێگەی ناکۆتاوە.
هەموو تیووریەکانی شیعر هاتن و ڕێشتن و شیعر هەر مایەوە، کەس ناتوانێ شیعر بەدەستەوە بگرێ و هەڵگرێتەوە، گشت قوتابخانە شیعریەکان قوتابخانەی بانە و هەڵکەوتەکانن؛ لە ساتەوەختێکی مێژوویيدا دۆن و دەڵێن، بەڵام دەق دەمێنێتەوە، ئەو قوتابخانانە وەك ڕاستە وان؛ فەزا و بۆشاییان پێ دەپێوین، ڕەخنە هەمیشە ڕەها و شیعریش ڕێژەییە؛ بۆیە هەرگیز بەیەکناگەن.

پێشەنگەکان نەمان و کۆتاییان هات، یان زۆربەیان وەك شیعر و هزر کۆتاییان هات، هەموو بیروبۆچوونەکانیان سەبارەت بە نوێخوازییەوە هەر لە بنەڕەتدا لاواز و پەپووت بوو، لەبەر ئەوەی بۆچوونەکانیان پەیوەندییان بە دەقەوە نەبوو، بەڵکو وابەستەی هەندێ زانیاری بوون

لەبارەی رەخنەی رۆژئاوایی؛ یان رەخنەیی کۆن و کلاسیك، یان رەخنەی کەلەپووری، بۆ نموونە ئەوان کاتێك لەبارەی پەخشانە شیعرەوە شتیان دەنووسی؛ ئەمە لێرە جارێ پەخشانە شیعرمان هەر نەبوو، ئەوان پشتیان بە سۆزان برنارەوە بەستبوو کە بەرهەمەکانی لەبارەی پەخشانە شیعری فەرەنسی بوو، سۆزان برنار لە بڵدێرەوە شتی وەردەگرت و هەتا ساڵی 1960 لێکۆڵینەوەی لەسەر گشت تێکستە فەرەنسیەکانی ئەو قۆناغە کرد و یاسا و ڕێساکانیشی هەڵێنجا.
کەچی ئەمە هاتینە سەر حازرەکی و کارەنجام و هەڵێنجراوەکانی سۆزان برنارمان لەبارەی دەقە شیعریەکانی فەرەنساوە برد و بەسەر شیعری عەرەبیمان پراکتیك و پیادە کرد، هەبەت بەر لەوەی دەقی ڕەسەن و خۆماڵی خۆمانمان هەبێ لەو کایەوە. دەرەنجامیش ژمارەیەك تێز و تیووریزەمان بۆ زیاد بوو لەبارەی پەخشانە شیعری عەرەبییەوە کە لە بنەڕەتدا بوونی نەبوو.

من یەکەمین لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی خۆم لەبارەی پەخشانە شیعر وەك تێزێکی زانکۆیی لە ساڵی 1971دا پێشکەش کرد کە بابەتێکی نوێ و پێشەنگ بوو لە بوارەکەی خۆیدا، بۆنە پێشچاوی خۆت زانکۆی بەیرووت دەبێ ئەوسا چەند پێشکەوتوو و گرنگ بووبێت لە ڕووی ئەکادیمییەوە هەتاوەکو نامەیەك وەرگرێ لەبارەی پەخشانە شیعر؛ کە زانکۆ عەرەبیەکان هەر دانیان پێدا نەدەنا.
گرنگ ئەوەیە ئێستا بەرهەمەکەی سۆزان برنار لە فەرنسا کاریگەری نەماوە و ئکسپایەر بووە، لەبەر ئەوەی شیعری فەرەنسی (خۆت دەزانی من شارەزای شیعری فەرەنسیم) هەر لە شێستەکانی سەتەی ڕابردووەوە گۆڕاوە بە ئێستاشەوە، ئەو ڕێسایانەشی سۆزان برنار هەڵێنجای؛ ئێستا نە بەکەڵکی شیعری فەرەنسی و نە بەکەڵکی شیعری عەرەبییش دێ، بەڵام ڕەخنەگرەکانمان هێشتا لە تیووریزە شیعرییەکانی خۆیان پشتی پێ دەبەستن.
من لە کۆنگرەی شیعر لە قاهیرە لەبارەی پەخشانە شیعرەوە نووسیم و ڕەخنەم گرت و وەڵامی سۆزان برناریشم دایەوە لەبارەی شیعری فەرنسی و عەرەبی، بەڵام شاعیران و ڕەخنەگرانمان ناخوێنەوە و ئاگایان لە پێشهاتەکان نیە… زۆربەیان لەسەر شکڵی جارانی خۆیان وەنەوز دەدەن، بۆ خۆیان لای پڵ قاڵەری و ئاندرێ بریتۆن ڕاکشاون، ڕاستە ئەوانە مەزن و بلیمەت بوون؛ بەڵام کۆتاییان پێهات.

چامەی شیعری و شانۆ؛ دوو هونەرن بەیەك ناگەن، پەیوەندییان بەیەکەوە نیە، هەر هونەرێك لەوانە بونیاد و جەستەی تایبەت بەخۆیان هەیە، هەر یەك لەوانە کەرەستە و پێوەری خۆیانیان هەیە،

کاتێك ئەمە چامەیەك دەنووسین پێویستە بزانین کە ئەمە جەستەیەك بەیەکەوە دەلکێنین و ناکرێ بە شتێکی دیکەوە ناوبنرێ، ئەمە چامەیەکی شیعری ددەنووسین نەك راپۆرتێکی سیاسی یاخود وتارێك، چونکە هونەری وتاربێژی و هونەری وتارنووسینیش هەیە، بەڵام چامە هەڵکەنراو و داهێنراوێکی شیعرییە، کاتێکیش شانێ دەچێتە نێو ئەو چامەیەوە؛ ئەوە دەبێ بگەڕێ بۆ جەستەی چامە تاوەکو ببێتە چامەی شیعری. ئەگەر گەڕانەوەیشی هاتە سەر، ئەوە دەبێ گەڕانەوەکە بۆ زمانی چامە بگەڕێ، ئەگەر ئەو گەڕانەش رووینەدا؛ ئەوسا وادیارە کەموکوڕییەك لە کرێکی خودی نووسیندا هەیە.
هەمان شت بۆ شانۆش دەگونجێ، لەبەر ئەوەی شانۆ بونیادێکی سەربەخۆی هەیە و جیاوازە لە رۆمان و رەنگ و سینەما، تێ دەتوانی شیعر و گۆرانی و سینەما بخەیتە نێو شانۆوە، بەڵام بەو مەرجەی ئەو ژانرانە ببنە توخمی شانۆیی، خۆ ئەگەر وەك لەشی سەربەخۆ مانەوە؛ ئەوە بگومان کێشەی ئاوێتەنەبوون و لەبەریەکهەڵوەشانەوەیەك لە بونیادا هەیە.

کاتێك تێلستۆی (جەنگ و ئاشتی) نووسی؛ بیست لاپەڕەی جوانترین شیعری هەیە، بەڵام ئەو شیعرەیە خزمەت بەخۆی ناکات وەك شیعر؛ بەکو لەخزمەت بونیادی رۆمانەکەدایە، بۆیە زۆر ئەستەمە یەکێکمان بتوانێ ئەو هەردوو هونەرە بنووسێ، ئەوە کارێکە هەرگیز ئاسان نیە. منیش لە میانی ئەو رۆشنبیریە یەکجار فرەوانەی هەمە لەبارەی شانۆوە؛ لەگەڵ ئەو ئەزموونەی نووسین و دید و روئیایەم بۆ نمایشەکان، شتێکم لەلا گەڵاڵە بووە بتوانم سنووری نێوان ئەو دوو هونەرە بناسم و لەیەکتریان جیابکەمەوە، و ئەگەر بەناویەکداچوون ئەوە دەبێ یەکێکیان لە پێناو ئەوەکەی دی بتوێتەوە، هەروەك چۆن لەهەردوو بەرهەمەکەمدا بەرجەستەیە (نەمانی دۆخەکان) و شانۆیی (زۆرخانە) کە خاتوو نیزال ئەشقەر لە ساڵی 1990دا وەك ئەکتەر نمایشی کرد و لەوێ شیعرمان وەك هەوێن و رۆح لە بنیاتنانی شانۆییەکەدا بەکارهێناوە.

ئێستا لە فەرەنسا ئەزموونی نوێ هەن بۆ هەڵوەشاندنەوەی چامە شیعریەکان بە رێگای شانۆی کراوە، کە لە رێی فۆرمەوە ساز دەکرێ، ئەمەش پێویستە گواڵایەڵی ئەوی دی بین کاتێك ئەزموونکاری دەکات؛ ئەگەر ئەو کەسە عەرەب بێ یاخود بیانی، ئێستا شانۆ پەل بۆ دەرەوەی دەق و ئەکتەر دەهاوێژێ، شانۆ دەیەوێ تەنانەت لە دەرەوەی خودی شانۆدا بەدوای چارەسەریدا بگەڕێ ، هەبەت ئەوەش پێچەوانەی تیووریەکانی برێتڤسکی و ئارتێ یە، لەبەر ئەوەی شانۆ ئێستا تەسك تەرە لەوەی بتوانێ ئەو هەموو گەڕانکاریانە لەخۆ بگرێ، ئەمەش خۆی

لەخۆیدا پرسێکی مەترسیدارە.
من وای دەبینم کە دەبێ شانۆ هەموو توخمەکانی وەك سینۆگرافی و کریۆگرافی و جلوبەرگ و ماکیاژ و میوزیك وا لێ بکات لەگەڵ بونیادە سەربەخۆکەی خۆیدا ئاوێتە بکا، کە جیاوازە لە بونیادی چامەی شیعری و ڕۆمان و سینەما، هاوکات چاودێریی ئەو ئەزموونانەی تێکستیش بکرێ کە سنووری نێوان ئەو ژانرانەی دەربڕین دەتەقێننەوە و خاپوور دەکەن.
من خراپترین ڕەخنەگرم، بەباشتری دەبینم ئەوانی دی ڕەخنەم لێ بگرن. لەوە خۆشتر نیە ڕەخنەت ئاراستە بکرێ، بەڵام زۆر بێتامە کەسانێك پێتدا هەڵبدەن وەك مەرایی، ئەگەر ئەوانی دی وەك مەرایی لەسەرم بنووسن هەست بە سووکایەتی خۆم دەکەم؛ وەك بڵێی زللەیەکیان لەپەناگوێم دابێ، کەسانی وا هەن درێم لەگەڵدا دەکەن، بەرتیلم پێ دەدەن و ئازادیم ئازار دەدەن.
لەبارەی قوتابخانە ڕەخنەییەکانیشەوە؛ من پێوایە هەر هەموویان باریان کرد و نەمان، ڕیالیزم و بونیادگەری باویان نەما، سوریالییەت وەك قوتابخانەکانی پێش خۆی ڕۆی، من دژی گشت قوتابخانە ڕەخنەییەکانم. ڕەخنەی ڕاستەقینە؛ دڵخۆکی دیدەنیی نێوان ڕەخنەگر و دەقە، دیدەنیی نێوان دوو خەیاڵی بێ سنوور و بێ هزری پێشوەختە. هەر ئەوەشە ڕادەستبوونی چاوکراوە و بە ئاگا و خۆگر لەیەك کاتدا.

بێ دەبێ من ملکەچی ڕەسا باوەکانی کۆمەڵگا بم بێ ئەوەی بەدڵی خاوەنی ئەو ڕەسایانە بم،، چونکە کار و ئەرکی من لە شیعردا شکاندنی ڕەساکانی ئەو سەرسامبوونەیە کە یەکێکە لە نەخۆشیەکانی کۆمەڵگە و دەربڕین لە ڕاوەستان و بڕجووەیی و دۆگماتیکی قۆناغێکی ئەو کۆمەڵگەیە دەکەن، کاری من تێکشکاندنی توخمەکانی ئەو سەرسامبوونەیە، با سەرەتا لە وردوخاشکردنی ڕەساکانی سەرسامبوون بەخۆم و لە خاپوورکردنی خودشەیداییەوە دەستپێبکەم، لەبەر ئەوەی کاتێك شاعیر زۆر بەخۆی سەرسام دەبێ وەك (ئەدۆنیس)؛ ئەوسا مانای وایە چیتر کەکە بەکۆتا هات… بۆوام پێ بکە من ئەم قسەیە وەك ڕەخنە دەکەم، ئەدۆنیس یان نزار قەبانی بەر لە مردنی، و هەر یەکێك لەو شاعیرە خودشەیدا و نەرجسیانە کەسانی دەردەدار و نەخۆشن.

شاعیر لێی داواکراوە هەمیشە ئەو هۆزەی هەبێ بتوانێ خۆی پەرتوپار بکات و خودی خۆی داوخۆنێ، هەروەك لە کۆکی پێشوومدا گوتم کە هەر ئەزموونێك شاعیر بینووسێتەوە بریتییە لە وردوخاشکردنی ئەزموونکی پێشتری خۆی، من کە (نەمانی دۆخەکان)م نووسی؛ ئەوسا بە کردەی وردوخاشکردن هەڵدەستام نەك وەلانانی ئەزموونی (با-ی قالا)

وەك پاكتاوكردنێكى كاتى؛ يان ئەشكەنجەدانێك، ئەمەش خۆى لەخۆيدا جۆرێكە لە مازۆچييەت، بەمەش چامەى شيعرى دەبێتە جۆرێك لە پەلاماردان و سادیزم دژ بە زمان، بەڵام لەهەمان كاتدا مازۆچيەتيشە دەرهەق بە خود.
چامە پەلاماردان و دەستدرێژيكردنە بۆ سەر زمان، دەستدرێژيكردنە بۆ سەر شانۆ كاتێك خۆم بە ڕەسا و بنچينەى حازربەدەست ببەستمەوە و هەوڵ بدەم لە ڕووى ئايينى و ئايدۆلۆژييەوە پراكتيكيان بكەم؛ يان لەچوارچێوەى هەر قوتابخانەيەكى ناسراودا بيانخەمە گەڕ، گشت ڕەخنەگرانى سەتەى بيستەم كەسانى ئايدیۆلۆژى بوون، و هەندێكيان ئايدیۆلۆژى و خودشەيدا بوون، هەر شاعيرێك بوو بە ئايدیۆلۆژيايەكى سەربەخۆ، ڕەدەكا و بە پلاستيك داپۆشراوە، دژى پلاستيكە، مۆشكى پلاستيكە، هەستەكانى پلاستيكن، پێويستە شاعيرانمان نەچنە نێو فێستيڤاڵە شيعريەكانەوە و بەو وەرگێڕانەش غەڵا و لەخۆبايى نەبن لە ڕێگاى پەيوەندى كەستيەوە دەكرێن... ئەو شكڵمەندييە پووچ و بەتاڵە و شاعيران دروست ناكا، بەكو تێكوپێكيان دەدا.

من كاتێك دەنووسم بير لە هيچ توخمێك ناكەمەوە لە دەرەوەى شيعر و شانۆ، لەبەر ئەوەى شانۆى بازرگانى كاتێك بەزمێك بەكاردەبا؛ چاك دەزانێ بەوە دەتوانێ چەپڵەزانى گەرم و داهاتێكى باش وەدەستبێنێ، بەڵام من مامەڵە لەگەڵ نەفەر و مەعميل ناكەم، خۆنەر لە ديدى من مەعميل نيە و لە ساتەوەختى نووسينى شيعردا ملكەچى هيچ سازشێك نابم لەگەڵيدا، هەروەها من بير لە هيچ مەرجەعێكى ڕەخنەيى و پێوەندى لەگەڵ جەماوەردا ناكەمەوە. پەرتووك بەلامەوە وەك منداڵێكى زۆر وايە... لاواز و نەرمەليق، كاتێك پەرتووك لە شاعير جيا دەبێتەوە وەك لاوازێكى نەرمەليق وايە، دەشێ فڕێى بدەى يان بيفليقێنيەوە، تفى لێ بكەى يان بيسووتێنى، بۆت هەيە خۆشت بوێ يان لەگەڵى جووت بيت و بيكەيتە چەتر، ئەوەيە چارەنووسى مەزن و نەقڵەى پەرتووك؛ كە ببێتە زۆر و بيژى دوور لە ركێفى شاعير، شاعيران لاى ئێمە هەتا لە ژياندان پەرتووكە خراپەكانيان هەڵدەگرن، كاتێ دەشمرن و كۆچ دەكەن گشت نووسينەكانيان دەكەوێ و پەرشدەبێتەوە.

بۆيە پێويستە پەرتووك سەربەخۆ و بەدوور بێ لە كەستى شاعير و پێگە كۆمەڵايەتى و سياسى و تايفى و دەسەڵاتدارى و تەنانەت دارايەكەيشى، و بۆيە پێت دەڵێم دارايى؛ ئەويش لەبەر هۆكارێكى سادە، لەبەر ئەوەى توژێكى شاعيرانى دەوڵەمەندمان لە كەنداو و دەرەوەى كەنداو بێ پەيدا بووە، هەزاران دۆلار وەك بەرتيل دەدەنە

شاعیرە گەورەکان بۆ ئەوەی لەسەریان بنووسن و بە بەژن و باڵایاندا هەڵبدەن.
بەر لە ئێستا دەسەڵات بەرتیلی دەدایە شاعیران، بەڵام ئێستا شاعیران خۆیان بوونەتە راوچی خەڵاتەکان و دەوڵەمەندانی شیعر و قسە لەسەر نوخوازی دەکەن، ئەمە چ نوخوازیەکە؟! ئەمە چ شیعرێکە؟! چۆن شیعری بەرخودان بۆ دواکەوتوویی و تۆندوتیژی و کوشتن و دڕگماباوون بنووسم، هاوکات بەرتیل وەرگرم بۆ پیاهەڵدانی شیعری دواکەوتوو و هزری دواکەوتووی کۆنەپارێز؟… پێم بڵێ چۆن؟.

کەواتە هاوبەندی و بەردەوامیی لە ڕێگەی سازش نەکردنەوە دەبێ، لەسەرت پۆیستە لەگەڵ خۆتدا بەردەوام بیت بۆ ئەوەی بتوانی لەگەڵ ئەوانی دی بەردەوام بیت، بەردەوامی و هاوبەندیی هونەری و ستاتیکییش پرسێکی ڕۆژەییە، ئەوەی تۆ بە نامۆی دەبینی؛ لەوانەیە هاوڕێیەکی دی بەهەمان شێوە نەیبینێ، نامۆیی و ناوونی وەك شیعر پرسێکی ڕۆژەییە… من خۆشم وەك بۆچوون؛ هونەرەکانی نووسین جیا لە یەکتر دەبینم، من وتاری ڕۆژنامەڤانی لەبارەی پرسەکانی هزر و سیاسەت و کۆمەڵگەوە دەنووسم کە وتاری بوێر و ڕاستەوخۆن.. هەروەها لە خۆپشاندانەکانیش وتار دەدەم، ئەمەیان شتێکە و نووسینی شیعر شتێکی تر‌ە. بەڵام هەرگیز بڕم نیە چامەیەکی شیعریی وتارئامێز بهێنمەوە و بڵێم ئەمەیان زیاتر دەتوانێ پەیوەندی لەگەڵ خەڵکدا دروست بکا، چونکە ئێمە هونەری وتاربێژییمان هەیە و هونەری نووسینی وتاریشمان هەیە… بۆیە دەڵێم قەسیدە شتێکی ترە.

سەرچاوە:
انور بدر (لبنان)، القدس العربی 16/12/2004

دەسپێك لە چیڕۆکی (دواییین شەوی مینا)ی تێکۆشەر خالید_دا … سەدیق سەعید ڕواندزی

بۆگومان دەسپێك لە هەموو دەقێکدا، یەکەم ئەقەی گرێدانی دەقە بە خوێنەر و یەکەم دەروازەی چوونە نێو دەقیشە لە دوای ناونیشان وەك

ئاماژەیەکی گشتی دەق. زۆرجار سیحری گێانەوەی ووداوێك لە سەرەتاوە، ئەو هەستە لای خوێنەر دروست دەکات کە بە دوای ووداوەکان دابچێت وکەمەندکێشی بکات.واتە لە سەرەتای دەقەوە، هەرتەنها گێانەوە یاخود سەرەتای باسەکان گرنگ نییە، لەوە گرنگتر ئەوەیە چیێکنووس یاخود ێماننووس، چەند دەتوانێت لە ێگەی ئەو دەسپێکەوە، خوێنەر ببات نێووداوەکانی دەقەکە.گەلێك جار دەسپێکی دەقێك هەر لە سەرەتاوە ئەو تێوانینەمان بۆ دروست دەکات کە بەدوای ووداوەکانەوە بچین.

لە هەندێ دەقی چیێك و ێماندا،دەسپێکی دەقەکە لە ووی سیحری گێانەوە و تەکنیکی داشتنەوە هێندە لاوازو ناهونەرییە، کە هەر لە سەرەتاوە خوێنەر درك بەوە دەکات کە ئەوەی دەیخوێنێتەوە چیێك و ێمان نییە، بەکو گێانەوەیەکی میلێیانەی حیکایەت ئامێزە و هیچ بنەمایەکی هونەری گێانەوەی چیێکی تێدا نییە. ئەگەرچی گێانەوە ێەگەزێکی هاوبەشە لە چیێك و حیکایەتدا، بەێام دواجار گێانەوە لەم دووژانرە لە ووی بونیادی هونەرییەوە تەواو جیاوازن لە یەکتری.چونکە چیێك ژانرێکی ئەدەبی هاوچەرخە بە بەراورد لە گەێ حیکایەت و ئەفسانەکان. کە ێەنگە مێژووەکەیان بۆ هەزاران ساێ لە مەوبەر بگەێتەوە.ئەگەر چیێك بۆ هەموو ئستاتیکایەکی زمان و دەربڕین، تەنها لە گێانەوەدا کورتبکەینەوە، ئەوا جیاوازییەکی ئەوتێ لە نێوان چیێك و حیکایەتدا نامێنێتەوە.
ئەوە ئستاتیکای زمان و بینای هونەری چیێکە، چێژی خوێنەوە بە خوێنەردەدات نەك گێانەوە بە تەنها. چونکە ئێمە لە حیکایەت و ئەفسانەکانیشدا بەر گێانەوە دەکەوین، کەواتە بۆچی هەمان ئەو چێژەی چیێك و ێمانێکمان لادروست ناکەن؟.بۆگومان ئەمە پەیوەستە بە هونەری چیێك و تەکنیکی گێانەوە کە دەبێ چیێکنووس زۆر وردبینانە درکی پێ بکات.

چیێکی(دوایین شەوی مینا) یەکێکە لەو چیێکانەی، دەسپێکی سەرنج ڕاکێشی هەیە. خوێنەر کاتێ ناونیشانی ئەو چیرۆِکە دەبینێت، بەر دەلالەتێکی پرسیار ئامێز دەکەوێت، کە دوا شەوی مینا دەبێ چۆن بێت؟ چی ووێدابێت؟ ئەم دەسپێکە پرسیار ئامێزە،، خاێکە کەلێیەوە خوێنەر دەچێتە نێو ووداو و گێانەوەکان.لەو چیێکەشدا، خوێنەر لە دەسپێکی دەقەکە، ئەو پرسیارەی لادروست دەبێت، کە مینا کێیە؟ دوایین شەو لە ژیانی ئەودا چی ووێداوە؟ئیدی لێرەوە دەچینە نێو ووداوەکانی چیێکەکە. مینا کە کارەکتەری سەرەکی چیێکەکەیە، کەسێکی جووت ێەگەزە(نێرەموك).

ئەم دۆخە بایەلۆژییە، وایلێکردووە لە ئاستی دەروونی، ڕوحی و خۆزانی هەست بە تێکشکاندنێکی گەورە بکات. ئەمەش، دۆخی ڕوحی و سایکۆلۆژی هەموو ئەوانەیە کەلەو جۆرە ڕەگەزە تێکەڵەن، بەتایبەتیش لە کەمەلگە ڕۆژهەڵاتیەکاندا، پێچەوانەی کەمەگەی خۆرئاوایی، کە ئەمە بەشتێکی ئاسایی دەبینن. ژیانی مینا، لە چوار دیواری ژوورێکدایە هاوشێوەی زیندانییەك. لە ماڵەوە ڕۆگەی نادەن بچێتە دەرەوە، تەنها دەتوانێت جارجارە لە پەنجەرەی ژوورەکەوە سەیری دەرەوە بکات.

ئەو باجی هاتنە بوونێك دەدات، کە دوور لە خواستی خۆیەتی.(مینا تا ڕۆژێك بەرلە مردنی ئاسمانی نەبینی،هەروای دەزانی دنیا تەنها ئەو چەند ماڵەیە کە کەوتوونەتە قەد پاڵی ئەو شاخەوە). تاکە کەسێك دڵنەوایی بکات،کاکیەتی کە فۆری خوێندنەوە ونووسینی دەکات. وەلێ مانەوەی مینا بەو دۆخە بایەلۆژییە، هەمیشە بێ ڕۆحانەی دایکی مایەی شەرمەزاریی و نەنگییە. بۆیە ڕۆژێك مەلاجەمیلی مەلای مزگەوتی گەورە، لە گەڵ ئاپۆڕایەك لە خەڵك هەڵدەکوتنە سەر ماڵی میناو داوا لەکەس و کاری دەکەن بیکوژن. چونکە مانەوەی ئەو بوونەوەرە نامۆیە، مایەی نەهامەتی وئاشووبە.ئەگینا بەرنەفرەتی خوا دەکەون، دۆپێك باران بەهۆی ئەوەوە نەباریوە. کاکی گەرچی ئەویش هاوشێوەی مینایە، وەلێ دیوە پیاوەکەی زیاترە بە پێچەوانەی مینا، کە دیوە ژنانەکەی زاڵترە، دژی مەلا جەمیل دەوەستێتەوە بەرگری لە مینا دەکات، کە هیچ تاوانێکی نییە و خوا وەهای دروستکردووە.

وەلێ ئەوان هەرسوورەبن کە نابێ نۆرەموویەك لە گوندەکەیان بێت، چونکە بەرنەفرەتی خوا دەکەون. تا دواجار ڕۆحانەی دایکی، دەکەوێتە ژێر کاریگەریەتی مەلا جەمیل و داوا لەکاکی دەکات کە دەبێ(هەر ئەمشەو ئەو کارە تەواو بکات). واتا مینا بکوژێت. ئەمیش دواجار مینا لە ماڵ دەباتە دەرەوە لە چۆڵەوانییەکدا تفەنگێك دەنێت بەمیناوە و دەیکوژێت.
عومەر، گەرچی پەشیمانە لەو کارەو هەرگیزا و هەرگیز باوەڕی بەوە نییە مینا بکوژێت، وەلێ لە ژێر فشاری کەمەگە، ڕۆحانە، مەلا جەمیل، ئەو کارە دەکات. (مینا بەپێی خۆی بەرە و مەرگ دەکەوێتە ڕێ،بەرلەوەی فیشەکەکە بتەقێنم پەشیمان بووم،بەڵام تەقاندم و نام بە میناوە،تەنیا وشەیەك لە ژێر لێوەکانییەوە بە ئاستەم بیستم گوتی:عومەر). بەم جۆرە ژیانی مینا لە شەوێکدا کۆتایی دێت و خوێنی دەژێت. مینایەك کە تا مرد دەرەوەی نەبینی، کەسێکی ئاسایی نەبوو.لەو چیڕۆکەدا،مینا نموونەیەکە بێ هەموو ئەوانەی لە ڕووی

بایەلەژی و جەستەییەوە هاوشێوەی ئەون.بە تایبەتیش لە کێمەگە ئایینی و سوننەتی و دواکەوتووەکاندا.

کە پیاوبوون بە هێمای ئازایەتی و گەورەیی و شکێمەندی دەزانن. بیرمان نەچێت ئەم جۆرە مرۆڤانە، کە دوور لە ویست و خواستی خۆیان دروستکراون و هاتوونەتە بوون،هەمیشە لە ترسی کێمەگە، ناتوانن ناسنامەی خۆیان ئاشکرا بکەن. هەمیشە بە مرۆڤێکی کەمتر لە مرۆڤی ئاسایی تەماشا دەکرێن. دەکەونە بەر شکانەوە، توانج، ئەتککردنی کەسی و کێمەایەتی، تەنانەت خێزانەکانیشیان بە شەرمەوە دەیانگرنە خۆ و تا بتوانن هەوڵدەدەن هەگەزەکەیان بۆ ئەوانیتر ئاشکرا نەبێت.لە کاتێکدا، ئەوانیش هاوشێوەی هەر مرۆڤێکی دیکە، ئارەزوی ژیان دەکەن و دەیانەوێت بژین. تیمەی ئەو چیڕۆکە، یەکێکە لەجوانترین ئەو تیمانەی کە کراوەتە بابەتی چیڕۆکەکە. چیڕۆکنووس، کەسیەتییەکی پەراوێزخراو، شەرمندە، تێکشکاو و نامۆی کردێتە پاڵەوانی چیڕۆکەکەی.
هەر ئەمەشە خەسڵەتی چیڕۆکی جوان وسەرکەوتوو.

چونکە یەکێك لە سیماکانی چیڕۆك و ڕۆمانی سەرکەوتوو ئەوەیە، چەند شتە پەراوێزخراوەکان دەکاتە تیمەی نووسین. ئەو شتانەی کە ڕەنگە بەلای زۆربەمانەوە بوون و نەبوونییان هیچ لە مەسەلەکان نەگۆڕێت وبە خەیاڵیشمان دانایەن. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە، خەسڵەتێکی هونەری دیکەی ئەم چیڕۆکە ئەوەیە، کە کێتاییەکی کراوەی هەیە. واتە چیڕۆکنووس لە گۆڕانەوەی ڕووداوەکاندا، خاڵێکی بۆ کێتایی هێنانی گۆڕانەوەکە دیار نەکردووە. چونکە کاتێ مینا دەکوژرێت، بکوژی مینا دەڵێت:(گوێم لە دەنگێك بوو،کە لە دوورەوە بەرەبەرە نزیك دەبووەوە، وەرن دۆنیابن لەم ڕۆگەیەوە ڕۆیشتوون و بەم نزیکانە دەیاندۆزینەوە). لێرەوەش ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە دەشێ ڕووداوەکان لەدوای کوژرانی میناشەوە بەردەوامیان هەبێت. چونکە کەسانێك بە دوای ئەوان دادەچن و دەگەڕێن.

بەمەش خوێنەر لە بەردەم بەردەوامی گۆڕانەوەی ڕووداوەکان دایە. دواجار دەڵێم، دواین شەوی مینا، یەکێك بوو لە جوانترین ئەو چیڕۆکانەی لە کێی دەیان چیڕۆك لەو ماوانەی ڕابردوودا،وەکو خوێنەرێك خوێندومەتەوە. ئەمە دەڵێم، بەبێ ئەوەی چیڕۆکنووسەکە بناسم و بینیبێتم…

*دواین شەوی مینا، چیڕۆك،نووسینی:_تێکۆشەر خالید.ماڵپەری چیڕۆك..

دروستکردنی دەوڵەت لە نێوان کورد و جولەکەدا ... هۆشیار جەمال

زۆر جار نوسەر و ڕۆشنبیرە ناسیۆنالیستە کوردەکانی نزیک لە حیزبە دەسەڵاتدارەکانی باشوری کوردستان باس لە هاوبەشی پرسی جولەکە و کورد ئەکەن لە ناوچەکەدا وەک دوو کۆشەی مێژوویی. بەتایبەت لە پرسی دروستکردنی دەوڵەتی کوردیدا هاوشێوەی ئەو دەوڵەتەی کە جولەکە دروستی کردوە.
لە ماوەی ڕابردوودا کە کتێبی دەوڵەتی یەهوود لە نوسینی (تیۆدۆر هرتزل)م خوێندەوە. کە نیو سەدە پێش دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل نوسیویەتی، تێگەیشتم لەوەی کە چەند بە پلانی ورد و بە بەرنامە دەوڵەیکیان دروستکردوە، بەتەام لە کوردستان حیزبە دەسەڵاتدارەکان لە چارەکە سەدەی ڕابردوودا پلان و بەرنامەکانیان دووبەش بووە، بەشێکی دەچێتە خانەی بازرگانی و موزایەدەکردن بە پرسەکە، بەشەکەی دیکەشی ڕێک پێچەوانەی جولەکەیە کە لەسەرتاسەری دونیاوە هاوڵاتیانی بە بەرنامە کۆچ پێکردن بۆ ئەو شوێنەی مەبەستی بوو.
هەرچی سیاسیەکانی کوردە بە پلان و بەرنامە وایان لە هاونیشتمانی کرد لە دەخی جێگیر و کەبوە لە نیشتیمانەکەی خۆیدا نەمێنێت و کۆچی ناسایی بکات بۆ وڵاتانی ئەوروپا و بڕاوبڵتوە بە جیهاندا !

جولەکەکان لە پێش دروستکردنی دەوڵەت دەیانگوت هیچ کام لە دەستکەوتەکانمان لە دەست نادەین، بەڵکو دەیان چەسپێنین، هیچ ماڤێکمان بە فیڕۆنادەین لە پێناو ماڤێکی باشتردا نەبێت. ئەم دەرانە تێگەیشتنی ئەوانە بە دروستبوونی دەوڵەت، بەتەام حیزبە دەسەڵاتدارەکانی باشوری کوردستان هەردەم بەهەی شکستەکانیانەوە لەبواری پلاندانداە، مەترسی لەسەر ئەزموونی هەرەمی کوردستان هەیە. لە کاتێکدا کە لەشارێکی گرنگی وەک کەرکوک دەسەڵاتدار بوون، بەتەام بەهەی شەی کەکردنەوەی پارەو نەیانتوانی ماڤەکانی نەتەوەکەیان لە شارێکی وەک کەرکوک بچەسپێنن.
جولەکە پێش دروستکردنی دەوڵەت بە پلان و بەرنامەی ورد بۆ ئەوەی

هەستی نیشتمانی دروست بکات لەناو تاکەکانیدا، بەیاریدا لەو شوێنی جەنگیر دەبن خانوو بە کرێکارانی کەچ کردووش بکات کە لەسەر خەرجی کەمپانیا دروستدەکرێت کە نابێت ئەم خانوانە لەو خانوە ناشرین و خراپانە بچن کە لە ئەوروپا دەدرێت بەکرێکاران.

بەڵام لە کوردستان ئەم چینە چالاکەی کەمەگا لە سادەترین مافەکانیان بێبەشن. هیچ یاسایەک کارپێکەر نیە مافەکانیان بپارێزێت و بە هاوڵاتی پلە دوو سەیر دەکرێت. کەسانی بە ناو ڕۆشنبیریش لەکاتی کێبووندا و کەمکانیاندا، نەک هەر ڕێزیان لەناگرن، بەڵکو بە چاوی کەم دەیانبین و وەک چینێکی شکستخواردوی بە بەوانامە سەیریان دەکەن و جنێویشیان پێ دەدەن!

جولەکە تەروانینی بە کاری خەرخوازی بە هەژاران و دەرزەکرێکان ئاوە بووە: کە پێویستە پارێزکاری دیاری کراویان پێ بدرێت و لەدەزگایەکدا کاربکەن و هەژار و دەرزەکرێش بشانازیەوە بژێوی خۆی دابین بکات.
